# خەمنامەی ساڵی ئێراق

خەزعەل ماجدی

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

کردوویەتی بە کوردی

دیوانی : خەمنامەی ساڵ
شیعری: خەزعەل ماجدی
وەرگێڕانی: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی
چاپ:
تیراژ:
نرخ:
چاپخانە:
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( ...)ی ساڵی ..... پێدراوە

# خەزعەل ماجدی لە نێوان کۆستی تایبەت و کۆستی گشتیدا

شاعیر خەزعەل ماجدی دیوانێکی بە ناوی (أحزان السنه العراقیه) واتە (خەمەکانی ساڵی ئێراق) لە دوو توێی (832) لاپەڕەی مامناوەندیدا نووسیوە، دیوانەکە ساڵی 2011 لەلایەن دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوی (الغاوون)ـەوە لە بەیرووت چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەم دیوانەدا ماجدی بە ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵی 2006 چامەی نووسیوە کە دەکاتە 365 چامە، کە بە گەورەترین تراژیدیای شیعری هاوچەرخ دەژمێررێت و هەر چامەیەکی بە ناونیشانێکەو باسی غەم و پەژارەو ڕووداوو کارەسات و ماتەم و پێشهاتە دڵتەزێنەکانی ئەو ساڵەو سەرجەم مێژووی خوێناوی و پڕ لە شەڕو شۆڕی ئێراق دەکات، سەرەتا خۆی لە قەرەی ڕووداوەکانی ئێستە داوە کە لە ئێراقدا ڕوودەدەن، دواتر ئەو ڕووداوانەی مێژوو کە لەگەڵ ڕوداوو پێشهاتەکانی ئێستەدا زیندووی کردوونەوەو بووژاندوونیەوە، پاشان ئەو ڕووداوو پێشهات و کارەساتە تایبەتییانەی بەسەر خودی شاعیردا هاتوون لەو ساڵەدا .

هەڵبەت ڕفاندنی (مەروان)ی کوڕە گەورەکەی لەو ساڵەدا گڕی لە دڵ و دەروون و جەرگی بەرداوەو غەم و پەژارەیەکی زۆری خستووەتە ناخییەوەو هەر هەموو ئەو چامانەی دوو توێی ئەو دیوانە لەو ڕووداوەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە ڕفاندنی جگەرگۆشەکەیەوە، لە ڕفاندنی کوڕە گەورەکەیەوە، کە سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکی شوبات پێکەوە قاوەڵتییان کردووەو ڕوخساری بینیوەو لێی وەرد بووەتەوەو نەیزانیوە ئەوە دوایەمین جارە ڕوخساری دەبینێت و تا هەتایە نە دەیبینێت و نەیش دەزانێت چی بەسەر هاتووەو کێ ڕفاندوویەتی و بۆ ڕفاندوویانەو چارەنووسی چییە!! ئەگەرچی شاعیر دڵی ئاگەداری کردووەتەوەو ڕێنمایی کوڕەکەی کردووەو ئامۆژگاری پێ داوە ئاگەی لە خۆی بێت لەو ڕۆژگارە جەنجاڵەدا تووشی ڕووداوی دڵتەزێن نەبێت، هەڵبەت کارەسات زۆرتر کاریگەری لەسەر مرۆڤی هەستوەر هەیە، نەخوازە شاعیر، شاعیرێکی ڕۆشنبیرو فەلسەفەناس و زانای وەك خەزعەل ماجدی، کە وردو درشتی

ڕووداوەکانی نیشتمانەکەی ئەزبەرەو شتیان لەبارەوە دەزانێت و لەناو شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

هەر کەسێك ئەم دیوانە بخوێنێتەوەو لەگەڵ شاعیردا نەگریت، نەك هەر لەبەر جگەر سووتانەکەی، بەڵکو لەبەر ئەو کارەساتانەی تووشی نیشتمانەکەی و تووشی هاونیشتمانییەکانی هاتوون، لە هەر نەتەوەو ڕەگەزو نژادو ڕەنگ و جۆرێك بن، ئەوە دڵێکی چوون بەردی هەیەو ڕەنگە سۆزێکی ئەتۆی لەدڵدا نەبێت و لەبەرانبەر ڕووداوو کارەساتە جەرگبڕەکاندا مووچڕکەی بە لەشدا نەیەت. ئەوەتە شاعیر بەهۆی ئەو ڕووداوەوە داستانێکی لە شیعر دروست کردووەو ڕووداوە دڵتەزێنەکانی کردووەتە ملوانکەیەکی خوێناوی بە گەردنی برینداری مێژووی نیشتمانەکەیدا هەڵواسیوە کە بە دەستی تیرۆرو تیرۆریزمانەوە زەلزەلەیەتی و ڕووداوی تایبەتی و گشتی تێکەڵ کردووەو داستانێکی غەماوی لێ دروست کردووە.

ئەم شاکارەی شاعیر داستانێکە شارەزایی ئیستێتیکیانەی شاعیری تێدا تێکەڵ بەو ئازارو ژانە بووە بە هۆی ئەو جگەرسووتانەوە تووشی هاتووەو بە هۆیەوە هەموو ئەو ئازارو ژان و ئەشکەنجانەی بووژاندووەتەوە بەسەر ئەم خاکە هاتوون، بۆیە ئەم شاکارەی شاعیر کە بریتیە لە نزیکەی هەشت سەد لاپەڕەی مامناوەندی بە درێژترین چامە دادەنرێت تا ئێستە نووسرابێت، بە تایبەت خۆی لەقەرەی هەر هەموو ئەو برین و زام و کارەساتە دڵتەزێنانە داوە بەسەر ئەم خاکەدا هاتوون. خۆی دەڵێت: (ویستم لەم پرۆژە شیعرییەدا، کە گرنگترینیانە لە مێژووی شیعرمدا، هەموو ئەم ڕووداوە تایبەتی و گشتی و مێژووییانە تێکەڵ بکەم بۆ ئەوەی داستانێکی لێ دروست بکەم، تا تاریکترین ڕووداوەکانی مێژووی ئێراقییەکان بیر خۆیان بخەمەوە، چونکە شتێکی ئاسان نەبوو ئەو ساڵە بەبێ تۆمارکردنی لە شاکارێکی ئەدەبیدا تێپەڕێت).

خەزعەل ماجدی شاعیرێکی ئێراقی خەڵکی کەرکووکەو ساڵی 1951 لەدایك بووە. ساڵی 1996 دکتۆرای لە مێژووی کۆن و ساڵی 2009 دکتۆرای لە فەلسەفەی ئایینە کۆنەکان وەرگرتووە، لە یەکی شوباتی ساڵی 2006 (مەروان)ی کوڕە گەورەکەی لەگەڵ کچێکی ڕۆژنامەنووس بە ناوی ڕیم بەیاتی لە شاری بەغدا دەڕفێنن کە هەردووکیان لە کەناڵێکی

تەلەڤزیۆنی سەربەخۆ کاریان دەکرد و بۆ ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی لەسەر کۆنگرەیەکی یەکێك لە لایەنە سیاسییەکان و چالاکییەکانی کۆمەڵەی مانگی سووری ئێراقی ڕۆیشتبوون، تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت نازانرێت کێ ڕفاندوونی و چییان بەسەر هاتووەو لەکوێ شوێن بزرکراون، پاش ئەو ڕووداوە خێزانەکەی لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵە ناسیاوو خزم داڵدەیان داوەو هەرچۆنێك بووە خۆی گەیاندووەتە هەندەران و دواتریش خاووخێزانەکەی بردووەو ئێستە بە پەنابەری لە هۆڵەندە ژیان دەگوزەرێنێت. شاعیر نزیکەی بیست کۆمەڵە شیعری چاپ کردووە لەوانە: هەڵسانەوەی دلۆن 1980، سروودەکانی ئیسرافیل 1984، خەزائیل 1989، گۆچانەکەی ڕامبۆ 1993، فیزیای پێچەوانە 1997، مارو پاچینە 2006، ڕەنگە کێ دەزانێت 2008، سەرجەم بەرهەمەکانی بە سێ بەرگ لە نێوان 2001 ـ 2008. بیست و پێنج کتێبی لە بواری میتۆلۆژیا و شارستانی و ئایینە کۆنەکاندا چاپ کردووە. چەندان شانۆگەری نووسیوە کە لە شانۆکانی ئێراق و وڵاتانی عەرەبدا نمایش کراون و ساڵی 2010 بەشی یەکەمی شانۆگەرییەکانی چاپ کردووەو چەندان تێزی ماجستێرو دکتۆرایان لەسەر نووسراوە.

شاعیر دەڵێت:

چەکدارەکان ئەوانەی نە ماڵ و نە کەس و کاریان هەیە
ئەوانەی لە زەلکاوەکانەوە هاتوونەتە دەرەوەو لە ئاوێنەیەکی ڕەشدا ئاپوورەیان بەستووە
ئەوانەی بە زمانێك دەوەڕن تێی ناگەین و
سەری منداڵەکانی ئێمەیان لە پشتوێنەکانیاندا شاردووەتەوە
ئەوانە نیشتمانەکەیان وێران کردین و ڕووبارەکانیان گلاو کردین

هەموو دەقەکانی ئەم دیوانە سەرلەنوێ خستنە ڕووی کارەساتە جەرگبڕەکانی نیشتمانەکەیەتی، کە هەر هەموو دانیشتووان لە خانەی قوربانیان و هەم لە خانەی پاڵەواندا دەژمێررێن، کە نشوستی لە شوێنێك چاوەڕێیان دەکات بۆ ئەوەی ببنە خۆڵەمیش و لە نەبووندا بزر ببن. لەم دیوانەدا ئێراق بووەتە هاوتای شیعری جیهان و بووەتە ژێرزەمینێك و

دەرگەی لەبەردەم مەرگدا والاّ بووە، بۆ ئەوەی تۆتکی ژیان ببڕێتەوەو لە ئەندێشەی مرۆڤدا بیسڕێتەوە، بۆ ئەوی جارێکی دیکە نەتوانێت هەڵسێتەوە سەر پێ.

هەموو دەقەکانی شاعیر پڕ لە وزەی غەم و خەفەتی بێ کۆتایین. شاعیر تێیاندا لە سنووری نێوان ڕووباری خۆڵەمێش و سەروچاوەو کانیی زماندایە، ئەو زمانەی کە خەونەکانی سەرەتا بێداریان کردووەتەوە. ئەو زمانەی سەرلەنوێ دەبووژێتەوەو بە یادگەیەکی نوێوە خۆی ئامادە دەکاتەوە تا سەرلەنوێ لە زۆرانێکی دیکەدا بەرانبەر بە خۆڵەمێش ڕاوەستێت.

لە ڕۆژی یەکی شوباتدا چامەی ڕفاندنی ئەو سروەیەی ناوی مەروانە دەنووسێت و دەڵێت:

دزییانیت!

چۆن ڕووبارێك دەدەزن؟

چۆن ئاوازێك لە هەوا دەدزن؟

چۆن لقێك لە درەختی سدر دەکەنەوە؟

دزییانیت!

ئەی تیشك دەدزرێت؟ ئایە بێستانی شەونم دەدزرێت؟

دەپاڕێتەوەو دەڵێت:

کۆڵەگەکەم بۆ بگێڕنەوە

چاوم بۆ بگێڕنەوە

تا دەڵێت:

کوڕەکەم وەرە

بۆن و بەرامەکانت ببە

گۆرانییەکەت ببە

چاوم ببە

تا مانگێکی دیکەی جگە تۆ نەبینم

بۆ ئەوەی مەرگی خۆم نەبینم

لەکاتێکدا تۆ لەوێ لە بیرێکدایت.

شاعیر لەگەڵ غەم و پەژارەکەی خۆیدا، ئەو کارەساتانەی لەیاد نەکردووە کە تووشی نەتەوەکانی دیکە هاتوون، ئەوەتە لە چامەی **هەڵەبجە**دا باسی کیمیابارنەکەی ئەو شارەی کوردستان دەکات و دەڵێت:

بەیانی چزەی لێ هەستاندم

هاوارم دەکردو ئێسکەکانم بە بنمیچەکەوە بەسترابوونەوە

مەنجەڵە هەڵواسراوەکانی قەد چیاکان دەسووتان

بۆنی بۆکڕووزیان لێ بڵند دەبووەوە

هەوای گوندەکانی کوردەکان دەگۆڕان و دەبوونە هەوری زەرد

بۆنی سێو بە ناوکێکی ڕەشەوە

پەنجەی ئاسنین سەرلەنوێ برۆکانی دەکێشایەوە

لێوەکانی وێنە دەکێشا

زارەکانی دەکردەوە

چەند قەلەڕەشکەیەك بە قەوارەی گەردو تۆز بە بەرزایی ئاسمانەوە دەخولانەوە

گوڵەکان بە چیاکانەوە سیس داگەڕان و هەتاویش مووچڕکەی بە لەشدا هات

........

.........

پیرەمێردێك بەلای حەشاماتەکەدا تێپەڕی هەمووی بینی نووستبوون

دەرکی کرد کە ئاسمان شتێکی شاردووەتەوە

شەو سروەی نییە

لەسەر ئەم تەختە بەردینانە ئێوارە نییە

سێبەرێکی فێنك چوون ئێسکی شەراب نزیك ڕەزە ترێکان

سێبەرێکی نەخۆش بەماڵی کورداندا هەڵدەزنێت

هاوارو گریانیان چاوی ئاسمان تەڕ دەکات

لەچامەی **ئەنفال**یشدا دەڵێت:

لیتە بە پێڵاوەکانەوە دەنووسێن
دوومەڵ و کێم بە پێستی زەمینەوە دەردەکەون
پاسەوانەکان دەرکەوتن گۆڕی درێژ هەڵدەکۆڵن
چ بلێسەیەك هەیە بەم بەژن درێژییە بێت بۆ ئەوەی بینێژن؟
کرێکارانی دۆزەخ لە هەموو لایەکەوە دەرکەوتن
ئەگەر ئەم ئێسکانە بدوێن
ئەگەر بۆ تۆزێکیش بووبێت بتوانن بئاخڤن، یان بگرین
بەڵام بۆنی مەرگ چوون هەوای نامۆ دێتە ژوورەوە
کەمێك لە نزیك گوڵی مەرگدا ڕاوەستان
ئێسترەکان بە بۆن و بەرامەی سوارەکانەوە هەڵاتن
پەپوولەکان بە باڵی سەقەتەوە هەڵاتن
ئەی ڕۆژگار بە گەردنی لارەوە بخزێ نێو سەبەتەکانتەوە
چۆن گەردیان بە خوێن سڕی
چۆن بە شمشێر فریشتەکانیان جنێو باران کرد
خورجەکەت پڕ لە ئەنفال بکە
لە دەستکەوتەکانی جەنگی بەڕوو و منداڵان
چاوەکان بەڵغ دەگرن و هیچ نابینن.

ئەو کارەسات و پێشهاتە دڵتەزێنانەی لەو ماوەیەدا ڕوویان دا کاریگەرییەکی زۆریان لە ژیانی شاعیردا بەجێ هێشتووەو دڵی قوڵپە دەدات و ڕووداوە دڵتەزێنەکەی ڕفاندنی نۆبەرەکەی بیر ناچێتەوەو دڵی کون کون دەبێت و نانی پێ ناخورێت و قسەی پێ ناکرێت و شەوو ڕۆژ لەبیری ئەو جگەرگۆشەیدایە کە نازانێت چی بەسەرهاتووە تا ڕادەیەك خۆی دەبینێتەوە بە گیان مردووەو بە جەستە دەجووڵێتەوە:

لەبیرت چوو دڵم کون کون بووە؟

بۆچی دەتەوێت بە شادی بیخەملێنیت؟
لە بیرت چوو زارم کلیلە؟
ئیدی بۆچی دەتەوێت هاوار بکەم؟
لەبیرت چوو ئەقڵم لەکارکەوتووە؟
ئیدی بۆچی دەتەوێت بنووسم؟
لە بیرت چوو ڕێگەکەم داخراوە؟
ئیدی بۆچی دەتەوێت بڕۆم؟
لە بیرت چوو خواردنەکەم ژاراوی کراوە؟
ئیدی بۆچی دەتەوێت نان بخۆم؟
لە بیرت چوو کوڕەکەم ڕفێنراوە؟
ئیدی بۆ چی دەتەوێت لە بیری بکەم؟
لە بیرت چوو من مردووم؟
ئیدی بۆچی ناتەوێت تەرمەکەم بنێژیت؟

ئەمەیش چەند چامەیەکی دی:

## چوار هیما

بۆ ئەوەی ببیتە فریشتە
هیمای ÷ لەسەر ژیانی خۆت دانێ
چونکە بەبێ ئەوەی دابەشت بکەن
کەس لێت ڕازی نابێت

بۆ ئەوەی ببیتە پیاوکوژ

ببە دارەوان لە ناو دارستان و
هیمای × لەبەردەم هەردوو پێ و هەردوو دەستدا دانێ
تا شمشێرەکانت زاوزێ بکەن و
قۆرتی زۆر هەڵکەنیت و
باز بەسەر قۆرتی دیکەدا بدەیت

بۆ ئەوەی جوان بیت
هیمای + لەبەردەم ژیانتدا دانێ و
بە تاراوگەکاندا پیاسە بکەو
جانتاو بیرەوەری کۆ بکەوەو
چەندان زمانی نوێ فێر بە

بۆ ئەوەی ببیتە ئێراقی
هیمای ـ لەبەردەم ژیانتدا دانێ
بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژگاری خۆت
لە پێناوی نیشتمان و
لە پێناوی دراوسێکانی نیشتماندا
بە فیڕۆ بدەیت

## قسەی سیحربازەکان

ئەو ئافرەتە سیحربازانەی لە ڕێگە ڕایانگرتم
دەرزی ئاژنی ئەو دوو گولۆڵە خورییەیان کرد کە بە دەستیانەوە بوون

یەکەمیان گوتی: بۆچی بە مەرەکەبی ئێمە دەستنوێژت نەگرت؟
دووەمیان گوتی: کوا یارە بەژن زراڤەکەت کە پێکەوە
ڕێگەکانتان بە سەماو گۆرانی دەکێڵا؟
سێیەم گوتی: گەنجینەکەت لە دەست دا؟
منیش گوتم: نیشتمانەکەم سووتا و
هەموو شتێکم لە دەست دا
پێیان گوتم: بۆچی هاتیت بۆ نیشتمانەکەمان لە زەوییە نەوییەکان
گوتم: تا نیشتمانەکەم بە شیعر بدroومەوەو
بێ گەردی هەواکەی لە سییەکانمدا بپارێزم.
یەکەمیان گوتی: نیشتمانەکەیان دزیت و
چی دیکە نایدۆزیتەوە
گوتم: لەناکاو لێم بەر بووەوە، کاتێك لە ڕووبارەکە دەپەڕیمەوە
گوتی: نا لێیان دزیت کاتێك لە ڕووبارەکە دەپەڕیتەوە
گوتم: چۆن دەتوانن بیدزن لە کاتێکدا لەناو خوێنمدایە.
دووەمیان گوتی: بۆچی بەبێ کاغەز هاتوویت
گوتم: لەگەڵ شمشاڵدا گۆرانی دەچڕم و
لەگەڵ ڕۆژگاردا بیرەوەرییەکانم دەڵێمەوەو
بەندیخانەکانی وڵاتەکەم لێرە دەکەمەوە
سێیەمیان گوتی: بگرە ئەم کاغەزانە پڕ بکەوە
ئەگەر نیشتمانەکەت کوڕەکەی ئازاد کردیت
دەتوانین لەگەڵ تۆدا لێرە میوانداری بکەین.
منیش لە پڕمەی گریانم دا ...

## تەنیا بەخۆت تێی تەقێنە

بەر لەوەی تێی تەقێنیت

باش لەم نیشتمانە ورد ببەوە

خەیاڵ پڵاوییەکانی بە ئەسپەکەت هەڵمەگرە

گیاکەی گلگامش لەگەڵ خۆت مەبە

نە شەوانی شەهرەزادو

نە باڵەکانی سەمیر ئەمیس

باش لەم ڕووبارانە ورد ببەوە

گەنجینە بەفیڕۆچووەکانی بە کەشتییەکەت هەڵمەگرە

نە ئەنبارەکانی سندبادو

نە بیرەکانی ئەسکەندەرو

نە گەنجینەکانی (حەفیز)و

نە نگینەکانی پاشاکانی

باش لەم چیایانە ورد ببەوە

بەڕووەکانی مەبەو

داستانەکانی کوردەکانیشی مەبە

نە تاووسەکانی

نە مەنجەڵەکانی مەیەکانی

باش لەم ئاسمانە ورد ببەوە

تەختەکەی ئیناناو

مەشخەڵەکەی ئەناهیت و

نە پشکۆکانی خواوەندەکانی لەگەڵ خۆت مەبە

تەنیا بە خۆت تێی تەقێنە

بە ڕووتی تێی تەقێنە

هیچ شتێك لەگەڵ خۆت مەبە
تەنیا کفنەکەت نەبێت.

## تەنیا خۆشەویستی

تەنیا خۆشەویستی وەك تەرم لە بەردەممدا ڕاکشاوە
لێی ورد دەبمەوە گریانم بۆ ڕۆژگارم دێت
چۆن لەگەڵ ئەم شۆڕەسوارەدا ژیانم گوزەراند
کە بە ناو جەستەی ئافرەتان و بەناو ڕوحیاندا تەڕاتێنی پێ دەکردم؟
چۆن لەگەڵ ویدا جوانترین گوڵم لێ کردەوە
کەچی ئەمڕۆ لەبەردەممدا ڕاکشاوە؟

لە نیشتمانەکەی من ...
خۆشەویستی لەناو جێگەی مردندا دادەپۆشن
لە هەموو شوێنێك پرسەی بۆ دادەنێن
لە نیشتمانەکەی من ...
خۆشەویستی لەگەڵ نابووت و شێواوەکاندا دەبەستنەوە
خۆشەویستی کورسی و
پارە و
کوشتن و
وێرانکاری
هەیە
بەڵام خۆشەویستی چوون ئەسپێکی ڕەسەن
جووتەیان تێ دەهاوێت و

بەسەر سرکەوانەکانیدا باڵ دەگرێتەوە
دەبێتە پەپوولەگەلی سەرگەردان
تەنیا خۆشەویستی لەبەردەممدا چوون دڵ لیّ دەدات
پڕ بە ئازارو ژانەوە، بە نیشتمانەکەمدا سەرگەردانە.

## نیشتمانێکم هەبوو

گوڵێك نەبووم لە باڵکۆنەکانەوە بەربووبێتەوە
نە شمشاڵێکی لێو لیّ بڕاو
سەبەتەگەلی فڕیّ دراوی سەر ڕێگەکان نەبووم
نە پەرستگەیەکی بەجیّ هێڵراو
شتێکم هەبوو لە نیشتمان دەچوو:
قەڵایەکی خەڵتانی خوێن و
هەوایەکی ژەهراوی
شتێکم هەبوو لە گۆزە دەچوو
شتێك لە پەنجە دەچوو
بیرمە بەهارم پیّ هەڵکۆڵیبوو
بیرمە چامەگەلی هەڵواسراوم پیّ نووسیبوو بە خانووەکانی بەغدامدا هەڵواسیبوون
بیرمە ویشایە کوڕەکەی دزیم و
ڕەگ و ڕیشەی گێڕانەوەکانم لە بیرەکانیان دەرچوون و
لەژێر بروسکەکاندا وردو خاش بوون.
شتێکم هەبوو هەموو ڕۆژێك ئازارەکانی زیاتر دەکردم
لەو ڕێگەیەی پێیدا بەرەو ماڵ گوزەرم دەکرد
لەو پەرداخانەی بە پەلە بە لێوەوەم دەنان

لەو قسانەی لێم دادەچۆڕان
شتێکم هەبوو وای دەکرد قاچەکانم نغرۆی ناو بەرد بن
وای لێ دەکردن توانای گەیشتنە جێیان نەمێنێت
قەرەوێڵەیەکم هەبوو هەردوو پێی نغرۆی دۆزەخ بوون
سەولگەلی سووتاوم هەبوون
یارمەتییان دەدام بگەمە خاڵەکە
کەسوکارێکی چوون پڵنگم هەبوون
بە باخچەکانمدا پیاسەیان دەکرد
بۆنی (بزرگە)کەیان دەکردم.
بیرمە مانگێکم بە ئاسمانی نیشتمانەکەمەوە دانا
بەڵام بەربووەوە
بەر لەوەی شاخە بچووکەکانی بڕوێن
کردیانە خەنجەرو
زۆر شارەزایانە بەکاریان هێنا
کردیانە قامچی و خەڵکیان پێ جەڵدە دەدا
بیرمە (زەقوورە)یەك و (منارەیەکی پێچاوپێچ)م دروست کردبوو
بەڵام لەسەرەوەیان دەنگیان هەڵهێناو هەڕەشەیان کرد
بیرمە گومەزێکم دروست کردبوو
بەڵام بەسەریاندا ڕووخاندم
نیشتمانێکم هەبوو
بەڵام حەزی دەکرد هەموو ڕۆژێك خۆی بکوژێت.

بۆ مەروان

کوڕە خۆشەویستەکەم کە تیرۆریستان ڕفاندیان

بۆ غەمەکەی کە هەندێك لە غەمەکانی ساڵی ئێراقە

سەیری ڕۆژژمێرەکە دەکەم
وەك بڵێیت سەیری کتێبێکی دڕێنراو بکەم
خوێنی لێ بچۆڕێت
یان سەیری درەختێك بکەم گەڵاکانی وشك بووبنەوە
ئای داخەکەم
ڕۆژانی ساڵی ئێراق ئەمانەن

# ئاوێنە پڕ لە هەڵەکان

# کانوونی دووەم

## 1ی کانوونی دووەم : چەندان سەر، سەر ڕووی ئاوی دژلە کەتوون

ئەو چەکدارانەی چوون گا ڕژانە ناو شەقامەکانی بەغداو
سەریان سڕینەوە
نەیانتوانی لە داوی وشەو میوزیك و ئەو وێنانە خۆیان دەرباز بکەن کە دروستمان کردبوون
لەکاتێکدا سەرەکانمان بە ڕووناکی لە شەقامەکاندا غلۆر دەبوونەوە
هەموو تاریکایی گەردوون دەخزایە ناو جەستەیانەوەو
پێیان لە داوەکانمان هەڵنەدەنووتا.

ئەو چەکدارانەی نە خانوو و نە کەسوکاریان هەن
ئەوانەی لە نەخۆشخانەکانەوە هاتوونەتە دەرەوەو لەناو ئاوێنەیەکی ڕەشدا ئاپوورەیان بەستووە
ئەوانەی بە زمانێك دەحەپن ئێمەمان تێی ناگەین و
سەری منداڵەکانی ئێمەیان لەناو پشتوێنەکانیاندا هەڵگرتووە
وڵاتەکەیان وێران کردین و ڕووبارەکانیان پیس کردین
بەڵام کاتێك پێیان لە خەونەکانمان هەڵنووتا
لەبری بەهەشت هەموویان کەوتنە ناو دۆزەخەوە

لە کەرخ
منداڵەکان بە دوای تۆپێکدا کەوتبووە ناو ئاوەکەوە بەرەو لای دژلە شۆڕبوونەوە
کاتێك ویستیان هەڵیبگرنەوە تۆقین و بەرەو کەناری ڕووبارەکە کشانەوە
تۆپەکە، لەناو گۆمێکی لاتەریکدا، لە نێوان یازدە سەری پەڕیودا بەسەر ئاوەکەوە بوو

**یەکێکیان سەری منداڵێك بوو**

**کاتێك ئاسمان گریا**

**منداڵەکان لێی نەبووران**

**هەروەها لە ئێمەیش نەبووران.**

**...**

**پلیشاندیانەوە**

**حەجاج کوڕی ئەرتەئەیان پلیشاندەوە، یەکەمین ئەندازیاری بەغدا، سەریان لە بڵندترین شوورەکانی شارەکەوە فڕێ دایە خوارەوە**

**سەری کەوتە ناو دڵەوەو لەگەڵ تەوژمی ئاوەکەدا ڕۆیشت و لەناو گۆمە لاتەریکەکەدا جێگیربوو**

**سەرەکان بوون بە دوازدە سەر**

## 2ی کانوونی دووەم : چاوی گورگەکان نزیك بە چاوی کاوڕەکان

کاتێك کاوڕە سپییەکە بەناو بەغدادا دەسووڕایەوە، گیسکە ئەسپانییەکە بەسەر گرانادادا بازی داو

ڕووخا

پەڵە هەورگەلی ڕەش ئاسمانیان تەنییەوەو شارەکان درژ بوون

دوو کاوڕ لە شەقامەکاندا شەڕ دەکەن و نەخۆشی چاوە قوولەیش جیهانی تەنیوەتەوەو

گیسکێکیش هەڵدەقونێت

تەرزەیەکی چوون هێلکە بەسەر سەری خەڵکدا دادەبارێت

دژلەیش بە ئاوو دووکەڵ ئاووس دەبێت و

هەڕەشە لە بەغدا دەکات

چەند قەلەڕەشکە بۆ ئەم وڵاتە دێن

بە ڕدێن و کراسێکی کورت و کتێبێکی فیقهی ڕەشەوە؟

چەند پەرداخی ژەهر لەگەڵ خۆی دهێنن؟

چەند منداڵیش دەخۆن؟

چەندان بەردەست مافوور بۆ هەردوو پابووجەکەیان ڕادەخەن و

ئاویان بۆ گوڵاوپرژێن دەکەن؟

مەڕە بەرەڵڵاکان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و خەنجەریان لە دژلە وەشاند

لە ڕۆژئاواوە هاتن و پەراسووی فوراتیان هەڵتەکاند

لە باکوورەوە هاتن و چیاکانیان هەڵتەکاند

لە باشوورەوە هاتن و شارەکانیان وێران کرد

ئەی ئێراق بێستانەکەیان کردیت بە تەویلە

چاوی گورگەکانی تێدا دەبریسکێتەوە
هەرکە سەیری ئەم وێنەی ئەم ڕۆژە دەکەم لە ئاوێنەدا
ماڵەکەم پڕ لە دووکەڵ دەبێت و
خوێن لە چاوم بازرەقە دەبەستێت
سەرم سپی دەبێت و گەرووم وشک دەبێت
ژووری منداڵەکانم دووکەڵدانەو شت و مەکەکانی پەرت و بڵاو بوونەتەوە
چەندان چاوی نامۆ دەسووڕێنەوە
هەرکە ئاوێنەکە دوور بخەمەوە تا مۆتەکەکە بەرم بدات
دەستی بەتوول دەردەکەوێت بە خوێن سوور بووە
وێنەی ئاوێنەکە بە پێچەوانەوە دەردەکەوێت
ئای لە سەرپێچی کردنی ڕۆژی 1/2 دووشەممە؟
لە ناوئاوێنەکەدا 2/1 چوارشەممە دەردەچێت
ئەوە چی ڕوودەدات!
ئەی ئەم داوە ڕەشەی ناو ئاوێنەکە چییە؟

چاوی گورگەکان
لە هەموو شوێنێکە
لە نزیك چاوی کاوڕەکان!

# 3ی کانوونی دووەم؛ بۆچی بەردیان لەبەر کردووە؟

لەبری گوڵ و لق و پۆپەکان
هەوری دووکەڵ دەرکەوتن و ڕەشیان کردین
وەك بڵێیت بەغدا لە قوماتگەلی سیحر هاتبێتە دەرەوە
وەك بڵێیت ڕاوچییەکانی هەتاو ڕاویکەن
وەك بڵێیت تۆڕو داو بۆ باران دابنێنەوە
بەغدا شوورەکانت درزیان بردووە
دایکەکان لەناوەتدا دەگرین
بەردەوام بەردەکان هەڵدەوگێڕ دەکەن
بۆچی؟

بۆچی بەردیان لەبەرە؟
بۆچی دووکەڵ قسەدەکەن؟
گۆزەگەلی شکێنراوو ڕۆژی درۆکینە لەسەر شاخی بەرانەکە دەردەکەوێت
پێکدادانی شەپۆلەکان شەقامەکان پتر ئاوادەکەن
شاعیر کتێبی گیان هەڵدەگرێت و بە قەد شوورە درز تێکەوتووەکانی بەغداوە هەڵیدەواسێت
دەبێت لەژێر هەتاودا بمرین نەك لەژێر زەویدا
خانەخوێ چەقاوەسووەکان لەناو گەنجینە خۆشەکاندا ڕاوەستاون و هاوار دەکەن
کاغەزەکانی ناو جانتاکەم شێتگەلێك دەیانخۆن لەسەر جۆگەیەکی خوێن ڕاوەستاون
چۆن باسی کەفی شەو لەناو چاوانم بکەم؟
چۆن باسی (وێلاش)ی ڕۆژ بکەم لەناو دەستمدا؟

**گڵۆپەکان لەناوچوون و لە لێواری غلۆربوونەوەی ئێسکەکانمان ڕاوەستاین**

**بۆچی ناچاریان کردین هەور بپۆشین؟**

**بۆچی ڕەنگی ئاوێنەکە بوو بە شین؟**

**ئەستێرەکانمان تێدا لەرزۆك و ڕەش دەردەکەون و**

**چەندان گیانلەبەری بریندار لە ناخماندایە.**

**وەك بڵێیت لێبووك بین و لە پرسەگێڕییەکی فرەواندا بین.**

**وەك بڵێیت خورافەیەك بین بەدەم باوە.**

**...**

**لەسەر ئەسکڵی ڕۆژگار**

**دەستم دەگری.**

## 4ی کانوونی دووەم : بۆ منداڵدانتیان دەگێڕمەوە

**چۆن ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونت بگێڕم**

**لە کاتێکدا غەمەکان بەسەر گەڵای درەختەکاندا دادەبارێن؟**

**چۆن مۆمەکانت دابگرسێنم لەکاتێکدا تاریکایی ئاگرە هەمیشەییەکەمانە؟**

**ئەی چیت بە دیاری پێشکەش بکەم؟**

**زێڕ بووەتە تەنەکە**

**زیو بووەتە خۆڵ**

**تەنیا ئەوە بەسە بە چاوی غەمبارەوە تێت بڕوانم**

**تەنیا ئەوەت بەسە هەر چوار کوڕەکەم بپارێزیت**

**لەو شەڕو بەڵایانەی وڵاتیان تەنویوەتەوە**

**ئەگینە بۆ نا منداڵدانتیان دەگێڕمەوە**

**ئافرەتێکی تەنیا**

**شاڵە کۆنەکەی بەسەر بەردەرگەی زستاندا ڕادەکێشێت، پۆلە مەلێکی ڕێ بزرکردوو بە ئاسمانەوەن، ئەی دایکە پیرۆزەکە کتێبەکە بکەوەو بیخوێنەوە، سەبەتەکان دابەزینە خوارەوە بەڵام نانەکانیان ڕەشەو گۆشتەکانیان تێك چوونەو میوەکانیان گەنیون، سوورەتی (بەقەرە) بخوێنەوە، بەشکو شەڕ لەخۆمان دوور بخەینەوە. لەسەر قەنەفەیەك دانیشت و سەیری ئاسۆ دەکات و لەو تارماییانەی دەڕوانی بازیان دەدا، پەتا خەڵکی لەناو دەبرد، شمشێرەکان دەبریسکانەوە، پاش ماوەیەکیش مۆمە گەورەکان دامرکانەوە، مارەکان دەرکەوتن و چوون سوپایەکی ڕەش لەسەر کلکیان پێشڕەوییان دەکرد.**

**بایەکی سارد بە ڕووی پەنجەرەکاندا هەڵیکردو وێ بە زەحمەت دایدەخستن، هێشتە شەمشەکوێرەکان لەناو درزو کەلێنەکانی تەلارەکەماندان، هێشتە دەنگیان ئەستێرەکان بێزار دەکەن، درەختی پێکەنین سیس بووەتەوە درەختی خەویش. چۆن شوێن پێی دەنگەکانی**

**ئێسکەکانمان بکەوین کە لەسەرخۆ ژیان دەجوولێننەوە؟ چۆن لەناوەندی شەودا ڕاوەستین لەکاتێکدا وێ بە غەمگینی سوورەتی (بەقەرە) دەخوێنێتەوە؟ هەورەکان لە ڕۆژئاواوە دێن و ئافرەتە تەنیاکەیش غەمەکانی خۆی بە سەر تەنافەکەوە هەڵدەخات، لەناو ئاوێنەکەدا هێلکە مارەکانی دەبینی ماڵەکەیان دەتەنییەوەو بە نوێژکردن تارماییەکانی دەردەکردو دەڕەتاند، بنمیچەکان خۆڵیان لێ دەبارێت؟ تۆ بڵێیت چی ڕوویدات؟**

**کەشتییەکان سووتان و خەڵکەکان سووتان و چوونە ناو بیرە دوورەکانیانەوە بەرگێکی ڕەش بەسەر ماڵە پیرۆزەکەدا دادەرێتەوە، ڕێویگەلێک لە چۆڵەوانییەکان هەڵدەپەڕن و خۆشی خۆشییانەو مۆمەکانی ئێمەیان بە دەستەوەیە. ئەمە کەناری هەمیشەییمانە: زیخ و ئێسك و پرووسك. ئەحلام لە ناو نوێژەکەیدا ئەمەی بینی. میوزیکژەنی شیعر کەوتە ناو گۆڕەوەو نووسراوە شاراوەکانی میوزیکی بەدەستەوە بوو، لەژێر ڕووی زەوییەوە، لەژێر پێست، لەژێر ئاوەوە میوزیك هەیە. بەدوای ئاوازەکانی ناخەوەدا دەگەڕا، وازی لە ئاوازەکانی دەرەوە هێنا، چاو لە دارەتەرمەکەی کەوتە خوارەوەو کەس گوڵی لەسەر گۆڕەکەی دانەنا.**

**ئەمڕۆ ماسییەکتان بۆ لەدایك بوو، جۆگەڵەی پاکژی ڕووزییە مژدەی باشی پێیە کوڕێك لە (با)وە لەدایك دەبێت، نیشانەکەیشی لەسەر سینگی مەروان دەبینن پەڵەیەکی گەنم ڕەنگە چوون نانێك خەڵك تێری لێ نەخۆن، ئاگەداربن.. ئەمە نیشانەکەیە، نانێك لەسەر سینگی لاوێکی باڵابەرز، هەر یەك لە برسی و ڕێ بزرو بێ باوك و دایك لێی دەخۆن و تێر دەبن.**

**ئەحلام مانگاکەی بینی لە زەردەوە بوو بە سەوز، بینی پیر دەبوو، شیری وشکی دەکرد، تاوەرەکان لە بەردەمیدا بڵندبوونەوەو چەندان باڵندەی ڕووتیان لێوە دەرکەوتن، باڵندەگەلێك چەند سەدەیەك دەبێت پەڕیان پێوە نەماوەو خۆیان لەناو سیخی پەنجەرەی ژوورەکاندا شاردووەتەوە، بەڵام بە پارچە پەڕۆیەك قاوی دەدان، کاتێکی زانی پارچە پەڕۆکە کراسی کوڕەکەیەتی.**

**جۆگەی گریانەکانی**

**لە هەموو شوێنێك**

**لە نزیك جۆگەی باران بوون.**

# 5ی کانوونی دووەم : تەرمگەل بەرەو ماڵی خوا

لە کونەکانی وڵاتدا فرمێسکەکان برینداریان کردم
چەك و چۆڵێکی لەکارکەوتوو بڵندی کردمەوەو چەندان پەڵە هەور بەرەو خۆڵ پاڵیان پێوە نام
هێلانەکانم پڕن لە پارچە ئەستێرەو پلیتەی چراکانم داناگیرسێن
ئەوە منم .. کاتی بەرەبەیان
لێرەدا سروود دەخوێنم
لێرەوە شەوانە دەڕۆم.

خەڵك، لە پێناوی تۆبە کردندا، گوناهەکانیان خستە ناو کیسەیەکەوەو فڕێیان دایە چۆڵەوانییەوە.
خەڵك، لەپێناوی ڕزگاریدا، جلی سپییان بۆ خۆیان دروو
هەستان، کاتێك خۆر هەڵات، بەیداخەکانیان بڵند کردەوەو بەڕێ کەوتن
لە ڕۆژە ساردەکاندا هەستان و چاودێری بەیداخەکانیان کرد
کاتێك دەنگەکانی بەیانی بڵند بوونەوەو ئەستوونە پیرۆزەکان لەرزین
ماڵەکانیان بەجێ هێشت و خۆیان شوشت و بەڕێ کەوتن
لەو کاتەدا، لە بەرەبەیانێکدا کە ترسی لێ دادەچۆڕا
چەکدارەکان پێشڕەوییان دەکرد
شەمشەکوێرەکانیان بە چوار دەوریاندا دەخولانەوە، ئاگریش شوێن پێی دەکێشان
لە کونەکانی وڵاتەوە تێدەپەڕین
لە کونەکانەوە فیکەیان دەکێشا.
گیا لەسەر دەستم شین دەبێت
لەسەر زارم کۆت و بەند شین دەبن

**ئاوێنەکە دەحەپێت، گورگگەلی لێوە دەردێن**

**ڕۆژێکی شینی پێچراوە**

**ئەی ماڵەکە دەمەوێت بە چوار دەورتدا بخولێمەوە وەك چۆن منداڵێك بە چوار دەوری ماڵەکەیدا دەخولێتەوە.**

**ئەی شوێنە بە ڕەش داپۆشراوەکە دەمەوێت ددان بە هەڵەکانمدا بنێم**

**چەکدارەکان خەونەکە دەشێوێنن**

**تەرمگەلێك دەکۆشن بەرەو ماڵی خوا بڕۆن**

**تەرمگەلێك پۆزش دەهێننەوە کە ناتوانن بگەنە جێ**

**تەرمگەلێك نەیانتوانی مەلەوانی بکەن**

**تەرمگەلێك نەیانتوانی باڵ بگرنەوە**

**تەرمگەل .. تەرمگەل.**

## 6ی کانوونی دووەم؛ چەند جار سوپا دامەزرێنین؟

چەند دووچاری دۆڕانی بکەین؟

چەند جار دژ بە خەڵکی وڵات بەکاری بهێنین؟

چەند جار هەڵیوەشێنینەوە؟

چەند جار بیبەستینەوە؟

سوپاگەل... سوپاگەل

هەموو مێژوومان سوپاگەل...یان پاشماوەی سوپاگەلە...

کاتێك بووم بە سەرباز

ئاگەم لە هێسترە برینندارەکان دەبوو کە لە جەنگ دەگەڕانەوە

دەرمانخانەیەکم لەناو چیاکاندا ڕێك دەخست

لە مۆم چەند پەیکەرێکی بچووکی ئەو ئافرەتانەم دروست دەکرد کە خۆشم ویستبوون و

لە گیرفانم دامدەنان

یادداشتنامەکان و ترسەکانی خۆم دەنووسییەوە

ژەنەراڵەکان بەرەو مەرگ لە پێشیان دەداین

منیش پەنام بۆ دەرمانخانەو هێسترە برینندارەکانم دەبرد

لە یادگەی گۆڕستانەکان دەرچووم و

بەهەشتێکم لە کاغەز دروست کرد کەس پەسەندی نەدەکرد بێتە ناویەوە.

لە تاسلۆجە..ڕێم بە هەورە برووسکەکان دا لە ڕووبارەکانم بدەن و ئەفسانەکانم لافاوئاسا هەڵسنەوە

لەژێر بڵێسەی ئاگری جەنگەکاندا بەشەکانی خەزائیلم نووسی

ڕووبارەکانی ئەشکی خۆمم لەژێر پێمدا دەبینی

غەمەکانی خۆم دەبینی لە گیرفانی ئەو سەربازانەدا دەژان کە نەدەگەڕانەوە.

تفەنگەکەم گوللەی تێدا نەبوو
گوللەکانم لێ دەردەهێناو ئاسوودە دەنووستم
خەونم بە هاورێکانمەوە دەبینی کە لە تاراوگەکان بوون.
ئەو ئاوێنەیەی پێم بوو هیچی تێدا نەبوو تەنیا دووپشك نەبێت
هیچ کانییەکی تێدا دەرنەکەوت، باڵندەیەکی تێدا دەرنەکەوت
داوی جاڵجاڵۆکەکانی دەبریسکاندەوەو پەرتی دەکردنەوە.
چەندان ئەفسەر دەچوونە سەر بەردە تاوێرەکان و تەقەیان لە پەیکەرو
ئەفسانەو کتێب و هێسترەکانم دەکرد
بە بێ دەنگی خۆم لە گوللەکانیان دەبواردو
رێم دەدان بە خۆشی سەر بکەونە سەر بەردە تاوێرەکان و دابەزن
گوێم لە ئاسمان دەگرت و بێ مۆڵەتنامەو بێ ماڵئاوایی لێ کردن
لێیان دوور دەکەوتمەوە.
ئیدی شەڕ بەسە
منداڵەکانمان بە باوکەکانیان گوت
بەیانییەکی بێ فڕۆکەمان دەوێت
بەیانییەکی بێ هوتاف دانمان دەوێت
ئیدی شەڕ بەسە
بۆچی وامان لێ دەکەن؟
نیشتمانێکی ئارامان دەویت
باوکگەلی شاعیرو زاناو نۆژدارو شێوەکارمان دەوێت
باوکگەلی شەڕکەرمان ناوێت.

# 7ی کانوونی دووەم: ڕووبارگەلی تەم و مژاوی

1

ئاهەو ناڵەی فورات کۆتایی نایەت

شارگەلی کۆنی تێدا نغرۆ بووە

چەندان بەلەمیش شوێن بزربوون

جووتیاران لە هەردوو کەناری تا ئەژنۆ نغرۆ دەبن

مەشخەڵی ئاگرو تارمایی ئاوێنەگەل زۆرتر دەبن

گوێم لە دەنگی بەسەر ئاودا ڕۆیشتن نەبووە

بەڵام دەنگی دەهۆڵان لەگەڵ تەوژمی شەپۆلەکاندا بەرگوێ کەوت

ئەوە چی ڕوودەدات؟

بۆچی فورات بەم شێوەیە دەلەرزێت؟

ئەی ئەم تارماییانە چین بەسەر شەپۆلەکانییەوە؟

2

هەموو ڕۆژێك دەدۆڕێین .. چونکە ڕووبارەکانمان لێ ناڕازین

هەموو ڕۆژێك دەدۆڕێین .. چونکە ئاسمان چی دی بەرگەی گوللەکانمان ناگرێت

هەموو رۆژێك دەدۆڕێین .. چونکە هەست بە دۆڕان ناکەین.

3

ئەوسا

هەردوو ڕووبارەکە گڕیان گرتبوو چوار دەوری خاکێکی نەوتیانەی سستیان دابوو

ئەمڕۆ

دوو ڕووباری کوژاوەن چواردەوری خاکێکی نەوتیانەی گڕگرتوویان داوە

دیمەنێکی جێ گۆڕکێ: ئاوو ئاگر
خنکان، یان ئاگرکەوتنەوە.

**4**

ڕووبارەکانی گیانمان لە ئاسماندان
نەك لە ناو ئەم چاڵە درێژانەدا.

# 8ی کانوونی دووەم : هێلکەی مار

بە دوای پەناگەدا دەگەڕێن بۆ منداڵەکانیان
بە دەستیان بەرەنگاری بروسکەکان دەبنەوە
بە دوای تاریکاییەکدا دەگەڕێن کەس تێیدا نەیاننناسێتەوە
هەڵدێر لەژێر پێیان دەکێشنەوە
بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێن نە مێژوو و نە ئاوێنەی هەبێت
خەونەکانیان بە ڕەش دادەڕێژن
ئەندامانی خێزانەکە چوونە ناو تەلارە کپە تۆقێنەرەکەوە
بە فرمێسکیان فوو لە تۆفان دەکەن
ئەو حەوت ئەندام خێزانەی ڕقیان لە کەس نابێتەوە
پێستی خۆیان پڕ لە خۆشی و خەیاڵ پلاوی دەکەن
هەر حەوت ئەندام خێزانەکە لە ترسی سەرما هەلاتوون
کەرپووچی بەسەرهاتەکانیان بەردەبێتەوە
ئەو حەوت ئەندام خێزانەی لەناو هێلکەی ڕەنگ پەڕیودا دەرکەوتن
هێلکەکانی مارەکان لە چواردەوریان چووکەرەیان کرد
کاتێکیش نووستن
هەرگیز بێدار نەبوونەوە

لەو بەرزاییەوە کەسێك هەیە
بروسکە لە نەخشەی ئەم ولاتە دەگرێت
کەسێك هەیە بە هەڵدێر ناوی دەبات
کەسێك هەیە شارەکانی بە سوور نەخشە دەکێشێت

**کەسێك هەیە پاڵ بە بەردەکانەوە دەنێت**

**کەسێك هەیە با دروست دەکات و بەرەڵڵای ناو کووچەکانی وڵاتی دەکات**

**ئەو وڵاتەی چوون دایکێك پاڵ دەکەوێت لە ناشتنی کوڕەکەی گەڕابێتەوە**

**کەسێك هەیە ئەم ڕابوردووە زۆر زانایانە دادەڕێژێتەوە**

**کەسێك هەیە دەیکات بە پشکۆو لەژێرماندا دایدەنێت**

**کەسێك هەیە پاڵی پێوە دەنێت تەقە لە خەڵکی بکات.**

**...**

**حەوت جار**

**مۆمێکم داگیرساند**

**کەی کوژایەوە:**

**هێشتە شەوی ئێراق زۆر درێژە.**

## 9ی کانوونی دووەم: لە چ ژێرزەمینێکدا؟

بەم شێوەیە چارەنووسمان لە بەردەماندا ڕاخرا
ڕدێنگەلێك بێ گوێ پێدان درێژ دەبن
دیشداشەی پیس
ڕاکردنی بەردەوام
تەنەکەیەکی نەوت بە دەستی ڕاستەوەو
کیسەیەك سەوزە بە دەستی چەپەوە
بەرەو ڕۆژئاوا ڕادەکەین، لە شەڕ هەڕا دەکەین
شت و مەکەکانمان لە بوخچەیەکدا وەردەپێچین
تەمەنمان بە شەوبێداری بێزارانە پینە دەکەین
سینگ دەردەپەڕێنین
جارێك بە ڕەچەڵەك و جارێکی دیکە بە بڵندیی دەنگمان
جارێك بە داستانە بەستەزمانەکانمان و جارێك بە زۆریی مەڕو ماڵاتەکانمان
نغرۆی ناو چاڵە قوڕو نەوت دەبین و لێیان دێینە دەرەوە
چیمان دەستکەوت تەنیا ڕاکردن و هاوارکردن نەبێت
جەستەی قەڵەوو لاواز.. چ جیاوازییەکیان هەیە
هەناسەی بۆگەن و چەپۆك
قامچی پشتی چەماندووینەتەوە
هەروەها چەندان تۆنی نەبەردی درۆکینە
لەکوێ ئەم هەموو ئوقرە فێربووینە؟
ئەم هەموو سەرشۆڕییەمان لەکوێ زانیوە؟
لە ڕابوردووماندا شت هەن ئاماژە بەوە دەکەن

**بەڵام نەك تا ئەم ڕادەیە**

**ئەوەند داچەماوینەتەوە پشتمان کۆم بووە**

**لیتەو قوڕمان خواردو قسەمان نەکرد**

**لە چ ژێر زەمینێکدا شەیدابوونی مەرگمان خوێندووە؟**

**لە چ قۆرتگەلێکدا فێری هەر هەموو ئەم دۆڕاندنانە بووین؟**

# 10ی کانوونی دووەم : شەڕە زاوزێ کەرەکانمان

ناشێت ئەم شەڕانە دوایەمین شەڕمان بن
بێ گومان ئێمە زۆر شەڕمان بۆ مرۆڤایەتی و بۆ خۆمان هەڵگرتووە
سێ نەوە لە شەڕەکانی پێشوودا لەناوچوون
هێشتەیش منداڵان لە شەقامەکاندا مەشق و ڕاهێنان لەسەر شەڕ دەکەن
دەرۆزە کردن .. تلیاك ... داوێن پیسی و هەتیوبازی
خۆیان بە پارچە ئاسنی مینرێژکراوەکان دەشارنەوە
حەز لە هیچ ناکەن پاشەرۆکی چەکەکان نەبێت
دەمامك دەدەن
نارنجۆك بۆ یەکدی فڕێ دەدەن
پێنج ملیۆن منداڵ
ڕۆژگار لەناو مێشکیاندا دەکوڵێت
باوکیان لەبیرکردووە کە لە مەرگدا بەساڵدا چوونە
چۆن شەڕەکانمان ڕادەوەستن؟
کرێی کوشتنی یەك کەس 100 دۆلار
کرێی مینرێژکردنی ئۆتۆمۆبیلێك 1000 دۆلار
کرێی دانانی بزمارو پارچە ئاسنی سکرابی دیکە 100 دۆلار
کرێی تەقاندنەوەی بۆری نەوت 400 دۆلار
کرێی بۆردومان کردنی ماڵان بە گوللە مووشەك 100 دۆلار
کرێی ڕفاندنی ئافرەتێك بە 300 دۆلار
دوو هەزار دۆلار بەسە بۆ ترس و تۆقین نانەوە لە ڕۆژێکدا
دەشێت بڕە پارەکە زیاتر بکرێت بۆ پتر ترس و تۆقین نانەوە لە ڕۆژانی دواتر

**ئەمەیش شەڕەکانمان بۆ دەیانساڵی دیکە درێژە پێ دەدات**

**ئەگەر ئاگری شەڕیش دامرکێتەوە**

**ئەوە ژیلەمۆکە هەر لە ژێر خۆڵەمێشەکەوە دەمێنێتەوە**

**ئەو کاتیش دەشێت ئاگرەکەی بە تۆزێك بەنزین بە تەنیا یەك دۆلار هەڵبگیرسێنرێتەوە**

**...**

**کپیی گۆڕستان**

**لە چەقەدان ڕاناوەستێت.**

# 11ی کانوونی دووەم: کۆتەڵی غەمەکان

جەژن زیخ بوو لە شەقامەکان گرد دەبووەوە
جەژن دووکەڵ بوو دەچووە چاوانەوە
جەژن قەلەڕەشکە بوو لەسەر بالکۆنی ماڵان ڕادەوەستا
جەژن شمشاڵێکی غەمگین بوو ئاسۆکانی دوور دەخستەوە
جەژن ئاوێنەیەکی ڕەش بوو
بۆچی وشەکانمان لەناو زارماندا لێك داپچڕان؟
بۆچی دەستمان لە چۆڵەوانیدا کەوتن و بزربوون؟
بەم شێوەیە ڕۆژگار بە غەمگینی تێپەڕین و هاتن
هیچ شتێکمان پێ نەبوو تەنیا ئەم کۆتەڵی غەمانە نەبێت
کە بەسەر شانمانەوەیە بۆ هەر کوێ بچین

جاڵجاڵۆکەکان دەروازەی ڕێگەکانیان تەنیوەتەوە
لەودیوی تۆڕە بریقەدارەکانیانەوە
فرت و فێڵ و پیلانیان لێ دەنا
چەندان گۆڕی بەردین چارەنووسەکانیان تێدا دەکوڵێن و
ڕێگەیەکی کوێریان بۆ هەر یەکەمان دەکێشا
تەرمەکانی شەو زەردن
گەڵاکانی کات لەناو خۆڵەمێشدا خۆلاوین
بەم شێوەیە بۆ رۆژگاری دێرین گەڕاینەوە
خەڵك سەر دەبڕڕێن نەك کاوڕ
لەکاتێکدا جەژن لە شەقامەکاندا گرد دەبێتەوە.

...

**غەم**

**ساڵانێکی دوورودرێژ دایگرتین**

**چوون مار بۆ ساڵانێکی دوورودرێژتریش**

**بە زیندوویی لە ناخماندا دەمێنێتەوە.**

# 12ی کانوونی دووەم : بەرگدروویەکی نائومێد

چی بدرووم؟
ئەی چ پاشماوەیەك کۆبکەمەوە؟
تا نەخشەی وڵات بۆ شێوەی جاران بگێڕمەوە
لە تارماییەکانی ڕابوردوو لەکێ بپاڕێمەوە؟
لەگەڵ کام دزانی ئێستەدا سازش بکەم؟
تا ئەوەی دڕاوە" یان بزربووە" بگێڕمەوە

دڵۆپە بارانەکان ئاویان تێدا نییە
بە شێتایەتی و قات و قڕی دەبریسکێتەوە
هێشتە زستان دوورودرێژە
هیچ جیاوازی لەنێوان مردووانی ئەمڕۆو سبەینێدا نییە
بەیانی ڕووشاوەو خوێناوییە
هەموو ڕێبوارەکان خوێنیان بەربووە
بەر لە دەست پێ کردنی تەقینەوەکان.

ئەو دەرزییەی وڵاتی پێ دەدروومەوە (کول)ـە
ناتوانم لە زەوی، یان پەڕۆ، یان کاغەزی بچەقێنم
دەرزی کول و
ویژدانی کوێرو
دڵانی کوێر
چۆن وڵاتەکە بکەمە یەك

هەر هەمووان بە گەروویان هێرشیان هێنا تا پارچە پارچەی بکەن
منیش هیچم نییە تەنیا ئەم دەرزییە (کول)ــە نەبێت
کە بە دڵی خۆمیدا دەچەقێنم
چونکە ڕەنگە خوێنم ببێتە قوربانی بۆ ئەم وڵاتە.

هیچ جیاوازی نییە
چ ئەگەر جێگەکەت کۆن، یان نوێ بێت
هەموو شتێك لەناو ئەم ئاوێنە هەڵواسراوەدا پەرت دەبێت
هیچ هیوایەکیش بەم گەڕوویە نییە کە دەمانکاتە تۆزو گەرد.

# 13ی کانوونی دووەم: شمشاڵگەلی پەککەوتوو

بۆ ڕەعەد عەبدولقادر لە سێیەمینساڵیادی کۆچ کردنیدا

## 1

وشەکان لە دەستی بەربوونەوە
ڕەعەد شمشاڵەکەی دەسڕی و دەگریا
ئەو بیرەی وشەکانی تێکەوت قووڵە
ئەو شمشاڵانەی بە دەستییەوەن پەکیان کەوتووە
ئارەزووەکانمان لەناویاندا دەستەمۆدەکرێن و زانیمان کە هەڵدێرەکەمان لێوە نزیکە
دەشێت شمشاڵەکان شتێك بڵێن لە شیعر بچێت
بەڵام لەگەڵ وشەکاندا بەربوونەوە
داخەکەم هاوڕێ
هیچمان تێدا بەدیٚ ناکرێت تەنیا ترس نەبێت
مارگەل لە دووکەڵەکانەوە دەزێن و دڵمان دەخۆن
هیچ نەماوەتەوە تەنیا بیٚ دەنگی و بریسکانەوەی چاوان نەبێت
ڕەعەد شمشاڵەکەی دەسڕی تا داخەکانی خۆیان بۆ بژەنێت
پێش ئەو چەندان پیاوچاك تێپەڕین و کتێبەکانیان لەناو باڵاپۆشەکەیدا بەجی هێشت
داخەکەم
چی دی با ناتوانێت گریەو ناڵەی شەشاڵەکەت بگوێزێتەوە
داخەکەم
چی دیکە ناتوانم بتبینم
دووکەڵ لەنێوانماندا دەزێت و مارەکانیش چاومان دادەبەستن.

## 2

کاتێك بەرەو قاوەخانەکە دەپەڕییەوە

**وشەکانی لەدەست بەربوونەوە**
**چیمان دەستکەوت تا ڕۆژگارەکانمان لەناو شووشەدا ڕاوەستان و ناجوولێنەوە**
**هەرکاتێك بە بەهەشتدا پیاسەی بکردایە دەهات بۆ لام و دەگریا: تا بڵێیت بەرینەو وام لێ دەکات هەست بە تەنیایی بکەم**
**کاتێك بە گالیسکەیەك بەرەو ئاسمان تێدەپەڕی**
**بەو وشانە دڵشاد بوو لێی پەرت دەبوونەوە**
**بەڵام نەیدەتوانی بپەیڤێت**

**هەتاوی لەسەر سەری هەڵۆیەك داناو بەرهەڵای کرد**
**بەڵام پاش تاوێك گەڕایەوە لای**
**دووکەڵ ئاوێنەکەی داپۆشیبوو**
**گوللەیش زۆر توند بەرەو ئاسمان دەتەقێنرا**
**لێدانی دڵ لە شوێنەکە ڕاوەستا**
**خولی هەتاویش پەکی کەوت**
**پەیڤینیش پەکی کەوت و بوو بە ستایشی نەخۆش**
**وێنەی قەلەڕەشکە لەسەر دەرگەکانمانە**
**بە ئارەزووی مەرگ شۆڕ بووەتەوە**
**هەتاو لەسەر سەری هەڵۆکە بەربووەوە**
**وشەکانی لێ بەربوونەوە**
**چی دیکە ڕەعەد نە لە شەقامەکان و نە لە قاوەخانەکاندا نەدەبینرا**
**تەنیا بوو بێ هوودە هەتاوی لەسەر سەری هەڵۆکە دەدوورییەوە**
**پەنجەکانی خەڵتانی خوێن بووبوون**
**چاویشی بۆ وڵاتە هەوسار کراوەکەی دەگریا.**

**3**

چەندم پێ گوتیت
دەمەویت بتبینم
بەر لەوەی بمرم، یان بمریت
بەڵام ئەمڕۆ خێرا ڕۆیشتیت و
تەختەکان وشکیان ڕاگرتم.

## 4

ئەو باڵندانەی لە پشکۆی هەردوو دەستت دەرکەوتن و
مەشخەڵەکانیان بە دەنووك بەرزکردبووەوە
کەوتنە ناو گۆماوەکانەوەو
مەشخەڵەکانیان کوژانەوە
ئەو باڵندانەی لێوەت هاتنە دەرەوە بۆ چەند ڕۆژێك هەڵدێرەکەیان ڕووناك کردەوە
پاشان نیشانشکێنەکان پێکانیان و
بە قوربانی بە زەوییە کێڵراوەکانیان پێشکەش کرد
ئەی ئەو هەڵۆیەی هەتاو لەسەر سەری بەربووەوە
چەندم ئارەزوو دەکرد سروودەکەت تەواوبکەیت و
دەهۆڵەکان کپ بکەیت و چریکە لە شمشاڵەکەتەوە بێنیت
بەڵام ڕێگەکەت چۆڵەوانی بوو
هەنگاوەکانیشت تۆقیو.

## 5

لە شەقامی (موتەنەبی) ئاماژەت بەو شۆستانە دەکرد
کە گوڵەکانی خۆتت تێدا چرۆ پێ دەکردو دەتگوت: ئەمانە ناوی منن، چوویتە ناو پێپلکە
نهێنییەکانی قەشەکانەوەو بەدوای موورووی تەزبیحەکەتدا دەگەڕایت
کە هەورە بروسکە پەرتیان کردەوەو لەناو درزو کەلێنی شۆستەکاندا بزربوون

ئێسك و ڕۆژنامە غەمگینەکانی ئادەمت کۆدەکردەوە.
لەو کاتەوە لەوێیت چەند ساڵی تەمەن تێپەڕین و من هەر چاوەڕێتم
تا بگەڕێمەوە ئەو نیشتمانەی تۆی لێیت
بە دەست لە ملانێیەکی دوورودرێژ و ورتەی لەسەرخۆ بەڕێت کردم.

چی لە پێستمان ماوە تا بەو کەولکەنەی پێشکەش بکەین
شەوێکی دوورودرێژ و جەستەمان لەژێر شوورەکانیدا دەخولێنەوە
چی لە ئێسك و پرووسکمان ماوە
کردمانن بە شمشاڵگەلێ و ئەوانیش ژەندیانن.

**6**

چ تاوانێکمان کرد تا بەم شێوە پەرت ببین
مۆمەکەی لەدەست بەردەبووەوە
تاریکایی دەیخوارد وێڕای قرچەی نیوەڕۆکەی
پەنجەرەکانی ماڵەوە کرانەوەو پەردەکان باڵیان گرتەوە
ڕەعەد لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، لەناوەوەیدا
سەری شۆڕ کردبووەوەو
دەستی بە کۆچ کردن کرد.

**7**

سی مەتر بۆ تۆ و سێ مەتر بۆ من
ئەمەیش گوڵە پاقلەن تێیدا چرۆدەکەن.
کتێبە خۆشەویستەکانمان لە شەقامی (موتەنەبی) دەفرۆشت
ـ ڕەعەد بە کوێ گەیشتین؟
ـ بۆ پێگەی سێیەم و، دەبێت بە دەستی برسیەتییەوە بناڵێنین.
ـ لە پێگەی چوارەمدا، ئۆکسجینمان لێ قەدەغە دەکەن.

ـ بەڵام هەر سەردەکەوین.
سۆفیگەرانی بەغدا سەرمایان بوو، ڕەعەد پاڵتۆ شینەکەی خۆی بەسەردا دان
جونەید و بەستامی و حافی دادەپۆشی
حەلاجی لەسەر خاچەکەی دەهێنایە خوارەوەو برینەکانی تیمار دەکرد.
ـ ڕەعد چەندە دەرمان و پەمووت دەوێت؟
ـ زۆر ... گەلێك بە تەواوەتی لە خاچ دەدەن.

## 8

چەوگانەکەت لە وێڵاشەکەی دەبێتەوەو ناوکی هێماکانت پەرت دەبنەوە
ڕێگەی بەرەو گومەزەکەت بە تەنیا بڕی
خۆڵی ڕۆژگارت پەرت دەبێتەوەو پەنجەکانت دەگرین.

## 9

گیانت" لەو دنیا" لە تەپۆڵکەیەکەوە بۆ تەپۆڵکەیەکی دیکە دەفڕێت
کاتێك پڕ گۆرانییە
گیانت لە شێوەی باڵندەیە
دەم و چاوت لە دەم و چاوت دەچێت
مردووەکانی دەوروبەرت تەپوتۆزاوین
تەنیا تۆ چوون قژە زیوینەکەت سپیت.

## 10

لە شارێك لە شارەکانی خەیاڵ پڵاوی بەیەك گەیشتین
تێیدا بەلێنمان دا خیانەت لە شیعر نەکەین
تێیدا پەنجەمان بەر پەنجەگەلی خواوەندەکان کەوت
ئەوەتە تۆ باش دەست دەخەیتە سەر ڕاستی
بەرەو لای دەچیت و بە تەنیا من بەجێ دەهێڵیت
چەند بەختەوەریت.

لە بازاڕی (سەرای) ئاماژەت بەو ڕەفانە کرد
کە کۆترەکانیان لێ دەهاتە دەرەوەو گوتت: هەرچی ئەمانەن نازناوەکانی منن
چوویتە ناو پێپلکەکانی قەشەکانەوەو چوار دەورت دان و چوار دەوریان دایت
بە تەینا لە شەقامەکە بەجێت هێشتم گوێم لە دەنگتان دەگرت بە ناو کاتدا سەرگەردان دەبوون.

## 11

لە کەناری دەریای ناوین پیاسە دەکەم و ورتەم دێت:
ئەی گیانی ڕەعەد
ئێستە چی شتێك نیگەرانی کردوویت
تا بەم شێوەیە لەناو شەپۆلدا بشڵەژێیت
چ ژانێك گرتووتی تا بەم شێوەیە کەف بچەرێنیت؟
پرزەی شەپۆلەکان قژو پاڵتۆکەیان تەڕ کردم
قژم بە گیانی تۆوە لوولی خواردو سپی بوو
دوو نەورەس لە کەنار باڵ بەیەکدا دەدەن و هاوارم لێ دەکەن:
هەردووکتان لە ئێمە دەچن
هەرچی گیانی شیعرە ئەوە شەپۆلێکی سەرگەردانە.

## 12

کاتیك ئیلهام دەگەڕێتەوە ماڵەوە
فریشتەکان دەبینێت چامەکانی تۆ
دەخوێننەوە،تۆیش گوێیان لێ دەگریت
پەنجەرەکانیش واڵان و پەردەکان باڵ دەگرنەوە و
ناتوانن لە گوێ گرتنە دوورو درێژەکەت بە ئاگە بهێننەوە.

# 14ی کانوونی دووەم: تەشتی سکرابەکان

تاریکایی بە قەد ئەستوونە بێ گڵۆپەکانەوە توایەوە
لەژێرەوەیان،سەگەکان تەرمەکانیان دەخوارد
نوێژێکی غەمگین تێدەپەڕێت و
چەندان شەپۆلی دووکەڵ دەتلێنەوە
با لە ڕیسوایی ئێمە شەرم دەیگرێت
ئاسمانیش دەرگەکانی خۆی داخست
مرۆڤیش شکستی خوارد
خواوەندیش، لەسەر تەختی خۆی، غەمگین بوو

کاتێك مرۆڤ بەربووەوەو کەوت
جەستەی پارچە پارچە بوو، هەر پارچەی لەناو بادا هاواری کرد.
دەنگێکی پچڕ پچڕی لێوە دەهات.
جگەرەکان چارەنووسی خۆیان گۆدەکرد
دڵەکانیش بە نەخشەی شەو لێیان دەدا
پەراسووەکانیش بانگی بەهەشتەکانی خۆیان دەکرد
دەستەکانیش ئاماژەیان بە شتی نادیار دەکرد
پێیەکان بەناو ئاوە ڕەشەکاندا دەفڕین
ئەوە چی ڕوودەدات؟ بۆچی ئەندامانی جەستە لەم دیالۆگە دوورودرێژەدا بانگی یەکدی دەکەن
ئێراقی خۆی لەناو تەشتی سکرابەکاندا بینییەوە پارچە پارچە کراوە تەنیا بانگی چارەنووسی
هەردەم خوێناوی خۆی دەکات.

ئێراقی پارچەکانی خۆی بینییەوە بە دەنووکی باڵندەیەکەوە هەڵواسراوە کە نانوێت چۆڵەوانی لەو بارەیەوە غەمگینە، ڕووبارەکان شین و واوەیلای بۆ دەکەن، چی دووچاری کاروانە پڕ لێقەومانەکەی هات؟ ئەفسانە شۆڕبووەکانی سەر شۆستەکان چییان لەبارەوە گوت؟ بۆچی دارەتەرمەکەی بەتاڵەو ئەندامەکانی لەناو دەفرو تەشتەکاندان؟ ئایە کەس نوێژی لەسەر کرد؟ باشە، ئایە کەسێك ئەو ئەندامانەی شوشت؟ مەزارگەکان بانگی درێژایی ڕۆژگار دەکەن و ئەویش بەوپەڕی ئارەزووەوە بەرەو لای ڕادەکات، بە شانی لە وێرانەدا هەڵواسراوە هیچ شین و واوەیلایەك لەبەردەمیدا ڕاناوەستن و دەروازەکانیش پاشگەزی ناکەنەوە، پڕ لە کۆچە، ئەی شەو بێدار ببەوەو بیدوێنە.

بەسەر کۆتەڵەکانیدا هاوار دەکات کە بە بروسکەکانی هەڵیکۆڵیون

لەناو چەکەکانیدا دەبریسکێتەوە کە شەڕی جەستەی خۆی پێ کردن

ئەم هەموو مەرگەت لەکوێ بوو

چۆن دەتوانیت ئەو گۆڕە درێژەی تا بەرەبەیان هەڵبکۆڵیت؟

فرمێسکە بە مس داپۆشراوەکانی لەکوێ بوو؟

ئەم بوونەوەرە پارچە پارچە بووە باسی چیمان بۆ دەکات؟

دەربارەی چی بە پرسیارە درێژەکانی غلۆرمان دەکاتەوە؟

دەم لە کوێ بێنم تا قسەیەکی لەبارەوە بکەم؟

چاو لەکوێ بێنم تا سەیری دوایەمین سووڕانەوە دڵێرە پارچە پارچە بووەکەی بکەم؟

دەست لەکوێ بێنم تا خوێن بەربوونەکەی ڕاگرم و لە لیتاوەی ڕاکێشم کە چووەتە ناو تاریکییەوە.

وەرە. وەرە لێرە دانیشەو خۆت فێنك بکەوەو پەشتەماڵێك وەربگرەو جەستەت وشك بکەوە

تۆزێك چا بخۆوە، سەیرێکی جوانیی ژیانی چواردەورت بکە

بۆچی بەناو مەرگدا سەفەر دەکەیت؟ بۆچی؟

ئەم گۆزەیە وەربگرەو تۆزێك مەی هەڵقوڕێنەو... کەمێك پەلە مەکە

ئایە دەزانیت ئەم هەوایە چی دەگەیەنێت؟

ئایە دەزانیت ئەم خولیابوونەی ئەوی دی چی دەگەیەنێت؟
وەرە لەم هۆڵە گەورە ئەندامەکانت بدروویینەوەو بۆتیان بگێڕینەوە
هەندێکت لێرەو هەندێکت لەوێ و لەسەر بانان و بەقەد دیواران و ناو ڕووبار و قەد درگەیان کەوتوون.
بۆچی بەناو مەرگدا سەفەر دەکەیت؟ بۆچی؟
وەرە ئەم تێلانە وەربگرە تا پارچەکانت پێکەوە ببەستینەوە
وەرە تا سیرامیکەکانت بدروویینەوە
تا چەند لێوی دیکە لەسەر لێوت بگەشێنەوە
وەرە تا سینگت پڕ لە بڕوا بکەین و
پەڕی ئاسنین لە ڕوحت بکەینەوە
وەرە با ئەم تەشتگەلی خوردانە تا هەتایە
هەڵگێڕینەوە
چونکە ڕیسوایی هەمیشەییمانن.

## 15ی کانوونی دووەم: پێشەگەلی لەناوچوو

**ئەو سەرتاشەی قەیچییەکەی تیف تیفە دەدا و بۆنی گوڵاو لە شوێنەکەیەوە بڵند دەبووەوە**
**هەڵات، کڕیارەکانی پەرت کردەوەو ئامۆژگاری کردن سەیری ئاوێنە نەکەن**
**پرچی منداڵەکان درێژ بوو، ڕدێنەکانیش چڕتر بوون**
**کراسی پیاوەکانیش کورتتر بوونەوەو**
**تا دەهات بۆنیان بۆگەنیوتر دەبوو**
**ڕوخساریان ناشیرینتر دەبوو**
**شمشێریان هەڵگرت و دوای خەڵکی کەوتن.**

**نۆژدارمان ناوێت**
**ئەوان سیخوڕی لەسەر جەستەمان دەکەن**
**نامانەوێت کەس سەیری ددانەکانمان بکات**
**نامانەوێت کەس سەیری چاوانمان بکات**
**(ستیت سکۆپ)ـەکانمان ناوێن کە گوێ لە دڵمان ڕادەگرن**
**نەشتەرەکانمان ناوێن کە گۆشتەکانمان دێننە خوارەوە**
**دەرمانە سڕکەرەکانمان ناوێن**
**دەم و چاوە لووسەکانمان ناوێن**

**نۆژدار بەروانکەکەی داکەند**
**گسکێکی هەڵگرت و پاشەڕۆکەکانی لە دوکانە نوێیەکەی لە شەقامی (ئەلنهەر = ڕووبار) لابرد**
**ئەو زێڕو خشڵانەی دەیفرۆشتن ساختەکارییان تێدا کرابوو**

ئەو جلوبەرگانەی هەڵیواسیبوون خراپ و هەرزان بوون

بەڵام لە نۆڕینگەکە ئارامبەخشتر بوون.

# 16ی کانوونی دووەم : ئێراقی چیلکەدار

**سەرتاشەکان دژ بە شەریعەتن!**
**نانەواکان یاری بە ڕۆزی خوا دەکەن!**
**شوانەکان دەستدرێژیکەرن چونکە گوانی مەڕەکانیان داناپۆشن**
**جووتیارەکان گەوادن چونکە ئارووی نێر لەگەڵ تەماتەی مێدا کۆدەکەنەوە**
**ئەندازیارەکان خوانەناسن چونکە لاسایی خوانەناسەکان دەکەنەوە**
**نۆژداران لەڕێ لادەرن**
**هونەرمەندان لێبووکن**
**وێنەکێشەکان خاوەندی بیدعەن**
**شاعیرانیش ڕێ بزرکاران دوایان دەکەون**
**نووسەرانیش خوانەناسن**
**تەلەڤزیۆن حەرامە**
**میوزیك حەرامە**
**ڕۆژ حەرامە**
**ژیان حەرامە**
**ـ کەواتە چی بکەین؟**
**خەڵك پێی گوتن**
**چەکدارەکان گوتیان:**
**ـ چیلکەدار کۆبکەنەوە.**

**ئێراقی چیلکەدار**
**ئەی ئێراقی چیلکەدار**

**ئایە لە سەردەمی بەردینداین**

**ئان لە پەراوێزی شێتایەتیدا ؟**

**کاتێك ڕێمان بەو بیانییانە دا گوو بە ژیانماندا بکەن؟**

**ئەی کێ لێمان دەبوورێت کە ئێمە ئەوانمان کرد بە ئاغای سەر شارەکانمان؟**

**ئەی ئێراقی چیلکەدار**

**کەی چیلکەدارەکە ئاگردەدەیت و چیلکەدار هەڵگرەکە دەسووتێنیت؟**

# 17ی کانوونی دووەم: چی دیکە بۆ شەڕەکانی تۆ دەست نادەم

ئەی بەغدا بەر لە پازدە ساڵ
خوێنێکی زۆرت لێ ڕۆیشت
جامۆلکەمان لەژێر گەردنتدا دانا تا فریات بکەوین
لەژێر سنگ و لەژێر سەرت دامانن، هەموویان پڕبوون.
ئەو باندجانەی برینەکانمان پێ بەستیتەوە هێشتە لەناو گیرفانماندا تەڕن
هێشتە جلە تەپ و تۆزاوی و خوێناوییەکانت لە بەرماندان
هێشتە پردەکانت دەناڵێنن
هێشتە ماڵەکانت دەگرین
بۆچی سەرلەنوێ لەگەڵ ئاشە هەواینەکاندا دەجەنگیت؟

ئەی زەوییە دووگیانەکە
دووپشك لە درزەکانتەوە دێنە دەرەوەو
بە شوورەی شارەکانتدا هەڵدەزنێن
خەڵکەکەیشت پاسەوانیی کەلاوەکان دەکەن و
بەردەوام ...چاوەڕوانی بوومەلەرزەن

تەنوورەکەت کە بە منداڵی هەر هەموو ئەم نانانەی بۆ دروست کردین
بۆچی لە تەمەنی ئێمەی برد؟
ئەی بۆچی دایکە نانکەرە دەست ڕەنگینەکانمان سووتان؟
بۆچی ئارد بوو بە باروود و لەناو دۆزەخ چاندینی؟

ئەی وڵاتەکەم چی دیکە بۆ جەنگەکانت ناشێم

پتر لە جارێك، بێ سوود، فوویان بە ماسوولکەکانمدا کرد

دەرزی ئاگریان لێ دام، بەڵام دانەگیرسام

ئەی وڵاتەکەم چی دیکە بۆ چەکەکانت ناشێم

لە تفەنگەوە تا دەگاتە شمشێر

لە مووشەکەوە تا سەربڕین

بۆ ئەوە ناشێم سەیرت بکەم

کە لە دەهۆڵان دەدەیت و لە پرسەکاندا خۆت دەڕازێنیتەوە

بۆ ئەوە ناشێم تا

بەردەوام ڕەشپۆش و

بە دۆڕاوی بتبینم.

## 18ی کانوونی دووەم: ئاسنە سکراب

ڕۆیشتنی کۆتر بە شەقامە پڕ لە وردە ئاسنە سکرابەکانماندا
دەنگێکی سەیر بەرگوێ دەکەوێت

ئەوەیش بە هۆی پەنجەکانمانەوە نییە
نە کاغەزو نە شێوازی ئاخاوتنمانە
ڕەنگە .، لە گۆرانییە ناخۆشەکاندا بەرگوێمان کەوتووە

ئەویندااران لە بەغدا هیچ ڕەنگێکیان نەماوە تەنیا تارمایی نەبێت
بە شەقامە چۆڵەکاندا تێدەپەڕن
شتێکی ترسناکیان بیردەکەوێتەوە پێی دەگوترێت ئەوین.

لەسەر دیواری ماڵەکەم ئەستێرەیەکم هەڵبژارد
کردم بە هاودەمی خۆم
بەڵام چەکدارەکان تەقەیان لێ کرد
منیش بەربوومەوە.

قاپە سیرامیکەکانی ناو کتێبخانەکەم وردو خاش بوون و
بەرگی کتێبەکان بەربوونەوە
شەویش بەچڕی بەناو دەمارەکانمدا کەوتە ڕێ

دوو ڕووبار جیهانیان بە ڕووناکی و ئەوین ئاو داو
خەڵکەکەی خۆیان ژێر کرد.

# 19ی کانوونی دووەم: خۆڵەمێشی خۆڵەمێشی نییە

ئەو ئەسپانەی حیلکاندیان بە درێژایی شەقامەکە ڕاکشاون و خوێنیان لێ دەچۆڕێت
پاشماوەی کاروانەکان بە ئاوریشم و گوڵاوەکانیانەوە
بۆدی ئۆتۆمۆبیلەکان و تایەکانیان
تانکەرەکانی نەوت پەرت و بڵاو کەوتوون و دوایەمین دڵۆپەیان لێ دەچۆڕێت
خەڵك تێکەڵ بە خاك و خۆڵ بوون، وێنەکانی دۆزەخ لە تەنیشت یەکدییەوەن لە کۆتەڵەی درێژدا
ئەعرابەکان مەودایان لە مستیاندا بەند کردووەو لە پشتی خانووەکانەوە خۆیان شاردووەتەوە
مینیان لەناو زاری خەڵکدا داناوەو بەنزینیان بەسەر کێڵگەکانیاندا کردووە
پیرەمێردەکانیان کوشت و لەژێر ڕێژنەی شەرع و گوللــەدا کیژەکانیان مارەبڕی
تەنیا ئاهــ و ناڵەیەکی بەردەوام لە قووڵایی ناخەوە شەوان دێتە دەرەوە تا ئاسمان بریندار بکات.

بەڵام خۆڵەمێشی خۆڵەمێشی نییە
سەوزییەکی بێ گەردی فوراتی تێدایە، چەندان دڵی تێدایە لەژێر خۆڵەمێشەوە لێ دەدەن
ناعووری ئاویان تێدایە کە جیهانی ژێرەوە لە خراپەکاری پاك دەکاتەوە،
زمانی بابلی ڕەسەن و کەژاوەگەلی بریسکەداری عەباسی تێدایە.
لەناو خۆڵەمێش ڕاپەڕێ بەر لەوەی هەڵتلووشێت
بچۆرە ناو کانییەکانەوەو خۆت بە ناعووری (حەدیسە)و (عانە) بشۆ
ئاگەدار بە توند ناوکی ئاسمان و زەویت گرتبێت
جەستەت بە وێڵاش بپێچەوەو هەستە سەرپێ.

**پیرەمێردەکە ژەنگی تفەنگەکەی کڕاند**
**کاتێك سواری ئەسپەکەی بوو دەمامکی نەداو مەودای پەرت و بڵاونەکردەوە**

**کاروانی پیاوەکان لە پشتییەوە تا دەهات درێژتر دەبووەوە.**

**خۆڵەمێشی خۆڵەمێشی نییە، قەلەڕەشەکەکانی تیَ کەوت و هەورەکان لە شارەکانییەوە بڵندبوونەوە، گیایەکی لە ئەستێرە تیێدایە، قسدێری لە ئاسمانەوە تیێدایە، خاکی تیێدایە تامەزرۆی کیژایەتی خۆیەتی، گوڵی تیێدایە لەناو سینگاندا زاوزێ دەکات.**

## 20ی کانوونی دووەم : بەڵام گوێدرێژێکم بینی

**شیعر نانووسم، دیمەنەکە وەك خۆی دەخەمە ڕوو:**

**ئەم بەیانییە لە ئەپارتمانەکەم چوومە دەرەوە کە لێی نیشتەجێم، بەرەو (بەیاع) ڕۆیشتم و تەرمگەلی کاوڕەکانم بە قەد دیوارەکان و، بە سەر پاشماوەی شوورەی گەڕەك و بە ئاسنەکانی یەکێك لە دەرگەکانییەوە بینی، گۆشتفرۆشەکان کەوڵیان دەکردن و گۆشتەکانیان بە خەڵك دەفرۆشت.**

**بەڵام گوێدرێژێکم بینی.**

**کەمێك ڕۆیشتم و شۆستەکانی ناوەندی شەقامەکەم بینی بووبوونە سەربڕگەی پەزوپۆڵەو گۆشت فرۆشتن.**

**کەمێك ڕۆیشتم و شوورەی گەراجەکەم بینی بووبووە دیوارێکی خوێناوی و جەستەی پەزوپۆڵەو کەللەسەری لە هەموو جۆرێکی پێوە هەڵواسرابوو.**

**بەڵام گوێدرێژێکم بینی.**

**کەمێك ڕۆیشتم چەندان سینی گەورەم بینی چەندان سی و جگەرو فاتەڕەشەو گەدەیان لەسەر دانرابوون و خوێنیان لێ دەچۆڕی کە ژنان دەیانفرۆشتن و هاوارێکی دوورودرێژ گوێی کەڕ کردم.**

**ئەدی ئەمە لە دیمەنەکانی ناو دارستان نییە؟**

**خودایە**

**چی لە مرۆڤایەتیمان ماوەتەوە؟**

**چی بۆ ئەم سەردەمە زۆر دێرینەی گەڕاندووینەتەوە؟**

**پاشان لەگەڵ خۆم گوتم:**

**هیچ سوودی نییەو لێرە هیچ شتێك سوودی نییە**

مرۆڤ لەناو شەقام سەردەبڕێت و کەوڵ دەکەنرێت
ئەی چی لەبارەی پەزوپۆڵەوە دەڵێیت؟
دیمەنی ڕۆژانەمان کەوڵ کردنە
دیمەنەکە نانووسم، وەك خۆی دەیخەمە ڕوو:
ژیانمان بوو بە زبڵخانە
ئێسك و پرووسکی مرۆڤ و ئاژەڵی بەسەرەوە فڕێ دراوە
ئێمەیش لە وڵاتێکی کون بوودا
ئۆکسجینی ترس هەڵدەمژین
بەڵام گوێدرێژێکم بینی.

# 21ی کانوونی دووەم : سەتڵی خوێن

داوای ڕاوێژ لە ئاسمان دەکەم
سەتڵێك خوێن لە نێوان ئەستێرەکاندایەو خەریکە بەر دەبێتەوە
لە ڕووناکییەوە دەرچووین و چووینە ناو تاریکییەوە
دارەتەرمی غەمەکانی خۆمان بردو لەسەر قەرەوێڵەکانمان دامانناو و بە پەتۆ دامانپۆشین
پەرداخی ئەفسانەکان شەوان کۆمان دەکاتەوە
چۆن لە شێتایەتییەوە ڕوومان لە خواپەرستی کرد؟
چۆن ئایەتەکانی ڕووناکی پاڵیان پێوە ناین ئێسکەکانمان لە گۆڕەکان هەڵگرین؟
ئایە وشە لە دەستمان و لە گریانە پیرۆزەکەمان و باڵندە فرمێسکە بە چاوەکاندا دەبێت؟
ڕووناکیبەخشگەل چوون دەزوو لە ئاوەکانمان بلندبوونەوەو ئێمەیش بەدوایاندا سەرکەوتین.
ئۆرانیۆس خەڵتانی ناو سەتڵی خوێنە، ئەم شەممەیە ڕۆژی پەرت و بڵاویەتی
لە شەقامەکان، سەتڵەکە دەڕژێت،
ماڵەکان شینن، شەقامەکان خۆڵەمێشی
ئەی بەغدا بۆچی وازت لە سەتڵی مەی هێناو سەتڵی خوێنت هەڵقوڕاند؟
مەیخانە جوانەکانیان چۆڵ کردیت و شاعیرەکانیان ئاوارەو دەربەدەر کردیت و هاودەمەکانت لە کووچەو کۆڵانە تەسکەکاندا پەرت و بڵاوەیان لێ کرد، تەرمەکەی ئەبی نواسیش لای کەنارەکانی دژلە فڕێ درابوو
بۆنێکی سەیری دەهات
خۆشی بە جێگەکەی بەخشی و ئاوێنە درزبووەکەی بە بنمیچەکەوە هەڵواسی، کەللەڕەقانە بەرەو چارەنووسی خۆی ڕۆیشت، بە لاویەتی بەسینگی ڕووتییەوە بە شەقامەکاندا دەسووڕایەوە و هەورە برووسکە لێیان دا، بەڵام هێشتە تەمومژاوییە. ڕۆژی پشێوییەو شەوی

تاك و غەمبارە، بەردەكانی بریسكەدار بوون لەكاتێكدا باڵندەكانی لە سەر گومەزەكانی دەردەكردن لە ئاوێنەكەی جودا بووەوە بۆیە ڕۆژگار بە كۆشككگەلی دڕك و زێڕ كرانەوە.
كوڕم چیتە؟ چیت دەوێت؟

سەری بەرەو لای ڕاست لار دەبێتەوەو قژیشی بەلای پاییزیدا شۆڕ دەبێتەوە.

گالیلۆ بە غەمباری تێپەڕی و (ئەدیسۆن)یش بە سەر گلۆپەكانیدا چەمایەوە بەڵام تۆ لە بزرگەدا بەردت كۆدەكردەوەو بانگی باڵندەكانت دەكرد

پەرداخەكەی بە هێڵەكانی دووكەڵەوە هەڵواسراون، كانییەكان وازیان لێ هێناو ڕۆیشتن و گۆرانیبێژەكان بانگیان كرد
ئەی دیلی مەودا
تۆ نە پشكۆو نە بارانیت.

دوایەمین دڵۆپی ناو سەتڵەكەت بەسەردا تكا
باڵگەلی لەسەر شانت ڕواند.

## 22ی کانوونی دووەم: شەرعناسەکانی مەرگ

هێشتە شەرعناسەکانی مەرگ
مین دادەنێنەوە
هێشتە کاغەزە مردووەکانیان و
جلە کون بووەکانیان و
پێڵاوە بریقەدارەکانیان
لە ڕێگەکاندا فڕێ دراون
لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی یەکەمین کەسی داگیرکاراندا
هەڵاتن
بەڵام داوەکانیان بۆ ئێراق لای خۆیان هەڵگرتبوو
بۆ ئەوەی تێرتێر ڕاوی بکەن و
بیکەن بە خۆڵ.

هێشتە لەناو زبڵکوانەکاندا بەدوای چەك و چۆڵە چرووکەکانیاندا دەگەڕێن و
هێشتە بە زێڕ ئاماژە  بۆ پیاوکوژەکان دەکەن
هیچ پەرەشوتێکیان پێ نییە تا لەسەر زەوی دابەزن و بیدزن
شەمەندەفەریان پێ نییە تا وڵات لە فارگۆنەکانی پشتەوە باربکەن
گوڵ ڕایگرتن بەڵام نەیانناسی
باران ڕایگرتن بەڵام تێی نەگەیشتن
داویان دەنایەوە تا ئێراق بەرەو دۆزەخ برفێنن

شەرعناسەکان بەهەشت

لەژێر پێی دایکاندا بڵند دەکەنەوەو
گۆڕی بێ شومار بۆ کوڕەکانیان هەڵدەکەنن.

# 23ی کانوونی دووەم: ئەو بەغدایەی لەوێیە

جەنگ ئەو بەغدایەی وێران کرد کە لێرەیە
هەرچی ئەو بەغدایەی لەوێیە
ئەوە هێشتە بە تەم و مژی بەیانی و شاعیران پێچراوەتەوەو
پڕ لە دوکانی کتێب و کاغەزفرۆشانەو
بە چرای تەکیەو مەیخانە ڕووناك کراوەتەوە
کەس دەستی بۆ نەبردووە
چونکە لەوێیە
لە ناخماندا.

سیاسەتوانان بە وتارە خراپەکانیان پێچایانەوە
شەڕکەرەکان بە چەکە پیسەکانیان پێچایانەوە
داگیرکاران بە ددانە تیژەکانیان پێچایانەوە
دزەکان بە جانتا ڕەشەکانیان پێچایانەوە
بەڵام لەوێیە
چوون کۆترێك لە شەقەی باڵی داو فڕی
بەغدا لە جەستەی شاعیرێکی لاوازدا دەژی
لە مەیخانەی دزێکدا سەرخۆش دەبێت
لەناو بوخچەی ئافرەتێکی ئاوارەدا سەرخەو دەشکێنێت
لەناو فرمێسکی منداڵێکدا نهێنییەکان دەدرکێنێت
لەناو ڕوحی گۆرانیبێژێکی غەمگین ... لە نوێژێکی بەیانیدا
بەڵام خەریکە چوون دەزوویەکی ئاوریشمین لەبەردەم ڕەشەبادا دەپچڕێت.

## 24ی کانوونی دووەم: دەرۆزەکەران لەناو دۆزەخ

پێیان بەناو خوێنی پیسدا ڕادەکێشا
ڕیشی بزنە غەمگینەکانیان ڕەش و تەڕن و
پاپینی جل و بەرگەکانیان شیتاڵ شیتاڵ بووەتەوە
باران بەناو لەپیان کۆدەکەنەوە
بە پرسیارەکانیان، باخچە زەردەکانیان ئاودەدەن
لە سەر مەشخەڵی ئارەزووەکانیان مووړووی ڕەچەڵەکەکانیان دەچەقێنن
کە لە چۆڵەوانی بۆگەن بوون
لەناو دۆزەخی ئێراق دەرۆزە دەکەن و بۆمبڕێژکراوەکان دروێنەیان دەکەن
چەکدارەکان بە گوللەی سەرپێیانە دەستڕێژیان لیَ دەکەن.

لەبەر ئەوەی ژیانیان لە خەونگەلی خوازراو دەچێت
بۆیە بەرەو ئەوپەڕی کارەسات پاڵی پێوە دەنێن
کاتێك دووکەڵ لە ناخیانەوە هەڵدەقوڵاو
شۆستەکان لەژێر پێیاندا درزیان تیَ دەکەوت
گەنجینەیان ئەم دەستە درێژکراوانەو ئەو جنێوانەن لە گیرفانیاندان.

ئەی ئەوەی لە ڕەشەبا دەچیت بۆ کویَ دەچیت
لەویَ وڵاتە بریندارەکە لەناو تاوەکەدا چوون ماسی دەتلێتەوە
تۆیش نانت دەوێت!
لەویَ وەزیرێك هەیە ملیارانی دزی و هەڵات
تۆیش نانت دەوێت!

**لەویٚ سەموونخانەو نانەواخانەکان ویٚران کراون و**

**تۆیش نانت دەویٚت!**

**لەویٚ کەسیٚك هەیە زیٚڕ بەسەر دەستوپیٚوەندەکانیدا دەبەشیٚتەوەو**

**تۆیش نانت دەویٚت!**

**لەویٚ کەس هەیە چی دی نان ناخوات**

**تۆیش نانت دەویٚت!**

# 25ی کانوونی دووەم: لاژەیەك بۆ مەروان لە باوكییەوە

بۆ مەروان لە  بیست و چوارەمین ساڵیادی لەدایكبوونیدا

کوڕم ڕۆژت گوڵ بێت
شووشەی ڕوحت هەردەم بگەشێتەوە
بیرەكانت ئاوی شیرینن
ژیانت بەهەشت و ئەستێرەن
هەتاوت لە ماری شەوان بەهێزترە
دارکەرەکان ناتوانن بەرانبەرت خۆڕابگرن
ئەوانەی ڕكیان لە جوانی دەبێتەوە ناتوانن خۆڕابگرن.
دەم و چاوت ڕووناکەو ڕووبارەکەت هاژەی دێت
کیژان دەستیان بۆ بڵندکردیتەوە
ئافرەتان کە تۆیان بینی سەڵاواتیان بە دیار پێغەمبەر و ئالی پێغەمبەر هێنا
کوڕم دوات دەکەوم و
بە دواتەوە ئاو دەڕێژم، نەوەك شتێکت بەسەربێت.

مەروان کاتێك لەدایك بوویت
پێدەکەنیت
پۆچە ڕەشەکەت زۆر چڕبوو تا لای گەردنت بوو
کاتێك لەدایك بوویت
بارانێکی زۆر باری
شوانەکانیش بە زایینی مەڕگەلێکی زۆر دڵشادبوون

**گۆرانیبێژان بەو گۆرانییانە دڵخۆش بوون کە پێشتر نەیانگوتبوو**
**گەردووونناسان بە گەشانەوەی ئەستێرە دوورەکان دڵشادبوون**
**لە بەیانییە جوانەکەتدا کانییەکان هەڵتۆقین**
**لە بەهارتدا باڵندەکان فڕین و ئاسمانیان تەنییەوە.**

**دایکت جوانترین ئافرەتی سەر ڕووی زەوییە چونکە تۆی خستەوە**
**خوشکت گوڵی گرتووە چونکە لە نزیك درەختەکەی تۆوەیە**
**براکەت زۆرە چونکە لە گەنجینەکەی تۆ دەبێت**
**هەرچی منم هیچم بەزاردا نایەت ناوی تۆ نەبێت**
**ناوم نایت (مەروان) چونکە یەکەمین ناوی دڕلە (مورات) بوو**
**لەبەر ئەوەی (مار) کە لە ئاسمانەوە هاتووە، کوڕی بەهێزو جوانە.**

**درەختێکم لەناو ژیانمدا چاند**
**ئاوی شیرینم دا و بە دەستی خۆم ڕووناکیم دەرخوارد داو**
**ناوم نا: مەروان.**

**ئەمە مەروانە کە لەم خاکەدا چاندوومە**
**ئەمە مەروانە کە منارەی بڵندمە**
**ئەمە مەروانە کە وڵاتەکەم پێی سەربەرزە**
**ئەمە پوختەی ئەوین و گەنجی و شیعری منە**
**ئایە کەسێك هەیە کوڕێکی لە شێوەی ئەوم پێشان بدات؟**
**ئایە کەسێك هەیە ڕووبارێکی چوون ئەوم پێشان بدات؟**
**چاکەیە لەوەی من داومە**
**چوانییە لەوەی دروستم کردووە**

دڵمە کە بۆ خواوەند نوێژی پێ دەکەم

شیلەی زۆر جوانی منە

هەناسەکانمە کە دێن و دەچن

ڕاست و چەپ و خوارو ژوورمە

بڵندایی و ئەشکەوتەکانمە

ئەمە مەروانە کە کتێبە مەزنەکەمە

بەهۆی ئەوەوە بەناو نەتەوە سەربڵندەکاندا بەرەو پێشەوە دەچم

بە هۆی ئەوەوە زێڕ بەسەر زەویدا دەبارێنم

بە هۆی ئەوەوە دەژیم و دادەگیرسێم.

## 26ی کانوونی دووەم : گیانی پەشێوی جەواد سەلیم

بۆچی گیانی جەواد سەلیم پەشێوە؟ چی پاڵی پێوە دەنێت بە چواردەوری پەیکەری ئازادیدا بخولێتەوە؟

جەواد چ نیگەرانییەك دایگرتوویت؟ بۆچی گیانت لێرە سەرگەردان کردووە؟

بۆچی بەسەر پەیکەرەکەدا باڵەفڕێتە؟ چیت دەوێت؟

ـ گیانی جەواد دەیەوێت لەناو پەیکەرەکەدا بەرجەستە بێت

ـ بەڵام لە کوێ؟

ـ لە جەستەی ئەو سەربازەدا کە سیخەکان دەشکێنێت؟

ـ نا. نا. ئەو سەربازە نایناسێت

ـ کەواتە لە جەستەی گا شاخدارەکەدا

ـ نا. گاکان لە شەقامەکاندا سەریان دەبڕن

ـ کەواتە لە جەستەی ئافرەتەکاندا کە دەگرین؟

ـ بەڵێ. ئێستە بە ملیۆنان لەو ئافرەتانە هەن.

کاتێك گیانی چووە نێوان دەستی ئافرەتەکانەوە کە دەگرین جەواد سەلیم زۆر لەگەڵیان گریا تا بوورایەوەو بە ئاگە نەهاتەوە تا دەنگی تەقینەوەکانی بەرگوێ کەوت، بۆیە گیانی بۆ ئەو شوێنە گەڕایەوە لێوەی هاتبوو، ئارەزووی نەدکرد ئافرەتەکان بۆی بگرین.

دووەمین ڕۆژ گیانی بە دەوری پەیکەرەکەدا خولایەوەو لای منداڵەکە دابەزی و بینی ڕاکشاوەو خوێنی لێ دەچۆڕێت، پاشان منداڵەکە لە گۆڕەپانی ئازادی بەر بووەوەو خەڵتانی خوێن بوو.

گیانی جەواد تۆقی و فڕی.

**سێیەمین ڕۆژ گیانی گەڕایەوەو لەسەر ملی چەوتاوەی ئەسپەکە نیشتەوە، ئەسپەکە حیلکاندی و بۆ دەرەوەی پەیکەرەی بردو بە ئاسمانی بەغدادا فڕی و لەنێوان ڕێبوارو ئۆتۆمۆبیلەکاندا نیشتەوە بە خۆی و ئەسپەکەوە بەر ڕێژنەی گولله دران و خەڵك بەردەبارانیان کردن، جەواد چەکدارەکان و تەلارە سووتاوەکان و ئەو خەڵکانەی بینی لە ترساندا بە شەقامەکاندا هەڵدەهاتن، بەڵام جەواد نەقیزەی ئەسپەکەی داو هەردووکیان فڕین و گەڕانەوە ناو پەیکەرەکە.**

**گیانی جەواد بڵند بڵند بووەوەو ماڵئاوایی لە پەیکەرەکە کردو بینی پەیکەرەکە درزی تێ کەوت و فاڵگرەوەکانی بینی لەژێریدا گردبوونەوەو بخوردیان داگیرساندو ئاوێنەکانیان دادەناو پێشبینییان دەکرد:**

**ـ ئەم پەیکەرە بڕووخێنن گیانێکی ئیبلیسانەی تێدایە کە هۆکاری وێرانبوونی ئێراقە!**

# 27ی کانوونی دووەم: مینێکی لەبیرکراو

ڕۆژە پڕ لە هەڵەکان
لە بڵنداییەوە وێنەی مەرگیان لەخۆگرتووە
باڵی هەڵۆکان شکان و هاواری کێڵگەکان بەرزبووەوە
شمشاڵەکان شکێنران و سەرەکانیش سیس داگەڕان.
لەژێر نێژگەی ئەستێرەکاندا پشتمان کۆمایەوە
لە ڕەگ و ڕیشەی بروسکەکاندا قیبلەنماکانمان پەکیان کەوت
ئاوێنەکە ڕەنگی زستان چڕتر دەکات و
فوو لە ئاوەکان دەکات تا لافاویان لێ هەڵسێت و
هێڵێکی ڕەش بەسەر کتێبخانەکەمدا دروست دەکات.

بەیانی
کاتێك سەیری ئاوێنەکە دەکەم
پەپوولە ڕەشەکان لەسەر شانم دەبینم
کلەکانیان لەسەرچاوم دەبینم
پێیەکانی خەو درزیان تێ کەوتووەو بە ئاسمانەوە هەڵواسراون
پەنجەکانم نینۆکەکانیان لێ کراوەتەوە
بەدوای گورگەکاندا ڕادەکەم و پێیان ڕا ناگەم
هەڵدێر پێشڕەوی دەکات و منیش لە ئامێزت دەگرم ئەی ئەسپەکەم
وەك بڵێیت دوایەمین ماڵئاوایی نێوانمان بێت
یادوەرییەکانم بە ڕدێنمەوە نووساون
ترسەکانیشم بە لق و پۆپەکانمەوە گرێ دراون و

**میوەگەلی حەرام**
**بە درەختەکەمەوە شۆڕ بوونەتەوە.**

**لە شەقامگەلی لەبیرکراودا**
**پیاوێکی لەبیرکراو دەڕوات و**
**بە مینێکی لەبیرکراودا ... دەتەقێتەوە.**

# 28ی کانوونی دووەم: کولتوورگلی غەمگین

لەژێر دژلەو فوراتدا
بە هەزاران ڕووباری پڕ لە گیانی نیگەران هەن

گیانێك لەو قوڕە بێزارە بە قەدیەوەیە
گیانێك چاوەزارێك دەخوێنێتەوە
گیانێك بە گوڵ چاندن کات بەڕێ دەکات
گیانێك کۆتەڵە هەڵدەکۆڵێت
گیانێك دەستی بەرز کردووەتەوەو نوێژ دەکات
گیانێك تۆمارێکی پڕ لە نهێنی دەنووسێتەوە.

پەیکەرە سۆمەرییەکان لەژێر زەویدان
وێڕای ناڵەو گریانی بەردەوامی هەزاران ساڵەیان
کەس گوێی لە دەنگیان نییە

کۆتەڵەکانی بابل لە شەقامەکاندا بە قامچی لێیان دەدەین و
سەرلەنوێ بۆیەیان دەکەین و
لە شەقامەکاندا نمایشیان دەکەین

دیواربەندەکانی ئاشوور لە ماڵەکانماندا درزیان تێ دەکەوێت
هەموو گاکانی ئاشوور شمشێرو گوللەیان لێ دراوە

لەسەر شوورەکانی نەینەوا

هەتاوی ئەکەدی

تیشکەکانی بەرپەرچ دەبنەوە

شەپۆلەکانیان دەکشێن و زیوێنێکی تواوە دەنوێنن

ئێمەیش لە تاریکاییدا دانیشتووین و سەیر دەکەین.

دەستنووسە مەندائییەکان سووتاون

یان لە ڕووبارەکاندا نغرۆن

دەفرە قوڕینەکانیشیان لەژێر شوورەکانی شارەکاندا شارراونەتەوە

(دەرفەش)ـەکانیان دڕاون

کۆڕبەندەکانیان چۆڵ کراون

دێرە سریانییەکان دیوارەکانیان داڕووخاون

خوێن بە غەمگینی لە کڵێسەکان و

لەئینجیلەکانەوە چۆڕاوگەی بەستووە

چەند جار عیسا لە خاچ دەدرێت؟

ئێزدییەکان کەوتن و خەڵتانی خوێن بوون

مەلەك تاووس هاواری کرد

بەڵام چەکەکان تێکنەشکان.

داستانەکانی کورد لەچیاکان نێژران

مەم و زینیش ڕایانکردو تا بۆیان بکرێت دوور کەوتنەوە

گۆرانی غەمگین لە ماڵان بڵندبووەوە

**تورکمانەکان لەژێر زەمینەکاندا دانران**

**نەخشەو گەنجینەکانیان بزربوون و**

**کەرکووك چوون دایکێکی کۆس کەوتوو**

**بۆیان گریا.**

**شەبەکەکان لە دەروازەی ڕووبارەکاندا ڕاوەستان**

**کتێبە نهێنییەکانیان لەناو ئاودا بزربوون**

**تۆوەکانیان دزران.**

# 29ی کانوونی دووەم: قەلەڕەشکە

**کاتێك قەلەڕەشکە قیڕاندی**
**خەڵك لە چواردەوری گردبوونەوەو چاوەڕوان بوون**
**گۆڕەکان و ڕووبارۆکەکان گردبوونەوە**
**بەڵام قەلەڕەشکەکە بوخچەکەی فڕێ داو هەڵفڕی.**

**کەس نەچووە پێشەوە تا بیکاتەوە**
**زۆر چاوەڕوان بووین و بوخچەکەیش لەنێوانماندا بوو نەکرابووەوە**
**چوومە پێشەوەو کردمەوە چەندان هێلکەم بینی دەجووقان و قەلەڕەشکەی بچووك بچووکیان لێوە دەهاتە دەرەوە**
**کاتێك بوخچەکەم لەسەر زەوی ڕاخست**
**قەلەڕەشکەکان بازیان دا**
**پاشان بە زەحمەت فڕین**
**خۆیان بە خۆمان و بە ماڵ و بە ئۆتۆمۆبیلەکانماندا کێشاو هەموو شتێك بەربووەوە کە خۆیان پێدا کێشابوو**
**خەڵکەکە هەراوهوریایان تێکەوت و**
**هەر قەلەڕەشکەیەك بەرەو ئاسمان فڕی**
**پاشان هەر یەکەو بوخچەیەکی هێناو دابەزی**
**لە نێوان ئێمەدا داینا.**

**زەوی پڕ لە قەلەڕەشکە بوو**
**خەڵك لەناو شەقام و کێڵگەکاندا بەربوونەوە سەر عەرد**

**وڵاتەکەمان وای لێهات ناویان لێ نا:**

**وڵاتی ڕەش.**

□

# 30ی کانوونی دووەم: گۆڕستانێکی ئاوی

گوێم لەناڵەو گریانێکە بەڵام (اسیل) هێورە
بیر لە نەوەی باڵندەگەلێك دەکەمەوە بەڵام ئاسمان هیچی لێ بەدی ناکرێت تەنیا پەڵەهەوری بچووك بچووك نەبێت
سەیری چەندان جەستە دەکەم دەکەونە سەر ئاو بەڵام ناوەکانیان خنکاون
چی لەم تونێلە ئاوییەدا ڕوودەدات؟
280 تەرم!
بۆچی مرۆڤ بۆ ئاو گەڕایەوە؟
ئەی چۆن ئەم پەڕگانەی بەدەست هێنایەوە؟

مرۆڤ کەوتە ناو تاریکاییەوەو چی دیکە ناتوانێت بە ڕێگەکەدا بەرەو ڕووناکی هەڵزنێت
تەرمەکانی (ڕوستەمییە) بەلاشانیان قەرەباڵغییان دروست کردووە
تا بچنە ناو گۆڕستانە ئاوییەکەوە.
ڕەگ و ڕیشەی ئەم تەرمانە دەرکەوت
قەدو لق و پۆپ و بەروبوومیان دەرکەوت
بەروبوومەکانیان نەفرەتیان گرتبوو
یەك بە یەك ئاماژەیان پێ دەکردین.

تەرمگەلێك گلەیی ناکەن و ناڕەزاییش دەرنابڕن
بەڵکو چەند مانگێکە بە ئاو دەستنوێژ دەشۆن و چاو دەنوقێنن و
تا کۆتایی ڕۆژگار
هەر نوێژ دەکەن .. هەر نوێژ دەکەن.

# 31ی کانوونی دووەم: شووشەیەك بوو چاوی کاتی کوێر دەکرد

وەك بڵێیت شوێن پێی زۆربڵێی غەمەکان بکەوم کە باوك و باپیرگەلێکی لەبیرکراو بەجێیان هێشتبێت
پەنجەرەکان وەك لاکێشەیەك وێنەم دەکێشن کارەسات چواردەوری دابێت
کوانووەکان دووکەڵ ئاسا بە ئاسمانی خۆیاندا بڵاوم دەکەنەوە
پەپوولەکانم کە لە برۆکانم فڕین
لەناو بایەکی مەییودا سووتان
ددانەکانم کەوتنە ناو کووپەوە
چی ڕوودەدات؟

زەنگەکان بەس نەبوون بۆ ئەوەی لە خەوی بکەنەوە
ئەو زرینگانەوەیش بەس نەبوو
دەنگی فڕەی باڵەکانی نەگەیشتە با
قولابەکەی ئامادە دەکرد سبەینێ ڕاوبکات
دزەی دەکردە پشتەوەی شوورەیەك تا هەر هەموو ئەم سندووقانە بە کۆڵدا بدات
ئەم ڕۆیش شەو لە قسەکانیدا دەلەرزێت
ڕۆژیش لەناو گۆماوەکانیدا بۆگەن دەبن
مەیەکەیشی تا دێت تاریکتر دەبێت
چی ڕوودەدات؟

مەروان لە خۆڵەمێش غەمگین تر بوو کاتێك چووە دەرەوە باڵندەگەلی ڕەش پاسەوانییان دەکرد
کاتێك مووروویەك لە شەقامەکەدا بەربووەوە سەر زەوی
دەنگی خنکاوەکان بانگیان کردو
تەم و مژ هەڵنووتا
دەستی پڕ بوو لە گیای وشك
لەبەردەم ڕێگەکەیدا ئەسپگەلی پێ پەتی حیلکاندیان
چی ڕوودەدات؟

بەر لەوەی بەیان بێت
ئاوێنەکە خەریك بوو دەکەوتە خوارەوە
ئەو وێنەیەی دەخستە ڕوو کە تێیدا بوو:
تەختەدار ئاگر دەیبرژێنێتەوە
چاوەکانم سووربوونەتەوە
پرچیشم خۆڵەمێشییە
گەروویشم وشك بووە.
کوڕەکەم لەناو جێگەکەیدا دەتلێتەوەو شتەکانی بەم لاو بەو لادا دەجووڵێنەوە
ئاوێنەکەم دوورخستەوەو کەشتیی لارەسەنگی زەوی هاوسان نەبووەوە
دوورم خستەوە
بەڵام کەوتە خوارەوەو شکا
تیشکەکانی، بەئاسۆوە وێنەی ڕۆژی دادێیان وێنە دەکێشا.

# ڕفاندنی سروه با

# شوبات

# 1ی شوبات: ڕفاندنی سروه با که ناوی مەروانه

نه هەتاو زەوی ڕووناك دەكاتەوه نه مانگ
نه بەغدا ڕوخساری جوان دیارەو نه ئەو ڕێگەیەی له بەردەممدایه
چی ڕووی دا؟
ئایه چاوم خامۆش بووه؟
کەواته کوا ئەو چەوگانەی پشتی پێ دەبەستم؟
باڵندەکانی تاریکایی پێ قاودەدەم که هێرشم بۆ دێنن
ئەی بۆچی؟
بۆچی کۆترەکان سروودێکی غەمگین دەچڕن
بۆچی گمەگمیانه؟
کێ به ئاسۆوەیه تا چاوەڕێی بکەم
کوڕەکەم!
یان کراسێکی خوێناوی!
یان بروسکەیەو له گردۆڵگەکانی زستانی دوورودرێژ دەدات؟
ئەوه کێیه؟
تارماییه له دواچرکەکانی شەودا

قسەم لەگەڵ بکەو پێم بڵێ خۆشەویستم
بۆ کوێیان ڕەپێش دایت؟
لەناو چ تاریکاییەك و چ کەلاوەیەکدا چاندیتیان؟
بۆچی وڵات سروودێکی غەمگین دەڵێتەوه؟

بۆچی وشك دەبێتەوە؟
خۆڵەمێش لەسەر جێهێشتنیەتی لەسەر دەستم
خۆڵەمێش لەسەر پاڵتۆکەم و لەسەر زمانمە
خۆڵەمیش بەسەر کتێبەکانمەوەیە.

هاوار لەو ئافرەتانە دەکەم دەست دەبڕن
ئەدی مەروان یووسفە جوانەکەتان نەبوو؟
کەواتە لەکوێ بزربوو؟
چ گورگگەلێك دەست بەسەریان کرد؟

هاوار لە بیرەکە دەکەم
چۆن ئەڵمازێکی جوانت شاردەوە؟
چۆن جوانییەکانیت شاردەوە؟
هەردوو دەستی بەستراونەتەوە!
ئایە دەستی کانی دەبەسترێتەوە؟
ئایە پێش وەخت گوڵە گەنمەکانی پچڕان؟
ئایە دەفگەلی ئەشکەنجەو ئازار لەناو هاوارێکی: ئاهونالەدا گرمۆڵەیان کردووە...
کەواتە هاوارەکەی کوانێ؟
تا دەست لە خەنە بگرم
باڵای لە کوێیە تا ڕووناکی بۆ چاو بگێڕمەوە؟
گوڵی دەستی کوانێ ... ئاسمان لە کوێیە؟
دەم و چاوی سیس داگەڕاوە
بینایی زەوی دەڕژێت و ئاورێشمێك لە فرمێسك درەختگەل ڕایدەخەن
ولاتێك تووشی ژانەسەری کردووە مەرگ شەپۆلی تێدا دەدات، تۆ ماڵئاواییت گێڕایەوە

ئاگەم لێ نەبوو، نەیشمتوانی پەنجەیەك، یان دەستم بڵند بکەمەوە، لەناو دەستبەسەریدا ڕاپەڕەو
دەستنوێژ بگرەو، بە بەیانی بڵێ تۆ لەو جوانتریت
بە باڵندەکانیش بڵێ  کە بۆ خۆت ئازادیت، بە بێستانەکان بڵێ: لەبەر من هەستن و لەسەر باڵم بنوون
ئەی فرمێسکی فورات بیشۆن
ئەو تۆزو گەردە ببەنەوە کە بەسەریاندا پرژاند
سەرگوزەشتەکانی ئێراقی لە مێژەوە ئەشکەنجەدراوی بۆ بگێڕنەوە
ئەی فرمێسکەکانی فورات ئاونگی پێ ببەخشن و
لە غەمگینی ئازادی بکەن
بێ گەردی بکەن وەك چۆن ڕۆیشت
ئەی فرمێسکەکانی فورات وای لێ بکەن نوێژ بکات
وای لێ بکەن بنوێت و خەون ببینێت

گوڵەکانی لەناو جۆگەکاندا هەڵنووتان
لە خەوەنووتکەیەکدا... لەناو ئاوێنەی باوێشکە خەودا
کوڕەکەم زۆر نزیك بووبووەوە بگاتە ناو باوەشم و پێی هەڵنووتا
بەرەو لای ئەو گاگۆڵکێم دەکرد
بەڵام دێوێك لە پەنجەرەکەوە پڕی دایە.
باڵندەیەك لە ڕووناکی، یان ڕووناکییەکی خواوەند
مەروانیش چوون ئاونگ گوڵێکی ڕانەدەچەڵەکاند
بۆ هەر کوێیە چووبایە، پۆلە پەپوولە دوای دەکەوتن
مەروان کل و هەتوانی چاوو
خۆشەویستی ناخە

مەروان فڕەفڕی بەیانیان و
کوڕی ڕۆژە
مەروان ڕەنگی پێکەنین و
کاروانی تیشکە
مەروان هێلانەی بۆنی خۆشە
مەروان ئەم سروە بایە بوو کە ڕفاندیان
کەواتە تۆ لەکوێیت؟
بێ تۆ هەردوو فورات چۆن دەنوون؟
ئاسمان لە کوێیە؟
ئەستوونەکەم بۆ بگێڕەوە
چاوم بۆ بگێڕەوە
مەروان ترپە لێدانێکە لە ئاو
مەیەکە لە هەور
گوڵی گەنجیمە
دەست ڕاوەشاندن و ئاماژەیەکە لە ئاوێنەگەلی ئاسمانەکان
مەروان کەسوکارو دڵمە کە باڵندەی فێرە ئەویندارى کرد

مۆمەکان توانەوەو هەردوو چاوی دایکیشت لەگەڵیان توانەوە، هیچ غەمێك نییە غەمی وێ نەبێت کە دڵان هەڵدەکۆڵێت، کراس و پانتۆڵەکانی هەڵواسیویت و بۆنیان دەکات، دەچێتە ژوورەکەتەوە وەك بڵێیت دەچێتە مزگەوتەوە، تۆ لێرەیت لە درزی دیوارو ئاوێنەکان و ئەمەیش قەرەوێڵەکەتە بەتاڵەو ئەوەیش کۆمپیووتەرەکەت غەمبارە، چەندان ئەستێرە لەماڵمان دابەزین خوێنیان لێ دەچۆڕا، بە هەردوو دەستی باریکت گەمیگەلی بخوردمان بۆ دەنێریت و بۆنەکەی زێڕی ڕۆژگارمان لا دەورووژێنێت، ئێستە تۆ لە کوێیت؟ گورگەکان چواردەوریان داویت و تۆیش چراکەت بە دەستەوەیەو غافلگیرنابیت و نانوویت، ڕەنگە هەر

چرکەیەك بێت هەڵبکوتنە سەرت... خۆشەویستەکەم خۆت ناسکیت و بەرگەی ئەوە ناگریت که ڕوودەدات؟

لەناو مانگی دوو سێ شەوەدا دەیبینم

لەناو هەور، لە سروەی بەیاندا

لە شەپۆلی ڕووباردا

لەناو تاریکی و لە هەناسەدانی ڕووناکیدا دەیبینم

لەناو ئێسکەکانمدا دەیبینم

لە گەوهەرو

لە چاوی خۆمدا دەیبینم

لە هەموو لاوێکدا تێپەڕێت

لە هەموو گۆرانییەکدا

لە هەموو ترپەی دڵێکدا دەیبینم

کوڕەکەم خۆشەویستەکەم مەترسە

کوڕم بۆنە خۆشەکەت پەرت دەبێتەوە

کات چەندە ماندوو بووە؟

تا لە تۆدا گەلاڵەبوو، تا تۆ بوویت

چەندە دەستە نەرمۆڵەکانی ماندوو بوون تا تۆی دروست کرد

کوڕەکەم کە دارمێوەکان خۆیان لە لاسکی ئالآند

درەختگەلێك لە تیشکی چنراو

گۆمەزو کۆترێك دەفڕێت و بەرەو جوانی بڵند دەبێتەوە

دزیتیان!

چۆن ڕووبارێك دەدزن؟ چۆن ئاوازێك لە با بەند دەکەن؟ چۆن لقێك لە درەختی چنار دەکەنەوە؟

دزیتیان!

ئەی تیشك دەدزرێت؟ ئایە بێستانی ئاونگ دەدزرێت؟ بۆ دوو چاوی بە قوولْداچووی غەم گۆرانی ملوانکەی وشەگەل دەبێژم کە لە پەراسوومدا شاردمەوە

بۆ مەیەکەت گۆرانی دەڵێم هەموو کاتژمێرێك سەرخۆشم دەکات و دەمگریەنێت، بۆ گەمییەکانت گۆرانی دەڵێم کە هەموو کاتێك کەنارەکانم داگیردەکەن، فوو بە شمشاڵدا دەکەم و دەڵێم:

کوڕە خۆشەویستەکەم بۆنم پێوە بکە

کوڕم چاوی خۆت لەو ژانە پشوو پێ بدەو ..بنوو

کوڕەکەم پێیەکانت لە گەشت پشوو پێ بدەو ... بنوو

لەسەر شانم سەرخەوێك بشکێنە

ڕەشایەتی ڕۆژگارت لێ دەسڕمەوە

کوڕم وەرە

گوڵاوەکانی خۆت ببە

گرۆرانییەکانت ببە

پەتۆکانت ببە

چاوم ببە

تا بێجگە تۆ هیچ مانگێکی دی نەبینم

تا مەرگی خۆم بە بەرچاومەوە نەبینم

لەکاتێکدا تۆ لەوێ لەناو بیرێکدایت.

# 2ی شوبات : بێ سوودە

بێ سوودە
دەزووی ژیان بەرەو بزرگەی ڕاکێشاین
نە مەشخەڵ و نە قیبلەنمامان پێیە
تا دێت چاوم کزتر دەبێت و ئەسپەکانم پیرتر دەبن
نەمدەزانی درەختەکان تا ئەم ڕادەیە بێ دەنگ دەبن
نەمدەزانی باڵندەکان بەم شێوە پیردەبن
نەمدەزانی ئاسمان تا ئەم ڕادەیە ڕەش دادەگەڕێت
لە برینێکییەوە، دڵۆپە خوێنێك کەوتە خوارەوەو کەوتە سەر تەوێڵم
ئەمە نیشانەی تۆقین و ئاماژەی لەناوچوونە
وڵات پێ دەنێتە ناو کەوڵکردنێکەوەو دزو پیاوکوژەکان لە ئەشکەوت و قۆرتەکان دێنە دەرەوە
بە درێژایی ڕۆژ فرمێسکم دەڕژێت و غلۆر دەبێتەوەو تۆیش قسەم لەگەڵ ناکەیت مەروان
تاریکاییەکی نووتەکەو ماڵ پڕ لە خۆڵەمێش بووە
ڕۆژ ژەهراوی بووە، هەروەك چۆن شەو ژەهراوییە
وڵات بووەتە تاراوگە
ماڵ بووەتە بزرگەو ناتوانرێت هەناسە بدرێت
خۆشەویستم، ئەوە چ کۆتێکە ئەوەند قورسە کە ئێستە هەردوو دەستی بەستوویتەوە؟
چ پارچە پەڕۆیەك چاوی بەستوویتەوە؟ فڕێیان داویتە ناو چ شوێنێکی بۆگەنەوە؟
مەروان تۆ لەناو بیرەکەدایت
منیش فرمێسك دەگوشم
گورگەکانی ئێراقیش گۆشتەکەم دەخۆن و قەپاڵ و گازم لێ دەگرن.

# 3ی شوبات: هەموو شتێك بەرەو خراپ بوون دەچێت

بەم شێوەیە!!

کەواتە بەم شێوەیە!!

چوون کەسی تەختەدارین لە گۆڕەپانی فێربوونی تەقەکردندا بەردەبنەوە

ئێراق شتێکی شیاو نەبوو بەم شێوەمان پێ بکەیت

شتێکی شیاو نەبوو یەك یەك قووتمان بدەیت

هێشتە دێوێکی نەفرەتیت لە ناخدایە

دێوێکی ڕەش بەتاریکی خۆی بەهێزکردووە

بە سکێك بە ملیۆنان مارو دووپشك و جورجی هەڵڕشتووە

لە جەستەی دەرچوون و جەستەیان خواردین و خوێنیان مژین

ئەی ئێراق تۆ بڵێیت کێ چینەکانی دۆزەخی تێدا ورووژاندیت

شلە گڕەکان تەقینەوە وەك بڵێیت هەموو گڕکانەکانی جیهانت تێدان؟

تۆ بڵێیت کێ قەپاغی سەپتەتەنگەکەی هەڵدایەوە

تا بەم شێوەیە پیسایی و بۆگەنی و بەدگۆڕاوەکان دەرپەڕن و دەم و چاوو جلەکانمان لەکەدار بکەن

هیچ ئێراقییەك لەم پاشەڕۆکە پیسە قوتاری نابێت

هیچ جلێك بە سپیەتی نامێنێتەوە

ڕووناکیش نابینرێت

هەموو شتێك بەرەو خراپ بوون دەچێت

خەڵك کۆتاییان دێت و دەبنە خۆڵەمێش

دەبنە ئێسکبەندی خەڵووز و بەردو دەکەونە ناو بیرەوە

هەموو شتێك بەرەو کاولبوون و وێرانەیی دەچێت.

# 4ی شوبات: بە ڕاشکاوی لەگەڵ خوای خۆمدا دەدوێم

لەکاتی بەرەبەیاندا دەبمە کاغەزێکی پشت گوێ خراو سەرڕووی تاریکی کەوتبێت
گیانیشم کون کون دەبێت
یەك یەك بە قەد غەمەکانمدا هەڵدەزنێم
کاتێك دەگەمە ئاسمان بە خوای خۆم دەڵێم:
ـ ئایە ڕێگەیەکی بۆ دەکەیتەوە بەرەو لای ئێمە بێت
یان هەموو ڕێگەکانیان پێ دەدەیت تا هەڵبێن و دوور بکەونەوە؟
نە ئاگر لە ماڵمان دەکرێتەوە
نە ئۆکسجینیش نەرم و نیان دەبێت
دایکی بە سەر زەوییەکەدا سکەخشکێ دەکات و دەگریت
ئازارەکانم چوون کوێرە گڕکانێك هەڵدەچن
کاغەزەکانم هەڵدەگرم و گۆرانییەکی درێژ بۆ مەروان دەنووسم
ئافرەت بۆچی نانوویت؟
من لە گۆشەی ماڵەکەوە بە چینچکەوە دادەنیشم و
بۆ کوڕەکەم دەگریم
ئافرەت بۆچی نانوویت و هەقت بەسەر منەوە نەبێت؟
کاتێك کاتی نوێژکردن دێت بەوەی دەڵێم کە نوێژی بۆ دەکەم:
ـ بۆم دەگێڕیتەوە
یان تەندروستی و خۆشنوودی بە ڕفێنەرەکان دەبەخشیت؟
ڕۆژگار زۆر درێژ بووەو
کاتەکانم پتورکاون و چوون شەوێکی کۆنیان لێ هاتووە
چوون دەزوویەکم لێ هاتووە هیچ واتایەکی نەبێت
لەبەر چاو بزربووم و هیچ شتێکم پێ نەماوە تەنیا ئەم دڵە نەبێت

**که لەسەر جێگەکەی مەروان دایدەنێم و**

**دەڵێم:**

**ـ ئایە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە بیرەکەدا دایدەنێیت**

**یان هێزیان پێ دەبەخشیت تا بیرەکە بە کەسانی دی پڕ بکەنەوە؟**

## 5ی شوبات: گوڵێک دانێ

گوڵێك له كۆتەكانتدا دانێ و گۆرانی بێژه
قامكەكانت ڕاخەو بەدوای ئازادیدا بگەڕێ
سەیری گومەزی ئاسمان بكە
سەیری دیوارەكە بكەو لێی ورد ببەوە، دەستم دەبینیت لە درزەكانەوە دەرهاتوون
وایان لێ بكە لە دەم و چاوت نزیك ببنەوە
بزەی بۆ بكەو لە ناخەوە گاڵتەیان پێ بكە
باڵات بەرزتر دەبێت و دڵت گەورەتر دەبێت و
بیرەكەت دەخورمێتەوە
باشە ... كوڕەكەم باشە
فوو لەو كوانووە بكە لە پێشتە
ئازاریان پێ دەگات و دەم و چاویان دەسووتێت
كوڕم كارێك بكە تا بە زیندوویی و بەهێز بمێنیتەوە
تووڕە ببەو تووڕەییت لە هەردوو كوڵمت ڤەشێرە
بەهەڵەدا دەچن لایان وایە سەرمایە
گڕ بگرەو چاوت بێ دەنگ بكە
بە هەڵەدا دەچن و لایان وایە دەگریت
بەسەریاندا زاڵ بەو لە ویژدانی خۆتدا بیشارەوە
لایان وایە تۆ شكاویت
لە قووڵاییدا ئاڵای خۆت بڵند بكەوەو
ڕاییگەنە كە ئەوان دۆڕاون.

# 6ی شوبات : ئەی ڕێوی

ئەی ڕێوی وەرە
وەرە، ڕێ بدە بە گوێوەت بچرپێنم:
ئەم سەبەتە ترێیە وەربگرەو شوێنی کوڕەکەمم پێ پیشان بدە
کەروێشکەکانم وەربگرەو ڕێم پێ پیشان بدە
ئەی ڕێوی وەرەو سەیر بکە
چی بەسەر خۆم و منداڵەکان و ماڵەکەم هاتووە
لە ترسی چەکدارەکان ماڵ بە ماڵ دەگوێزینەوە
ئەی ڕێوی
ڕێم بدە ڕێککەوتنێکت لەگەڵ بکەم:
ئەگەر شوێنی کوڕەکەم پێ پیشان بدەیت
چامەیەکت لە بارەوە دەنووسم و
بە شان و باهوودتدا هەڵدەڵێم و
ئەم کێڵگانەت لێ مارە دەکەم
ئەگەر کردت
چی مریشك و هێلکە لە ساردکەرەوەکەمدا بن بە تۆیان دەبەخشم
ژووری ئەپارتمانەکەیشم بۆ تۆ دەکەمەوە
تا تێیدا بنوویت و سەرمات نەبێت
بە پەتۆکانی من خۆت داپۆشە
بە جلەکانم خۆت داپۆشە
بیکە...
هەردوو دەستم دەکەم بە دوو دەستی ئاسك
هەردوو پێم دەکەم بە دوو پێی ئاسك

**پێستم دەکەم بە پێستی ئاسك**

**ناوم دەکەم بە ناوی ئاسك**

**لەگەڵت شەوبێداری دەکەم و.. پاسەوانیت دەکەم**

**بەڵام شوێنی کوڕەکەمم پێ پێشان بدە.**

# 7ی شوبات: هەڵدێم

سیخەکە لەناو کوانووەکەدایە
منیش خەڵووزەکە هەڵەوگێڕ دەکەم
پڕیشکێك بازرەقەی بەست و لە خەوی کردم
ڕێ بە ڕووناکی دەدەم بێتە ناو ژیانمەوە
بەسەرهاتی خۆم بە دەرزییەك کون دەکەم
دەزووەکەیش دەکەمە ناو پێڵاوەکانمەوە
وای لێ دەکەم (ڕاست) ڕێ بکات
ئەوەی نیازم هەبوو بیکەم دەیشارمەوە
ئەی نیشتمانم تونێلێك لەژێر زەویتدا هەڵدەکەنم و
لە دەستت هەڵدێم.
کارێك دەکەم ژنەکەم و منداڵەکانم لە بیرە تاریکەکەتەوە دزە بکەن
هیچ سازشێك نییە
دەبێت لە سووتانەکە ڕزگاربین
دەبێت بێ ڕق ئۆکسجین دەستەبەر ببێت
دەبێت خواردن دەستەبەر بێت پیس نەبێت
دەبێت ژیانێکی سەربەرزانە دەستەبەر بێت
ئەی نیشتمان هەڵدێم
وازت لێ ناهێنم برینەکانم بجوویتەوە
هەڵدێم و ڕی نادەم بمخۆیت
هەڵدێم و هەلت بۆ ناڕەخسێنم بەر قامچیم بدەیت
هەڵدێم و ڕێ نادەم تفم لێ بکەیت
هەڵدێم و ڕێ نادەم نینۆکەکانم هەڵکێشیت

**هەڵدێم و ڕێ نادەم لە چۆڵەوانی بەجێم بهێڵێت هەڵبلەرزم**

**هەڵدێم و ڕێ نادەم خامەکەم بشکێنیت**

**هەڵدێم و ڕی نادەم زارم بدرووویتەوە**

**هەڵدێم ...**

**هەڵدێم ...**

**هەڵدێم ...**

# 8ی شوبات: خوێنی سەرکردە

شمشێرەکان لە خەوماندا نغرۆ بوون و
هەڵنەستاین
ڕەنگی پەپوولەکان ڕەش هەڵگەڕان و
بارانی زەرد باری.
کاتێك سەرکردە لەسەر کورسییەك لەناو بیرەکەدا قۆڵ بەست کرابوو
خوێن شەقامەکانی بەغدای تەنیبووەوە
شوورەکان لە خەونماندا دارِمان و
هەڵنەستاین.
کاتێك سەرکردە سەری ڕووت بوو
سەربازێکی گێل قژی ڕادەکێشا و تفی لێ دەکرد
تانکەکان چنگیان لە قوڕگی وڵات نابوو

ئەو ئەسپە بریندارەی کە تەپ و تۆزی بەرینی پارچە پارچە کردین
ئەو تلیاکە ڕەشەی کە لە تاریکاییدا بە عەردیدا داین
تەنیا بیبیمەتووەکە کە لە چۆڵەوانی وڕێنەی دەکرد
هەر هەموویان بینییان کە هیچ سوودێکمان نییە
کاتێك شوان، یان پێغەمبەران دەبین
هیچ سوودێکمان نییە کاتێك فەیلەسووف، یان سەرباز دەبین
سەری سەرکردە بە قەد کورسییەکەوە شۆڕ دەبێتەوە
چەندان شەرعناسی خەسێنراوی لەبەردەمدایە
خەوبردنەوە لە شەقامەکاندا کەڵەکە بووە

زەوی شتگەلی سکرابی لێ دەڕوێت
پەتای شین لە کۆڵانەکانماندا هێلانە دەکات
دەرزیگەل لە نووستنماندا نغرۆ بوون و
هەڵنەستاین.
کاتێك سەرکردە خوێنی بەربووبوو
سەرلەنوێ خوێنەکەی سەتڵەکەی پڕ کرد
پێش ئەو خوێنی پاشایی زۆر ڕژا
باڵندەکانیش لە کردارەکانمان شەرم دایگرتن
درەختەکانیش شەرم دایگرتن
هەروەها شەرمیش شەرم دایگرت.

## 9ی شوبات: ئەوانەی شەوو ڕۆژ دەحەپن

کوڕەکەم لەناو بیرەکەت هەستەو وەڵامم بدەوە
کەی دێیتەوە؟
ئێمە خەریکە دەمرین
خۆشەویستم وەرە و برینەکانمان بسڕە
ئەی بەجەرگی جوان و زیندوو
ئەی برا پرشنگدارەکەی دمۆزی
ئایە ئەشکەنجەیان دایت؟
ئەوانەی لە کونی مەرگەوە دەرهاتوون
ئەوانەی شەوو ڕۆژ دەحەپن
ئەوانەی نە لە پیاوو نە لە ئافرەتن
ڕەگەزێکی دیکەن لە زبڵدانەکانەوە سەریان دەرهێناوە
ڕەگەزێك لە دەرزی ڕەشی ڕۆژگارەوە سەریان دەرهێناوە
لە بنی بنەوەی جیهانی ژێرەوە سەریان دەرهێناوەو
قۆزی تۆیان لەکەدار کرد و .. کراسەکەیان شیتاڵ شیتاڵ کردیت
بزەی بەیانیان ڕاگرتیت
لێیان دایت!
خوا دەستی لێ وەشاندن
ئەی ڕۆژگار لەبارەی چییەوە دەپەیڤیت؟
لەبارەی ڕابوردووی لووتبەرزانی باب و باپیرانمان!
لەبارەی منداڵەکانمانەکەوە کە خێرا بەستەزمانیی خۆیان لەدەست دەدەن
لەبارەی قەیچیی مێژووەوە کە ڕۆژگارمان پارچە پارچە دەکات

**دەستیان بڵند بڵند هەڵواسی بۆ ئەوەی نزاکەت بگات**

**چاویان شەکەت کردیت تا بیناییت ئەوەندەی دیکە ڕووناکتر بێت**

**ماندوو دەبن چونکە ڕقیان لەخۆیان دەبێتەوە**

**چونکە زەوی بەرەو دارستان و بیابانەکانی ڕاویان دەنێت**

**ڕۆژی تۆ لە ڕۆژی ئەوان جوانترە**

**شەوی تۆ لە شەوی ئەوان بۆندارترە**

**لەبەر ئەوەی زوڵمت لێ کراوە.**

**کوڕم بەم شێوەیە**

**بەردەوام زوڵممان لێ دەشێت و لێمان ناوەشێتەوە زوڵم لە کەس بکەین**

**دڵ نەرمیمان لێ دەوەشێتەوەو .. ئەوان دڵڕەقییان لێ دەوەشێتەوە**

**جوانیمان لێ دەوەشێتەوە، .. ئەوان ناشیرینییان لێ دەوەشێتەوە**

**شیعرمان لێ دەوەشێتەوە، .. حەپینیان لێ دەوەشێتەوە.**

# 10ی شوبات: کەربەلایەکی هەمیشەیی

ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕابوردووی جیهان کۆتایی دێت
بەڵام کەربەلا
هەر بە گەواهیدەری هەمیشەیی خوێن ڕژانی قابیل دەمێنێتەوە

شمشاڵ قسەیەکی زۆر
دەڵێت
بەڵام لەبەر دەرگەکەی بێ دەنگ دەبێت
شەوان، سەیری جەستەی خۆم دەکەم
دەیبینم کون کون بووە
بێجگە مردن، کەس لە شەقامەکاندا نییە
دەنگی پۆستاڵی سەربازەکان زیاددەکات
سەربازەکانی هۆلاکۆو میلیشیاکانی بەغدا
هەر هەموویان خەریکن دێن

غەمگین ترین شاری زەمین
درەختی پێغەمبەریان تێدا بڕییەوە
ئاسمانیش خوێنی باراند
دڵی خواوەندیش درزی تێکەوت
خوێنی پیرۆز تا هەتایە خستینییە بازنەی واوەیلێ و گریانەوە
هەر هەموو ئەم واوەیلێ و گریانە کتێبی مێژوو و ماڵەکانمانی تەنیوەتەوەو

پشوویش نادات
چۆن ڕووخانی بەغدا لەگەڵ کوژرانی حوسەیندا یەکیان گرتەوە
ئەمەیش نیشانەی مزگێنییەکی ناخۆشە
دووپشك دەکەوێتە ناو سەتڵی خوێنی پیرۆزەوە لە دەرەوەی خولگەکانەوە
مەرگ چوون بیر باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێت
چەندان لاپەڕەی زێڕین دەدڕێنرێن

ڕۆژ ڕەشەو شەویش ڕەشە
لەنێوانیاندا سوپاگەلی خۆڵەمێشی هەن
ترپەیان سوورە

ڕۆژگار بۆن بە جەستەمانەوە دەکات
پاشان شەقامەکان بۆ مەرگ
خانووەکان بۆ ڕووخاندن و
مزگەوتەکان بۆ سووتاندن
ئامادە دەکات
ڕۆژگار چی تێماندا دۆزییەوە؟
هێشتە چی نەفرەتێکمان تێدایە؟

کەربەلا
هێلکەی تەرازوو
لە لای ڕاستییەوە تایەکی قورس دەبێت و
لای چەپییەوە تایەکی سووك دەبێت
بەغدا

**شەهیدی شارەکان**
**چەند جار داگیرکەران**
**چەند جار شەرعناسانی تاریکی**
**چەند جار دانیشتووانی خۆی**
**بە قەد ئەستوونەکانی ئاگرەوە**
**لە خاچیان دا**

**ئەمانە نیشانەکانی دۆزەخن**
**لە کەوڵکەنێکی ترسناکەوە دێنە ناو وڵاتەوە**
**شمشاڵەکان چی دیکە هیچ ناڵێن**
**شمشاڵەکان خوێنیان لێ دەچۆڕێت.**

# 11ی شوبات : پێکەنینەکەت

تۆ بارمتەی دوو بەندیخانەیت

مستەکۆڵەی ئەوان و ئێراق

مانگیشت بارمتەی دوو دۆڕانە

دۆڕانی ئەوان و ئێراق

ئا ئەوەتان لەبەردەمتدا پێیان لە گونییە پیاز هەڵدەنوتێت

ئا ئەوەتان لە نێوان کۆمەڵە خوری و کاوڕە سەربڕاوەکاندا دەنوون

بە خواردنی خراپ سکیان هەڵایساوە

نووستوون و پرخەیان دێت

نەیانتوانی بە قەد ئەستێرەکاندا هەڵژنێن

نەیانتوانی بەقەد ڕۆژدا هەڵژنێن

ناتوانایی بەسەریاندا زاڵ بوو

کە بە چەك گۆڕییانەوە ـ دوژمنی ڕاستی ـ

ئەو گورگانەی لە ناخیاندان بەسەریاندا زاڵ بوون

کە نەخشەگەلی ڕۆژی خوێناوییانە

نێچیرەکەی خۆی ڕادەکێشێت

شێوازی چەوت و چێڵی قسەکردنیان

حوشترە سەرگەردانەکانی نێو بیابانەکانیان

تۆ بەندکراوی وێرانەکانیانیت

ئەوانیش دلێری تۆیان بەندکردووە

تۆ فریشتەو ئەوانیش ئیبلیس

تۆ بەهەشت و ئەوان دۆزەخ

**بە ئاماژەیەکی تۆ هەورەکان باران دەبارێنن**

**بە ئاماژەیەکی ئەوان کێڵگەکان دەسووتێن**

**بە پێکەنینێکی تۆ درەختەکان شین دەبنەوە**

**بە پێکەنینێکی ئەوان سروشت وشك و برینگ دەبێت**

**پێبکەنە... کوڕم پێبکەنە**

**بە پێکەنینی تۆ شوانەکان بۆ لای کەسوکاریان دەزڤڕێنەوەو**

**تۆیش بۆ کانییەکانت دەزڤڕیتەوە.**

# 12ی شوبات : لای تابلۆ غەمگینەکاندا

بیرم لەوە کردەوە لەم زەلکاوانە بپەڕمەوەو
تۆڕەکە لە پێی باڵندەکان بکەمەوە
ڕۆژگار فرێیان دامە ئێرەی نزیك ئەم تابلۆیانە
ناچاریان کردم وێنە بکێشم
وێنەی تێلم کێشاو پارچە پارچەم کردن
وێنەی دیوارێکم کێشاو پەنجەرەیەکم بۆ کرد
وێنەی بەندیخانەیەکم کێشاو سیخەکانیم بەرەڵڵا کرد
وێنەی زمانێکم کێشاو دەرگەکانیم بە شیعر کردەوە
خوایە بۆچی بیر لەم هەموو کلیلانە دەکەمەوە؟
لەوە ڕاهاتووم بنەوەی تاریك لەژێر پێیەکانمدا دانێم و سەربکەوم
ڕاهاتووم بەقەد ئەلکوولدا بەرەو بڵندایی هەڵزنێم
زۆر شت گۆڕان و ڕەشەبای ژەهراوی تێپەڕین و سەردەمگەلیش لەناوچوون
بۆچی ئەم ڕۆژگارە فرێیان دامە ئێرە؟
لە نزیك ئەم تابلۆ غەمگینانە
بە دەست و چاو بەستراوییەوە بە بەردەممدا تێپەڕین
ترسیان لێ دەچۆڕا چوون کاوڕگەلێك لە پەرستگەکان دزرابن
بۆچی ڕۆژگار فرێیان دام و
ناچاریان کردم وێنە بکێشم
وێنەی کاروانێك بکێشم و شمشێرەوانەکەی لاببەم
وێنەی بیرێك بکێشم و بە پەنجەم کونی بکەم.

# 13ی شوبات: بەغدا لەسەر کاغەز

چامەکانم دەشۆم و

لەسەر تەنافیان هەڵدەخەم و

لاپەڕەی دیکەی سپی دەستەبەر دەکەم

دووکەڵ، لە وشەکانمدا، زۆر بوو

خوێنیش زۆر بوو

هەروەها پارچەو وردۆکە ئاسن

کەواتە پێویستم بە کاغەزی پاك هەیە

بۆ ئەوەی هەڵەکانم دووبار نەبنەوە.. بۆ ئەوەی بیرە قووڵەکە ڕامنەکێشێت

شەقامەکانی بەغدا ڕێك دەخەمەوە

بۆ ئەوەی نەکەومە ناو وەسفە کۆنەکەوە

ئەو کات کارەساتەکان لە دەرەوەی شوێنەکانیان ڕوودەدەن:

گەلێك لە دەروازەی شانۆکان ئاپوورە دەبەستن

هۆڵەکانی میوزیك بۆ ماوەی ساڵێك گیراون

مەیخانەکانی بەغدا تا بەرەبەیان ڕووناکن

پێشانگەی هونەر لە هەموو شەقامێکدا هەیە

ئەی بەغدادەکەم چاوەڕێت دەکەم

لەکاتێکدا جلەکانت لەناو زەلکاوەکان کۆدەکەیتەوە

لە فڕۆکەخانەکان ئەوانە دەبینم کە دەگەڕێنەوە

بۆنی شارەکانی جیهانیان لێ دێت

ڕێت دەدەم لەسەر کاغەز هەناسە بدەیت

پڕ بە گوڵ وێنەی لاوەکانت دەکێشم

بەڵام پاش تاوێك خامەكەم لەسەر كاغەز هەڵدەگرم
هەموو تكاو
هیوام
ئەوەیە نەتبینم بگریت
یان بە خوێن خۆت بشۆیت
یان بسووتێیت.

# 14ی شوبات: ڤالنتاینێکی ئێراقی

سوور ڕەنگی ڤالنتاینە
سوور ڕەنگی ئێراقیشە
هیچ جیاوازییان نییە.
چونکە ئەو خوێنەی شەقامەکانی ئێراقیان تەنیوەتەوە سوورە
ئەو پارەیەیش کە دەدزرێت لیرەی سوورە
گۆنای سیاسەتوانەکانیش، لەژێر ڕووناکیدا
لە (شەرمەزاری)دا سوورە
هەوای ڕك و کینەیش سوور سوور زاوزێ دەکەن
ئەو قاچانەیش بەرەو کورسییەکان کێبەرکێ دەکەن سوورن
ئێراق گەورەترین وڵاتە لە جیهاندا ئاهەنگ بە ڤالنتاینەوە بگێڕێت
من گاڵتە ناکەم
بەڵکو دەزانم چۆن توندڕۆیی ئێراق سوورەو
چۆن ئەوینی ئێراقی زۆر سوور ترەو
چۆن کوشتنی ئێراقیانە ئەوەند سوورە وێنەی نییە
بۆیە دەڵێم کە پیاوچاك ڤالنتاین لە ئێراق لەدایك بووە
هەر لە ئێراق جلە سوورەکانی لەبەر کرد
پاشان ڕۆیشت و بانگەوازەکەی بە جیهاندا بڵاوکردەوە
بچۆ بۆ سەیرانگەکان
ئەویندارران دەبینیت لە ماڵی خۆیاندا نووستوون
بچۆ بۆ لۆقنتەکان
خۆشەویستان دەبینیت مۆم لە یادگەی خۆیاندا دادەگیرسێنن

**بچۆ بۆ یانەکان**

**ئەوینداران دەبینیت، لەکاتی کات بەسەربردندا، زاری سووری خۆیان دەدروونەوە**

**باشە،**

**بچۆ بۆ گرین زۆن**

**دەبینیت سوورە!**

**بچۆ بۆ گۆڕەپانە گشتییەکان**

**بەهەزاران تابلۆی هەڵواسراو دەبینیت**

**کۆچی شەهیدانی ئەوین ڕادەگەیەنن و هەموویان سوور هەڵگەڕاون!**

**ئێراق نیشتمانی ڤالنتاینە**

**ئەگینە چ هۆکارێك هەیە سەرتاشان بکوژرێن**

**ئەی چ هۆکارێك هەیە ئافرەتگەلی سەر ڕووت بکوژرێن**

**ئەی کێ لاوەکان لەسەر کاوبۆی، یان شۆرت**

**سەردەبڕێت**

**هەر هەموویان نەریتی ڕۆژئاواییین!**

**بەڵام ڤالنتاین جەژنێکی زۆر تایبەتیانەی ئێراقە**

**چونکە سوور لە وڵاتدا بڵاوە**

**هیچ ڕەنگێکی دیکە کێبەرکێی ناکات تەنیا ڕەش نەبێت.**

# 15ی شوبات: دوو هەفتە

ئاسمان بوو بە دوو کەرتەوە
نیوەی دڵی پێت سووتا و داوای ئوقرەگرتنی لێ کردیت
نیوەکەی دیکەی بۆت گریا
تۆیش چوون لقە دارخورمایەك لە زستاندا
غەمت لێ دەچۆڕا
بەڵێ مەروان ...
وڵات تەپ و تۆز تەنیویەتییەوەو
مێژوومان چوون پێستێکی کۆن درز دەبات و کرمی لێوە دێتە دەرەوە
ڕۆژەکانمان نغرۆی ناو قۆرتەکانی خۆڵەمێش دەبن
گوناهەکان دڵڕەقیمان ڕادەکێشێت
بەیانی چوون هەڵۆی خۆڵەمێشییە بەسەرماندا دەدات و پارچە پارچەمان دەکات
ئێوارەیش چوون دێوێکی زۆر ئەفسانەییە

یادوەریت چوون تۆپە دڕکێك
بەناو بادا غلۆر دەبێتەوە
مەروان ... ناتوانین بەبێ تۆ بژین
ناشێت.. دەبێت هەر بگەڕێیتەوە
بۆن و بەرامەت ماڵیان تەنیوەتەوەو هەر خولەکەو بەر جەستەت دەکەوین
خۆشەویستم، بۆچی لەگەڵ نوێژی بەیانیدا، سەرمان لێ نادەیت
پاشان لە قوڕگی کەڵەشێرەکەدا بزربییت!

# 16ی شوبات: تۆ دەستت بەستراوەتەوەو منیش ئیفلیج

ئەوەی هەردووکمانی لێك جودا کردووەتەوە دیوار نییە
دەرگەی ژوورەکەم نییە
دەرگەی ژوورەکەیشت نییە
ماوەی نێوان پیتەکانی میوزیك و
نێوان خۆشی خۆشی تۆ نییە
زۆر لەوە چڕترو
تۆقێنەرترە
نە بە ئۆتۆمۆبیل و
نە مۆبایل پێت ناگەم.
ئەمڕۆ، دۆڵی تاریکایی، تۆی لێ دابڕاندووم
(ڕێگەی هات و نەهات)کەتووەتە نێوانمانەوە
تۆیش دیلی دەستی ئەوانیت
ڕۆژگارێك کەتووەتە نێوانمانەوە لە هەزار ساڵ پترە
لەوەتای ژیانی بیابان و جووتیاریم بۆ باب و باپیرانم بەجێ هێشت و
لە چنگیان هەڵاتم
لەوەتای شمشێرەکانم کردن بە خۆڵەمیش و
تفەنگەکانم کردن بە قسەی جوان و
خەنجەرەکانم کردن بە شتگەلی ئەنتیکە بە دیوارەکانمەوە هەڵمواسین و
بێستانەکانم کردن بە لم
لەوەتای دەرکم بەوە کرد کە دەوارو خانووی قوڕین مرۆڤ ڕیسوادەکات
لەوەتای ئەقڵم بە گلۆپێك گۆڕییەوە

لەوەتای خۆمم کرد بە مرواری

مەروان...

ئەوان تۆیان گرتووە

تۆ لە دەستی ڕابوردووایت کە بە کولەمەرگی بەجێم هێشت

کە کردم بە بڵێسەی شین لەناو وشەکانمدا بڵاوبووەتەوە

کە ژێرزەمین و بەندیخانەو بیابانەکانی دوورخستەوە

ئەوانەی تەڕاتێنێیان تێدا دەکەن

حەوت کێو کەوتووەتە نێوان من و تۆ

کەمتیارو شێرو ئەژدیها کەتووەتە نێوانمانەوە

تۆ کۆت لە مەچەك و

منیش ئیفلیج

ئەدی چۆن بەیەکدی دەگەین؟

# 17ی شوبات : چاو

من لە کەناری هەڵدێردام
کوڕم لە باوەشم بگرە
ڕەنگە لەگەڵ تۆ بڵند ببمەوە
بێجگە لە تۆ کەسی دیکە نییە
ناشمەوێت بکەومە ناو باوە
من بارمتەی هەناسەکانی تۆم
تکات لێ دەکەم (لا)کانم پێ پێشان بدە
ئێراق دەسووتێت تۆ لەگەڵی مەسووتی
هەموو شەوێك لە چۆڵەوانییەکان دەنگ هەڵدێنم:
بە فرمێسك بۆ ڕەوشی خۆم دەگریم ئەی چاو
چاوی لێ بکە... چاو کاری لێ نەکردووە
ئەگەر کانییەکی بێ گەردو ڕوون لە ناخمدا بووایە
نەمدەهێشت بڕۆیت و چاو کارت لێ بکات
لە شەوی غەمگیندا
لەکاتێکدا لە کەناری هەڵدێردام
کەسی دیکە نییە
مەروان نەبێت
بە تاڵی ئاماژەم بۆ دەکات
منیش بە گریان ئاماژەی بۆ دەکەم.

# 18ی شوبات: ئافرەتانی ڕەشایەتی

بەناو شووشەدا چوونە پێشەوە
ژان و مەشخەڵیان هەڵگرتووە
بەناو لیتەدا چوونە پێشەوە
جوانی و کۆستیان هەڵگرتووە
گورگەکان لە ڕێگەیاندا ڕاوەستاون و ددانیان چیڕ کردووەتەوە
بەڵام چوون ئافرەتە ئەمازۆنییەکان
بەناو جەستەی گورگەکاندا چوونە پێشەوە

ڕووناکییان لە دەم و چاویان شوشت
پاشان مکیاژی بەسەرچوویان بەکارهێنا
بەژنی چوون شێوەی ماسییان لە گوڵ بەتاڵ کردن و
خستنیانە ناو کیسەی ڕەشەوە
تێر تێر بە دەرزی و بزمار دەرزی ئاژنیان کردن
لاویەتییان شیتاڵ شیتاڵ کرد
تۆڕی ئاورێشمینیان دەستکاری کرد
ڕۆژگاریان بە کۆڵەوە بوو
شووشەکانیان پڕ لە ناشیرینی کردو
ژەهریان لە مۆمەکانیان کرد
دەم و چاوە ڕەش داگەڕاوەکانیان
لێوی کاژگرتوویان لە ئاکامی زۆر هاوارکردندا
مەمکی ڕەق هەڵاتوویان

ئەو تووكە ڕەشەی چوون دڕك بە قەد لاقیانەوە ڕواوە
بۆنی تەمومژاوییان
نینۆكە پیس و قێزەونەكانیان
شەقامە پڕ لە بەردو تەپ و تۆزەكانیان
ماڵە لە گریان تێربووەكانیان
دیوارگەلی ژیانی پڕ لە وێنەی ڕەش و سپی و
پارچەی ڕۆژنامە زەردەكان
چیمان بە ژنەكانمان كرد؟
جوانترین بوونەوەری گەردوون
ئەم گەنجینانە چین كە دەستكاریمان كردن؟

تەنیا شەوان
ئازارو ژانی ئەم ئافرەتە دەزانێت كە بەبەر ئەو بارانەوە تێدەپەڕێت
برینەكانی كرانەوەو پتر لە جارێك دوورینیەوە.

لەوە ناگەن ئاو لە قەدی ئافرەتێك
وشك بكات
لەوە ناگەن هەردوو چاوی
بە كاسەی چویدا بە قووڵدا بچن و
جەستەی ببێتە خۆڵ و خۆڵەمێش.

ئافرەتان لە ئێراق دەكوركێنن
وەك چۆن درەخت و ڕووبارەكان دەكوركێنن
بەڵام كوركاندنی ئافرەتان گۆشتمان دەخوات و

ئێسکمان هەڵدەکۆڵێت و
دەمانکاتە زبڵخانە.

# 19ی شوبات : چەند هەوڵێك

شاعیر چووە ناو شەقامەكانی بەغدا
نەك بۆ ئەوەی چامەیەك بخوێنێتەوە، بەڵكو بۆ ئەوەی بازاڕ بكات!
زۆر شتی بینی و بازاڕی بەجێ هێشت بی ئەوەی هیچ شتێك بكڕێت
لەگەڵ خۆیدا گوتی: (چەندە شت هەن كە پێویستم پێیان نییە)(*)

شاعیر سواری ئۆتۆمۆبیلێكی قەرەباڵغ بوو
نەك بۆ ئەوەی چامەیەك بنووسێت بەڵكو بۆ ئەوەی بگاتە ماڵەوە
ئۆتۆمۆبیلەكە چەند كاتژمێرێك ڕۆیشت و .. ئەوەیش هەر ڕامابوو
بۆ چەندان كاتژمێری دووردرێژ... بەڵام نەگەیشتە ماڵەوە

شاعیر لە ڕیزێكی دووردرێژدا ڕاوەستا
نەك بۆ ئەوەی بە گوێی باڵندەكانەوە بچرپێنێت بەڵكو تا پاسپۆرتێك وەربگرێت
بۆ چەندان ڕۆژی دووردرێژ ڕاوەستا.. بەڵام پاسپۆرتەكەی وەرنەگرت.

شاعیر جامانەیەكی لەسەر ناو دەمی پێچایەوە
نەك تا وەك چەكدارەكان دەمامك ببەستێت، بەڵكو تا لە دەستیان هەڵێت
دەترسا بیڕفێنن

بۆ چەندان ڕۆژی دووردرێژ هەر بە سەرییەوە بوو... بۆ چەندان ڕۆژی دووردرێژ بۆ ئەو دیمەنەی خۆی دەگریا.
شاعیر نووكی خەنجەری لە دڵی خۆی ڕۆكرد

نەك لەبەر بێ ئومێدی بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو خوێنە ئیسکپایەرەی لێ دەربهێنێت کە بەهۆی شتە بێ سوودەکانی وڵاتەوە ماوەتەوە

بۆ چەندان کاتژمێری دوورودرێژ هەر خوێنی لێ دەچوو.. بەڵام نەمرد.
شاعیر بە شەقامەکاندا هەڕای کرد
نەك تا بەدوای کوڕەکەیدا بگەڕێت...
بەڵکو بۆ ئەوەی ڕێگەیەك بدۆزێتەوە هەر هەموو وڵات بەجێ بهێڵێت.

چەندان ڕۆژ هەر هەڕای دەکرد... بەڵام نەچووە دەرەوە.
شاعیر لەناو کۆت و بەندەکانی خۆیدا بزاوت
هەوای بزواند
زەوی لەگەڵ خۆی خستە جووڵە.

---

(*) دەربڕینێکی (سوکرات)ـە.

## 20ی شوبات : نەهەنگێکی ڕەش

درەختی ناوەوە پەل و پۆ دەهاویت
بەردی مانگ دەڵێت
بۆچی لق و پۆپەکان بەم شێوە بەناو بیرەکاندا شۆڕ بوونەتەوە
بۆچی لەناو مەیەکاندا درز دەبەن
هیچی تێدا نییە تەنیا ئەو میوە ئاگرینە نەبێت
ڕەگەکان تەنیا ئەم دەمەو ئێوارە نغرۆبووی هەتاویان هەیە
هاوارەکانمان نێچیرگەلی نەزانراون
خۆپۆشەکانیشمان شوورەیەکی هەر چوار لا مکومن
نێچیرەکانمان بەسەرهاتی دوورخستنەوەو لەناوبردنمان بۆ دەگێڕنەوەو
قۆرتەکانیشمان بەرەو جوانیی چیژمان دەبەن
کونی نهێنی لە باخەڵماندایە
نیشانەگەلی تەلیسماوی گیانمان ڕادەکێشن
بۆچی نەهەنگ لە ناخماندا دەنوێت و
ئێمە لەناخی ئەودا نانووین؟

سبەینێ نەهەنگە ڕەشەکە بەسەر شارەکاندا
دەکەوێتە خوارەوە
سبەینێ ددانەکانی بە شەقامەکاندا دەخولێنەوەو
ڕێبوارەکان شیتاڵ شیتاڵ دەکەن
هێشتە نەهەنگەکە ئەمڕۆ لەسەر شوورەکانی شارەکانە
هێشتە لە بەرینی ئاسمانەوە ئەندام دوای ئەندام بەردەبێتەوە

بەڵام سبەینێ بە تەواوەتی دەکەوێتە خوارەوە
ئەستێرەکان قسەی تەمومژاوی دەکەن:
کاتێك گومەزی زێڕ درزی تێ دەکەوێت
نەهەنگەکە لە سەتڵی خوینەوە بەسەر خەڵکدا بەر دەبێتەوە
هەورەکان قسەی تەمومژاوی دەکەن:
نەهەنگەکە بە شەقامەکاندا مەلە دەکات و
ئاسن بەناو خەڵکدا بڵاودەکاتەوە
بیر قسەی تەمومژاوی دەڵێت:
نەهەنگەکە بە هەزاران ئێراقی قووت دەدات و
شارەکان دووکەرت دەکات و
ماڵەکان دەسووتێنێت و
فوو بە ژەهردا دەکات
ئەم هەموو نیشانانە بۆچی؟

# 21ی شوبات: له سیقەتۆرەی کەڵەشێردا

ئایە شەوێکتان بینی لە ماڵەکانەوە بێتە دەرەوە؟ ئایە دەزوویەکتان بینی ڕەشەبا بڵندی نەکاتەوە؟

مۆمێکتان بینی نەتوێتەوە؟

ئەی ئەو مزگەوتانەتان بینی...ئایە بە تەرمگەل بۆگەن نەدەبوون؟

کەواتە ئایە ئاسمانێکتان بینی تەنیا خوێنی قوربانییەکانی لێ نەچۆڕێت؟

ئایە تێلە دڕکینەی مستان بینی کە جەستەی خەڵکیان کون دەکردو لەخاچیان دەدان

باڵندەکان پەرجووەکانی مەرگ گۆدەکەن

قەلەڕەشکەیش تەنیا فریشتەمە

ئەستێرەکان پاش هەر دەسترێژێك دانەچۆقەیانە

دەرگەکان بە ڕیسوایی بزمارڕێژن

خۆڵخوازەکان پەیکەربەندی ڕووت دروست دەکەن

دەستم لە تۆڕێکی کەڕ دەئاڵێنم

تا لێوەی هەموو شتێك ببینم

.

بەردەوام لە سیقەتۆرەی کەڵەشێردا ڕادەکشێین

تا زوو لە قووقاندنەکانی دەرچین

بەر لە مێژوو بە پاچ و تەور دەرچووین

پاش ئەوەیش بە پاچ و تەور دەرچووین

چەندان جار بەسەر فریشتەکاندا سەرکەوتین.

ڕووبارەکانمان بە زەبری هەڕەشەی چەك بەرەو ڕێژگەکانیان داگیرساند

نەخشەگەلی مەشیەخەکانمان
خستە ژێر قورسایی جەژنەکانەوە
بەسەر هەمیشەیی هەڵواسراوی قەد چەك و چۆڵەکاندا دەڕۆیشتین
پێکهەڵدانەکانمان پێش خۆمان دابوو
لاپەڕەکانی مەزارگەی کۆترەکانمان هەڵدەدایەوە
ئێستە چەند چۆڵن؟
لەبەردەم ئەم سندووقە گوڵاوییەدا (بادە)م دەرخواردی پاچ دا
لق و پۆپەکانم ئاو دا بەشکو سەرخۆش بم.

ئەمە فریودانە بۆرەکانە لەبەردەم
ڕیزەکانی مەتەڵەکاندا
نازانم بۆ کوێ بڕۆم
سەرلێشێوانێك خۆزگەم پێ دەخوازێت و دەڕوات
من لەبەردەم دەرگەی نوێژدا بەش بەش دەبم
نیشتمانیشم گرمۆڵە دەبێت و لەسەری دراوە
ئەمڕۆ ئاو ناخواتەوە
بادەیش فڕ ناکات
لەسەر قەرەوێڵەکە دادەنیشێت و خەڵتانی خوێنە
شتێك دەستەبەر دەکەم بیبووژێنێتەوە لەکاتێکدا بەخۆم بە شکستییەکانم مەستم
پێوەندیم لەگەڵی ڕوون بووەتەوە
ڕوون بووەتەوە...
چوون پیرەمێردێك ئۆتۆمۆبیلێك لەناو کوێرایەتیدا بهاژوێت.

# 22ی شوبات : سەربڕینی گومەز

ئەوان بە پێ خواس تێپەڕین
نەك بۆ ئەوەی سەری لێ بدەن
بەڵكو بۆ ئەوەی دووبارە بیانكوژن

بێ قەڵغان و بێ خوودە
بێ زرێ و بێ شمشێر
ڕاكشاون
لەناو فرمێسكدا ڕاكشاون.

لە كونی مێژووەوە تێپەڕین
بە ژاری دووپشكە زەردەكان
لە خێوەتگەكانی سامەڕادا دەرۆزە دەكەن
قەلەڕەشكەیەك لەناو سەریاندا مەلە دەكات
قەلەڕەشكەیەك بە بەردەمیاندا دەفڕێت
دەزووەكانیان دزە دەكەنە ناو دەرگەكانی زێڕەوە
كاكیلەكانیان بەقەد منارەكانەوە هەڵدەواسن.
كووچە تەسكە تیژكەرەكان
كە چوون ماری زەنگۆڵەدار زڕەیان دێت
لەبەردەم بەردەكاندا ڕووت دەبنەوەو
نوێژی خوین دەكەن
ئاگر لەژێر پێیاندایەو

دێتە دەرەوە
چوون کوندەپەپوو دەخوێنێت

بەلەمەکانیان هەڵنایەن و
ئەفسانەکانیشیان شەپۆل نادەن
بەڵکو، چوون هەمیشەییەکی واق وڕ، ئەستێرەکان دەکوژێننەوە
ئەی گومەزەکان من بێ دەنگیی ئێوە دەخوێنمەوە
کە خۆم بەسەر ڕەچەڵەکانمدا دەدەم تا پێتان بگەم
باپیرەم لەنێوتاندایە کە لە سامەڕا کوشتیان
نژادی شاراوەم لەناوتاندایە.
ڕەچەڵەکی ئایینەدیان تالآن کردم
ڕەچەڵەکی ئاوابوویان تالآن کردم
لە شوباتی نەفرەتیدا
کە لە هەموو ڕۆژگار دژوارترە
شوبات ئەی ئیبلیسی جەمسەرە
گیانت هەلا هەلاکردم
ئەستێرەکانم بەربوونەوە ناو تۆوە
گومەزی ماڵەکەم داڕووخا کە لە ئەڵمازە
پەنجەکانی درەختەکەم بەربوونەوە کە لە زێڕن.

بۆچی دەلەرزم؟
بۆچی ئاو لە باسکمەوە بە وشکی دەردەچێت؟
بۆچی ئەم ئاسنە لە گەروومەوە دلۆپە دەکات؟

خەڵك چییان بە خۆیان كرد؟
ئەی بۆچی من تا ئەم ڕادەیە تاك و تەنیام؟
بۆچی خەڵكی لێم دوور كەوتوونەتەوە چوون بڵێیت تووشی گڕوویی هاتبم؟

زەوی درز دەبات و
دووكەڵێكی زەردی لێوە دێتە دەرەوە
بۆچی ڕكیان لە نەوەی ئاسمان دەبێتەوە؟
بۆچی؟

كتێبەكانی خواوەند لەگەڵ بەرددا دڕێنرابوون
تەنەكەی زێڕو شمشێریان دەدزی
ڕابوردوو چی لەدووی خۆی بەجێ هێشت مەرگ نەبێت؟
لە ئەژمەتی ئازاردا لە ماڵەكانماندا دەبێتە هەڵم
هیچ لە ڕووبارەكانمان نامێنێتەوە تەنیا ئێسكەكان نەبێت

پەیامەكانی ڕك و كینە
لەسەر پشتی حوشترەكان بەردەبنەوەو
قورسایی گەردیش دووچەندان دەبێت
لە كونێكی ناو مێژووەوە تێپەڕین

هەردووكیان لەسەر پشكۆ ڕاكشاون
پانكەی ڕۆژگار دەجووڵێننەوە
سەربڕینی گومەز دەكرێتەوە
هاواریان بەرەو ئاسمان بڵند دەبێتەوە

ئاسمانیش خۆڵی لێ دەبارێت و
جلی فریشتەکان بەردەبنەوەو
ڕووبارەکان گرژ دەبنەوەو
دەتلێنەوە.

# 23ی شوبات: قۆناغەکان

گوڵێکی ئاسمانی دابەزییە سەر گریانە تاڵەکەمان
خەریکی ڕێکخستنی گۆشەکانی ماڵەوەو سووچەکانی شەقامەکان بوو
ئەفسانەگەلی بەهار لە قامکەکانیەوە دەردەچوون
تۆ پێویستت بە پاڵتۆیەکی سپییە لەم زستانە درێژەدا لە خۆیت بپێچێتەوە
تۆ پێویستت بە ئاسکگەلە بەناو کێڵگەکاندا هەڕات پێ بکەن
دڵیان لە پیاوچاکێك بچیت نوێژی دابەستبێت
چاوەکانیشی باران گۆبکەن.
لە قاووغی خۆی
ڕۆژەکان دەژمێرێت و دەستاودەستیان دەکات
چوون چەوگەلی بریسکەداری ناو ڕووبار

قۆناغەکانی ژیانی لەناکاو، لە بەهارەوە دەبنە پاییزو
دیوارەکەیشی درزی تێ دەکەوێت
لەکاتیکدا کۆتەڵەکان بە جوانکاری خەنە دەنەخشێنێت
بەرد هەرەسی دەهێنا

ئەی پەپوولە
نەکەیت لەو ئاگرە نزیك بکەویتەوە
ئەی با بیپارێزەو لە ئاگری دوور بخەوە
ئەی ڕووبارەکان بیپارێزن
ئەی چۆڵەوانییەکان بیپارێزن

**هەورێکی ڕەش بەسەر سەرتەوەیەو شمشێرگەلیش لە بەردەمتن**

**بۆ ئەویێ باڵ مەگرەوە**

**نە چاوی باراناویت ئەو شمشێرانە دەبینن و**

**نە چراکەیشت داگیرساوە**

**خوێنت لەسەر بەردێك چۆڕاوگەی بەست و**

**چەندان ئەستێرەیش کەوتنە ناو خۆڵەمێشی باخچەکانمانەوە و**

**ئاگریش دوای ئەوانە کەوتبوو کە مابوونەوە.**

# 24ی شوبات : بایەك خوێنی لێ دەچۆڕێت

لەکاتێکدا پێچکەی ئاگر بەناو برینەکانی شەودا تێدەپەڕی

بیست هەوری سپی بەسەر کازمییەدا دابەزین

لەژێر شیری بەیانییەك بە شیرینی لێی دەدا

لە ڕێڕەوەکانی پشکۆو

کۆتاییەکانی گەرددا

بەسەر سەراندا هەورەکان دابەزین و

خەڵکیان لە ڕێگەکان دوور خستەوە

منداڵەکانیان لەناو سەبەتەدا کۆکردەوەو بردنیان و هەڵاتن

ئۆتۆمۆبیلەکانیان ڕاکێشاو بە کاڵاکانیاندا کێشاو

چوون هێزێکی چەکدار شەقامەکانیان داخست

بیست هەور چوونە ناو ئۆتۆمۆبیلەکانەوەو بۆمبڕێژکراوییان پووچەڵ کردنەوە

پشتوێنە مینڕێژکراوەکانیان پووچەڵ کردەوە

چەکەکانیان لە دەستی چەکدارەکان فڕێ دا

هەوا چەپڵەی لێ دەدا

ئەستێرەکانی نیوەڕۆ هاواریان دەکرد

بیست هەور دەم و چاوی ئافرەتەکان و منداڵەکانیان خاوێن کردەوە

کازمیەیان لە دووکەڵ خاوێن کردەوە و

پاشەڕۆکەکانیان کۆکردەوەو

بروسکەیان بۆ هەورگەلی دیکە کرد

تا شارەکە پاکژ بکەنەوەو

بە گیانی ئاسمان شۆراوبن

**بیست هەور فوویان پێدا کرد**

**تا ئەو ئاگرانەی لە سینگدان بکوژێننەوە**

**ئەوانەیش کە لە تاریکیدا گڕدەگرن و دەمانسووتێنن**

**بەڵام پاسێکی درێژیان لەبیرکرد**

**ئەویش تەقییەوە**

**ئاسن پەرش و بڵاو بووەوە**

**هەورەکان لەسەر شۆستە دەگریان و**

**ئەستێرەکانی نیوەڕۆیش دەبریسکانەوەو**

**هەوایش خوێنی لێ دەچۆڕا.**

# 25ی شوبات : (عوود)ەکەم لە ئامێزگرت

ئەی بەغدا
ئەم ئێوارەیە عوودەکەم لە ئامێز گرت و
لە پێناوی تۆدا ژەندم
بەشکو لەخەو بێدار ببیتەوە
قەرەوێڵە غەمگینەکانتم
لە یادوەریمدا بیرکەوتەوە
گەردو تەپ و تۆزە زۆرەکەم بیرکەوتیتەوە
بەڵام عوودەکەم ژەندو گۆرانیم بۆ تۆ چڕی
سەرەتا دەستەکانت جوولانەوە
پاشان لاقەکانت جوولانەوە
کاتێك شمشاڵەکەیش لەگەڵ من ئاوازی ژەند
با هەڵی کردو کراسە خوێناوییەکەت وشك بووەوە
کاتێك دەهۆڵژەنەکان هاتن و لەگەڵ من دەهۆڵیان ژەند
چاوەکانت کرایەوەو
خۆڵەمێشی قەد دەم و چاوت کەوتنە خوارەوە
کاتێك کەمانەکەیش ژەندی
بینیم بزەیەك کەوتەسەر لێوت و
چەند سروەیەکی فێنك لە پەنجەرەکانەوە هەڵیان کردو
خوێن زاییە دەم و چاومان
ئەوجا گوتم: با سەنتۆرەکەیش بژەنێت

با (جۆزە) بژەنێت

با (قانوون) بژەنێت

تۆیش خۆتت لە تۆزو خۆڵ تەکاند

کاتێکیش هاوڕێکانم هاتن

چوون کۆرس گۆرانییان دەچڕی

هەردوو دەست و جەستەیان گرتیت و هەڵیانستاندیتە سەر پێ

ئەو کات میوزیك ژەندن بەرزتر بووەوە

بەرزتر بووەوە...

بەڵام نیشانشکێنەکە

کە لەسەر خانووی تەنیشت ڕاوەستابوو

تەقەی لێ کردیت و

تۆیش بەربوویتەوەو

هەموومان خەڵتانی خوێن بووین.

# 26ی شوبات: فیتنەکان

ولاّت بە ئاگری فیتنە گڕی گرت
مەروان تۆ لە کوێیت؟
لەناو ڕەگەکانی درەختی ئاسن
یان لەناو دەنووکی کۆترێکدایت لەو چۆڵەوانییە هەناسەبڕکێیەتی
لە دەستی مارمێلکە، یان کلکی دووپشکدایت!

چۆنت ببینم لە کاتێکدا تەم و مژم لە ناخەوە دەردەچێت؟
چۆنت ببینم لەکاتێکدا تەم و مژت لە ناخەوە دەردەچێت؟
چۆن دیوارەکان هەڵبکۆڵم تا لەژێریاندا دەرتبهێنم؟
چۆن کش لە باڵندەکان بکەم تا تۆیش وا لێ بکەم لەگەڵیان بفڕیت
دەفتەرەکەتم بۆ بڵند دەکەیتەوە دەلەرزم
مایکرۆفۆنەکەتم بۆ بەرز دەکەیتەوە هاوار دەکەم
کامێراکەتم بۆ بڵند دەکەیتەوە کە لەگەڵ خۆتدا دزییان
چی بکەم تا لەگەڵ ڕیم
لەنێو کەڵبەی ئەوانەتان دەربهێنم کە ڕفاندیانیت؟
چی بکەم تا وات لێ بکەم چوون ئاسک گومبەتانێ بکەیت و
بەرەو لامان هەڵبێیت.
لەم ولاّتە وێرانەدا
تەنیا دوو چاو هەن
لەژێر سەرپۆشێکی ئەستووردا
لەگەڵ شەودا بە فرمێسک کێبەرکێیانە.

## 27ی شوبات : تۆپێکی گومان لێ کراو

کاتێك تۆپێك بە شەقامەکانی بەغدادا غلۆر دەبێتەوە
پۆلیسەکان چەکەکان دەخەنە بەرکارو
بانگی هێزی پووچەڵکردنەوەی تەقەمەنییەکان دەکەن چارەسەری بکەن.
دایك بەپێی ڕایدەگرێت و
ئەم دیوو ئەودیوی دەکات... وادەزانێت قوتووە.
پیرەمێردەکە بە دوایدا هەڕادەکات و هەڵیدەگرێتەوە
لای وایە کیسەی تەماکۆیە.
خۆشنووسەکان لایان وایە پارچە پەڕۆیەکی لوول دراوە
سیاسەتوانەکان لایان وایە پڕوپاگەندەیە
وەرزشوانان لایان وایە تۆپی پێیە
ڕێبوارەکان لایان وایە میوەیە

تۆپەکە لە شەقامەکان گەورەتر دەبێت
خەڵکەکەیش زۆرتر دەبن کە بەدوایدا هەڕادەکەن
تا لای پردەکە ڕادەوەستێت.

منداڵان لە چواردەوری گرددەبنەوەو
چەندان دەزووی لێ دەردەهێنن و ڕایاندەکێشن
کۆلارەکانیان پێ دەبەستنەوە
کۆلارەکان دەفڕن ... دەفڕن
ئیدی تۆپێکی گومان لێ کراو نامێنێت.

# 28ی شوبات : بەردێکم بینی بوو بە گوڵ

سورەیا گوڵێکی بە دەستەوەیە
گوڵێك بە وڵاتی تاڵان کراودا دەیسووڕێنێتەوە
کۆتری ڕووناکی ڕانیای هێنا
وێڕای شەوی درێژ سەهۆڵەکە شکا
خستییە ناو بێشکەوە ئەویش چاوی نوقاند
دەم و چاوی ئەو ڕووی ئاسمانی منی لادا
چەندان شێرم بینی دەبوونە مەڕ
بەردم بینی دەبوو بە گوڵ

کێ ڕانیای لەناو پەرییەکانیدا لەخەو کردەوە؟
ئەی کێ چەپکە گوڵی لەسەر سەری دانا؟
لقە دار زەیتوونەکانی هەڵگرت و بۆ خەڵکی بەغدای بردە دەرەوە
ڕووناکی هەڵگرت و بەناو وێرانەکاندا پەرتی کردەوە
دەم و چاوی بە چۆڵەوانیدا سەرگەردانە...
سەری بڵند کردەوەو نوێژی کرد
دوو فریشتە لە ئاسمانەوە دابەزین و گوڵیان بە دەستەوە بوو، چەوریان کرد
بە ڕووناکی دەستیانە بە تەوێڵیدا هێنا
بینیم بە ئاسمانەوە مەلەوانی دەکردو زەنگەکانی لێیان دەدا
بینیم بەسەر پەنجەکانی بەسەر ڕووبارێکدا ڕێی دەکرد
بینیم بەسەر گوڵاندا وەردەگەڕا
بینیم ئەسپەکانی بەرەو لەوەڕگە لەبەردەدا

بینیم چەندان قندیلی هەڵگرتبوو
لە فرمێسکی نوێژکەراندا بینیم
بینیم شمشاڵێکی دەژەنی و خەڵکیش دەگریان

وەرزەکانی ڕۆژگار زستان بوون
هەورێك لەنێوان پەنجەکانیدا توایەوەو بە ئەڵمازێك پەنجەکانی لە خەنە گرت
ڕۆژێگ لە زارییەوە دێتە دەرەوە
چەند ئاسکێکیش تێیدا دەلەوەڕان
ڕووبارێکی دێرینی پڕ ئاو کەوتە ڕێ
چەند جەژنێکی لەناوچوویش هەستانەوە.

# بەهاری ماران

# ئادار

# 1ی ئادار: شوێنی خۆت پاك بكەوە

ڕۆژانێکی دووروودرێژ لەناو بیرەکە دەمێنیتەوە... شوێنی خۆت پاك بكەوە
کۆتر هێلانە لەناو کۆتەکانتدا دەکات.. هەردوو دەستت پاك بكەوە
ڕێڕەوەکانی بەندیخانەکەت پڕ لە دەزووی جالجالۆوکە دەبێت... ڕێگەی خۆت پاك بكەوە
شەمشەمە کوێرەکان بە هەڵەوگەڕاوی بە بنمیچەکەدا شۆڕ دەبنەوە ... خەونت پاك بكەوە
دیوارەکان بە زمانگەلی سەیر قسە دەکەن... هەردوو گوێت پاك بكەوە
هەموو شتەکانی چواردەورت دەکوژێنەوە... هەردوو چاوت پاك بكەوە.
هەتاو دەکوژێتەوە
مانگ دەکوژێتەوە
ئەستێرەکان دەکوژێنەوە...
ڕێ مەدە
ئەو مۆمەی لە ناختدایە بکوژێتەوە.

مەروان گوڵدانەکەت
ئەوەی هەڵمی ڕەنگاوڕەنگ هەڵدەدات
نەکوژاوەتەوە
بووەتە تەنیا چرای
ناو ماڵە چۆڵەکەمان.

هەموو شتێك بانگت دەکات
تەنانەت ئەو شتە بچووکانەی
کە پشت گوێت خستن.

# 2ی ئادار : هێشتە پەتەکە درێژە

لە گڕی کوانووەکە مۆمێکم داگیرساند
هێشتە شەوی ئێراق درێژە

جگەرەیەکم لە جگەرەیەکی پێشتر داگیرساند
غەمەکان بە دوای یەکدیدا دێن

هەرکە پەنجەرەکان دادەخەین با دەیانکاتەوە
بێ ئەوەی ئارەزووەمان لێ بێت شەڕ دێتە ژوورەوە

پێنووسەکانمان درزیان برد
نووسین گەردو تۆزە

ئەو ئاوەی خواردمانەوە قوڕاوی بوو
دوو ڕووبار بە بزرگە پیس بوونە

سنوورەکانی ئێراق چنگ لە گەرووەمان دەنێن و دووچاری بەدگۆڕانمان دەکەن
وەك بڵێیت وڵاتێکی سیحر لێ کراو بێت

ئەستێرەکان بێ دەنگن و نادوێن
خوێنیان لەنێو چاواندا ڕژاوە

**شەوان کراسگەڵێکی زۆری خوێناوی هەڵگرتووە**

**پەتەکەیش هێشتە درێژە.**

# 3ی ئادار : بەهاری ماران

لەبەر ئەوەی کاغەزەکان
لە خۆڵەمێشی وڵاتدا زەردتر دەبنەوە
دەتوانم بەدواداچوون بۆ ئەو مارانە بکەم کە ژیانیان هێناوینەتە لەرزین و
شەوو ڕۆژ بەرەو ڕوومان فوو بە ژەهردا دەکەن

سەیری ئەوێی قەد ئەو دیوارانە بکە
ئەم مارە هەڵواسرانە ئامادەن هەڵبکوتنە سەر ڕێبوارەکان
لەوێیش لە ماڵەکانی حکوومەتدا
کە مارەکان بەسەر پارەکاندا پەپکەیان خواردووە
لەوێیش لە بەندەرەکان
مارەکان پڕ بە سکیان نەوت هەڵدەلووشن
لەوێیش لە بازاڕەکان
کاتێك مارەکان بەسەر کاڵاو لە گیرفانی خەڵکدا دەجوولێنەوە

وامان لێ هاتووە لەبری جریوەی باڵندە
فیکەی مارەکان...
لە ناو شارەکان دەبیسین
کوڕانی مارەکان...
لە بەیاننامەو ڕۆژنامەکاندا
شمشێرەکان بڵند دەکەنەوە
مزکەوتەکان پڕ لە مارن

به فیتنەگەری هاوار دەکەن
مارەکان بەناو گۆڕەکاندا دەسووڕێنەوەو
لەگەڵ مردووەکاندا زاوزی دەکەن
چی دیکە جوانیی ئافرەتان باو نییە
کاژ شێواندوویەتی
کاژی مار.

لە بێستانەکاندا
مارەکان ئۆتۆمۆبیلەکان بۆمبڕێژ دەکەن
لە حەشارگەکاندا مارەکان پشتوێنی بۆمبڕێژکراو ئامادە دەکەن
لە بارەگا حزبییەکاندا
مارەکان کۆدەبنەوە تا کاریگەریی ژەهرەکان زیاتر بکەن
لە ڕێگەو بانەکانیشدا مارەکان ددانیان چیڕ دەکەنەوەو
خەڵك دەڕفێنن
لە ڕووبارەکانیشدا مارەکان گەرا دادەنێن و ئێمەیش گەراکانیان دەخۆینەوە
تا ئێمەیش ببینە مارو ئامادە بین خەڵك بکوژین.

بەهاری مارەکان لە ئێراق
وەرزو کەش نییە
بەهارێکی هەمیشەییە

# 4ی ئادار : کۆرە بم

کۆرە بم
کێ چاوی لێت بێت؟
مەروان ناوجەرگەی تەندروستی
مەروان ترپەی دڵی ئەوین,,, گیانی چاکبووەوە
مەروان ڕووبارێکی بەرینەو دەگری و
مەروان بادەیەکی بێ گەردە

کۆرە بم
چیت بەسەرهاتووە؟
ئایە بە چاوبەستراوی نووستیت؟
مەروان کلی چاو
باڵندەی هەتاو، گیانی پارێزەر
کۆرە بم
سەرماتە
ئاگریش لە ناخی ئێمەماندا گەرمە

ئەو گۆرانیانەی بۆم دەچڕین
ئەو نزایان بۆم دەکردن
بۆ خۆم گەڕانەوەو
غەمیان لێوە دڵۆپە دەکات!

# 5ی ئادار، نوێژێک

تۆ فێرت کردم
بەرانبەر بە شەوو ڕۆژ
بە تەنیا بمێنمەوە
فێرت کردم چۆن دارەکەم بە بەهار چەور بکەم
فێرت کردم چۆن نەهێڵم ئاسمان بە گۆرانیی غەمگین
بەسەر سەرمدا بڕووخێت
تۆ فێرت کردم خواوەند ببینم هەموو ڕۆژێك برینەکانم تیمار بکات.

ئەو ڕۆژەی ڕفاندیانیت
زانیم کە بەناوی خۆیەوە پێچاتیەوەو پاراستتی
ئەو ڕۆژەیش زۆر دوور کەوتیتەوە
کانیی خۆشەویستیت لە دڵمدا تەقییەوە
پاش ئەوەی شارابووەوەو ئاسایی دەڕۆیشت بێ ئەوەی سەرنج بەلای خۆیدا ڕاکێشێت
هەستت پێ دەکەم وەك چۆن هەست بە سروەیەکی سارد بکەم

ئەو خوایەم ناسی کە لە سروەدایە
ناسیم لەبەر سۆزی تۆ دڵی پارچە پارچە دەکردم
ئەو شیعرەیشی دەتەقاندەوە کە خەریك بوو وشکی دەکرد
خوام ناسی بە ڕووناکیی تۆ جەستەی پڕ دەکردمەوە
ئەو ڕووناکییەت کە چاوانی خواوەندە
ناسیم گوڵاوی تۆی دەمژی

**ئەو گوڵەی تۆ کە ڕەیحانەی دایکە**

**ناسیم بە وشەکەی قووتی دەخواردەوە**

**وشەکەی کە ڕوحە**

**خواوەندیان ناسی چونکە سامان و کوڕی پێ بەخشین**

**خواوەندم ناسی چونکە تۆی لێ نزیك کردمەوەو تۆی لێ دوورخستمەوەو بەرەو سەرگەردانی پاڵی پێوە نام**

**تا ئەو پرسیارانەم لێ بکات کە هەرگیز لێیان ڕانەهاتووم.**

# 6ی ئادار : بێ دایك و باوكان

بۆ پێنج ملیۆن منداڵی بێ دایك و باوكی ئێراقی

ـ پێم مەڵێ پارەیان بدەیە
كاتێك لە چوارڕیانەكاندا دەیانبینیت
یان كاتێك كە ڕۆژنامە دەفرۆشن
یان كاتێك شووشەی ئۆتۆمۆبیلەكەت پاك دەكەنەوە
بەڵكو لە ئاسمان بنۆڕەو سەیر بكە چۆن باڵندەكان دەفڕن.
ـ پێم مەڵێ ئەوانە هەندێكن لە پاشماوەكانی جەنگ و
شایەنی ئەوەن بەزەییمان پێیاندا بێتەوە
لەبەر ئەوەی باوك و دایكیان لەدەست داون.
بەڵكو لەناو زەوی خۆتدا وشك ڕاوەستەو ئەوە بزانە كە ئەو گوللەیەی
بەر تۆ نەكەوت بەر ئەوان كەوت
سەریش بكەن ئێمە چەند بێ تاوانین!
چونكە پێنج ملیۆن بێ دایك و باوكمان دروست كرد!

ـ پێم مەڵێ ئەوە لە ڕابوردوودا ڕووی دا
بەڵكو (ئێستە) هەموو ڕۆژێك بەسەدان بێ دایك و باوك هەڵدەهێنێت و
سیاسەتوانەكانمان مۆركی شوورەییان لێ نیشتووە، چونكە ئەوان هۆكاری هەموو ئەمە بوون
ـ پێم مەڵێ هەموویان لە شەقامەكان نین
چونكە ئەوانەی لە ماڵەوەن پەكیان كەوتووەو لە ڕیشە هەڵكەنراون و
ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاوی ڕۆژگار ڕایاندەماڵێت

چونکە ماڵەکانیان لە قامیش دروست کراون و
خێزانەکانیان لێکترازاون.

ـ پێم مەڵێ: وأما اليتيم فلا تقهر (بە بێ باوك و دایکدا هەڵمەکۆڵێ).
چونکە هەمو ڕۆژێك بە پێڵاوەکانمان دەیانپلیشێنینەوە
جا لەبەر ئەوەی ئاییندەیان لەناودەبەین
جا لەبەر ئەوەی سامانەکانیان دەدزین
ـ پێم مەڵێ: ئەوانە خۆشەویستی خواوەندن
قسەی شیرین بووەتە ژەهر
لەنێوان ئێمەو ئەم وێرانکارییە تۆقێنەرەدا بووەتە بەربەست

ـ پێم مەلێ : ئەمە کارەساتە!
چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوانە پێش هەموو ڕیزەکان دەکەون و
چاو پڕ لە فرمێسك و بڵێسە دەبن و
دەزانن چی دەکەن.

# 7ی ئادار : ئەسپێکم بانگ کرد

ئەسپێکم بانگ کردو لێم پرسی:
ـ ئەدی تۆ پاڵەوانی هەر هەموو ڕابوردوو نەبوویت؟
ئەی تۆ بەشداری هەر هەموو شەڕە کۆنەکانت نەکرد؟
کەچی ئەمڕۆ لەکار خراویت
تەنیا لە پێشبڕکێ و فیلمەکاندا بەکاردەهێنرێیت
ئەی ناتەوێت کارێك بکەیت لە پاڵەوانییەتەکانی ڕابوردوو بچێت
باشە... پێت دەڵێم کە دەبێت چی بکەیت
کەسانێك کوڕەکەیان ڕفاندووم هێشتە تۆ بەکاردەهێنن
ڕەنگە تۆ بیانناسیت ئەگەر سەیری دەم و چاویان بکەیت
یان دیمەنەکەیان ببینیت
جلەکانی کوڕەکەم لەسەر پشتت دادەنێم
تا بۆنەکەی بزانیت...
خۆڕۆش و خواردنت پێ دەدەم
ڕێگەت دەدەم بە شاران و شەقامان و چۆڵەوانییەکاندا بسووڕێیتەوە
ڕەنگە بۆنی کوڕەکەمت بەر لووت بکەوێت و بیناسیتەوە
ئەسپەکە دەحیلکێنێت و ملی دەلەقێنێتەوە و ڕەتی دەکاتەوە.

ـ باشە... خواردنت پێ دەدەم
زینێکی جوان بۆ سەر پشتت دروست دەکەم
ئەسپەکە دەحیلکێنێت و هەر چوار پەلی بڵند دەکاتەوەو ڕەتی دەکاتەوە.
باشە دەتکەم بە بەناوبانگترین ئەسپ لە جیهاندا

ئەسپەکە بە تووڕەییەوە دەحیلکێنێت پاشان هەڵدێت و دووردەکەوێتەوە.

ئەو ناڵە پاك دەکەمەوە کە بە دەستمەوەیە

لە پێی خۆمی دەدەم (پێی خۆمی پێ ناڵ دەکەم).

ئەم جار دەبم بە ئەسپ و دەست بە نەرمە غار دەکەم تا بە تەنیا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەم.

# 8ی ئادار، جەژن !

چەندان دارستان ئافرەت
سووتاون...
چەندان لق هەڵدەگرم و ڕەشاتییەکەیان لێ پاك دەکەمەوە
حەشاماتێك دەبینم
خودایە...
چییان بەم هەموو جوانییە کرد:
پرچیان بڕی و بۆیەی سەر نینۆکەکانیان سڕی و
جوانییان قوڕاوی کرد
خۆڵەمیشیان لەبەر کرد
جەستەیان لەژێر پێیاندا پێشێل کرد
ئەمە جەژنەکەیە!

پیاوان ... پیاوە ساختەکان
ئەوانەی چەکیان هەڵگرتووە
ئەوانەی ئاماژەکانیان هەڵگرتووە...
ئەو دزانەی ناشیرینی و مەرگ بەسەر هەموو شتێکدا بڵاودەکەنەوە
گۆڕێکی گەورەیان هەڵکەندووەو
ئافرەتیان تێ هاویشتووە
ئەمە جەژنی ئافرەتە.

# 9ی ئادار: گەلێکمان لە ژێر زەمیندا هەیە [1]

ئەی کەللەسەر دەستم بگرە
هاوارت چوون بوومەلەرزە دەنگ دەداتەوە
ئەی با دەمت بکەوە
ئەی پەراسووەکان دەستم بگرن
ئەی تەرمە هەڵواسراوەکانی بەر باران
ئەی ئێسکەکان دەستم بگرن
بێنە دەنگ
ئەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بەو هەموو بەسەرهاتە ڕەشانەی هەتانە قسەبکەن
قسە بکەن و ژێر زەمینە تەم و مژاوییەکان ئاشکرا بکەن
ڕەشایی دڵمان و نشوستییە نەخۆشەکانمان
ئاشکرا بکەن

لە نزیك تەپۆڵکەکانی شوێنەوارەکاندا
تەپۆڵگەی وەرگەڕاوی تەرم لەژێر زەویدایە
کۆترەکە فڕی و پاشان هاتەوە
هەرچی قەلەڕەشکەکە بوو ئەوە نەهاتەوە
ئەی ولاتم ڕۆژێکی ڕەش
هێشتە تۆفانی مردووان هەر ماوە
پاپۆڕەکەم لەکوێ دانێم تا سەیری گەلێك بکەم لەناو گۆڕدا نغرۆ بووە؟
چۆن وەسفی بکوژەکانی بکەم؟
ئەی چۆن باسی ڕووباری ئەو لیتەیە بکەم کە ڕایماڵی؟

منداڵەکان چۆن هاواریان کرد؟
ئەی بەژنی کچان چۆن تێکشکێنران
ئەی چۆن بروسکە لەجەستەی لاوازی لاواندا لەرزییەوە
پاپۆڕەکەم لە کوێ دانێم تا بزانم چۆن بیرەکان دیواودەرمان بوون و
چۆن مستەکۆڵەکانی قرچەی نێوەڕوان دایانڕزاندین؟
چۆن منداڵەکانمان لە تەنوورەکاندا سووتان؟
چۆن بە قوربانی بە کارگەکانی خشت دروست کردنیان پێشکەش کردن؟
ناکرێت ئەم ڕۆژگارە تا ئەم ڕادەیە کەڕو کوێر بێت
بە دەست بەستراوی لەسەر ئەژنۆ نووشتانەوەو تانکەکان هەمووی شێلان
لە بەهەشت بینییان بزەیان دەهاتێ
ئێمەیان لە دۆزەخ بینی بۆ ڕیسوایی خۆمان دەگریاین

تەرمگەلێك بە پرسیارگەل کون کون کراون
تەرمگەلی ڕەش لە لوورەی گورگانەوە بەردەبنەوە
تەرمگەلێك بە گوللەی نەبینراو گرد دەبنەوە کە بەشی مەرگی دادێمان بکەن
تەرمگەلێك پرچیان چوون ژەهر بەسەر شانماندا شۆڕ دەکەنەوە
هەناسەی بەباخچەکانماندا هەڵدەزنێت
خۆڵەمێشەکانیان ئەقڵمان بۆیە دەکەن و
گیانیشیان لە شارەکانماندا دەجووڵێنەوەو
داوای پشوو دەکەن.

# 10ی ئادار: گەنجینەی پیس بوو

ئارەزووی بەیانییەکی خۆش دەکەم لەم وڵاتە
لە سینییە ڕیزکراوە پڕ لە سەرتووەکانی ئافرەتە معدانەکان بکات
لەسەر نانێك چوون پشکۆ دەستاو دەستی پێ بکرێت.
گوگوختییەکە لە پەنجەرەکەوە نافڕێت کاتێك کشی لێ دەکەم
چوولەکەکانیش لە بالکۆنەکە گرددەبنەوە
ئارەزووی شەوێك دەکەم بە بادەو گۆرانی چڕینی خۆم ڕەنگی بکەم
گزار پێم دەڵێت: کەی گەورە دەبیت؟
حەسەن نواب هاوار دەکات: ڕوتابی چوون زێڕم لەبەردەستە
حەمید قاسمیش خۆی تێ هەڵدەقورتێنێت: ئەوەی نایەت
هادی یاسین لای خۆیەوە مەست دەبێت و هاوار دەکات: ئەڵڵا.
ستار کاووش پەڕەمووچەکەی خۆیم پێ دەدات تا دیوارەکانی یەکیەتی نووسەران بەشین و سوور بڕازێنمەوە
ئەی هاوڕێیان ئێوارەیەکی جوان
ئێوارەیەکی جوان ئەی بریسکانەوەکانی سەلام کازم
ئێوارەیەکی باش ئەی پێکەنینەکانی حیکمەت حاج
ئێوارەیەکی باش ئەی محەمەد تورکی نەصار
بۆ کوێ چوون؟ کوێ
خودایە ...
چی بەسەر دنیا دێت
ئەگەر زۆرتر بزربوون؟
شەوێکی چوون گوڵ

وێڕای هەڵکردنی مەرگ

وێڕای کۆتەکانی شۆستەکان

گوگوختییەکە دەم و چاوم بە پێکەنین ڕەنگ دەکات

بەرەبەیان بە پێکێك دووشەق دەکەم لە ماڵەکانی ئەسکەندەرییەدا لەگەڵ هاوڕێ شاعیرەکانمدا

بڵندی دەکەمەوەو

لەگەڵ ئیبراهیم

ئەم چیمەنتۆ سەختەی شەوی دوویاڵە دەشکێنم

تاریکیش ڕامناگرێت خۆشەویستی خۆم بۆ گوندەکانی مووسڵ

بدرکێنم

بادەکەی مار مەتی دەبووژێنمەوە

ئەی ئەب یووسف پێکی تۆیش هەڵدەدەم.

ئەی نیشتمانم... ئاخ لە دەستی تۆ

بۆچی یادوەرییەکانمان دەڕێژیت و

چوون گەنجینەی پیس بوو

بە ناو تاراوگەکاندا تووڕیان دەدەیت.

# 11ی ئادار: ئێمە شیاوین

ئێمە پیاوگەلی شیاوین

بۆچی ئێمە پیاوگەلی شیاوین؟

ئێمە بۆ ڕاوەچۆلەکە شیاوین بۆ نموونە

بۆ کوشتنی گیانلەبەران شیاوین

بۆ ئەوە شیاوین ڕووبارەکان بکەینە سیانە

بۆ ئەوە شیاوین سەرپێچی یاسا بکەین

بۆ ئەوە شیاوین بچینە ناو یاساوە

بۆ ئەوە شیاوین سنوورمان لەبەردەم بیانیاندا بکەینەوە

بۆ ئەوە شیاوین بیانگەیەنینە ماڵەکانمان

بۆ ئەوە شیاوین چەکیان پێ بدەین تا دزی بکەن و کەسوکارەکانمان بکوژن

ئێمە بۆ داونانەوە پیاوی شیاوین

بۆ ئەوە شیاوین شێوازی نوێی کوشتن بدۆزینەوە

بۆ ئەوە شیاوین کۆت لە مەچەکی یەکدی بکەین

زاری یەکدی بدروینەوە

پەردە لەسەر یەکدی دابدەین

بەڵام بۆ ئەوەیش شیاوین یەکدی بنێژین و

شوێنەواری یەکدی بسڕینەوە

ئێمە پیاوی زۆر شیاوین بۆ وێرانکردنی وڵاتەکەمان و

پارچە پارچە کردنی و

بیکەینە پووشێکی بەردەم ڕەشەبا بۆ خۆمان و

خۆمان بکەینە گاڵتەی سەر زاری هەموو دنیا

**ئێمە بۆ ئەوە شیاوین ئەشکەوتەکانی مێژووی خۆمان بکەینەوەو**

**تەرمگەلی لێوە دەربهێنین و**

**بیانکەینە منارەی ئیستەمان**

**ئێمە شیاوین**

**بۆ خوشویستنی مەرگ و**

**ڕق لێبوونەوەی ژیان زۆر شیاوین.**

**جا لەبەر ئەوەیە ئیمە شیاوین.**

# 12ی ئادار: نگینی یاسەمین نوی بکەوە

بۆ مروەی کچم لە پازدەمین ساڵیادی لەدایکبوونیدا

(یاسمین)ـە دێرینەکە لەبەر دەرگەمە
من چاوەڕوانی تۆم تا نگینی یاسەمینەکە نویێ بکەیتەوە
لە چاوەڕوانیتدا شەو بەسەر دەستمدا شۆڕ بووەوە
بەر لەوەیش بەرەبەیانی زێڕ هەڵبکات
بزرگەکەم تەسکتر بووەوە...
ڕووەکێکی کۆماو چواردەوری دام و
پەنجەی خستە سەر بیرەکانی ڕۆژگار
(ئیڤۆر- عاج)ێك ڕێگەی چنیم
تۆیش لەو پاپۆڕەدا دەرکەوتیت کە مەشخەڵەکانی هەڵگرتبوو
پاپۆڕێك لە ناخمدا شاراوەتەوە
نوێژەکانم بۆ تۆ دووبارە بوونەوە
تۆیش چوون سبەینێیەکی بە ئاو تەڕکراو بوویت
چوون پشیلەیەك بە قەد دەستمدا هەڵژنایت و لەسەر گەردنم نووستیت
ئەو میوزیکانەی حەزم لیێ دەکردن لەبەردەممدا دەرکەوتن
لە پەنجەرەکەوە ئەستێرەکانی ناخم بینی
ئەو شوورایانەم کە غەم سەری تیێ کردبوون بە گوڵم چاندن
قامکەکانت کە لە ئاوێنەکەوە کشان بوون بە قەندیلۆکەی ئاگر
پشکۆی خۆمم گرتە دەستەوەو کڕنۆشم برد
تۆ لەناو کتێبەکانی نوێژەکانمدایت

**پریاسکەکەتم هەڵگرت و بە شەقامەکاندا لە گەڵ خۆم سووڕاندمەوە**
**کاتێك هیچ شوێنێکم بۆ نەبینییەوە**
**لەناو کتێبەکەم شاردمەوە**
**ڕەشەبا یاری بە باڵەکانم کرد**
**وەك ڕاهاتووم، ترسم لەسەر لم دەنووسم**
**پشتوێنی پشتم بۆ نەگەڕایەوە.**

**لە پشتی ڕۆژگارمەوە دانیشتم و چاودێریم دەکرد**
**شەو لەسەر بەژنت بکشێتەوەو**
**گوڵ لە نزیك هەردوو پێتدا بچێنم**
**بە تۆ پەنجەکانم تیمار کردو**
**چاوەڕێی هەتاوی تۆم کرد**
**ڕێگە بکاتەوەو**
**دووکەڵ بشوات و**
**بەردەوام نگینی یاسەمین نوێ بکاتەوە.**

# 13ی ئادار: خەونەکەم بۆ دەرگە دەگێڕمەوە

خۆڵەمێش دەرمەکانی پڕ کردمەوە
مەرگیش مۆڵەتی دامێ تا لێی هەستامەوە
جلەکانم شڕکردو تا بەرەبەیان لای دەرگەکە دانیشتم
خەونەکەم بۆ دەرگەکە دەگێڕایەوە:
ئەی دەرگە، لە کێڵگە، کێڵگە بەرینەکە
شمشێرێك کەوتە نێوان درەختەکانمەوە
نووکی زێڕو مشتووەکەی زیو بوو
قورس و بریسکەدار بوو
هەڵمگرت و خستمە سەر شانم و
دواتر لە پشتوێنم توند کردو
بە شادومانییەوە ڕێم پێوەکرد
بەڵام کاتێك گەیشتمەماڵەوە
لە دەستم بەربووەوەو شکا، پاشان بێ سەرو شوێن بوو
چوومە دەرەوە بە دوایدا گەڕام تا بە ئاگە هاتمەوە ئەی دەرگە
ئایە دەشێت خەونەکەم بۆ لێك بدەیتەوە؟
دەرگەکە پێی گوتم:
ئەم شمشێرە کوڕەکەتە
بڕۆ بنووە بەشکو خەونەکەت بگەڕێتەوەو بیدۆزیتەوە.

بە دەرگەکەم گوت: نووستمەوەو خەونەکە نەگەڕایەوە
دەرگەکە گوتی: بنوو.. تا خەونەکەت دەگەڕێتەوە

دەچم و دەنووم و خەون بە باڵندەکانەوە دەبینم هەڵمدەگرن و خەون دەبینم دەستم لە چەند شوێنیکەوە بریندار بووەو خەون دەبینم مانگایەك لەناو کێلگەکەمدا پاڵ کەوتووەو خەون بە چەندان گەنجینەوە دەبینم لەناو کاغەزەکانمدا تالآن کراون و خەون دەبینم و.. خەون دەبینم بەلآم تووشی شمشێرەکەم نابم

خەونەکەم بۆ ڕێبواران دەلێمەوە، هەروەها خەونەکەم لە کۆڕی خەلکیدا دەلێمەوە

کەس لەهیچ شتێکم ئاگەدار ناکاتەوە ... پاشان دەگەڕێمەوەو

بۆ مشتووەکەی دەگێڕمەوە کە لە نزیك دەرگەکەوە دۆزیمەوە.

# 14ی ئادار: هیچ شتێك نەماوە مرۆ فریو بدات

ئایە ئاگران هەن تا ژیانی خۆمیان پێ بسووتێنم؟
ئایە کێڵگەی دڕك هەیە تا ئاوی بدەم؟
ئایە مانگان هەن تا لە مێشکی خۆمیان دەربهێنم؟
هیچ شتێك نییە فریو بدات...
منداڵیەتیم لمێکە لە کەرکووکەوە تا مووسڵ تا حلە تا هەولێر تا بەغدا درێژ دەبێتەوە
ولاتەکەیشم تاراوگەیەکی جوانە چوون گۆزەیەك لە کەنار هەڵدێر دانرابێت
تێلەکانم لەبەر زۆری ئاگر سوورهەڵگەڕاون و
ڕاوچییەکان تیرەکانیان ئاراستەی گەردنم دەکەن
ئاخەکانم بەسەر ئەم زەوییە سیحر لێ کراوەدا
بەسەر لقە بێ کەڵکەکانی و
بەسەر ماتەمینە درێژەکانیدا چۆڕاوگە دەبەستێت
نێشتمانەکەم هیچ شتێك نییە تەنیا نووکە خەنجەرێك نەبێت دڵم کون دەکات
جەستەیشم هیچ نییە تەنیا کەنارێکی ڕەنگ پەڕیو نەبێت
چراکانم شکان کاتێك بەناو زەلکاوەکاندا پیاسەم دەکرد
ئاسکەکانیشم بە داوو بۆسە دانراوەکانەوە بوون
ئەوەتە ئەمڕۆ دووپشکەکانم تێم ورووژاون و دەمخۆن
چوون سەبەتەیەکی هەڵەی پشت گوێ خراو
چوون نەورسگەلی برسی
چوون بەهارێکی پڕ مار
پاپۆڕەکەیشم سەرەوژێر دەبێت
بیرەوەرییەکانیشم لە تابلۆکانیان بەردەبنەوە

ئەو بوێرییەی لەناو وشەکانمدا شاردبوومەوە بەس نییە
دەستیشم ناتوانێت هەر هەموو ئەم ئازارانە هەڵبگرێت
نیشتمان بەسەرمدا وێران دەبێت
وەك چۆن بەسەر کەسانی دیکەیشدا وێران بووبوو.

# 15ی ئادار : جارە بارانێک

جارە ڕستەیەک پێت گوتم
تۆ حەز لە ئافرەتان دەکەیت
جارە خەونێک بینیمیت چوون جووتیارێکی چالاک
کێڵگەکانیان ئاو دەدەیت.
خەونەکە گەردو تۆزی لێ بڵند دەبێتەوە
لەناو مەینەتییەکانتدا نغرۆ بوویت و
تێلەکانت پەکیان کەوت
جارە وڵاتێک لە ڕوخساری لاوەکانیدا بینیتم
لە بەژنیاندا بینیتم
لە شەقامەکان گریام و
لەسەر شۆستەکان دانیشتم و لە باڵندەکان وردبوومەوە
کە لە تۆ دەچن
کەس تێبینی نەکرد کە دەگریم
باڵندەکانیش ئاگەیان لێ نەبووم.
جارە درەختێک غەمەکان تۆیان لێ دزیم
منیش بە ئەوینی تۆ خۆم داپۆشی
دەرکیشم بەوە نەکرد کە تۆ هەر هەموو ئەم خۆشەویستییەیت
ئاواتەخوازبووم لە شەیدایی تۆدا
هەموو ڕێگەکان تەی بکەم
جارە بارانێک دەم و چاوی خۆم بە فرمێسکەکانت تەڕکرد
نەمدەزانی تۆ لە ڕووبارێک

**یان هەورێك، یان لە ئاسمانێکدایت**

**هەستم پێ کردیت**

**بە چرچ و لۆچەکانی دەم و چاومدا تێدەپەڕیت و**

**بەسەر گەردنمدا دێیتە خوارەوەو**

**لە سەر سینگم سارد دەبیتەوە**

**جارە هەناسەیەك**

**زانیم کە تۆ نایەیتەوەو**

**زانیم کە منیش بێ تۆ ناژیم.**

# 16ی ئادار : هەڵەبجە

بەیانی چزەی لێ هەستاندم
هاوارم دەکردو ئێسکەکانم بە بنمیچەکەوە بەسترابوونەوە
مەنجەڵە هەڵواسراوەکانی قەد چیاکان دەسووتان
بۆنی بۆکرووزیان لێ بڵند دەبووەوە
هەوای گوندەکانی کوردەکان دەگۆڕان و دەبوونە هەوری زەرد
بۆنی سێو بە ناوکێکی ڕەشەوە
پەنجەی ئاسنین سەرلەنوێ برۆکانی دەکێشایەوە
لێوەکانی وێنە دەکێشا
زارەکانی دەکردەوە
چەند قەلەڕەشکەیەك بە قەوارەی گەردو تۆز بە بەرزایی ئاسمانەوە دەخولانەوە
گوڵەکان بە چیاکانەوە سیس داگەڕان و هەتاویش مووچڕکەی بە لەشدا هات
لە بەیانی بە دەزووی ژەهر کوت کراو
داربەڕووەکان بۆگەن دەبوون و
دەبوونە پشکۆ
تینوویەتی ڕێبەرم بوو
داڵەکانیان هەڵدەگرت و گوندەکانیان دەپشکنی
نەبەردیی مرۆڤی سووکایەتی پێکراو دەخوێنمەوە
سڕینەوەو ڕاڤەکردنی بۆ تاوێرو خۆڵەمێش دەخوێنمەوە
ملهوڕییەکەی دەلاوێنمەوە
ئارەزووەکان دەلاوێنمەوە کە لە سەرووی کاجیرەکان ڕواون
چۆن ئەو مێرووە ڕەشانەی کونەکانی زمانم بیر دەچێتەوە

**که دەیانەوێت لە ڕووداوەکانی دەوروبەرم بێ ئاگە بکەن**

**بەیانی هێشتە لە بنەوەی شووشە بەتاڵەکەی بۆنەکەدا ڕاوەستاوە**

**گوڵە تۆلیبی زەرد بەسەر ماڵ و بەسەر چیاکاندا شۆڕ دەبێتەوە**

**پیرەمێردێك بەلای حەشاماتەکەدا تێپەڕی هەمووی بینی نووستبوون**

**دەرکی کرد کە ئاسمان شتێکی شاردووەتەوە**

**گوتم چی دی مەدوێ**

**زمانت لەکار کەوتووەو ئاگریش زاری شەق شەق کردوویت**

**چۆن ئەم تەرتیلانە لەسەر خۆڵ ڕاکشاون؟**

**چۆن مەرەکەب بەم شێوەیە لای بردوون؟**

**شاردنەوەی داوەکان لە جۆگەکان**

**لوورەی نهێنی تەخت و تاراجەکان لێرەدایە**

**گوتم: وەرە لەگەڵم بۆ ئەم تەرمانەی لەو چۆڵەوانییە فڕێ دراون و**

**لەگەڵمدا لەسەرخۆ بە سینگی خۆتیانەوە بنووسێنە**

**دەست بەسەر کونەکانی هەوای سەریاندا بهێنە**

**دەست بە گوڵە وشك بووەوەکانی سەریاندا بهێنە**

**دەست بەسەر شمشاڵە شاراوەکاندا بهێنە کە ئاوازیان بۆ دەژەنن**

**ئایە گورگەکانی ناخمان پاڵیان بەیەکدییەوە نا**

**کاتێك ڕێگەمان بەرەو لای ئەوان بۆ واڵا کردن؟**

**کی وای گوت؟**

**بۆچی خۆم لە بەردەکەم دوورەپەرێز دەگرم؟**

**شمشاڵەکە بە گەردنمەوە بەستراوەتەوە**

**پتر لە پێویست سروودی بیابانی خۆمم ژەند**

**دەبوو بێ دەنگ بم**

**ئاوێنەگەلی چیا دەرکەوتن گۆرانییەکەی خۆمیان پێ پیشان دام**

ماچێك و زارێكی مردوو

منارەیەك و بانگدانێك خوێنی لێ دەچۆڕێت

ئەوانەی لە چیا چۆن ڕێگەی خۆیان بزركرد

خۆڵەمیش یاری پێ كردن و شاردنییەوە

شەو سروەی نییە

لەسەر ئەم تەختە بەردینانە ئێوارە نییە

سێبەرێكی فێنك چوون ئێسكی شەراب نزیك ڕەزە ترێكان

سێبەرێكی نەخۆش بە ماڵی كورداندا هەڵدەزنێت

هاوارو گریانیان چاوی ئاسمان تەڕ دەكات

بە ڕووتی بەرانبەر بە چیاكان ڕادەوەستم

بە هەر دە پەنجەكانم ئاماژە بە ئێسكەكانی بەرەبەیان دەكەم

چوون بیابان سپی دەچنەوە

گوڵەكەم كەوتە خوارەوە كاتێك ئاوم لە كانییەكی سارد دەخواردەوە

قسە كەوتە خوارەوە كە بە ڕێگەوە بەرەو شێتی دەچوو

ڕۆژێكی سەیر بوو شمشێرەكان تاڵانیان كرد

خۆڵەمێش چواردەوری دڵی دام و لەسەرخۆ بە دیلی گرتم

كەواتە ئەمە یەكەمین خورافەیە!

گورگەكان بە ئێسكەكانماندا ڕۆدەچن و

چەپكەكانی دۆزەخیش

لە ئاسنی گەڵاكانیاندا دەمانخۆن

مردووەكان بەم شێوەیە ئاخفین

بەم شێوەیە ڕێگەكەمان بەرەو لای ئەوان بزركرد

كاتێك دووبارە لە كتێبەكانماندا ناشتماننەوە

ئەم مێژووە چ گۆڕستانێكی گەورەیە

گۆڕەپانی مردنە .. کەنارو دەریاشیەتی
چامەو شۆڕەسوارو ئەسپەکانیشیەتی
ئەو مردووانەی هێشتە دەنووزێنن
بەبێ دەنگی بەردی ڕۆژگارمان دەکۆڵن
پاش هەموو ئەوەی ڕووی دا وێنەی ئەڤین کەوتە ناو ئاگرەوە.
بابە...
من لە هەمووتان دەترسم
منکوڵ لەو دڕندەیەی ناخمان دەگرم
دەیبینم بە پێداهەڵدان و گۆرانی شادە
چۆن ڕایبگرم کە بە جامەکانی ئێمە سەرخۆشە؟
بابە..
ئەستێرەکان دەرکەوتن خەڵتانی خوێن بوون
ئەگەر لقی کات کەمێك دڵنەرم دەبوو
ئەگەر ئێستە کۆترەکانی تێپەڕن
ئەگەر تاڤگەی گەلی عەلی بەگ بمشواتەوە
ئەگەر کانییەکان لە چیاکان و لە ناخمدا هەڵقوڵن
ئەوە مردووەکانم بە بنارەکانیانەوە لە ئامێز دەگرت و
یەك یەك ماچم دەکردن
بەڵام برینپێچەکەم درێژەو
تێلەکانم بەسەر دەست و بەسەر زمانمەوە تێکئاڵاون
بروسەکەکان جێیان هێشتم سەرگەردان بم
گیانلەبەرەکانم وازیان لێ هێنام پاڵیان بنێم
تۆبڵێیت ئەوە شێتی بێت؟
ئایە درك بوو؟

بابە ...

کەی لە ترس بێدار دەبمەوە

کەی پێپلکەیەك بەرەو ئاسمان ڕادەکێشم و پێی دەڵێم:

وەرە دابەزە سەر زەوی و

مرۆڤەکانت زیندوو بکەوەو

دەستت درێژ بکەو لە ئامێزیان بگرە.

# 17ی ئادار : خالد

*بۆ برام خالد لە بیست و چوارەمین ساڵیادی کۆچکردنیدا*

**ئەو کێڵگانەی بە غەمگینی بەجێت هێشتن**
**هێشتە بیرت دەکەن**
**هێشتە گۆرانییەکەت لەناویاندا چوون پەپوولەیەکی سەوز دەفڕێت**
**ڕووبارەکانت بە گەرم و گوڕی و بەلەمەکانت بە ئامادەیی بەجێ هێشتن**
**بۆچی هەرچوار لاکانی خۆت داخست و ڕۆیشتیت؟**
**بۆچی باڵندەکانت بە غەمگینی و هەڵواسراوی بە قەد درەختەکانی پاییزەوە بەجێ هێشت؟**

**ڕۆژگار بە شیوەن و گریان شەکەتی کردم**
**ئەو ئەستێرانەم لە دەست بەربوونەوە کە لەگەڵ تۆ چاندمن**
**تاکە ئەسپەکەیشیان دزیم**
**گالیسکەکانیشم سەونی دۆزەخ تەفرو تووناى کردن**
**ئەی نەفرەت لەم دنیایە بێت**
**هەڕایەکی زۆر دووردرێژمان پێ دەکات**
**پاشان بێ خۆشەویستان بەجێمان دەهێڵێت**
**ئەی نەفرەت لەم ڕۆژگارانەی هۆگریان بووبووین**
**کە جەستەمان دەکەنە گۆڕی پێش وەخت**
**لە (گۆڕەپانی نسوور) تەنیا مۆمەکەت بەربووەوە**
**کاتێك بە دوایدا گەڕام بینیم سوورە**
**مۆمەکەت سوورە**

**چوون ئاوابوونی پشکۆیەك**

**چوون گۆرانییەك خوێن سووری کردبێت و ئاه و نزوولە گوشیبێتی**

**ڕۆیشتیت و گۆرانیی ئاوابوونت لەناو تۆڕێکی بەتاڵی ڕاوکردندا لەدووی خۆت ڕادەکێشا**

**پاش چارەگە سەدەیەك گۆرانیی مەرگ لە شەقامەکانماندا دەبینم**

**چوون هەزاران پەپوولەی ڕەش**

**چوون ڕووباری گەرم و**

**بەلەمگەلی هەڵگەڕاو.**

# 18ی ئادار: تەرمگەلی نەناسراو

ڕووبارەکە ئاماژە بە ڕیسواییەکان دەکات
لە ئاوەڕۆکەی خۆیدا خۆی دادەپۆشێت و زۆر بڵێیی دەکات.. پاشان لافاو دادەبارێنێت
شەقامەکان ئاماژە بە نەفرەتەکان دەکات کە بەناویاندا ڕێ دەکەین
گوێیەکانی خۆی دادەخات و جنێو دەدات... پاشان هەر هەڵدێت.
قامکەکان ئاماژە بە تەمومژاوی خۆیان دەدەن و دەقەکانی ئاسمان ئاماژە بە قوربانی دەکەن
چون ئەم ڕووبارەمان پڕ لە تەرمگەل و وردە سکراب کرد
چۆن کۆتەڵەکانمان هەڵگرت و بە زەلەکانی مێژوودا هەڵزنایین
هەر هەموو ئەم گورگە هەڵاتووانەی ناخمان بە ئاگە هاتنەوەو
گازو قەپاڵیان لە هەوا گرت
گازیان لە پێگەلی ساڵەکانمان گرت کە بەسەر داوێکدا ڕێ دەکەن
تەرمگەلێك لە مێشکماندا زاوزێ دەکەن لەکاتی جەنگە لە ڕادە بەدەرەکانمانەوە لەسەر سنوور
تا جەنگە ڕوو خۆشەکانمان لە شەقامەکاندا
تەرمگەلێك بە کارە دزێوە فێڵبازەکانمان پێدەکەنن
تەرمگەلێك لەکاتی پشوودانەکانماندا ڕادەکشێن و قەرەوێڵەکانمان لێ دەتەننەوە
تەرمگەلێك ناتوانن هیچ بکەن تەنیا پێکەنین نەبێت
ئەو چاوەزارانەمان کە بۆ غەیبمان فڕێ دان چەکگەلی نوێیان بۆ هێنایینەوە
تا تەرمەکان زاوزێ بکەن
تەرمە نەناسراوەکان
لەکاتێکدا سەگەکان ناسنامەکانمان دەخۆن
چ لەگەڵ تەرمەکاندا بێت.. یان بێ تەرمەکان.

# 19ی ئادار : کۆڵانەکانی بەغدا

باران تەڕی کردوون
دادەبەزمە ناو شەقامەکانی بەغداوە
پاڵتۆکەم بە درەختێکەوە هەڵدەواسم و نۆتە تەڕبووەکانم دەژەنم
بەڵام دەنگی تەقینەوەکانیان تێکەڵ دەبێت
ڕۆژژمێرەکەم هەڵدەدەمەوەو لە ڕۆژەکانم دەڕوانم
پاش تاوێکی دیکە لەناو (قاسە)ی غەیبدا دەبم
ئیدی کەس بیرم ناکات

لە بەغدا بزربوون و
لە پاریس وێنەکانیان هەڵواسین
باڵندەکان ناتوانن پارچە کاغەزەکانیان لەنێوان هەردوو دەرگەکەدا بگوێزنەوە

کووچە تەسکەکان بەردەوام لە خواوەندەوە نزیکن
بۆیە لەم شەقامە تەسکەدا باڵی خۆم بڕی و
زەویم هەڵکۆڵی، وەك ڕاهاتووم، تا بە دوای خەیاڵ پڵاویدا بگەڕێم
هێشتە بەسەرهاتەکانم لە زارمەوە دادەچۆڕێن
باسی وڵاتێکی دێرین دەکەن نەناسراوان لێی نیشتەجێ بوون و
درەختگەلی زێڕینیان لێ چاند
بەڵام ئەوانەی پاش ئەوان هاتن ئەوساو ئێستەیش جووتیاری نازانن
کووچەکانی بەغدا هێڵەکانی ئاسمانن بەسەر ڕووی ئاوەوەو
ئەم بەلەمە بچووکەی من دەیەوێت فێڵ لە چەتە دەریاییەکان بکات.

# 20ی ئادار: پەنجە(*)

## 1.دڵم ڕووناکی لێ نیشتەجێیە

گوڵی ڕوح بە دەستمەوە نەبوو، لەوێ دوور بوو لەناو تاریکایی وڵاتدا،
بەهاری ئاوەکانم بە خەڵکی تاریکایی دەگوت: زارتان پێ نادەم، زارم پڕ لە قیستە، دەستتان پی نادەم، دەستم سەبەتان دەبەخشێتەوە. گوێتان پێ نادەم، گوێم سیدرا دەبیسێت.
(کەواتە باشە کابرا دڵی خۆتمان بدەیە).
دڵی خۆمتان پێ نادەم، دڵم ڕووناکی لێ نیشتەجێیە.
تاریکایی بە نیشتمانمدا چوون هەڵمێکی ڕەش پەرت بووەوە
گەنجینەکان لەبەردەم هەردوو چاومدا دەبرسیکێنەوەو منیش دوای ئەو کەسە کەوتووم دار زەیتونێکی بە دەستەوەیەو بە لاکانی گەردوونەکانی ڕووناکیدا دەمسووڕێنێتەوە، چەپکە گوڵە ئاس، کەی لە جەستەوە دەبمە تیشك؟

## 2. سکندۆلا

ئاوەکانی ڕووناکی چی دەڵێن؟
ئاوەکانی تاریکایی چی دەڵێن؟
جلی ژیان کە بە قەد تەختەیەکەوە هەڵواسراوە چی دەڵێت؟
ئاسنی هەر چوار ڕەگەزەکە چی دەڵێت؟
دیوی تاریکایی بوونەوەرەکانی خۆی بە چوار دەوری ئێراقدا خولاندەوە:
مار لە چواردەوری پەپکەی داوە
شێر دەچیتە ناو شارەکانییەوە
دووپشك لەناو دڵیدا زاوزێ دەکات

مێش هەنگ دەسووڕێتەوە
بەڵام ڕووناکی لێ نەبڕاوە.

## 3. چی بکەم

سبەینێ ڕۆژی بێداربوونەوەمە
لەم وێرانەو لە تەپ و تۆزە چڕەکەی بێزار بووم، نازانم چۆن گەڵاکانی درەختەکان لە زەردەوە بکەم بە سەوز. ئایە بۆ نموونە بە فرچە بۆیاخیان بکەم؟
نازانم چۆن شیر لە گوانی مانگاکاندا پتر بکەم.
بۆ نموونە بە شلەمەنی فوویان تێ بکەم؟
نازانم چۆن خۆشەویستی لە هەر چوار گۆشەی وڵاتی وێرانەدا بڵاوبکەمەوە
ئایە گۆرانی (بەپیتی) بڵێمەوە لەکاتێکدا من دەمم نییە؟
نازانم چۆن دەتوانم کاتژمێرەکانی  شەو وا لێ بکەم بە ڕادەی کاتژمێرەکانی ڕۆژ بن، ئایە تەرازوویەکی ڕاستەقینە هەیە؟

## 4. بۆ ئەوەی شیاوی چارنووسی خۆم بم

وڵات دەسووتێت،
وڵات دەنکێنێت چوون ئەسپێکی درێژ ڕاکشابێت و خوێنی لێ بچۆڕێت. چۆن بە بەهار بڵێم: وەرە. ڕۆژەکانی خۆم دەست ناکەوێتەوە کە تا هەتایە لە دەستم داون.
جیهانی ڕووناکی بەسەر جیهانی زەمیندا والابوو، چی دیکە هیچ بەربەست، یان ئیبلیسێك ناتوانێت تەگەرە بخاتە بەردەم وشەکانم. بە پێپلکەی هەوادا هەڵدەزنێم تا بەدوای کوڕەکەمدا بگەڕێم، لە فرت و فێڵی قسەی شیریندا بەدوایدا دەگەڕێم.
لەناو سکی گورگدا بۆی دەگەڕێم
لەناوبیردا بۆی دەگەڕێم
پێش ئەوەیش ڕێ بە ڕووناکی دەدەم پڕ ڕوح و پڕ جەستەم ببێت

**تا شیاوی چارەنووسی خۆم بم.**

## 5.کتێبەکانی سابیئەکان چی لە بارەیەوە دەڵێن؟

**کتێبەکانی سابیئەکان لەبارەی مەروانەوە دەڵێن: لەسەر زەوی ماوەتەوەو ڕزگاری دەبێت، لەو پەتانە ڕزگار دەبێت پێیان بەستراوەتەوەو، ڕووبارەکانی تاریکایی دەبڕێت، بە مەشخەڵەکەی چینەکانی تاریکایی تێدەپەڕێنێت و دێتەوەو چەپکە گوڵی پێ دەبێت، هێشتە ئەستێرەکان دەستیان بەستووەتەوە، هێشتە لەچیای (کارەکۆم)ــەو دووره. (مانا) ڕایدەکێشێت لەبەر بە داوی ڕووناکییەوە هەڵواسراوەو دیوارە مسینەکان لەبەردەم ڕێگەیدا ڕیز دەبەستن، بەرەو لای ئێمە دێتە سەرەوەو ئێمەیش بە ئاو بۆیاخی دەکەین.**

(*) لەم ڕۆژەدا جەژنی پەیدابوونی مرۆڤ لای مەندائییەکان (2006) بوو، کە پێنج ڕۆژ دەخایەنێت و پیپشی دەڵێن برۆنایا، یان پەنجە.

# 21ی ئادار: هەر سەد ناوەکەی ئێراق

ئایە دەتوانم بەسەر دەزووی ئاگردا بپەڕمەوە؟
ئەمڕۆ ڕۆژگار چوون تۆپێك لەنێو دەستی سۆمەردا پشووی دا
لە بیست و یەکی ئاداردا ساڵی سۆمەری دەستی پێ کرد
جەژنی (زکمەك) لەنێوان گەڵاکانەوە دەرکەوت
لەگەڵ ماسیی (شەبووت) دەرکەوت
لەگەڵ چاوە بریسکەدارەکانی گادا دەرکەوت
لەگەڵ هەردوو مەمکی پڕ لەشیری (ئینانا): دژلەو فورات دەرکەوت
مەروان پێی گوتم: بابە بۆچی ناو بەم وڵاتە نابەخشیت کە وڵاتی ئێمەیە؟
گوتم: تەنیا (ئێراق)ی بەسە.

گوتی: بەڵێ، بەڵام زۆر شتی دیکە هەڵدەگرێت.کاتێك بە قووڵاییدا ڕۆدەچم ڕووبارێك لەئاسمانەوە دەبینم دێتە ناو ئێراقەوەو ماسیگەلێکی زۆری تێدا دەردەکەون. هەر ماسییەو ناوێکی هەیە، کەواتە بۆچی سەرلەنوێ سنووری نەکێشینەوەو بەناوە ڕەسەنەکەی خۆی ناوی لێ بنێین

گوتم: کوڕەم ناوەکانی بڵێ
گوتی:

1. ئەرەك: کە ئورووکە یەکەمین شاری سەر ڕووی زەمین
2. ئەراك: هەردوو ڕەگی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی کاروون
3. ئەراکۆ: ناوی تیرانایە شاری پەلکەزێڕینە
4. ئەدنۆ: بەهەشتی عەدن شوێنی بەیەکگەیشتنی هەر چوار ڕووبارەکە
5. سۆنارتۆ: شنعار وڵاتی مانگ

**6. سۆمێرم: خاکی سۆمەر**

**7. کینجی: زەلکاوی قامیشەڵان**

**8. دۆکۆ: ئەو سەکۆ بڵندەی کە کوڕی لێیە**

**9. نبیرۆ: نیشتمانی ئەنۆناکی و دوازدەمین ئەستێرە**

**10. ئینکی: چیای زەوی و ئاسمان**

**11. ئۆریا: یەکەمین ڕۆژی دروستبوونی گەردوون**

**12. ئەراکی: خاکی واوەیلیٚ**

**13: مەرات: حەوای زەوی و یەکەمین ناوی دژلە**

**14. بەرات: ئادەمی زەوی و یەکەمین ناوی فورات**

**15. عامۆورا: خاکی ئامۆورییەکان یەکەمین دانیشتووانی عەمارە**

**16. ڕەفائیم : وڵاتی فریشتە ڕەفاعییەکانی چاکبوونەوە**

**17. میعدان: زەوی مەدان**

**18. ئاشوور: خاکی ئەستێرە دووباڵەکە**

**19. ئەکاد : خاکی بەپیتی هەتاو**

**20. بابل : دەرگەی خواوەند**

**21. ئەدۆم: خاکی خواوەند وڵاتی ئەیدۆما**

**22. قادش: خاکی قادیسیا**

**23. میسان: خاکی مانگ و ئاوی زیندووی بەردەوام**

**24. زۆف: زەلکاوو دەریای قامیشەڵان**

**25. ئەدۆن: گەورە خاکی بەپیت**

**26: موسێر: خاکی بەپیتی خواوەندی ڕۆژهەڵاتی دژلە**

**27. کومیت: خاکی ڕەش کە لەوانەیش کومیت**

**28. جامر: کاهینی جیهانی سەرەوە**

**29. مار: کوڕو گاو تەندروستی باش**

30. لیل و لیلیس: ئادەم و حەوای سۆمەرییەکان

31. نمرو: کە بە باران ڕێگەکانمان پاك دەکاتەوە

32. ئەساری: بەخشێنەری زەوی کێڵراو

33. ئەبسو: ئاوی سازگارو نیشتمانی حەوت داناکە

34. دمووزی: کوڕی دلێر

35. بورادۆ: شەبووت کە شارستانیەتی فێرکردین

36. ئینلیل و ئەستێرە شەش پاڵووەکەی هکساس

37. تاووسی شا تاووز(تەمووز) کە جبرائیلی نێردەی نێوان خواوەندو مرۆڤە

38. ئادەم: کە لە خاکە ڕووناکەکەی دروست کراوە

39. سار: شا و خولی گەردوون و مانگ و کات

40. ئارام: پێدەشت و دەشتگەلی ئاو

41. یوونس: کە لەناو ئاوەوە بە بەرگی ماسییەوە هاتە دەر فێرکاری ئادەمیزاد

42. مووسا: خواوەندی ئاو کە دەریای دووکەرت کرد

43. ئەبرام: باوکی مانگ و پیت و فەڕ

44. یاسین: خاکی مانگ

45. سیدرا: خاکی پیاوی تەمەن درێژ خاوەندی یەکەمین کتێبگەل و پەڕە نووسراوەکان

46. ئەکیتۆ: خولی ساڵ بە بەهار

47. ئیرەم: خاکی ئیدریس

48. بشر: خاکی ئادەم

49. کیشار: خاکی خولگە

50. لالا: گۆرانیی دروێنە

51. توتو: دانایی و ڕەچەڵەکی تەحووت

52. زیکۆ: لایەنگری پاکژی

53. ئەغاکۆ: کە بە چاوەزارەکانی مردووان زیندوو دەکاتەوە

54. تۆکۆ: ئەوەی نەفرەت لە دوژمنەکانی دەکات

55. شازۆ: گەردەلوول بێن

56. زەخریم: دوژمن لەناوبەر

57. ئیبادۆن: چاودێری کەناڵی ئاسمان و زەوی

58. ئەبووب: تۆفان

59. بیسۆن: مرۆڤی زەوی کێڵ و بەفەڕ

60. مندا: خاکی زانین و نەریت

61. مانا.سەرچاوەو ڕەگی جیهان

62. کۆسی: ڕەچەڵەکی قورەیش

63. ئەرسیتۆم: یەکەمین خاك

64: ور: گەردەلوول و ڕەشەبا

65. ئەباسر: فریشتەی بەهەشت

66. ئاس: لقەکانی ڕووناکی

67. ئەنسۆ: هەڵۆ بە سەری شێرەوە

68. ئیقلیدا: کلیلی زەمین

69. بەرقا: هەورەبرووسکەی ئاسمان و تیشکەکەی

70. هیی: زیندووی هەمیشەیی

71. یەردنا: ڕووباری زەمین

72. یوونا: کۆتر

73. بوراق: سەوزی بەرین

74.بوهرا: مانگی ڕووناك

75. لویا: ناوجەرگەی زەمین

76. کۆیلا: کەشتیی ڕزگاری

77. مارکداو: خاوەندی کتێبە مەزنەکان

78. نەبا: کانی و سەرەتا

79. سندرکا: دارخورمای ژیان

80. مریای: ئەو کیژە مێرنەکردووەی لای فورات منداڵی بوو

81. یەهیا: سەرۆکی نەتەوە کە لای فورات پیرۆز دەکرێت

82. مسیا: بە ڕۆن چەورکراو عیسا

83. حەیدەر: شێر

84. خۆڵ: خاکی مەزارگە

85. ڕەبات: قەڵای هێز

86. مەشهەد: تەلارو گومەزەکان

87. تەف: خاکی خوێن

88. ڕەوز: بێستان

89. تەسووج: زەوی چێنراو

90. سەواد: ئەو خاکەی زۆر شتی لێ چێنراوە

91. تاق: ئاسمانی قوڕ

92. ئاشتی: شوێنی ئاشتی

93.ڕوانگە: شوێنی ئەستێرەگەل و خولگەکان

94. زەوراء : ئەو خاکەی بەردەوام سەری لێ دەدرێت

95. قیبلەنما: بەهۆیەوە ئاراستەی لایەکان دەزانرێت

96. کورد: زەوی بەرزو چیا

97. ویلایە: بنەمای موڵك

98. بەتائح: ئاوی ڕووی زەوی

99. بێت نەهرێن: هێلانەی ئاو

100. بیر: کە لەناویدا بزردەبم.

# 22ی ئادار: ئەسپی ڕەش

تۆ بەهاریت و
منیش غەمگین
بە پاڵتۆکەت داپۆشە، لە کابینەی فرمێسکەکانم دەرمبێنە
بە ڕووناکی جەستەم بشۆ
بە دزییەوە هەناسە دەدەم و
داوا لە گیانم دەکەم هێور بێت
تا بگەمە بنی بنەوەکانم و دڕکەزێ بخورێنم.

پەیکەکەم هەورەو
سینییەکەم بەرینەو
ئەسپەکانم هەڵدەکوتنە سەر گۆڕەپانگەلی زۆر
بەڵام ئەمڕۆ سەرم خستووەتە نێوان هەردوو دەستمەوەو
بیر لەوە دەکەمەوە بەسەرمان هات
دەکۆشم بەدوای تروسکەیەکی دووردا بگەڕێم
تا بیگرم و پێیدا هەڵزنێم

ئەم وڵاتە باسی چیم بۆ دەکات؟
لەبارەی شەڕە بێ هوودەکانییەوە
یان لەبارەی خۆڵەمێشی ئەستێرەکانی
ئەم مەودایانە باسی چیم بۆ دەکەن؟

**بۆچی  شەپۆلگەلی دوور ڕەچەڵەك لەناومدا شەپۆل دەدەن و**

**ئەسپگەلی ڕەش هەڵمەتم بۆ دێنن**

# 23ی ئادار : دوورخراوان

خۆزگە دووکەڵ پەرت دەبووەوە
خۆزگە مانگی یەك شەوە لە دەمی مارەوە دەهاتە دەرەوە
خۆزگە شەو لەناو قەرەوێڵە بەهێوری لەگەڵمان دەنووست
پارچە شکاوەکانی وڵاتم خستە ناو کووپەکەمەوەو
لەسەر ڕەفەکەم جێ هێشت
تێلم پێ نەبوو تا پارچە شکاوەکانی گۆزەکە پێکەوە ببەستمەوە
خودایە ...تۆ وڵاتت لە قوڕی سوورەوە کراو دروست کردووەو
خۆیشت شکاندت
ئایە پێویستە تا هەتایە بەم شێوەیە بڕۆین؟
بۆ کوڕە پەککەوتەکانمان پێویستمان بە دارشەق هەیە
پێویستمان بە باندج و دەرمان هەیە
پێویستمان بە نان و سەوزەو نەوتی سپی هەیە
پێویستمان بە جلی نوێ هەیە بۆ جەژنەکان
خودایە... ئایە لەم سەرگەردانییەدا بەجێمان دەهێڵیت
خودایە ...تۆ وڵاتت لە قوڕی سوورەوە کراو دروست کردووەو
خۆیشت شکاندت
ئەسپی شەکەت و تەویلەی چۆڵمان هەن
شمشێری شکاوو ئامێری پەککەوتوومان هەن
دزمان لەگەڵن هەوا دەدەزن
بەڵام گەلێکی دلێرین
بۆچی دڕکەکانی لێ دەرناهێنیت؟

بۆچی بەهێزەکان لەناو نابەیت؟
بۆچی کارێك ناکەیت شاعیران لە ئەشکەوتەکانیان بچنە دەرەوە
ستەمگەرەکان گیانی وڵاتیان وێران کردووە
داگیرکەرانیش جەستەیان وێران کردووە
زنجیری تانکەکان ماسولکە کەمەکانی بەهاریان شێلا
گوللەیش هەفتە شۆڕبووەکانی کون کون کرد
ڕێگەیان دا هاوین لەناو خوێنماندا یاری بکات
نەفرەت لە هەموو ئەندامەکانماندا کەوتە جموجووڵ
تا هەتایە لە تاراوگە گیرساینەوەو لە وڵاتەکانمان دوورخراینەوە
فوو بە شمشاڵە غەمگینەکانماندا دەکەین و
جانتاکانمان لە شان دەکەین و دەڕۆین و
تا هەتایە تەختەدارەکەمان بەسەر شانمانەوە هەڵواسراوە

▯

# 24ی ئادار: دووبارەبوونەوەی ژان

چۆن چاوم بەو شێوەیە نانوێنێت بە ڕەش هەڵکۆڵراوە؟
چۆن بەو شێوەیە نانوێنم لە چەتە بچم؟
ئەگەرچی هەموو خەونەکانم لەناوچوون لەکاتێکدا هێشتە لە مێشکمدان
غەمان لە گۆشتیان خواردم و
برووسکەگەلیش لێیان دام
مەینەتییەکەم لە زستاندا چوون ورچێك دەرکەوت و خواردمی و
ڕۆژەکانم بوون بە ئارد
بۆچی دەرگەکانم لە بەردەمدا داخران
ئەو ئەستێرانەم کە بە درێژایی تەمەنم بە خێوم دەکردن نکۆڵییان لێ کردم
ئەو هاوڕێیانەی کە خۆشم دەویستن لە بیریان کردم
تەنیا زەوی غەمەکانم بڕی
فرمێسك دەمارەکانی تەنیمەوە
پتر لە قەلەڕەشکەیەك هێلانەیان لەسەر هەردوو شانم کرد
ڕێگەکەم چۆڵەوانییەو
وڵاتەکەم پارچە پارچەیە
چەتەو یاخیگەرو چەکدارو دزی تێدا پەیدابوون
کاژە ماریان ڕاخست و خۆیان پێ پۆشی
سەگ و پڵنگیان کوشت و بە خوێنیان ئارەزووی توندتریان نواند
خەڵکیان کوشت و ناوی خوایان هێنا
چۆن پێ ناچم نەخۆش بم
ئەی چۆن لم هەڵناکوتێتە سەرم

کاغەزێك وەربگرەو یارمەتیم بدە
هاوڕێم لەسەر وڵاتەکەمم بۆ بنووسە... چی بەسەر هاتووە؟
لەبارەی سەرگەردانیی ئەقڵ و ڕوحمەوە بنووسە
لەبارەی کوڕەکەمەوە بنووسە...
شەرم مەکە
بڕوا مەکە پێم ناخۆش بێت
چونکە کامەرانی تا هەتایە لە پێگەی خۆی دووری خستمەوە
کامەرانیم لە دووبارەبوونەوەی ژاندایە.

# 25ی ئادار: داڵەکان

ئەو داڵانەی لە گۆشتی تەرمەکەیان خواردم
بە ئاسمانەوە بڵندبوونەوەو
پارچە پارچە بەجێیان هێشتم
سەربازەکان لە نزیکمەوە دەڕۆیشتن و ئاوڕیان لێ نەدەدامەوە
سەوزەفرۆشەکان لە نزیکمەوە هاواریان دەکردو برینەکانیان نەدەبینیم
گیانلەبەرەکان شەوانە تێدەپەڕین و خۆیان لە ئازارەکانم تێنەدەگەیاند
هەردوو چاوم پڕ لە فرمێسکن و واوەیلام کۆتایی نایەت
بۆچی هەمووان ڕوویان لێ وەرچەرخاندم.
باران پێیەکانم دەشوات و بایش برینەکانم کزر دەکاتەوە
هەتاویش ئاهەکانم وشك دەکاتەوە
لەسیبەرێکدا حەشارگەیەك دەدۆزمەوەو واوەیلاکەم هێور دەبێتەوە
کونەیەك بەسەر سەرمەوەیەو ئاوم پێدا دەڕێژێت
چوار قامیش ڕێکدەخەم تا ببێتە شێوەیەك ڕێگەکەم پێشان بدات
چوار بەرد کۆدەکەمەوە تا ببنە نیشانە بۆ ڕۆیشتنم
دەرگە داخراوەکەم لەبەردەمدا دەکرێتەوەو ناوی تۆ گۆدەکەم
بەسەر ژانەکانمدا بەهێزدەبم و شۆستە ڕاکردووەکانیان پێ لەکەدار دەکەم
خۆمیان لێ قوتار دەکەم
لەکاتێکدا خەریك دەبم هەستمە سەر پێ و بۆ ماڵ بگەڕێمەوە
جارێکی دیکە داڵەکان دادەبەزن و
هێرشم بۆ دەهێنن.

# 26ی ئادار: میژۆی لاو

بەڵام هێشتە ئاو لە ئاسمانەوە نەهاتبووە خوارەوە
میژۆی لاوی باڵابەرزو جوان کە بەرد لە چیاکە دادەتاشێت
میژۆی لاوی بەهێزو خێرا کە حەزی لە شەوو شەوبێدارییە
ئەو لاوەی بێجگە دڵپاکی هیچ شتێکی دیکەی نییە
کە کاتێك لەدایکبوو پێدەکەنی
کە وشە وەك چاوەزار بەسەر سینگییەوەیەو بەرێدا دەڕوات
بەڵام هێشتە با بەر گوڵی جووری نەکەوتبوو
لە سۆمەرییەوە گویٚ لە قسە جوانەکانی بگرن
سەیری منداڵەکان بکەن لە چواردەوری دیاری وەردەگرن.
کە پێکەنینەکەی سروەیە
کە ڕستەکانی تا هەتایە لە ڕووناکی پێکدێن
کە لە دەروازەی گەڕەکدا پەیکەرێکی لە گوڵاوی بۆ دروست کراوە
لە کۆتایی گەڕەکیشدا پارچە قوماشێکی بریسکەداری هەیە
بەڵام هێشتە ئاگر بەو چڕییە لە پەرستگەکاندا دانەبەزیبوو
هەڕەکەی چوون خواوەندی هەتاو تاریکی دەبڕی
گلۆپەکانیشی دەگەشانەوە چوون تیشکێك ببریسکێتەوە
سەیرکردنی دڵی شاد دەکرد
خووپێدانی ڕاناوەستێت
مزگەوت و کلێسەو یانەو مەزارگەکان بۆ لای خۆیانیان ڕاکێشا
ئەویش بە دڵێکی پیرۆزو بە چەندان چین تیشکەوە ڕووی تیٚ کردن
چراکەی تێدا دانان و ئەوانیش پیرۆزیان کرد پاشان لە ژوورەکانی جوانیی ڕوانی

**بەڵام هێشتە خۆڵ لەژێر پێیدا ڕەق نەبووبوو**

**بۆیە بەرەو هەڵدێر خلیسکا**

**چەکدارە دڵڕەقەکان بردیان**

**بەڵام چوون فریشتەیەکی بریندار ڕاکشاوە**

**میرۆ ئەی جوانی باڵا بەرزی بەهێز**

**ڕووبارەکەت مەکە بە قوڕو لیتە**

**ڕێ مەدە قامیشەکەت هەرەس بهێنێت**

**هەر چوار ڕەگەزەکە، کە لێت جودا بوونەوە، سەرلەنوێ دەگەڕێنەوەو تێکەڵ بە یەکدی دەبنەوە**

**لەناو مەنجەڵەکانتدا تێکەڵیان دەکەیت**

**تۆیش لەژێر ئەو دوو دەستەوە کە تێکەڵیان دەکات**

**بەهێزو ئازا دێیتە دەرەوەو**

**بەرد لە چیاکە دادەتاشیت و جودا دەکەیتەوە.**

# 27ی ئادار: میدالیا

ئەمڕۆ نوێژەکەم ڕەنگ دەکەم
بەشکەم ئەو شتە بدۆزمەوە کە بە دوایدا دەگەڕێم
بە هیواو ئاواتە باڵ شکاوو غەمە دەربەدەرەکەم ڕەنگی دەکەم
وشەکانم بە پێی پەپوولەکانەوە هەڵدەواسم و
گەرووم بە سیمەکانی ئاسمان دەبەستمەوە
فرمێسك و گیتارەکەت بە قەد دیوارەکەوەیە
پاشماوەکانت هەناسە دەدەن
لە کاتێکدا ژوورەکەی تۆ و چاوانی من لە لمدا سیخناخن
لمێك ورووژم بۆ ماڵمان و بۆ قاپ و قاچاغەکانمان دێنێت
ماسییەکان لە بنمیچێکەوە بۆ بنمیچێکی دیکە دەخشێن
تا فرمێسکەکانمان کەوی بکەن
ئەفسانەکانیش دەچنە ناو دیوارەکانەوە تا ئەوەندەی دیکە بمانتۆقێنن
لەژێر دووکەڵەکەوە چاوەکانت بەرەو لای ئێمە کشان
پاڵیان پێوە نایین نوێژ بکەین
ئەم شەوە بە شێتایەتی خۆم بۆیە دەکەم
بە ڕێگەکانی بەغداو گەڕەکە هاتوچۆ لێ قەدەغەکراوەکانیدا سەرگەردان دەبم
لە دەرگەی ماڵان دەدەم و بە خەڵکی دەڵێم:
لە ماڵی خۆتانی دەربهێنن و بۆمی بگێڕنەوە.
چەند میدالیایەکی مسین بە سینگمەوە دەکەم و
بەم وڵاتە دەڵێم:
ئەی وڵاتم

**بۆچی کوڕەکەت دزیم**

**سەیری ئەم میدالیا بیٚ بەهایانە بکە کە پیٚت بەخشیومن**

**دەیانخەمە ژیٚر پیٚلاٚوەکەمەوەو**

**دەم و چاوت بە قوڕو لیتە سواغ دەدەم و**

**یەك میدالیات لەسەر سینگ دادەنیٚم**

**ئەویش مەرگە.**

# 28ی ئادار: ئاڵتوون کۆپری

**ئەم تەختەدارە هی کێیە کە چوار وێنەی پێوەیە؟**
**فاتیمە هەزاران ساڵە لەبەر دەرگە چاوەڕوانی چی دەکات؟**
**کەس ئەو بروسکانە ناژمێرێت کە بەر خانووەکەی کەوتوون**
**کەس دواداچوون بۆ درزەکانی بنمیچەکە، یان شکانی گڵۆپەکان ناکات**
**فاتیمە لەبەر دەرگە چاوەڕوانی چی دەکات؟**
**ئەفسانە کاغەزەو چوون مریشك و فشەکلاوەنەکانی بە چوار دەوریدا پەرت و بلاودەبنەوە**
**ئافرەتگەل لە گۆڕستانەکان گرددەبنەوە، پیاوان لە مزگەوتەکان کۆدەبنەوە**
**تەمومژ خۆی لە کوشتارەکانیان گێل و بیێ دەنگ دەکات**
**تەمومژی زەرد چوون دووپشکی کۆست کەوتن بەڕێوەن**
**ڕەنگە یەکێکیان ڕۆیشتبێت تا سەیری کتێبە نهێنییەکانی تورکمانەکان بکات و دەرچوونیان لە ئاسمان هەڵهێنجێنێت، چەندان باڵندە سرووتەکانیان بە پیرۆز دەزانن و ڕۆژێکی نویێ جەستەی کوشتارەکەیان ڕووت دەکاتەوە.**

**ئالاّ زەردە تیلمە تیلمەبووەکانیان بەسەر تانکەکانیانەوە هەڵگرت و چوونە ناو ئاڵتوون کۆپرییەوەو دەهۆڵی تۆڵەیان دەژەند**
**شارەکە لە مێخێکی درێژ دەچوو ئاسمانی لە زەوی جودا دەکردەوە**
**ڕیزی درەختەکانی دەلەرزی و هاواری گیانلەبەرەکانی هەموو کون و قوژبنێکی گرتووەتەوە.**
**باڵندەکان دابارینە ناو ڕووبارەکەوە چوون بەرد دادەبارێت**
**ئەی مزگەوتەکامان... ئەی مزگەوتەکامان**
**ئەی خواوەند کە برووسکەت بە دەستەوەیە سەیرمان بکە**
**فاتیمە وێنەی هەر چوار براکەی لەسەر تەختەدارەکە بلند کردەوە**

ئەی مزگەوتەکانمان...
لە شارەکەی خۆماندا بووین بە بێگانە
سورگییەکەی ڕاکێشاو چووە ناو ژێرزەمینەکەیەوەو دەستی بە گریان کرد.

ڕۆژێکی غەمگین جەستەی قوربانییەکەی ڕووت کردەوە
قەپاغەکەی لادا
ئاڵا زەردە شەکاوەکانی سەر تانکەکان خوێنی سەدەیان ڕشت
تەنیا پاسەوانانی بەغدا لەوێ بوون
مندالّدانی ئافرەتانیان گڕێ دا و بە بێرییەکانیان هەورەکانیان سڕی
خوێ پێدەشتەکانی داپۆشی و نەفرەتی ئادار هات
مار دەمی کردەوەو مردووەکانی هەڵلووشی
داڵیش باڵی درێژکردەوەو ڕفاندنی
زەوییان هەڵکۆڵی و چوون کیسە زبڵ شاردنیانەوە

شارەکە غەمەکانی خۆی لە جۆگەڵەکاندا دەشارێتەوە
شارەکە شین و واوەیلای خۆی بە پشتوێن لغاو دەکات
کەشتیگەلیان بۆ مردووەکانیان دروست کردو
بە گونیە دایانپۆشین و وێنەی دروشمیان لەسەر کێشا
وێنەی کوڕەکانیان بە قەد دیوارەکانەوە بڵندکردەوە
خۆڵەمێشەکانیان بەسەر مزگەوتەکاندا پەرت کردەوە
تۆ ببە بە هاوەڵم لە کوشتارەکەدا... چارەنووسمان بوو
تۆ لە گۆڕدا لەگەڵم بە... وڵاتەکەمان بوو
بە ڕووباری فرمێسکیاندا ڕادەکەم و پاڵ بە بەلەمەکانی ژێر پردەکەوە دەنێم
فاتیمە سالآنی تەمەنی خۆی خستە ناو کیسەیەکی سووتاوەوەو بە دیوارەوەی هەڵواسی

**فرمێسك لە دیوارەکەوە چۆڕاوگەی بەست**

**پێویستی بە دنیا نییە**
**چوون کراسێکی کۆن دایکەند**
**کوێر بینی و هەردوو چاوی خۆی دەرهێنا**
**کەڕ بینی و هەردوو گوێی خۆی لێ کردەوە**
**مزگەوتەکانیش بینییان و منارەکانی خۆیان نزم کردەوە**

**پێویستی بە دنیا نییە**
**ئافرەتێك چی بکات هەموو خۆشەویستەکانی لە توێکڵە پیازێکدا لەدەست دا**
**بازنگەکانی مەچەکی داکەند**
**باخەوانەکە بینی ئەویش گوڵەکانی لە پاچەکەی کردەوە**
**لاڵێش بینی ئەویش زمانی خۆی لێ کردەوە**
**ئاڵتوون کۆپری بینی ئەویش پردەکەی لێ کردەوە.**

## 29ی ئادار : خۆرگیران

کاتێك هەناسە دلێرەکانت لەم جیهانە کپ بوون
ڕەشابەگەلێك بەسەر کێڵگەکانیاندا داین
خۆر کەوتە ناو بیرێکەوەو پشیلەکان خواردیان
هەور گەردنی داپۆشیم و
سروود لەناو کاغەزەکانمدا بۆگەن بوون
لە ناخەوەمدا شەو داهات و بەرد دەمی داخستم
تۆمان ناسی ڕێگەکانی بیابانمان بۆ دەکەیتەوەو بەرەو ئاسمانمان بڵند دەکەیتەوە
تۆمان ناسی لەناو بەهەشتی ئاخافتنەکانماندا پیاسەو سەیران دەکەیت
ئەی ڕۆژی گوڵە هەمیشەییەکانمان تۆمان ناسی

ئەمڕۆ خاکی وڵاتەکەم خەڵتانی خوێنە
بەهارەکەیشی چوون ئەفسانەیەك تێکشکاوە
ڕۆژ قاچەکانم دەدزێت
شەویش بە پێ خواس و بریندار بۆم دەگێڕێتەوە
خۆر کەوتە ناو بیرێکەوەو
هەورەکانیش بارانیان بۆ دوور برد
گەردەلوولی مەرگیش بە دەوری خانووەکاندا دەخولێتەوە
شارەکان گڕی زەردیان تێبەر دەبێت
دەڵێیت وڵات کەوتووەتە ناو گوریسەوە
دەجالەکان ڕۆژەکانیان بۆ خوارەوە بردین
کەسوکارمان لەناو درزەکاندا ڕاکشان

ئاوەکانیش بە کۆکەکانیان ڕەنگیان کردن
کاتێك سەرکە گوڵەبەڕۆژە لاربووەوە
تاریکایی جیهانی داپۆشی و
دەستەسڕگەلی ڕەش چاویان بەستێن و
چەکدارەکان چەکەکانیان خستە سەر سەرمان و
بەرەو چارەنووسی نادیار لە پێش خۆیان داین.

# 30ی ئادار : تەنانەت بایش پشووی دا

تەنانەت بایش پشووی دا
کەچی من پشووم نەدا
لەم بەهارە درزبردووەدا بەدوای کوڕەکەمدا وێڵم
خەیاڵ پڵاوییەکانم درێژو جلەکانم شڕۆڵ بوون
کاتێك هەر چوار شەقاەکانی یەرمووکم دەبڕی کە ڕفاندیان.
لە نزیك مزگەوتی شەواف
لێرەدا دیوارەکانی ئەم ماڵانە درزیان برد کاتێك بەرەو دۆزەخ لە پێش خۆیان دان
لێرەدا پێنج ئیبلیس دەرکەوتن
لێرەدا شێتایەتی لە دیوارەکاندا دەرکەوت
لێرەدا باران لە ئاسمانەوە ڕاوەستا و زەندەقی چوو
لێرەدا نگینی گوڵ کەوتە خوارەوەو
گوڵەکان سیس بوون
سەیری بەردو زیخەکانم دەکرد، سەیری شوێن تایەی ئۆتۆمۆبیلەکانم دەکرد
سەیری کیسە کاغەزە فڕێ دراوەکانم دەکرد و، دەمگوت: خۆی و ڕفێنەرەکانی لێرەوە تێپەڕین
و هەر هەموو ئەم شتانە بینیانن
ڕۆژی دواتر دەچم بۆ نزیکی مزگەوتی شەواف و هەموو کون و قوژبنەکانی خۆڵ دەگەڕێم
سەیری چاوی ڕێبوارەکان دەکەم.. ڕەنگە لە کاتی ڕفاندنیدا بینیبێتیان!
نا ... دەبێت شتێك هەبێت ئاماژەی پێ بکات
دەبێت شتێك هەبێت بانگەیەنێتە لای
لە پشتی ئەم پەنجەرانەوە چەکداران هەن کە ئێستە ئەشکەنجەی دەدەن!

**نا .. نا ... ژێرزەمینی تاریك لەژێر ئەو خانووانەدا هەن و ئەویش ئێستە لە سووچێکی تاریکەوەیە و هەردوو چاوی بەستراونەتەوە**

**کەواتە بۆ کوی چوو؟**

**سروە ڕووناك بەخشەکەی کوانیٚ؟**

**ئەی دەست پێوەدانە فریشتانەکەی لە کوێیە؟**

**ئەمڕۆ جیل کارۆل ڕزگاربوو کە ڕفێنرابوو**

**کەچی مەروان و ڕیم ئازاد نەبوون**

**ئەمڕۆ درەختەکان بۆ بەروبوومەکانیان گریان**

**ئەمڕۆ ڕۆژەکان بۆ پشکۆکانیان گریان**

**تەنانەت ڕەشەباکانیش پشوویان دا**

**کەچی من هێشتە پشووم نەداوە.**

# 31ی ئادار: چاوەڕێی ڕۆژێك دەكەم

چاوەڕوانی ڕۆژێكی نائاسایی دەكەم
ڕەنگە بە دەستی بەرەو بڵندابیم بەرزبكاتەوە
یان بە پێڵاوەكانی بۆ خواری خوارەوەی ناو هەڵدێرەكەم فڕێ بدات
چاوەڕوانی ڕۆژێك دەكەم
ڕەنگە خوێن لە دەمارەكانمدا وشك بن
ڕەنگە پڕ لە ڕووناكییان بكات
چاوەڕوانی ڕۆژێكم چوون باڵندەیەك
بەچواردەوری چوارگۆشەكانی ڕۆژژمێرەكەدا بخولێتەوەو
ڕەنگە لەسەر ژمارەیەكی هێلانە دروست بكات
بەڵام نازانم ڕەنگی ئەو باڵندەیە چۆنە
ئایە كۆترێكی سپییە، یان قەلەڕەشكەیە
وەك بڵێیت تۆفانم بەسەرهاتبێت
نازانم كەی كەشتییەكەم لەنگەر دەگرێت
وەك بڵێیت چیای ئەرارات هێشتە دووربێت
چاوەڕوانی ڕۆژێك دەكەم گرنگترین ڕۆژی ژیانمە
ئایە بەژنی كوڕەكەم دەبینم لەسەردا بێت و ببینم
یان لەناو كفندا دەیبینم
یان هیچ شتێك نابینم بزربوونی هەمیشەیی ئەو نەبێت
بێ تەرم و بێ وردەكاری؟
چاوەڕوانی ڕۆژێك دەكەم وەك چڕی هەموو ژیانم
هەموو لێدانەكانی دڵم بەدرێژایی تەمەنم تێیدا كۆببێتەوە

به چرایەتی هەموو پێکەنینم
یان بە چرایەتی هەموو فرمێسکەکانم
چی بکەم تا ئەو ڕۆژە بزانم
کتێبەکانی لم هیچ سوودێکیان پیٚ نەگەیاندم
خوێندنەوەی ڕوخساری هەموو ئەستێرەکان سوودیان پی نەگەیاندم
یاری تاولە هیچ سوودی نەبوو
نە مارو پیپلکە
کەواتە چی بکەم؟
کیٚ ڕێگەی ئەو ڕۆژەم پیٚ پێشان دەدات
کە چوون باڵندە
بە چوار دەوری ڕۆژژمێرەکەدا دەخولێتەوە
کە وەك بەندۆڵ هەڵواسراوە؟

# دارةتةرمي ئـةكيتؤ

## نيسان

## 1ی نیسان: دارەتەرمی ئەکیتۆ

ئەمانە نیشانەگەلی سەر لێ شێوێنەرن

ئەمە پێشبینییەکی خراپە

هەڵهاتنی ئەستێرەی بەیان دواکەوت، خوڕەی ئاوی ناو ڕووبارەکانیش ڕاوەستا، دەزووی تاریکی لە کۆتاییەوە نەپچڕاو دەزووی ڕووناکیش لە سەرەتایەوە گرێ نەدرا، هەر حەوت بایەکە لە هەموو لایەکەوە بە ڕووی وڵاتدا هەڵیانکردو ئەوەی لە جەنگەکانی پێشوودا نەمردبوو دەم و چاوی بە قامکەکانی داپۆشی و هاواری کرد

ئەوە لەم وڵاتە چی ڕوودەدات؟ بۆچی بیرەکان پڕ لە خوێن بوون؟ بۆچی دووکەڵ ماڵەکانیان تەنییەوە؟

ئەوانەی دارەتەرمەکەی ئەکیتۆیان هەڵگرتووە

دەرکەوتن و ڕووت بوون

گوڵ بە بازوویانەوە شۆڕ بووبوونەوە

ماسیش لەنێوان پێیاندا گولّی دەکرد

مووشەکان بەر گەڕەکی عامل و لەتیفییە  دەکەوتن و تەرمگەل لە بەغدا و لە حللە سەر ئاو دەکەون

چەپکە گیای سوور لەبەردەم دەرگەکان (قنا نیسان) دانراون، چەپکە  هێزووم

دارتێلەکانی کارەبا  بەربوونەوە، ئەستوونەکانی کەشتییەکان بەربوونەوەو تەوژم بەلەمەکانی ڕامالّی

لە یەکی نیسان جیهان لە بەغدا مرد

لە یەکی نیسان زەوی نەکێڵراو مرد

(نیسان دژوارترین مانگ)(*)

کاهینەکان ڕۆژیان بە بۆمبڕێژکردنی ئۆتۆمۆبیلەکان و دانانی پشتوێنی بۆمبڕێژکراو لە دەوری سینگ و سك دەست پێ کرد، بۆمبی تەقێنەرو هاوەنەکان بۆ ئاراستەکردن بەرەو هەموو لایەك ئامادەبوون.

مجیورەکانی تاریکی و کوڕانی ڕوها، هەر پێنج ئەستێرەکە کە تینووی خوێنن لە خەویان کردنەوەو ڕەنگیان پۆشی، دووپشکێکیان لە ڕاست و مارێکیان لە چەپەوە داناو تەیەمومیان کردو سرووتی تاریکییان خوێند:

دەمی داچەقیوت ئێراقییەکان هەڵدەلووشێت
لێوەکانت کە لە کاجیرەی دۆزەخ دەچن دەیانسووتێنێت
ئەی جیهانی تاریك تۆمان بە فرمێسکەکانمان دروست کردو
بەخوێنیان تینوومان شکاندیت
بمانپارێزە
بەردەمی ڕووناکیمان لێ بگرە
دەرکەوتنی هەتاو پەك بخە
بزربوونی مانگ درێژتر بکەوە
لە وێرانەکان بینیمانیت یەك لە دوای یەك دەتبردن
بینیتمان دەتتەقاندنەوە

ئەوانەی دارەتەرمەکەی ئەکیتۆیان هەڵگرتبوو بە شەقامەکانی بەغدادا سوورانەوەو لە کاروان و کەژاوەی شایی و پرسەو خۆپیشاندان و پردەکاندا دەرکەوتن، تا دەهات گریانیان بەرزتر دەبووەوە. شەوانە گۆرانی غەمگینانەیان دەگوتەوە لەکاتیکدا مەفرەزەکانی پۆلیس و سوپا لەگەڵیان بە شەقامەکاندا دەسووڕانەوە بێ ئەوەی بیانبینن.

ئەم سەرو ئەو سەری مانگە یەك شەوەکە چوون کەوانەیەکی دووری بەلەمێکی غەمگین دەرکەوتن بە ئاستەم سەوڵەکانی لەدووی خۆی ڕادەکێشا.

---

(*) سەرەتای چامەکەی (ئیلیۆت (وێرانە خاك).

## 2ی نیسان : دارەتەرمێك مانگێكی بەسەرەوەیە

ئەم سەردوێلكانە لە پێناوی دەنكە پاقلەو، لە پێناوی زەوی كێلڕاوو، لە پێناوی لەدایكبوونە دژوارەكان و، لە پێناوی ئەو ماسییانەدا نییە لە كەنارەكان گەرا دادەنێن.
ئەم سەردوێلكانە لە پێناوی ئەكیتۆدایە كە خەریكە گیان دەدات، لەپێناوی ئەو مانگەدایە كە ئەستوور دەبێت تا ئاكام بتەقێتەوە، لەپێناوی ئەو مەرگەدایە كە لە هەموو شتێكی وڵات دەدات، ئەم سرووده لە پێناوی ئەو ساڵە شكستخواردووانەی ناو تاریكین.
ئەم سەردوێلكە لەپێناوی ئەو كەسانەدایە لەسەر ڕێگەكان دەكوژرێن، لەپێناوی ئەو بەهارەدایە كە شمشێری چەكدارەكان دووكەرتیان كردو خستیانە ناو دارەتەرمەوە، لە پێناوی مانگێكی چەند شەوەدایە بەسەر سەریەوە لە ترساندا دەلەرزێت.

ئەو ماڵەی لە بەغدا سەری شۆڕكردووە دارەتەرمەكەی لێوە هاتە دەرەوە
ئەو ماڵەی سەری بڕاوە شینگێڕەكانیان لێوە هاتە دەرەوە
ئەو ماڵەی كە نەخشەی سەربڕاوو ئەستوون بڕاوی وڵاتی
دەوروبەری ئاگری ڕاكشاوی ناو گۆڕگەلی درێژی بە قیر سواغ دراوی
ئەسپە بریندارەكانی پاڵ كەوتووی سەر ئالفە تاڵەكانی
گۆرانییە هەڵهەڵە لێدەرەكانی ناو بەندیخانەكانی
گوڵە گەنمە گەردن لاربووەكانی ناو كێڵگەكان و ناو ئەندێشەكانی
لم و ئەو زینانەی لە بزرگەدا تەكان دەدەن
گوڵەكەی لە ڕێڕەوەكاندا بڵاوبووەتەوەو ئێسكەكانی دەستی: پەتەكەی دەستم بكەنەوە هەموو شتێك ڕیسوا دەكەم
ئاڵای كەشتییەكانی هێنراونەتە خوارەوە: ڕووبارێكم دەوێت پتیلەكانی خوێنم بكوژێنێتەوە
ڕەوشەكانی بەپێی ڕۆژگار دەگۆڕێن: ئاوێنەگەلم دەوێن برینەكانم وەرگێڕن

مۆمەکەی بەرین دەبێتەوە: دووکەڵێکم دەوێت سەرگوزەشتەم بنووسێتەوە
شکۆداران بەناو کەسوکارەکانماندا چوون دیل ڕێ دەکەن و ورتەیان لێوە دێت:
ئەی خواوەندی وڵات بمانپارێزە
فیتنەو کارەساتمان لێ دوور بخەرەوە.
بەزەییت بە شارەکەتدا بێتەوە کە بە باران ئاوت داوە
بەزەییت بە کوڕەکانتدا بێتەوە کە دەستت خستووەتە سەر سەرە ڕەشەکانیان
ئەی خواوەندی وڵات بە دانایی خۆت یارمەتیمان بدە
ئەمە دارەتەرمی ئەکیتۆیە لەنێوانماندا درێژ کراوەتەوە
ئەم ساڵ سرووتی مانگی نیسان ناگێڕین
چەڵتووکەکە بۆگەن دەبێت و گۆرانیی جووتیاران سیس دادەگەڕێت
ئافرەتەکانیش کونەکانی خۆیان دەگرن و
لاوانیش ئەندامەکانیان دەشارنەوە
تۆیش سەیرمان دەکەیت
ئاوڕمان لێ بدەوە.. ئێمە لە بێ دەرەتانیدا دەمرین
باوك کوڕەکەی دەنێژێت و ئافرەتیش مێردەکەی
بەغدایش ڕووت دەبێتەوە چوون پیازێك توێکڵی بگریتەوە
دەبێتە شوێنی کەوڵ کەندن
ئەی خواوەندی وڵات باڵاپۆشێکی پێدا بدەو ئابڕووی بپارێزە
ئابڕووی هەموومان بپارێزە.

# 3ی نیسان : تاریکایی تۆفان

داخی گرانم بۆ گەلێك لەژێر زەوی نێژراوەو گەلێك لەسەر ڕووی زەوی نێژراوە.
دوو گەل ڕووبەڕووی تاریکایی چڕی هەردوو ڕووبار بوونەتەوەو هیوای هیچ بەرەبەیانێکی دادیَ نییە
وەك بلێیت دژ بە هەر هەموو مێژوو بجەنگن.
وشەکان ئەمبیولانسن
کتێبەکان دارەتەرمی گەرم و گوڕ
فەرهەنگەکان ڕووبارێکی پشکۆن
بەناو ڕۆژنامەکاندا ڕادەکەم و ئاوریشم هەڵدەتلیشێنم و
قسەگەلێك هەڵدەتلیشێنم مابێتنەوە
حەشاماتی ڕووتەکان کۆدەکەمەوەو لەسەر تێنووسێکی چوون تەپۆڵکەی لێرە دەنووم
دەستم لەسەر مەزارگەی ڕووبارەکان دانا بۆیە تەمەنم لەدەست داو کوڕەکەیشم لەدەست دا
تەنیا خۆم دەبینم ڕووناکی لەسەر پەرداخی بادە دەکێشم و گوڵێك لەسەر دارەتەرمەکان دەسڕم
بابە بۆچی دارەتەرمی ئەکیتۆت لە باخچەکە بەجیَ هێشتووە
ئەوە گەشتی تابلۆ هەمیشەییەکانمە لەڕیَ لادەرەکان بەردبارانیان کردو ئاسمانیش بە بروسکە
ڕیَ بدە گوڵەکەم دەم بکاتەوە تەنانەت ئەگەر تەرمیش بێت.
ئێوارە جلگەلێکی فرمێسکی شۆڕاوەیە لەسەربانەکانی شار هەڵیاندەخەم و
ئێسکەکانی شەویش لە کتێبەکانمدا کەڵەکە دەبن.
ئەوانەیان تیَ گرتم و نەبووم بە پیاوێکی شکستخواردوو
پۆستاڵی سەربازەکان کۆتەڵەکانیان نغرۆی ناو خۆڵ کرد
لەکاتێکدا تاریکایی تۆفانم لە ژوورەکەمدا دەخوێندەوە

**پیت پیت ڕۆژە دوورەکانم گۆدەکەم: بادە لە بەرەبەیاندا**

**من و هاوڕێکەم بە دیوارگەلێکدا هەڵدەزنێین و جوانی ڕاودەکەین**

**بادە لە بەرەبەیاندا**

**دەستم خەڵتانی تەماکۆو ئاوی چێژ بووە**

**من و هاوڕێکەم چەندان بیرهەڵدەکەنین و**

**دەقگەل لەسەر شۆستەکان تۆمار دەکەین**

**بادە لە بەرەبەیاندا**

**لقە درەختەکانی ئەبو نواس لەناو هەردوو لەپمدایە**

**بادە لە بەرەبەیاندا**

**منیش بە دارەتەرمەکەوە بە شەقامەکاندا ڕادەکەم**

**تا بگەمە دڕلەو تێیدا داینێم**

**بەڵام پێم هەڵدەنووتێت و دارەتەرمەکە دەکەوێت و خۆیشم لەگەڵی دەکەوم.**

# 4ی نیسان : کاتێك لەخوارەوە

کاتێك لە خوارەوە خەڵکەکە یەکدییان کوشت
کاتێك ئەکیتۆیان بزر کردو بەسەر شان هەڵیانگرت
کاتێك چەکدارەکان لە هەموو شەقامێکدا دەرکەوتن و هەموو خراپەکارییەکانیش لەگەڵیان دەرکەوتن
کاتێك پشکۆ بەسەر دڵی خەڵکیدا بەربووەوەو سووتاندنی
کاتێك دزەکان پاڵیان بە یەکدییەوە ناو کاتێك ئاوی ڕووبارەکان وشکیان کردو برووسکە هەورە ڕووی دا
کاتێك چینەکانی خوارەوە تێکچوون و مەرگمان بۆ هاتە دەرەوە
دارتاشەکان زۆرتر بوون کە دارەتەرم و تەختی پاشایانە دروست دەکەن
بەناوی ئاسمانەوە چەندان با دەرکەوتن، چەندان با لەوانەی پێدەکەنین و بزردەبوون
لەمەوە ئاوازگەلی دەفەکان بەرگوێ کەوتن و هەموو خەونەکانی بە بزمارەکانەوە هەڵواسی
لەم تونێلانەوە شەمەندەفەری تەمەن تێپەڕی و شەویش گوندەکانی خواردین
لە ناو شەقام داستانی دروستبوونی گەردوون دەخوێنمەوەو کەس گوێ ناگرێت، کەس ئەو مانگە یەك شەوەی سەر دارەتەرمەکەی ئەکیتۆ نابینێت،
کەس تاك و تەنیاییم لەگەڵ هەڵناگرێت
هەرکاتێك بەهار دامپۆشێت زستانێك لە دڵمدا دەڕوێت
هەرکە بەلای ماڵی کەسوکارمدا تێپەڕم بانگ دەکەم: ئەی چیاکەم .. ئەی چیاکەم بۆ پشتت تێ کردووم؟
ماسییەکانم بە ڕووبار دەفرۆشم ئەویش پێم پێدەکەنێت، دەنگی تێلەکان نزمە
نوێژەکەیشم نامێنێت بۆیە ساڵانی تەمەنم هاڕی و وەك ئارد پێشکەشم کردو
لە بەغدا پەرتم کردەوە.

کاتێك بەرەبەیان چاوەزارەکەم خوێندەوە تا ئەستێرەکان دەربکەون.. بەڵام دەرنەکەوتن

کاتێك لە شەوانی لێك جودابوونەوە ئەستێرەکان سەرگەردان دەبن

کاتێك ڕۆژگار بۆ کوڕەکەم گینگڵ دەدات

کاتێك بەهار بە دەستمەوە دەگریت

ئەو کات دارەتەرمەکەی ئەکیتۆ دەکەمەوەو دەخزێمە ناویەوەو

بزردەبم.

# 5ی نیسان: ئۆتۆمۆبیلێك بێ شوفێر

**خوایە...**
**یارمەتیم بدە بتوانم ئەم هەموو هەوایە هەڵبگرم**
**فرمێسكم بەناو ئایكۆنەكانی قوڕدا ڕۆدەچێت**
**بۆچی وڵاتەكەیان ڕفاندم؟**
**ئاخ و داخەكانی ئاو دەمنووسن و دەمارەكانی ئاگریشم لێ تێكدەچن**
**مەمكەكانی شەق دەبەن و گیاوگۆڵەیش لەسەر پووزەكانی پیردەبن**
**ئەمە هەڵچوونی گامێشەكانە لەناو ئاوێكی قوڕاوی دێنە دەرەوە**
**خوایە...**
**یارمەتیم بدە بتوانم ئەم هەموو مێژووە هەڵبگرم**
**مانگێك لەناو تەرمەكەمدا وەردەگەڕێت و چەندان تیریش لەسەر ئەسپەكەم بەر دەبنەوە**
**هەزار جار چاوەزاری دەرچوونی ئەستێرەكان دەخوێنمەوەو دەرناچن**
**پەیكەران دەتاشم و شێوەیان ڕوون نابێتەوە**
**تابلۆیان دەكێشم و ڕەنگەكانیان دەرناچن**
**ئەی نەمامەكانی ڕۆچووی ناو ڕوحم كەی چرۆ دەكەن،**
**كەی ڕووبارێك لە بازوومدا لێ دەدات و،**
**كەی تۆوگەلێك لە كەنارەكانت هەڵدەستنە سەر پێ،**
**ڕۆژەكانم هەڵواسین كەچی تۆ هەڵناسیت، بەروبوومێكیان گرت كۆتایی نایەن**
**بەڵام ئەی نەمامەكان چوون ئاسن، بەر لە ئێوە ئارەزووم نەبوو، پاش ئێوەیش ڕەوشم نەبوو.**
**هێشتە پێڵاوەكەم لە شكستەكانمدا بریقەیان دێت و هێشتە وەرچەرخانم لەم پووشەدایە**
**ویستم هەڵەكانم لەسەر لاقی ئەسپەكانم تۆماربكەم بەڵام ڕایانڕفاندم**
**پاشاكان ددان بە هەڵەكانیاندا نانێن**

**گالیسکەکەی (مەردوخ) بێ شوفێر بە شەقامەکانی بەغدادا یاری دەکات**

**تاریکی لە دەوری منارەکان چڕە**

**کۆتریش لە سینگمدا پیر بوو، تۆڕی زۆریش شکستیان پێ هێنام**

**گۆڕەکەم لەناو نیشتمان گەورەتر دەبوو تا پتر لە جارێك بینیم بانگی دەکردم**

**کوڕەکەم لە بیرەکەیدا نووست**

**چی دیکە ناتوانرێت نە من و نە ئەو ڕزگار بکرێین**

**ئەو مانگی یەك شەوەی بەسەر دارەتەرمەکەی ئەکیتۆوەیە دەڵێت:**

**مەترسە، گوێی خۆت لەم مەرگانە داخەو**

**چاوی خۆت لەم تۆقینە بنووقێنەو**

**دەمت داخەو مەدوێ**

**هەموو شتێك دەمرێت**

**هەموو وڵات لەدەست دەچێت**

**خودایە ...**

**یارمەتیم بدە بتوانم ئەم هەموو شتانە بە کۆڵ هەڵبگرم.**

## 6ی نیسان : ڕەشید لەناو شەقامەکەی خۆی

کاتێك هاروون ڕەشید لە ئەسپەکەی دابەزی بە شەقامەکەی خۆیدا ڕۆیشت و دەست و پێوەندەکانی چواردەوریان دابوو

قوتووی دووکەڵ هەڵدران و پتر لە گوللە تۆپێك لەنزیك کەژاوەکەیەوە کەوتنە خوارەوە، چەند پۆلە فڕۆکەیەك دەرکەوتن بە سەر سەرییەوە دەفڕین و سەربازەکان بە پەرەشووت دابەزین و چەکدارەکان چەکەکانیان هێنایە بەر کار.

لای مەیخانەی (زەنبەقە) ڕەشید دوو شاعیری سەیری بیرکەوتەوە لێرە دادەنیشتن

لای شەقامی خەیام چەند گونییە خۆڵێك هەبوون...

وەك بڵێت هەموو شەقامەکان لە شەڕدا بن

سیخە ئاسنەکە کراسەکەی دڕی کاتێك نووسینێکی لەسەر دیوارەکە بینی (نا بۆ داگیرکاری... بەڵێ بۆ تێکچوون)

ڕۆژ شەمشەکوێرەی تەنەکەیە بە فڕین شووشەبەندی کۆگەو ماڵەکان دەشکێنێت،

بادەی خراپ شۆستەکانی تەنیوەتەوە

سێبەرگەلێکی نووستنی زەرد لەسەر ئەستوونەکان نووستوون، گۆرانیی چەتەکان هیچ شوێنەوارێکیان نەماوەو

مەیخانەکانی شەو هەمووان بە بڕواکانیان ناشتنیان.

لەپێناوی پارەو کورسیدا چەندان مەشخەڵ کەوتنە خوارەوەو قاوەخانەکان سووتان

چەکدارە دەمامکدارەکان دەرکەوتن و بە هەموو لایەکدا دەستدرێژیان کرد، دەستوپێوەندەکانیان کوشت و هێرشیان کردە سەر ڕەشید و بە گوریس قۆڵبەستیان کردو ڕفاندیان،

خستیانە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەیانەوەو هەڵاتن.

**ئافرەتان شەقامی (نەهر)یان چۆڵ کردو جێ هێشت و زێڕینگەرەکانیش لەبری زێڕو زیو ئاسن و مسیان دانا.**

**بازاڕی عەرەبی بوو بە بازاڕی فارسی**

**(سینەما ڕۆکسی) لەکوێیە؟ (قاوەخانەی بەرازیلییە) لە کوێیە؟ (شۆریجە) لە کوێیە؟ (بازاڕی سەفافیر) لە کوێیە؟ بوو بە بازاڕی سکراب فرۆشی.**

**لای پەیکەری ڕەسافی سەروێن و ئەمستیلەو جلەکانی ڕەشیدیان دزی و**

**لای شەقامی (موتەنەبی) کتێبەکانیان سووتاند و**

**لای (قاوەخانەی حەسەن عەجمی) تەقەیان لە دانیشتووان کرد**

**لە (گۆڕەپانی مەیدان) ڕەشیدیان لەناو ئۆتۆمبیلەکەوە فڕێ دایە خوارەوە**

**کاتێك بە ڕووتی لە (بابول موعەزەم) ڕێی دەکرد**

**ئۆتۆمۆبیلیکی بۆمبڕێژکراو لە بەردەمیدا تەقییەوەو ... پارچە پارچەی کرد.**

# 7ی نیسان : سڵاو لە بەغدا

لە حەوتی نیساندا باڵندەی مەرگ ئاسمانی بەغدای تەنییەوەو
خۆڵی لێوە بەسەر خەڵکیدا داباری
خەیاڵ پڵاوی زاوزێی کردو چووینە ناو ئاڵۆشی مێژووەوە کە بە دروشم و پێداهەڵدان خواردینی
بەغدا ڕەنگەکانی لە ڕوحی خۆی وەدەرنان و تەواو ڕووت لە ڕەنگێکی بۆردا مایەوە
ئەی ئەو شارەی هەموو لایەکانی جیهانت لەخۆتدا کۆکردبووەوە
بۆچی بوویت بە شارێکی داخراو؟
بۆچی قایل بوویت باڵندەی مەرگ بە ناوماڵەکانتدا بقیڕێنێت؟
...
بەغدا کەی لە شارێکی چاوەقووڵەوە دەبیت بە شارێکی خۆشەویستی؟
کەی لە پەپوولەیەکی ئاسنینەوە دەبیت بە کل بۆ چاوی کیژە جوانەکان؟
کەی لە شارێکی بڕواکانەوە دەبیت بە شارێکی جوانی؟
کەی دژلەکەت سکرابی جەنگەکان دەشواتەوەو
دەیکاتە تاوەرێك بۆ ئازادی؟
کەی دارخورماکەت دەهەژێنیتەوەو
لەبری وردە ئاسنۆکەی ئۆتۆمۆبیلە بۆمبڕێژکراوەکانت
خورماکانت بەسەر سەراندا بەربنە خوارەوە؟
بەغدا تۆ غەمباریت... کەی خۆت دەگۆڕیت؟
تۆ غەمباریت و چوون دایکێکی بە بەزەیی ڕاکشاویت
سڵاوت لێ بێت ئەی دایك

**سڵاو لە تۆوەکەت لە بەغدا**

**سڵاو لە خونچەکەت لەکلوادا**

**سڵاو لە ڕەگەکانت لە سۆمەر**

**سڵاو لە قەدو لاسکت لە ئەکەد**

**سڵاو لە لق و پۆپەکانت لە بابل**

**سڵاو لە گەڵاکانت لە ئاشوور**

**سڵاو لە بەروبوومەکانت لە ئارام**

**سڵاو لە بەغدا کە هەموو لاکانی لە ئامێزگرتووە**

**سڵاو لە ڕووبارو لە خۆڵەکەی**

**لە مانگ و لە خاچ و درەفش و تاوس و شەمعدانەکەی**

**سڵاو لە پەرداخ و بخوردو چا و قاوەکەی**

**سڵاو لە کووچەو گومەزو زەنگ و منارەو بازاڕو مەیخانەو قاوەخانەکانی**

**سڵاو لە گەردوونناس و حکایەتخوان و پیشەکارەکانی**

**سڵاو سڵاو لە شاعیرو پەخشاننووس و شێوەکارو گۆرانیبێژو ئەکتەرو و تەلارسازو نۆژدارو ئەندازیارو فەیلەسووف و وتاربێژو قسەزان و کتێبفرۆش و پیشەگەرو وەستاو زێڕینگەرو بازرگان و هەر هەموو ئەوانەی نۆژەن و ئاوەدانیان کردەوە**

**تەنیا سڵاو لە پارت و سیاسەتوانەکانی و ئەو کەسانە ناکەم کە وێران و خاپووریان کرد.**

# 8ی نیسان : چی بە ڕۆژەکانم بکەم؟

ڕدێنم خەریکە درێژ دەبێت
گومانەکانیشم لەو تاریکییەدا ترشاون کە مەروان تێیدا بەجێی هێشتم
چەند جار نینۆکەکانم قرتاند و هێشتە مەروان نەهاتەوە
چەند جار کتێبەکانم لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە گواستەوەو مەروان نەهاتەوە
بەروبوومەکانی زستان نەمان
بەروبوومەکانی بەهار دەرکەوتن
هەورکان بزربوون و سایەقەو سامالْ دەرکەوت
هێشتە مەروان نەهات.
کوڕەکان قەمسەڵە ئەستوورەکانیان داکەندو تەنکەکانیان لەبەر کرد
کەچی هێشتە مەروان نەهاتەوە
چەندان جار فێرخوازان چوون بۆ فێرگەو گەڕانەوە
کەچی مەروان نەهاتەوە
هەتاو پێم دەڵێت: مەروان لە کوێیە؟
مانگ پێم دەڵێت: بیری دەکەم
ماڵەکەم پێم دەڵێت: دادەڕووخێم
چی بەڕۆژەکانم بکەم
چی بە کتێبەکانم بکەم
ئەگەر کوڕەکەم نەگەڕێتەوە.
ئەو خاتوونەی نەزری بۆ ڕووخانی دروشمەکان کردبوو
بەپێ خواس گەیشتە کازم و تەنیا کیسە برنجە بەتاڵەکەی پۆشیبوو

**کەچی ئەوەتە دەگەڕێتەوەماڵەوە**

**تا بنوێت و خەون و بە هەوایەکی پاکژەوە ببینێت.**

## 9ی نیسان: بەرەبەیانێکی خوێناوی

سەکۆکانم کۆکردنەوەو نیشتمانم لەسەر ڕاکێشا هەموو جەستەی برین بوو
سەیری هەردوو چاویم کرد بینیمن خوێن و فرمێسکیان دەدڵۆپاند
ئاهەنگەکەی ئەکیتۆ ڕەشە
لەو ئاهەنگەدا ئەعرابەکان بە خەنجەرەکانیانەوەو ئەمریکاییەکان بە هەمەرەکانیانەوە
سەما دەکەن
بۆ ڕۆژێکی بەردەوام دواخراو
بۆ بێدارگەلێك وێنەی ژانەکانیان دەکێشن
بەرەبەیانێکی خوێناوی
هێڵێکی خواری ناو تەم لەناو چەندان لەپی بڕاو
مارگەلێك بە جەستەمدا دەسووڕێنەوە
دروشمەکان ڕووخان
تابلۆکان کەوتنە خوارەوە
وێنەکان بەربوونەوە
پەیکەرەکان داڕمان
ئێراقییەکانیش لەناو چەندان شانەی سووردا پەرت بوونەوە
لە نزیك سەکۆکاندا تارماییگەلێك لەگەڵم دادەنیشن
پرسیارم لیٚ دەکەن ...
بۆچی کوتەکەکانمان بە هەڵهەڵەدان و چەك نیگەران دەکەن؟
فڕینم ڕاوەستاوە
داناییم هەرەسی هێناوەو پرسیارەکانیشم کەم بوونەتەوە

به برینەکانت قامکەکانی خۆم تیمار کرد
بەڵام بەغدا ژانمان زیاتر بوو
سەرلەنوێ ئاوی سوێر شەقامەکانیان تەنییەوە
چەکەکان گەڕانەوە
تەنیاییم بۆسەم بۆ دەنێتەوە
درزەکانی دیوارەکانم نووسینمە بەسەر جەستەمەوە
وڵاتەکەم قۆرتەکانت خەریکن فریوم دەدەن
ئادەمزادگەلێکی زۆر دەکەون
هەوایەکی وەستاو پاڵمان پێوە دەنێت
بە نائومێدیەکانم گۆت دەکەم
ئەستێرەگەل بە بنمیچەکەوە دەکێڵم
تا هەردوو لاقم کۆم دەبنەوە
ئەی ئەوانەی ئەکیتۆتان بەسەر شانەوەیە بۆچی منتان تێ خزاند؟
گوڵەکانتان دەبینم سیس دەبنەوە
تەنیا خۆڵەمێش لە کێڵگەکانەوە بەرزبووەوە
بەهار لەسەر دەستی چەکدارەکان شکستی خواردبوو
وڵاتەکەم دەنرکێنێت و لەژێر باری مۆتەکەکاندا عوودەکەم و دارەکەم شکان
نێزەکانم کۆمانەوە
مێژوومان پارچە پارچە دەبێت و دزە دەکاتە درزی زەوی و دیوارەکانەوەو
بە گەرمی چوون ئالۆشەکانمان شکست دەخوات
لە شانماندا شەو دەتۆرێت و
پرسیارە ترسێنەرەکانی هەرەس دەهێنن
تەمەنمان چوون خوێنێکی ژەهراوی کراو لە کەنارەکانیساڵانەوە دەڕژێت
بەغدا لە شوێنی بتەکە هەتاوی بینی

**لە شوێنی زنجیرەکان دەزووی ئاوریشمی بینی**

**بەندیخانەکانی بینی کێڵگەن**

**گەردەکانی بینی بارانن**

**خۆی لە ئاوێنەی شەودا بینی بووکە پاش ئەوەی بەنێو ساڵدا چووە**

**گۆڕی خۆی بینی دوورە**

**بەڵام ئێستە، ئەم کاتە، لە کەناری گۆڕەکە لە گیانەڵادایە.**

## 10ی نیسان: بارانی سوور

ڕۆژەکەی خۆم لە کراسەکەمدا شاردەوە
هیچ شتێك نییە تەنیا شەوێکی دوورودرێژ نەبێت
دەستی خۆمم لە دەست دا کاتێك بۆ تەوقەم درێژ کرد
باڵندەکان مل خوارن
خەڵکیش لە ماڵی خۆ هەڵدێن
پایەبەرز چووە سەرەوە بۆ لای وەوییەکەی لە کۆشکۆکە بەرزەکەیدا
خەڵك بە ئومێدی پیت و فەڕێکی زۆرن
ئایە ئەو ژن هێنانەی سەوزەکان لە کێڵگەکانمان دەبزوێنێت؟
ئایە سەرلەنوێ شارەکانمان نۆژەن دەکاتەوە؟
ئایە ئەو مامووسەی ژیانی تێك و پێك دا
تەرمەکەی ئەکیتۆ لە دارەتەرمەکە دەردەهێنێت و
زیندووی دەکاتەوە؟
سەوڵەکەم لەناو خۆڵدایە
ساڵەکانم لەسەر زمانمن
چی دیکە لەگەڵ ڕابوردوودا گوڵ لە یەکدی ناگرین
ڕابوردوو وای لێهاتووە هەموو ڕۆژێك تیرم تێ دەگرێت
قسە بەردەو لەبەردەم ماڵەکاندا پەرت بووەتەوە
سەرینەکان خەونی سەرلێشێوێنەرن
چاوەڕێمان کرد لە کۆشکۆکەوە دابەزێت
تا بۆمان دەرکەوێت...
بەڵام تەختەداری ڕەشی بۆ فڕێ داین

**قسەی سەیریان تێدایە**

**هەر هەموویان هەڕەشەو گوڕەشەن**

**ئێمەیش خستمانننە ناو سەبەتەی زەلەوەو بەرەو بەغدا کۆچمان کرد**

**بۆیە شوورەکانی درزیان بردو**

**بارانێکی ڕەشی بەسەردا باری**

**بە دارەکەم ڕۆژەکانم وشك دەکەمەوە**

**چوا کوژاوەکان لە ماڵەکەمدا دەبینم**

**نەوەکانی شووشەی سەردەم دەشکێنن**

**کۆیلەکانیشی بێ دەسەڵاتەکان دەکوژن**

**منیش لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکەم و**

**بارانە سوورەکەی سەری دەسڕم کە لێ نیشتووە.**

## 11ی نیسان : لە کتێبەکانی تابلۆکانی چارەنووسم؟

مـن هەر لە سەرمەوە تا هەردوو پێم برینداریم
چوون تارمایییەك بۆن لەخۆدەدەم، چوون کاروانێکی تالآن کراو بەم لاو بەو لادا دێم
چوون درەختێکی زڕ ڕاوەستام
هەردوو ئەژنۆم لە چاوەڕوانیدا هەژان
گۆشتم لاواز بوو، کاغەزەکانیشم زەرد هەڵگەڕان
ئەی ئاسمان تابلۆکانی چارەنووس لەبەردەستمدان
بۆم بخوێنەوە چ گوناهێکم کردووە
ئایە جوانیم خۆش ویستووە گوناهم کردووە؟
ئایە شیعرم نووسیوە گوناهم کردووە؟
ئایە خەڵکم خۆش ویستووە تاوانم کردووە؟
ئەی تابلۆکانی چارەنووسم پێم بڵێن
بۆچی نابێتە کەسێك بەزەیی پێمدا بێتەوە و بۆ لای مانگارەکانی خۆیم ببات؟
بۆچی دڵم لەژێر بەرداشی ژاندا وردو خاش دەبێت؟
کوڕەکەیان ڕفاندم و پەڵە هەوری هەمیشەیی خێزانەکەی داپۆشیم
مـنیش ئێسکەکانم لەرزین و بیرەکانم وشکیان کرد
کێ ئەم هەموو ئازارەی لە تابلۆکانی چارەنووسمدا نووسی؟
کێ ئەم هەموو مەرگەی لە تابلۆکانی چارەنووسی وڵاتدا کێشا؟
بۆچی وڵاتەکەم خوێنی لێ دەچۆڕێت و، بۆچی چوون نانێکی زڕ پارچە پارچە دەبێت؟
ژان و ئازارەکانم بەناو هەموو نەتەوەکاندا بڵاوبووەتەوە بەشێوەیەك هیچ گەلێك نەیبینیبێت
شمشاڵەکانم شکان و ژێی گیتارەکەیشم پچڕان
دەفرەکانم وشك بوونەوەو تەنوورەکانیشم هەموویان خۆڵەمێشی کۆنن

ئەی تابلۆکانی چارەنووسی وڵات کێ تۆی بەو شێوەیە تا هەتایە بە خوێناوی نووسیوە؟
کێ لە دارەتەرمی ئەکیتۆی خزاندوویت وەك بلێییت تەرمێك بیت لە کەوڵخانە فڕێ درابێت
کارەکانی خۆشی وشکیان کردو شەقامەکانیش چوون کەروێشکی تۆقیو بازیان دا
بەرخەکان لەو دیوی پەچەکانیانەوە خۆیان شاردەوەو گورگەکانیش بە برسیەتی سووڕانەوە.
لەبەردەم خواوەنددا کڕنۆشم بردو چارەنووس هیچ نەگۆڕا
چەندان ڕۆژی دوورودرێژ نوێژم کردو ڕۆژووم گرت و چارەنووس نەگۆڕا
فرمێسکەکانم بەسەر جلەکانمدا شۆڕبوونەوەو پاڕامەوە تابلۆکانم بۆ دەربکەون
بە خۆشترین شتمەوە کڕنۆشم بردو پاڕامەوە
بەڵام تابلۆکان تاریك و بێ دەنگ بوون
لە کاتێکی ترس و بەهێزیدا
بڕیارم دا چەند تابلۆ قوڕینەیەك بۆ خۆم بشێلم و
بە دەستی خۆم چارەنووسی خۆم بنووسم.

## 12ی نیسان: لەدایکبوونێکی دیکە

تابلۆ نوێیەکانی چارەنووسم لەناو تەنوور دەرهێنان
ئەمڕۆ سەرلەنوێ لەدایك بوومەوە
ئەمە چارەنووسێکی نوێیە بە دەستی خۆم نووسیومە
تاریکایی ڕۆژانی داهاتووم ئاشکرابوو
چوون ڕووناکییەك لەناو ئێسکەکانمدا پێپلکەکەم بەرەو بڵندایی بەرزبووەوە
ئەی کۆیلەکانی خەیاڵپڵاوی بە ژیان تەزبیحات بکەن و بەناو درەختی تاریکیدا سەوڵ لێ بدەن
ئەوەی سەیری ئاسمان بکات سەری دەسووڕێت. ئەوەی سەیری زەوی بکات کوێر دەبێت.
ئەوەی سەیری ئاسۆ بکات قوتار دەبێت
قووچەقانێکەم لەوێیە وەك پاپۆڕ لە ڕەشەبا ڕزگار دەبێت
بە پەتەکانم ڕایدەکێشم و ژانەکان فریوم نادەن.
لێوەی بازم داو ڕێم دا دارەتەرمەکەی ئەکیتۆ بە شارەکاندا بسووڕێتەوە
ئەکیتۆ لەدایکبوونی منی لێ کەوتەوە
بەهارێکی گەوزێنراو لەگەڵم بازی داو پێکەوە ڕۆیشتین چوون دوو قامیش
چونکە ڕاسپاردەکانم لەسەر دڵم تۆمارکردو بە ناخی ئەفسانەکانمدا ڕۆچووم
وشەیەك ڕزگاری کردم لە ناخەوە هەڵقوڵابوو
یاسا جوانەکەم ڕزگاری کردم
چی دیکە گوێ لە کەس ناگرم و چی دیکە دارەتەرمەکانم دەستەڵاتیان بەسەرمدا ناچێت
نیشتمانم لەناو دارەتەرمێکی هەمیشەییدا نووستووە
بەزەییەکانم لە خۆمەوە دێن و وتەکانی خۆم ئەزبەر دەکەم

بەزی دڵم لا دەبەم
بەهەزاران وشە بەسەر کاغەزەکانمدا داباریین
ئەی خودی خۆم لە گۆڕەپانی بەرینی تۆدا پیاسەم کرد

# 13ی نیسان: نووسینی نهێنی

لەقەد دیواری بابل دەستێك دەركەوت و نووسینێكی نووسی

سەردەمەكان لێی تۆقین

ژارم لەسەر كاشیی بابل بینی گوڵی دەكرد پاشان چوون تەختەیەك مۆرانە لێی دابێت پارچە پارچە دەبوو

لق و پۆپەكانم بینی سیس دەبوونەوە

دارەتەرمەكەی ئەكیتۆم لە نزیك دەروازەی عیشتاردا بینی

سەربازە ئەمەریكاییەكانم بینی ڕێگەیان نەدەدا كاروانەكەی ئەكیتۆ بچێتە ژوورەوە، كاروانەكە چوو بۆ حیللەو

چەكدارەكان دەستگیریان كردو تەرمەكەی ئەكیتۆیان بینی و سەرەكەیان لێ كردەوە. چوونە ناوەڕاستی بابل درەختێكیان بینی پارچە پارچە كرابوو ڕەگ و ڕیشەی بە ئاسن و مس بەسترابووەوە، پاشاكەی هێشتە لەو چۆڵەوانییە چوون گا گیا دەخوات و جەستەی بە شەونم تەڕ دەبێت، پرچی چوون داڵ و نینۆكەكانی چوون باڵندەكان درێژ بوونە، هێشتە مێشكی نەهاتووەتە سەرخۆی و، نگینەكەیشی كەوتووەتە ناو لیتە.

ئەفسانەی بام بینی بە سەر بابلی مەست بە كاولبوونی خۆی تێدەپەڕی

كەس نووسینەكەی سەر دیواری كۆشكی پاشا ناخوێنێتەوە

ژەنەراڵەكان نەیانخوێندووەتەوە هاوكات دانیال پێغەمبەریش نەیخوێندووەتەوە

کاروانەکەی ئەکیتۆیش بە غەمگینی تێدەپەڕێت
بەڵام نووسنەکەم بەرچاو کەوت و خوێندمەوەو بزەیەکم بۆ کرد
گەلانێکی شەکەت بەو قورساییانەی لەنێو مێشکیاندان
ڕاستی لە بەرزایی نییە
ڕاستی لەسەر زەوییە.

## 14ی نیسان: ئەنفال

کەس ئەم قەلەڕەشکەم لە گیرفان دانانێت
کەس نایخاتە ناو گەرووەمەوە
بەڵام لێرەو لەوێ جلەکانی شەو بڵند دەکەمەوەو
هەست بە بەرەبەیانییەك دەکەم هێور لەسەر دەستم نووستووە
ئایە خولگەکان ئەوەی داهێنابوو
ئایە بزربوونی بۆ تاوێك بە ئاسمانەوە ئەوە شی دەکاتەوە
ئەگینە چۆن ئەم هەموو حەشاماتە دەوردراوە
لە وێنەیەکی زودیاکی غەمباردا
دەرکەوتن
ئەگەر بیری پەرت و بڵاوم ئەم خۆڵەمێشە ڕێك بخات
ئەگەر بۆنم لە وەرچەرخانی گەشتمدا دووبارە ببێتەوە
پاییزی گوندەکانی کورد زوو دەرکەوت
پەنجەکانیش دەرکەوتن بە خوێن سووربووبوون
چاوەکانی باڵندەکان دەرکەوتن وەك بڵێیت هەڵماتی درزبردوون
باڵەکانیان دەرکەوتن شکابوون
دوو کەوانی یەکدی بڕ لە ئاوێنەی خۆڕازاندنەوەیدا.
لیتە بە پێڵاوەوە دەبێت
دومبەڵ بە پێستی زەوییەوە دەردەکەون

**پاسەوانەکان دەرکەوتن گۆڕە کۆنەکان هەڵدەکەنن**

**چ بلێسەیەك بەم بەژنە زراڤەوە دەنێژن؟**

**کرێکارانی دۆزەخ لە هەموو لایەکەوە دەرکەوتن**

**ئەگەر ئەم ئێسکانە بێنە گۆ**

**ئەگەر بشێن، بۆ تاوێکیش بێت، قسەبکەن، یان شین بگێڕن**

**بەڵام بۆنی مەرگ چوون هەوای نامۆ دێتە ژوورەوە**

**تاوێك لە نزیك گوڵەکانی مەرگ ڕاوەستان**

**هێسترەکان ڕایانکردو بۆنی سوارەکانیان هەڵگرتبوو**

**پەپوولەکان بە باڵ پەککەوتوویی هەڵاتن**

**ئەی ڕۆژگارە مل خوارەکان بچنەوە ناو سەبەتەکانتان**

**چۆن تۆزو گەردیان بە خوێن سڕی**

**چۆن بەشمشێر جنێویان بە فریشتەکان دا**

**کیسەکەت بە ئەنفال پڕ بکە**

**وەك دەستکەوتگەل بۆ بەڕوو و منداڵان**

**چاوان ئاویان دادێت و هیچ نابینن.**

**ئەمە ئێوارەیەو پشکۆی دڵانی بیردەکەوێتەوە**

**ئەمە یەکەمین موچڕکەیەو**

**گۆڕەکانی ئاسن دۆڵەکان دایاندەپۆشن و گوڵیان لەسەر دەرنەکەوت**

**ڕوحەکانیان تێدا پاڵەپەستۆیانە**

**ڕۆژەکانمان لە لیتەدا تۆودەکەن.**

**پاسەوانان ڕێگەکان دادەخەن**

**ترسەکان دەنگی فشەکلاونەیەکی سیس داگەڕاو تێدەپەڕێنن**

**هەندێك شتیان لەسەر زەوی بەجێ هێشت لە شتگەلی دزراو دەچوون**

خۆڵەمێشی گڕوگاڵی منداڵانیان بەجێ هێشت
دەستەسڕەکانیان بەجێ هێشت بە دەرزی هەڵکۆڵرابوون
ڕۆژگارمان هەڵگرت لە نێوپەنجەکانماندا لیق بوون و
لە بزرگەماندا ڕەش چوون بەرد بڵندمان کردەوە
پاسەوانان گوندەکانیان پڕ لە تەرم کرد.

ترسەکەی لەناو ئاودا خۆی دەشارێتەوە
ترسەکەی لەناو فرمێسکدا مەییوە
ئەستێرەکان بینییان و نوێژیان بۆکرد
زەمین قوفەیەکی هەڵگرتووەو بەناو چیاکاندا دەسووڕێتەوە.
گوڵنار
دایکی ئەم گوندانەیە
ئەگەر ئێسکەکان شتێك بڵێن
ئەگەر درەختە سووتاوەکان شتێك بڵێن
منداڵەکانیان لەبناری چیاکان بەجێ هێشت چوون داو بە قەد درەختەوە شۆڕبووبنەوە
چوون ئێسکی پاییز بەسەر ڕووبارەوە
ڕووباریش سوورەو تێکەڵ بە تاریکاییەکی ڕۆشن
(مەم) (زین)ی بەسەر شانەوە بوو
(زین)یش برینەکانی گەردنی وشك دەکردەوە
هێسترەکانیش بەقەد چیاکانەوە خۆیان هەڵدەدایە خوارەوە
لە ئاوێنەی چیاکاندا شوێنە سووتاوەکان لە ترس و لەبەر ئازارو
پەرەسەندنی شێتایەتی لەسەر سەکۆی درەختەکان
زەرد دەردەکەوتن
تاك و تەنیا لە ژوورەکەمدا بووم بیرەوەرییەکانی گەردەلوولم لە کاغەزەکانمدا کۆدەکردەوە

**بە تەنیا بۆ گەلێك گریام ڕۆژگار بە خوێن پیرۆزی دەکات**

**بە تەنیا بۆ بەسەرهاتەکانی گریام**

**بە تەنیا بۆ گۆرانییەکانی گریام**

**بە تەنیا پەپوولەکانی سەرم بەدیل گرت و دانیشتم**

**چلکی قەد هەواکەمانم بینی**

**خەڵتەکانی خوێنم لە یادگەماندا بینی**

**بەردو زیخەکانم بینی پارچە پارچە بوون**

**ئاسمانم بینی دەترسا.**

**ئێسکەکان لەبارەی چییەوە پرسیاریان لێ دەکەن؟**

**لەبارەی ئەو ئەستێرانەی نغرۆی چیمەنتۆکانیان بوون و بزربوون**

**لەبارەی کارگەی ئەو جەنگانەوە کە کپ نەدەبوو**

**لەبارەی کاغەزی زەردەوە لە ئەتڵەسی خوێندا**

**بۆچی لەسەر خوانەکانی ئێمە نەفرەتیان لە سروشت کرد؟**

**بۆچی بە گوڵی ژیان سەوڵیان لێ دا؟**

**ئەستێرەکان تاریك لە ژێر پێماندا کەوتنە خوارەوە**

**ڕەنگی ئێسکەکان و ڕەنگی چاوەکانم بیرکەوتەوە**

**کە دەمردن**

**ڕەنگی خۆڵەمێش دەگۆڕاو دەبووە سوور**

**ئەی ڕۆژگار ڕاوەستەو وێنەی ئەم ئەنفالە بگرە**

**ڕاوەستەو بیخەرە ناو وێرانەی هەمیشەییمانەوە.**

**کاتێك خەڵکەکە لەبێ دەنگی خۆیان نەبزووتن**

**با جووڵایەوە**

**بەسەر کامیۆنەکان و**

**بەسەر گۆڕەکاندا تێپەڕی و**

**سروودی ژەهری ڕاماڵی و شکاندی**

**بەسەر ئاوی گوناهەکاندا تێپەڕی**

**بە ئاسماندا تێپەڕی و**

**لە گۆشەیەکی ئاسمانەوە نووسینێکی ڕەشی تۆمارکردو**

**مردنی ئێمەی ڕاگەیاند.**

## 15ی نیسان : تاڵەگرەوە ئاوێنەدارەکە

دەم و چاوی ئەحلام لە دەم و چاوی مریەم دەچێت

دەم و چاوی دەخوێنێتەوەو وێیش لە ڕێگەکە دەڕوانێت: ئاخ کوڕەکەم.

لەبەردەم مۆمەکەدا دانیشتووەو دەخوێنێتەوە: خواوەند هەقمان وەرگرێتەوە.

یەکەمین مۆم تەواو بوو

گوێم لە دەنگی مریەم بوو دەیگوت: سەربازەکان بردیان

تاڵەگرەوە ئاوێنەدارەکە گوتی: مەروان لەناو کێڵگەیەکی دەرەوەی بەغدایە 112 جار بەستراوەتەوە.

عەلییش گوتی: دەم و چاوی خامۆشەو ڕدێنی درێژەو ئێستە دەمبینێت.

غەمەکانی بەسەر دووەمین مۆمدا خوێندەوە

گوێم لە مریەم بوو دەیگوت: نگینی دڕکینەیان لەسەر سەری دانا

ئاخ کوڕەکەم.

شمشێرەکەی عەلی بە دیوارەکەوە هەڵواسراوەو پابووجەکەی لەبەردەم دەرگەیە.

چووە سێبەرێکی کوێرەوە

ئەمڕۆ چاوی زۆر تیژە

غەمەکانی بەسەر چوارەمین مۆمدا خوێندەوە

(مەریەم کچی داوود هەستا چوو بۆ لای بوخوردەکە)

بەسەر چوارەمین مۆمدا خوێندی و

کۆت و بەندەکانی کردەوە

عەلییش هاواری کرد: دەیبینم ئازادە

هێشتە ئەحلام بەسەر پێنجەمین مۆمدا دەخوێنێتەوەو

هێشتە مەروان لە چۆڵەوانی سەرگەردانە.

...

لە ئاشوور شوورەکان هەرەسیان هێنا

خەڵك گەڵای ئاسیان بە دەرگەکاندا هەڵواسی

بەڵام هێشتە جەژنەکان هەڵاتوون و مەلەك تاووس هێشتە تەنیایە

خۆشییەکانمان بەتاڵن

پێکەنینەکانمان بە شمشێر لێمان وەرگیراون

ئاگرکەوتنەوەکانی نەینەوا دەستیان پی کرد

ڕوحمان بە بڵێسەکانیان سووتان و

دەم و چاومان گۆڕان.

## 16ی نیسان: کاتێک لە سامەڕا

دارەتەرمەکە بە تکریتدا تێپەڕی و شوێن بزربوو

پاشان لە سامەڕا دەرکەوت و ئەو دەستانە بڵندیان کردەوە کە ئاماژەیان پێ دەکردن

لەسەر زەوییان دانا

چوار ئافرەتی ڕووت لە دەوری ڕاوەستان

پرچیان بەرەو لای ڕۆژهەڵات جووڵاندەوە

ماسی و گوڵی تێدا دەرکەوت

گوێچکە ماسییەکان پێ نهێنییەکانیان بزاوت

نیشانەی هەرە گەورەی مێیایەتی لە خۆپۆشەکەی دەرکەوت و

دووپشکەکانیش هێلکەکانیان هەڵهێنا و بێچووەکانیان لە پشتیانەوە هاتنە دەرەوەو

دایکەکانیان خوارد

نوێژی باران بارین دەستی پێ کرد

بارانی خوێن باری و

ماڵەکان شین و واوەیلێیان کرد

منارە پێچپێچەکە سەری دانەواندو تاوەرە بڵندەکەی ڕووخا

گۆڕو مەزارگە ڕووخێنراوەکان گریان

هیچ نەماوە تەنیا چیلکەدار نەبێت

ئەو چیلکەدارەی دەیانەوێت وڵاتی پێ بسووتێنن

وەك بڵێیت با مێژوو چوون گۆیەکی سەرگەردانی دڕکینە غلۆر بکاتەوە

کڕنووشگەگەل لە کفن دەچن و

کەوانگەل لە بەڵێن دەچن

نە ڕووبار لە کاغەزەکانمدا هەیەو نە لق و پۆپ

بیر لە مرۆڤی دووپشك دەکەمەوە بە دەزووی مێژووەوە شۆڕ بووەتەوەو

چەند گوتەیەکی پیرۆز دەجوێتەوە

بیر لە کۆتاییە سیس داگەڕاوەکان و

کانە نێژراوەکانی ژێر پێستەکانمان دەکەمەوە.

## 17ی نیسان: گوڵیان بەر چەقۆ دا

ڕۆژگارێك، داڵەكانت بڵندايیەكانيان تێك داو

ئاسمانيان لە زەوی جودا كردەوە

گوڵی نوێژيان بەسەر باڵەكانيانەوە هەڵگرت

ئەو وشانەی لە ژوورەكانی ئاودا بێوەژن كەوتن

كە لە ڕێڕەوەكانی ڕۆژگاردا وشك هەڵاتن

يەكەمين شاری پيرۆز لە تۆدايە

قەلەڕەشكەيەكی زەردت تێدايە

ناوەندی ئاوێنە ڕەوانەكەت چی دیكە شوێنی بەرەبەيانی تێدا نابێتەوە

چی دیكە داو بۆ دڵە پڵنگەكەت نەماوە

(نیبۆر) پەرستگەی بايەكان

ئەی ئافرەتە درژەكە

تۆزو گەردی تۆ ئالۆشی ئێمەيە

كۆتەڵەكانيشت تیرەكانمانن

كام پياو چی دیكە لەگەڵ ژنەكەی نانوێت

كام ماسی چی دیكە گەرای زۆر دانانێت

كام ئەسپ چی دیكە لە ماينەكەی نزيك نابێتەوە

كام كێڵگە چی دیكە بەروبووم ناگرێت

ئەيووب چی ڕووی داوە؟

گوڵەكەيان بەر چەقۆ داوە!

ڕانەكەيان كردە ئاسن و وڕينە.

## 18ی نیسان : ئایە دەتوانیت گوڵ دابنێیت؟

لەپێناوی کێدا نغرۆی ناو ئەم لمانە بووین؟
لە پێناوی چیدا چرۆکانمان دەستی بروسکەیان پێ نەدەگەیشت؟
ئایە دەتوانیت تۆمارەکانی جوانیم لەگەڵدا لەقەد پەنجەرەکانی ئەم شارە
بێ دایك و باوکانەدا هەڵواسیت؟
ئایە دەتوانێت لەبری ناولەپی خوێنین گوڵ بەقەد دەرگەکانەوە دانێیت؟
ئایە دەتوانیت سەرخۆشێك لەناو ئەم خۆڵەمێشەدا بژەنیت؟
ئایە دەتوانیت دوور لە ئێمە تۆفان ڕەپێش بدەیت؟
ئایە دەتوانیت بە گەروویەکی شووشەیین گۆرانی بچڕیت؟
قەوزەکانمان درێژتر بوون و مێشکیان خواردین
ئارەزووەکان چوون کتێبگەلی کۆن پەڕەکانمان هەڵدەدەنەوەو
کانییەکان بەرەو مەرگ لەپێشمان دەدەن
تونێلەکانمان بە گوڵی ڕەش داپۆشراون و
خواوەندەکانمان لەسەر شۆستەکان کوژراون

هیچمان پێ نەماوە ئەم مەشخەڵە نامۆیانە نەبێت
بەهەڵدێردا هەڵدەزنین وەك بلێیت سەیران بکەین
نغرۆی (سەماوە)ی خولگەی کەلووەکان و (ئەلیس) دەبین
ئایە دەتوانیت بەسەر سەرمانەوە باڵ بەیەکدا بدەیت و شێتیمان لێ دوور بخەیتەوە؟
فریشتەکەمان گۆچانێکی بەدەستەوەیە مۆرانە لێی داوە
کەنارە سپییەکانمان تا هەتایە ماڵئاواییمان لێ دەکەن
دەتوانیت ئەو ڕێگەمان پێ پێشان بدەیت بەرەو ئەوێمان دەبات؟

**پەپوولەکانمان ئاسنین و شەڕەنگێزن و**

**کێڵگەکانیشمان بە مین و تەرم چێنراون**

**ئایە دەتوانیت ئەم زەوییەمان بۆ دەربخەیت؟**

**هەر لە نوگرە سەلمانەوە تا ئایندەمان کە بە بیابانەوە دەفڕێت**

**ژانەکانی ئۆرووك هێور نەبوونەتەوەو**

**ئێسکەکانی کەڵەگامێش لە گۆڕەکەیدا هێور نەبووەتەوەو**

**هێشتەیش یەکەمین تابلۆی نووسین ڕووناك نەبووەتەوە**

**لەکاتێکدا دارەتەرم هاواری خۆی خستە ناو درەختەکانمانەوەو**

**بە کاروانە تەم و مژاویەکەیەوە دوورکەوتەوە.**

## *19ی نیسان : دارەتەرمێك مانگێکی چواردەی بەسەرەوەیە*

**لە نەجەف**

**بەلای (گۆڕستانی ئاشتی)دا تێدەپەڕم و سەیری گۆڕەکانی بەر لە سەدەو دوو سەدەی پێشتر دەکەم، گۆڕی دایکم لێرەیە ناوی خۆی و ناوی من لەسەر کێلەکەی نووسراوە، گۆڕی باوکم لەوێیە، گۆڕی خالدی برام و وێنەکەی لێرەیە. گۆڕی ئەو پیاوانە لێرەن کە بەگژ تاریکیدا چوون، گۆڕی شەهیدان لێرەیە، گۆڕی ستەمدیدەکان لێرەن، شوێن سمی جەنگ و برسیەتییەکانیان پێوە دیارە.**

**بەلای منارەکانی فرمێسکدا تێدەپەڕم مانگەکانیان بە سەردولکە دادەپۆشن، بەلای ڕووناکی مەزارگەگەلی نەمردا تێدەپەڕم چاکە بەسەر خەڵکەکەدا دەبەشنەوە. بەلای گوڵێکدا تێدەپەڕم ڕوح بە بەهەشتێکی بەرینەوە دەبەستێتەوە.**

**سڵاو لە ڕوحە سەرگەردانەکانی ناو باخچە بریندارەکان، سڵاو لە فریشتە سەرگەردانەکانی ناو ئاسمانە هەوراوییەکان، سڵاو لەو کەسانەی لە ئەوینیاندا ڕاستگۆن، سڵاو لەو پێ خواسانەی بێ ترس و لەرز بەرەو چارەنووسی خۆیان مل دەنێن، سڵاو لەو برینانەی بەردەوام خوێنیان لێ دەچۆڕێت، سڵاو لە جلە هەمیشە ڕەشەکان.**

**بۆچی نزا ڕەپێشم دەدات؟ بۆچی کانییەکان لەناو بەهەشتەکانمدا دەگۆڕێن؟ هەناسە هەڵکێشانی فرمێسکەکانم ڕێ دەکەن و ڕووبارەکانم ڕاوەستاون و ساڵەکانیشم لەناو مقاڵە و گۆشت برژێنەکەمدا دەخولێنەوە.**

**ئەو دەرگەیەی بۆ پرسیارکاران کرابووەوە دەستەکان پاڵیان داو داخرا و چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانیان لێ چووە ژوورەوەو بەیداخی خوێنیان بڵندکردەوە، ڕۆژگار لەناو خۆڵێکدا پشکنین دەکات کە بەسەر سەراندا دێتە خوارەوە لەگەڵ شینگێڕانێك کۆتایی نایەت.**

**ئەکیتۆیان نەناشت... لە دارەتەرمەکەیان دەرنەهێنا، چەندان جار بە چواردەوری مەزارەکەی عەلیدا سووڕاندیانەوەو بۆ دووری دووریان بردە دەرەوە، مانگە یەك شەوەکەی سەرەوەی بوو بە مانگی چواردە، مانگە چواردەکەیش بوو بە چاوێك دەگریا.**

## 20ی نیسان : میسان: ئاوی مانگ

ئەوینێك با پەرتی كردەوە

هیچی نەماوەتە تەنیا ئەم لقە ڕووتانە نەبێت

ڕۆژێك لە ڕۆژان، بەهەشت بوو

بەڵام مارەكە پاڵی نام و لێی وەدەرنام

هیچی نەماوە تەنیا غەمێك نەبێت بە قەد لقەكانەوە چوون شڕە پاتاڵ هەڵواسراوە

كەڕەناكە فووی پێدا كرد

زەنگۆڵەگەلی مس لێ دران و جیوەكەی جووڵایەوە

چوون ڕووبارێك ڕاوەستاوە ئاوەكەی بوویێت بە خەڵووز

چی دیكە ژن و مێردایەتییەكی پیرۆز نییە، بووە بە تۆزو گەرد ماڵەكەی ئەكیتۆی داپۆشیوە

وێنەی بیرەوەرییە خۆڵەمێشییەكان بە قەد دیوارەكانییەوە شۆڕ بوونەتەوە

نامە كۆنەكان مەرەكەبەكەیان كاڵ بووەتەوە

ناخەكان ئازارچەشتەن

چەندان دووپشك چوونەتە ناو ئەم ماڵەوە

چەندان مار تێیدا سووڕانەوە

زەلكاوەكان وشك بوون و شاریش تەنیا یەك شەقامی غەمباری تێدایە بەهێزەكان پێیدا دێن و دەڕۆن

دارەتەرمەكەیان خستە ناو بەلەمێكەوەو

بە ناو ئاوی (ئیشان)دا پاڵیان نا

چی دیكە گوڵەكەمان سوور نانوێنێت بەڵكو چوون ڕەنگی مانگ دەنوێنێت

مانگێك با

لە ماڵمان و ... بەسەر ئەم بیابانانەدا پەرتی كردەوە.

# 21ی نیسان: ئەستێرەی عیشتار دەدرەوشێتەوە

ڕۆژ بوو بە گایەك بە شەقامەكاندا هەڕای دەكرد
ئێمەیش بەدوایدا ڕامانكرد
لە مەدرید نەبوو بەڵكو لە دهۆك بوو
خاچی كورد بە گەردنی چیاكانەوە هەڵواسراوە
گاسنەكە ببەو زەوییەكە بكێڵە
ڕووپۆشەكەت لادەو با ڕووبارەكانت ببنە ئاوێنەمان
بەرەو لای تۆ پاڵەپەستۆمانە، بەڵام تۆ شەونم گۆدەكەیتەوەو بەسەرماندا دەیپرژێنیت
ڕۆژ بوو بە گا
زانین بوو بە ڕستەگەلی نهێنی
هەر هەموومان دڵمان لە تۆو لە جوانی تۆ چووە
ئەی كچی پشكۆو بادەكان
دوو گوێل دەغڵ و دان بەسەر (چیای سپی)دا دەوەشێنم لە باكوورو
چیای (زاوا) لەباشوور تا بە گۆرانییەكەتدا ڕابگەم
كە بەسەر دەشتی (سیمێل)دا هەڵدەكات و دەیپیتێنێت
ئەكیتۆمان لەناو كێڵگەكانتدا دانا خەریك بوو هەڵسێتەوە
بەڵام گەردی چەكەكان نەیانهێشت
كێ بە گوێل خەرمانەكانی پێوایت
كێ بە پێ ڕووبارەكانی پێوا
كێ قیبلەنمای لەسەر سەرت دانا
كێ چیا دوورودرێژەكانی پێوایت

هەموو پێوانەیەك پووچەو هەموو زەویش دەگۆڕێت و هەڵەوگێڕ دەبێت

بۆچی خێرا بەرەو مەرگ هەنگاو دەهاوین؟

بۆچی لە ڕاکشاوان دەچین لەکاتی نووستن، یان گوناهدا

گەردەلوولەکان لە پریاسکەکاندا وشك بکەنەوە

ئەستێرەی عیشتار دەدرەوشێتەوە

پاقلە چرۆ دەکات

سۆزی گا تەم و مژاوییە میوزیك دەجووڵێنێتەوە

هەموو شتێك هەرەسی هێنا کاتێك چووینە ناو بیرەکانی جوانییەوە

شکسپیر ئەوەی نۆژەن دەکردەوە کە دافنشی دەستی پێ کردبوو

بەڵام هتلەر هەموو شتێکی وێران کرد.

# 22ی نیسان : سەرکردەکان!

ئەی سەرکردەکان چی بە پێستمانەوە ماوە تا پێشکەشی ئێوەی بکەین؟
چی لە ئێسکەکانمان ماوە؟
ژیانمان بوو بە کوانووی گەرم بۆ ئێوە
لەبەردەم کامێرای تەلەڤزیۆندا دەبریسکێنەوە
وەك بلێیت لە شاییدا بن
ئێمەیش تا دێت ڕەنگمان دەبزڕکێت و ڕەشتر دادەگەڕێین و
پێستمان درزدەبات و
خانووەکانمان دادەڕمێن

شکۆی ئامادەیی خۆتانمان بەسەردا مەنوێنن
جارێك بە زمان پاراوی
جارێك بە نوکتە گێڕانەوە
جارێك بەخۆ بیّ فیز نواندن
جارێك بە تووڕەیی پاراوی
جارێك بە ئازار پاراوی
پشکۆمان بۆ ناخەنە ڕوو
هەموومان بووین بە خۆڵەمێش
ئاگەتان لە ڕێگەکانتان بێت بەدەر لە نوێژن
شارانێکمان بۆ دروست بکەن لەبیرمان نەچنەوە
لە کاتەکانی مردندا خوێنمان ڕاگرن
ناوتان لە مێژوودا بە پیتی زێڕین مەنووسن

**بەڵکو بە پیتی خوڵی خاکەکەمان بینووسن**

**سەرکردەگەلێك مەبن**

**لەگەڵ ئێمەدا لەسەر نانێك پاڵەپەستۆ بکەن**

**ڕێگەمان بۆ بکەنەوە**

**لە نزیکمانەوە ڕاوەستن**

**لە بەردەمماندا ڕامەوەستن چونکە دەمانەوێت سەرتاسەری ئاسۆ ببینین.**

# 23ی نیسان : گۆرانییەکانی دەستار

بۆ دایکم لە هەشتەمین سالیادی کۆچ کردنیدا

لەناو بالاپۆشە ڕەشەکەتدا نووستبوویت
بەهاریشت لەگەڵ نووستبوو
هێشتە کاتی کۆچ نەهاتبوو
بەلام بەلەمەکەت ئامادەبوو بەهەموو ئەو پێویستییانەوە
تا لە ڕووبارەکانی خوارەوە بپەڕێتەوە
بەلەمەوانیش قۆڵەکانی کراسەکەی دەنووشتاندەوە تا پێشوازیت لێ بکات
لەو تەمەنە درێژەدا
لەو شوێنە دوورانەی دۆڵی شەونمدا
چوون درەختێکی بچووک، لەبەر دەستتدا بووم
کە بترسیت لێت بزربێت
لەژێر هەردوو پێتەوە ڕەگ و ڕیشەت بۆ ڕاکێشابوو
لەگەڵ پرچتدا چەند لق و پۆپت بۆ کێشابوو، قەدەکەیشت لە ئامێزی ناخت گرتبوو
دوو جار دایك بوویت
جارێك بۆ هزرەکەم و جارێك بۆ درەختەکەم
مانگ و فرمێسکەکانی خۆت لە جەستەمدا دەشاردەوەو
گۆرانی دەستاڕت دەچڕی
ئەو ئەستێرانەی چوون خاڵێکی سەوز بەژنی تۆیان دەڕازاندەوە
ڕژانە ناو جامێك
(کەڕی)ی گوڵەکانیش  ڕژان

ئەموستیلەکانی زیویش ڕژان

چەند فریشتەیەك دابەزین

بڵندیان کردیتەوەو تۆیش بانگی منت دەکرد:

گوڵەکانت!

درەختەکەت!

ئەو دیمەنەت بەلەم و بەلەمەوانەکەی شەرمەزار کردیت

هانی دام بانگی گۆرانییەکانی دەستاڕ بکەم:

دوور لە ڕووبارەکەت

درەختەکەم وشك دەبێتەوە

گوڵەکانیشم بزردەبن.

# 24ی نیسان : بزربوونی هەڵەچن

**لە ڕۆژی کۆچکردنیدا**

**(ئەوە مەرگی بەختەوەرانەیە، ئێستە هات لە سایەیدا بحەوێوە، لە زەمین دەرکراویت، تا بە گەورەیی و بە دەستپاکی داناییەکەی سەرەتات بتبات، تێکچوون بەخێربێت، ئەوەی بتەوێت ئەو دەینووسێت، بەخێر بێت، هەڵتدەستێنێت و، ئاماژەت پێ دەکات کە لەم هەنگاوەوە دەست پێ بکەیت).**

## لە چامەی (پیتەکانی هەڵەچن)ی شاعیر کەمال سەبتی

**تۆیش هەنگاوت هاویشت**
**ئەو شوێنەی کە بەجێت هێشت تا هەتایە بەتاڵ بوو**
**باڵندەکان بەسەر ماڵەکەتدا تێپەڕین و گریان**
**(گەورەم نەمەدێکی قوڕین لەبەر دەکەیت؟)**
**بۆچی لەوەرگەکانت لەگەڵ خۆت برد؟**
**بۆچی شارەکانت بەرەو لای داناییەکەت ڕاکێشا؟**
**پێکێکم بۆ تێکە**
**تا پێکەوە گۆرانی بچڕین و ...بای شەوان دوور بخەینەوە**
**گوڵێکم بۆ تێکە تا بە جۆش و خرۆشەوە پێکەوە بۆ باڕەکە بگەڕێینەوە**
**تا ئەڵماز لە کانەکانی شێتایەتی بڕنینەوە**
**(ئاهەنگی سەماکردنەکە هێشتە دەستی پێ نەکردووە، ڕەنگە هێشتە تەواو نەبووبێت)**
**ئەی چۆن ڕۆیشتیت**
**جانتاکەم ئامادە دەکرد تا لە هۆڵەندا سەرت لێ بدەم**

بەڵام دەرگەکەت کلیل داو خەوت لی کەوت

(نەمدەزانی بە تەنیا دەمریت)

ئایە ئەمە ئەو بەڵێنەبوو پێت دام؟

تەنانەت لە مردنیشدا فێڵم لێ دەکەیت

ئەم چامە لە پێناوی ئەوەدایە تا پیتەکانی هەڵەچن بگەشێنەوە

ئەم چامە لەپێناوی ئەوەدایە تا مانگ خێرا نەبێتەوە بە مانگی یەك شەوە

ئەم سرووتە لەپێناوی ئەوەدایە تا لە تەختەدارەکە قوتار بیت و

لەپێناوی ئەوەدایە تا شیر بکەمە ناو قاوەکەتەوە

بۆچی بەم شێوەیە سەرگەردانیت؟

(ئایە فەرهەنگەکەت تەواو کرد)؟

وشەکانت لە تەنیشت قەرەوێڵەکەوە شین و واوەیلێیانە

وشەکانت چوون ئافرەتێکی شینگێڕ قژی خۆیان دەڕننەوە

لەو پێناوەدا کتێبەکانمان بە دەستکاریکراوی چاپ بوون و

ڕوخسارمان گۆڕاو پیربووین.

# 25ی نیسان : بەناو کاتژمێرگەلی پەککەوتوودا دەڕۆین

لەسەر بەرد شێوەی پەپوولەکانم و
شێوەی ئەو تۆوانە دەنەخشێنم کە لە ئێسکەکانمدا چاندمن
ئەی ڕۆژ لەگەڵم پشوو بدە
با سەر لەو شارانە بدەین لەوە ناڕازین خوا پێی داون
کتێبەکەم بۆ ڕووباری هەتاو دەکەمەوەو دەستنوێژ دەگرم...
ئەی ئەو ئەستێرانەی لە بنەمیچەکەماندا هەڵکۆڵراون
بۆچی ڕێمان نادەن بنووین؟
جنێوەکانتان وایان لێ هاتووە دەبیسترێن و
نەفرەتەکانتان وایان لێ هاتووە تیژبوونە
ئەی ئەو شەپیوورانەی بەناو نهێنییەکانماندا تێدەپەڕن
چی دیکە ڕۆژژمێری لۆژیکانەمان پێ نییە
وامان لێ هاتووە بەناو کاتژمێرگەلی پەککەوتوودا دەڕۆین
وێنەگەلی شکستخواردنمان بە قەد بالکۆنی داخراودا هەڵواسی
چەند جار لە سەر ئەژنۆ نووشتامەوەو لەڕۆژەکانم پاڕامەوە
تا تۆفانێکی نوێ غلۆر ببێتەوە و بمانشوات و
لە نغرۆبییەکی هەمیشەییدا خۆمان پاکژ بکەینەوە
بەڵام ئاوەکان پشتیان تێ کردین و ڕۆیشتن
بۆیە هێشتە لەناو بەلەمەکەمدا دەرۆزە دەکەم و
بە غەمباری و بێ دەنگ بەناو ئەم جۆگەڵە بچووکانەدا تێدەپەڕم.

## 26ی نیسان : کرخاد ماڵی سەلووخ

لە منداڵدان دابەزیم ... یەکەمین بەهەشتم
بێشکەو جێگەکەم لێرەیە
ئەو هێلانەیەی خستمییە ناو دەستی درەختەکانەوە
ئەو سروەیەی دڵە بچووکەکەی هەڵکۆڵیم.
بۆ یەکەمین جار
لەو پارچە زەوییانەی نزیك بازاڕی قۆریە
هەناسەم دا
هاوارم کردو شیری بێ گەردم خوارد
لەسەر هێڵی شەمەندەفەریش قەپاغە بوتڵەکانم دانا و
گوێم لێ بوو شەمەندەفەرە دوورەکان دەهاتن
لە بازاڕی قۆریە لەگەڵ دایکم سەوزەم هەڵگرت
لە گەرماوی ئافرەتان جارێکی دیکە بەهەشتم بینی
یەکەمین تۆو لە جەرمۆ و یەکەمین خواوەندانی دایك
یەکەمین دەفری قوڕینی سوورکراوە کە تۆوەکانم تێدا کۆکردەوە
یەکەمین وەشاندنەکانی پاچ
وای لێ کردم دەست بەسەر دڵمدا بهێنم
کوڕەکانم کۆدەکردەوەو بەناو (نووزی)دا دەسووڕامەوە
قەڵا گەورەکەم دەبینی
تاریکە بازاڕم دەبینی کە ڕۆژژمێری غەمەکانی تێدا ڕووی دەداو

**به چەندان زمان دەپەیڤی**

**لە سەبەتەکانی سڵاوەکانەوە بەردەبوونەوە**

**هەموو بەردێکم لە کەرکووك ماچ دەکرد**

**دارەتەرمی کات لە کەرخا هەڵواسراوە**

**چەکدارەکان خەڵتانی خوێنیان کردووە**

**پیاوە ئایینییەکانی کەرخا بە ڕدێنە درێژەکانیانەوە هاتنە دەرەوە**

**بە ڕۆبە سوورەکانیانەوە هەڕایان دەکرد**

**کێ گالیسکە پاشایانەکانی تورکمانەکانی تۆقاند؟**

**کێ ئەم هەموو گوڵە مردووانەی لەسەر داناون؟**

**کێ یاری بە بەهەشتەکەیان کرد**

**ئەو گۆرانییانەی جوانی کە بەسەر زاریانەوەیەو**

**ئەموستیلە زێڕەکان کە لە پەنجەیاندان**

**دارە تەرمەکەی ئەکیتۆیان بە ماڵەکانیاندا سووڕاندەوەو**

**چەندان بەیداخی ڕەشی غەمگین هەڵدران**

**ڕۆژگاریش لە چینە زەمینەکانی ئاشووری و حووری و ئارامی و عەرەبی و تورکمانیدا ڕاوەستا.**

**ئەی ئەوانەی لە باکوورە دەکشێن دەست بۆ کچێنی شارەکە مەبەن**

**ئەو شارەی بە دیواری**

**کەرخاد ماڵی سەلووخ پارێزراوە.**

# 27ی نیسان : ڕەگ و ڕیشەی ژان

پێویستە لەناو ئاوی ڕەشدا زۆر پێشڕەوی بکەین
پێویستە ڕەگ و ڕیشەی ژان بدۆزینەوە
ئاگرەکانمان لە کەنارەکانی ڕووبارەکانەوە پەرت دەبنەوە
بەژنەکانیشمان زوو لەناودەچن
ئالۆشگەلی بە بەزەیی لە ڕێگەکانماندا دەگۆڕێن
ئەژدیهای نووستووی ناو خەونەکانمان هاوار دەکات
زانیاری زۆرترمان پێ دەڵێت لەمەڕ ئەو ڕووداوانەی بەڕێوەن
پێداهەڵدانەکانی سەر ڕەفەکانمان هەڵستان و ئەستێرەکان بە عەردیاندا داین
هیچمان لە بەردەمدا نەمایەوە تەنیا نغرۆبوونی ناو ئاوە ڕەشەکان نەبێت
خواوەند ڕۆژێکیان پێی گوتین: ئەمە ڕێگەی بەهەشتە
ئێمەیش بە ڕێگەیەکی تەنیشتدا ڕۆیشتین
لەگەڵ ئەوەیش گەیشتینە بەهەشت بەڵام چۆڵ بوو
کەچی بەهەشتی تەنیشت پڕ لە ژمارەیەکی زۆر بوونەوەران بوو
خواوەند گوتی: ئێوە (ڕەسید)ی منن، نەك کۆیلە

ئەو خۆڵەی بە پێمانەوە نووسابوو ڕیسوای کردین
لەناکاو کلیلەکانمان بەربوونەوە سەر عەرد و
تارماییەکانمان لە ئاسماندا بزربوون و
پرسیارەکان بوون بە هاوبەشمان.

## 28ی نیسان : ڕووبار ڕەش داگەڕا

چۆن ئاوێنەکان ئەم هەموو زیانانەیان دروست کرد
چۆن ئەسپەکان لەناویاندا گریان
چۆن پشکۆی بروسکەکان پەرت بووەوە
ئاوێنەکان ڕووەو ڕابرودوو دادەنێم
وێنەکەی دەردەکەوێت پەز دەلەوەڕێنێت و چاویان بە دەرزییەك کون دەکات
ئاوێنەکان پاك دەکەمەوە لە کۆڕێکدا دەیبینم و شمشێرەکەی لەسەر هەردوو ڕانی داناوە
ئاوێنەکان ڕووەو دادێ وەردەچەرخێنم
لەناو ئۆتۆمۆبیلێکی ڕەشدا دەیبینم پێدەکەنێت
ئاوێنەکانمان سووتاون، یان خۆمان تا ئەم ڕادەیە بۆگەن بووگین
هەرکە مێژوو بە ئاوێنە ڕووناك بکەمەوە بە ڕوومدا دەتەقێتەوە
چارەنووسمان گێڕانەوەکانی ئەستێرەناسی لێی دەدەن
ڕۆژەکانیشمان بە دەستی سیحربازەکانەوە دەگۆڕێن
گوێچکە ماسیگەلی چاوەزار لەبەردەم دەرگەماندا هەڵدەڕێژم و
ئەو برینانە دەدروومەوە کە ئاسمانیان پڕ کردین
لەگەڵ دەهۆڵە ڕەشەکانماندا بۆ ئەم بلنداییانە سەردەکەوین
تاوەرەکانیش لەناو غەمەکانماندا دەڕووخێن
درزێکی قووڵ کەوتووەتە میوزیکەکانمانەوە کاروانەکانی حوشتری لێوە هاتوونەتە ژوورەوە
کاتێك دێوەکە لەدایك بوو
ڕووبارەکە ڕەش داگەڕا
قوڕی شەویش ئاسمانی سامالّی ولاّتەکەی سواغ داین.

## 29ی نیسان : هیچ شتی دیکە نەماوە بۆی بگرین

ئەی وڵاتی چارە ڕەش
ئەگەر خەڵکت نووستبن و
سەرکردەکانیشت زۆر وریا بن
وەك چۆن نازانیت بە ڕۆژ کێ دەتباتە دەرەوە
ئەوە نازانیت شەویش کێ لەگەڵت دەنوێت و
کێ سبەینێ دەتفرۆشێت
ماڵەکانت خۆڵیان لێ دادەبارێت
جلەکانیشت لە پشتەوە کون کونن
کاتێك ئاشەکان قسە دەهاڕن
کاتێك شینگێڕەکان لەبری فرمێسك ئاو بە دیوارەکاندا هەڵدەواسن
کاتێك هاوار بە بۆنی گۆشتی برژاو درز دەبات
کاتێك دەزووی زێڕ دەکەوێتە ناو جلی ماتەمگێڕییەوە
بلا ئێمە بۆ ئاهەنگێکی کەس نەناسی دەچین
نەك بۆ وڵاتێکی بریندار...
تاریکترین تونێل تونێلەکانی ئێمەن
ساختەترین تونێل ئێسکەکانی ئێمەن
بە زرنگەترین ئێسك هزرەکانی ئێمەن
لێرە مانگیان دزی و لەوێ دارەتەرمەکەی ئەکیتۆیان ڕفاند
هیچ شتێك نەماوە بۆی بگرین
هیچ شتێك نەماوە کۆمان بکاتەوە
ڕێگەکان لێکیان کردین و
درۆکان کۆیان کردینەوە.

# 30ی نیسان : ناشتنی ئەکیتۆ

بەغدا
دەفرە قوڕینە سوورکراوەکانت ڕاخەو
(مندالا) بە دەست بنووسە
لە تەلیسمەکانتدا ڕاوەستە،
لە نەزرەکانتدا ڕاوەستە کە شەقامەکانیان پڕ کردووە
بەرەو شان بەرزت دەکەنەوە تۆیش بەرەو لای پێیان دەدۆڕێیت
مەمکەکانت دەردەکەون و هەموو ڕووبارەکان وێنەی جەستەی ڕووتت دەکێشن
بەژنت بە تیر سڕاوەتەوە
دەمت پڕ لە هاوارە
بە کۆس کەوتن ڕەنگ دەبیت
بە سیس بوون خۆت دەڕازێنیتەوە
پاوەنەکانت ئاسنن
بازنگەکانت تەنەکەن
ئەوانەی بەلاتدا تێپەڕین بینیتیان و بۆت گریان
شەوان بادەکەت لەناو جامگەلێکدا دەخۆیتەوە بە ڕۆژ بە خوێن پڕیان کردوون
بەرەبەیان سوودت نادات و نیوەڕۆیش جێگەکەت پێ پێشان نادات
بۆ نوێژ قیبلەنمایەك ئاماژەت پێ ناکات
دارەتەرمەکەی ئەکیتۆیان بە هەموو شارەکانی خوشکتدا سووڕاندەوە
شوێنێکیان نەدۆزییەوە بۆیە بۆ لای تۆ گەڕانەوە
خوداوەندی سەربازەکان
ئەی ئەوەی بە بڕواکان کۆت کراویت

**بە نەزرەکان پێچراویتەوە**

**بە خوێن شۆشتراویت**

**ئەی شەهیدی شارەکان**

**ئەم مەرگانە لەخۆت دوور بخەوە**

**هەستەو جامە بادەکەی خۆت لەسەر دەستی ئەوانە فڕ کە کە خۆشیان ویستیت**

**ئەوانە وەدەر نێ بە درێژایی ڕۆژگار ڕقیان لێتە**

**باوەشت بۆ جوانی و خۆشەویستی بکەوە**

**ئەی وشە دڵیشت بۆ شاعیران بکەوە**

**مانگ بزربوو**

**دزییان ... تۆیشیان دزی**

**بەڵام دارەتەرمەکەی ئەکیتۆ لە خاکی تۆدا دادەنێین**

**لێرە لە ناوەندی نەخشە خڕەکەتدا دەینێژین**

**لەناو جەرگەی (مەندالا)دا**

**لەژێر کەناری دژلە لە (عتێفییە)ی دادەنێین و**

**کەس لە شوێنەکەی ئاگەدار ناکەینەوە**

**لەوێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پریاسکەکەی کچەکەم دانا**

**دارەتەرمەکەی ئەکیتۆ دادەنێین**

**لەم شەوەدا کە مانگی تێدا بزربوو**

**پاشان چاوەڕوان دەبین...**

**ڕەنگە ... گیانت بە بەر بێتەوەو**

**دووبارە ئەکیتۆ سازبدەین.**

# دەرچوون لە دۆزەخ

ئایار

# 1ی ئایار : میوزیکی ڕەش

**ئەو دەستانەی کە یاری بە ژێیەکانی گیتارەکەمان دەکەن**
**چوون شەوی شەقامەکانمان ڕەشن**
**ئەو دەستانەی کە دژوارە ڕابگیرێن**
**ئاوازگەلی نامۆیان بەسەر ئاوازگەلی کۆنە غەمەکەماندا ژەند**
**خەڵتانی خوێنێکی زۆریان کردن**
**لە ناو لیتەیەکی بۆگەندا گەوزاندیانن**
**غەمەکەیان ڕیسوا کردین و پارچە پارچەیان کردن**
**ئەو دەستانەی ئاوازمان بەسەردا دەژەنن ئەوەند زۆرن ناژمێررێن**
**نینۆکە درێژەکانیان هیچ شێوەیەك نانوێنن**
**پێستیان بریندار کردین**
**وەك چۆن ڕوحیان بریندار کردین**
**ئێسکەکانیشیان خواردین**
**وەك چۆن ژەهریان تێکەڵ بە نانمان کرد**
**ئەو دەستانەی دهۆڵەکانیان ژەندین / وایان کرد شارەکان بەجێ بهێڵین**
**ئەو دەستانەی شمشاڵەکانیان ژەندین / ماڵەکانیان لەبن دەرهێنایین**
**ئەو دەستانەی کەمانچەکانیان ژەندین / دڵیان کون کردین**
**ئەو دەستانەی سەنتوورەکەیان ژەندین / مێژوویان هەلا هەلا کردین**
**ئەو دەستانەی ئەم میوزیکەیان ژەند**
**لەناو سکی خاکی ڕەشانەوە دەرچوون و**
**پێوەیان داین.**

# 2ی ئایار : هاوارمان هەمیشەییە

هاوارەکەمان هەمیشەییە

نامۆییمان هەمیشەییە

برینەکانیشمان خۆش نابنەوە

لەم ولاتە نەخۆشەدا

فێرمان دەکرد نەمانگەزێت کاتێك ددانەکانی گەورە دەبوون

بەلاَم شیتاڵ شیتاڵی دەکردین کاتێك پدووی دووکەرت دەبوو

فێرمان دەکرد لەسەرخۆ هەواکەی نەکاتە سییەکانمانەوە

لە چەقۆ لووس تر دەبوو

بەلاَم، لەناکاو، هەڵیدەکوتایە سەرمان

ئاماژە بە پەنجەرە بەرینەکانی دەکەین کە بە سەر هەمیشەییدا دەڕوانن

بەلاَم لە بەندیخانە دێرینەکانی خۆیان توند دەکات.

***

هەندێك جار لە ڕۆژانی بە پێکەنین گولاَوپرژێنکراو، لە مەیخانەکاندا بازدەدەین

بەلاَم ئەوەندی ناخایەنێت لەسەر کورسییەکان سیس دادەگەڕێین و غەم گرمۆڵەمان دەکات

جوانی بڵندە بەلاَم نیشتمان زۆر لێژە

هیچ چارەیەکیش نییە خۆ لە غلۆر بوونەوە قوتار بکەین.

***

شێری تێدا بەهێز دەردەکەوێت و بە ئاسانی نامرێت

چوون دەفرگەلی فڕیویش

گا چەکدارەکانی تێدا دەقۆڕێنن

ئەی لاواز تێکەڵەیەك بادەو ماست بۆ دەمت

تێکەڵەیەك دووکەڵی خۆش

هاوڕێم ئەی ئەوەی لە گۆشەی ماڵەوە کەوتوویت

چێژ لە چەۆوگانەکەت وەردەگرێت لەژێر پێڵاوەکاندا شاراوەتەوە

بە ئارەزووی خۆمان، شەقامەکانمان بۆ بەجێ هێشتن و

گۆشەگیرییەکمان لە کریستاڵ هەڵبژارد

ئەی گۆشەگیر تێکەڵەیەك ڕووناکی و هەنگوین بۆ تۆ

هاوڕێم کە ڕکت لە زمانی خوێن دەبێتەوە

هەرچی وڵاتە

هەر هەموویان بە گا چەکارەکانیان و

بە مردنیش جوداوازن و

نە شەو و نە ڕۆژ ئاگەی خەو نازانن.

# 3ی ئایار: ئەی ئەوەی بە بزرگەدا تێدەپەڕیت

ئەی ئەوەی بە بزرگەدا تێدەپەڕیت...
وەڵامم بدەوە
چەند مانگێکە بێ دەنگیت
ئایە بوویتەتە باڵندە؟ ... منیش نازانم
ئایە بوویتەتە درەخت؟ ... منیش نازانم
ئایە بوویتەتە کێل؟
پاش تۆ نیشتمان بوو بە تاراوگە

***

ئەی ئەوەی بەرەو تاریکی هەنگاو دەهاویت
پاش تۆ مۆمم داگیرساندو وەڵامت نەدامەوە
ئاگرم کردەوەو ئاوڕت نەدایەوەو
کراسە جوانەکانم بۆ ئامادە کردیت
جانتاکەم ئامادەکردیت و ژەنگی سویچی ئۆتۆمۆبیلەکەم بۆ لابردیت
بەڵام ئاوڕت نەدایەوە

***

ئەو ئەعرابانەی تۆیان ڕفاند لە نەتەوەی من نین
من سەر بەم نەوە قێزەونە نیم
من سەر بەم هەورە ڕەشانە نیم
نیشتمانم ئەو مرۆڤەیە خۆشی دەوێم
هەرچی ئەوەیە کە ڕقی لێمە ئەوە وڵاتی نامۆیە.

# 4ی ئایار: چی بە زاری پەککەوتووم بکەم؟

وەرزگەلی دەستبەسەر تێدەپەڕن و
جەژنگەلی هەوراوی دێن
هیچی دی...
چوون تاریکاییەکی دەمامکدار
ئێسکە شاراوەکانی ناو سکمان هیچ سوودێکیان نییە
شەوان هیچیان لێ ناکەوێتەوە تاریکی نەبێت
ئەوەیش وای کرد ئەفسانەکەم
کەشتییەکەی لە مێشکمدا پەکی کەوتووە
گورگەکانیشی لە ڕێگەو بانەکاندا بەرەڵڵان
چوون ئاسکێك بۆ بێچووەکەی بگرێت شین و واوەیلێمە
پاچەکەم دەخەمە قەد پشتوێنەکەم و دەچمە دەرەوە
بەڵام کاتێك پاچەکە بەرزدەکەمەوە دەبێتە ئاو
هیچ سوودێکم لێ نابینرێت
لە ئامێزی ئەستێرەکەمدا نووستم
گۆرانییەکانم لەسەر بازووی نووسی
نە ڕۆژ و نە شەو دەستگیریان نەکردم
لە بازنگەکانیدا ئازاد بووم
لەناو هەردوو چاویدا چاوم بەسترابوو
ویستم بۆن لە خۆم بدەم بەڵام دووکەڵەکەم بڵند بووەوە
ویستم چەپکە گوڵێك دانێم بوورامەوە

**به دەوری مەیخانەکاندا دەمسووڕێننەوەو بە ئاگەنایەم**

**فڕێم دەدەنە ناو ڕووبارەکانەوەو سەر ئاو ناکەوم**

**چی بە ڕۆژە شکستخواردووەکان و**

**زاری داخراوم بکەم؟**

**چی بە جەژنەکانم بکەم لەناو جێگەکەمدا نووستوون؟**

**چی بەم ڕووبارە لەناوچووە بکەم؟**

**ئەی بۆچی بەلەمەکانم لە بیابان دانانێم**

**تا بیرم بکەوێتەوە کە هەموو شتێك بەرەو کاوڵ بوون دەچێت؟**

□

# 5ی ئایار : چەند نەخۆشییەکی تەمومژاوی

لەگەڵم نەبوویت
بەلەمەکانت بێ قوربانی بەجێ هێشت
لە بریسکە نهێنییەکانی سەر هەردوو ئەژنۆت و
لە تاریکترین شەپۆلدا
گۆرانییەکان بەرەو لقەکانی شەونم پاڵەپەستۆیانە
بۆچی گەنجینەکانمان دزەیان کردە نێوان کاجیرەی تیمساحەکانەوە؟
بۆچی ڕوحمان لە دادو بێ دادیدا بۆگەن بوون؟
بۆچی بیابان هاتنە ناو ماڵەکانمانەوە؟
چوون ئەموستیلەی ترێ بینیمیت، دەچوویتە مەیخانەیەکەوە
بەڵام بینیمیت کوژرابوویت
چاوەزارەکەت بەقەد گەردنتەوە بوو
بۆڵی چێژەکانت کون کون بوو
چەند نەخۆشییەکی تەمومژاوی لەناوی بردین
فلزە وشکەکانمان لە ئێسکەکانمان دەرهێنا
چووینە دەرەوەو خۆمان بۆ هاوێنێکی هەڵاتوو لە چۆڵەوانی لە بۆسە نا
گەردی زیوی شین خۆشە
ڕۆژ نغرۆی ناو کەفەکانی خۆی بوو
هیچمان نەماوە تەنیا ئەو ڕۆژنامانە نەبێت
کە بە قەد دەرگەی شارە داگیرکراوەکاندا هەڵمانواسیون
نهێنییەکانی بزرگەکان لەژێر پێماندان
ڕوحیشمان پێداهەڵدانەکانی داڵەکان دەڵێنەوە

**بەڵام ئەمڕۆ نائومێدییەکانمان بەسەر دەکەینەوە**

**بەقەد ئەستۆنەکانی کارەبا و**

**بە گومەزی مەزارگەکان و**

**لە ئاوابوونی ڕووبارەکاندا**

**نرکاندن لە ئێسکەکانمانەوە بڵند بووەوە**

**لە سەرە ڕەشەکانیشمانەوە**

**گەروومان بوون بە قوڕو**

**دەنگیشمان بوو بە ئاوی قوڕاوی.**

# 6ی ئایار: چاوەڕوانی خەیاڵپڵاوی

هەموو شارەکان بەجێ دەهێڵم
ئەو شارانەی دیومن و ئەوانەی نەمدیون
واز لە ئافرەتان و بادەو هاوڕێیان دەهێنم و
تەنیا سواری گوێدرێژەکەم دەبم و
بە ڕێگە باریکەکەدا دەڕۆم
شوێن پێی گەردەکان دەکەوم
جانتاکان لە شانم دەکەونە خوارەوە
پێڵاوەکانیش لە پێم
چیرۆکەکانیش لە زارم
خەونەکانیش لە چاوم
کتێبەکانم هەر هەموویان، یەك لە دوای یەك بە ڕێگەوە، دەکەونە خوارەوە
ئەو بووکەشووشانەی لە کاغەز دروستم کردوون هەموویان بەردبنەوە
ڕۆژ بەر دەبێتەوە... تەنیا شەو دەبێت
گوڵ بەر دەبێتەوە ... تەنیا ترس دەبێت
بۆچی ئەم کۆچەم دەبوو هەر ببێت؟
ئەدی هیچ چارەیەکی دیکە نەبوو
ئایە ناتوانم لە سەر شۆستەی ڕێگەکان چاوەڕوان بم؟
دەمەوێت چاوەڕوان بم

چاوەڕوانی پاس، یان شەمەندەفەر، یان خەیاڵپڵاوی ببم
بەڵام نامەوێت کۆچ بکەم
پریاسکەکەم ئازووقەی زۆری تێدایە
زۆر کەسیش هەن چاوەڕوانن
دەتوانم لەگەڵیان بم.

# 7ی ئایار: ڕۆژگەلی کوێر

ڕۆژگەلی کوێر نامبینن
ڕۆژگەلێك نكۆڵیم لێ دەكەن و بەسەرمدا تێدەپەڕن
ڕۆژگەلێك چاودێریم دەكەن
ڕۆژگەلێك چوون قەلەڕەشكە بە دەورمدا دەخولێنەوە
ڕۆژگەلێك گورگ ئاسا گاز لە جەستەم دەگرن و هەڵمدەدڕن
ڕۆژگەلێك تیشكی دڵم نابینن
ڕۆژگەلێك گوڵەكانم نابینن
ڕۆژگەلێك لە یادیان كردووم
ڕۆژگەلێك چوون كەروێشك یاری بە كاغەزەكانم دەكەن
ڕۆژگەلێك هیچیان لێ نابینم تەنیا دوو گوێی ڕەش نەبێت.

# 8ی ئایار : چەندان بۆن

بۆنی ئەو فریشتانەی بەرەبەیان دەستیان لە مل کردم و هەڕایان کرد
بۆنی ئەو درەختانەی دەستیان بۆ بڵند کردمەوەو سووتان
بۆنی ئەو ئاوانەی ڕەنگیان ڕەش داگەڕا
بۆنی ئەو شەوەی هێشتە لێم بەر دەبێتەوە
بۆنی ئەو تەرمانەی لە شەقامەکاندا فڕێ دراون
بۆنی بەغدا کە بە ڕۆڵەکانی کۆستی کەوتووە
بۆنی منداڵان لە فرت و فێڵەکاندا دەسووتێن
بۆنی ترس لە ماڵان زاوزێ دەکات
بۆنی ژیانی ڕاوەستاوم چوون زەلکاو
هەر هەموو ئەم بۆنانە
لە وڵاتم وەدەرم دەنێن...

# 9ی ئایار: چ سوودێکم هەیە ...!

دەستم چ سوودێکی هەیە
ئەگەر نەتوانێت ڕێ لە کارەساتەکە بگرێت؟
کتێبەکانم چ سوودێکیان هەیە
ئەگەر تا ئەم ڕادەیە بێ دەنگ بێت؟
چ سوودێکم هەیە
ئەگەر نەتوانم کوڕەکەم بگێڕمەوە؟
چ سوودێکمان هەیە؟
ژان لە ناخماندا بێ سنوور زاوزێ دەکات
ئاه و نزوولەمان لەگەڵ نوێژەکانماندا بڵندتر دەبنەوە
پڕ دەمان دڕکە
ژەهر بەناو خوێنماندا دەڕوات
گالیسکەی مردووان بە شەقامەکانماندا دەڕۆن
کەژاوەی ئافرەتە شینگێڕەکان کۆتاییان نایەت و
لق و پۆپی وشك لە جگەرماندا دەشکێن
پاسارییەکان پێمان پێ دەکەنن
سەگەکانیش پێمان دەوەڕن
چاوی پشیلەکانیش گازندەمان لێ دەکەن و دەڵێن: کەی لە مردن تێر دەخۆن؟

## 10ی ئایار : لەگەڵ ئەوەی ئێمە واین

لەگەڵ ئەوەی وشەکان دەزوو نین

بەڵام پارچە پەرت و بڵاوەکانی وڵاتمان پێ دورینەوە

لەگەڵ ئەوەی فرمێسکەکان ئاو نین

بەڵام کێڵگە تینووەکانی خۆمانمان پێ ئاو دا

لەگەڵ ئەوەی شەقامەکان پارچە کووتاڵ نین

بەڵام لەگەڵ ڕێبوارەکاندا بۆ ئەنبارەکانی خۆمانمان ڕاکێشان

لەگەڵ ئەوەی ژیان زۆر بەردەستە

بەڵام بەسەر هەمووانماندا کرد بە قیست

لەگەڵ ئەوەی شادی و خۆشی کەمە

بەڵام تا هەتایە لەژێر پێی خۆماندا ناشتمان

لەگەڵ ئەوەی گۆرانییەکان بە سەر زاری خەڵکەوەن

بەڵام پارچە پارچەمان کردن و شین و واوەیلای زۆرمان لێ دوری

لەگەڵ ئەوەی وڵات ڕەش و خاپوورە

بەڵام بەیداخی ڕەشمان بەسەردا هەڵکرد

لەگەڵ ئەوەی ئاسمان دوورە

بەڵام گوللەمان پێوە نا

لەگەڵ ئەوەی سەرکردەکان خەڵکیان هان دا بمانکوژن

بەڵام هێشتە چەپڵەیان بۆ دەکوتین.

# 11ی ئایار : بێ دەنگیی ئەو وڵاتە قسەم بۆ دەکات

هەوری ئەم وڵاتە زۆر قسەم بۆ دەکات

لەبارەی بای سەیرەوە قسەم بۆ دەکات

هەموو ماڵەکان لەبن دەردەهێنێت

پاچگەلێك فڕێ دەدات سەر دوو کەرت دەکەن

سەبارەت بەو دەفانە قسەم بۆ دەکات کەوتنە ناو تاریکییەوە

جارە وێرانەیەك جنەکان دەیانژەنن

بەسەر خوڕەی ئاوەکاندا هەڵدەکەن و

ژەهریان تێ دەکەن

بێ دەنگیی ئەم وڵاتە

لەبارەی  ئەو ئاگرەوە قسەم بۆ دەکات کە هەموو کێڵگەکان دەسووتێنێت

لەبارەی زمانێکەوە بە مەرگ قاوەڵتی دەکات

لەبارەی شارگەلێکەوە دەکرێنە کەنیزە

سەبارەت بە وڵاتێك کە یاریکاران

سەرەو خواری دەکەنەوە

لە بارەی ئێراقێکەوە زۆر دەگریت

کاروانەکانی داگیرکاران خوێنی لێ دەچۆڕن

لەبارەی گۆماوی مەرگەوە

کە ژیانیان تێدا هەناسە نادات.

# 12ی ئایار: شیرینی و تاڵیم لە دەست داوە

چۆن برینەکانم بدروومەوە کە هەڵتلیشاون

چۆن هەنگاوەکانم کۆبکەمەوە کە پەرت پەرت بوونەتەوە

چۆن دڵم هێور بکەمەوە کە پەرێشانە

چی دیکە ژیانم ئارام نییە

شیرینی و تاڵیم لەدەست داوە

بادەو ماستەکەم بزربوون

ئەوەند بێدار بووم شەوان سپی بوون

ئەوەندم ئازارو ژانم کێشا ڕۆژانم ڕەش داگەڕان

بە خۆڵ دەم و چاوم شوشت

بە ئاھ و هەنسك مۆمەکانم پێ کرد

دەم و چاوی کوڕەکەم کانیی مانەوەمەو بە هۆیەوە دووچاری دەردەسەری دەبم چونکە زەرد داگەڕاوەو دوورە

بەژنی کوڕەکەم ئەستوونی ماڵەکەمەو بە هۆیەوە خۆم لە بەربوونەوەی مەرگەکان دەپارێزم بەهۆیەوە دەلەرزم ئەگەر بهەژێتەوە

ئەم شەو لە دەرگەی دا هەستام بۆی بکەمەوە بەڵام هیچم نەبینی با نەبێت

ئەم شەو ویستی ئاوی پێ بدەم بەڵام کاتێك پەرداخەکەم پڕ کرد دەمیم نەدۆزییەوە

ئەم شەو گوێم لێ بوو گۆرانی دەچڕی، کاتێك دوای دەنگی کەوتم سەرم بە بیاباندا تەقییەوە

هیچ کوڕێك نییە لە کوڕەکەی من بکات:

ئاماژەکانی هەموو ژیان پڕ دەکەنەوە

لق و پۆپەکان پێکەنینەکانیەتی و پەنجەرە واڵاکان وێنەکانین و

بەزەییش بۆنیەتی.

بە بزربوونی دووردرێژی

شیرنی و تاڵیی خۆمم لەدەست دا.

# 13ی ئادار: مۆمەکان لە بەغدا

ئەو مۆمانەی دەیانبینم ماڵەکان ڕووناک دەکەنەوە
مۆمگەلی دایکانن بۆ کوڕەکانیان
مۆمگەڵی ئەویندارەکانن بۆ یارەکانیان
مۆمگەلی منداڵانن بۆ خەونەکانیان
ئەم مۆمانە ئاه و ناڵەی هەموو شەوێکی منن
توێکڵە قوڕینەکەم درز دەبات
ئەو درەختانەی لە ناخمدان تێکدەشکێن
ڕووباری مەرگ بە ناخمدا دەڕوات
تا لەسەرخۆ بۆ لای خۆیم ڕاکێشێت
چۆن بەلەمەکەی لە خۆم دوور بخەمەوە؟
چۆن خۆم لە چاوی بەلەمەوانەکەی دوور بخەمەوە؟
شوێنی خۆم لەسەر بەلەمەکەی بینی
کوڕەکەی خۆمم بینی لە سەوڵ لێداندا یارمەتی دەدا
چۆن نگینی دڕکینە لەسەر سەری خۆم لادەم
تا بۆ لای هەڵدێرم، یان لە چنگی هەڵێم
بەڵام مۆمگەلی ماڵان لە بەغدای غەمگیندا
بە تەنیا... وام لێ دەکەن توند پشکۆی خۆم بگرم و
تۆزێك بەلەمی مەرگم لێ دووربخاتەوە، کە لەو دیوی پەنجەرەکەوە
چاوەڕوێم دەکات.

## 14ی ئایار: له وڵاتەکەمدا

لە وڵاتەکەمدا...

ئەو منداڵەی لە هۆلۆکۆست ڕزگاری دەبێت تەمەنی درێژە

ئەو کیژەی چاو کاری تیٚ ناکات باڵی لیٚ پەیدا دەبێت و باڵ دەگرێتەوە

ئەو ئافرەتەی درِك بە کراسەکەیەوە گیر نابێت پەیکەری بۆ دەتاشرێت و نەزری بەسەردا فریٚ دەدرێت

ئەو پیاوەی لە تەقینەوەکاندا بەر ناکەوێت لە کەرەستەی فریشتە دروست کراوە

ئەو خانووەی پرِیشکی تەقینەوەی بەر ناکەوێت مەزارگەیەکی هەمیشەییە

ئەو ڕووبارەی تەرمی تیٚ فریٚ نادرێت لە ئاسمانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەو شەوەی هاوار نایتەنێتەوە لەشیر سپی ترە.

ئەو شەقامەی دەمەقاڵێی بەخۆوە نەدیوە بە بەهەشتەوە پەیوەستە.

ئەو ڕۆژەی تەقەی تێدا نەکرێت مێژوو لەیادی ناکات.

ئەو مزگەوتەی فیتنەی تێدا گەشە ناکات بەهەشتی سەرزەمینە هێشتە دروست نەکراوە.

ئەو گەشتیارەی بە ساغی دەگاتە جیٚ قوربانی سەردەبرِێت (ئایە دەبێت خوێن برِێژێت).

ئەو دراوسێیەی دراوسێکەی بە دەستەوە نەداوە پیاوچاکە.

ئەو سیاسەتوانانەی خەڵکیان لە وڵاتەکەم فریو نەداوە هەرگیز نین.

## 15ی ئایار: نەفرەتەکانی ڕابوردوو

ئەی گەردەلوولی وێرانی بۆ ڕەچەڵەکی خۆت بگەڕێوە.... گەڕایەوە.
ئەی کانیی خوێن بگەڕێوە... گەڕایەوە.
ئەی سوپێرەکانی چەکەکان داخرێن... داخران.
ئەی سەرکردەکانی مەرگ بۆ وێرانی خۆتان بگەڕێنەوە... گەڕانەوە.
ئەی فیتنەگەری بکوژێوە... کوژایەوە.
بەڵام هێشتە نیشتمان دەنرکێنێت
هێشتە بە دەنگی بەرز دەگریت
هێشتە غەمەکەی بەردەوامە
پیاوەکان بۆماڵەکانیان نەگەڕاونەتەوە
منداڵەکانیش نەچوونەتە ناو جێگەکانیانەوە
ئافرەتەکانیش وازیان لە بۆنەکانیان هێناوە
وڵات لە خوێنێکەوە بۆ خوێنێکی دیکە هەڵهاتووە
بەرەو خوێنێکی دیکە دەڕوات
نەفرەتەکانی ڕابوردوو دوامان کەوتوون
چوون پیاوێکی ئایینی شەڕەنگێز بە پاچێکەوە دوامان کەوتووە.

# 16ی ئایار: وشەکانی کردم بە بەرد

ڕایسپاردم پاسەوانی دەرگەکە بکەم
بەڵام دەرگەکە نەبوو
هاوکات تابلۆی خێزان
مەبەستم ناویان و ساڵی لەدایکبوونیانە
بەهەردوو چاوی نگینەکەی دەم و چاوی دەبینیم
دەم و چاوم هەوراوی بوو
ئاوگەلێکی ڕەشیش بەردەم پێیان تەنیبوومەوە
وشەکانی کردم بە بەرد
ئەندێشەی لێ سەندمەوە
بووم بە سەگێك لە سەگەکانی پاسەوانی
ئەو باوکە خۆبەختکەرو هێرشکەرەی سەر قات و قڕی
بۆ بێستانەکەی بردم
لەژێر قسەکانمدا نووست
بووم بە شاعیرێکی لاڵ
ڕۆژنامەکانم بە گەردو تۆز نووسی
کەس ئاوڕی لێ نەدامەوە.

# 17ی ئایار: باوکی بەهار

بۆ گیانی قاسم عەبدولئەمیر عەجام کە تیرۆریستان لە17ی ئایار تیرۆریان کرد

لە هاوینەوە هاتە دەرەوەو گالیسکەی ئاگری لە کێڵگەکان کوژاندەوە

لە پاییزەوە هاتە دەرەوەو کاغەزگەڵی زەردی لە سەبەتەکەیدا کۆکردەوە

لە زستانەوە هاتە دەرەوەو چووە ناو بارانەوە

لە بارانەوە هاتە دەرەوەو چووە ناو درزەکانی زەوییەوە

لەناو زەوییەوە هاتە دەرەوەو چووە ناو ڕەگ و ڕیشەی درەختەکانەوە

لە ڕەگ و ڕیشەکانەوە هاتە دەرەوەو چووە ناو لاسکەکانەوە

لە لاسکەکانەوە هاتە دەرەوەو لەناو لق و پۆپەکاندا دەرکەوت و بوو بە باوکی بەهار

زەنگەکانی لە کێڵگەکانماندا لێیان دا

بەڵام ئەو ساڵە جوانی دژوار بوو

***

بەهشتەکانی بابلت بۆ هەڵدەگرتین

لەگەڵیاندا بۆنت دەهات

لەگەڵیاندا دەگریایت

ئاوریشمی سپیت لێوە هاتە دەرەوەو ئێمەیش لە خۆمانمان پێچا

ڕووناکیت لێوە هاتەدەرەوەو ئێمەیش مەلەمان تێدا دەکرد.

***

چاوەڕێم دەکردیت بگەیتە بەغدا

بزە شیرینەکەت کتێبم بوو

سەیری دڵم کردیت لە بەهەشت دەچوو

سەیری بەهارم کردیت بینم خەڵتانی خوێنە.

***

بۆچی ئاماژە بە ڕۆژئاوابوون دەکەیت؟

ئایە غەمی لەمە گەورەتر هەیە؟

ئایە کۆچی لەمە گەورەتر هەیە؟

بەهەردوو دەستت فرمێسکگەلێکی زۆرت هەڵگرتوون

لە ڕێگەی وێرانەت پەڕاندنەوە

زامگەلت هەڵگرتووەو لەبەردەم ئاوی ئاسماندا نوێژت پێوە کردن

بەڵام گوڵەکەت بەناوماندا دادەباری و نەماندەزانی چۆن کۆیان بکەینەوە

ئەی ئاشتیی سەیر

ئەی دڵنیایی گەورە

ئەی قاسم

***

بۆ ماڵئاوایی کردنت نەهاتم

چونکە تۆ لە ماڵئاوایی کردنت ڕانەهێنابووم

چوون ڕوحێکی هەمیشەیی باوەشت پێدا دەکردم

جوانیی دەوروبەرت هان دەدام

بەڵام ئەو ساڵە بەهار دژوار بوو

نغرۆی کردیت

پاشان...

نغرۆی کردم.

# 18ی ئایار : بارانی خوێن

خۆم لە خۆشەویستانم بێ بەش کرد
وشەکانم لە زارم بێ بەش کرد
دڵم بێ بەش کرد ...
لەبەردەم کۆمەڵە پشکۆکاندا دانیشتم و گریام
لەبەردەم کوانووەکانی خۆڵەمێشدا
لەبەردەم وێرانەی ماڵەکاندا
لە گەردەلوولێکەوە هاتمە دەرەوەو چوومە ناو گەردەلوولێکەوە
ژان و ئازارم لە لافاوێکی ورووژمهێنەر دەچێت
لە فرمێسکی خۆمدا نغرۆ بووم
خۆڵ بەسەر سەرمەوە بوو
چوون مانگایەکی زاوزێکەر ژان و ئازارم هەیە
گۆلکەکەیان دزیبێت
لەرزیم تا ئەستوونەکانی ئاسمانم هەژاند
بڕیاری خۆم داو لە هەموو وڵاتدا
ڕۆڵە کوژراوەکانم کۆکردەوەو لەسەر ئەم کاغەزانەمم دانان
لە تەپۆلکەی گۆشت دەچوون
ڕووی خۆریان لە وڵات و
لە خۆم گرتبوو.
بە تەنیا لەناو گەرد هەستامەوە
بەژێر بارانی خوێندا ڕۆیشتم.

# 19ی ئایار: بەسەرهاتی خۆم دەژەنم

پیاوە گۆساغەکە
ئافرەتە ڕووخۆشەکە
ئەسپە زۆر بە پیتەکە
هەموویان لە وڵاتەکەم بزربوون
لەگەڵ کۆتاییەکانی ڕۆژدا بزربوون
بە چاوی فرمێسکاوییەوە هەڵاتن
بە گرووپگەلی تێکشکاوەوە ئاوارە کران
ئەی خاکەکەم بۆ تۆ کۆسم کەوت
گریام و خۆڵم بەرزکردەوە
باندجم لەسەر منارە شکاوەکە دانا
هیچم پێ نەبوو ئەم سەتڵەو
ئەم قیبلەنمایەم نەبێت
هەموو فرمێسکەکانیماڵم سڕی
بەڵام دووکەڵ گێڕانیەوە.
وڵاتەکەم بە خولگەی ڕۆژگاردا خولایەوە
بە لافاوەکانیدا
جێی هێشتم
کەمانچەیەك بژەنم
گریانەکەی سەرگوزەشتەم بێت.

# 20ی ئایار: ئەی ڕۆژەکانم لە بەغدا

هیچم پێ نەماوە ئەم کاغەزانە نەبێت
بەقەد شوورەکانی وڵاتمدا هەڵیان دەواسم و هەڵدێم.
هیچم پێ نەماوە ئەم ملوانکەیە نەبێت
لەسەر لقەکانی درەختێکی زڕی دادەنێم و دەڕۆم.
هیچم پێ نەماوە ئەم گۆرانییە نەبێت
بە برینداری دەیڵێمەوەو سەرگەردان دەبم.
هیچم پێ نەماوە ئەم مایینە نەبێت
بە زینەکەی خۆم دایدەپۆشم و ڕێگەی دەدەم هەڵێت
ئەی ڕۆژەکانم ... ئەی ڕۆژەکانم لە بەغدا
بۆچی دەگرین؟
چەندەم ناز هەڵگرتن ...؟
بۆ پارکی (سەعدوون)م بردن و پیاسەم پێ کردن
بۆ (باخچەی ئومە)م بردن و سەیرانم پێ کردن
بۆ (سەلمان پاك)م بردن و گۆرانیم بۆ چڕین
بۆ سینەمام بردن و فیلمەکانم پێ پێشان دان
بۆ مەیخانەکانم بردن و سەرخۆشم کردن
بۆ ئۆتێلەکانم بردن و لەگەڵ جوانترین ئافرەتاندا جووتم کردن
ئەی ڕۆژەکانم چەندم ناز هەڵگرتن؟
ئیدی بۆچی دەگرین؟

## 21ی ئایار : جانتگەل

جانتا پڕ یادەوەرییەکانم
جانتا لە وێستگەو فڕۆکەخانە گێژبووەکانم
جانتا پڕ لە هەورەکانم
کە چوون سەگ دەحەپن
جانتاکانم کە بە سووڕانەوە دڵخۆشن
جانتا بە بیرچوونەوە دواخراوەکانم
جانتا نووستووەکانم لەبەر باراندا
جانتاکانم کە نیوەی ماڵەکەیان هەڵگرتووم
جانتاکانم کە تارمایی منداڵیمیان تێدایە
جانتاکانم کە هەرگیز پشوو نادەن
لەم جانتانەدا نووستم
لە ترساندا دەلەرزیم؟

***

لە ناو جانتاکانمدا فورات ڕۆیشت و چیرۆکەکانی فڕێ دان
لە ناو جانتاکانمدا سەرخۆشەکان خۆیان شاردەوەو نووستن
چەپکە ڕەش و سپیی ڕۆژەکانمیان تێدایە
مانگ لەگەڵ هەتاو لەناویاندا دەمە قاڵێیان بوو
باڵ و کۆتەڵەکان لەناویاندا دەرکەوتن
سۆفیگەرەکان لەگەڵ موعتەزیلەکاندا لەناویاندا قسەیان کرد
غەنووسییەکانیش لەناو جانتاکانمدا کتێب و نوێژەکانی خۆیان نووسی

شاعیرانی مەیخانەکان چامەکانیان لەناویاندا نووسی
خۆڵەمێش و ئەڵمازی نەوەکانم لەناو جانتاکانمدان
کێلی گۆڕی شاعیرە بیرکراوەکانیان تێدایە
کۆشکگەلی خەیاڵ پڵاوییەکانم لەناو جانتاکانمدان
چێکی بەدبەختیی هەمیشەییم لەناو جانتاکانمدایە
وێنەگەلی ڕەش و سپی لەناو جانتاکانمدان
دەستنووسە نوێیەکانمیشیان تێدان
لەگەڵ بەرگگەلی دواتر
بەیاننامەکانم و
جلە کۆنەکانمیان تێدان.

***

جانتاکانم کە سەرلەنوێ خۆیان ئامادە کرد
تا بە چوار دەوری زەویدا بسووڕێنەوە
چوون پاپۆڕێکی نەفرەت لێ کراو
یان دارەتەرمێکی کۆن
جانتاکانم تەنیا ئەسپێکی ڕەشن
کە لەگەڵ خۆم لە وڵات بردمە دەرەوە.

# 22ی ئایار : ماڵئاوایی کردن لە بەغدا

لەبەردەم ڕووباری دژلەدا ڕاوەستام و گریام

لەبەردەم پەیکەری ئازادیدا ڕاوەستام و گریام

لەبەردەم دەروازەکانی بەغدادا ڕاوەستام و گریام

بەڵام فرمێسکەکانم شۆڕبوونەوەو بەغدایش لەگەڵ دووکەڵەکانی خۆی سەرقاڵ بوو

چەندان نهێنم بۆ باس کرد بەڵام ئاوڕی نەدایەوە

پێم گوت: ڕەنگە ئەمڕۆ دوایەمین ڕۆژم بێت لەگەڵت

ڕەنگە تا هەتایە بەجێت بهێڵم

بەغدا گوتی: بۆچی لەگەڵم نامێنیتەوە؟

گوتم: من خۆشم دەوێیت و تۆیش ڕقت لێمە چۆن بمێنمەوە؟

گوتی: با دووکەڵەکانم پەرت بکەمەوە تا بتبینم

گوتم: تۆ دووکەڵی لە دوای دووکەڵیت و دەرناکەویتەوە

گوتی: وەرە بەڕێت بکەم

گوتم: نا ... ڕەنگە ڕامماڵێت

گوتی: شتێکم بۆ بەجێ بهێڵە بیرت بکەمەوە

گوتم: بەجێم هێشتووە

گوتی: چی؟

گوتم: کوڕەکەم.

# 23ی ئایار: دەرچوون لە دۆزەخ

لە خەفەتی ئەودا بە گرمۆڵەیی نابووریمەوە
ڕێ نادەم چۆکم بشکێت
پتر لەوەی گریام ناگریم
ئەستێرەکەی دانەچۆڕاوە
ئەستێرەکەی چوون مەشخەڵ بە ئاسۆمەوە هەڵواسراوە
ئەستێرەکەی لە چاومدایە
لە ئێسکەکاندایە.

***

دژلە ئاوەکەی خۆی بەسەردا ڕژاندم و بە ئاگەی هێنامەوە
دارخورماکە لقەکەی خۆی بۆ ڕاکێشام و ڕایوەستاندم
داڵەکان چەپڵەیان بۆ لێدام
گوڵ پارەی پێ دام تا کۆچ بکەم
کۆتر پاسپۆرتی پێ دام
ئەسپەکان تکتیان بۆ بڕیم
ئاسک جانتاکانی بۆ ئامادەکردم
سەگەکان پاسەوانییان کردم
گوڵەگەنمەکان بەڕێیان کردم.

***

پێیەکانم هێزیان تێدایە هەر هەموو ئەم زامانە هەڵبگرن

دەتوانن ڕێگەکەیش ببڕن
بینابیم زۆر تیژ دەبێت
هەستەکانم چالاك دەبن
ئەی مەروان بە ناوی تۆوە
بە غەمگینی هەنگاو دەهاوم و
ئەو وڵاتە بەجێ دەهێڵم کە تۆی دزی
وڵاتێکی دیکە دەدۆزمەوە ببێتە نیشتمانێکی نوێ بۆم.

# 24ی ئایار : سەرقاڵم مەکە

سەرقاڵم مەکە
دەستم پەرداخێکی پشکۆ ڕایدەکێشێت و
هاواری گوڵ خوێناوی دەکات
وازم لێ بێنە...
هەنگاوم  لە ئاسۆیەکی دوور دەخلیسکێت
ئێستە دەمم بۆ دەمێك دەلەرزێت
دەستێکیش بۆ گرەوی بام دەبات
ئێستە لەوێ چی پاڵم دەنێت
چوون نامۆیەك
لە وڵاتێکی دوور هەنگاو دەنێم
سەرقاڵم مەکەو
ڕێم بدە ئێستە هەڵێم و سەیرم مەکە
چونکە وڵاتەکەم بانگم ناکات
ڕۆژێك لە ڕۆژانیش، ئێراق بە دەستی خۆمەوە نەبووە
ڕۆژێك لە ڕۆژانیش نەیناسیوم
بۆم نیگەران نەبووە.

## 25ی ئایار : بزریان کردم

پتر لە جارێك بزریان کردم
جارێك ئەو کاتەی بە بێ بەش کردن جنێویان بە منداڵیەتیم دا
جارێك ئەو کاتەی هەرزەییمیان بە تەنافێکەوە هەڵواسی
جارێك ئەو کاتەی بە جەنگەکانیان لاویەتییان بەفیڕۆ دام
جارێك ئەو کاتەی بە ترس تەقەیان لە منداڵەکانم کرد
جارێك ئەو کاتەی ناچاریان کردم کۆچ بکەم
بەڵام هێشتە هەموو ڕۆژێك هەڵدەستمەوە سەر پێ
ئەو شتانە کۆدەکەمەوە لێم بەربوونەتەوەو
بە شیعر بۆیان دەگێڕمەوە.

# 26ی ئایار: گۆرانیی ئومێد

نه بۆدلێر وەك منه نه ڕامبۆ
نه هۆلدرین و نه ڕێلکه
ئاکام، دوایەمین کۆت و بەندەکانم شکاند
لە دوایەمین پیلە دەرچووم
جوانی وەك من نییە
دەریا لە من ناچێت
من ئێستە تەنیا: ڕۆڵەی دلێری ئازادیم.

مرۆڤ هەموو بەندیخانەکانی لە یەکەمین نیوەی تەمەنیدا دروست دەکات
لە دووەمین نیوەیشدا دەکۆشێت خۆی لە دەستیان قوتار بکات
چەند یارییەك (سیزیف)م بیردەخەنەوە
هەروەها ئاوهەڵکێشەکان.

کاهینە ئافرەتەکەی مانگ
دەزووەکەی بۆ شۆڕ دەکردمەوە
منیش سەرکەوتم
هەردوو چاوی پڕ لە ئومێد دەکردم.

# 27ی ئایار: گۆرانییەکەی عەونی

*بۆ (عەونی کەڕوومی) لە ڕۆژی کۆچ کردنیدا*

**چەندان گۆرانی هاتن و چەندان گۆرانیش چوون**
**بەڵام گۆرانییەکەی تۆ هەر دەخولایەوە**
**ئاسمان چەندان گەرای لەناو خوێنتدا دانا**
**فریشتەکانیش هاتنە دەرەوەو لەناو هەڵمەکەتدا لەتریان دەبرد**
**کاتێك وڵات چووە دەرەوەو پەنای بەر سەموودی خۆی برد**
**هاواری بەسەردا کرد: بۆ بەهەشتی خۆت بگەڕێوەو**
**شوێن پێی کاروانی حوشترەکان مەکەوە.**
**تۆیش هاوارت کرد: بۆچی؟**
**بەڵام کاتێك تەقەیان لە تەختەدارەکە هەڵستاند**
**گوێم لە لێدانی دڵت بوو**
**بینیم گوڵت لێ بەردەبووەوە**
**تۆیش لە نێوانیاندا سەمات دەکرد.**

*******

**گوڵە لیلییە جوانەکانت لەسەر قەرەوێڵەکەت بەربوونەوە**
**کاتێك لەپم بە لەپت پڕکردو سەیری چاوم کردیت چوون فریشتە**
**دڵم لە پەرجوو دەپاڕایەوە**
**بەڵام تۆ دوایەمین گۆرانیت لەسەر کورسییە لەرزیوەکەت دەگوتەوە**
**بۆچی کاتێك بینیمت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بزەت هاتێ؟**

بۆچی خەو پێڵووی قورس کردیت کاتێك لەناو تاڤگەی ئاوەکانتدا بوویت
ئەستێرەکان ڕژانە نێوانمانەوە
ئێمەیش لە بۆن و بەرامەی ڕووناکیدا نغرۆ بووین
بەڵام دەستت بۆ ڕاوەشاندم و دوور کەوتیتەوەو
هێشتە دەنگی کورسییە لەرزیوەکەت
لە ڕێڕەوەکانمدا دەزرنگێتەوە.

# 28ی ئایار، گۆرانیی کارین

لەم شوێنەی درەختەکەتی تێدا دەڕوێت
ئومێدی ئەوەم هەیە بۆ ئێرە بگەڕێمەوە و
لقەکانت ماچ بکەم
ئاگرکەوتنەی سیست بۆ پێکەنینەکانم هێناو
باسەکانی خۆت پێ تەڕکردو
لەگەڵم سەرکەوتیتە سەر تاوەرەکان کە مۆڵەت دراون کۆچ بکەن
درەختەکان پێت دەڵێن: بۆچی ئەم سەرگەردانە نامۆیە؟
منیش پێیان دەڵێم: چۆن خۆڵەمێشی کەمانجەکەمت لە هەردوو دەستدا کۆکردەوە
ئاوێکی زۆر هاتە خوارەوە
ئاوێکی زۆر منیان شوشت و تۆیان شوشت
تا بچنە ناو شوێنی شاراوەوە دوور لەوەی دەمانەوێت.
بەستەڵەکەکەم ببەو کیسەی فرمێسکەکانیشم ببەو
لەوێ فڕییان بدە ناو ڕووباری (ڕاین)ەوە
تا کارین وەك مەشخەڵێکی سوور لەناو بریسکەیەکی شووشەییندا بتبینم
وشەکانم لەپێش خۆ دەدەیت و
دەچیتە ناو دەرگەی تاریکییەوەو
لەوێ باڵاپۆشەکەمان ڕادەخەین و
بە قامکەکانمان چینی غەمەکان لادەبەین
بەڵام لە کۆتاییەکەی نزیك نابینەوە
لەم شوێنە، یان لە شوێنی دیکە ڕۆژێك دێت وشەکانم دەچێنیت و
ئەو کات دەبینیت چەندە گۆرانییەکەم گەرم و گوڕ بوو

**بەڵام خۆت دادەپۆشیت و تێم دەڕوانیت**

**سەیری ئەشکەکانم دەکەیت و**

**دەبینیت چۆن دەسووتێم**

**لە کاتێکدا دوور دەچمە ناو جەرگەی بوومەلەرزەکەوە.**

## 29ی ئایار : گۆرانییەکەی مهیار

بە هیچ وشەیەك دەستم بۆ ڕانەوەشاند
بەڵام مهیار هات و
لەگەڵم جلەکانی فرمێسکی شوشت.

***

گوڵێك لە ناو کتێبەکەمدا
لەگەڵم گوشاری خستە سەر گەڵاو خونچەکانی و
لە ڕێڕەوی ئاوەکان ڕواندنی و
ڕۆیشت.

***

لە خوار پەنجەرەکەمەوە مهیار باسی منداڵیەتی خۆی بۆ دەگێڕامەوە
باسی گوڵێکی ئەویندراری ناو گۆرانییە دوورەکانی خۆی بۆ دەکردم
گۆرانی دەگوت و لەگەڵم بەسەرهاتەکانی دەچاند

***

کاتێك باسی برینەکانی خۆمم بۆ کرد
گریا ...
باڵندەیەکی لە ئاسمانەوە دابەزاندو سوێندی پێ خوارد
ئەم جار گوتی: دەگەڕێتەوە.

***

هەر لە مێژە
تا سنووری هەڵاتن لە مەرگ
مهیار ئاوێنەی ڕوحمە

**بەڵام لە تەمومژەکاندا دەتوێتەوە!**

**گەردو تۆزی ئەو پاپۆڕانە ڕادەماڵم کە خەڵکەکانیان ناگێڕنەوەو**

**نەفرەت لە نەتەوەیەك دەکەم**

**شمشێری هۆزەکان پارچە پارچەیان کرد**

**بە تاك و تەنیا ژ بیری کردیت.**

## 30ی ئایار: کتێبی فرمێسك

له یه‌كه‌مین كاتژمێره‌كانی ڕۆژدا  ژانه‌كانم ده‌نووسم

له دووه‌مین كاتژمێردا نزاكانم ده‌نووسم

له‌سێیه‌میندا ترسم ده‌نووسم

له شه‌شه‌میندا پێیه‌كانم ده‌نووسم كه به دوای ئه‌ودا ده‌گه‌ڕێن

له هه‌شته‌میندا نركه‌و ژانی ژنه‌كه‌م ده‌نووسم

له ده‌یه‌میندا نوێژی كوڕه‌كانم ده‌نووسم

كاتێك شه‌و دادێت، له یه‌كه‌مین كاتژمێریدا، نامۆیی خۆم ده‌نووسم

پاشان پشكۆكه‌م ده‌نووسم

پاش ئه‌ویش تارماییه‌كان ده‌نووسم

له دوا دوا كاتی شه‌ویشدا كتێبه‌كه‌م كۆده‌كه‌مه‌وه‌و

ئه‌م دیوو ئه‌و دیوی پێ ده‌كه‌م و

كتێبی فرمێسك دێته خواره‌وه‌.

# 31ی ئایار: ئەی چارەنووسم گوێم لێ بگرە

ئەم هەڕەشەیە نامێنێت
دەنگی دەهۆڵەکانیش لەناودەچێت
بەڵام ئومێد هەر دەمێنێت.

***

ئەی چارەنووسم گوێم لێ بگرە، گوێ
من ڕێنوێنییەکانی تۆم پێڕەو نەکردو
مەتەڵی نەخشەکانیشت تێنەگەیشتووم
نەیشنووشتاومەتەوە تا پێڵاوەکانت ماچ بکەم
هزرەکانم چیایەکی بێ کۆتاییە
شادییەکانم لە ڕووبەندی نغرۆی ناو خاکی مانگن
پەنجە لە پەنجەی من مەدە
لافی ئەوە لێ مەدە ڕێی هەر هەموو ئەمەت پێ پێشان داوم.
من بوونەوەرێکم شتە زانراوەکان شکستیان پێ هێنابێت و ئەویش پەنای بەر شیعر بردبێت
نهێنییەکانی دەنێژێت بەشکو چاك ببێتەوە
هەرچی ئەمڕۆیە کاتی گلەیی نییە
ئەی چارەنووسم مینت لە ناو پاشەڵت داناوە
هەرچیت لە دەست دێت بیکە.

# چوونە ناو زەمینی ژێرەوە

# حوزەیران

# 1ی حوزەیران: ئەسپەکەی ئۆتریێخت

ئەو ئەسپەی بۆ زەمینی خوارەوەی هەڵگرتم
لە تۆڕو داوەکانی هەڵات و
چووە ناو شارەکانی هۆڵەنداوە
هێشتە لەژێر سەیوانەکەدا ڕاوەستاوەو
گوڵە بەیبوونەکان بەسەر لێوەکانییەوەن
پەرداخەکەیشم بەسەر زینەکەیەوەیە
لەگەڵ قاپ و قاچاغ و تێنووسەکانمدا.
ئەو ئەسپەی چاوی گەورەی هەیە
لە ئاوێنەگەلی قۆقز دەچن
لەوەتای چووەتە ئۆترخت نەیحیلاندووە
نەنووستووە
هەستی بە ژان نەکردووە
بارانی بەسەردا نەباریوە
چوون تیرێك لە ئاسمانەوە دابەزیبێت، ڕاوەستا و
سمەکانی نغرۆی ناو چیمەنتۆ بوون.

***

موئەیەدو جەمال و مەی
غەمەکانیان تیماردەکردم
قسەکانیان لە سروەیەکی فێنك دەچوون
بەر برینەکانم دەکەوتن و خۆشیان دەکردەوە

چەند فریشتەیەکیش

گەنجینەی مەزنیان دەگوتەوە

ڕووناکیش دادیدەپۆشیم.

## 2ی حوزەیران : بەر لە زایین ... پاش زایین

لە 2006ی بەر لە زایین سۆمەر ڕووخا
لە 2006ی پاش زایین هەر هەموو وڵات کەوتە ناو ڕووبارێکی خوێنەوە
چوار هەزار ساڵ ئازار لە نێوانیاندایە
وڵاتێك لەسەر پارچە پلێتێکی گەرم هەڵەوگێڕ دەبێت
هەرچی دراوسێکانن لە حەوت خەوی شیریندان
بەڵام جاروبار، هەندێك خەڵووزو هەندێك نەوتی
بەسەردا دەکەن و
بە مقاشەکانیان پشکۆی ناو کوانووەکانی هەڵەوگێڕ دەکەن
پاشان دەگەڕێنەوەو دەنوون.
بەڵام سۆمەر بە تەنیا
لەژێر خۆڵەمێشەکەدا هەر بە گڕگرتوویی دەمێنێتەوەو
ترپەی نهێنی بە جیهان دەبەخشێت
لەکاتێکدا وڵات بووەتە تەرمێکی گەورە.
سۆمەر کەوتە ناو گۆماوێك خوێنەوە
پەیکەرەکانی کەوتنە خوارەوەو ڕووخان
گۆرانیبێژەکانی بە درێژایی سەدەکان گریان
شەوو ڕۆژ لەبەردەم پەرستگەکاندا هاواریان کرد
لێیان داخران نە چوونە ژوورەوەو نە دەرچوون
غەمیان خواردو کۆست و مەینەتییەکان ناشتنیان
2006 ئەی ساڵە هەڵچووەکەی چوون گورگە بریندارەکانی چۆڵەوانییەکان
چوون تووڕەیی گڕکان و گەردەلوولەکان

چۆن لە پریاسکەیەکدا کۆت بکەمەوە و تووڕت بدەمە ناو دەریاکانی ڕۆژگارەوە

چۆن لەناو تۆڕی قسەدا ڕاوت بکەم و بتگرم

سەدە دوای سەدە شاعیران نەفرەتت لێ دەکەن

ڕاوچییەکان بە دارەکانیان چوون تەرمی دێوێك هەڵتدەگێڕنەوە

ئەی ساڵە پشکۆییەکە

ئەی ئەو شمشێرەی بە ڕووماندا هەڵکێشراویت

چۆن بتنووسین لەکاتێکدا تۆ بە چڕنووکەکانت کاغەزەکانمان دەدڕیت

چۆن لە دەستت هەڵێین لەکاتێکدا تۆ بە دار قولابێکەوە دوامان کەوتوویت

خەڵکی سۆمەرم لە سەر ڕێگەکان لادا و خەڵکی وڵاتم لەسەر ڕێگەکان لادا

نەمتوانی لە گیانەلەبەرەکانت ڕزگاریان بکەم

بە خۆشییەوە جەرگ و چاوت دەخواردن

لە دەروازەی چوونە ژوورەوەو چوونە دەرەوەدا پەل و پۆت هەڵدەواسین

ئەی ساڵە دزێوەکە

ئەی لە دۆزەخ هەڵاتوو

ئەی ساڵە گۆڕستانەکە

بۆ ڕەسەنی خۆت بگەڕێوە... بگەڕێوە.

# 3ی حوزەیران : ڕەگی سەردوێلکە ( مرثية )

سەردوێلکەکان ڕەگیان هەیە
بە ناو خاك و سینگماندا پەرت بوونەتەوە
لاسکیان هەن بنمیچەکانیان دیوادەر کردووین
گەلایان هەن بەقەد سەرمانەوە دەردەکەون
بەروبوومی سەردوێلکەکان شەقامەکانیان تەنیوینەتەوە
دیوارگەلی شارەکەیان تەنیوینەتەوە.

***

لە کەشتییە بچووکەکان کە لەسەر مێژوومان لەنگەریان گرتوون
پیاوانی نابینا و سەربازی شکستخواردوو دەبینرێن
مارگەلی نووستووی بێ ئەژمار دەبینرێن
لەو مەیخانانەی لەسەر ڕێگەن
بەردەوام مەستەکان بەردەبنەوە
چاویان چوون چاوی سووری کەروێشکەکان دەبریسکێنەوە
گۆرانی: خەنەمان بۆ بچێنە، دەڵێنەوە.

***

لە جەژنەکانماندا هەراو هوریای ساختە هەن
لەگەڵ گۆرانیی شڕۆڵ و جلوبەرگی جێی گاڵتەجاڕی
شادییەکان دەرگەی داخراویان لە ئەشکەوتەکانماندا هەیە
کۆیلەی کوژراوو
کلیلی بزربوویان هەیە

چەندان ئاگرکەوتنەوەیان هەیە ناکوژێنەوە.

***

لە شکستییەکانماندا
کوشتارگە هەن لەسەر ڕێگەکان دانراونەتەوە
ڕیسوایی خۆمانیان پێ دەشارینەوە
بۆ سەکەوتنە بەردەوام دواخراوەکەی خۆمانیان دەبەین.

## 4ی حوزەیران : ڕەگ و ڕیشەی سەردوێلکەکان

تۆ گەرمی بەو پەراوێزە دەبەخشیت کە منی تێدام

تۆیت کە لەبیرکراوو ڕێبوارو بچووکم تێدا دەبزوێنیت

تۆیت کە بە تۆزێك ئاگر فوو بە کوانووە کوژاوەکەمدا دەکەیت

تۆیت کە لە شەقامدا گەردنم پێ وەردەچەرخێنیت بەرەو ئەو کەسەی لەتۆ دەچێت

تۆ خۆشی پاساری لەناو وێرانەی بە ئازارمدا دەورووژێنیت

تۆیت کە کەمێك بێ دەنگیی ڕۆژم دەجوولێنیت

تۆیت کە ڕەنگی خۆڵەمێشیم دەگۆڕیت

تۆیت کە لە ئامێزم دەگریت

تۆیت کە لێم دوور دەکەویتەوە

تۆیت کە ئازارم پێ دەبەخشیت

تۆیت کە ئاشتیم پێ دەبەخشیت

تۆ ئەی نادیار

ئەی خۆشەویستم.

# 5ی حوزەیران : چەپکی چارەنووسەکانمان

**چەپکی چارەنووسەکانمان**
**ئەوانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەفسانە نووسینی و لە شوێنێك داینان**
**هێشتە بەرەو بزرگە پاڵ بە قەدەرمانەوە دەنێن**
**بەرەو هەڵدێر دەمانخلیسکێنن**
**ئایە ئەمڕۆ لەو مەنجەلانەدان کە دەکوڵێن؟**
**ئایە بە دەستی ئیبلیسەکانەوەن؟**
**ئایە لە سینگی بە بروسکە سەرلێشێواوماندان؟**
**ئایە لە وێرانەی بێ وێنەماندان؟**

***

**ئەی ڕۆژگارەکانم پارێزگاری ساختانەت**
**خستمییە ناو ئاوێنەگەلی قورس و درەختگەلی تەمومژاوییەوە**
**لەسەر گۆڕگەل و هەمیشەیی ڕەشی هاوارەکانمان**
**ئەم داڵە ڕەشە باڵ دەگرێتەوە**
**بەناو ئەم کێل و ئەو کیلدا دێت و دەچێت**
**ملی بەرەو هەموو لایەك خوار دەکاتەوە**
**وەك بڵێیت بۆنی ڕوحە سەرگەردانەکانی دەوروبەری بکات و قسەیان لەگەڵ بکات**
**وەك بڵێیت چەپکی چارەنووسمان ببینێت**
**دوور دەفڕی**
**بەڵام جاروبار دەگەڕایەوە**
**تا چەپکی چارەنووسەکانمان بکاتەوە**
**تا دارێك لە دارەکانمان لەژێر زەویدا بنێژێت**

بەڵام ئەمڕۆ
هەر هەموو چەپکەکەی هەڵگرت و لە بڵنداییەوە تووڕی دایە خوارەوە
هەمووی کەوتنە ناو قۆرتێکی گەورەوە
لەگەڵ داڵەکانی دیکەدا خۆڵیان بەسەردا کردن.

***

سوپاکانمان کە ویستیان چەپکی چارەنووسەکانمان بکەنەوە
بە شکستی گەڕانەوەو خوێیان بەسەر برینەکانماندا کرد
حوزەیران چەکەکانمان دەنێژێت و
لە چۆڵەوانی خێوەتێکمان بۆ هەڵدەدات
تێیدا پاشماوەی گۆرانییەکانی شکستەکانمان کۆدەکەینەوە.

***

ڕۆژگارێك چارەنووسەکانمان، لەژێر لووتی خواوەندێکدا بوو
لەژێر عەرشدا بوو
بە دەستی خواوەندەوە بوو
بەڵام ئەمڕۆ لەژێر خۆڵدایە
باڵەکانی داڵەکان چوار دەوریان داون و
نەتەوەگەلی نەناسراو شاییان لەسەر دەکەن.

# 6ی حوزەیران : تیر ئەپڵ

بە ڕێکەوت بە زیندوویی مامەوە

بە ڕێکەوت باڵندەکە کونێکی لە شوورەی نیشتمان بۆ کردمەوە

بە ڕێکەوت خۆم لەناو کامیۆنێکدا بینییەوە

بە ڕێکەوت بۆ زەمینی خوارەوەی دابەزاندم

بە ڕێکەوت لە پۆلیسێکم پرسی

بە ڕێکەوت خۆم لە (تیر ئەپڵ) بینییەوە

***

من کەبەری ناو ئاوی ڕووبارم

من گوڵاوی درەختگەلی سنەوبەرم

من خەوەنووتکەی سروەم.

ئەو دڵەی لە سینگمدا ترپەی دێت چوون گۆزەی سارد ئاو بە خەڵك دەدات

ئەو گوڵەی لە پشتی گوێمەوەیە ڕۆژی پێ فریودەدەم

بەڵام کێ لەم تاریکییەی هێشتوومەوە؟

کێ بۆ ئەم مارە ئەستوورانەی ناردووم؟

مەروان ئەوەی پێ گوتم لەکاتێکدا ئەو ئارەقەی دەسڕی بە دەم و چاوییەوە چۆڕاوگەی بەستبوو

لەکاتێکدا ئۆتۆمۆبیلەکەی لە نزیك ئەو جەمەلۆنە ڕاوەستابوو کە لێی نیشتەجێم.

***

لە زەوییە نزمەکاندا

غەمەکانم بلند دەبنەوە.

حەشاماتەکە لەخەو هەستان

حەشاماتەکە چوون بۆ نان خواردن.

هەموو ڕۆژێك ئەم كاروانە درێژەی هاتووان دەبینم
هەموو ڕۆژێك گۆرانییەكەم دەڵێمەوە.

***

هەمووماان تونێلمان لەژێر زەوی هەڵكەندو گەیشتینە ئێرە
هەموو دوای شوێن پێی خەیاڵپڵاوییەكانمان دەكەوین
هەمووماان لەدەوری ژیان گردبووینەتەوە
هەمووماان لە باڵندەی غەمگین دەچین
هێلانەكانمان لەدەست داوە
هێلكەكانمان لەدەست داوە
لە بڵندابییەوە
بەرەو (تێر ئەپڵ) كەوتووینەتە خوارەوە.

# 7ی حوزەیران : قەلەڕەشکەیەك دەکەوێتە خوارەوە

باپیرە بەراییەکانی

چوون ئێسکگەلی بە ڕەژوو بوو و چوون دەرپێگەلی شڕوهوڕ

لە چۆڵەوانی بەجێ هێڵرابوون

باپیرەکانی کە بۆ بارانی خوێن دەهۆڵیان دەژەند

تا خەڵك داپۆشێت

باپیرەکانی کە ڕاهاتبوون قوربانی بە خواوەندەکان پێشکەش بکەن

بەڵام زۆر قووڵ بە ناو بڕوای ڕق لێ بوونەوەو مەرگدا ڕۆچووە خوار

زۆر لەناو تەویلەکانیاندا نووست

چارۆکەی شینی داهێنا کە دەشێت خەڵکی خێرا حەجی دۆزەخی پێ بکەن

لەژێر سەیوانی کتێبگەل و سەرچاوە تۆز لێ نیشتووەکاندا

لەناو خوێنی ئێراقییەکاندا مەلەی دەکرد

بە سۆزەوە شمشێرەکانی بۆ لای خۆی دەبرد

بەناو خوێندا ڕۆچوو

تا بوو بە کەوڵخانە

بوو بە ڕووبارێك مەرگ

بوو بە قەلەڕەشکە

لەناو لمی وێرانەدا هێلانەی کرد، هێرشەکانی بە ڕۆنی کارەساتەکان چەورکرد، چوون درزی بوومەلەرزەکان بەناو خەڵکدا دەڕۆیشت.

سەرقاڵی چنینی سروودی ڕەش بوو، سەرقاڵی ڕووخاندنی ڕوحی ئادەمیزانەی بوو

لەگەڵ گۆڕینەوەی بە زرنگانەوە، فیکاندنی باپیرەکانی لە بیابانی ئەفسانەکاندا بیرکەوتەوە، مامووسە دەگمەنەکەی خۆی بیرکەوتەوەو لەکانی کردە مارگەلێك بەرەو ماڵەکان دەجوولانەوە، هاژە گەورەکە ڕانەدەوەستا، پۆلەکانی گێڕانەوەکان جێیان نەدەهێشت. لەبارەی ئێمەوە دەیگوت ئەوانە ناکەس بەچەن شایەنی ئەوەن بکوژرێن، ئەوان سەرچاوەی بڕوای ڕەشن،

ئەوان پێڵاون بەرەو بەهەشت

هەر سەیری ئەفسانە پێچاوپێچەکەی دەکردو چاوی نەدەترووکاند، سەیری قەقنەسی دەکرد لە خۆڵەمێشدا کڵپەی دەهات، ئەسپەکەی بە مێخەکەیەوە بەست، دەست و پێوەندەکانی بە تاوێرەکانی دۆزەخەوە بەستەوە، شارەکانی بە تەفرو توونا‌کانیانەوە بەستەوە، مێشکی تەویلانەی بۆنێکی لێوە دێت بەرگەی ناگیرێت. چۆن ئەم سەوڵ لێدەرە ئەو هەموو پیاوە زۆرەی هەبوو!

ئەسپەکانی لە ئەشکەوتەکان هاتنە دەرەوەو کەوتنە ناو هەڵدێرە قووڵەکەوە، خۆیشی هاتە دەرەوەو خۆی بە چاوەزارو پەڕۆو پاتاڵ پێچابووەوەو ژارەکەی بە قەد جەستەیدا هاتە خوارەوە لە کاتێکدا چوون قەلەڕەشکە لەژێر پۆلە باڵندەکاندا بوو

مرۆڤ و جنۆکە نەفرەتیان لێ کرد

ئوقرەگرتووەکان نەفرەتیان لێ کرد

ئەو وڵاتەیش نەفرەتی لێ کرد کە ویستی کاولی بکات.

# 8ی حوزەیران : پیاوانی ڕووپۆشراو

هەموو پیاوێکی ڕووپۆشراو مەترسیدارە

دەمامکدار مەترسیدارە

ئەوەی خوودەیەکی ڕەش لەسەر دەکات مەترسیدارە

ئەوەی بەیانیان مێزەر، یان تۆربان و ئێواران کڵاوی قووچ لەسەر دەکات مەترسیدارە

ئەوەی عەگاڵ لەسەر دەکات و لەسەر هەردوو شان و هەردوو بازوو و سینگی دادەنێت مەترسیدارە

ئەوەی شەو شەبقە لەسەر دەکات مەترسیدارە

ئەوەی عەگاڵێکی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر دەکات مەترسیدارە

ئەوەی بەیانیان عەگاڵ لەسەر دەکات و ئێواران دایدەکەنێت زۆر مەترسیدارە

ئەوەی باڵاپۆشێك لەبەر دەکات و بۆینباغ دەبەستێت زۆر مەترسیدارە

ئەوەی لەکاتی پرسەو مەینەتییەکاندا چاویلکەی ڕەش لەچاو دەکات زۆر مەترسیدارە

ئەوەی خۆی بە وتاری زل زل دەپێچێتەوە مەترسیدارە

ئەوەی شەیدای داستان و فینتەگەرییە مەترسیدارە

ئەوەی بەبێ هۆ بۆ مێژوو بگەڕێتەوە مەترسیدارە

ئەوەی کفن دەپۆشێت مەترسیدارە

ئەوەی سیدارە لەسەر دەکات مەترسیدارە

ئەوەی کڵاوی لەسەرە، یان لە دڵە مەترسیدارە

ئەوەی هەموو ڕۆژێك، چارۆگەیەکی سەوز، یان ڕەش دەپۆشێت مەترسیدارە

ئەوەی گودبلەیەکی بەقەد تەوێڵەوە بێت مەترسیدارە

ئەوەی ئەموستیلەی لە پەنجە کردبێت و ڕدێنی درێژ کردبێت مەترسیدارە

ئەوەی دشداشەیەکی کورتی لەبەر بێت و پابووجی لە پێ بێت مەترسیدارە
ئەوەی شەرواڵێکی لە پێ کردبێت و پشتوێنێکی پانی بەستبێت و شارەکان دابەش بکات
مەترسیدارە
ئەوەی ئاڵاو بەیداخی ڕەنگاوڕەنگی بڵندکردبێتەوە مەترسیدارە
ئەوەی زەنجیر لە خۆی بدات و سینگ بکوتێت و بووبێتە دەروێش و بە قامە لەخۆی بدات و
تاڵە بگرێتەوەو سیحرباز بێت مەترسیدارە
هەوەسباز مەترسیدارە
زۆر سۆزمەند مەترسیدارە
زۆر بێ هێز مەترسیدارە
زۆر بەهێز مەترسیدارە
زمان لووس مەترسیدارە
هەر هەموو ئەو ڕووپۆشراوانە
پیاوی مەترسیدارن
زۆر مەترسیدارن.

# 9ی حوزەیران : کوڕم وەرە

کوڕم وەرە
بۆنەکانت بەرە
گۆرانییەکەت بەرە بۆنە خۆشەکەت بەرە
چاوم بەرە
تا بێجگە تۆ کەسی دی نەبینم
تا کەسی دی نەبینم بیرم بێتەوە
تا چارەنووسی خۆم نەبینم و
بە تۆڕەوە نەبم.

بە نووسین شێتی لە دەستدانت لەخۆم دووردەخەمەوە
بە نووسین گەردەلوولی ئەو نەخۆشییانە لەخۆم دووردەخەمەوە کە دەیانەوێت لەناوم ببەن
بە نووسین پیربوون لەخۆم دووردەخەمەوە
بەڵام نووسین خەریکە بەرەو لای تۆ پاڵم دەدات
ئەی سرووش بەخش و خۆشەویستم
چی بکەم و
بۆ کوێ بچم؟

ئەو دەزووانەی لەناو ئاوەکانمدا خۆشی خۆشی دەکەن
هیچ نین تەنیا پاشماوەی ڕۆژە ڕاوەستاوەکانی قووڵایی نەبێت
چوون کەشتییەکی نغرۆبوو.

بە عوودو بە کەنارە سروود بۆ مەروان بڵێن
جوان گۆرانی بڵێن و هەڵهەڵە لێ بدەن
کوڕەکە بۆ باوکی دەگەڕێتەوەو هەمووان لە ئامێزی دەگرن
هەموو میراتییەکی خۆشەویستی
هەموو مەشخەڵەکانی ڕێگە بۆ ئەوە
هەڵهەڵەی بۆ لێ دەدەم گۆرانی بۆ دەڵێم و
ئاسمانی دەم و چاوی قۆناغ بە قۆناغ شەونم کۆدەکاتەوە.

لەسەر ڕێتمی دەنگی ئاو کاتێك سێبەرەکەت لەبەردەممدا ڕۆنیشت
کاتێك رووزییەکم بڵند کردەوەو
درەختەکانم بە لق و پۆپ و بنەکانیانەوە بانگ کرد
کاتێك وشە پشکۆیەکی هەڵبژارد
کاتێك پەراسووەکانم سووتان
لەسەر ڕێتمی دەنگی ئاو کاتێك ڕێگەکانم لەتۆدا بەیەك گەیشتن و گۆرانییان چڕی
بۆچی ڕادەستی دڵڕەقیی خۆمت کردم؟
بۆچی لە ئاو تێر خۆڵەمێشت کردم؟

لەسەر ناوەرۆکەکانی بەرد ڕێنوێنییەکانی دەخوێنمەوە
چوون دارمێوێك سەردەمەکان لە ئاسمان چاندبێتیان
چوون بەیانییەك هەرگیز لانەچێت
چوون لەپێك بە پیت و فەڕ درێژ کرابێتەوە
دەتخوێنمەوەو بەرد لەسەر بەرد زیاد دەکەم.

**هەتاوەکەت لەڕوحمدا دەنیشێت و**

**جەستەم تاریك و**

**بێ هیچ کۆتاییەکە.**

# 10ی حوزەیران : دەرگەی داخراو

دەرگەی داخراو لە کۆتایی ژیانمدا
ڕۆژێك لە ڕۆژان دەکرێتەوەو
پێیەکانم بەرەو بەردەم دەرگەکەی دەخلیسکێت و
ڕێگە نادات خۆشەویستەکانم بێنە ژوورە و بەسەرم بکەنەوە
ڕێگە نادات بخوێنمەوەو بنووسم
ئەم جیهانەم لێ دادەخات
تا ببباتە جیهانێکی دیکەوە
بەڵام زۆر تاك و تەنیا نابم
چونکە ڕوحی خۆم پیتاندووەو بە پیتم کردووەو
لە خەنەم گرتووە
گۆرانی و نهێنییەکانی جوانی و پرسیارەکانم بۆ کردوون بە کۆد
پاش دەرگە داخراوەکە پاشماوەی ژیانی خۆم
بە کردنەوەی ئەم کۆدانەو سەرلەنوێ خوێندنەوەیان دەگوزەرێنم
ڕەنگە بە ڕێکخستنی کۆدی نوێ
بۆ سێیەمین ژیان
لە پشتی دەرگەیەکی دیکەوە خۆی شاردبێتەوە.

# 11ی حوزەیران: چەندە کۆشام

چەندە کۆشام خۆم ڕابگرم
بەڵام سرپەی مردووەکان درزی تێ دەخستم
چەندە کۆشام ڕاوەستم
بەڵام ئێسکەکانم لە ئاو دروست کرابوون
چەندە کۆشام بچمە ژوورەوە
بەڵام دەرگەکان لە دار دروست نەکرابوون
چەندە کۆشام گوێ ڕادێرم
بەڵام میوزیکەکە پەرت بوو
چەندە کۆشام بنووم
بەڵام باڵندەی تەنەکە دەخولایەوە
چەندە کۆشام گۆرانی بڵێم
بەڵام وشەکانم لە واتا بەتاڵ کرابوونەوە
چەندە کۆشام هەستم
بەڵام بنمیچەکان نزم بوون
چەندە کۆشام یاری بکەم
بەڵام قامکەکان خوێنیان لێ دەچۆڕا
چەندە کۆشام ناڕەزایی دەربڕم
بەڵام گەرووم داخرابوو
چەندە کۆشام بمرم
بەڵام گۆڕەکان زۆر قەرەباڵغ بوون.

# 12ی حوزەیران: ئەمبولانس

دڵە لە شووشەیەك دروست کرابوو دەبریسکایەوە
دەستەکانیش پڕ لە بەردبوون
شەبقەکانتان بڵندبکەنەوە
ئافرەتە پاککەرەوەکان لێرەوە تێدەپەڕن
تەرمە شیرینە بە بادەی تاڵ تەڕبووەکان دەکەونە سەر ڕووی ئاو
هەمووومان بە تێپەڕینی ڕێوییەکانی تەمومژ ئاهەنگمان گێڕا
ڕۆژی وڵاتم خۆی بەو ئەمبولانسە دەناسێنێت کە کۆتایی نایەت و
ئۆتۆمۆبیلەکانی وی شەقامەکان دەتەننەوە
شوفێرەکانیان خوێن بەسەر خەڵکدا فڕێ دەدەن
دارەتەرمەکان خەون دەبینن و
کێلی گۆڕەکانیش پێدەکەنن.

***

ئەو پاسارییانەی بەناو گۆڕەکاندا باز دەدەن
ناوی مردووەکانن بەسەر کێلەکانەوە نووسراون
ناتوانین بیانگرین
ناتوانین بیانخوێنینەوە
بەڵام ڕاوکەرە پڕ نێچیرەکان
خۆیان بۆ هەڵهێنانی ئەم مەتەڵانە ئامادە دەکرد
بەڵام ناویان دەکەینە پەتێك و
ئێسکە کون کراوەکانمان و
قەڵا ڕووخاوەکانمانی پێوە هەڵدەواسین و

ئۆتۆمۆبیلەکانمانی پێوە دەبەستین کە بەرەو ڕۆژئاوابوون دەچن

***

چەندان سەدەیە، وڵاتەکەم

لەناو ئۆتۆمۆبیلێکی ئەمبولانسدا دەسووڕێتەوەو

هێشتەیش هەر دەسووڕێتەوە.

# 13ی حوزەیران: ئەفسانە

ئێستە چۆن ڕوو بە ڕووی ئەم هەموو پرسیارانە ببمەوە؟
زۆر باش وەڵامەکانم دادەڕشت
بۆم دەرکەوت قامیشن و
ئەوەند ناخایەنێت دەشکێن و بزر دەبن
دانایی خۆم لە نیشتمانێك دروست دەکرد
بۆم دەرکەوت لەبەردەم ڕەشەبادایە
منارەکانم لە ڕووناکی دروست دەکرد
بۆم دەرکەوت کە دەشێت بە ئاسانی بڕووخێن
ڕوو بە ڕووی شکستییەکانی ئایندەی خۆم دەبوومەوە
چەکیشم بە دەستەوە نەبوو
ئەفسانە بە ڕوومدا چەپڵەی لێ داو کراسەکەی دزیم
شێتایەتی کتێبەکانی تەفروتوونا کردم
ئیبلیسەکان گاڵتەیان بە بڕوام کرد
لەم ڕێگە غەمبارەدا هیچ نیم تەنیا نوکتەیەکی ڕەش نەبێت
تەنیا پیاوێکی نەخۆشم
وشەکان یاریم پێ دەکەن
باڵندەم لەگەڵ ئاشت نابێتەوە
ڕووبارەکانیشم لێم نابوورن
بوومەتە تەنەکەیەك بۆ پاشەڕۆکەکانی چارەنووس
ڕازاوەیی شەونم و قامك پێداهێنانی ئاسمانیان لێ ستاندم
پشوویان لێ ستاندم و شکۆیان لێ ستاندم

لەبری جوانی ناشیرنییان دامێ
لەبری ڕووناکی تاریکی
لەبری ئاگریش خۆڵەمێش
دنیایان لێ ستاندم
کەوتمە گۆڕی خۆمەوە
بەشمشێری کەسوکاری خۆم سەربڕام و
چەند وەڵامێکم دەجوو تێیاندەگەیشتن.

# 14ی حوزەیران : فریوی نهێنییەکان

نهێنییەکانن کە دەمێننەوە

پاش ئەوەی کە گۆرانییەکان کۆتاییان دێت

نهێنیگەلی سەیری چوون دووکەڵ

نهێنیگەلی تەشەنەکردووی ئەو شوێنانەی ڕووناکییان کەمە

نهێنیگەلێك دەست و ڕوحمان دادڕێژنەوە بۆ ئەوەی ئاگەمان لەخۆمان بێت

نهێنیگەلێك چوون گیانلەبەری هەمیشەیی بەنۆرە پاسەوانی کارەساتە دڵتەزێنەکانمان دەکەن

بەڵام ...

کێ نهێنییەکان دەدۆزێتەوەو دەیانکاتەوە؟

کێ ئەوە ئاشکرا دەکات کە ڕووی دا؟

نهێنییەکان لەناوماندا بڵاون بەڵام نایانبینین

نایاندۆزینەوە

لە هەموو شوێنێك نهێنیگەلی شاراوە هەن

نهێنییەکان خۆڵەمێشی سەرگەردانمانن

نهێنیەکان ڕوحی ئەوانەن بزربوون

بۆ ئەوەی بزانین چۆن؟ بۆچی؟

کێ ئەوەی پێ کردن؟

نهێنیگەل لەنێوانماندا پیاسە دەکەن

چوون پیاو، یان ئافرەتگەلی گەردین

نهێنیگەل لەگەڵمان یاری دەکەن

نهێنیگەلێك بە گوێمانەوە دەچرپێنن.

ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان، ترپەیان بێت، ئەوە تۆوەکانیان

درەختگەلی غەمگینیان لیَ دەڕوێت
دارستانگەلی نهێنیی هەردوو ڕووبار چەندە زۆرن...!
ئەو نهێنییانە چەند زۆرن تێیاندا نێژراون...!
ئەوانەی دەیانبینین و
ئەوانەی نایانبینین ...

# 15ی حوزەیران : چوون باڵندەیەکی تەنیا دەمرم

چوون باڵندەیەك...
بە تەنیا لەناو ئەم درەختەدا نیشتەجێ دەبم
تا دەست و پێم وشك هەڵدێن و دەمرم
هەست بە شەو ناکەم ... هەروەها بە ڕۆژیش
بەڵام ڕیتمی کات چوون دەهۆڵی جەنگ لە خوێنم دەدات
هەست بەو چەقۆیە ناکەم دڵم دیوادەر دەکات
ئەو بارانەی لێم دەدات تەڕم ناکات...
نامەکانی هاوڕێکانم بە نزیکمدا تێدەپەڕن و نایانبینم
پاییز گەڵای درەختەکە دەوەرێنێت
بە تەنیا بە هەڵواسراوی دەمێنمەوە
لە شوێنەکەی خۆمەوە شەوی درێژی ئێراق دەبینم
هەردوو چاوی مەروانم دەبینم فرمێسکیان تێ دەزێت.
ئەفسانە دووبارە دروستم دەکاتەوە
ڕۆژەکانیش بە نۆرە خەنجەرم لێ دەدەن
دڵم کون کون دەبێت
لەم وڵاتە نامۆیەدا منداڵ و تاڵ دەبینم بەردەم تێدەگرن
لە بەر دەستیاندا بەردەبمەوەو لێم هەڵدێن.
چوون باڵندەیەکی تەنیا
دەمرم و گۆرانییەکەم لە زارمدا دەبێت
کەس نایبیسێت تەنیا هەڵدێری ناخم نەبێت.

# 16ی حوزەیران : هایکۆیەك بۆ مەروان

لە نێوان جێی نیشتەجێبوونم و شاردا
ڕێگەیەك هەیە
هەموو بەیانییەك بە پاس دەیبڕم
بەڵام تۆ یەك ڕۆژ درێژی دەكەیتەوە
چونكە قسەم لەگەڵ دەكەیت!

***

خەونەكانت
لە یادمدان
نازانم بۆ كوێیان ببەم؟

***

ڕاوەستاویت و سەتڵی گوڵەكەت بە دەستەوەیە
ئاویش لەژێرتەوە دەڕوات
وەك بڵێیت خواوەندێكی سۆمەری بیت.

***

هەردوو چاوی تیژت لە دوو چاوی داڵ دەچن
بەرەو ئاسمانم دەبەن و
هەندێك جاریش بۆ شێتایەتی.

***

ئەو بەیانییەی بە پێكەنینەكەیەوە بەسترابووەوە
چی دی لە بەیانی ناچێت

بەڵکو بووەتە چەپکێك دڕك
بەسەر سەرچاوەمەوە.
***

سەیوانەکەم نەکرایەوە
کاتێك گۆرانییەکانت بارین
ئاگرەکەیشم نەکوژایەوە.
***
گۆرانیی لێکدابڕان
بەناو ڕوحمدا هەڵدەچێت و دادەچێت
گۆرانیی لێکدابڕان ...
***
گوڵەکانم گەشە ناکەن...
ڕۆیشتنی تۆ
ڕەگ و ڕیشەی وشك کردنەوە
***
هەموو بارانێك دەبێت بە هەڵم
تەنیا بارانەکەی تۆ نەبێت
کە لە ناخمدا ڕاکشاوە
***
هەرەس ناهێنم ...
لە پێناوی ئەوەی
بە زیندوویی لە ناخم و
لە سەر ڕووی زەمین بمێنیتەوە.

***

هەورەکان

هەر هەموو هەورەکان

نەیانتوانی بەر ڕووی مانگت بگرن

کە لە ناخمدایە.

***

مەروان ڕوانینی ماڵئاواییت

هێشتە لە جەستەمدا سەرگەردانە

نازانم لە کوێ سەقامگیر بووە

بەڵام لە تیر دەچێت.

***

لەناو پاسدا

دەنگێك لە دەنگی ئەو دەچێت

ئاوڕ بەسەرم دەداتەوە.

***

هەموو ڕۆژێك ئەم تەمەنە هەڵدەچێت و دادەمرکێتەوە

ڕۆیشتنت ئاگری دەدات و

فرمێسکەکانم دەیکوژێنێتەوە

***

چوار شت تۆم بیر دەخەنەوە:

پرچەکەی ئەحلام و

چاوەکانی سورەیا و

پێکەنینەکەی مەروەو

دەنگی عەلی.

# 17ی حوزەیران : چەند لایەکی بزر

ئا لێرە ژیانم لە دەست چوو
شمشێری ڕاگەیەنراوەکانم دووکەرتی کرد
پەڵە هەور لە گەروومدا گردبوونەوە
زمانەکەم ئاهەنگێکی بایە
ماسیگرکەیەکە دەتلێتەوە.
ئەمە ئاگری هەردوو دەستە
ڕستەیەکە بەناو بادەدا دەکشێت
لەو بەیانییەی کە پشکۆ لە چاوان دەبریسکێتەوە
نیشتمانم لەو ڕۆژەکانیشم قسەڵۆک
ڕووباریش لەبەر شیعر شێت شێت دەکشێت.
قەلەڕەشکەکەم... ئەی قەلەڕەشکەکەم چەند سەردوێلکە دەڵێیتەوە؟
چەندە دەپێچیتەوە؟
نیشتمانم مشتێك ترسە
بەندیخانەکانیشم لەناو خوێنمدان
تۆ قەلەڕەشکەمیت...
ئەی قەلەڕەشکەکەم چەند دەڕۆیت؟
بۆ کوێ دەڕۆیت؟
لەکاتێکدا ڕێگەم بووە بە دەرزی و
دەزووەکەیش پچڕاوەو
هەموو لایەکانم بزرکردووە.

# 18ی حوزەیران : دوو گۆڕ

باڵندەیەك بەرەو گۆڕەکەم لە پێش خۆی داوم
لە پێش خۆی داوم ، لەکاتێکدا دەستم کون کون بووەو
هەورگەل دڵم دەخولێننەوە
لە ڕووبارو جۆگەو زەلکاوان دەپەڕمەوەو
غەمەکانم دەدورمەوە کە لێرەو لەوێوەوە هەڵدەتەکێن
باڵندە بە دەزوویەکی باریك هەردوو دەستم دەبەستێتەوە
هەرکە دەزووەکە بپچڕێت دەیبەستێتەوە
ڕەنگی باڵندەکە زەرد بوو
بچووك و جوان بوو
کە شەو دابێت لەسەر شانم پشوودەدات
کە تینووی بێت لەناو لەپم دەخواتەوە
بەڵام شەوو ڕۆژ پێش خۆی داوم و
چیاو پێ دەشتانم پێ دەبڕێت
کاتێك لە شوێنەکە نزیك بووینەوە
باڵندەکە زۆری جریواند
لە مەبەستی جریواندنەکەی نەگەیشتم
کاتێك گەیشتینە گۆڕەکە
لەسەر کێلەکەم ڕاوەستا
ئەو کات زانیم ئەوە گۆڕەکەمە
چونکە سەرم بڵند کردەوەو گۆڕێکی دیکەم لە نزیکمەوە بینی...!!

# 19ی حوزەیران : ژیانم پشکنی

ئەم شەوە سەری لێ شێواندم
بۆیە هەستام و ژیانی خۆم پشکنی
بە میکرۆسکۆپێك ژیانی خۆم پشکنی و بینیم چەندان ڕێگەی تاریك و گریانی زۆری تێدایە
بە گوڵێك پشکنیم و گوڵاوێکی تەنیاییم تێدا بینی دەخولایەوە
بە ئاگر پشکنیم چەندان دارستانم تێدا بینی لە ئەژماردن نەدەهاتن
بە ئەموستیلەیەك پشکنیم چەندان پەنجەم تێدا بینی
بە دەهۆڵێك پشکنیم چەندان سەمای ڕەشم تێدا بینی
بە ئاو پشکنیم ڕووبارگەلێکی زۆرم تێدا بینی
ژیانم بە بادەیەك پشکنی سەرخۆشانی بەرەبەیانم تێدا بینی گۆرانییان دەچڕی
ژیانم بە وشەیەك پشکنی چەندان داستانم تێدا بینی بە قەد دیوارەوە نووسرابوون
ژیانم بە چاوی نیشتمانم پشکنی
ژیانی خۆم نەبینی!

# 20ی حوزەیران : نیشتەجێبوون لە تابلۆكانی (كاووش)دا

لەبەردەم ئاوێنەكەدا ڕادەوەستیت و
فرچەكەتی بەسەردا دەهێنیت
هێڵ و درزو دەرگەگەلی نهێنیی تێدا دەردەكەوێت
دزەی تێدا دەكەیت و بزربوونی جوانی خۆت بەرەو كانیاوەكان ڕادەگەیەنیت.
لەسەر بەردێك و لەسەر تەختەدارێك دەركەوتیت و بزربوویت
لە بالكۆنی ئافرەتێكی تەنیاوە دەركەوتیت
لەسەر لۆدەری هەور دەركەوتیت
بەڵام بە پەنجەكانت داتگیرساندم و
خستمتە ناو تابلۆكانتەوە:

* كڵاوت لەسەر دانام
وەك بڵێیت هەرزەی شەوە شاراوەكان بم
قژت چوون شەپۆلەكان داهێنام
چوون كیژێكت لێ كرم لە من دەچێت
زارت لە زاری وێ نزیك كردمەوەو
دەرگەكەت داخست و چوویتە دەرەوە و
گوڵاوی شادیی خۆتت لەگەڵ بەجێ هێشتین.

* دوو باڵت لەسەر شانم دانا
بە پاڵتۆیەك داتپۆشیم

ژنەکەمم پێ دادەپۆشی و
ئاسۆکانت داخست و بەتەنیا بەجێت هێشتین.

* لە تەنیشت ژنەکەمەوە داتنیشاندم و سەرت بەرزکردینەوە و
گۆنات بە بازنەی سوور بۆیە کردین
لەکاتێکدا لە دەرەوەی پەنجەرەکە بوویت و بە پایسکلەکەت دزەت دەکردو دوور دەکەوتیتەوە
منیش میوزیکم لە دڵمدا لێ دەناو
گۆرانیم بۆ کراسەکانت دەگوتەوە کە بەسەر درەختەکانەوە دەشەکانەوە

* کڵاوێکت لەسەر کردم و
کەوانەیەکی ڕەشت لە پرچم بە دەوری گوێمدا دەرهێناو
ئافرەتێکت لەسەر مافوورێکی هێڵ هێڵ ڕاکێشا
دوو لاقی گوڵ گوڵی لەسەر یەکدی درێژ کردبووەوە
پێڵاوە ڕەشە درێژەکەی پاژنە بەرزبوو
لە ئاسمانیشەوە گوڵ بەسەر خوێنمدا دادەباری
چۆن هەر هەموو ئەم وڵاتانە گەڕایت؟

* پرچی سوورت بە ئاسۆدا داهێنام
وات کرد ئافرەتە باڵدارەکە کەمانچە سەوزەکەم پێ بدات و
دەستیت لەناوپرچم لەسەر گۆنام دەرهێنا و
شەونمت پەرت کردەوە
بوو بە زێڕێکی شین و
ئاوەکان ئاخیان بۆ جوانییەکەی هەڵکێشا.

* سەرت خستمە ئامێزی (ئیمی) کە ئۆکۆردیۆن دەژەنێت
وات کرد دەست بۆ پرچە کورتەکەی ببەم چوون مار
سەرگەردان دەڕۆیشتم و لە ئامێزی گرتم.

* لەبەردەم مافوورێکی چوون سەنتووردا داتنام
ئافرەتێکم لەگەڵ بوو کڵاوی لەسەر بوو، وەك من،
ئاوێنەی بەدەستەوە بوو جلەکانیشمان چوون هێڵی گندۆرە بوون
چۆن بە دەستی تۆوە خۆڵەمێشەکەم بوو بە گوڵ ؟

* لە پشتی دیوارێکەوەت دانام بە چاوێك
سەیری خۆشەویستە میوزیکژەنەکەم دەکەم کە لەسەر مێزێك دانیشتووە
سێوێکی لەسەر دانراوە
ئۆکۆردیۆنەکە لەسەر زەوی فڕێ دراوە
پاشماوەی بەهەشت، یان گەڵاکانی پاییزمان کە نارِوات.

* وات کرد بە کڵاوەکەمەوە لە پشتی پەنجەرەکەوە خۆم بشارمەوە
گاڵتە پەردەکەیەتی و لەو ئافرەتە دەڕوانم سێوێکی سووری بە دەستەوەیەو
نامەکەم لە بەر پێی کەوتووە
پارچەی کراسەکەی لای شانییەوە بەسەر بازوویدا کەوتووە
کەی گۆرانی بچڕین؟

دوازدە ساڵ بەسەر لێکدابڕانتدا تێپەڕی
لەوەتای چوویتە ناو ئاوێنەکەوەو بزربوویت
بەڵام ئەمڕۆ لەدایك بوویت و لە ئاوێکەوە هاتیتە دەرەوە

هەرکە پەنجەکانت بەسەر تابلۆکاندا هێنا

میوزیك هەڵدەستێت

ڕەنگە شێوەکانت لەسەر ئاگر سوور بکەیتەوە

ڕەنگە هەنگوینەکەی وێ بە گۆرانی وشك بکەیتەوە

بەڵام کاتێك دەتخستمە ناو تابلۆکانتەوە

دەگریایت

دەتویست دڵم خۆش بکەیت بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێت،

هەرچی من بووم

کاتێك لە تابلۆکانتەوە دزەم کرد

جیهانیم بینی

وەك بڵێیت لە شەودا بێت.

# 21ی حوزەیران: وێرانەم درز دەبات

ئاگر تاریکیی خوراندم
لەناو ڕۆژنامەکەمدا مەتەڵەکانی نووسیم
نەهەنگیش ئێسك و قسەکانی ڕیزکردم
بێ دەنگ مێژووی خۆم بە دوو لەپ بەنددەکەم
گرووپەکانی شەو بە درکاندن و ئەویندارییم ئارەزوومەند دەکەم
لەناو ئەموستیلەکەمدا نووستووم ...
برنج و گوڵ دادەپرژێنم و
بۆ کۆترەکەم نوێژ دەکەم
نیگەران ...بە خۆڵەمێشی ڕووبار لە موورووی ئەموستیلەکەم دەدەم
وێرانەکەم درز دەبات

لەناکاو دەستم لە نووسین هەڵگرت و هاوارم کرد:
کێ (باب الشرقی)م(*) پێ پیشان دەدات
تا ئەو تەرمانە بژمێرم کە لەوێ بەربوونەوەو کوژران
تا چاوی ئەو منداڵانەیش ببینم کە مەرگ چاوەڕێیان دەکات؟
کێ ئەو دەرگەیەم پێ پیشان دەدات کە دەمگەیەنێتە هەڵدێر تا لەوێوە سەر دەربهێنم و
ئەو خەڵکە ببینم تێیدا دوور دەکەونەوە؟
کێ گۆڕەپانی (مەیدان)م (**) پێ پیشان دەدات؟
لەبارەی ژاوەژاوەکانییەوەو
لەبارەی بوونەوەرەکانییەوە دەنووسم کە چوون لافاوی دۆزەخ ڕاناوەستن
کێ کەسوکارم پێ پیشان دەدات

**لە وێرانەیی وڵاتدا نووستوون؟**
**دڵۆپ دڵۆپ مەرگ هەڵدەقوڕێنن**
**کێ لە وێرانەیی زمانەکەم و**
**قورسایی زمانم ڕزگارم دەکات؟**

---

(*) (باب الشرقی): گۆڕەپانێکە لەناوەڕاستی بەغدا.

(**) (مەیدان): گۆڕەپانێکە لە گۆڕەپانەکانی بەغدا.

# 22ی حوزەیران: یادوەریت بە سینگ فرەوانیی جۆلا دەچنم

باڵندەگەلی بریندار لە جەستەمەوە دەفڕن
وێنەکانت بە قەد درەختگەلی زڕدا هەڵدەواسم
فرمێسکەکانم لەودیوی بارانەکانەوە خۆیان دەشارنەوە
پشکۆکانم لەژێر خۆڵەمێشی ڕۆژگاردا گڕدەگرن
بزربوونت لەگەڵ ڕۆژگاردا دەخولێتەوە
ئامادەییشت لەپشتی دڕکێکی ئاسنینەوە نابینرێت
تۆ لە کوێیت؟
لە چ ڕۆژیکی ڕەشدا دەڕۆیت؟
لە چ خوێنێکی گەرمدا سەوڵ لێ دەدەیت؟
خەونە دلێرەکانت چییان بەسەر هات؟
ئایە بەسەر لق و پۆپەکانی تاریکییەوە زڕ بوونەوە؟ ئایە لەناو خوێنتدا مەیین؟
ئەو وڵاتەی کە ناوی بەهەشتم لێ نابوو
بوو بە دۆزەخ
ئەو بەرەبەیانەی کە ناوی لاویەتی تۆم لێ نابوو
بوو بە بەندیخانە گەورەکەت
یادوەریت بە سینگ فرەوانیی جۆلا دەچنم
لەکاتێکدا فرمێسکەکانم مافوورەکە دەڕازێننەوە
ئەی کوڕم و ئەی مامۆستام
هەموو ڕۆژێك لە تۆوە فێردەبم چۆن بمرم و چۆن بژیم

## 23ی حوزەیران : ئای جەرگی بڕاوم

بەغدا لە قەلایەکی تالان کراو دەچێت
ڕووبارێك کونی دەکات خوێنی لیٚ دەڕوات و
ڕووبارێك لە چواردەوریەتی دەگریت و
فریشتەکانی تەرمەکان بەرەو ئاسمان دەبەن
ئای جەرگی بڕاوم کورەکەم
گورگەکان بۆ کوییان بردیت؟

بەغدا چوون کوانوویەکی هەڵەوگێڕاوە
پڕ لە ڕەژووە
خۆڵەمێش پەرتی دەکاتەوەو
پاسەوانەکانی نووستوون
ئای جەرگی بڕاوم کورەکەم
دووکەڵ لە کوێی شاردیتەوە؟

بەغدا ئەسپگەلی ڕفێنراوە
ڕەشەبا تالانی دەکات
تاریکاییش بەشەوو ڕۆژ بەر قامچی دەدات
مەتەرەوانەکانیان شکستیان خواردووە
ئەی جەرگی بڕاوم کوڕەکەم با بۆ کوێی دزیت؟
ڕۆیشتیت و ناگەڕێیتەوە
بەلام بەغدا دەمێنێتەوە

**ڕۆڵەکانی جارێکی دیکە بزردەبن**

**هەر شانازی بەوەوە دەکات کە بەردەوام ... بەو شێوەیەیە..**

**ڕەنگە تا هەتایە!**

## 24ی حوزەیران : کۆتاییە تاڵەکانی هەنگاوەکانم

کۆتاییە تاڵەکانی هەنگاوەکانم
ناچاری کردم ڕێگەکان دابخەم و
تاك و تەنیا بەناو قاڵبە کانزای خراپ دروستکراودا دەڕۆم
گۆرانی خۆم دەچڕم کە لە باڵی پەپوولەکاندا سەرگەردانە
جلە شڕو هورەکانم برك دەدەم
لەناو ڕوحمدا هیچ نەماوەتەوە تەنیا شینگێڕان نەبێت
چونکە ئەو مافوورەی بەسەریدا دەڕۆم چی دیکە نامگەیەنێتە بەهەشتەکەم
بەڵکو بووەتە تونێلێك بۆ ژانەکانم
ئاوێنەکانیشم وێنەکانی شێتەکەی خواست و لە بەردەممدا داینان
هەموو ئەفسانەکانم لێك ترازان و هیچم پێ نەماوە تەنیا بەرد نەبێت
تارماییەکان بەرەو لای نەخش و نیگارگەلی ئاوابوو لە پێشیان داوم
کاتێك بە میکرۆسکۆپەکەم دەیانپشکنم دەبینم بە گریان هەڵکۆڵراون
بە چەند قوناغێکی سەرپێیدا تێدەپەڕم
لەگەڵ چەند قۆناغێکی مەحاڵ
بەڵام بە تەنیا بەرانبەر بەوە ڕادەوەستم کە ڕوودەدات و بە قامگەکانم دەستی پێوە دەدەم
بۆم دەردەکەوێت چوون کۆتاییەکان لووس و ساردە
لە خوێن، یان فرمێسك دەچێت ڕژابێت
خۆم دەبینم بۆنی گوڵاویکی تەمومژاویم لێ دێت
ئاو پێیەکانم تەڕدەکات
چاویشم چووەتە قووڵەوە.

# 25ی حوزەیران : بیرەوەری ڕەش

هێشتە دوورین لەوە دەرك بە بواری شكۆمەندیت بكەین
هێشتە بیرەوەرییە ڕەشەكان
ڕۆژانی ناوەكانمان ڕاناگەیەنن و
لەبەردەم قەڵغانە شڕەكانماندا خۆڕاناگرن
هێشتە پێكەنینی تەمومژاویمان ماوە
گۆڕە كوژاوەكانمان و
بزربوونمان لە ڕۆژە خۆڵەمێشییەكاندا
لەدەستدانی گوڵاوەكانمان لە ڕێڕەوە بۆگەنەكاندا
هەناسەكانمان لە كونەكانی تاریكی و
نزیك لەكانی قاڵبە كانزا سوورەكاندا ڕاوەستاون
لەبارەی پشكۆوە وڕێنە دەكەن
لەبارەی مەڕمەڕی مانگیی شووشە خۆشەكانمان
لەبارەی چارەنووسی ڕەشمانەوە كە بە پەلە دروستمان كرد
لەبارەی چاوە بەستراوەكانمان و
سەبەتە كونەكانمانەوە
چۆن جامە زێڕەكانمان هەڵگرت و
چوون دەرۆزەكەران بە ناو مێژوودا لەگەڵ خۆمان سووڕانماندەوە؟
چۆن ڕۆژگار بە كەشتییە نغرۆبووەكانییەوە پەرت و بڵاوی كردینەوە
لەم ساڵ بۆ ئەو ساڵ
لەم قۆناغ بۆ ئەو قۆناغ
گوڵ بە پشتەوەی گوێمانە

**فریشتەگەلی جوانیش بە کۆڵمانەوەن**

**لە یادوەریمدا لەگەڵ شەپۆل شەپۆلان دەدەم و سینگ و بریسکەم کلۆم دەدەم**

**ئاوریشمە پاکژەکەم داوێنەکانی پیس بوونە**

**جۆرەکانی ئاخاوتنەکانم ژەنگیان گرتووە**

**شێر پاشماوەکەی فڕێ دام**

**چی دیکە لە شەقامەکانی دوێنێدا**

**نە لە شەقامەکانی ئەمڕۆیشدا ناسووڕێمەوە**

**چی دیکە چارەنووسیشم لەگەڵم ناسووڕێتەوە.**

## 26ی حوزەیران : داوو دەزوو

لە دەرگەی ماڵەکەم دێمە دەرەوە و ڕوو بە ڕووی کونە دەرزیی وڵات دەبمەوە
ئێسك و گۆشتی خۆم تەسك دەکەمەوەو دەچمە ژوورەوەو
دەبمە داوێکی درێژ
بێ دەربەستانە، بە شەقامەکاندا تێدەپەڕێت
دەست بەسەر سەری خەڵکیدا دەهێنێت
منداڵەکان بەرەو ماڵەکانیان لەپێش دەدات و
بە ناو ئافرەتەکاندا تێدەپەڕێت
گاڵتە لەگەڵ پیرەژنەکاندا دەکات
بە هەڵواسراوی بەسەر پردەکەدا دەفڕێت
بانگی شەپۆلەکانی دژلە دەکات
پاشەرۆکەکانی جەنگ خاوێن دەکاتەوە
ڕووی ماڵەکان دەڕازێنێتەوە
شەوان تاك و تەنیا پیاسە دەکات و شارەکان ڕووناك دەکاتەوە
با بەرزم دەکاتەوەو بۆ سەرەوەو بۆ خوارەوە دەفڕم
بە ئاسۆکاندا دەسووڕێمەوە
لە دەم و چاوەکان دەڕوانم
بەشکو داوێکی چوون خۆم ببینم
بەشکو ببین بە بەکرەی جوان
دەسووڕێمەوەو
ئاگری بۆمبڕێژکراوەکان دەکوژێنمەوە

**دەبمە تێل بە دەوری چەکدارەکاندا لوول دەخوات و**

**ڕایاندەگرێت...**

**بەڵام لە درەنگانی شەودا**

**دەبینم تاك و تەنیام**

**بایەکی سارد لەسەر تەلارێك**

**یان لەسەر ڕێگەکان**

**یان بەسەر دڕکێکەوە یاریم پێ دەکات!!**

# 27ی حوزەیران : دلێرانە

لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسم
بەڵام ... لەچەپەوە بۆ ڕاست دەژیم
چۆن ئەم لا و ئەو لاکانی خۆم ڕێك بخەم؟
چۆن قیبلەنماکەم ڕێك بخەم
هەردوو دەستم لەناو هەنگوینێکی تاڵدا شل دەبنەوە
زاریشم بیری گۆرانییە کۆنەکان دەکات
سرووتەکانم کوانووی جەستەمن
گەردەلوولەکانم باڵی ساڵەکانمن
پەپوولەکان بە سووری چوونە پەرستگەکانمەوەو بە ڕەشی هاتنە دەرەوە
ڕووبارەکان بە شینی چوونە ژوورەوەو بە زەردی هاتنە دەرەوە
چی بەم وێرانەیەم بکەم؟
چۆن نامە بۆ هاوڕێکانم بنێرم
مادامەکی هەستەکانم هەور داپۆشیون
چۆن گۆرانی بچڕم و
گەرووم پچڕاوە
نامە بچووکەکان قایلم ناکەن
بێستانەکانیش پێیان ناخۆشە بە ناویاندا بسووڕێمەوە
دەنگم ئارەوی دەئاخڤێت

بەڵام لێرەدا چوون قەڵەڕەشکەیەکی مەست دەردەکەوێت
ڕۆژێکی سپی بۆ ئەم وڵاتەو
شەوێکی نووتەك بۆ ئەو وڵاتەی لە ناخمدایە
دەبێت دلێرانە خۆم مەست بکەم
دەبێت دلێرانەیش لەسەر ئەم بزمارە ڕاوەستم
کە لە ژێر پێم ڕواوە.

# 28ی حوزەیران : چی دی لەگەڵم نییە

گۆرانیی ئەو ئافرەتانەی ناسیومن
دەهاتنە لام و بەهێزتریان دەکردم.
چەپکە ئاگرو ئەستێرە
سەبەتە چێژو خۆشی
بەڵام ڕۆژگارێکە لێم دابڕاون و
چوون خنکاوێکم لێ بەسەر هاتووە ئاو لە هەموو لایەکەوە چوار دەوری داوم
پەرداخێك بادەی سوورم لە بەردەمدایە
لەگەڵ لافاوێك بیرەوەری بێ دەنگ.
چی دی چەوگانەکەی ڕامبۆم پێ نییە
لە شەوێکی باوبۆراندا بزرم کرد
چی دی وێنەکانی (ئیسرافیل)م پێ نییە
چی دی بەرەبەیانی (دلمۆن)یش
خەزائیل لە تەمومژەکانی ڕۆژگارمدا بزربوو
وێنەی (ئەناهیت)یش بڕوسکا
نەخشەکانی ئەتڵەسی ڕۆژهەڵاتیشم بزربوون
من، ئەمڕۆ، بارمتەی کوڕەکەمم
لەگەڵ ئەودا ڕفاندیانم
جگە تاریکی چی دی نابینم
بیرەکان هەڵدەکەنم و ئاوم دەست ناکەوێت
بە ئاسۆکاندا دەفڕم و داڵدەیەك نادۆزمەوە

زۆر دەنووسم و پاشان دەڵێم بۆچی دەنووسم؟
زۆر دەخوێنمەوەو پاشان دەڵێم بۆچی دەخوێنمەوە؟
بەرەو وڵاتە دوورەکان هەڵدێم و هیچ سوودێك نابینم
نوێژ دەکەم تا شێتایەتی لەخۆم دوور بخەمەوە
مەرگ لە نزیك دەرگە خۆی بۆ مەڵاس داوم
لەژێر قەرەوێڵەکەم جۆگەیەك لەنێوان من و ئەودایە.

# 29ی حوزەیران : درۆتتن

له درۆتتن
بەغدا چوون گالیسکەیەکی شەق و شڕ لەگەڵ خۆم ڕادەکێشم
لەسەر شۆستەکانی درۆتتن لەسێبەرە زەردەکەی خۆم دەنۆڕم
کەلاوەکانی خۆم لەناو گالیسکەکەی بەغدادا دەبینم
تەمەنی خۆم بە ڕۆیشتن بەناو مینەکاندا بزرکرد
ئەوەیشی ماوەتەوە لێرە لەبەر باراندا دەتوێتەوە
پەرداغگەلی بەتاڵم بە دەستەوە بوون و گۆرانیگەلی پڕم بە زارەوە بوون
وای لێهات پەرداغگەلی پڕم بە زارەوە بن و گۆرانیگەلی بەتاڵ بە دەستمەوە بن
بە گالیسکەکەم کێبەرکێ لەگەڵ کیژۆڵەکاندا دەکەم
ئەوانیش لێم دووردەکەونەوە
ئافرەتگەلی هۆڵەندی سوار دەکەم
خێرا دادەبەزن
گالیسکەکەم ناتوانێت لەناو ڕووبارەکاندا جانتاو شت و مەك هەڵبگرێت
ناتوانێت لەگەڵ کەشتییە هۆڵەندییەکاندا بڕوات
بەو هۆیەوە چەندان چارۆکە بزربوون
وشەگەل و گۆرانیگەل بزربوون
لەوێ گالیسکەکەم تێکشکا
لێرەیش بەناچاری سواری بووم.

# 30ی حوزەیران : بەهەشتێکی بزرکراو

بوێر بەو بڵێ بەغدا لە ناختدا نێژراوە

بوێر بەو بڵێ چوون کەشتییەکی کون لە ئاوە دوورەکانتدا نغرۆ بوو

چی دی جێگەت لەسەر ڕووی زەوی نەماوە

تەنیا ئەو کەشتییە کونە نغرۆ بووە نەبێت

لەژوورەکانییەوە گۆرانییەکانی ڕابوردوو و

ئاخ و ئۆفی مردووەکانت بەر گوێ دەکەوێت و

بەسەر ئاوەوە شەقامە چۆڵە پڕ دووکەڵەکانی دەبینیت

داڵە کەوتووەکانی سەر شۆستەکانی دەبینیت

ئافرەتە سیس داگەڕاوەکانی چوون داوو دەزو دەبینیت

بوێر بەو بڵێ وێ جێی هێشتیت و

تۆیش چی دیکە چارۆکە تەڕبووەکانی نابینیت

چی دی مەیخانەکانی شەوانەی نابینیت

سەرخۆشەکانی بزربوون

قاوەخانەکانی وێران بوون

بریسکەی نەما

بوێر بەو بڵێ تۆ بەجێت هێشت و ڕۆیشتیت

چوون سەربڕوایێك لە چۆڵەوانی بەجێت هێشت لنگەفرتە بکات

کەسوکارت بەجێ هێشت تێیدا دەگرین

لە جیهانی ژێرەوەی کوڕەکەت بە دەست بەستراوی بەجێ هێشت

گەنجینەکانی شیعری خۆتت تێدا بەجێ هێشت ڕەشەبا یارییان پێ دەکات.

# هەرکە باڵندەیەک تێپەڕێت

## تەمووز

# 1ی تەمووز : بەیداخەکانی شاری سەورە

چۆن پیاڵە چایەکە بێ کەوچك تێك بدەم؟
پێیان گوتم: بە پەنجەت!
تێکم دا...
پاشان بە پەنجەم ئاماژەم بەو ڕیزە خانووە
بۆرانە دا.
گوێم لە فیکەی مار بوو لە سەردەمەکانی تاریکییەوە دزەی بۆ دەکردن
گوێم لە قەلەڕەشەکەیەك بوو واوەیلای دەکرد...گوێم لە پاسارییەکان بوو باڵیان بڕابوو
لێرە ئاواتم بزربوو!
تەموزی لاویەتیم سەرگەردان بوو! (ئەگەر کەمێك لە شوێنی بەرەبەیان دوور بکەومەوە!).
لێرەدا بۆنەکانی دەمەو ئێوارە تام و چێژیان چنیم
خۆم لە پشکۆی ڕەش هەڵکێشاو چوومە ناو سەردەمگەلی خۆشاردنەوەوە
جووڵەی لق و پۆپەکانی دوای ڕۆیشتنم دەکەوێت (پێپلکەی لیلیت و ئافرەتە کاهینەکانیم لەبەردەم دەرگەکان بینی).
هاوارم کرد ئەدی چۆن خەونەکانم بنووسمەوە (هیچم پێ نەبوو، هەتا ئەمڕۆیش، تەنیا پێنووسی ڕەساس نەبێت).
ئافرەتە جوانی فرۆشەکانم بینی (لۆدەری سەرکردە)یان هەڵگرتبوو
زەنگیانە بەقەد باڵاپۆشە ڕەشەکانەوە چوون ورشەی زێڕو خۆڵ زاوزێی دەکرد
مۆمم فڕێ دەدایە ژێر پێیان و تا ئێستەیش تێرم لە جوانیی دڵڕفێنان نەخواردووە
کە باڵندە سەردەبڕێت، شێتایەتیی دەگمەنم دەبینی سەردەکەوتە سەر درەختەکەم
ڕێم لێ نەگرت تا ڕێگەی بدەم ئەقڵ و جەستەم داگیربکات

لەوێ لە کەرتی (61) بووم بە شاعیر
لەوێ هەمیشەیی لە ناخمدا بوو بە کۆد
هێشتە بوومەلەرزەکەی لەناو درزەکانی دیوارەکەمدایە (دووکەڵ لە زەوییەوە بڵند دەبووەوەو نووسینی فێردەکردم).
هێشتە گیانلەبەرە لە کون هەڵاتووەکانی لە ناخمدا هەڕا دەکەن
چەند خورما؟ چەند هەنگوین لەم سلاّوانەدان؟
چەند گوڵ دەبارن پاشان دەمرن پاشان دەڕوێن و دەبنە شیعر
ئەی جوانییە تۆقێنەرەکە
ڕووتەکان بە لاماندا تێپەڕین پارچە کووتاڵی پرسەی ڕەشیان دەچنی و
لە بەردەم هەموو ماڵێکیاندا دادەنا
خودایە. ئەی جوانی تۆقێنەر چۆن بەم شێوەت بردم و ئەسپەکانت بەرەو خوار کردمەوە
چی دی پیپلکەی ماڵەوە بەش ناکات
گوڵی ترس لەناو تاوەرەکانی ئەستێرەکاندا نییە
ڕۆژگارێك تێپەڕی وەك گوڵ بەسەر خۆڵەمێشەوە
دوکانەکەی باوکمم تالاّن کرد، شوێن ژانەکانی ئافرەتە فریودەرەکان
پۆستەکەی خۆمم بۆ ناردن
جەستەکانیان هاتنە پێشەوە، گەرم و گوڕ و بە بۆنەکانی زەمین خۆیان پێچابووەوە
قەوارەیان داگیرکردم و موورووەکانیان تەفرو توونا کردم.
ئەی ڕووبارە نهێنییەکانی نێوان ماڵەکان تێیاندا دەنووین و دەردەچین
ئەی تاریکاییە چڕە بەسۆزەکە
شەوانە چەند تێتاندا مەلەمان کردو چەند ماسییەکان بۆ گۆماوەکانیان بردین.
لە سووڕانەوەی (55) تا گەڕەکی کوردان تا کەرتی (61) بەپێ دەڕۆم و هەزار جار دۆزەخ دەبینم و
بەهەشت دەرناکەوێت تەنیا جارێك نەبێت پاشان لەناو بیرەکانمدا بزر دەبێت

شاری ڕووخۆش وەك دانیشتوانیەتی
هەموو ڕۆژێك مێژووی پڕ لە جوانی و وردە ئاسنی خۆی بۆیە دەکات
ئەو شارەی بەسەر دەریایەك زێڕەوەیە بەژنی دانیشتووانی لە برساندا وشك دەبێتەوە
کۆپری (کرێکاران) ڕاناوەستێت، وەستاکان تاوەرەکانی کۆستەکانی دادێیان نۆژەن دەکردەوە
باوك و باپیرانمان ئەندازیارە دێرینەکانی ژیان
ڕۆژێکی بەرینیان لە پشتەوەمان بەجێ هێشت بە یاری و کتێبەکانمان بەفیڕۆمان دا
زۆرتر لەوەی پێویست بکات ڕووخۆشن
گۆرانیی (ئەبووزییە) دەچڕن و
توندو شەڕەنگێزانەیش، نەوەی برێکی و خۆشی و مارکسی و بەعسی و سەدری و بەدری و دەعەوەیی و
زولف درێژو پانتۆڵ شارلستۆنیان لێ دەکەوێتەوە
بەم شێوەیە، لە ڕووباری لیتەدا پێش دەکەون، تا گوڵی خوێناوی جوانی
لە کۆتایی ئاودا لێ بکەنەوە
نە ڕووبارەکە کۆتایی دێت
نە گوڵەکەیش ڕوون دەبیتەوە.
کاتێك گۆرانییەکانی (عەبادی) لە دەریاچەکانی خوارەوە بڵنددەبوونەوە
تا لە زەماوەندەکانی کەرتەکاندا لێوان لێو لێی دەڕژێت
باڵندەکانمان دەبینی شەوان دەفڕین
بەڵام من هاوارم کرد: ئەمانە خواوەندە کۆنەکانن!
کەس بڕوای پێ نەکردم.
گوتیان: مەرگەکەیان چوون زنجەکانیان زەردە
وێنەو ماست و گسك و یاری باغە دەفرۆشن.
باوکم ڕیشۆڵەی دەگرت و بە خوانی دەوڵەمەندەکانی دەفرۆشت
هەرزەکان لە بەهەشتی (سەورە) بە گیتارە ئاوییەکان و

دەهۆڵە تەختەدارینە دەم بچووکەکانیانەوە،
لە هەر کوێ گۆرانی بڵێن و چۆن و بۆچی ... کەچی دەنگی مەسعوود عیمارەتلی
هەر دەنگی ئەوان دەشارێتەوەو چوون زڕەی لیرە دەیبیسیت
هیچیان لەگەڵ نەبوو تەنیا بەهەشت نەبێت
هەرچی دۆزەخە ئەوە بە کەسانی دیکەیان داوە تا تۆپەڵە ئاگری لێوە فڕێ بدەن و
تا جەستەی ڕۆڵە و ئافرەتەکانیان بتەقێننەوە
فەتواکان زۆر درێژن (بلۆگەکانی ئیبلیس) ماڵ بە ماڵیان دەگەڕان و بە ددانیان ڕاویان دەکردن
لە جامە سپییەکە خەڵك بەربوونەوە
بوو بە جامێکی کون پاشان بەرەو ئاسمان فڕی.
چۆن مارەکان بۆ بەهەشتەکەیان گەڕانەوە؟
(سەورە) لە پایتەخت چووە دەرەوە بە زنجە شینگێڕو بە پاشماوەی بێڵ و خاکەنازو بەلەمەکانیانەوە
کە باوك و باپیرانمان لای شەقامەکانی قوڕو کەرپووچەکان ڕایانگرتبوون
ئەمە ئێسکی لەدەست چووە بە ئاسمانی شاردا دەفڕێت و ئەمانەیش بەیداخەکانی هۆزەکانن
ئەم لقانە لەناو ئاوە نهێنییەکاندا دەچەمێنەوە
ڕیزی فریودەریان واز لە سەرنجڕاکێشان ناهێنن
لەبەردەم (لۆدەری سەرکردە)دا ڕاوەستام کە دایکم کڕیویەتی و
قاپەکانی ناو سینییەکەم هەڵگرتەوەو ژماردمن، چەند چرکەیەکم لە پێش بوو
تا لە تەقینەوەی بۆمبڕێژکراوەکانی یەکی تەمووز ڕزگار ببم بەڵام ...
چۆن پیاڵە چای بەبێ پەنجە تێك بدەم؟

## 2ی تەمووز : هاوڕێیان پیر مەبن

هاوڕێکانم کە لە ئێراق بە تەنیا بەجێم هێشتوون
تەنیا لە شیعر نەبێت کە بەبێ باوك و دایك دەڕوات
بە دڵێکی بریندارەوە غەمی لێ دادەچۆڕێت
هاوڕێیانم ... ئاگەدار بن پیر مەبن
تا دەگەڕێمەوە ڕوحتان بە جلی ئەستێرەکانەوە ببەستنەوە
تا دەگەڕێمەوە شوێنەکە بەجێ مەهێڵن تا نەکەوێتە خوارەوە
تا دەگەڕێمەوە زەوی بچنن و
بە شیعر بۆ دیوارەکان ددانی پێدا بنێن
بۆ خۆشەویستی ببن بە پۆستەچی
بەو جوانییە بن کە خەریك بوو بسڕێتەوە
بە ڕۆژی بەرین بن.
تا دەگەڕێمەوە هەموو ئەو شتانە بنووسن کە ئارەزوویان دەکەن
لەسەر کاغەز، یان لەسەر نینۆك
یان لە لاپەڕەیەکی با.
هاوڕێیان ڕووباری بەغدا بە شیعر مەست بکەن
قسەی سەرسوڕهێنەر بکەن
بادەکەی خۆتانی تێ بڕێژن تا وشك نەبێتەوە
ئاگەدار بن ژیان لە پەل و پۆتاندا سیس دانەگەڕێت و
لە ئێراقێکی سەربڕاودا توند دەست لەسەر برینەکانتان دانێن.

# 3ی تەمووز : گەشتێکی گوماناوی

ئەی کەند بمگێڕەوە
لەناو ئەم لیتانەدا نەچەقم
بمگێڕەوە ...بە مرواری ناگەم
گوڵی نەمری ناپچڕم
چونکە دەریا سەیرە
ئەی کەند بمگێڕەوە... ڕێگەکەی پڕ کون بووە
منیش نە بەرگدرووم
نە مەترسی پینە دەکەم
من شیعر ئێژم و گۆرانی دەچڕم و دەمرم
بگێڕەوە... ئەسپەکانم نزیکن و
لەسەر تەپۆڵکەیەك ڕادەوەستم و لێوەی دەڕوانم ... گوێ ڕادێرە
ئەم گەشتە گوماناوییە (ئەم ماستە موویەکی تێدایە).

# 4ی تەمووز : لەناو مەترسییەکاندا لەتر دەبم

لەناو مەترسییەکاندا لەتر دەبەم
بەڵام دەتوانم پانتۆڵەکەم
لە ئاوە سیانەکەی بلّند بکەمەوە

***

چاپۆکانە ئاسۆت لە هەڵەکان شوشتمەوە
بەڵام هەردوو دەستت نە شوشتم.

***

پەرستگەکان پەیامبەرانی دلّڕەقیان بۆ هێناین
کۆشکەکان سەرکردەی شەڕەنگێزیان بۆ هێناین
فێرگەکان دانایانی ڕوودرژیان بۆ هێناین
تەنیا شیعر ئۆکسجینی پاکی بۆ هێناین.

***

ئەی نیشتمانم لە ڕەزامەندیت ڕانەهاتووم
ڕاهاتووم لیێت بترسم

***

لەم جۆرە تاریکییەدا
مادامەکی هەموو شتێکم لە دەست دا
بیٚ گومان هەموو شتێکیشم قازانج کرد.

# 5ی تەمووز : جوانیی لەکەدار

هەموو شتێك لەوێ پشوویان دا
بەڵام پیر بوون، یان ڕەشەبا پارچە پارچەی کردن
خۆڵەمێشی ڕۆژگار لەوێیە
لمی جەنگەکانیش لەوێیە
جلە شڕو هوڕو هەواو ئاوی شینگێڕانیش لەوێن
ئەو شتە لەوێیە کە لەپڕ، یان لە شێتایەتیدا بەجێمان هێشت
قاوەخانەکان لەوێن کە پەنا بەر تاڵی دەبەن
ئەو کەسانە لەوێن کە جوانی لەسەر بەرد دەنووسن
جوانی لەوێیە کە هەناسەکانی تیرەکان پارچە پارچەی دەکەن
جوانی لەوێیە کە بە مردن لەکەدار دەبێت
یان بە ئوقرە نواندن خۆی دەشارێتەوە
جوانی لەوێیە، بە دزییەوە، لاوان دەیڕازێننەوە،
لەناو پرسیارێك
لەناو نوکتەیەك
لەناو دێڕە شیعرێك
لەناو ئاوڕێك، یان چارۆکەیەك.

## 6ی تەمووز : ئاسۆ تەسك بووەوە

ئاسۆ تەسك بووەوە
ئەوانەی دروستیان کردووە کۆتێکیان پەیدا کرد
ئێمەیش تەسك بووینەوە.
ڕووبارەکە تەسك بووەوە
پاپۆڕە کون بووەکە...
ڕووناکی تەسك بووەوە
ماڵ تەسك بووەوە
جێگەکەمان تەسك بووەوە
مردنیش تا دێت بەرینتر دەبێت و لێوەی دەڕژێت و
ئێمە هەڵدەبژێرێت...
ئاسۆیەك بۆ مردنێك بزر نابێت
ئاسۆیەك بۆ ڕوحگەلێکی پارچە پارچە کراو
لمێکی ڕەشیش لەناو ڕێگەکاندا بەرزبووەتەوە.

## 7ی تەمووز: لەسێدارەدانی تفەنگی (مارتین)

*بۆ جووتیار (سالم لعێبی خەلیل (ئەبو داوود) خاوەندی تفەنگی (مارتین) کە بە فڕۆکەکانیان بڵندیان کردەوە کاتێك لای زەلکاوەکانی عمارە گامێشی دەلەوەڕاند، پاشان لەناو قۆرتێکدا لەگەڵ سەدان لاودا تەقاندنیانەوەو لەناو گۆڕێکی بە کۆمەڵدا ناشتنیان).*

**چوون یەکێك بە درزەکانی ئاو بدروێتەوە**
**چوون یەکێك بە ئەفسانەگەل مانگ بکێڵێت**
**چوون یەکێك بە ئەسپێکی بریندار بە وڵاتدا بپەڕێتەوە**
**ببە بە سالم لعێبی**
**کە تفەنێکی (مارتین)ی پێیە**
**دڵی بە چاوەزاران داپۆشیوە**
**کە لەنێوان هەردوو شانیدا خەوەنووتکە دەیبانتەوەو بە باڵندەکانەوە سەرگەردانە**
**کە لە کەناری ڕووبارەکەی خۆی شەبووت دەبرژێنێت**
**کە هەزاران ساڵە گۆرانیگەلی (ئەبووزییە) دەچڕێت**
**ئەم ساڵانە بەبۆنی بەرەبەیانان لە خوێنەکەیەوە دەڕژێت**
**سەرم لەسەر شانی دادەنێم و**
**پێی دەڵێم: مام سالم گۆرانی بڵێ.**
**ئەبو داوود گامێش و تفەنگەکەی لە مەرگ دەپاراست**
**بۆ ماڵە قامیشینەکەی دەگەڕایەوە کاتێك بردیان**
**لە زنج و لە مانگاو لە مریشکەکانیان دابڕی**
**لە (سبوس)ـەکەیان دابڕی کە تفەنگەکەی تێدا شاردبووەوە**
**لەو گۆرانییانەیان دابڕی کە وێنەی بەسەر گۆنای زەلکاوەکانەوە دەکێشان**

لە تفەنگە (مارتین)ـەکەیان دابڕی کە شاردبوویەوە تا خەڵك نەیبینن

***

خاڵی لەسەر ڕووی ئاو نەخشاندو بەسەریدا ڕۆیشت

چەپکە دڕکی لەسەر تفەنگەکەی دانا

باڵندەکان دەگریان و لە دەستی دەکەوتنە خوارەوە

داڵەکانیش گەنجینەکانیان بێ دەنگ دەکرد

بەلەمەکان ڕایانکرد بۆ لای کاتێك هاواری کرد: کوڕینە دەی.

لە گۆرانییەکانیان دابڕی

لە هێلانەی دڵیان دابڕی

لە هەنگاوەکانیدا لەناودەچوو

هەتاوی لەگەڵ خۆی دەڕفاند، بەڵام دەستی بە ئاوەکانەوە توند گیرکرد

***

بەردگەلێك لە ڕۆژئاوابووندا پەرت دەبنەوە

چوون ئەو بەرازانەی ڕاوی دەنان

چوون (عەبدول شەت) کە گڕودەوری گامێشەکەیەتی

چوون ئەو کیسە تووتنەی لێی بەربووەوە.

جووتیارێکی سۆمەرییان لە قوڕ دابڕی کە گەواهیدەری شەونم بوو

گەواهیدەری جوانی بوو

لەبەر ئەوەی هەر پەیکەرەکانی دەپاراست

لەبەر ئەوەی هەر تفەنگە (مارتین)ـەکەی دەپاراست

چونکە بە پیرۆزی دەزانی و

ڕووی لوولەکەی لە مرۆڤ نەکردبوو.

# 8ی تەمووز : هەرکە باڵندەیەك تێپەڕێت

*بۆ عەلیی کوڕم لە یادی دوازدەمین ساڵەی لەدایکبوونیدا*

**هەرکە باڵندەیەك تێپەڕێت**
**گوتم بەرەبەیانێکی نوێ دەبارێت**
**هەرکە باڵەکان بە یەکدا بدرێن**
**گوتم ئەو پۆستە شاراوەی لە زەقووراتەکانەوە دێن**
**لە بەردەممدا بەرین دەبێتەوە**
**کاتێك بە دەم و چاوی خەنەییەوە بەرانبەرم دەرکەوت**
**چی دیکە کەشتیگەلی وەرگەڕاو لە ناخمدا نین.**
**کاتێك کەوی کردنی گوڵ لە پەڕینەوەی شارە سەیرەکان دژوارتر بوو**
**بە بەهەشتەکانییەوە بەلامدا تێپەڕی**
**تیشك خۆی بە هەنگاوەکانییەوە هەڵواسی و کەنارەکان چارۆکە بارانیان کرد**
**پاشان گەردانەکانی بەسەر کاشیی ئاوێنەکاندا بڕانەوە**
**گوڵ و پشیلەو تابلێتەکانمان گرد کردەوە.**
**کەمتیارەکان قسەیان کرد**
**لق و پۆپەکان لە نزیك شەمەندەفەرەکان بۆ بازدانەکانی میوزیکیان ژەند**
**سۆزی هەردوو چاوی لە هەر هەموو بەهار جوانتر بوو**
**بەژنی بریسکەداری هەوای دەکردەوە**
**ئەو دڵە جوانەی لەناکاو لەنێوانماندا دەرکەوت**
**ئەو لق و پۆپە زۆرە**
**لاکان هەڵکردنی بایان لەگەڵ بەش کرد**
**دابەزی، چوون یەکێك قامکەکانی بە ئاسمان سپاردبێت،**

لەگەڵ نەوەکانی جەژنەکاندا و لەژێر ڕووی ئاوەکاندا شوێن بزربوو
بۆ ئەوەی زەوی بۆنی جوانیی نەکات
بۆ ئەوەی زۆرتر لە سرووده‌کەیدا پێش نەکەوێت
بۆ ئەوەی نگینەکان بە ڕێکەوت ڕووبەڕووی نەبنەوە.
زوو دەستی لەسەر شانم دانا
زوو چەپکە شەونمی پێشکەش کردم
زوو بە تۆفانمدا تێپەڕی و
جلەکانی دوری و
بە دووچاوی گەورەو
دارێکی باریکەوە
کەشتییە تەنیاکەی لە کوانووەکانمدا پاڵ نا.

# 9ی تەمووز: تەلەعفەر

**هێشتە ڕۆژژمێری تەلەعفەر بە دیوارەکەمەوەیە**
**لە چوونە ناو سندووقەکەوە**
**ڕیزی مۆمەکان دەگەشێنەوە**
**ئاوی گوڵ بە خانەکاندا دەڕوات**
**کاتێك (قەنە یاز) دێت**
**تورکمانەکان هەڵدەستن و دەچن بۆ کانییەکان ئاوە سازگارەکان کۆدەکەنەوەو**
**جامەکان پڕ دەکەن و دەخۆنەوە.**

*******

**ئەمە هاوینی تۆیە لەناو جۆگەکاندا پارچە پارچە کراوە**
**ئەی ئەو ئاسکەی لەنێوان شنگال و مووسڵدا ڕاکشاویت**
**بە سۆزو گەرم و گوڕی گوڵەکەی**
**زیندووە**
**تەپۆڵکەکان باسی مێژووەکەیان کرد**
**بەڵام تەلەعفەر هەر بێ دەنگ و غەمگین بوو**
**چەندان تیر لە زەوییان گەوزاند؟**
**چەندان لەڕێ لادەر؟**

*******

**پاییز ئاه و ناڵەی بوو**
**گۆڕی لە شەونمدا سیس بوو**
**مەسینەکەی لە چۆڵەوانی شکابوو**
**بەیداخەکانی شەکانەوە کاتێك ئەسپەکان شکاندنیان**

تەپۆڵکە بە فرمێسك کارەساتەکانی خۆی نووسییەوە
کاتێك ئێسکەکانی کەسوکاری لەژێر خۆڵدا بزووتن
جەنگەکان بەردیان تێگرت و
گوڵ بوو بە تەختەدار.

***

بە دارەکەی خۆی مەتەڵەکانی هەڵهێنا
چوون مەڕی بە مەودا ئەشکەنجە دراو
چوون سەبەتە پشکۆ بەسەر ئاوەوە
تۆزو گەردی سوور پەیکەرەکانی داپۆشی و
(تلاسار) لەنێوان حۆران و ئاشوور ڕیزی بەست
چوون تروسکەیەك ڕووناکی شارەکان دەدروێتەوە
ئەمە درەختێکە بریسکەی ئاگری لێوە دێت
(قەرەقۆش) چوون ڕەشێنەی چاوە
لەو دوورایییە
درەختێکی سیس لەناو دڵاندا
هەرەسی دەهێنا

***

هەموو ڕۆژێك سەرگوزەشتەی سەرووی (ئەهلوون) دەنووسم
گوڵەکەم دەبزوێت
کەرێم دەبزوێت
(ساڵنامە)یش بە ناوگەل و گوڵ بڵند دەبێتەوە
ناوت (قەڵای مەروان)ـە
ڕۆژێك سروەت بەلادا تێپەڕی و ئاوەکانی تێدا هەڵساندیت
بەهارت بەلادا تێپەڕی

**خزر ئەلیاس تێپەڕی و**

**یەکەمین پشکۆ بەسەر داردا بەربووەوە**

**ئەمە (ئاق سۆیات)ی غەمگینە**

**ئەمەیش ڕۆژژمێرەکەتە سەر ڕووی ئاوی کانییەکە کەوتووە.**

# 10ی تەمووز : شیعرمان ترسە

خودایە...

ئەمە چ گڕکانێکی خوێنە لەژێر منداڵیماندا

چ فرمێسکێکی سوێرە لەژێر چاوی شاعیراندا

چ لمێکە لەژێر ئەو ئێوارانەدا شاردوونتەوە

شیعرمان ترس و نهێنیگەل و

شەپۆلی هیماگەلە مێژوو هەڵدەکۆڵێت

تا ئەڵمازێك، یان خۆڵێك بگرێت

چۆن ئاوێنەکانی ترست داڕشتووین...؟

چۆن ئەو بارگرانییەت بە هوزار بەخشیوە کە بەرگەی ناگرێت؟

ئەی بۆچی ئێمە لەم وڵاتەین؟

بەناو خەیاڵپڵاوی و خۆڵەمێشدا هەنگاو دەهاوین

ئەی بۆچی مەرگ بەناوماندا تەڕاتێنی دەکات؟

ئەی بۆچی ڕەش دەپۆشین؟

# 11ی تەمووز: چی دیکە جێگە نییە، بووەتە گۆڕ

*بۆ ڕۆژی لەدایکبوونم*

**ئەو جێگەی لەسەری دەنووم**
**چی دیکە شوێنی ئەستێرەکان و گوڵی تۆکردن نییە**
**چی دی بۆ ئاسمان والاّ نییە، هەروەها چی دی بۆ ئاسۆیش والاّ نییە**
**چی دی چێژی بێستانەکان نییە**
**چی دی گوێدرێژی خەونەکانم نییە**
**شەپۆلەکانم مانگێکیان نەگرتووەو گوێچکە ماسییەکانم کەنارێکیان نەشێلاوە،**
**کەشتییەکانم ئەستێرەگەلیان نەگرتووەتەوە... گوڵیش بەسەرمەوە کەڵەکەی نەکردووە**
**ڕۆژێکیان، بوخچەی ئاسمان لە جێگەکەمدا گرێ دەدرا.**
**کاتێك دابەزیمە زەوی**
**ڕۆژ بە درکاندنەکەم شاد بوو.**
**کاتێك گیانلەبەرەکانی خۆم بینی نووستوون**
**شوانەکان هەموویان دزین و**
**مێوەکانم درزیان برد**
**تاڵەگرەکان لەناو مانگی کەلدا تێکشکان**
**بوون بە ئاومالکی سەر ئاوی ئاگر**
**شەپۆلی گڕ تالاّنیان دەکات و**
**تۆپەڵە ئاگرەکان ڕاپاندەماڵن**
**چی دیکە جێگەکە جێ دابەزینی فریشتەکان نییە**
**بووەتە هێلانەیەکی گەورەی دێوەکان**

چی دیکە جێگەکە باڵ نییە
بووەتە چڕنووك و دەمگرێت
گەردو تۆز پڕ چاوم بووە
ڕوحەکانی مەرگ دەکۆشن زەفەرم پێ ببەن
چی دیکە جێگە نییە
بووەتە حوشترێکی سەرگەردانی بیابان
بووەتە کەشتییەکی ناو دۆزەخ
سەوڵەکانم کورتن و دڕکیان لێ دەڕوێت و
ئەو ئاوەی کەشتی تێدا دەڕانم بازووم تەڕ دەکات
ئەو ئاوەی کە ئاوی مەرگە، پێستم دەگروێت
خەونەکانم هێورانە نین
بوونەتە ململانێیەکی بەرین لەگەڵ تارماییەکاندا
چی دیکە مۆتەکە نین، چوون مەنجەڵیان لێ هاتووە
لەگەڵ بەرددا دەمکوڵێنن
وڵاتەکەم کە لە خەوندا کۆچی بۆ دەکەم چی دیکە زەوی و خاك نییە
بووەتە پلێتگەلی مسی سووری گڕگرتوو
چی دیکە کوڕەکەم سروە نییە
بووەتە گەردەلولێکی شێتایەتی
کە هێرشم بۆ دەهێنێت
چی دیکە جێگەکەم جێگە نییە
بووەتە گۆڕێکی واڵا بەرەو دۆزەخ.

# 12ی تەمووز : بەردێک سەردوێلکەکان بەجێیان هێشتووە

کەمانجەکەم چوون بۆنی شەوانەیە
چی دی نایبینم... چی دی نامبینێت
چۆن بە دەستی خۆم پشکۆکانم کەوی کردوون
چۆن لەناو خۆڵەمێشدا بیری چوومەوە
ڕێیان مەدەن لەکانیان لە ئاگری کوانووەکاندا پەرت بکەنەوە
ڕێیان بدەن لە سەر حەوزەکانی هەور گردببنەوە
چوون نیشانەگەلی لەرزیو لە ڕێگەی گوڵدا
لق و پۆپەکانمان شمشاڵگەلێکن لە چۆڵەوانی ماونەتەوە.
فریشتەکانمان بێ ڕاوەستان بە زمانگەلی کۆن پرتەو بۆڵەیانە.
هێشتە گۆزەکانمان هەنگوینیان لێ دەڕژێت و
چوون درەختگەلی پرشنگدار چرۆدەکەن
لە ڕۆژی ڕۆژنامە پیرۆزەکاندا چاومان کردەوە
دەبێت مێوەکان تێکەڵاوی گۆرانی و نەبەردییەکانی خۆیانمان بکەن
دەبێت لەژێر فرەفڕی باڵەکانی نێرە دارخورمادا ڕووت ببینەوە
لەژێر بوخچەی لوبناندا چەندان داوی پشکۆ هەن
ئاسمان بە زەوییەوە دەبەستنەوە
بەڵام تاک و تەنیا گۆرانی چڕی و نووست
گۆزە قوڕینەکان کە مێژووەکەی ئەویان نووسییەوە تێکشکان
تاوەرەکانی لە هەڵنوتەکانی مەودادا داڕووخان.

***

ئامێزی باشووریان هەلا هەلاکرد
کە سەردوێلکەکان بەجێیان هێشتبوو
دەستیان بەر بیری ژان کەوت
چۆن ماڵەکان ڕەنگیان لە دەست دا؟
چۆن کۆچەران لە دەمەو ئێوارەیەکدا دابەزین کە لە پەرجووەکان دەپاڕایەوە؟
لەبەردەم بادا مۆمەکانیان بێ دەنگ بوون و
بێ سوود بانگی هەنگاوە برینداره‌کانیان کرد
فرمێسکێکی زۆر سەری تێ کردووم
ڕەشەبا ڕووبارەکەی ورووژاندوون
بەڵام تاریکایی بەسەر درەختەکانەوە چڕە
بەسەر کانییەکانەوە چڕە
هەردوو دەستم ئاوڕی ئەم لاو ئەو لا دەدەنەوە
چی بکەم؟
بەردەوام هیچ
چوون لمی ڕۆژ و
چوون بایەك بەرەو بزرگەیەك دوورمان بخاتەوە
وێڕای ئەوەی ڕۆژگار چڕەو چوون مار
بەقەد کێلی گۆڕەکاندا دەجووڵێتەوە کە پارچە ئاسنەکان هەڵیانکەندن
ناوێکی زۆریان لەسەر نووسراوە
ناوگەلێك پیتەکانیان شکان و
ڕۆژەکانیان بزربوون و
بوون بە خۆڵەمێش.

# 13ی تەمموز: ڕەیحانە دەگریت

بۆنی ڕەیحانەی ناو لەپت لە خەوی کردم
دەزوویەکی ڕۆژگارت پیّ گێڕایەوە
تۆ بڵێیت شێت بووبین؟
ئایە گۆرانیمان دەچڕی؟
گوڵی ڕوح لە کوێیە؟
ئاگر لە کوێیە؟
هاوڕێیان لە کوێن؟
چەندان ڕێگەی بە ترس چێنراون لێکیان کردین
ئایە ئەمە گرەوی شیعرە؟
ئایە گۆرانیمان دەچڕی؟
چی دی نە بارڕو نە قاوەخانەمان هەیە
چی دی ئەو برووسکانە
لە هەنگاوەکانماندا پیاسە ناکەن
هەموو ئەوەی ئەمڕۆ هەمانە
قسەی ناو ئەفسانەکان و
شیعرێکە دەترسێت بئاخڤێت
لەگەڵ ڕەیحانەیەك، لەناو لەپی تۆ، یان لەپی من، دەگریت.

# 14ی تەمووز : خوێنی شایانە

سەیوانێکم نەبوو ڕێ نەدات ئەستێرە سوورەکان لە ئاسمانێك بکەونە خوارەوە
هەڵەهەڵەو دروشمەکان دابڕزاندبێت
گۆڕستانی مردووەکان بەرینتر دەبووەوەو بەرەو کۆشکی (زهوور) (*) دەکشا
ئەی ئەفسەری شۆڕشگێڕ بۆچی ئەندامانی خێزانی شات کوشت؟
بۆچی کردتن بە لق و پۆپی وشك و زڕ؟
چییان پێت کردبوو؟
گاکە لە شەقامەکانی بەغدا دەیقۆڕاندو دەیچەراند
خەڵکیش بە دوایدا ڕایاندەکرد تا بەر قۆچیان بدات.
لە هەردوو چاوم ورد مەنۆڕە
پڕ لە فرمێسکن
کوا تەمووز کە بەڵێنیان پێ داین لە خەو بێدار بووەتەوە؟
کوا گاکەی و دەست بەسەرداهێنان و کێڵگە جوانەکانی لەکوێن؟
گوللە لەژێر خاکدا ناشتوویەتی
ئایە ئێستە کاتی شاردنەوەی تۆوەکانە؟
بەڵێ؟
بۆ ساڵانێکی دووروردرێژ بەهارە ڕەشەکەی وڵات دەتەنێتەوە
ئایە نەوەکەی سەوزایی و شەونم بوو؟

دارکەرە ترساوەکان لە باخچەکە
دروشمی ئەکەدییانەی هەتاو
بە قەد کێڵەکەیانەوە دەکەن

هەتاو هێمای بیابان بوو
دارخورمایش هێمای تەمووز بوو
هەتاویان خستە سەر دارخورماوە بەربووە خوارەوە
هەتاویان لەسەرمان دانا و
دارخورمایان برك دایە ناو ڕووبارەکانەوە
هەتاو سەری کزر کردینەوە
ئاوی تێدا کولاَ
تا چاوەکان گۆڕان و بووین بە بۆیلەری تووڕە
جۆش و خرۆشی فریودان
جۆش و خرۆشی بریسکەی ڕشانەی نووکی شمشێر
چی پاڵی پێوە ناین بسووڕێینەوەو داسمان بە دەستەوە بێت؟
گای کوێر گای خۆڵەمێش و
خوێنێکی شایانە ڕێ دەکات
خوێنی ئێمەیش لەگەڵی ڕێ دەکات

شاژن قورئان دەخوێنێت و لەناو باخچە بەردەبێتەوە
شازادە گوڵی بە دەستەوەیەو پێی هەڵدەنووتێت
شا باش نابینرێت
کاتێك لەناو باخچەی گوڵە سپییەکان بەربووەوە
بوون بە سوور و
بۆنی مردن بڵاوبووەوەو
هێشتە بەردەوامە.

# 15ی تەمووز ؛ ئەی شیعر .. ئایە دەمبینیت؟

ئەی شیعر لە سووچەکانی دڵم هەڵمگرتیت
لە دەستم نەدایت
لە ڕێگەم دانەنایت تا پێت بەسەردا بنێن
لە هۆڵەکانم دانەنایت تا دوور بیت
لێرەم دانایت لەناو خوێنم
کاتێك (شاعیرەکان) لە سۆزانیخانەکاندا
لە کۆشکەکانی سەرکردەکاندا
لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا غلۆریان دەکردیتەوە
من لەناو خوێنی خۆم دامنایت و
جەستەم لەسەر داخستیت.
تۆ ئازادیت فێرکردم
تۆ بوویت بەرەو بڵندی بەرزت کردمەوە
ڕێم نەدایت بکەویتە ناو خۆڵەوە
ڕێم نەدا کەس لێت نزیك ببێتەوە تا پیست بکات
لەم جیهانەدا تەنیا خۆشەویستم بوویت
تەنیا هاوسەرم بوویت
تەنیا برام بوویت.
ئەی شیعر گلەییت لیَ ناکەم
تۆ بوویت ئەوەت بەسەر هێنام کە بەسەرم هات
گلەیی لە کەس ناکەم کە تا ئێستە نهێنییەکانی ئاشکرا نەکردوویت
تۆ لەسەر پشتیت و دیاریش نیت

گلەی لە کەس ناکەم کە نەیگرتوویت

ئەگەرچی لەم جیهانەدا تەنیا نێچیرم بوویت

گلەیی لە دەقەکانم ناکەم، چونکە ناتوانن وەك پێویست لێواو لێو لێت بڕژێن

تۆ ئاوگەلێکی نهێنی هەڵاتوویت

گلەیی لە کەس ناکەم کاتێك ئەو چارەنووسەی ناوێت کە پێی دەبەخشیت

چونکە تۆ لەناو ڕەوشە ئاقڵەکانمدا

شێتت کردم

لەسەر دەستی تۆ هەموو میوە پیرۆزەکان و تەنانەت پیس کراوەکانیشیان و

هەموو چێژە سەیرەکانم تام کرد

ئەی شیعر تۆ دڵسۆزی منیت

منم کە بەردەوام بە دەست بەتاڵی خیانەتت لێ دەکەم

تۆ واقت وڕەو منیش دەست بەستراو

تۆ داماویت و من قایل

کەواتە لە کوێ پیاوێك بهێنم لە تۆ بچێت

هیچ پیاوێك و

هیچ ئافرەتێکیش

لە تۆ ناچێت

من تۆ لە هەموو شتێکدا دەبینم

ئەی شیعر

ئایە دەمبینیت؟

# 16ی تەمموز : لە تاراوگەی نوێم

یادگەیەکی پەیوەست بە شمشێرو تفەنگەوە
غەمان بە خانەکانی شەوگارو تونێلەکانی ڕۆژگاردا پیاسە دەکەن
چۆن خۆم لەم ڕەشەبایە بپارێزم؟
چۆن ئەم سورگیانە
لە دەرگەی ئەو ئاوانە توند بکەم کە هەر هەمووومان ڕادەماڵن؟
شاورەکان فوودراون
هەروەها بەیداخەکان
ددانەکانمان کەوتن
زاریشمان بە پێداهەڵدان و هاوار بەرینتر بوون
چی دی سەر ڕەش نین
بووین بە سەر سپی
پێیەکانمان تاریکن
بەو پێیانەمان بەناو فیکەی تواوەو
بەسەر ڕێگەی بە ئێسك ڕیزکراودا دەڕۆین
هەر هەموو ئەمەم بۆ مایەوە
سەگەکانیش چاودێریم دەکەن
کاتێك لە کەناری ئەم جۆگەیە لە تاراوگەی نوێم ڕێ دەکەم
حەپەیان دەبیسم.

# 17ی تەمووز : تەرمی دەموزی

هیچ ڕۆژئاوابوونێك لەم ڕۆژئاوابوونە ناچێت
هیچ تەرمێك لەم تەرمە ناچێت
سرووتەکان شکان
کەمانجەکانیش شکان
ئەو ڕۆژەی سواری دەزووەکانی خوێن بوون و بەرەبەیانیان داخست
ئەم بۆسانە بۆ کێ بگێڕینەوە؟
بۆ قازمەگەلێك لە پەیڤدا لە بیرکراون!
بۆ ئامادەنەبوونێك جارێك کەڵەکە دەبێت و
لە بەردەباراندا پەرت و بڵاو!
بۆ ئەفسانەیەك یەك لە دوای یەك لەسەرخۆ دەمانخوات
بۆ گۆرانیی پۆستی خێرا؟
ئاوێنەکان ڕەشایی خەلیفە لە ڕووی خۆیان دەتەکێنن و
لەناو خانە بەرهەڵاکانی ناو هەوادا درز دەبەن
لەسەر لێوارەکانی مانگ گورگیان چنی و
چارۆکەیەکیان بەسەر پاچەکانەوە بڵند کردەوە
کاتێك پێڵاوەکانی خوێن لەناو قوڕی ئاسۆکاندا چەقاندنی
ئاسمانەکانیان لەناو خوودەکاندا بیرچووەوە
چۆن دووبارە گەردنگەلی ئێمەیان برد!
چۆن لەگەڵیان پەیکەری مەرگمان تاشی و
لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا دامانانن؟
ئەی ئەوەی لەسەر تەپۆڵکەکە ڕاوەستاویت

ئەی ئەوەی لە پشتی تاوێرێکەوە خۆت حەشار داوە

ئەی بێ دەنگ

بۆچی چەرخەکان بۆ ئەوان بوون؟

بۆچی ڕێگە بۆ ئەوان بوو؟

مانگ لە لەپی (جبرائیل)دا لەتری دەبرد

باڵندە وێڵەکانی شەو زاوزێیان دەکرد

دمووزی لە (ئوور)ـەوە هاتبوو

لە ناو دارەتەرم دانرابوو

لەسەر ڕێگەکەی سەربازەکان پڕ چەك بوون

بەرەبەیان بە تانکەکانیانەوە هەڵیانکوتایە سەری

کاتێك لێمان پرسین گوتیان: بەرەو نەبەردی دەچین!...

هەرچی ماڵەکانمان بوون درزیان برد

پێستمان شەقار بوو

جۆگەکان ژاراوی بوون

گۆرانییەکانیش چوون دەرمانڕێژەر زاوزێیان دەکرد

بە قامچییەکانیان پێیاندا دەکێشاین و

نەوەکانیان دەهاڕین

خاکیش لە بەیارو

ناڵیندا بوو.

# 18ی تەمووز : تێکەڵاوبوون

گۆنای مریەم
کە فرمێسک دایپۆشیوە
لەناو تاریکایی شارەکاندا بریسکایەوە
خەڵك بە ڕووبارو بە حوشترەکانیانەوە تێیاندا گردبوونەوەو تێکەڵاوبوون
کەوانەی ئاسمان و پەتەکەی گەیشتنە سەر خاك
ئادەمیزادگەلێك بە پەتەکەدا هەڵزنان
سەریان لە کیمیا دەردەچوو
بڵند بە گردبوونەوەی ڕۆژدا هەڵزنان
داوەکان لەژێر پێی پێڵاوی وەستاکانیاندا دەشکان
(ماڵەکەی عەلی) چوون کانی ئاوی لێ هەڵدەقوڵا
چەند ئاگربارانیان کرد؟
بەڵام گوڵێك بە دیوارەکەیەوە بەردەوام لەسەر شانمان خەو دەیبردەوە.

کاتێك لەناوماندا ڕاکشایت نەمانویست هەڵتسێنین
نەوەك ڕوومان لێ وەرچەرخێنیت ...
غەنووسییەکان ئیکسیری خۆیان تێکەڵ کردوویت
زمانیش بۆ شوورەکانی خۆی بڵندی کردوویتەوەو هونەرەکانیش دایانپۆشیویت
لە ڕێڕەوی بخوردانەکەت دانیشتین
بەڵام ویستیان لەناو کاروانەکانیاندا بتکەنە کەنیزەیەك
لەگەڵ تۆدا حیکمەتی ڕۆژگارمان بەرەو لای خۆمان هێنا

بە خوێن خۆیان پیرۆز دەکرد، بەڵام بە ئاوەکانی تۆ شوشتمانن و
بەناو چۆڵەوانییەکانتدا بەرەڵامان کردن.

***

ئەو نەخشانەی گەردووونناسەکان پێیان داین لەناو جەرگەی کاکێشاندا دایاننناویت
ئەو جەژنانەی چاوەڕێیان کردیت بە غەمگینی گەڕانەوە
ئەو پەیامبەرانەی لە تاوەرەکانتەوە دەرچوون لە دەوری فریشتە گردبوونەوە
ئەو وێنانەی لەناو پێچەکانی پشکۆتدا کێشایان
هێشتە پرسیار دەورووژێنن
هێشتە هەڵستانەوەی درەختەکان دووبارە دەکەنەوە
هێشتە ژێیەکەت گوڵەگەنمەکان لەسەر یەك دادەنێت
ئای لەو شمشاڵانەی لەگەڵ تۆدا بەدوایاندا چووین
ئای لەو کەوانانەی لە ئاشکراییت دەردەچن
ئای لەو فریشتانەی لە قۆرتاوییەکانت دێنە دەرەوە
لەناوتدا خۆمان دەشارینەوە
داوێنی ئەو داڵانە دەگرین لە منداڵدانتەوە دێنە دەرەوەو
بڵند دەبینەوە

***

کاتێك دزەکان دێنە بواری ڕووناکیتەوە
چاویان و
دەمامکیان و
پەنجەکانیان و
چەکەکانیان بەردەبنەوە
پاشان ...
بە چواردەورتدا دەسووڕێنەوە.

# 19ی تەمووز : ڕێگەی مێروولە

شکۆی خۆم لە دەست نەداوە
لە هاوارێکەوە بۆ هاوارێکی دیکە پێ لەسەر ڕێگەگەلی نوێ دادەنێم
پێشتر نەمبینیون
لە ڕۆژەکانی هۆڵەندادا خۆڕاگرانە هەنگاو دەهاوم
لە شەوەکانیشیدا تاك و تەنیا گرمۆڵە دەبم
بەیانیان پزیشك ددانم دەپشکنێت
شەوانەیش بە تەنیا بادە دەنۆشم
ڕۆژەکانم لە ڕووباردا نغرۆ نابن هاوکات لەناو کەشتیدا ڕێ ناکەن
ژیانم دەگوزەرێت وەك چۆن ژیانی یەکێك دەگوزەرێت بە ژیان سزادرابێت
لە سەرەتای ڕۆژم و لە کۆتاییەکەیدا کەرەڤانەیەکی تەختەدارین هەیە لێی نیشتەجێم
هیچ مەرجێکم بۆ ئەو درەختانە نییە لەژێریاندا دەنووم
ئەوانیش مەرجیان بۆ من دانەناوە
هیچ قسەیەك لەگەڵ دەرگەوانەکاندا ناکەم تەنیا وشەی (داخ) نەبێت
کەس پرسیاری ناسانامەم لێ ناکات
کەس پێم ناڵێت چۆن ئاسمان دەبینیت؟
بێ سوود دەنووسم و بێ ئامانج دەخوێنمەوە
دەنووم بێ ئەوەی کاتی هەستانم دەستنیشان بکەم
بەناو دەم و چاوی ئافرەتگەلی بێ سۆزدا پیاسە دەکەم
غەمیش لەناو ئەشکەوتی ڕوحمدا زاوزێ دەکات
چوون ڕێگەیەکی مێروولە کۆتایی نەیەت.

# 20ی تەمموز : کەی هەورە تریشقە دەبریسکێنێت؟

نەگەیشتمە ژان
پاش ئەوە نەبێت خۆڵەمێش بە دوامدا ڕایکرد
ئەمە ئەو وێرانەیە کە لە مێژوودا دەمبینی
وای لێهاتووە چوار دەوری داوم
منیش لە دەستی هەڵاتم ...
هەردوو دەستم بە قازمەی ئاگر بریندار کردو
هەردوو چاوم هەڵبڕزکان
گەیشتمە تاراوگە
پاش ئەوەی چەندان تارمایی لەوێ یارییان بە ژیانم کرد
کاغەزگەلێکی شڕوهوڕو
چامەگەلێکم پێیە هیچ سوودێکیان نییە.
لەبری ئەوەی خۆم بکوژم
داوای پەنابەریم کرد
ئایە شاعیری سەرکێش بەم شێوەیە؟
ئایە شاعیری غەمگین بەم شێوەیە؟
زانیم کە ژیانم کۆمەڵێك چیلکەیەو
کاغەزەکانیشم بە بەنزین تەڕ بوونە
بەڵام ...
کەی هەورەتریشقە دەبریسکێنێت؟
کەی؟

# 21ی تەمووز : گۆرانەکانی ئادەم

سەرگەردان ...نامۆ

بیَ ئاگە... مرۆڤ

کاتێك هەست بە بەهێزیی خۆی دەکات:

پێستی دەبێت بە ئاسن

جەستەی بە زرێپۆش

دەمی بە زوڕنا

دەستی بە پاچ

دڵی بە شێر

کاتێك هەست بە لاوازی دەکات:

پێستی دەبێت بە ئاوریشم

جەستەی بە پەتۆ

دەمی بە گوڵ

دەستی بە ڕووبار

دڵی بە پەپوولە

بڕوا وای لیَ دەکات هەست بە بەهێزیی خۆی بکات

شیعر وای لیَ دەکات هەست بە لاوازیی خۆی بکات

# 22ی تەمموز: چوون شارێکی چۆڵ

دەمەوێت ڕاکشێم بێ ئەوی بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە
چوون شارێکی چۆڵ
ڕۆژگاری لێ دەچێتە ژوورەوەو
تارماییگەلی بیرەوەرییەکانی لێ دەردەچێت
دەمەوێت بێ ئازار بنووم
چاوەڕوان بم ئەو گوڵەی ناو ڕوحم بە ئاسوودەیی بمرێت
چاوەڕوانی دەمەوئێوارەی خۆم دەکەم و
ژانی کاغەزەکانم لە بوخچەکەمدایە کە لەژێر سەرمە

با غەمەکان بە تاڤگەی خۆڵەمێشیی خۆیان بمشۆن
با بە فریشتە کوێرەکانیان بمشۆن
تا ڕێگە نغرۆبووەکانی ناو برینەکانم بکرێنەوە
دەمەوێت لەبەر هەتاو ڕاکشێم
بێ ئەوەی هیچ شتێك ببینم
دەمەوێت ببم بە هەڵم
چوون جۆگەیەکی بیرکراو
دەمەوێت چوون چوکلە بخوردێك بسووتێم
بێ ئەوەی کەس هەست بە بۆنم بکات.
دەمەوێت بێ ترس بنووم
بێ ئەوەی وێنەی کوڕەکەم ببینم کاتێك ئەشکەنجەی دەدەن
بێ ئەوەی جەستەی ببینم پارچە پارچە کرابێت

بۆ ئەوەی بیبینم لە بیابان نێژرابێت
خودایە ...
تۆ هێنامتە ناو ئەم دنیاوە
تۆیش لێی دەرمدەهێنیت
بەڵام کەی؟

# 23ی تەمووز : گۆڕەکەی بە کۆڵچییەوەیە

ئێراقی لەدایك دەبێت و گۆڕەکەی بە کۆڵییەوەیە
بۆ هەر کوێیەك بڕوات لەگەڵ خۆی دەیبات
کاتێك بە نیشتمانەکەیدا پیاسە دەکات
لە هەموو ڕێگەیەکەوە مەرگ بانگی دەکات
ڕەنگە زوو بکەوێتە ناو گۆڕەکەیەوە
یان ماوەیەك لێی ڕزگار ببێت
بەڵام هەر پێی دەگات هەرکە ئاوڕ بداتەوە.

***

ئێراقی لەدایك دەبێت و بەندیخانەکەی لە بەردەمیدایە
هەموو ڕۆژێك بەرین دەبێتەوە و
سیخە ئاسنینەکانی زۆرتر دەبن
گەورەتر دەبن تا بەسەر هەر هەموو جەستەو ڕوحیدا دەکشێن
لە دوا تەمەنیشدا لێوەی بەردەبێتەوەو دەکەوێتە ناو گۆڕەوە
پاش خۆی بەندیخانەکەی بە بەنرخترین شت بۆ نەوەکانی بەجێ دەمێنێت.

ئێراقی لەدایك دەبێت و کیسەیەك نەخۆشیی لەگەڵە
یەك لە دوای یەك هەڵدەکوتنە سەری
هەرکە گەیشتە کۆتایی تەمەن
کیسەکە پڕ لە نەخۆشیی نوێ دەبێت
بەناو بای نیشتمانیدا دەفڕێت و
بە ڕووخۆشییەوە دەچێتە ناو کیسەکانیانەوە.

***

**ئێراقی لەدایك دەبێت و زاری بە دەزوویەکی ئاوریشم درواوە**

**کاتێك گەورە دەبێت داوە ئاوریشمەکە دەبێت بە پەتێکی کەتان**

**لە ناوەندی تەمەندا دەبێت بە زریزەی ئاسنین**

**هەرچی لە دوا تەمەندایە ...**

**زاری نامێنێت!**

# 24ی تەمموز : دەهۆڵ ژەندن

کاتێك لە بەغدا دەرچووم
ئەستێرەیەك، بەسەرماڵەکەمەوە بوو، فرمێسکی دەڕشت
ئەمڕۆیش هەمان ئەستێرە، لە دۆرنتن بەسەر ماڵەکەمەوەیە
خوێن دەڕێژێت
خودایە ...!

***

ئەم ژانانەم بەسە
شەوو ڕۆژ لەگەڵ خۆمیان دەبەم
لەکاتێکدا، لەم تاراوگەیەم، بەم شارە شادومانانەدا تێدەپەڕم ...!

***

کاتێك دەهۆڵیان ژەند
گوێم لە ترپەی دڵی خۆم بوو
ئەوەم بیرکەوتەوە کە وڵاتەکەیشم دەهۆڵ دەژەنێت
بەڵام گوێم لە ترپەی دڵم نەدەبوو.

# 25ی تەمووز : دەرزیی کوێرێک

چەند نیشتمان وەك نیشتمانەکەی من
لەسەر ستراژەر دەناڵێنێت
برینپێچەکان، لەژێر جلەکانیاندا، چەك دەشارنەوە
سیاسەتوانان چەقۆ دەشارنەوە
بەردەستەکان بەخشیش لە دەمامکدارانی نەناسراو وەردەگرن
وێنەگرەکان سەیری وێنەی قەفەزی سینەی دەکەن
ئەوانەی سەر بە حزبەکانن سەیری هێڵی دڵی دەکەن
چەند نیشتمان وەك نیشتمانی من
ئەی چی لە زین و کاروانگەل و کەنیزان کۆبکەمەوە؟
تا شەوان سپی بن
کێ بۆ ئاسمان بڵند بکەمەوە تا فێرم بکات؟
بەیانیان لەگەڵ کێ هەستم کاتێك کەڕەنا لێ دەدرێت؟
کێ کەوی بکەم، یان کەویم بکات؟
تا سەرم لەسەر شانی نیشتمان دانێم و بە دڵنیاییی بنووم.

***

باران تەنیا بەسەر مندا دەبارێت و جەستەم لە ژێریدا دەتویتەوە وەك بڵێیت تارماییەك بم لە ڕابوردووەو هاتبمە دەرەوە
هەردوو دەستم بەتاڵ و
هەردوو چاوم لە شێتایەتیدا دەبریسکێنەوە
هێشتە هاوین لە بیرەوەرییەکانمدا واق وڕماو و کون کونە
هیچ جیاوازییەك لەنێوان من و مردوواندا نییە

**کاغەزەکانم ڕێگەم پێ پێشان نادەن**
**شمشاڵەکانیشم کونەکانیان داخراون.**

**ئەو گۆرانییەی دەیچڕم نابێتە جامەکەم**
**ئەو پەپوولانەی کە لە چوار دەوری خۆم کۆیان دەکەمەوە نابنە خەرمانەم**
**ئەو دەرزییانەی مێژووی خۆمیان پێ دەدرووم نابنە چەوگانم**

**ناتوانم پێم لەم خاکە نامۆیەدا بچێنم**
**ناتوانم ڕۆژگارم بەو وشانە بنەخشێنم کە پێیان مەست دەبووم**
**دەرزییەکی کول ڕۆژەکانی نووسیمەوەو شەویلکەی بریندار کردم**
**دەرزکییەکی کول بە دوامدا هەڕای کردو جلەکانی دڕیم**
**پەڕۆیەکم پێ نەدوری**
**مەچەکەکانم پێ پینە نەکرد**
**بەڵام هێشتم ڕووخۆشانە یاری بە ژیانم بکات.**

# 26ی تەمووز : کوڕێکم هەبوو

کوڕێکی جوانم هەبوو لەناو خەڵکدا چوون مانگ پیاسەی دەکرد
کوڕێکم هەبوو چوون ئەڵماز دەبریسکایەوە
بارانی بۆ دەباری
ڕووناکی بۆ دەهاتە خوارەوە
ئافرەتانیش ئاویان لە دوو دەڕژاند.

کوڕەکەم دەمئێشێنێت
کوڕەکەم لەناو ئەندامانی جەستەمدا دەناڵێنێت
کوڕەکەم لە نێوان پەنجەرەکەدا هاوار دەکات
چوون کۆتری ڕووناکی
کە تاریکی خستبێتی

لە چەندان ڕووباری خۆشەویستیی تۆ پەڕیمەوەو تۆیش هەر لێمەوە دووریت
ئەو ڕووبارانەی تێیاندا لە ڕوخساری تۆم نۆڕی
پێکەنینەکەت لە نوێژ دەچوو
ئامادەبیت لە مانگ دەچوو
چەندان ڕووباری خۆشەویستیی تۆ لێواو لێو دەڕژێن و
دەمشۆن و
غەمەکانم دەشۆن و
بە تۆ چاك دەبمەوە.

# 27ی تەمووز : ئایە لە بیرت چوو؟

ئایە لەبیرت چوو کە دڵم کون کونە؟
بۆچی دەتەوێت بە خۆشی پڕی بکەیتەوە؟
ئایە لەبیرت چوو کە زارم داخراوە؟
بۆچی دەتەوێت هاوار بکەم؟
ئایە لەبیرت چوو کە مێشکم پەکی کەوتووە؟
بۆچی دەتەوێت بنووسم؟
ئایە لەبیرت چوو کە ڕێگەکەم داخراوە؟
بۆچی دەتەوێت ڕێ بکەم؟
ئایە لەبیرت چوو کە خواردنەکەم ژەهراوی کراوە؟
بۆچی دەتەوێت نان بخۆم؟
ئایە لەبیرت چوو کە کوڕەکەم ڕفێنراوە؟
بۆچی دەتەوێت لەبیرم بچێتەوە؟
ئایە لەبیرت چوو کە مردووم؟
بۆچی ناتەوێت تەرمەکەم بنێژیت؟

# 28ی تەمووز : منداڵان شەوان دەڵێنەوە

کەس ناتوانێت شەوانی نوێمان بخوێنێتەوە
زۆر لە هەزارو یەك شەوە زۆرترە
شەهرەزاد نایانگێڕێتەوە
بەڵکو منداڵانێك خێرا پیربوون و
چەندان کارەساتیان بینی بێجگە ئەوان کەسانی دی نەیانبینین
بۆیە دەڕفێنرێن، یان دەکوژرێن
تا چی دی بەسەرهاتەکان نەگێڕنەوە
تەرمەکانیان دەبنە ڕەژوو بەڵام هەر دەیانگێڕنەوە
لە کۆتایی بەسەرهاتەکەیشدا دووکەڵەکەیان دەستمان بۆ ڕادەوەشێنێت و
چی دی ورتەی لێوە نایە.
کاتێك بەیانییەکی تۆزاوی دادێت
ناتوانین منداڵەکانمان بخوێنینەوە
وازیان لێ دەهێنین لەناو تۆڕی چارەنووسیاندا
سەرگەردانی ناو شەقامەکان بن
لە پێناوی شەوانی دادێدا
بە خوێنیان، یان دووکەڵیان
یان بێ دەنگیی هەمیشەییان بیانگێڕنەوە.

# 29ی تەمووز: ڕۆژانی زڕ

ڕۆژە زڕەکان هێشتە لەناو کیسەکانیاندان
چاوەڕێ دەکەن یەکێک باش گرێیان بدات و
یەکێک فڕێیان بداتە ناو دەریاوە
نامەو غەم و خۆڵەمێشی چاوانمانیان تێدایە
کۆتەڵە ڕەشەکانمانیان تێدان
بەرگی گرژبووی شارەکانمانیان تێدان
ئەو وشە ڕەقانەیان تێدان دووبارە نابنەوە
هەروەها ئەو کەنارانەی بەرەو دۆزەخ هەڵدێن
ئەوانەی ئایدیا بە هاش و هووشەکان دوایان کەوتوون
هێشتە ڕۆژە زڕەکان لەناو کیسەکاندان
مەیانکەوە...
چونکە تەگەرە بۆ کێڵان دروست دەکەن
جا لەبەر ئەوەی ڕووبارەکە دەکەنە زەرد
وازیان لێ بهێنە با لەوێ بن
لەبیرچوونەوە بیانشارێتەوەو
شکستەکانی ئاییندەمان قەپاغیان لەسەر دانێن و دایانپۆشن.

# 30ی تەمووز : گۆڕی بە تاك

لەژێر زەوی گۆڕی بە کۆمەڵیان دروست کرد
هەرچی ئێمەین کە بەسەر زەویدا دەچین
ئەوە کردینیان بە گۆڕی بە تاك
هەر منداڵێك ڕی بکات
گۆڕەکەی لە گەڵیەتی
کفنەکانیش لە ڕێگەو لەسەر شۆستەکانن
مردوونێژەکان دەست بەرز دەکەنەوە
هەر ئافرەتێك بگریت
گۆڕەکەی لەگەڵیەتی
سکی بە گەرد ئەستوور دەبێت
نەوەکەیشی داپچڕاوەو با یاری پیٚ دەکات
گەنم بوو بە بەرد
گوڵی سوور بوو بە کا
وەك بڵێیت بیرەوەرییەکانی ڕۆژێکی دوایی بن تێپەڕیبێت
وەك بڵێیت نێوان بەهەشت و دۆزەخ بێت
کە هەزاران ساڵ لەسەر شوورەکان لە نێوان بەهەشت و ئاگردا چاوەڕێمان کرد
درەختەکان بوون بە گورگ
مرۆڤ بو بە بەرد
منداڵیەتیمان وەك پێویست بوو بەسەربرد
بەڵام لاویەتی دایبڕین و
پیریەتی برکی داین ناو گۆماوەکانەوە

بەو شێوەیە بانگم مەکە کە پێویستە یاریزانە لێهاتووەکان بانگ بکەیت
باسی چاوەکانم مەکە
بەڵکو لەگەڵ کوێریمدا ڕاوەستەو
پێم بڵێ ئەمە بەردەو ئەمە جۆگەیەو ئەمە شۆستەیەو ئەمە شەقام
پێم مەڵێ ژیان توند بگرە
بەڵکو لەسەرم بکەوە تا کێلەکەم بۆ شوێنەکەی خۆی بگوێزمەوە.
لەوەتەی تەمومژێکی دوورەوە
ئێمە لەناو ژوورەکانی ناوەوەمان پیاسە دەکەین
دەست بە بروسکەکانمان پان دەکەینەوە
لەوەتەی شەمەندەفەرێکی دوورەوە
ئێمە سەگەکانمان لەگەڵ ڕوحی خۆماندا دەبەین
پرسیار لەبارەی دوایەمین جێگەی ناشتن دەکەین
لەوەتەی ڕۆژئاوابوونێکی دوورەوە
چەوگانەکانمان برك دایە ناو ئاوەکانەوە
سەرلەنوێ لەگەڵ پاچەکانماندا قسەمان کرد
بیابان ژووری تازەمانە و
پشکۆ تاکە کۆترمانە
چاوم لە شوێنەوارەکانی ژیانم چووقاندو
لای ئەستوونەکانی ڕانەوەستام
تینوو بوووم
ئەسپەکەم دارەتەرمم بوو
بەڵام هێشتە گۆڕستانەکان داخراون
ئەگەرچی لە خۆیشماندان
ئەگەرچی ئێمە خۆمان هەندێك جار دڕك، یان بەرد، یان گەردیانین

گەردەکە شین بوو

ئاوەکان زەرد بوون

کەس نەیبینیم کاتێك نیوەڕۆ بە چەپکەکان ورتە ورتم بوو

کاتێك جامێکی درزبردووم بەرز دەکردەوە

یان بەسەر پردێکی درزبردوودا دەپەڕیمەوە

بەسەر ئاوێکەوە بەردەوام زەرد بوو.

# 31ی تەمووز، چی بکەین؟

ئەی ئاسمان چی بکەین بۆ ئەوەی نەهێڵین بەسەر بەغدادا بکەویتە خوارەوە؟
ئایە ئەم ئەستوونە لە گێچ دروست کراوانە بەسن ...!
ئایە بەژنی کوژراوان بەسن ...!
ئایە تکاو نزاکانمان بەسن کە کۆتاییان نایەت ...!
ئایە چیاکانی غەمەکانمان بەسن ...!
چیمان کرد؟
ئەی ئاسمان ئایە بە گوللەکانمان کونمان کردیت تا ڕادەیەك بکەویتە خوارەوە
یان ڕووبارەکەمان بریندار کردیت
یان فریشتەکانمان کوشتیت؟
ئەی ئاسمان ... مژدەی بەهەشتت پێ داین
ئەمڕۆیش تووڕەیی خۆتمان بۆ دەنێریت
ئەگەر تۆبە بکەین
ئەو کات تەواوی باجەکە دەدەین
یان کەوتنێکی دیکەمان بۆ ئامادە دەکەیت
بە تەواوەتی بەسەرماندا دەدەیت ...!!!
ئەی ئاسمان
چی بکەین؟

# ئاوێکی غەمگین

# ئـــــاب

**خۆشییەکانم لەبەفر دەچن**

**خێرا دەتوێنەوەو**

**دەبن**

**بە ئاوێکی غەمگین**

## 1ی ئاب : کەسانی سەرگەردانی (کۆچەری هەمیشەیی لە نیشتماندا)

ئایە ئاسمانی کون کونە؟
ئایە ئەو زەوییەیە هەردوو دەستی بڵند کردووەتەوە؟
ئایە تاوەرەکانن کۆچەران بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشن؟
لەوێ ئێسك و پرووسکی مەرگەکانم بینی
کۆتەڵەکانم بینی بە کۆڵیانەوە بوون
قەیتانی پێڵاوەکانیان درێژبوون چوون کەنیزان ڕایاندەکێشان
بەسەر کاغەزێکی کون کوندا داچەمامەوە ئەفسانەکەم بنووسم
ئەم ڕێگەیە
لەژێر پێی فریشتەدا
بەردێکی کوێرە
زمانە دێرینەکانم تێدا بینی درزیان دەبرد
جمکەکانم بینی لە لۆیەکدا کەڵەکە دەبوون
لای ئاوێنە بچووکەکەم
دوایەمین ئەفسانەم نووسی دەڵێت نیشتمان گەردو تۆزی لێ دەڕژێت
خانووەکان
پشکۆیەك لە ڕووبەندەکاندا بەرزدەکەنەوە
چۆن ئەوە ڕوودەدات نیشتمان بە لۆکۆمۆتیڤی درێژ هەڵێت؟
چۆن دووکەڵی سەرگوزەشتەکان بڵند دەبێتەوە تا ببێتە هەور؟
خەڵکی سەرگەردانی قیبلەنماکانیان فڕێ دایە بەر باران و
خێوەتەکانیان هەڵدا
چاوەڕێی نیشتمانیان کرد

**کەی ئەم نیشتمانە لەسەر پشتی ئەو شێرە دادەبەزێت کە سواری بووە؟**
**تەنیا و جوان و بێ شمشێرو بێ مەترەلۆز دەچێت بۆ لایان**
**ئەموستیلەی ئەفسانە هێشتە نیشانەی قوربانیی بەسەرەوەیە**
**لای دووکەڵدانێکی کۆن ڕاوەستاوم**
**ڕۆژان بەناو ئاوێنەکەدا دەسووڕێنەوە**
**باڵندەکان لە دابەزینم لە ئاسمانەوە ئاگەداریان کردمەوە**
**دایکمم بینی لەگەڵیان بوو**
**بوخچەکەم بۆ هەڵگرت و ڕێگەکەیشم هەڵگرت**
**بەڵام دەگریا...**
**ڕۆژگار وێرانەیی خۆی بەسەردا کردن**
**گۆرانییەکانی ئاگر بەسەریاندا درزیان برد**
**خێرا لەناو داوەکاندا**
**لەو زستانەیش کە بوو بە ددان پێدانانێکی دووردودرێژ**
**پیربوون**
**ئەو وڵاتانەی لای ئاگری کوانووەکان**
**دەلەرزن**
**چ سوودێکیان هەیە**
**لەکاتێکدا برووسکەگەل لە تەرازووەکەی دەدەن و**
**قەلەڕەشکەیش دڵی دەخوات.**

# 2ی ئاب : کاتێک لە کوێت

قامکەکان نەیانتوانی ژێکانی دیوارە درێژەکە کۆنترۆڵ بکەن
بۆیە کاتێک بەسەریاندا تێپەڕین
دەنگیان دەرنەکەوت
لە پشتی دیوارەکەوە دەنگێکی غەمگین هەبوو
دەنگی پیاوان و ئافرەتان بەکپی هاواریان دەکرد
کێ هەر هەموو ئەم ژێ و گەرووانەی کپ کردووە؟
کێ درەختەکانی خەڵتانی خوێن کردووین؟
کێ وای کردووە باڵەکان ئاسنیان لێوە دلۆپە بکات؟
مۆمەکان شۆڕ بوونەوە
ڕۆژگار لە ماڵەکانی کوێت پیربوو
سەربازەکان لێرە چی دەکەن؟
تاریکی بە جلوبەرگ و بە پۆستاڵەکانیانەوە شۆڕ بووەوە
وێنەی لمەکان لێرەو لەوێن
ماڵەکان لە سەرێك دەچن خەڵتانی خوێن بێت
ئاه و ناڵەیان لێوە دلۆپە دەکات
هیچ بەرگێك نییە ئەم ڕیسواییانە داپۆشێت
ئالۆش و ئارەزووی لەمانە بەرزتر نین
مشتی ئاگر هەڵدەچێت
بێجگە مەرگ چیمان دەست کەوت؟
لەبەر ئەمەیە پێستەکان لە شەقامەکاندا کەڵەکە بوون و ئاسۆ چەمایەوە؟
لەبەر ئەمەیە شۆراوەکانی فرمێسکمان لە درزەکانی خاکدا بزربوون؟

بۆچی دێو بۆ ئەم ڕێگانە لە پێشی داین؟
بۆچی بە سروودێکی سەرگەردانی ناو ئەو ڕێگانە پێشڤەچووین؟
لە سینگی خۆم دەدەم و
تارماییەکەم لە ڕێگەکاندا لەتر دەبات و
گۆرانییەکانم بزردەبن
بۆچی وێنەی پڵنگ دەکێشین و بە مالآنی خەڵکیدا دەیانسووڕێنینەوە؟
بۆچی وێنەی ئاگر دەکێشین و ئاراستەی کێڵگەکانیان دەکەین؟
ئەو ڕۆژە ئاوێنەکەم هەپروون بە هەپروون بوو
بە ڕووی وێنەکانی ئەشکەوتەکاندا هەڵشاخام کە تێیانداین
بە ڕووی قەقنەسدا هەڵشاخام بە پێکەنینەوە لە بنمیچەکەوە شۆڕ دەبووەوە
بە ڕووی مارەکاندا هەڵشاخام لەبەر پێماندا دەترووکان
بەڕووی دێوەکەدا هەڵشاخام.
بەم شێوەیە هات و هاوارم
چوون شمشێرێك بە سکمدا ڕۆچوو
لە ئابدا ژێیەکان بەسەریدا توانەوەو
چەندان هێڵی ڕەش دەرکەوتن پێشتر نەمانبینیبوون و
شوورەکانمان درزیان برد.

# 3ی ئاب : بە قەد تێلبەندی پردەوە

بەسەر ڕووی دژلەی زەردەوە
گوڵەکان سەر ئاو کەوتوون و دەڕۆن
بەقەد تێلبەندی پردەکەوە بەیداخەکان شۆڕبوونەتەوە
هاوکات پیاوەکانیش بەسیس داگەڕاوی شۆڕبوونەتەوە
بە هەمان شێوە
کە پیاوانی ڕابوردووی دێرین شۆڕدەبوونەوە
لە برساندا، یان بە سیل، یان چاوەقووڵە
دەمردن
بە هەمان  شێوە کە ڕوحی ئەو کەسانە دەلەرزین
کە لە گۆڕەپانەکانی جەنگەکاندا داڵەکان دەیانخواردن
لەکاتێکدا پاشا و خەلیفەو سەرۆکەکان لە کۆشکەکانیاندا لە خۆشیدا هەڵدەپەڕین
هەموو جارێك پاییز نوێ دەبێتەوەو سەیری خەنجەر وەشاندنە وشکەکانی دەکات
هەموو جارێك منداڵان پیر دەبن و یارییەکانیان دەبن بە خۆڵەمێش
هەرچی دژلەیە ڕەنگەکان بەناویدا دەسووڕانەوە
بەڵام هەرگیز شینی بەچاو نەبینی
کەسێکیش هەبوو
بە مەستی
یان مردوویی
یان برسیەتی
یان ڕێبواری
بە سەریدا شۆڕبووبووەوە.

# 4ی ئاب : ڕۆژەکان بە لاوازی تێپەڕین

هیچم لە نیشتمانەکەم نەزانی تەنیا ڕاکردنی دوورودرێژ بەناو ڕێڕەوگەلی بێ کۆتاییدا نەبێت
هیچم لێ نەزانی تەنیا ئەو دووکەڵە نەبێت ڕێڕەوەکانی تەنیبووەوە
هیچم لێ نەزانی تەنیا ئەو شمشێرانە نەبێت لەناو دووکەڵدا دەردەکەوتن
هیچم لێ نەزانی تەنیا ئەو خوێنە نەبێت بە شمشێرەکانەوە بوون
هیچم لێ نەزانی تەنیا وێنەی نەبوون نەبێت کە باوەشی بۆ دەگرتینەوە.
بە کۆڵمەوە بوو تا ئێسکەکانم ڕەش داگەڕان
تا پشتم کۆمایەوە
تا چاوم درزی تێکەوت
ناتوانم بیرەکانیم بیربکەویتەوە
ناتوانم بەندیخانەکانیم بیربکەوێتەوە
ڕۆژەکان، چوون شەبەنگەکانم، لاواز و سەرسوڕماو بەناو وێرانەکانیدا تێپەڕین
ساڵەکان تێپەڕین و تۆقەکانیان هەڵدەواسی
ئارەزووەکان بەجێ هێڵراوی تێپەڕین
غەمەکانی منیش تێپەڕین و زاوزێیان تێدا دەکرد.
ئەوەند بەرگەم گرت تا ئاوەکەم وشك بووەوەو
پەنجەکانم بوون بە لق و پۆپی ڕزیو
چی تاوانێکم کردبوو تەنیا ئەویندارى نەبێت؟
چیم کرد؟ تەنیا ئەوە نەبێت دەکۆشام ببم بە مرۆڤ
ئایە توانیم؟
ئایە پەسەندی کردم؟

## 5ی ئاب : له جیهانی خوارەوە بۆی دەگەڕێم

ڕۆژێك له ڕۆژان زەویم لەبەردەمدا دەکرێتەوەو گۆڕێکم بۆ دەردەکەوێت
ڕەزامەندانه دەچمه ناویەوە
لەوێ پرسیاری کوڕەکەم دەکەم
له جیهانی خوارەوە به دوایدا دەگەڕێم
ڕێ نادەم کوندەبەبوو بەرچاوم بگرێت تا نەیبینم
ڕێ نادەم ڕدێنه درێژەکانی کاهینەکان گەردی لێ بنیشێنن
ڕێ نادەم چاوی ماسییەکان بیڕفێنن و بۆ دووری ببەن.

لای ڕووباری مردووان به دوایدا دەگەڕێم
لەگەڵ خاوەندی بەلەم و سەوڵەکەدا دەدوێم
ئایه ڕۆژێك له ڕۆژان میرێکی سواری بەلەمەکەی نەکردووە
لەناو ڕوحەکاندا به دوایدا دەگەڕێم
به پرچه درێژەکەی که چوون گەڵای دارخورما دایهیناوە
به تیشکی هەردوو چاوی دوو مەشخەڵی زیندووی دەیناسمەوە
به پێکەنینه دەگمەنەکەی دەیناسمەوە
به زرێژەی کلیلەکانی که لەگەڵ خۆی بردی
به بۆنەکانی که باش دەیانناسم
به هەردوو دەستی که به گوڵ سوورکراون
لای بێستان و
لای تێلبەندەکان بەدوایدا دەگەڕێم
لای ئەو ئەستێره بۆی دەگەڕێم

پێش ئەو لەو خوارەوە داڕژابوو

بە شمشاڵەکەی بۆی گریابوو

بەدوایدا دەگەڕێم تەنانەت ئەگەر تا هەتایە لەوێ بمێنمەوە.

بە سواری ماین، یان وشترمورغ نایەمە دەرەوە

ئەگەر ئەوم لەگەڵ نەبێت

بێ گومان ...

ئێستە ئەویش لەوێ بە دوامدا دەگەڕێت.

# 6ی ئاب : ناوت لەسەر دیسك دەنووسم

مادامەکی ناتوانین پێش با بگرین
با ڕێ بدەین زۆر بەهێزانە ئەم ڕقانە ڕامالێت
با ڕێ بدەین دارەتەرمەکان بەرەو ئاسمان ڕامالێت
با ڕی بدەین خۆڵەمێشی سەر درەختەکان بشوات
تا بە تامەزرۆییەوە، پشکی خۆمان لە مەرگ لەئامێز بگرین
مادامەکی ناتوانین لەخۆمانی دوور بخەینەوە
ئەم وڵاتە هەزاران ساڵە دەناڵێنێت
لەژێر جلی بریقەداردا پێستی درز دەبات
بەردەکانی لەژێر ڕەهێڵەی دروشمدا پارچە پارچە دەبن
ڕۆژ چیمان پێ دەبەخشێت پتر لەوەی شەو پێی بەخشین؟
خۆڵەمێشی نوێ
تەرمگەلی هێڵدار
یان ئەستێرەگەلی نیوەڕۆ
کە هیچ گەلێك بێجگە ئێمە نەیبینیون

ئەم چڵە زەیتوونە ببە ئەگەر ڕزگار بوویت لەئەرشیفی خۆتی دانێ
تا گەواهی ئەوە لێ بدات، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان با هەڵێنەکێشاویت و
ئاگریش نەیسووتاندوویت
ئەوەیش لەیاد مەکە ناوی خۆت لەسەر دیسکەکە بنووسیت
کاتێك ڕزگار دەبیت و
کاتێك ڕزگار نابیت.

# 7ی ئاب : شەمەندەفەری عەلاوی

فارگۆنگەلی ژەنگاوی
هەوا لەنێوان بەغداو مووسڵ و بەسرەدا دەگوێزێتەوە
چی دی هیچ پۆستێکی مرۆڤ نییە
شوانەکە تیرەکانی خۆی ئاراستەکردو بەتاڵی کردەوە
تەنیا لەبارەی پرسیار لەمەڕ نهێنیی ئێمە نەبێت
ئێمە کێین؟
لە چ سەردەمگەلێکەوە هاتووینەتە ئێرە؟
شێوەکامان شۆڕبوونەوە
کانییەکانیش تێکەڵ بە زرنگە
ڕەنگە دژوارییی شارەکان لە چاوی خۆشەویستاندا بریسکەی دابێتەوە؟
ڕەنگە داوەکەمان بۆ سەرەتای گێڕابێتەوە بە دەستی گۆزەوانەوە؟
تۆ بڵێیت کێ گوڵ و بۆنەکانی ناشتن؟
کێ دلێری هەوای لادا؟

ئەی شەمەندەفەری نامۆ هەر بە نامۆ بمێنەوە
ئێمە حوشتر دەلەوەڕێنین
ئێمە بەپێ خواس دەڕۆین تا شارەکان داگیربکەین
ئەی شەمەندەفەری غەمگین هەر بە غەمگینی بمێنەوە
خەیاڵپلاوی نییە کە ئێمە بە (یا ڕێل) بانگت دەکەین
خەیاڵپلاوی نییە کە بەردێکت دێتە پێش و ناجوولێیتەوە
لێرەدا هەڵنووتانەکامان بە پابووجی دڕاوەوە خۆ دەشارنەوە

لێرە تەشییەك دەشكێنین
تا یەكێكی دیكە، لەئێسك بتاشین
خورییەكی نوێ شی دەكەینەوە
نیگارەكانی بەردەم دەرگەكان بزر دەبن
(ڕێل)یش هاوار دەكات
هیچ ڕێبوارێك نییە
ئەی نووستووەكان.. یان ئەی ترساوەكان
كوا گۆرانییە بە شكۆكانتان
(ڕێل) هاوار دەكات
بەسەر پشتی ئەسپ و حوشترانەوە گۆرانی بچڕن
ئەمە بەسوودترە
ڕێگەكان بەرەو لام وەردەچەرخێن
پەپوولەكانیان بەرەو گۆڕەكان تێیانتەقاند
چاوەڕێی پیاوە لەبیركراوەكانم كرد لەناو جۆگەیەك و خۆڵدا دەتلانەوە
لەو گوندانە وردبوومەوە ڕۆیشتنی غەمگینانەی (ڕێل)ی عەلاوی بەبێ ئادەمیزاد پێیاندا تێدەپەڕێت.
چۆن ڕێككەوت كە گوێم لە زرمەیەك بوو
چەندان ئەسپم بینی لە كێڵگەكان هەڵاتن؟
چۆن ڕێككەوت وێنەكانی خۆم دۆزینەوە
لەناو تۆزی سروودەكان و دروشمەكاندا باڵیان دەگرتەوە؟
چۆن ڕێككەوت لە گۆشەگیریدا ژەنگ دایڕزاندو
لە خەیاڵپلاوی كەناری گرت و
بەرەو باكوور گەشتی كردو بۆ عەلاوی نەگەڕایەوە؟!

# 8ی ئاب : سەرکەوتنێك شكستیی لێ دەكەوێتەوە

ئەی سەرکەوتن هەر هەموو ئام ئاوە بۆ تۆ!
ئەی جەنگ هەر هەموو ئەم تاریکییە بۆ تۆ!
ڕاوەستاوم و بە گوڵ پرسەگێڕیم بۆ دەکرێت
لەبەر ئەوەی بێ وەی گەڕاینەوە
لەبەر ئەوەیش چی دی خۆڵەمێش بەردەم ماڵەکانی نەدەڕازاندەوە
بەڵام ڕاوەستاوم و غەمگینم
چونکە نیشانەی جەنگێکی دیکە دیارە
لەگەڵ شکستییەك ئاوی جوانی دەهەڵمێنێت
بە بەردەکان مەڵێن بریسکەیان بێت
نە بە گیتارەکانیش دابگرسێن
هەموو شتێك تەفروتوونا بوو
چی دی داوی برینەکانمان بۆ برینگەلی نوێ ناشێن
چونکە قەلەڕەشکە فڕێی دانە سەر پەیکەرە ڕەشە ڕەقەکان و
پچڕ پچڕ بوون...
ئەوە دوایەمین مۆمەکانمان بوون
دوا پرژەی ئاوی بوتڵی منداڵەکان لە شەقامەکاندا کپیان دەکردن
گەیشتینە لۆچەکان
زانیمان کە بناغەی خانووەکانمان
ڕۆدەچوونە ناو قووڵایی گڕکانەکە کە تۆفانەکەی بەرەو خانووەکان تەشەنە دەکات
شوێنەواری کەمانچە ئاسنینەکان و

زنجیرە قوڕاوییەکانی ڕۆژ
لای نووستنگەکانی با ڕاوەستاین
تۆڕێکی گەورە لەسەرەوە بەسەرماندا بەربووە خوارەوە
سوپاکان تەفروتوونا بوون
قەلەڕەشکەیش لەژێر زەویدا بزربوو
شارەکان ئاگریان تێبەربوو
دەستێك لەسەر گوڵەکەمە پێشێلی دەکات
زۆربلێیی چەك و تەپ و تۆز
پشکۆیەکی سوێر ڕۆژم دووشەق دەکات
ڕەشایی گژوگیا
مۆمەکانی مۆمدان شین دەگێڕێت
کەواتە هەر هەموو ئەو سەربازانە بە پارچە پارچە کراوی لە کفنێکی سووردا گەڕانەوە!
کەواتە بەردەکان دەنگی ئایەت خوێندنەوەکانیان بڵندکردەوە!
کەواتە خەڵك دووبارە دەستیان لەسەر دڵیان دانا!
کەواتە سەرلەنوێ فرمێسك داچۆڕان!
دەستێك لەسەر دڵمە دەیکلۆوفێت و
ئەویش چوون شووشە دەشکێت.
جاڵجاڵۆکەکان، کە لەژێر گۆرانییەکانی سەرکەوتندا دەرکەوتن، وایان گوت.

## 9ی ئاب: شاعیرگەلی دووڕوو

یەکەمین ساڵ جەرگەکان لە بازاڕ دەرکەوتن
دووەمین ساڵ شاخەکان دەرکەوتن
لە سێیەمیندا هەموو کەوڵەکە دەرکەوت
لە چوارەمیندا گاکان دەرکەوتن، هەموویان لە گۆڕەپانێکدا ململانێیان بوو
شانی سفت و سۆڵیان سیس بوونەوەو
گۆڕەپانەکە بچووک بووەوە
سەیری هەورەکان بکەن
چۆن لە مەمکە چەڵقەکەیان تینووی خەڵکی دەشکێنن
سەیری بەروبووم بکەن لە کێڵگەکان کەمتر دەبنەوە
پیاوەکان نەیانتوانی تووڕەیی خۆیان لەناو حەوزەکاندا دامرکێننەوە
ئافرەتان نەانتوانی ترسی خۆیان ڤەشێرن
دیوارەکان گۆڕان
بارانیش بڕا
لەبەر توندیی مەرگ
بایەکی شین دەرکەوت و قسەی دەرزی ڕێژ کرد
فرمێسک لە دەستمدایە
لەکاتێك زەوی خەڵتانی خوێنە
هەر یەکەو بۆ ماڵی خۆی
بەڵام ڕێگەکە بە گوڵی گۆشت چێنراوە
ئەی دووڕوو
زۆڕناکەی خۆت بپارێزە با بریقەی بێت و

**ئاوازمان بۆ مەژەنە**

**فرمێسك لە دەستمدایە**

**شاعیرە دووڕووەکانیش چوون دڕك بەسەر چاوو**

**بە گەردنەوەن**

**بۆچی سەرگوزەشتەکە لەسەرەتاوە دووبارە بکەینەوە**

**بۆچی بە خوێن گەرووەکانمان چەور بکەین**

**هەموو خوێنێك گوناهێکە**

**هەموو ڕاستاییەکیش گووفەك.**

# 10ی ئاب: باڵندەگەلی بریندار

**باڵندەکان لەبەردەم ماڵەکاندا فڕێ دراون**
**باڵندەی سپی**
**بەڵام پەڵە خوێنەکان لە خەنەی گرتوون**
**جارێك لای سینگەوەو ... جارێك لای گەردنەوە**
**چەند جاریش لای پێ و باڵەوە.**
**باڵندە گەردن لاربووەکان**
**ئاسمانی بێ دایك و باوکی سەرەوەمان بیردەخەنەوە**
**تارماییە بەندکراوەکانی ڕابوردووی دوورمان بیردەخەنەوە**
**شەڕوانە بیرکراوەکانی نێو بیرەکانمان بیردەخەنەوە**
**باڵندە گەردن لاربووەکان**
**وام لێ دەکەن ئاوێنەی خۆڵەمێش بشکێنم**
**وادەکەن باران ڕاوەستێت**
**وادەکەن وڵات لەژێر کفنەکاندا بشاررێتەوە.**
**چۆن ئەم باڵندانە**
**لەبەردەم ماڵی ئێراقییەکاندا کۆبکمەوە؟**
**بەڵام ... چۆن گەردنی لارەوەبوویان لەبیربکەم؟**
**چۆن سەیری ئاسمانێك بکەم باڵندەی لێ نەبێت؟**
**چۆن بە برینداری**
**بەناو شەودا بیانپەڕێنمەوە؟**
**چۆن؟**

# 11ی ئاب : مردنی شاعیر

کاتێك شاعیر مرد
سروشت هەردوو چاوی بۆ ئەستێرەکان گێڕایەوە
هەردوو لێوی بۆ باران
ددانەکانی بۆ بەرد
هەردوو دەستی بۆ گوڵ
دڵیشی بۆ کانییەکان
جلەکانی بۆ شەونم
کتێبەکانی بۆ با
پێیەکانی بۆ ئاسۆ
پێکەنینی بۆ بەرەبەیان
پشکۆکەیشی بۆ گڕکان
هەرچی فرمێسکەکانی بوون بۆ نیشتمانی گێڕانەوە.

# 12ی ئاب : شارگەلی شکستخواردوو

چەند شار لە ناخمدا ژیان؟
چەند خەون و شەوبێداری سەمایان کرد؟
بە چەند پێپلکەی تیشکدا سەرکەوتم؟
بەڵام جەنگەکان هەر هەموویان تێکشکاندن و.. لە شارەکانم دەرچووم.

چەند ئافرەت لە ناخمدا ژیان؟
چەند لە شەقامەکاندا لەگەڵیان پیاسەم کرد؟
چەند لەگەڵیان لەسەر جێ شەوانم بەسەربرد؟
چەند پێکەنینەکانیان بە باران سووتاندیانم؟
بەڵام ڕووباری بە تەوژمی خوێن لێی دوورخستمنەوەو ... خۆشییەکەمم بزرکرد.

چەند هاوڕێ لە ناخمدا ژیان؟
چەند شەوانمان بە شەوبێداری و جامەکانمان پڕاوپڕکرد؟
چەند بە بەهەشتگەلی نیاندا پیاسەمان کرد؟
بەڵام تاریکیی وڵات لێی دوور خستمنەوەو.. چی دی هیچ هاوڕێم نەما.

چەند کوڕ لە ناخمدا ژیان
چەند لە جەژنەکاندا لەگەڵیان یاریم کرد
چەند بە سەر تەمەنی ساوایاندا داچەماوەوە
چەند پێم خۆش بوو بە ئاسۆدا هەڕایان دەکرد
بەڵام گورگەکانی وڵات لێی دوور خستمنەوە.

ئێستەیش ...

چۆن بە دوای شار و ئافرەت و هاوڕێ و کوڕی نوێدا بگەڕێم؟

ئەگەر بیشیاندۆزمەوە

خۆ من مردووم چۆن زیندوو دەبمەوە؟

# 13ی ئاب : فریشتەکان خستمیانە ناو دارتەرمێکەوە

چارۆگە ئاسۆ دەبڕێت

گوڵەکان بە دەستمەوە سیس بوونەوە

چی دی شەپۆل سڵاوم لێ ناکات

چۆن گەنجینەم لەو خاکە تاریکەدا بزرکرد؟

چۆن ئەستێرەکانم

یەك لە دوای یەك لەوێ کەوتنە خوارەوە؟

چۆن فریشتەکان خستمیانە ناو دارەتەرمێکەوەو بە زەماوەند بۆ ئێرەیان هێنام؟

خۆڵەمێش چواردەوری دڵی داوم

چارۆکەکانی کەشتییەکان کە ئاسۆی (کامبێ) دەبڕن

وەك بڵێیت ئێسکەکانم ببڕن

مارەکان گیای نەمرییان بردم

دەهۆڵ و عوودەکەم کەوتنە ناو بیری ڕەشاییەوە

هیچ هاوڕێیەکم نییە لەناو بەلەمەکەمدا لەگەڵم سەوڵ بدات

چی دی ناتوانم بەناو زەمینی خوارەوەدا تێپەڕم

لێرە.. بارەکانم دانان

لێرەیش ...گۆڕەکەی خۆم دەبینم

لێرەدا غەمەکانم دەڕازێنمەوە

ئای چ کۆتاییەکی بۆرە!

ئای منیش چ بوونەوەرێکی لاوازم!

ڕووبارەکانی دۆزەخ بەژێر پێمدا دەڕۆن و

هیچ ئومێدێکم نییە ئاسمان ببینم.

# 14ی ئاب : م. بۆن

ژن چاك (بۆن)
کتێبەکەی هەڵدامەوە
هیچی نەدۆزییەوە تەنیا فرمێسك نەبێت
درەختەکانی هەڵدامەوە هیچی نەدۆزییەوە تەنیا گەرد نەبێت
ئەو ژن چاکەی لمی لە سینگم و
وێرانەی لە قسەکانم دەرهێنا
لە لێوارەکانمدا ڕاوەستا و داوێنی کراسە درێژەکەی هەڵکردو
لە ئامیزی گرتم
ئەو ژن چاکەی لە گێڕانەوەکانم ورد بووەوە
پرچە زەردەکەی بەرەڵڵای ناو لق و پۆپەکانم کردو
درەختەکانی تەڕ کردم
ئەسپە هەڵاتووەکانی گرتم و
ڕوخساری بای لە دەمارەکانمدا هێورکردەوە
ئەو ژن چاکەی دەزوویەکی لە مەچەکی ڕاستی کردەوەو
لە مەچەکی ڕاستی ئاڵاندم
ڕۆژێکی لە مەچەکی چەپی کردەوەو لە مەچەکی چەپی کردم
ئەو ژن چاکەی کە گوڵی لە ئەشکەوتەکانم بزواند
کتێبەکانی بینیم با دەیاندڕێنێت
فریشتەکانی بینیم یەك لە دوای یەك دەکەوتن
ژن چاك (زڤنار) کە ئەستێرەکانی ڕنی و خستنیە ناو دڵمەوە
پرسیاری وڵاتەکەی لێ نەکردم

نە ئەو گۆرانییانەی ئەزبەرم کردوون
نە ئەو پەڕۆیانەی پێمن
بەڵام لە چاوم ورد بووەوەو هەموو شتێکی زانی
شەوی لە ئەم لاو ئەو لای جەستەم لاداو
قامکەکانی بەسەر ژێیەکانی دیوارەکەمدا هێنا
دەستی بە گوڵە پلاستیکییەکانی سەر مێزەکەدا هێنا
فووی بە بادا کردو ورتە ورتێکی لێوە هات
کاتیک تەوقەی لەگەڵ کردم
ڕووبارێك لەژێر هەردوو لەپماندا ڕووەو خوار بووەوەو
چەندان بوونەوەری نوێ دەرکەوتن.

# 15ی ئاب : پەیکەرەکەم نزیك گۆڕەکەم بوو

سروودگەلم یەك بە دوای یەکدا خوێندەوە
کەس گوێی بۆ شل نەکردم
بیابانەکانم پڕ لە گوڵی گۆرانی کرد
کەس بۆنی پێوە نەکردن
ئەو خاکەی لەسەری ڕاوەستاوم ڕەگ و ڕیشەی هەیە
گۆرانی چڕینەکەیشم لەخۆڕانەبوو
بەڵام ئاسۆکان ڕێگەیان لە پێشڤەچوونم گرت
قوڕەکەم لە قوڕی دژلە بوو
پەیکەرەکەیشم لە نزیك گۆڕەکەمدا خوێنی لێ دەچۆڕا
لەگەڵ ئەوەیشدا کەس گوێی لە باوکەڕۆم نەگرت
گوتم ڕەنگە خەڵك گوێیان نەمابێت
ڕەنگە گوێیان گران بووبێت
بەڵام بینیمن سەمایان دەکرد
ئەو بایانەی گۆرانییەکانیان بردم یارییان پێ کرد
ئەو باڵندانەی لە شەقەی باڵیان دا نامەکانیان بردم
ئەستێرەگەلی سوور دابەزین و دڵیان دامەوە
گۆرانییەکانی ژانەکانم بڵند بوونەوە
خەڵکم بینی سەمایان دەکرد
ئەو کات زانیم کە من کەسێکی بێگانەم و
کەس گوێی لێ نەدەگرتم.

# 16ی ئاب : بزربوونی کتێبخانەی (غەڕاف)

*بۆ عەبدولحەمید ناسر*
*خاوەندی کتێبخانەی (غەڕاف) لە شاری شەترە*
*لە نۆیەمین ساڵیادیدا*

ڕەنگە پاش تۆفان تاك و تەنیا بووبێت
بە یاوەری زیۆسیدرا نەبوو
لەناو کەشتییەکەیشدا نەبوو
بەڵام لای ڕووبارەکە کتێبخانەیەکی بۆ خۆی دروست کرد
(سام) تابلۆکانی خۆی تێدا دانان
(حام)یش وێنەکەی خۆی بە ڕووبەندەکەیەوە هەڵواسی
(یافس)یش گەشتەکەی خۆی لەسەر نووسی.
(عەبدولحەمید) بە پایسکلەکەی تۆوەکانی بردن و
لە لێوارەکانی تاکە ڕووبارەکە چاندنی
ئەو کات (شەترە) دەرکەوت و بە باران و گۆرانی شۆرابوو
لەژێر ڕیزی سەکۆکاندا جامەکانی داپۆشیبوون و وای لێ کردبوون بریقەیان بێت
زۆر لە خامەو مەرەکەبەکەی نەمابووەوە
هیچ لە ڕۆژنامەکانی نەمابوونەوە تەنیا هێڵەکان نەبێت
تەنیا شەونم نەبێت
لە دووکەڵێکی نزیك دەیشووشتینەوە
جەستەی لە تەم و مژییەك وشك دەکردینەوە

بادە، شیرین، شیرین، لە کتێبەکانییەوە دادەچۆڕین
وەك بڵێیت کتێبخانەی مێو بێت
هەتاو لە گەردنگەڵی چوار دەوری دەکرایەوە
ئەویش بە چەوگانەکەی ڕێگەی بەردەکانی پاك دەکردەوە
وەك بڵێیت خۆڵەمێشێك لە سندووقەکانی دێتە خوارەوە
وەك بڵێیت چەند برووسکەیەك لێی بدات و
ئێسك و پرووسکگەلێکی تێدا سیس ببنەوە
ئەگەر (غەڕاف) دارەکانی بۆ (بیدعە) ببات
ئەگەر بنە جامەکان لە لێوارەکەی بچەقن
ئەگەر دەنگی (داخل)، یان حسێن نعمە بەسەر ئاوەکەیەوە گۆرانی بچڕێت
بەڵام بووسکەکان تەشەنە دەکەن.
بە پایسکلەکەی بەسەر ئاوەکەدا ڕایدەکرد
کچە بچووکەکەی ڕۆژنامەکانی لەسەر یەك دادەنان و دەگریا
کوڕەکەی بە ترسەوە لە وێنەکانی دەدا
شەترەیش بۆ ڕۆڵەکانی دەگریا.
ڕۆژێك بوو قیبلەنماکەی شێوابوو
دەرگەکانی کتێبخانەکەی داخست
پەتی کەشتییەکەی ڕاکێشا و تێی تەقاند
ڕەنگە هەر چوار لای نۆژەن بکاتەوە
بەڵام هەرگیز لەگەڵ نووحدا نابێت
نە لەگەڵ تابلۆکانی سام و وێنەکانی حام و گەشتەکانی یافس
سەرلەنوێ، لە تۆفانێکی دادێدا
بە تەنیا گەشت دەکات.

# 17ی ئاب : ئەوسا

ئەوسا هەر هەموو ئەم شەوئمە نەبوو
ئێراق بە فرمێسك و بە خوێن مەلەی کرد
ئەو دەستانەی جەنگەکان برینداریان کردن کەوتنە خوارەوەو
ترپەیان بەسەر ئەو ڕێگانەوە دەنگی دایەوە
ئەوسا، برینەکەمان خوێنی لێ نەدەچۆڕا
دەریایەك ستەم بوو ئاسمان لێی ڕادەچەڵەکا
مەودایش لێی دەلەرزی
ئەوسا، ئەفسانەکان لە ئازاردا پشتیان گرتین و
تەختەکان برکیان داین
ئەوسا ...
پاشان لە بەرەبەیانێکدا ترپەی دڵی بەیان هات
کاتێك هێلکەی مت بوون شکا
ئەوسا لە نیگەرانییەوە هەستام
بەسەر سەردوێلکەکاندا خۆم بەسەر چەوگانەکەمدا دەدا
دەستم بەسەر بەرەبەیانێکی خەڵتانی خوێن دەکەوت
لەگەڵ چەندان شتگەلی سەیر لەناو ماڵەکاندا ڕادەچەنین.

# 18ی ئاب : گوڵاو دروستکەر

**چۆن لەم کارەساتانە**

**گوڵاوێکی جوان دروست بکەم؟**

**چۆن وێنەکانی ئاگرو مەرگ و ئەشکەنجە دادڵۆپێنم**

**تا یەك بوتڵ گوڵاوم دەست بکەوێت؟**

**چۆن شەو**

**لەناو شووشەیەکدا چڕ بکەمەوەو بیکەم بە ڕۆژ؟**

**چۆن ئەو هەورەی کە لە وڵات لێوڕێژ بوو**

**بکەم بە بۆنێکی بۆن خۆش؟**

**چۆن لەو ڕووبارە خوێنەی کە کەوتە ڕێ**

**پاپۆڕێکی سپی دروست بکەم و وای لێ بکەم بفڕێت؟**

**چۆن لە ئێسکەکانی مردووەکان ڕۆژێك دروست بکەم؟**

**چۆن بەندیخانەکان بڕووخێنم و لە وێرانەکانیان چەندان هۆڵی میوزیك دروست بکەم؟**

**چۆن جنێوەکان بکەم بە گۆرانیی خۆشەویستی؟**

**چۆن ئاهەکانی ژان بگوشم و**

**خۆشاوەکەی بخۆمەوە؟**

**چۆن بەناو وێرانەکانماندا تیژ تێپەڕم و**

**بیانکەم بە گوڵ؟**

**ئەی بۆچی بووم بە شاعیرو**

**نەبووم بە یەکێك گوڵاو دروست بکەم؟**

**ئەدی ئەوە بەسوودتر نەبوو!**

## 19ی ئاب : چەند کاغەزێکی کون کون

ڕۆژەکانم کون کون دەکەم و بە قەد ڕەشەباوەی هەڵدەواسم
رەنگە باران هەڵەکانم بشواتەوە
رەنگە ئەو نەفەرتانەی دوام کەوتوون وشك ببنەوە
دڵم کون کون دەکەم و وازی لێ دەهێنم بەخۆی چۆنە بئاخڤێت
رەنگە قسەیەك بکات لە هەموو شیعرەکانم باشتر بێت
رەنگە ئەو شتانە بدرکێنێت کە من نەمتوانی بیاندرکێنم
دەستم کون کون دەکەم و بە ڕێگەوە دەرۆزە دەکەم
رەنگە شێتگەلی وەك خۆم ببینم
ڕۆژگار دەستی کون کون کردبن و ئەوانیش سەرگەردان بووبن
کاغەزەکانم ڕۆژگار کون کونی کردن و کوانووەکانم کوژانەوە
جێگەکەیشم بوو بە پاپۆڕێك هەموو شەوێك بە هۆیەوە لە ڕووباری دۆزەخ دەپەڕمەوە
دیوارەکانی چواردەورم ڕووخان و چەوگانەکەم بە لیتەی وڵاتدا ڕۆچوو
بەم شێوەیە شەو جلەکانی تەڕ کردم و لافاوی بەردو هەنگوینی ئاگری سوورم بینی تامی گۆشت و ئێسکەکانم دەکات.
دڵی مارەکان لێ دەدات
پشکۆی شەو لێ دەدات
گۆرانیی ڕۆژگاریش لەسەر سەربڕگەم
ڕۆژەکانم لەناو باخچەی ماڵدا دەبەستمەوەو
لە یەکەمین ناوچە پیاسە دەکەم کە لێوەی دەرچووم

**هیچ شوێنەوارێکی ژیان نادۆزمەوە**
**بەم شێوەیە ئەستێرەی شێر بەجێی هێشتم**
**بەم شێوەیش قەلەڕەشکەیەك یاری بە هێلانەکانم کرد**
**جلەکانم پشت گوێ خراون و ڕۆژم دەترسێت و**
**هەر چوار پەلم ڕاست نابنەوە.**

# 20ی ئاب : سووڕانەوە

ڕۆژە فێنکەکان بەسەر دەچن و وشك و برنگی شوێنیان دەگرێتەوە
شەپۆلەکان نزم دەبنەوە و لم شوێنیان دەگرێتەوە
مانگ لەبەر چاوی کەڵەشێر تاریك دادێت
ئەو بیرانەی کە پڕ لە گەنجینە بوون داو دادەنێنەوە
تۆیش لەناو گوێچکە ماسییەکەتدا تاك و تەنیایت
چەندان کەشتیش لە کەنارەکان مۆڵیان خواردووە
بۆچی هەتاو لەناو ئێسکەکانتدا دەکوژێنیتەوە؟
بۆچی ئەو مەنجەڵانەی، لەناو وڵاتدا بەجێت هێشتن، ئاوو بەردیان تێدا دەکوڵێت؟
بۆچی درەختەکان لەبەردەمتدا مێژووی خۆیان دەڵێنەوە؟
هەورەکانیش لەناو خوێنتدا لە تۆمارگەی خۆیان ڕەو دەکەن؟
بەتەنیا، لە وڵاتی نامۆ چاوەڕوانم
چۆن هەموو ڕۆژێك نەمامەکانی غەمم ئاودەم
چۆن لەگەڵ شەودا، تیر بگۆڕمەوە
چاوەڕێی دروستکردنی مندالا دەبم کە بە دەست بەستراوی بە قەد چەقەکەیەوە دەخولێمەوە
چۆن چوارگۆشەی ژیانم بکەمەوە بازنە
ئایە بە مردن، یان بە نوسین
یان بە گریان؟
چی دی نازانم
بەڵام بێ گومان دەستم بە خولانەوە کردووە.

# 21ی ئاب :  پتر له جارێک کلیلیان دام

پتر له جارێک کلیلیان دام
جارێکیان که پێیان گوتم: نیشتمانەکەت بپارێزە
ئەوان بۆ خۆیان دزییان دەکرد
منیش زانیم که پاسەوانی دزەکانم.
جارێکیشیان کاتێک پێیان گوتم: ئاگەت لە دوژمنەکانت بێت
مەبەستیان ئەوانی دیکەیە
منیش زانیم که دژ بە کەسوکاری خۆم دەجەنگم.
جارێکیشیان کاتێک پێیان گوتم: دڵسۆزی پرەنسیپەکانت بە
مەبەستیان بڕواگەلی چیمەنتۆ پووچەکان بوو
منیش زانیم که لەژێر تابلۆو دروشمەکاندام.
لەسەرمەوە تا هەردوو پێم کلیلیان دام
تەنیا ڕەش و سپییان خستە ناو چاومەوە
حیلکەی ئەسپیان خستە هەردوو گوێمەوە
دووکەڵی مێژوویان خستە لووتمەوە
ڕەشمەی ئاسنیان خستە دەممەوە
زریزەیەکی درێژیان لە مل کردم
چەقۆیەکیان دایە دەستم
قەڵغانێکیان لە سینگم بەست
کۆت و بەندیان لەپێ کردم
گەردیان لە ڕۆژ کردم.
پتر له جارێک کلیلیان دام

بەڵام لەبیریان چوو دڵم کلیل بدەن
ئەو کات بۆنی خۆشەویستی بڵاوبووەوەو
کۆت و بەندەکانی تێکشکاندن.

# 22ی ئاب : ئەمە چ نیشتمانێکە!

ئەو نیشتمانەی کە خۆشمان دەوێت
بوو بە گۆڕێك و یەك یەك داماندەپۆشێت
لەبری ئەوەی لە ئامێزمان بگرێت
بەرەو سەرگەردانیمان دەبات
بەپێ خواس بەدواماندا ڕادەکات
ئەو نیشتمانەی خۆشمان دەوێت دەستی تێکئالاٌومان لێك دەکاتەوە
گرووپ و پارتگەل و هۆزگەلمان لێ دروست دەکات و
تێلی دڕکینمان لەنێواندا دادەکوتێت
لەبری ئەوەی لەناو یەك تەرازوودا دامانبنێت
لە لیستگەلی ڕەش و سپی و سوورو زەرددا ناونووسمان دەکات...
لەبری ئەوەی وامان لێ بکات ئەوە بڵێین کە بیری لێ دەکەینەوە
زارمان دەدروێتەوە
سەرمان پان دەکاتەوە
یاری بە چارەنووسمان دەکات
لەبری ئەوەی کاروبارمان بەڕێوە ببات
سزای مەرگ و ڕەوکردن و ترس و ئەشکەنجەمان بەسەردا دەدات
ئەو نیشتمانەی خۆشمان دەوێت گوێمان پێ نادات
نە مردووەکانمان وای لێ دەکەن غەمگین بێت
نە منداڵەکانیشمان وای لێ دەکەن دڵی نەرم بێت
نە دەربەدەرەکانمان وای لێ دەکەن پەند وەربگرێت.

کاتێك بە دانیشتووانی ناوی دەڵێن ... تێیدا دەمێننەوە، ئەوانیش دەڵێن : پەنامان بەخوا...

کاتێك بە ڕەوکردووەکان دەڵێن هەر دەگەڕێنەوە ئێرە .. ئەوانیش دەتۆقن.

کاتێك بەوانە دەڵێن کە گەڕاونەتەوە تێیدا دەمێننەوە... درڕ دەبن.

کاتێك بەوانە دەڵێن لێی هەڵاتوون: بۆ کوێ؟ دەڵێن زەوی خواوەند بەرین و پانە.

نیشتمانێك ژەهراویت دەکات کە ماچ دەکرێت

لە پشتەوە خەنجەرت لێ دەدات کە لە باوەش دەگیرێت

لوولت دەدات کە هەڵدەکات

لاڵت دەکات کە دەدوێت

دەتگریەنێت کە پێدەکەنێت

ئەمە چ نیشتمانێکە؟

# 23ی ئاب : چەندە جوانی بزربوو

جوانیم بە ئافرەتان بەخشی
قسەم بە جوانی بەخشی
بەسەر ئاوەوە دوای شەبەنگەکانیان کەوتم
لەوان، هیچ شتێکم بە دەستەوە نەماوە، تەنیا ئەم دەستەسڕانە نەبێت
هەرکە دوورتر بکەومەوە بۆ ڕابوردووی بەرز دەکەمەوە.
کاتێك تەقینەوەکان بەیانییان لە ولاّتەکەم ڕادەگەیاند
لەپڕمەی گریانم دەداو دەمگوت:
چەندە جوانی بزربوو؟
چەندە ناشیرینی زاوزێیان کرد؟
بەرەو تاریکیی خۆم سەردەکەوم
بە وشەگەلی خۆڵین، ئەم ژانە تۆمار دەکەم
چۆن کۆترەکان بۆ هێلانەکانیان بگێڕمەوە؟
چی دی ماڵی پاکژمان نەماوە
چی دی شەقامگەلی بەرینمان نەماوە
چی دی ئەو کوڕانەمان نەماون خەون ببینن
لە ڕووبارێکی لەناوچوویان داناوین و
خۆڵیان بەسەردا کردووین.

# ی24 ئاب : ڕازاندنەوەی هەتاوی

هەتاو میوزیکەکەی سەر شانی وشك کردمەوە
سەبەتەکانی ڕۆژم بەربوونەوە سەر زەوی
لە ولاٌتێکدا میوزیك چ سوودێکی هەیە
کە بێجگە لە دەنگی تەقینەوەو چەك هیچی دیکەی تێدا نەبیستریٌت؟
ڕووبارەکان چ سوودێکیان هەیە
مادامەکی دەبێتە گۆڕی تەرمە سەرگەردانەکان!
هەتاوە بادەکەی ناو زارو ناو دڵی وشك کردمەوە
بادە چ سوودێکی هەیە
کاتێك خەڵك بیٌ ئەو بە شەقامەکاندا لەتر دەبەن!
هەتاو وێنەکانی وشك کردمەوە
وێنەکان چ سوودێکیان هەیە کاتێك لەناو تەمومژی ڕەشدا بتوێنەوەو خاوەنەکانیان بزربن.
هەتاو کۆتەڵەکانی وشك کردمەوە
یاساو داستانەکان چ سوودێکیان هەیە
کاتێك بە قازمەی شوانەکان هەڵبکۆڵرێن و
لە مۆزەخانەکان بدزرێن؟
هەتاو ڕوحی وشك کردینەوە
دنیا چ سوودێکی هەیە ئەگەر ئەو دنیا گڕو کلٌپەی خۆی پیٌشانمان بدات
بەلاٌم هەتاو کە هەر هەموو ئەمانە وشك دەکاتەوە
هێشتە دڵی سارد نەبووەتەوەو ...
لە کەلیش ئاوا نەبووە.

## 25ی ئاب: کارێکی نەکەردەنی بوو

کارێکی نەکەردەنی بوو
بە قەڵغانی کاغەزینیم خۆم لە تیرە زەردەکانیان بپارێزم
ڕێ نەدەم سەرم بە بارانە ڕەشەکەیان تەڕ ببێت
پاساری بوو بە قەلەڕەشکە
کۆتریش چی دی گۆرانی ناچڕێت
منداڵەکان پیربوون و بوون بە سەرباز
بۆنی یاتاغەکان هەموو وڵاتی گرتەوە
گەشانەوەی ئەستێرە بەسەر شانەوە تەشەنە دەکات
بریسکەی مەدالیاکان بەسەر سینییەکانەوە ئازارەکانی ئێمەی بیر بردنەوە
سروودەکان لە شەقامەکانماندا پەرەیان ستاند
بەڵام بە غەمەکانمان پێچرابوونەوە
هەر پیاوێك بەر ببێتەوە
دارخورمایەکی لەگەڵدا بەردەبێتەوەو
ڕووبارێکی نوێی خوێن بەژێر مێژووماندا تێدەپەڕێت
بەم شێوەیە وڵات بە وتاردان گڕی گرت
بەم شێوەیە شاعیرانی درۆ بەرەو کۆشك ڕایانکرد.
کارێکی نەکەردەنی بوو
لە سەنگەرو بەربەستە خۆڵینەکاندا پێشڕەوی بکەین
بەم شێوەیە گوڵەکانمان لەدەست کەوتنە خوارەوە

بەم شێوەیە گۆڕی درێژمان بۆ خۆمان هەڵکەند
تێیاندا ئێسکەکانمان بە بادەی ڕەش ئاو دا
تێیاندا ڕاکشاین ...
کارێکی نەکەردەنی بوو
بە زیندوویی بمێنینەوەو
ئەوەمان بیربکەوێتەوە کە ڕووی دا.

# 26ی ئاب : لاوانەوە

بە ژیانم گوت کە بەرەو گەرد دەچوو
با کەمێك گۆرانی بچڕین
وەك چۆن باب و باپیرانمان لە زەلکاوەکان دەیانچڕی
یان لەو شارانەی بوون بە تەپۆڵکە خۆڵ!
با کۆتاییە بەرینەکانی بەردەممان بسڕینەوەو
بە تۆو خۆمان داپۆشین.
با ئەو مسە ببڕینەوە
لەناو لاقمان دەرکەوتووەو هەنگاوەکانی قورس کردووین.
ئەی ژیانم با گۆرانیی ڕوحە غەمگینەکە بچڕین
چوون باب و باپیرە جووتیارەکانم کە گۆرانی (لاوانە) دەچڕن
با بۆ خۆمان ژانێکمان هەبێت چوون بزمار ئێسکمان هەڵکۆڵێت
وشەگەلی ڕەش لە کونەکانی پێستمانەوە دەردەچن
پاش ئەوەی ئاسمانمان پڕ لە پەموو کرد.
سەگە شینەکان لەناو ئاوەکانمانەوە دێنە دەرەوەو
دەمانخۆن.
ئێوەیش هاوڕێکانم
گوێ لە نەخۆشێك بە نەخۆشیی سینگ (سیل)ی وەك من دەگرن
ئایە ئارەزوو دەکەن گوێ لە گریانم بگرن.
گورگەکان گوێیان لێ گرتم و دڵیان پێ سووتام

شێرەکانیش گوێیان لێ گرتم و سەریا سپی بوو

درەختەکان گوێیان لێ گرتم و چەمانەوە

ئەی هاوڕێیانم لێم دەبوورن

من گێمەکەم لەگەڵ تەواو نەکردن و

ڕۆژەکانی ئێوەم بە ڕووخۆشی و شادی چەور نەکردن.

# 27ی ئاب : بە ئوترێك (*) دەڕۆم

بە ئوترێکی دزراو دەڕۆم

هاوکات لای ڕاستمەوە غەمەکانم بە ئوترێك دەڕۆن

لە شەقامەکان دەپەڕمەوە تیشکی پێشەوەم بەردەبێتەوە

هاوکات ژیانم تیشکی پێشەوەی لەدەست دەدات

لە شۆستەکان دەپەڕمەوە تیشکی پشتەوە بەردەبێتەوە

هاوکات ژیانم تیشکی پشتەوەی لەدەست دەدات

تووشی کۆمەڵێك ئافرەتی جوان دەبم

دەستم دەلەرزێت و ستێرنەکەیش دەلەرزێت

هاوکات خۆشییەکانم دەلەرزن

چەندان سەگم تووش دەبن جارێك بە حەپین و جارێك بە شێوەیەکی دۆستانە ئاماژەم بۆ دەکەن

منیش دەستەسڕەکەی خۆمیان بۆ فڕێ دەدەم

هاوکات غەمەکانم دەستەسڕەکانیان بۆ فڕێ دەدەن.

چەندان کوڕم تووش دەبن بە جانتاکانی فێرگەوە هەڕادەکەن

چاملوغی تایەکان بەردەبنەوە

هاوکات چاملوغی ڕۆژەکانم دەکەونە خوارەوە

تووشم دەبێت بە تووشی گۆرانیبێژو میوزیکژەنەوە هەراو هوریایانەو پەرداخەکانیان بڵنددەکەنەوە

بۆدی ئوترەکەم بەردەبێتەوە

هاوکات ئەستوونەکانی ساڵەکانم هەرەس دەهێنن.

بە مۆلەق بە ئاسمانەوە دەمێنمەوە

تاک و تەنیا دەڕۆم

هەرچی ژیانمە نازانم بۆ کوێ ڕۆیشت؟

---

(*) ئوتر: ئۆتۆمۆبیل.

## 28ی ئاب : بە فرمێسکەکانم گوت

بە فرمێسکەکانم گوت کە لەناو ئێسکمدان
بۆچی تا ئەم ڕادەیە دڵڕەقن
چەندان خۆشەویست ڕۆیشتن
چەندان خۆشەویست ئێرەیان بەجێ هێشت
چەندان خۆشەویست گۆڕان
بۆچی نایانشۆنەوەو جوانیی ئەوسایان بۆ ناگێڕنەوە؟
بە فرمێسکەکانم گوت کە لە هەردوو دەستمدان: بۆ کوێتان ببەم؟
کە بە کەڵکی ڕواندنی گوڵێك نایەن و
بە کەڵکی چاککردنەوەی برینێك نایەن.
بە فرمێسکەکانم گوت کە لەناو پەرداخەکەدان
ئێوە سەرخۆشم ناکەن و وام لێ ناکەن شت لەبیربکەم
تینوویشم ناشکێنن.
بە فرمێسکەکانم گوت کە لەناو کتێبدان
چی دی لەگەڵ من نین
ئێوە بوون بە بازێك غەمەکانم دەنووسێتەوە
وام لێ هاتووە وەك دوێنێیەکی ڕەنگ بڕوسکاو دەتانبینم و وەك سەردوێلکەیەك دەتانخوێنمەوە.
بە فرمێسکەکانم گوت کە لە چاومدان
کەی شەکەت دەبن؟
فرمێسکەکانم گوتیان: هەردوو چاوت بۆ دەگێڕینەوە
بەڵام ئێمە بە تەنیا دەڕۆین.

# 29ی ئاب : ئەم ڕۆژانە باڵندەکان نەفڕین

ئەم ڕۆژانە باڵندەکان نەفڕین
تەلەفۆنەکان زرنگەیان نایەت و
بۆ گریانیان گۆڕیوە
ئەو قسانەی لە ماڵەکانمان فرمێسکیان لێ دەڕژا
لە ئاوابوون و
لە مەرگیان ئاگەدار دەکردینەوە
کە زاوزێمان تێدا دەکات.

ئەم ڕۆژانە باڵندەکان نەفڕین و
ئاسمانی بە دووکەڵ پیس بوویان پێ باش نەبوو
سەگەکان کەوتن و پشیلەکانیش لەناو درەختەکاندا ماڵیان بۆ خۆیان دۆزییەوە
هەرچی ئێمەین بەوە قایل بووین کە ڕووی دا
لە ماڵە گەرمەکانی خۆماندا نووستین.

ئەوانەی بۆ ڕووبارەکانمان گریان و
چوونە ناو گەردەلوولە فڕێ دراوەکەی دەرەوەی شارەوەو
ئەوانەی سەیری خوانە درێژەکەی دوایەمین شیویان کردین
ئەوانەی لەکۆکردنەوەی ماسی لە تۆڕەکەمان پێ درێژییان کردو
ئەوانەی بە ئۆتۆمۆبیلی ئاگرین بەرەو هێلانەکانمان بزووتن
هەر هەموو ئەوانە پاش چەند چرکەیەك دوای مردنیان دەرکیان بەوە کرد کە دەچنە دۆزەخ و
بەهەشتە کون بووەکەی ئێمە
هەنگوین و ماستیان بۆ نادڵۆپێنێت.

# 30ی ئاب : مەدالیا

سەیری ئەوانەم کرد مەدالیایان بە سینگەوەیە لە کەناری دەستەڕاست

میدالیایەك لە پێناوی خوێن ڕشتنێکی زۆرتر

میدالیایەك لەسەر شان لەپێناوی سەرکەوتن

میدالیایەك ڕێ لە دزی دەگرێت

میدالیایەك بۆ بەکارهێنانی چەك

میدالیایەك بۆ ڕفاندن

میدالیایەك بۆ لێدان

میدالیایەك تا ئەوانی دیکە لەبەر بریسکەی ببوورێنەوە

میدالیایەك جنێودەدات

میدالیایەك هەر چەقەچەقیەتی

میدالیایەك فەرمان دەدات

میدالیایەك دەلێت نەکەیت.

سەیری ئەوانەم دەکرد لەکەناری چەپ بە میدالیاکانەوە سەریان قاڵە

میدالیایەك لە باران

میدالیایەك لە ڕووناکی

میدالیایەك بەسەر چاوی دایکانەوە

میدالیایەك بەسەر لێوانەوە پاش ماچ کردن

میدالیایەك بەسەر هەر ئەژنۆوە لە بریسکەی بەپیتی

میدالیایەك بەسەر باڵی پەپوولەوەکانەوە

میدالیایەك بەسەر مەڕمەڕی مەمکەوە

میدالیایەك بەسەر گەردنی ئاگرینییەوە
میدالیایەك بەسەر پەرداخەکەیەوە کە گۆرانی دەچڕێت
میدالیایەك بەسەر سەماکردنییەوە لە کێڵگەکان
میدالیایەکی ئەڵماز لە ماچی خنکاو
میدالیای سروودخوێندنەوە دڵان چەور دەکات
میدالیای جوانی دەکرێتەوە.
ئەو میدالیانەی لە کەناری دەستەڕاستن ژەنگ دەگرن و لەناو دەچن
ئەو میدالیانەی لە کەناری دەستەچەپن تا دێت دەبریسکێنەوەو زازوزێ دەکەن.

# 31ی ئاب : ئاوێکی غەمگین

*بۆ شەهیدانی پردی ئەئیمە لە یەکەمین یادوەرییاندا*

**بۆچی ئاسۆ دەبینم ڕەشی پۆشیوە؟**
**بۆچی ڕووبارەکە دەبینم قڕولیتەی زۆرتر بووە؟**
**ئەی ئەم مەرگ و خۆڵەمێشە لە کوێوە هات**
**بۆچی گوڵی ڕوح دەبینم دەخنکێت، یان**
**بەسەر ئاوەوە پەرت و بڵاودەبێتەوە؟**
**بۆچی پردەکە دەبینم دەگریت؟**
**بۆچی پشتی دەبینم گینگڵ دەدات؟**
**بۆچی خەڵکەکە دەبینم، تۆقیون و، هەڵدێن**
**چۆن ئەم خەڵکە زۆرە و ئەم چاوانە ڕێك بخەم**
**چۆن ئێراقێکی بێ ژان، یان شێتی دەبم**
**خۆڵەمێشەکانیان بە هەردوو دەستەوەیە**
**چاو... باڵ ...ڕستەگەل... پەڕۆپاتال**
**ئاوێکی خەڵتان لەناو دژلەدا دەکوڵێت**
**لە لوولەی زەوییەوە دەنگێك بلند دەبێتەوەو منیش هەناسەیەك هەڵدەکێشم**
**چییەتی؟**
**ترپەی دڵی هەڵدەنووتێت**
**ڕەنگی هەردوو دەستی گەردە**
**دەنگی بەهۆی ئازارو ناڵەوە پچڕ پچڕ دەبێت.**

**ئەستێرەگەلی تەمومژاویم تێدان بەو زیانانەدا ڕۆدەچن کە**
**ئەقڵی لێ ستاندم و منیش لەگەڵ بەغدا**
**ئەم سرووده دابەش دەکەم کە بەناو ئێسکەکانی و ئێسکەکانمدا دەسووڕێتەوە**
**جۆلاکان شەقامەکانی بە تەقەمەنی دەوردەدەن و هەموو شتێك**
**بۆمبڕێژکراوه تەنانەت بارانیش.**
**تەنیا زوڕناکان هاوار دەکەن و سەگەکانیان بە پەتگەلێك**
**ڕایاندەکێشن، تەنیا چاوەزاری خوێن لەناو بادا**
**غلۆر دەبنەوە، فرمێسکەکانی مەسیح و فرمێسکەکانی عەلیم بینی**
**گەردوتۆزی ڕۆژگار لەناو چاواندا کەڵەکە بووبوون.**
**تەون باڵندەکان دەڕفێنێت چراکانیش دەکەونە ناو**
**بیرەوە، ئەم هەموو تەقینەوەی خوێنە لەکوێوە هات؟**
**تەرمەکان کەڵەکە بوون و زاناکانی تاریکیش بەسەر پشتی**
**ئەسپە بریسکەدارەکانیان پاش تەقینەوەکان سەیرانیان دەکرد.**
**لەیادمە ئێراقم لەسەر دەفتەرەکەم هەڵگرت**
**ئێراق لەسەر تابلۆی پۆلەکە بوو**
**ئێراق بۆ کتێبەکانم غەمگین بوو**
**لە دەنگی دایکمدا ئەی نیشتمانم کەمێك گوڵ...ئەوجا دەبین.**
**کەمێك خۆشەویستی .. بڵند دەبینەوە**
**بەڵام تۆ دەتناڵاند**
**کەمێك...**
**بەڵام لە تووڕەییدا هاوارت دەکرد.**
**ئەی ئێراقی شین گێڕانەکان بەسیەتی**
**خۆ تۆ بوویت بە گۆڕێکی گەورە بۆ ئێمە**
**تۆمان بە ڕووناکی بە ئاوی چاو هەڵگرت**

کەچی ئەوەتە تۆ لەناو دارتەرمدا بە کۆڵماندا دەدەیت
تۆمان وەك ڕووبارێك بە قەد قەدی خۆماندا هەڵگرت
وەك هەتاوو ئەوین و ڕووناکی هەڵمانگرتیت
کەچی ئەوەتە تۆ بەرەو تاریکی و لیتەمان دەبەیت

**دەنگێکی بەرز لە ناو ئاوەکاندا: ڕێگەکان بۆ ئادەمیزاد بکەنەوە،**
**بەڵام چەند تیرێك خوێناوییان دەکات، پەرداخەکە هەپروون بە هەپروون دەبێت ...**
**منارەکە درز دەبات**
**کێ ڕاستی دەڵێت: مرۆڤ، یان ئایدیا؟**
**مرۆڤ لەنێوان زەوی و ئاسماندا ڕووت ڕادەوەستێت ڕەشەبای ڕۆژگار**
**قامچی لێ دەدات... جەستەی چوون بێستان دەکرێتەوە، ئایدیا لەسەر سەر، چوون**
**قەلەڕەشکە ڕادەوەستێت، ئەقڵ دەخوات. مرۆڤ**
**چوون گۆزە تێکدەشکێت.**
**دەنگێکی بڵند لە دژلەوە: ڕێگە بۆ ئێراقی بکەنەوە تا ببێت بە مرۆڤ.**
**بەڵام فەقیهەکان ڕێگەکان چوون گلێمە کۆن لوول دەدەن و**
**لای ڕێڕەوەکان دەزووی جاڵجاڵۆکەکان دەچنن. تیرەکانی خوێن بەسەر ئاو دەکەون، دژلە**
**دەڵێت: بەکام ڕووبارم دەچوێنن، چ ڕووبارێك وەك من بەم خوێنە سوور بووە، گۆڕەکانی**
**قورەیش لە کازمییە و گۆڕەکانی بەرد لە ئەعزەمییە دەڵێن**
**چۆن هەموو ئەم سەرانە لێرە کەوتنە خوارەوە. بۆ سەرەوە**
**چاو بەرزبکەنەوەو سەیری ئەستێرەکان بکەن لەنێوان خۆیاندا هاوار دەکەن**
**بەشکو بازنەی مەستانی ڕووناکی ڕووناك بکەنەوە لەسەر ڕیتمی دەف لێدان**
**جارێك سەریان بەرەو لای ڕاست و جارێك بەرەو لای چەپ دێنن و دەبەن.**
**چەندان پۆلە باڵندەی فریشتەگەل تەزبیحات دەکەن و دەم و چاوان دەشۆن.**

ئەی ئێراق بۆ کوێمان دەبەیت؟
بۆ کوێ کە ڕێگەکە درێژتر بووەوە؟

بوو بە هاوار
لە کاتێکدا ئاگر لە هەموو لایەك و لە هەموو بایەکەوە هەڵیکرد
تۆیش بە ئێمەوە نە دەنوویت و نە پشوو دەدەیت
بۆ کوێ ... ئەی خاکی ڕەشایی؟
بۆ کوێ ... ئەی خاکی پرسە؟
چەند برین بدروینەوە؟
چەند وێرانە دوور بخەینەوە
تا جوان و شیرین بیت؟
چەندان قوربانیت دەوێت تا هێور ببیتەوە؟
چەندان پێداهەڵدان؟
بۆ کوێ لەکاتێکدا خاك پیری کردین؟
ئێسك و پرووسکی خۆشەویستانمان هەڵگرت و پێیانەوە سەرکەوتین
ڕەشایی بالاپۆشەکان کە کەنارەکانی دژلەی داپۆشیوە
خۆڵی چاوان کە تیشکیان بە منارەکانەوە هەڵواسران
ئەو دەستانەی کە بەرزبوونەوە تا بگەنە پەتی ڕزگاربوون و نەیانتوانی
ئەو لێوانەی ڕستەکانی خواوەندیان گوتەوە
یان ئەوەند هاواریان کرد نووسان
کەواتە بۆچی ئەی ئێراقی پرسەو سینگ کوتان؟
بۆ کوێمان دەبەیت لەکاتێکدا شان و سەرمان خوێنیان لێ دەچۆڕێت
ئەو چاوانەی بە گریان ماڵئاواییان لە ڕووناکیی خۆیان کرد

**لە شوێنێکی بەرز بەو، سەرکەوەو بە بەغدا بڵێ بە هۆی هەر هەموو ئەوانەوە پیرۆز بوویت، بڵێ تۆ دێییت بۆ شارەکان و دەڵێیت کێ وەك من هەر هەموو ئەم ئاه و ناڵەی هەیە. بڵێ ئەو ڕەگی خوێنانەی هەتن زۆرن بەسەر بەردەکانتدا ڕژان.**

**مـنارەکان چەوتانەوەو دەرگەیش درزی برد ، بە شارەکان**
**بڵێ خواوەند بە سروەیەك فووی تێ کردم و گۆماوە سیانکەکان**
**بوون بە هەڵم و وشەکان لە بێستانەکانی لمدا پەرت بوونەوە.**
**کێ وەك من سەری ڕووشاوەو تەوێڵی تا ڕۆژگارێکی درێژی وەك ئەمە بەستراوەتەوە. من**
**دایکی شارە خوێن لێ ڕۆیشتووەکانم، دایکی ئەشکەنجەی هەمیشەییم،**
**من مەسیحی شارەکانم، خەڵك بە ڕۆنی ڕوحیان چەوریا کردم و نگینی**
**شانازیی خۆیان لەبەرکردم، بڵێ تۆ تەنیا موسوڵمانی شەهیدیت لەنێوان**
**پایتەختەکاندا، چەند جاریان کوشتیت؟ چەند جار جلەکانیان تاڵان کردیت، چەند**
**جار ئێسکەکانیان دەرهێنایت، بڵێ تۆ شاری قوربانیی**
**زانایانی بیانیت هەموو ڕۆژێك بەسواری ئەسپە بریسکەدارەکانیان بە شەقامەکانتدا**
**سەیران دەکەن.**

**قورئانی لە سینگدایە خۆی پێ دەپارێزێت، یان بەرسڤی مەرگ دەداتەوە**
**ئەم نەخۆشەی لەوێ دایانپۆشی**
**وەك بڵێیت بێ تاوانیی هەموو شەونمەکان و**
**(سوبحان)ی هەموو مەودایان لە هەردوو دەستدایە**
**ئەو ڕۆژگارە... کازم هەستا**
**گریاو نوێژی کرد**
**گۆڕەکەی لەنێوان ئێوارەو ئاوەکاندا بە مۆلەق وەستاوە**
**ئەوانەی دەگرین... خنکاوەکان بینییان**
**چوون ئەستێرەیەك بوو**
**فرمێسکی لێ دادەچۆڕا**
**وەك پشکۆ دەگریا**
**خەڵکەکەیش دەخنکان**
**شەپۆلگەلی ڕووبارێکی پڕ برین ڕایاندەماڵین.**

تەقینگەی خوێن نزیك تەقینگەی ئاوەکانە
تۆڕو دڕك لەنێوانیاندا بوون، بەڵام لایانبرد
بۆیە خوێنەکە تێکەڵ بە ئاو بوو ئەوەیش نیشانەی تۆفان بوو
کازم هەستا و (نوعمان)ی هەستاند، گەیلانی هەستاند، گۆڕەکانی
قورەیش کەوتنە جووڵە، سۆفیگەرەکان لە دەوری سوورەتێك دانیشتن شووشەیەکی
تێدا دەبریسکایەوەو کوپی تێدا لێکدی دەدرا، سەرو بەژنیان بەرەو
لای ڕاست و لای چەپ  جووڵاندەوەو درەختەکانی چوار دەوریان لە بازنەیەکدا بزووتن و
ماڵەکانیش لەبازنەیەکدا بزووتن و ئەستێرەکانیش جووڵانەوە.
حەلاج هەستایە سەرپێ و لە دەفی ڕێبازی دەدا و لە ناویەوە
هەورەکانی ڕاکێشا و بەسەر بیرە قووڵەکەیدا نووشتایەوە، بەجامی
پشکۆ ئاوپرژێنی کردین، جونەید گوڵی بەسەر تەرمەکاندا بڵاوکردەوە،
بەزەیی بە دەستانەوە دەرکەوت چوون چەپکە گوڵێکی زڕ
هوشداری تۆفان بڵند دەبووەوەو بۆمبڕێژکراوەکانیش خەڵکیان دروێنە دەکرد
ئەو کاتەی لافاوی ئێراق بە تەواوەتی هەستا
فەقیهە بیانییەکان لاقی ئەسپەکانیان لە خوێن دەسڕییەوەو
لەسەر سنوور ڕادەوەستان و بریقەیان دەهات و بزەیان دەهاتێ.
لە ئێراقیش، تەنیا ئاوێکی غەمگین دەکشا.

# نزاگەلی ژێر کراو

## ئەیلوول

# 1ی ئەیلوول : تارمایی

ئەی تارماییە باریکەلەکە بۆچی دەموروژێنیت؟
بۆچی هەموو شەوێك بۆ ئەم سنوورەم دەهێنیت؟
ئەی ڕوحی سەرگەردان بئاخڤە
بئاخڤەو پێم بڵێ چ ئازارێك لە جیهانی خۆت دەریکردوویت
دەتەوێت چ نهێنییەکم پێ بڵێیت؟
دەتبینم بەباڵندەگەل دەور دراویت و هەڵدەکوتیتە سەرم و لە ماڵەکەم دەرمدەهێنیت و
منیش دوات دەکەوم
ئاماژە بەو بێستانانە دەکەیت لای ڕۆژئاواوەن
پێت دەڵێم: ئایە ئەو لەوێیە؟
ئاماژە بە خۆت دەکەیت
دەڵێم ئایە تۆ لەوێیت؟
دەستم دەگریت و دوورم دەخەیتەوە
ئەی گەڕیدەی سەرگەردان هەر هەموو ئەمە چی بۆ تۆ دەگەیەنێت
چیت دەوێت...؟
با باش تێت بڕوانم
با دەمامکەکەت لابدەم
ئاخ ئەگەر کوڕەکەی من بیت
ئاخ ...
چ نهێنییەکت شاردووەتەوە
دەتەوێت چیم پێ بڵێیت؟

# 2ی ئەیلوول: ئاواز ژەندنێك هەیە مرۆڤ برووخێنێت

گەردەلوولێك لە ناخمدایە دەخولێتەوە

باران و برووسکە

ڕووبارگەلی غەم

بێ دایك و باوکان دەستیان بۆ بڵند دەکەنەوە

کوژراوەکان بۆ لای خۆیان ڕایاندەکێشن

بێوەژنەکان دەچنە ناوەندیانەوە

بەڵام من سواری بەلەمێك دەبم و بەناویدا دەخولێمەوە

چەندان شار دەبینم لە ناخمدا نانوون

چەندان دەرگەی تێکشکێنراو لەسەر ڕێگەم دەبینم

پشکۆی گەش لە ئەشکەوتەکانم دەبینم

چەندان شمشێر دەبینم لە وڵاتەکەم دەبریسکێنەوە.

گەردەلوولێك هەیە ڕاناوەستێت

وادەکات بە چەقۆ هەوا بدڕێنم

دەیبینم لە چاوی منداڵاندا سوورە

گەردەلوولێك هەیە هەر چرکەو دەمکوژێت

بە چەوگانەکەی بەردەکان دوور دەخاتەوە

گۆرانیگەلێك هەن لە وڵاتدا بێ کەڵك بوونە

گۆرانیبێژێلێك هەن گەرووی خۆیان فرۆشتووە

دەهۆڵژەنگەلێك هەن شەوو ڕۆژ دەهۆڵ دەژەنن

ئاوازژەندنێکیش هەیە مرۆڤ برووخێنێت.

# 3ی ئەیلوول : ئەی ئازادی

ئازادیم نەدیوە تەنیا لە ناخمدا نەبێت
هەموو کۆتەکانی خۆم تێکشکاندو
هەموو دەرگەو پەنجەرکانی خۆم کردەوە
ئازادی خوێنمە
بە هۆیەوە جیهانم ناسی
شیعرم پێ نووسی.
کوڕەکەم داڵەکان بردیان
هەردوو ئەژنۆم نەچەمانەوەو
نەکەوتمە ناو بیرەوە.
لە دەرەوەی خۆم ئازادیم نەزانیوە
لە فرمێسکی ئەو لە چاوی خۆمدا دەمبینی
با هەر هەموو فێڵەکانی جیهان بەرەو لای من پێشڕەوی بکەن
با هەموو تاریکایی جیهان پێشڕەوی بکەن
با هەموو کەشتیگەلی دزێوی جیهان پێشڕەوی بکەن
بەڵام ئەی خۆشەویستە هەمیشەییەکەم دەستت لێ هەڵناگرم
نیشتمانەکەم تارمایی تاریکایی ڕفاندی
نیشتمانەکەم بزرکرد کاتێك لە شەقام دەپەڕیمەوە
هاوڕێکانم بە کیشوەرو دەریاکاندا پەرت و بڵاوبوونەوە
بیرەوەرییەکانی خۆم لە جومگەکانمدا ناشت
ئەی ئازادی کە تۆ کانییەکی بەپیتی لە ناخمدا
ئەی ئەو ئاسمانەی بەبێ باڵ تێیدا دەخولێمەوە

ئەی ئەو تاکەی هێزم پێ دەبەخشێت

ئەی ئازادی...

ئەی جمکی شیعر

ئەی جمکی جوانی.

## 4ی ئەیلوول : تەرمی خۆمم بە دوای خۆمدا ڕاکێشا

لەسەر سەرمەوە گوێم لە کەشتیی ڕۆژگارە دەڕوات
لەژێر خۆیەوە ڕامدەکێشێت
هیچ شتێکم پێ نییە لەگەڵ خۆم هەڵیبگرم تەنیا ئەم غەمانەم نەبێت
ئەو ڕابوردووەی پێ ئاوڕ دەدەمەوە
کە بەسەرم بردو تێیدا بەناو کێڵگەکانی ئافرەتان و بادەدا بازم دەدا.
بە وێرانەکەم دەڵێم
بۆچی ڕەشتر دەبیت و
بۆچی تا دێت پتر گیرۆدەت دەبم
ئاگری ئاسمان لە ناخمدا کزتر بووەو
گڕی ئاگری خوارەوە پتر تەشەنەی کردووە
پێیەکانم بە قەفەزگەلی بەتاڵدا ڕۆدەچن
مۆمگەلێك سەرم دەخۆن
خەرمانەکان باش بوون
هاوارەکانم تێکەڵ بوون بە گوڵ
قوربانییەکان جنێویان بە جەژنەکانم دا
سەبەتەکانی بروسکەکان نێچیرەکەیان تالآن کردم
تەرمی خۆمم لە دووی خۆم بەرەو دەریا ڕاکێشا
بەڵام دەریا ڕووی خۆی لێ وەرچەرخاندم
تۆ بڵێیت بتوانم چی بکەم
ئایە سەرلەنوێ، تەرمەکەی خۆم لە ناخمدا بنێژم؟

# 5ی ئەیلوول : ئەمستردام

لە ئەمستردام
خانووەکەی ڕامبرنت لە بەردەممدایە
لە نیوەڕۆیەکی خەواڵوودا
سەرمایەکی خۆش و پەرداخی بادەی گەرم لە جەستەمدایە
ئەو ژانانەم تێپەڕاند
وەك چۆن ئەم شارە تێدەپەڕێنم
ڕووباری (ئەمستل) لەژێر هەنگاوەکانمدا دەپەڕێتەوە
ڕووبەندی خانووە بڵندەکان، کە پەنجەرەیان زۆرە، کپن
کەشتییە بچووکەکان کە لە هەردوو کەنارەوە لەنگەریان گرتووە
ئافرەتە بازدەرەکان چوون ئاسکی کێوی
هیچ شتێك نییە بمترسێنێت تەنیا ئازارەکەم نەبێت
چۆن بتوانم ڕۆژەکانم دەستەمۆ بکەم؟
وەك ئەم سەگە گەرمانە
ئەو لق و پۆپانە لە کوێن کە دەستم بۆ درێژ دەکەنەوە و
لەم جوانییەم ڕزگار دەکەن؟
ئەو باڵندانە لە کوێن بارەکانم پێ پێشان دەدەن؟
شەقامی ڤینۆسەکان خۆشەویستی بە ڕێبواران دەبەخشی
جوانەکان لە موغازەکاندا دەستی خۆشەویستییان بڵند دەکەنەوە
ڕامبرانت 400 بە غەمگینییەوە سەیرم دەکات:
ئەی شاعیرە غەریبەکە لێرە چی دەکەیت؟
هێشتە هەنگاوەکانت لێرە بێ گوناهن

**ڕێ مەدە غەم دزە بکاتە ناختەوە.**

**ـ هاوڕێم باشە... بۆچی تۆ بەم شێوەیە غەمگینیت؟**

**ـ چونکە خۆشییەکانم لەناو تابلۆکانمدا ناشت**

**کە دەبوو بیانگوزەرێنم.**

# 6ی ئەیلوول : پێڵاوە زێڕینەکەم

تریەی پێڵاوە زێڕینەکەم،

کە هەموو تەمەن پێوەی ڕۆیشتبووم،

دەنگی دەدایەوە.

کاتێك گەیشتمە لێوارەکانی پاییز

چێژەکانم لەناو قۆرتی درێژدا ڤەشارت و

تووك و نزام بۆ خۆشەویستانم خوێندەوە کە دەیانویست بۆ دوایەمین

پیاسەیان بچنە دەرەوە

ڕەنگی ئەو قەلەڕەشکەیەم بۆ جودا نەکرایەوە کە لە پێشی دام

ڕەش نەبوو

ڕەنگی کۆن بوو.

ئەو پەنجەرە بچووکەی لێوەی بە ڕووی ڕۆژەکانی دادێمدا ڕوانیم

بە تێلەدڕکینە چواردەور درابوو

چاوم خوێناوی بوو لە پاشماوەی ڕێگەکەی دەنۆڕی

هەرچی پێڵاوەکەم بوو کە هەموو تەمەن پێی ڕۆیشتبووم،

چی دی لە زێڕ نەبوو

بەڵکو بوو بە بەلەمێك لە تەختەو قیر دروست کرابوو بەرەو دۆزەخ غلۆر بووەوە.

# 7ی ئەیلوول : فیلم

له تاریکی ڕاهاتین
پاش ئەوەی سەرکردەکان گڵۆپ و مۆمەکانیان کوژاندینەوە
پاش ئەوەی ئەستێرەکانیان لە ئاسمان ڕنییەوەو
بە گەردنی سەربازە غەمگینەکانیانەوە هەڵواسی
لە ئەستێرەکان دەمانچەیان دروست کردو
بەسەر بەستەزمانەکانیاندا دابەش کرد
نانی لە تەنەکەیان لێ دروست کردو
دەرخواردیان داین و
ددانمان شکاو ڕیخۆڵەکانمان پارچە پارچە بوون
پۆستاڵ و پشتوێنیان لێ دروست کرد
بۆ ئاهەنگە بریسکەدارەکانیان ڕۆژژمێریان لێ دروست کرد
لە ڕۆژەکانی ئێمەیش دەفیان دروست کردو بە ئاوازەکانیان هەڵیانپەڕاندین
لە شمشاڵەکانمان چەوگانیان دروست کرد تا جوانیی پێ لەبەربدەین
لە جەستەمان ڕێگەیان دروست کرد تا گالیسکە زێڕینەکانیان پێیاندا بڕۆن
ئەمڕۆیش...
سەرکردەی نوێ هەمان فیلم سەرلەنوێ دووبارە دەکەنەوە
بەڵام بە چەندان ڕەنگی جۆراوجۆر و
لە هۆڵەکان داماندەنێن
تا بە یەك جار دوو فیلم ببینین.

# 8ی ئەیلوول : ڕەنگە بمبینیت

ڕەنگە بمبینیت لە گۆشت و خوێن بم
بەڵام دەزوولەیەك دووكەڵم كارەساتەكان بەستبێتی
بەسەر درەختەكاندا تێدەپەڕێت و ئەوانیش دەگرین
لەجۆگە وشكەكان دەپەڕێتەوە ئەوانیش پڕ لە فرمێسك دەبن.
ڕەنگە لە ئاوێنەیەكدا بمبینیت
وێنە تێشكشاوەكەی خۆتم تێدا ببینیت
بەڵام ناوێریت پەسەندم بكەیت
ئەو كات ڕەنگە تێی بتەقێنم و لەگەڵ بادا بڕۆم؟
ڕەنگە بە ڕێگەوە ئەسپگەل پێم بگەن
بەڵام بۆیان نابم بە سوار.
ڕەنگە شارگەلی تۆڕ سەیرم بكەن
بەڵام ناچمە ژێر ڕكێفیانەوە
ڕەنگە بمبینیت لە شووشە بم
بەڵام بۆ پەنجەركان ناشێن
نە بۆ وێنەو نە بۆ گولدانیش، ڕەنگە لەبەر ئەوەی زوو دەشكێم و دەستت بریندار دەكەم.
ڕەنگە هەنگاوەكانم لەسەر عەرد ببینیت
بەڵام شوێنەواری سەر خۆڵ نین
بەڵكو دەست بەسەرداهێنانی گیایەكی سووكە
لەنێوان هەنگاوەكانی ڕێبوارەكاندا بزربوو.
ڕەنگە خۆڵەمێشەكەم ببینیت

**بەڵام دەبێت بڕوا بکەیت**

**کە هیچ پشکۆیەکم لەژێردا نییە**

**هیچت لەبەردەمدا نییە تەنیا ئەوە نەبێت دەستگیرم بکەیت و**

**لەگەڵ بادا پەرت و بڵاوم بکەیتەوە.**

# 9ی ئەیلوول: گوڵی شەوانە

باخچەکانی ناخمان زەرد داگەڕان
هەراو هوریای تیشکی ڕەشیان لێ بەربووەوە.
ئەو باخچانەی گیسکیان تێدا ڕمبازێ ناکات
کەمتیارو مشکیان لێ نیشتەجێ بووەو
ڕایانگەیاند کە دەبنە باخچەی جوان
بۆ مردووەکانی دادێمان
کە بەردەوام گوڵی شەوانەو
مسی شین و شەپۆڕ یاوەریانن

کاتێك چیمەنتۆی تواوەم
لە کونی مێژوومان کرد کە لە ژێر ڕووی وڵات بڵاوە
زۆر چاوەڕوان بووم
تا ڕووبارە پڕبووەکانی خوێنم بۆ دەرکەوتن
تا دەستم بەر پەنجەکانی کوژراوەکان کەوت سەرگەردان بوون
گوێم لە هاواریان بوو
ئای چ تۆڕێکی ڕۆچووی گەشاوەو بەرینە
نەخشەکانی غەم و ترسەکەمان!

لەپێناوی نائومێدییەکانماندا
کتێبەکانی تووك و نزاکان بکەنەوە و بە دەنگی خۆش بۆ سروشتی بخوێننەوە
لە پێناوی کۆتاییە تاریك و کاولبوونە گەورەکەماندا

**بڕۆنە ناو پەرستگەکان و پێداهەڵدان بۆ مرۆڤ بخوێننەوە**

**لە پێناوی خۆڵەمێشماندا**

**شەبقەکانتان لە لێواری گۆڕەکان دانێن و**

**پۆزش بۆ ئەو کارانە بهێننەوە کردووتانن.**

# 10ی ئەیلوول : تەنیا خۆشەویستی

تەنیا خۆشەویستی لەبەردەممدا وەك تەرم ڕاكشاوە
سەیری دەكەم و سەردوێلكە بۆ ڕۆژەكانم دەخوێنمەوە
چۆن لەگەڵ ئەم سوارەدا ژیام
كە بەناو جەستەی ئافرەتان و ڕوحیاندا سووڕاندمییەوە؟
چۆن لەگەڵ ئەو جوانترین گوڵم ڕنییەوە
كەچی ئەمڕۆ لە بەردەممدا ڕاكشاوە؟

لە وڵاتەكەم...
خۆشەویستی لەناو جێگەی مردندا دادەنێن و
لە هەموو شوێنێك پرسەی بۆ دەگێڕن
لە وڵاتەكەی من ...
خۆشەویستی لەگەڵ بەدگۆڕو دزێوەكاندا دەبەستنەوە
لەوێ خۆشویستنی كورسیگەل و
خۆشویستنی پارەو
خۆشویستنی كوشتن و
خۆشویستنی وێرانە هەن
بەڵام خۆشەویستی چوون ئەسپی ڕەسەن لووشكەیان تێ هەڵدەدات و
بەسەر سركەوانەكانیاندا دەفڕێت و
دەبێتە پەپوولەی سەرگەردان
تەنیا خۆشەویستی لە بەردەممدا ترپەی دڵی دێت و
بە ژانەوە، لە وڵاتەكەم، سەرگەردان دەبێت.

# 11ی ئەیلوول: غەمی بەرینم

دەمتوانی ئێسك و پرووسکی باب و باپیرانم لە ڕێگەی بەرەو خواری
نێوان زستانی کۆن و نێوان بەهارێکدا کۆبکەمەوە کە دەگریا
بەڵام نەمکرد!
لەبەر ئەفسانەکانیان دەتلامەوە
هەتاویشم تا دەهات کونی زۆرتری تێدەکەوت
شایەنی ئەوە بووم لەبەردەم هەڵەکانیاندا ڕووت ببمەوە
بەڵام قازمەکانیان کە لای گۆڕەکان بەجێیان هێشتبوون
دوام دەکەوتن...
بەم شێوە باڵندەکان هەردوو دەستی مژدەدەریان بزمارڕێژ کردم
بەم شێوە خاچ و مانگ و مۆمەکان کۆتاییان پێ هێنام
بەڵام هێشتە هەموو بەیانییەك هەردوو پێم بەرەو دەرەوەی ڕانەمەڕەکە درێژ دەکەم
هێشتە ڕانەکەیش شێوەی کەوانەیی وەردەگرێت
جامە بادەکەم بڵند دەکەمەوە
تا دێوە ڕاکشاوەکەی سەر سەرمان تێرئاو بکەم و
بەندیخانە بەرینەکانمان و
بەندەوانە قەڵەوەکانمان سەرقاڵ بکەم
هێشتە خەریکی دابینکردنی ئاسۆیەکی نوێم بۆ پرسیارەکانم و
هێشتە قەلەڕەشکەکەی بە گەردنمەوە هەڵواسراوە لەسەر ڕیتمی گۆرانیی پەژارەکانم دەنوێت

کەسیش شکستم پێ ناهێنێت
ئەگەرچی شکستییەکانم کۆتاییان نایەت
کەس شکستم پێ ناهێنێت
ئەگەرچی لە ناو غەمە بەرینەکانم نیشتەجێم
کە وەك گۆرانیبێژی بێ کەشتیگەل، یان بەیداخ
سەوڵی تێدا لێ دەدەم.

## 12ی ئەیلوول : پیاوەکان بۆ ماڵەکانیان نەگەڕانەوە

پیاوەکان بۆ ماڵەکانیان نەگەڕانەوە
منداڵەکان جلەکانیان لوول دەکەن و دەگرین و
بە تاریکاییەکی تۆقێنەر خۆدادەپۆشن و
گوێیان بۆ لێدانەکانی دەرگە شل کردووە
بەڵام کەس نییە...
ئافرەتە شینگێڕەکان بە شینگێڕانی بێ دەنگ
کپیی شەو دەشکێنن و
بوخچەی جلەکان ئامادەدەکەن
تا سبەینێ
لە نەخۆشخانەکان، یان بنکەکانی پۆلیس
یان بەندیخانەکان ... یان گۆڕەکان پیاسە بکەن.
ژیان بە کونی دەرزیدا تێدەپەڕێت
بەیانیش زۆر دەکۆکێت
کەڵەشێریش نییە بانگی بەیانی بکات
نە سەگیش لەسەرخۆ بە شەقامەکاندا بڕۆن
نە دەرۆزەکەر لە سەر شۆستە و
نە هەراو هوریاو ژاوەژاو...

# 13ی ئەیلوول : بە چەوگانەکەم لە پە کوتێ دەکەم...

بەناو پەیکەرەکاندا دەڕۆیشتین
تا بگەینە گۆڕەکان
لقە دار غارەکانمان
لەناو ئاگری بڕوا بڵێسەدارەکاندا بەرز دەکردەوە
بۆیە ئاسۆکان پەرت و بڵاوەیان پێ کردین و ترێ ترشەکانی خۆیان بۆ فڕێ داین
بەم شیوە جوانی بە غەمگینی بەسەر شانمانەوە بێدار بووەوەو
ئالۆشگەلی پڕچەك بە شکست ڕووتیان کردینەوە
لە تاراوگەکان، چوون درەختگەلی شکاو، ڕاکشاوین
لە هەموو لایەکەوە بەشمشێر چوار دەور دراوین
ئاکام ئەمەیە...
گالیسکەکان بەرەو چارەنووسی خۆیانیان بردین
هاوارەکانی ئەسپە بریندارەکان دەنگی بەرەبەیانەکانیان خۆش کردین
بە چەوگانەکەم ئەم کێلگە بەرینەی ئازارەکانمان لەپە کوتێ دەکەم و
هیچ نادۆزمەوە تەنیا ئەفسانەگەلی مردووی بە خۆڵەمێش پێچراو نەبێت
هیچ کەس نییە تەنیا لم نەبێت کە دەگریت
ئەم ئاسۆیانە کەی دەرکەوتن؟
کەی بەیداخی نارەزاییمان تێدا بڵندکردەوە؟
لێوی خۆمان دەگەزی و
داخی دوورکەوتنەوەی بەندیخانەکانمان دەخوارد کە بۆ خۆمانمان دروست کردبوون

# 14ی ئەیلوول : لە کۆتایی تونێلەکەدا

چەندەم ئەویندارى کرد

چەندە ڕوحم بە جوانی ڕازاندەوە

نەمتوانی ئەو بەردانە هەڵکەنم بە هەردوو دەستمەوە تەشەنە دەکەن

نەمتوانی ئەو درزانە ڕاگرم کە بە ئاسمانمەوە زۆرتر دەبن

چەندەم خەون بە وڵاتیکی کامەرانەوە بینی

نەمتوانی ئەو کێلگانە لاببەم بەسەر شانمەوەن

چەندە بەهەشتی خۆمم بینی

نەمتوانی کیسە میوزیکەکانی کۆڵم لابدەم

بەم شێوەیە تەمەنم بەسەر بردو لەژێر ڕووبارگەل و

شەونمدا دەناڵێنم کە لە تاوێرەکانی ئەشکەوتەکانمەوە دڵۆپە دەکات

بەڵام ئەمڕۆ

چەندە بەناو تاریکایی وڵاتەکەمدا ڕۆبچم و

تاریکایی خەڵکی بزانم

بارەکانم سووکتر دەبن

لە کۆتایی ئەم تونێلەوە

بینیم ڕووت و قووتم

دەستم بە باڵەکانی سەر شانمەوە داو

بەم وڵاتەدا فڕیم

بەشکو لە کۆتایی تونێلەکانمدا ڕووناکی بدۆزمەوە.

# 15ی ئەیلوول : سرووده درێژەکەمان

لێرە کە گۆرانییەکانی باڵندەکان ڕەنگ بڕوسکاوو پارچە پارچە کراوو غەمگین تێدەپەڕن
لێرە کە دوایەمین بریسکەی ئاسمان بزردەبێت
لێرە کە گوڵ لە بەژنی لاوان بەردەبێتەوە
چەند هێلێکی ڕەشم لەناو لەپدا بەدی کرد
چەند تاوەرێکی درزبردووم بەدی کرد
سێ گۆشەی خۆشەویستی شکابوو
هێڵی تەمەنیش پچڕابوو
چەند داڵێك بە چڕنووك بردیانین
بەرەو ئاسمانێکی ڕەشیان بەرزکردینەوە
لەسەرەوە، وڵاتێکمان بینی، گڕی گرتبوو دەسووتا
ڕووبارێکی سوورمان بینی لەناو دوو ڕووبارەکەدا دەکشاو
ئێسکگەلی سپی لە شۆرەکاتەکاندا دەڕوان
لێرە...
کە سەگەکانی جەنگەکان بە هەسکە هەسك و ددان چیڕکراوی تێدەپەڕن و
لە نزیکیانەوە تەرمەکان لەناو دەستماڵی غەمگینەوە تێدەپەڕن و
چاوی گەشی پڕ لە ئەشکمان بزر دەبن
یەك بە دووی یەکدا، سرووده درێژەکەمان بە هەنسکەوە دەڵێینەوە.

# 16ی ئەیلوول : بە غەمگینی بۆ ماڵەکەم دەگەڕێمەوە

ئایە لە پێناوی ئەمەدا لەسەر ڕێگە گرمۆڵە بووم و
سەگەکان برینەکانیان لستمەوە؟
ئایە لە پێناوی ئەمەدا (مەروان)ـەکەم بزربوو
خەونەکانیشم شکان؟
نیشتمانێك پڕ لە (بیانیانی)یەو
خەڵکەکەی لە ڕێڕەوەکانی ڕابوردوودا دەرۆزە دەکەن
بەیداخان بۆ خەیاڵپلاوی بڵند دەکەنەوە
هێشتە گورگ نەیلووراندبوو
بەڵام کتێبەکانم دایە بن دەست و کۆچم کردو
هێشتە مانگ ئیکسپایەر نەبووبوو
بەڵام ماسییەکانم لە حەوزێکدا داناو کۆچم کرد
برووسکەکان درزیان دەختە شووشەکەم
تونێلەکانیش لەناو سروودەکەمدا بۆگەن دەبوون
بەناو ئالۆشی ددان چیڕکراوی وڵاتدا ڕادەکەم
یەك ئالۆش لە ئالۆشەکانی خۆم نابینم
پێم لە هەڵەکان هەڵدەنوتێت و
بە غەمگینی و تاریکی
بۆ ماڵەکەم دەگەڕێمەوەو
ژمارەیش بە گەردنمەوە نییە.

# 17ی ئەیلوول : بۆنی ترس

ئایە ئەمانە خانوون، یان ئەشکەوتگەلی ڕۆژگاری دێرینن
هێشتە هەنگاوەکانم بەرەو کێلە سەرگەردانەکان تەواونەکردووە
ئایە ئەمە بەهاری ئێسکە هەڵواسراوەکانە، سپی سپی بەڕووبەندی ماڵەکانەوە دەبریسکێتەوە
هێشتە خۆم لە گەردەلوولی ڕۆژئاوابوون نەپاراستووە.
ئایە ئەمانە خاچی لە تەختەدار دروست کراون، یان لە خەیاڵپلاوی
ئەی ئەوە چ ئافرەتێکە لە ئاسۆکاندا خۆی ڕووت دەکاتەوە؟
تارماییە کۆنەکانمان، یان تارماییە نوێیەکانمان؟
چی دی بۆنی ترس لێك جیاناکەمەوە
ترس لە ولاتێکدا چی دەگەیەنێت کە مەرگ بەقەد دارستانەکانییەوە بزمارڕێژی بکات؟
مۆتەکەکان چی دەگەیەنن؟
کەس مردووەکان ناگەیەنێتە گۆڕەکانیان
کەس لە دوایەمین کفندا بەرێیان ناکات
کەواتە چۆن پاساو بۆ گەنجینەکانم بهێنمەوە
کە نغرۆی قوڕن و
خۆیان بە من دەچوێنن!
چۆن فێڵ لەم فێڵە بکەم!
چۆن لە سێبەرەکاندا پشوویدەم و
بە دوای سپییەتی ئەقڵمدا دەگەڕێم و نایدۆزمەوە؟
ڕۆژگار بە برینە جوانەکانی شوورەی لە دەور کێشاوم و
هاوارەکانی خوێن بۆ ئەستێرەگەلی کوژاوەیان بانگهێشت کردم.
لەبارەی ڕەشیی فرمێسکەکانمەوە دەپەیڤم

**لەبارەی ژیانی لێکترازاوم لە هێلانە شێرەکاندا دەپەیڤم**

**لەبارەی قاچەکانم دەپەیڤم لەسەر شۆستەکان فڕێ دراون**

**لەبارەی کامەرانی کون بووم دەپەیڤم**

**ئەو ڕۆژەیش نایەت کە دەم و چاوی خۆمی تێدا**

**وەك خۆی لە ئاوێنەدا دەبینم.**

# 18ی ئەیلوول : پەپوولە سولەیمانییەك بەسەر شانمەوە

بە دەرزییەکەی شەوی دەدوری و منیشی لەگەڵ شەودا دەدوری
ئافرەتە تەونکەرە تەنیاکە
ئافرەتە سەرگەردانەکە
بە دڵڕفێنی و خەنەو وزمەکانییەوە
پەپوولە سولەیمانییەکەی بۆ ماڵ ناردم
ئەویش بۆ لای وێی بردم
بەڵام سەرقاڵ بوو، بۆ ئاوابوونی ڕۆژەکانی خۆی گۆرانی دەچڕی
باڵندەکانی بە جەستەمدا فڕین
بەڵام ڕوون نەبووەوە
پەمووەکەت شی دەکەمەوەو
لەگەڵت ڕادەوەستم چوون هەڵمەتێکی دیوادەر
وەك دڵڕفێنێك پاڵت دەدەم و وەك ئارەزوویەك لە ئامێزت دەگرم
لەگەڵت بەرەو کانییەکان تەکان دەدەم

لەژێر فەروەی تەمومژدا
کاتێك ڕووبار بەسەر شانمدا تێدەپەڕێت
پاپۆڕەکانت دەرکەوتن و هەڵیانگرتم

بە درەختێکەوە هەڵواسرابووم
چوون هێلانەیەك لە باڵندە... تۆ داتگرتم.

چوون سەرخۆش لەسەر سەكۆیەك دانیشتبووم... تۆیش لە تەنیشتمەوە نووستیت.
بەم شێوەیە خەونم بە پەپوولە سولەیمانییەكەوە بینی هەڵیگرتم
چوون نامەیەكی بزربووی ڕۆژگارو
لای پەنجەرەكەی فڕێی دام
بەڵام تۆ بێ ئەوەی بێزار بیت خەریك بوویت خۆپۆشەكانت دەچنی.
سەماكانت لە پاییزداو
بادە سوورو زەنگەكانی ئاڵۆشەكانت
خستمیانە ناو ڕووبارەكەتەوەو هاتمە دەرەوەو  بە ئەستێرە تەڕبووبووم
پانكەكەت كە گەردی گەشتەكەی تەكاندم
چی دی بە دەستی منەوە نییە.

تۆ خەونێك بوویت و پەپوولە سولەیمانییەكەت لە سەرمدا بوو
لە كەڵەكەی پشكۆو غەمەكانم
لە كون و لە وێرانەكانم هاتە دەرەوەو
بەرەو لای پەنجەرەیەك هەڵیگرتم
ئافرەتێكی سەرقاڵ لای دانیشتبوو
دوایەمین بەهاری دەكوژایەوە
ڕانەكانی لە شەقامە پڕ هەراو هوریاكانی چوار دەوری و
لە شەوی درێژیدا دەلەوەڕاند.

# 19ی ئەیلوول: چەندم سەیری ئاوێنە کرد

چەندم سەیری ئاوێنە کرد
بەڵام دەم و چاوی خۆم نەبینی
جارێك چەند گوڵێکی زرپم دەبینی گەڵاکانیان دەوەری
جارێك مۆمگەلێکی کوژاوە
جارێك ئاوگەلی زەرد
جارێك درەختگەلی ڕووت
جارێك ڕۆژێکی بە دووکەڵ پەککەوتوو
بەڵام دەم و چاوی خۆم نەبینی.
چەندەم سەیری دەستی خۆم کرد لە ئاوێنەدا
بەڵام نەمبینی
جارێك پاچێکم دەبینی
جارێك کەمانچەیەکی ژێ پچڕاو
جارێك گوڵدانێك لە خوێن
جارێك مێروولە
بەڵام دەستم نەبینی.
چەندم سەیری دڵمم کرد لە ئاوێنەدا
بەڵام نەمبینی
جارێك سندووقێکی شکاوم دەبینی و
جارێك منداڵێك خوێنی لێ دەڕۆیی
جارێك کۆترێکی کوژراو
جارێك پشکۆیەکی پشت گوێ خراو

بەڵام دڵم نەبینی.

چەندم سەیری وڵاتم کرد لە ئاوێنەدا

بەڵام نەمبینی

جارێك بەندیخانەم دەبینی

جارێك هەڵدێر

جارێك دێو

جارێك خۆڵەمێش

بەڵام وڵاتی خۆم نەبینی.

# 20ی ئەیلوول: ئەسپگەلی چوار پەل بەرز

بەرەبەیانێك گورگەکان هەڵیدەتلیشێنن و
ئێسکە بریسکەدارەکانی  بۆ ڕۆڵەکانمان لێ دەردەهێنن
بەرەبەیانێك خۆی بە شمشێری فریشتەیەکی بە پشکۆ بوو، پۆشیوە
بەرەبەیانی پێداهەڵدانە ڕەشەکانی ئازادی
بەرەبەیانی ئەو گیایەی بە خوێن شەونمی گرتووە
لەم قوربانیانە قوربانیی زۆرتر نییە
نە تاوێرگەلیش پتر لەمانە بە پەنجەکانیان بەروبوومەکانمان دەشێلن
دەستەسڕی میوزیك لەسەر گۆڕەکان فڕێ دراون
پاشەڕۆژمان هیچ پرسەیەکی نییە تەنیا ئەم تاریکاییە ساردانە نەبێت
ئەم قەڵا ڕیسوایانە چۆن دروست کران؟
چۆن بەم خێراییە سوارەکانی مەرك پێیاندا سەرکەوتن؟
گەردنمان بە بەهاری تیرە ڕووناکەکانیان و
بە گوڵە لە شوورە شۆڕبووەکانیانەوە بەستراونەتەوە
ئاوی لێڵی دووکەڵاویی ڕووبارەکان قسەی پڕوپووچ لەسەردا دێنن
لەگەڵ ڕۆژنامەگەلی ڕۆژ کون کون بوو
چ قسەگەلێك لەوێ خۆیان شاردووەتەوە؟
ئەوە بنمیچگەلی فرمێسکن بەسەر سەرمانەوە شۆڕ بوونەتەوە؟
لەناو دۆزەخی خەیاڵ پلاوییەکانماندا گەورە بووین و
سواری ئەسپە چوار پەل بەرزەکان بووین و
زۆرتر لە پێویست سەمامان پێ کردن
بەڵام پێش ئەوەی ڕێگەکە کۆتایی بێت خۆشیمان پەرت بووەوە

بەم شێوەیە یاقووت بوو بە نەفرەت و

ملوانکەکانمان بوون بە گوریس

لەبەردەم بادا گەردنمانیان پێدا شۆڕبووەتەوە.

# 21ی ئەیلوول : زوو خۆڵەمێشم داهات

کاتێك بەرەبەیان بەسەر چاوەکانمدا داهات، دەستنوێژم گرت
هەر زوو خۆڵەمێشم داهات
بێ هێزی خزایە نێو گوڵەکەمەوە
بە فرمێسکەکانم دەستنوێژم گرت
بە ڕۆنی تاڵیم جەستەی خۆم چەور کرد
بەڵام ئەو مەسیحەی لە ناخمدایە بێدار نەبووەوە
لەسەر تەختەدارەکەی کوژرابوو
منیش سروودەکانی هەڵسانەوەیم دەخوێندەوە
قوربانییەکانم، لە ڕووەکەکان، بە کۆماوەیی بە ڕۆژم پێشکەش دەکەن
داردەستە تەڕە غەمگینەکەم و
خۆم تا دێت کێشە دروست دەکەین
برووسکەکان بەسەر دیوارەکانەوە مێژووی قسە تۆماردەکەن
بەڵام بە زمانێکی تەمومژاوی وڕێنە دەکەم
هەناسەکانی کوانووەکان سەرلەنوێ دەستم دادەڕێژنەوە
گۆرانییەکانی بادە بۆ یەکەمین سەرگوزەشتەم دەگێڕنەوەو
لێرە باڵندەیەك و لەوێ گۆلکێکم بۆ وێنە دەکێشن
بەڵام ... هەر زوو خۆڵەمێشم داهات
بێ هێزی خزایە نێو گوڵەکەمەوە
ڕێگە ڕادەستی ئاڵۆشگەلی دامرکاوی کردم و
وشەکانم لەسەر ئاگر لادا

**بە گەرم و گوڕی پەنام بۆ ئارەزووە کۆنەکان برد**

**بەڵام، لە شەکەتیدا، کەوتمە ناو بەرەبەیانێکی بۆرو**

**نوێژێکی ترساوەوە**

**ئەو شاعیرە نەبووم کە ڕۆژگار دەیناسیم**

**زۆر لەوە دوورتر بووم**

**ئەو ڕۆژەی خۆڵەمیشم داهات و**

**بێ هێزی خزایە نێو گوڵەکەمەوە.**

# 22ی ئەیلوول : بەرەو جەنگ ڕۆیشتین!

ئەو خوێنەی بە پەتێکی درێژمانەوە هەڵواسی هێشتە تەڕە
چۆن لە بۆنەکەی ڕزگار ببین؟
کاتێك بە گۆ ئاشە هەواییینەکاندا چووین
پردەکانی خواوەندەکان کەوتنە ناو ڕووبارەکانمانەوەو
ڕۆژگاریش خستینیە ناو بەرگە ئەستوورەکەی خۆیەوە
ساڵانی زڕ
هەشتینەی خۆڵەمێش و خوێن
هەشتینەی لاوان بە کفنەکانیانەوە دەگەڕانەوە
هەشتینەی گورگەکان
هەشتینەی ژانە هەڵواسراوەکان، بێ پچڕانەوە، بەسەر گەردیلەی تۆزەکاندا
هەشتینەی ڕووخاندنی قەڵاکانی مرۆڤ
نوکتەکان ڕووخۆشانە چوون باڵندە دەرکەوتن
کە ئەفسانەیان لەگەڵدا دەرکەوت
میدالیا دەرکەوت
نەمامی بەهێزی هاوار دەرکەوت
بەلەمی ئامادەکراو بۆ هەڵاتن دەرکەوت
جەنگ دەرکەوت بەو چەرخ و فەلەکەی کە ڕانەدەوەستا
بە پێڵاوەکانی کە دواییان نەدەهات
بە کراس و پانتۆڵە خاکییەکەیەوە کە لەبەر چاو ون نەدەبوو
بە تۆپخانەکانییەوە کە جوانییان تواندەوە بەر لەوەی سارد ببێتەوە

بە تانکە زێڕینەکانیانەوە

بە خۆڵی تۆپخانەکانییەوە

بە کامیۆنە ڕەشەکانی چوون هەوری

بە بنێشت و بە کلییەوە دەرکەوت

بە شەقام و بە سەربازە سەرخۆشەکانییەوە دەرکەوت

بە کراسە خوێناوییەکانییەوە دەرکەوت

بە ئۆتۆمۆبیلە بۆرەکانی (شەهید)ـەکانییەوە دەرکەوت

بە تارماییەکانییەوە دەرکەوت کە لە گۆڕستانەکان دەگەڕانەوە

بە کەڵبەو بە چڕنووکەکانییەوە دەرکەوت

جەنگ بوو بە دایك و بە باوکمان

ئێمەیش بووین بە منداڵە مردووەکانی و

ئەوانەی کە خەونیان بە مۆڵەتێك، یان سڕبوونێك، یان ئامێزێك، یان گەشتێکەوە دەبینی

لە پشکۆهەڵگری بەسۆزی دووربووین

بووین بەوەی لە هەموو لایەکی جەستەیەوە شیری پێ دا

بەوەی لەگەڵی نووست تا کەسانی دزێوو مارگەلی لێ لەدایك بوو

بەوەی لە ماچە ژەهراوییەکانی تێری خوارد

جەنگ چ نەبوو تەنیا شەمەندەفەرە درێژەکەمان بەرەو مەرگ

کە هێشتە لەناو ئێسکەکانمان و

لەناو خوێنماندا ڕێ دەکات و

وێستگەکان هەرگیز ڕایناگرن.

## 23ی ئەیلوول: ئەوەی گورگەکان دەیکەن

بانگی ئوور پایتەختی سەرەتامان دەکەم
بانگی بابل پایتەختی خواوەند دەکەم
بانگی ئاشوور پایتەختی ئاسۆکان دەکەم
بانگی بەغدا پایتەختی قورئان دەکەم
ئەوەتە مەشخەڵەکان لە دەروازەکانتاندا دامرکان
بەڵام هێشتە پشکۆم لەناو دڵمدا هەڵگرتووە
سیاسەتوانەکان کوانووەکەیان پێشێل کردم و
زاریان دوریەوەو
گەنجینەکانیان تاڵان کردم
کێ ڕێگەیەکم لە نیشتمانەکەمدا پێ پێشان دەدات، ڕێگەی دزەکان نەبێت
تا جوانی لەناو گۆزەیەکدا زاوزێ پێ بکەم
کێ ئەسپگەلێکم پێ پێشان دەدات، بێجگە سەرکردەکان،
ڕۆژنامەکانم بۆ بەندەرە هێورەکان ببەن
قامکەکانیان دوریەوەو
کتێبخانەکەیان تاڵان کردم
دەم و چاو گرژەکان وەك سەرۆك باندەکان
لەژێر تابلۆ بریقەدارەکانیاندا
سەرکردە سەرشۆڕەکان لەبەردەم مێژوودا
ئەوانەی بە گەردنیان ڕایاندەکێشن و بەرەو گووفەکانی ئەو مێژووەیان دەبەن
مرواری و ئەڵمازو زێڕەکەیان لەژێر پۆستاڵە ڕەشەکانیاندا ون کردم
گورگەکان چی دەکەن

**تەنیا کوڵ گرتن لە کۆتر نەبێت؟**

**کەمتیارەکان چی دەکەن**

**تەنیا خواردنی مردارەوە بووەکان نەبێت؟**

**بانگی پایتەختە ئاوابووەکان دەکەم و**

**هاوار دەکەم و کەس وەڵام ناداتەوە.**

# 24ی ئەیلوول: سورەیا

بۆ سورەیای کچم

لە بیست و شەشەمین ساڵیادی لەدایکبوونیدا

پەیکەرە زێڕینەکانی
لەژێر بارانێکی نم نمدا دەرکەوتن
ئەستێرەکان لەباوەشیان دەگرتن
ڕۆژگار بۆ کوێیان دەبات؟
جوانییەکەی لەکوێ گڕوگاڵ دەکات؟
لەکاتێکدا وڵات شەڕی دەست پێ کردو
تۆپەڵە ئاگر بەسەر خانووەکاندا دابارین
ئەو ئەستێرانە کیژانی بەهارن
لە پەنجەرەکەیەوە گوڵێکی بینی
لە دوورەوە ئاماژەی بۆ کرد
ڕووبار گوڵی بەڕووی بینی شەپۆلەکانی بڵند بوونەوەو
گوڵەکانیان بۆ بەر پێی فڕێ دا
دەریا گیاکەی بینی و پشووی دا
ڕێوییەکان بوون بە درەخت
کۆتر بوو بە سروە
بۆڵە ڕوتابی دڵت و
شەونم لە چاوەکانتدا لە فرمێسک دەچن ...چ ڕوودەدات؟
چۆڵەوانییەکانم بۆ تۆ پڕ کرد لە گۆرانی

بۆ لێكدابڕانت چوون دارخورمایەك بگری بۆت گریام
تۆیش زۆر گریایت و هێشتە دەگریت
سورەیا كە بۆ براكەی دەگریت
سورەیا كە بۆ دایكی دەگریت
كێ هەردوو دەستیم پێ دەدات تا بۆیان بگریم و
بەناو سۆزی خۆمدا بڕۆم؟
كێ شكۆی دەم و چاوی پرشنگدارو
بزە زێڕینەكەی تۆم بۆ دەگێڕێتەوە؟
پشكۆی خۆم لەناو دڵم دادەنێم و هەر گۆرانیت بۆ دەڵێم
پاپۆڕگەل بەناو شەپۆلەكانمدا تێدەپەڕین و جەژنان لە تۆوە هاتنە دەرو
ئەستێرەكانی سورەیا هاتن بۆ لات:
یەكەمین ئەستێرە: چوون لقە دارخورمایەك، لە ڕەشەبای پاراستیت
دووەمین ئەستێرە: بێشكەیەك لە گەڵای ڕووناكی، ئاسمان بۆی ڕاخستیت
سێیەمین ئەستێرە: لە تاریكی و نەفرەتیی جەنگ پاراستیت
چوارەمینئەستێرە: دەستی تۆم خستە ناو دەستی مەروان و ڕێگەی ڕۆژم بۆ كردنەوە
پێنجەمین ئەستێرە: دڵم پڕ لە گوڵ كردیت و ڕوحم بە خۆشەویستی پڕ گوڵاو كردیت
شەشەمین ئەستێرە: هەڵیدایتە خولگەی جوانی و بە شازادەی هەڵبژاردیت
حەوتەمین ئەستێرە: بەرەو یاسینت لەپێشی دایت و دوو گوڵی دایە دەستتەوە.

# 25ی ئەیلوول: تەرازوویەکی پچڕاو

ئەو ژێرزەمینانەی پڕ لە چرای کز کرابوون
هێشتە نووسینە نهێنیەکان بە قەد دیوارەکانیانەوە ماون
ئەوانەی چەندان هێمای سەیر سەیریان تێدایە:
پیاوانی سینگ کون کراو
سەرگەلی بڕاو
ئافرەتانی شینگێڕ
منداڵانی سووتاو
چەندان ئێسکبەند
تەرمگەلی سەر ڕووی ئاو
دووکەڵی هەمیشەیی
بزمارگەلی ژەنگاوی
بەلەمگەلی نغرۆ
بەناو ئەم ژێرزەمینانەدا ڕێ دەکەم و
دەزووە پچڕاوەکانی تەرازووەکە دەبینم
شەمشەمەکوێرەکان هەڵوگەڕاوی خۆیان پێدا شۆڕکردووەتەوە
پارچە دراوە ئاسنینەکان دەبینم کە هێشتە وێنەی شاو داگیرکارەکانیان بەسەرەوەیە
پەڵەی گریان بەقەد دیوارو ئەستوونەکانەوەیە
لاقم بەرەو کانییە ڕەشەکانی گۆشەگیرمان هەڵمدەگرێت و هەڵدێت
بەرەو گڕکانە غەمگینەکانی میوزیك کە تا هەتایە لەئامێزمان دەگرن
ئەو ڕێگەیەی بەرەو تاراوگەکانی ڕاوکردن و
تاراوگەکانی جوانی سەردەکەوێت

**ماسییە مردووەکان بەسەر شانمانەوەن**
**ئەو گەندە مووە زەردەی کە چی دیکە جەستەی ئافرەتە جوانەکان ناسووتێنێت**
**بەڵکو بوو بە تەنیاییەکی ئاوارە بە قەد بنەدارەکان و**
**بەسەر مافوورە کۆنەکانەوە کە بەسەر شوورەکاندا**
**چوون ماڵئاوایی وەرزەکان هەڵخراون.**

# 26ی ئەیلوول : ڕووتاندنەوەی ڕابوردوو

بۆچی ڕابوردوو بە چەقۆو قازمەکانی دەکەوێتە وێزەمان؟
بۆچی لە چیایەکەوە بەسەر گوندەکانماندا دێتە خوارەوە کە هێور نووستوون
ڕابوردوو بە ترس و تۆقینەکانی خۆی لێ قیت کردووینەتەوە
مێژوو چی نیازێکی بەرانبەر شاردووینەتەوە؟
ئەی بۆچی مردووەکان فەرمانڕەواییمان دەکەن و لە گۆڕەکانیاندا بێ دەنگن و هیچ بایەخێکیان نییە
بەڵام بێ هێزی جوانیی ناخمان لێیان دەپارێتەوە.
چۆن خۆم لە گەڕوگولیی مردووان بپارێزم
لەکاتێکدا چاودێری جەژن و خۆشی و غەمەکانمان دەکەن؟
بە بەیداخە زەردەکانیان بە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە
چۆن بێ فرمێسك و بێ دەنگدانەوە
ئێستە دووبارە دابڕێژمەوە
جاڵجاڵۆکەکان دەبینم تەونەکانیان لە ناو ڕۆژەکانماندا دەچنن
پێداهەڵدانەکانیان چوون تەپۆڵکەیەك سوور هەڵدەگەڕێن
ئەمە بەهاری خۆشییەکانیانە...
ئەمانەیش جامەکانیانە
ئەمەیش وەرزی ڕاوکردنیانە
ڕابوردوو مردنە
ئێمەیش بە زنجیری مردووەکان کۆت کراوین
کێ خاکی ئێمەی بەم بەیانییە کۆنە بەخشیوە

کێ ڕێی پێ داوە ڕوحمان داگیربکات
شەونمی قەد خاچەکەم دەسڕم و
چوون ڕووبارێکی غەمگین بە شەقامە بیرکراوەکاندا ڕایدەکێشم.
توانای ئاخافتنمان نەماوە
چونکە زمانی باب و باپیران لە زارماندا پلتە پلتیەتی
نێچیرەکانمان لەناو سەبەتەگەلی قامیشدا دەنوون
ئەوە مەستبوونێکی سەیرە
ئەوانەیش بلندبوونەوەگەلێکی پچڕ پچڕی ئەویندارێمانە
وردە شووشەکان لەسەر شۆستەکان کۆدەکەمەوەو
دەیانخەمە کیسەیەکەوەو فڕێیان دەدەم
بەڵام دەستێك لە تەونە جاڵجاڵۆکەکانەوە دێتە دەرەوەو
بۆ ماڵەکەمیان دەگێڕێتەوە.

# 27ی ئەیلوول : خوار گۆنا

خوار گۆنا
یان ڕەنگە خوار لێو
بە لمی تەونەکەی بەناو سالاَندا دەچێت
ئەمە دەمامکەکەمەو ...ئەمانەیش چەند ڕستەیەکی خۆڵەمێشی سەردەمەکانن
تاوەرە پەیکەر شکاوەکان بەسەر خەونەکانماندا دەگەڕێنەوە
وەك بڵێیت خۆڵەمێشی ئاخافتن هاتبێت...
خوار گۆنا ڕووناکیی ڕۆژگار دەسڕێت
چۆن کونە قووڵەکە بە گوڵێك، یان ڕەنگێك بەرز دەبێتەوە؟
ئەم ڕوحە بە لیتەی قورساییەکانییەوە گیری خواردووە
لە ڕیزی درەختە زەردەکاندا کە تا چاوبڕکات دوور دەکەوێتەوە
پێم لە هەنگاوەکانی خۆم هەڵدەنووتێت و لاویەتیی خۆم لە چۆڵەوانی کۆدەکەمەوە
بایەکانم لە دڕکەکان کۆدەکەمەوە
ئەم جەستەیە ئازارم دەدات
نازانم کێ لە تاریکاییدا پێی پێدا ناوە
یان کێ هەموو ڕۆژێك ئەمڕۆو سبەی پێ دەکات.
خوار گۆنا
یان ڕەنگە خوار چەناگە
پلاسینتای زەویمان دوراندەوە کە لەقەد ئاسمان پچڕا
لەوێ بەهارێکی باڵ شکاوو
خۆڵەمێشکی زۆرمان بەجێ هێشت

**خوار گۆنا...**

**ڕەنگە لای دوایەمین فڕەفڕی تاریکی**

**بە چەوگانەکەمەوە**

**بەناو ئەم خانووە غەمگینانەدا دێم و دەچم و نوێژدەکەم**

**بەشکو ئەوانەی ڕەشەبا ڕووی داپۆشین بەرەبەیانێك بگەڕێنەوە**

**بەم شێوەیە چەندان ڕووبارم لە خوار گۆناوە بینی و**

**ڕۆژم نەبینی.**

# 28ی ئەیلوول : عیرفانی ئاو

وەك بڵێیت گۆلکە ئاویی مانگ بەسەر ئاوەوە پشووی دابێت
هاوکووفەکەی لقە کۆنەکە لە سکگەلی ئاسمانەوە شۆڕ بووبووەوە
ئاگری شوانەکان خواردی
لە بنەوەی شاعیرێکدا هەر وڕینەی دەکرد
وەك بڵێیت تەرمەکانی ڕۆژەکانی بە پاییز دڵی بکرێتەوە
هیچ ئاسۆیەك نییە تەنیا ئەو غەمە نەبێت کە لەناو گۆرانییەکان و لە چاواندا هێلانەی کردووە
چەند ڕۆژەکان پێش کەوتن چوون پێیەکانی لە گیا دەدات و
ڕووناکی ئەستێرەکان لە جەستەی خۆیدا هەڵدەگرێت
هێشتە مەتەڵەکانی خۆی هەڵنەهێناون
هێشتە وێنەکەی خۆی، لەناو ئاوی ڕۆیشتوو و ڕاوەستاودا نەدۆزیوەتەوە.

***

وەك بڵێیت گۆلکە ئاویی مانگ بەسەر ئاوەوە پشووی دابێت
وەك ئەوسا لە ئوور و لە حەڕان
زۆر عیرفانی ئاوی بۆ دزە دەکات
میوزیکی مانگ
بە هاوسەنگی و هەراو هوریاوە کێبەرکێی دەکات
ئەویش ناتوانێت دارێك بەرز بکاتەوە.
ئەمڕۆ چامەکانی لەم تەنوورە درێژانەی وڵاتدا دەترشێن
گەشتەکانی چوونە دۆزەخەکانی هەستەوە
لە ناو سکی بڕوا بەپیتەکاندا، بەفیڕۆ چوون

**تۆزو گەردی وتەکانی و**

**تۆمارەکانی شێوەکانی**

**بەرەو بنمیچێکی نزم بڵندبوونەوە**

**وای لێ هات چی نەزانێت چۆن زاری بەکاربهێنێت.**

# 29ی ئەیلوول : بە دەستم بەلاڕانمدا کێشا

لە وڵاتی پڕ لە ڕووناکی ... ڕووناکی ڕاوەستا

لەو وڵاتەی جوانیی لێوە دادەچۆڕا... جوانی دزێو بوو

لە وڵاتی بە باران ڕازێنراو... باران ڕاوەستا

لە وڵاتی پڕ لە ئاواندا... گۆماوەکان زاوزێیان کرد

لە وڵاتی بێستان... جووتیار لەبەردەم شۆرەکاتدا ڕاوەستاو سەری لێ شێوا.

بە دەستم بەلاڕانمدا کێشاو

هاوارم کرد: ئاخ خاکەنازو قازمەکەم لە دەست چوو

بە دەستی نوقاو لەسینگی خۆم دا و

هاوارم کرد: بابە ..ڕەنجەڕۆ بووم.

ڕەگ و ڕیشەی خۆم لە بنەوە هەڵکەندو هەڵاتم

سووچەکانی ماڵەکەم داڕووخان و

کەسوکارم لە دەست چوون

ڕەفەکانی کتێبخانەکەم هەرەسیان هێناو کتێبەکانم کەڵەکە بوون

ڕەشنووسی چامەکانم بزربوون

وێنەکانی ناو ئەلبۆمەکانم بزربوون

بە بام گوت: تۆزێك ڕاوەستە! ...خێوەتەکەم کۆدەکەمەوە

بەڵام خێوەتەکەی بردم

بە ئاگرم گوت: ساردببەوە!

بەڵام بوو بە دۆزەخ

بە تۆفانم گوت: سواری پاپۆڕەکەم دەبم!

بەڵام پاپۆڕەکەی کردم بە تەختەداری سەر ڕووی ئاو

بە خۆڵم گوت: چاوم کوێر مەکە!
بەڵام تا سەرم داپۆشیم
تۆ بڵێیێت من بە هەڵەوگێڕی کارم کردبێت!
تۆ بڵێیێت بەرەو قیبلەیەکی دیکە نوێژم کردبێت!
تۆ بڵێیێت من لەسەر سەرم ڕۆیشتبم!
تۆ بڵێیێت من لەسەر سەرپێچییەکەم خەوی قووڵم لێ کەوتبێت!
کەواتە چیم کرد؟
تێکەڵاوییەکانی جیهان سەریان تێ کردم و
ئاسمان و زەوی دژم بوون بە هاوپەیمان
تۆ بڵێیت ئێراقییەکان خەڵکی ئەستێرەیەکی دیکە بن!
تۆ بڵێیت!

# 30ی ئەیلوول: چەند نزایەکی بیرکراو

زۆرمان پێویست بە نزا بیرکراوەکان نییە
پێویست ناکات بیانڵێینەوە لەکاتێکدا لەناو ئەم دۆزەخەداین
ڕەنگە هەڵاتن دادمان بدات
ڕەنگە باش خۆشاردنەوە
چونکە گەردنمان زۆرتر بەرەو خوارەوە لار دەبنەوە لەوەی بەرەو ئاسمان
پێدەچێت درەخت
ڕووبارەکان، وێستگەکان
پێویستیان بەم نزایانە بێت
هەرچی ئەوەیان زۆر ئازارو ئەشکەنجەیان چەشت
ئەوە پێویستیان تەنیا بە یەك هاوارە تا بگەنە کەناری ئەوبەر
پەنجەکانم بەسەر ژێکانی عووددا دەجووڵێنەوە
بەڵام دەنگم بەرگوێ ناکەوێت
نزاکانم دەخوێنێتەوە
بەڵام گەرووم ئاوی لێ دەچێت
لەناو قۆرتێکی قووڵدا ماران دەردەکەون
ئەو باڵانەم کە لە مەڕمەڕن و
پێیەکانم کە لە ئاسنن
بەردەوام ڕیسوام دەکەن.
هیچ ڕێگەیەکیش بەرەو لای لاویەتیم نییە
خەیاڵ پلاوییەك بوو...

**بەڵام لە خەیاڵ پڵاویدا وێنەی چەندان باڵندەو ئافرەتم کێشاو**

**چەندان جام و چامەگەلم پینەکرد**

**هیچ ڕێگەیەك بەرەو کوانووەکانم نییە**

**بەڵام پشکۆکەم لە دڵی خۆم و**

**خۆڵەمێشەکەم لە کراسەکەمدا هەڵگرتووە**

**ئاوێکی سارد لە پەرداخەکەم دەکەم و**

**چاودێری شەپۆلەکانی ڕووبارو جووڵەی درەختەکان دەکەم و**

**چاوەڕێ ناکەم پەرجوویەك ڕوویدات.**

# ئەسپەکەی خۆم لای گۆڕەکەمدا بەستەوە

# تشرینی یەکەم

# 1ی تشرینی یەکەم: لەسەر شۆستە

گوارەکانی لەسەر شۆستە دانا

پاوان و خڵخاڵەکانی دانا

پاسارییەکانی منداڵی دانا

گرێبەستی مێردکردنەکەی دانا و

بانگی ڕێبوارەکانی کرد: کێ دەکڕێت؟

ئەمە جامێکە هێشتە ئاوی سازگارم پێ نەخواردووەتەوە

ئەمە مەسینەیەکی پڕ لە ڕووناکی و هەنگوینە

کێ دەکڕێت؟

ئەمە تەزبیحی گیانمە

ئەمە جانتای کوڕەکەمە

شەوبێدارییەکانی هەرزەکاریم دانا

ڕوونکردنەوەکانی سۆزو پشکۆکانم دانا

مەنجەڵ و قاپ و کەوچکەکانم دانا

ئەمەیش برنجەو لێ نراوە

ئەمانەیش میوەکانمن.

ئەمە ئەموستیلەی مێردکردنمەو

ئەمانەیش ملوانکەو ئەمانەیش پێڵاوەکانمن

ئەمانەیش غەم و خەفەت و ئاخ و داخەکانمن

کێ دەکڕێت؟

ئەمەیش شەوبێداریمەو ئەمانەیش نامەکانمن

ئەمانەیش ڕووداوەکانی کاتی هەرزەیی و ئەمانەیش گۆرانییەکانمن

ئەمانەیش گوڵاو پژێنەکانن

باشە...

ئەمە مرەبا و ئەمەیش گێلاسەکەمە

ئەمەیش چەمانەوەی بەرەبەیانمە و

ئەمەیش خڕی پاژنەکەمە

بۆچی ناکڕن؟

ئەمانەیش لێوو

ئەمانەیش ددانەکانمن

باشە .. باشە

ئەمانەیش ماچەکانم و ئەمانەیش هەناسەکانمن

دوێنێ مانگم کامڵ بوو

ئەمەیش مانگەکەمە ...!

ئەمەیش ئەو پاچینەیە کە پێی دەگات

ئەمانەیش ئەو پێڵاوانەن کە دەبێت لەپێ بکرێن

ئەمانەیش دەستکێشن ...!

بۆچی ناکڕن؟

کەواتە ئەمەیش ڕۆژی لەدایکبوونم و

ڕۆژی مردنمەو

ئەمەیش دارەتەرمەکەم و

ئەمەیش تەرمەکەمە.

# 2ی تشرینی یەکەم : سەیوانگەل

نەیزانی ئەو سەیوانانەی کرپیونی کونن
سەیوانەکەی، کە بۆ زستانە، بەردو دڵۆپە خوێنی لێوە دێتە خوارێ
سەیوانەکەی کە لە کێڵگەکانە، کۆتری کوژراوی بۆ دزە پێ دەکات
تیرگەلی بۆ دزە پێ دەکات کە لە بەرزاییەوە دێنە خوارەوە
سەیوانەکەی، کە لە مێژوودایە، جەنگگەلی تاریکی بەسەردا دەدەڵێنن کە کۆتایی نایەن
خۆڵی ئەو پاڵەوانانەی بەسەردا دادەبارێنن کە بە کەللە سەری قوربانیان پڕچەکن
ڕووبارگەلی خوێن و پاپۆڕگەلی ئەفسانە ڕەشەکانیان بەسەردا دادەبارێنێت.
سەیوانەکەی کە لە بازاڕەکانە، دراوی ساختەو
هاواری ناخۆشی فرۆشیاران و کاروانە دزراوەکان و
کەشتییە ڕێ بزرکەرەکانی ناو دەریاکانی بەسەردا دەبارێنێت
سەیوانەکەی کە لە داستانەکاندایە، سەربازەکانی جیهانی خوارەوەی بۆ دەنێرێت
لەگەڵ ئەژدیها تۆقێنەرەکانی ئاوە بەرینەکان
سەیوانەکەی کە لە گولاوەکاندایە، بۆنی ماسی و
گۆماوە سیان و تەرمە بۆگەنەکانی بۆ ڕەوانە دەکات
سەیوانەکەی کە لە میوزیکە،
پرخەو شرخ و هوڕ و دەهۆڵی دڕاو و کەمانجەی پەککەوتووی بۆ ڕەوانە دەکات
سەیوانەکانی...
سەیوانەکانی ...
چی دیکە وەك پارێزەر ناکرێنەوە
بەڵکو بوون بە کیسەیەکی فوودراو بەرەو گۆڕەکەی بەرزی دەکاتەوە کە بە هەواوە هەڵواسراوە.

# 3ی تشرینی یەکەم : گیرۆدەی پەپوولەکان

دەست پێداهێنانی پەپوولەکان گەرمە
کلی باڵەکانیان ڕوحم دەڕفێنێت
فڕەفڕی بەسەر قامگەکانمدا بەرکەوتنێکی غەمگیانەی هەیە
لە کەنارێکی دووروودرێژدا چەند ڕاکشام و ئەوانیش بە ناو جەستەمدا دەفڕین!
بە ڕێگەکاندا چەند گۆرانیم چڕی و ئەوانیش دوام دەکەوتن!
لەگەڵ بادا چەند تەکانم دا ئەوانیش لەگەڵم تەکانیان دەدا!
پەپوولەکان لەناو ئاوێنەکەم و
لەناو بارانەکەم و
لەناو چاومدا
هێشتە لەشەقەی باڵ دەدەن
بەشکو پەنجەرەیەك بکرێتەوەو بزەیەکم بۆ بکات
بەشکو سەرسوڕمانێك ڕووناکم بکاتەوە
پەیکەرەکانم گەردو تۆزی پەپوولەکان بوون
فرمێسکەکانم شەونمی پەپوولەکان بوون
پەپوولەکان لایان وابوو چرا، یان مۆمم
بە دەورم و بە ناخمدا دەسووڕانەوەو دەچوونە ناو کیسەکەمەوە
میوزیك و بارانیان پێ دەبەخشیم
هەموو ژیانم، پەپوولە بوو
بە باڵەکانیان ڕۆژەکانیان وێنە دەکێشام

به جموجوولێیان غەمەکانیان ڕادەکێشام

ئەمڕۆ تێبینی دەکەم لە مێژە دیار نین

ئاگرێك لە دەوری خۆم، یان لە خۆمدا دەکەمەوە

بێ سوود

پەپوولەکان بۆ شوێنێکی دوور ڕۆیشتن

ژیانیشم لەگەڵیان ڕۆیشت.

# 4ی تشرینی دووەم : کاتێك ئاور دەدەمەوە

فرمێسك بە جۆگەکاندا دەڕوات
منیش بەپێ خواس لێیان دەپەڕمەوە
کێ یارمەتیم دەدات کیسەکە بەرزبکەمەوە؟
شتەکانی کوڕەکەمی تێدایە: فیلم و مەرەکەب و، جانتاو جلەکانی
ئەو گالیسکانەی لە وڵاتەکەم هەڵدێن بە بەردەممدا تێدەپەڕن
دەکۆشم بیانگرم کەچی ناتوانم
بە پشت کۆماوی هەر دەڕۆم
دڵم بەو ئاگرە داپۆشراوە لە دۆزەخەوە ڕەوانە کراوە
زاریشم ترس ماچی دەکات
لە ئامێزم دەگرێت، چۆن تاریکایی جیهان لە ئامێز دەگرێت
ئاخەکانم لەناو شووشەیەکی داخراودا شاراونەتەوە
چی دی فرمێسك لە چاوم نەماوە
بە جلوبەرگی قەرەقۆز چوومە دەرەوە
تا خەڵك دەرك بە نهێنییەکەم نەکەن
ڕووناکییەکان چەند لەبەردەممدا هەڵلەرزین
بەڵام هەنگاوەکانم خێرا بردمیان
بەرەبەیانێك نییە ئەگەر بچووکیش بێت پێم بڵێت: وەرە
تەختەدارێکیش نییە لەم تۆفانەدا هەڵمبگرێت
بۆ پێشەوە دەڕۆم و سەیری پاشەوە دەکەم
کیسەکەم بە کۆڵەوەیە

**ئەم کیسەی ڕۆژگار کونیان کردووە**

**شتەکانی کوڕەکەمی لێ  بەربوونەوەو بزربوون بێ ئەوەی ئاگەم لێ بێت**

**کاتێك ئاوڕم دایەوە ...**

**کیسەکەم بینی بە کۆڵمەوە بووە بە کفن**

**لێم ئالآو بە بەژنمدا داکشاو لە خۆی هەڵکێشام.**

# 5ی تشرینی یەکەم: بازاڕی منداڵان

منداڵان بە هەموو کەرەستەکانیانەوە دێنە ناو تونێلەکانمانەوە

بە پۆشەك و شۆرت و جلی فێرگەو دشداشەوە

منداڵان بۆ تەقاندنەوە ئامادەن

منداڵان بۆ فرۆشتنی ئەندامانی لەش

منداڵان بۆ ئەوەی پشکۆو تلیاکیان تێدا بچێنین

منداڵان بۆ خۆشی ... بۆ شەوبێداری ... بۆ کات بەسەربردن

ئەو منداڵانەی لە ساناتۆریۆمەکاندا لەبیرمان چوون

ئەو منداڵانەی لە کەلاوەکاندا لەبیرمان کردن

ئەو منداڵانەی لە جەنگەکاندا مینەکانمان پێ تەقاندنەوە

ئەو منداڵە بێ دایك و باوکانەی لە هەموو لایەکەوە

ئەو منداڵانەی فڕێمان دانە زبڵدانەکانەوە

ئەو منداڵانەی بە هۆیانەوە چووینە ناو مێژووەوە

ئەو منداڵانەی ڕاهێنرابوون شمشێرگەلی سەربڕین تیژبکەن

(باڵندەکانی بەهەشت) ئەوانەی بەرەو بەهەشت بە کۆڵەوەمان دەگرن!

(خۆشەویستانی خواوەند) کە ئاسمانیان پێ لەکەدار دەکەین

ئەو منداڵانەی کە چوون پێڵاو لە پێیان دەکەین

ئەو منداڵانەی کە پێڵاو بۆیاغ دەکەن

ئەو منداڵانەی مێژوویان سیخناخ کردووین و دەرۆزە دەکەن

ئەوانەی تەکان دەدەن بەری بالکۆنەکانمان بگرن

ئەوانەی وڵاتمان پڕ فرمێسك دەکەن

ئەو کیژۆڵانەی بۆ شێخ و فەقیهەکان تەرخان کراون

ئەو کیژۆڵانەی لە مووبەقەکاندا بیرکراون
ئەو کیژۆڵانەی لە ئاودەستەکاندا بیرکراون
لە لادێکاندا بیرکراون
ئەو کیژۆڵانەی لە سرووتەکاندا بەکاردەهێنرێن
کە بە هزرگەلە ڕەشەکان بەستراونەتەوە
چۆن لە داگیرکراوەکانی ئەو کیژۆڵانە دەرچین لە حەشارگەکاندا کەڵەکە کراون؟
چۆن سەیری منداڵانمان کرد کە گوێرەوییەکانیان دەچنی؟
چۆن بەنووکی قامکەکانمان چارەنووسی ئەوانمان وێنە کێشا
چۆن وەك خۆمان کردمانن بە شوان و
بۆچی ئەم هەموو چەقۆیانەمان بە دیاری پێ بەخشین
بۆچی لە ڕێگە تۆقێنەرەکانمان دانان
بە بازاڕی منداڵاندا دەسووڕێمەوە
کیسەکەی خۆمم هەڵگرتووە کە هەموو ئەو شتانەی تێ دەئاخنم کە دەیانبینم و
چاوە گەورەو گەشاوەکەیان دەبینم
ئاماژەم پی دەکەن...
کاتێك چاوی کامێراکەم دەکەمەوە
ئاسمان خۆڵ دەبارێنێت
بە کیسەکەمەوە هەڵدێم کە چاوی گەشیان تێ بڕیوەو
پشتم هەلا هەلا دەکەن.

# 6ی تشرینی یەکەم : چۆن بێ ئەوانە ڕێ بکەین!

ئەمانە پێڵاون بۆ سەرکەوتن

ئەمانەیش پێڵاون بۆ کەوتن

ئەمانە پێڵاوی ئاوریشمن وا دەکەن جڵەوی دەستەڵات وەربگریت

ئەمانەیش پێڵاوی ئاسنن وا دەکەن لە جەنگەکاندا سەربکەویت

ئەمانەیش پێڵاوی هەڵاتنن

ئەمانەیش پێڵاوی ڕێ کردنن بەناو مینەکاندا

پێڵاو بۆ چوونە ناو ڕووبارە دژوارەکانەوە

پێڵاو بۆ دانیشتن لەسەر مێزە درێژەکان

پێڵاو بۆ وتاردانی زل

پێڵاو بۆ توند ڕێ کردن بەناو حەشامەتەکان و هەلا هەلا کردنیان

پێڵاو بۆ ئاژاوە

پێڵاو بۆ گۆڵ کردن و بردنەوە

پێڵاو بۆ هەڵگرتنی قوڕ بۆ ناو شەقامەکان

ئەمانەیش پێڵاوی سوورن بۆ ئەو ئافرەتانەی مێردەکانیان بەجێی هێشتوون و

پێڵاوی ڕەشی بریقەدار بۆ خاتوونانی بریقەدار

پێڵاوی خوێنین بۆ ئەو منداڵانەی کار دەکەن

پێڵاوی تۆزین بۆ ئەوانەی بەسەر پشکۆدا دەڕۆن

پێڵاوی بایین بۆ ئەوانەی بەسەر خەیاڵپڵاویدا تێدەپەڕن

ئەمانەیش پێڵاوی  لووسن بۆ پێ ناسکەکان

پێڵاوی نووک تیژ بۆ چاوچنۆکەکان

ئەمانەیش پێڵاو بۆ ئەو کاهینانەی بەرەو دۆزەخ دەچن

**پێڵاوی سیاسەتوانان کە لە پێستی جەماوەر دروست کراوە**

**ئەمانەیش پێڵاوی سووکی دزی کردنن**

**ئەمانەیش پێڵاوی بەیانیانی پڕ شادین**

**ئەمانەیش پێڵاوی تاك و تەنیایی ئێواران**

**ئەمانەیش پێڵاو بۆ گیاخواردن**

**ئەمانەیش پێڵاوی پاکن بۆ شمشێرەوانەکان**

**پێڵاوی بزەدار بۆ سەربڕەکان**

**ئەمانەیش چەندان کیسە پێڵاوی زەردن بۆ ئەوانەی فیتنەگەری دەنێنەوە**

**پێڵاوی شین بۆ ئەوانەی ئایدیاکانیان خۆش دەوێت**

**ئەمانەیش پێڵاوی گورگەکانن**

**ئەمانەیش پێڵاوی ئەو فیلانەن پێشێلمان دەکەن**

**ئەمانەیش پێڵاوی ئەو تاوسانەن لەناوماندا فیزدەکەن**

**پێڵاوی لووسی مارەکان**

**پێڵاوی ڕەقی هێسترەکان**

**پێڵاوی مەرگ**

**پێڵاوی نێچیری زۆر**

**ئەمانەیش پێڵاوی ئەو نەدارانەن وڵاتیان پڕکردووە**

**ئەم پێڵاوە هێڵ هیلانەیش بۆ لێبووکەکانن**

**ئەمانەیش پێڵاوی تیمە وەرزشییە سەرنەکەوتووەکانن**

**ئەمانەیش پێڵاوی دەڵاڵەکانی تۆپن**

**ئەمانەیش پێڵاوی درۆکردنن**

**ئەم پێڵاوانە باشترین دروشمگەلی ئێمەن.**

## 7ی تشرینی یەکەم : مێژوو وەك چۆن پێی باشە

ئاغای فوودراو

ئاغای شلەژاو، توند، بۆش

ئاغای لە دەرەوە لووس

ئاغای لە ناوەوە سەخت

گەوجانە گوڵاوی لە خۆی داوەو

بە ئەندازەیەکی پێکەنیناوی خۆی پۆشیوە

ئاغا، هەموو ڕۆژێك دەچێت بۆ بازاڕەکانی مێژوو

چی بوێت دەیکڕێت

چی بوێت بەجێی دەهێڵێت

پێڵاوی پاشا و سوڵتانەکان هەڵدەبژێرێت و وەك میدیاڵ بە سینگییەوە هەڵیاندەواسێت

شمشێری داگیرکاران دەکڕێت و بە گەردنییەوە هەڵیاندەواسێت

ئەسپگەلی سوپا سەرکەوتوو و ژێرکەوتووەکان دەکڕێت و

لە تەویلەکانیان دەکات

هەموو ڕۆژێك ئەموستیلەو کاتژمێرو ملوانکەی کوژراوەکان دەکاتەوەو

لە ناو سندووقەکانیدا هەڵیاندەگرێت

هەموو ڕۆژێك وتارگەلی خوێن و هات و هاوار دەکڕێت و

چوارچێوەیان دەگرێت و لەناو سالۆنەکەی خۆی دایاندەنێت

بەڵام بە بێزەوە سەیری پەنجەی فەرمانڕەواکان دەکات

کە نائومێدانە قەد دیوارەکانی بەندیخانەکانی سوڵتانەکان هەڵدەکۆڵن و

لووشکە لە کتێبگەلی ڕوح دەوەشێنێت
گۆرانیی ئەوینداران پێشێل دەکات و
فیز زلانە بەناو بازاڕی مێژوودا دەڕوات و
بە بێ توانا و مەست و شێت و ئەوینداران پێدەکەنێت
بەوانە پێدەکەنێت خواوەند لەبەر بیرتیژییان دووری خستوونەتەوە
ڕێ دەکات و سینییەکانی جوانی هەڵگرەکان وەردەگێڕێت
بەڵام، بە دزییەوە، بە دوای ئافرەتە مەزنەکاندا دەگەڕێت
کاتێك سەمیر ئەمیس دەدۆزێتەوە ڕایدەکێشێت
(وێ)یش چەپۆکێك بە دەم و چاویدا دەکێشێت.
کاتێك دەکۆشێت کلیۆپاترا فریو بدات
بە هەردوو پێی شەقێکی تێ هەڵدەدات
کاتێك دەست بەسەر هەردوو چاوی زەرقای یەمامەدا دەهێنێت
وێ پەنجەکانی دەسووتێنێت.
دەچێت بۆ لای ئافرەتە تۆقیوەکان کە لە ترساندا خۆیان شاردووەتەوە
بە قژ ڕایاندەکێشێت و لەناو جێگەکەی خۆی دایاندەنێت
ئاغای فوودراو لە سۆزانیخانەکانی شەو چی ئافرەتێکی بوێت لەگەڵ خۆی دەیبات
بەئالۆشە لیقەکانی گوڵاو لەخۆی دەدات
ئاغای خووگرتوو بە کۆکردنەوەی پاشماوەی سوارە دلڕەقەکان
شوێنەوارەکانیان، لەناو کیسەیەکدا هەڵدەگرێت، بێ ئەوەی پارەیان پێ بدات و
چی ئارەزوو بکات لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەی دادەنێت.
کاتێك دەستی بۆ دارخورمایەکی سووتاو درێژ کرد
دڕکەکەی بە لەپیدا چەقی و
پاشماوەی ژیانی بە ژەهراوی بوون گوزەراندو
نەیتوانی هیچ بکات.

# 8ی تشرینی یەکەم : چەکی وریا

ئاوڕم نەدایەوە
چونکە (هەرقەل)م بینی ئەستوونەکانی ئاسمانی بڵند دەکردەوەو
داڵی لەسەر ناو لەپی پەروەردە دەکرد
لە سەنگەرەکەی بۆ درکاندن چووە دەرەوەو
وازی لە چەکەکانی هێنا.
بەڵام ئێمە بەم ئاسانییە واز لە چەکەکانمان ناهێنین
هەموو ڕۆژێك چەکەکانمان لەناو کیسەی گەورەدا فرەوانتر دەبن
کە سەوزەو گۆشتیان تێدا دەفرۆشرێت
ئەو چەکانەی کە ژیان دەکوژێننەوەو
جوانی لەناو دەبەن
ئەوانەی دەرك بە نهێنییان ناکرێت
کەشتییەوانگەلێك سواریان دەبن
لە گڕکانەکانەوە هاتوونەتە دەرەوە
چەکی لەناوبردن
چەکی سڕینەوەی ویژدان
چەکی زار بەستن
چەکی پەکخستنی ڕوح
ئەو چەکانەی لە باخچەکانی پشتەوەی ڕێکخراوەکانی ئاشتی دەفرۆشرێن
ئەو چەکانەی کە بە دەستی شاراوەی پارتەکان دەفرۆشرێن

ئەو چەکانەی لە بۆرسەکان دەفرۆشرێن

ئەو چەکانەی ناو مزگەوتەکان

ئەو چەکانەی سەوزە لە سروشت و لە ناو ڕوح سەردەبڕن

چەك بۆ ناشتنی نەوەی ئادەمیزاد

چەك بۆ پەککخستنی جگەر

چەك بۆ لەناوبردنی دڵان

چەکی فرت و فێڵ و فریودان

چەکی پرسیارە نەبڕژاوەکان

چەکی ئاسنین

چەکی وشە

چەکی پێستی مار

چەکی شەوو چەکی نیوەڕۆو چەکی بەرەبەیان

ئەو چەکانەی کەس نەیبووە ئێمە نەبێت

ئەو چەکانەی وتووێژ دەکەین تا لە باخچە گشتییەکاندا بڵاویان بکەینەوە

ئەو چەکانەی بە نیازین تا لە باخچەی ساوایاندا دایانبنێین

ئەو چەکانەی لە خانەی بەساڵداچوواندا دایاندەنێین

ئەو چەکانەی کچە مێردنەکرووەکانیان پێ دەتەقێنینەوە

ئەو چەکانەی بەناو مێژووی دوورودرێژماندا پیاسە دەکەن و

ئێستە لەسەر شۆستەکانمان کەڵەکە دەبن

ئەو چەکانەی دەوڵەمەندان و نەداران و بەشەرەف و فەقیهەکان دەیانفرۆشن

ئەو چەکانەی لەگەڵمانن بۆ هەر کوێ بچین و

بێ ئەو چەکانە ناتوانین بنووین ...!

# 9ی تشرینی یەکەم : ژەهر

باڵندە دەنگ خۆشەکان دەنگیان دەنووسێت و
لەسەر کاشییەکانمان دەناڵێنن
مۆزەخانەکان وێڕای درزی دیوارەکانیان بەرینتر دەبنەوە
ڕووباری ڕەشی کیمیا بە دەمارەکانماندا ڕۆیشتن و
بەرەکانی گڕکانەکان لە یادگەماندا کەڵەکە بوون
چەند باخچەیەکی ژەهر هەن بە دیوارەکانماندا هەڵدەگژێن
ژەهر بۆ کوێرکردن و کێم کردنی چاو
ژەهر بۆ فرمێسکی زۆرتر
ژەهر بۆ ڕاگرتنی کاروانی جوانی
ژەهر بۆ پەکخستنی باران
ژەهر بۆ ئیفلیج کردنی هەردوو دەست
ژەهر بۆ گرێدانی هەردوو ئەژنۆو کڕنووش بردن بۆ ئاغاکان
ژەهر بۆ سکەخشکێ کردن بەرەو کورسییەکان
ژەهر بۆ هەڵگرتنەوەی مێشك و دانانی پێڵاو لە جیاتی
ژەهر بۆ خوێن بەربوونێك بە درێژایی تەمەن بێ ئەوەی لەسەرەوە برینی دیار بێت
ژەهر بۆ پێکانی وردتر
ژەهرمان بەپێی  پێویست بە هەموو ژیانماندا بڵاوکردەوەو
قسەی جوانمان لە ڕووبەندی ماڵەکاندا دانا
مرۆڤمان وەك دروشم دانا
لە باخچەکانمان ژەهرمان دەچاند
شەونخوونیمان دەکێشا تا چاودێری بکەین

**بەشکو مەرگ تاکە گوڵمان بێت**

**کە خۆمانی پێ دەڕازێنینەوە**

**چی وای لێ کردوون بەم شێوەیە بێ جووڵە ڕاکشاون**

**گوڵی ئاڵ نەخۆش کەوتووەو بەربووەتەوە سەر شۆستەکان ...(گۆڕەپانی ئەندەلوس)**

**سەرخۆشەکان لەناو داروپەردووەکاندا دەکەون ... (بەتاوین)**

**بارانێکی ڕەش هەمووان بۆیاغ دەکات ..(گۆڕەپانی تەحریر)**

**هاوارگەلێك کۆتاییان نایەت و چەندان دروشمی ڕەش ...(شاری سەورە)**

**باڵندەکان، گەلی میوزیك، سەریان بڕاوە ... (بازاڕی غەزل)**

**خۆڵەمێشی سوور بەسەر خاچەکانەوەیە ...(کەمپ سارە)**

**ژەهر لەناو چای**

**ژەهر لەناو برنج**

**ژەهر لەناو دەرمان**

**ژەهر لەناو تەلەڤزیۆن**

**ژەهر لەناو ئاسمان.**

## 10ی تشرینی یەکەم: بازاڕی غەزل

تەنیا بەم گڕکانە شاراوانەدا هەڵدەزنێم
تەنیا ئەم بازنگانە لە دەست دەکەم
تەرمەکانی باڵندەکان لە ژیانمدا کەڵەکەیان کرد.
باڵندەیەکی نوێم بۆ مەنێرە
بیانخە ناو قەفەزەوەو بەرەو دەرەوەی مێژوویان بار بکە.
لەبری بەخێوکردنی کەڵەشێر
هەموو بەیانییەك لەخەو هەڵدەستم و
وردە وردە هەتاو بانگ دەکەم تا لەسەرخۆ هەڵبێت
چی دیکە ئەشکەوت نییە
چی دیکە نامە لەگەڵ ڕووبارەکاندا ناگۆڕمەوە
بۆیە ئەم ماسییانە لەناو سندووقێکی شووشەییندا دانێ
بەشکو هەندێك تروسکەی زیوینت بەر بکەوێت.
ببە بە بەردەستێکی گوێڕایەڵی گورگەکان و
لەگەڵ خۆت دیاری بۆ مەیموونەکان بهێنە
ڕۆژی هەینی کەروێشکەکانت لەناو ڕووبەندێکی شووشەییندا دابنێ
وایان لێ بکە بۆ خەڵکی بزەیان بێت
ڕووپێوێکی باش بۆ شەڕەکەڵەشێر تەرخان بکە
با بۆ جامەکە نۆرە بگرن
لە یەك دوورایییەوە دوور لە ڕێوییەکان ڕاوەستەو
ترێی زۆریان بۆ فڕێ مەدەو
ئەم کیسە گومانا وییە دوور بخەوە!
مەیخەرە ناو قەفەزەکانی باڵندەو مریشکەکانەوە.

# 11ی تشرینی یەکەم: جەستەیەکی غەمگین

ئەوە جەستەمە لە بیرچوونەوەدایە
ئەوەتە لەژێر جلەکانمدایە وەك بڵێیت، دوورتر لە ئەستێرەکان، لێمەوە دوورە
ئا ئەوەتە ... لەژێر تۆزو گەرددایە
قۆرتێکی قووڵم لەژێر ملمدا بۆ هەڵکەندووەو
تێیدا شۆڕم کردووەتەوە
ئەوە هەر هەموو ئەوەیە کە هەمە لە تاریکاییدا پشت گوێ خراوە
جەستەم پارچە دوای پارچە بەسەر جێگەکەمدا دەکەوێتە خوارەوە
بایش بە سنوورمدا دەپەڕێتەوە
چی دی ئاگرەکەم ناگەشێتەوە
پەنجەکانیشم لەناو کووپەکانمدا لەبیر کردوون
ئەشکەوتەکانی جەستەم تاریکن و
کەسیان لێ نیشتەجێ نییە.
ڕۆژێك لە ڕۆژان، تەختەدارێکی نەرم بوو ئەستێرە نووستووەکان بەسەریدا پەڕینەوە
پاپۆڕی ئافرەتە سەرگەردانەکان بوو
بەهارێك بۆ ئالۆشەکان.
کاتێك بە جەستەی خۆمدا هەڵزیم بینیم بە ئەفسانەکانی خۆی گڕوگاڵیەتی
دۆڕانەکانیم لەگەڵ هەموو بیرچوونەوەیەکدا دروست کرد
لەگەڵ هەموو یادچوونەوەیەکدا
لەگەڵ ژوورە نووستووەکانی و
ناوماڵە ڕەنگ بزڕکاوەکانی

چۆن ئاگەم لە بریسکانەوەی بڕاو
وازم لێ هێنا بکوژێتەوە؟
چۆن کردم بە جۆلانەیەك بۆ خووە دووبارە بووەکان.
ئەو پەیکەرانەی جەستەمیان تێدا نیشتەجێ بوو
غەم تێکیشکاندن
ئەمە پەیکەرەکەی (دموزی)یە سەری شکاوە
ئەمە پەیکەرەکەی (هرمس)ـە دەستی بڕاوە
ئەمە پەیکەرەکەی (هەرقل)ـە ماسوولکەکانی سیس بوونەتەوە
ئەمانەیش پەیکەرەکانی ڤینۆسەکانن لەسەر زەوی تێکشکێنراون
ئەمانەیش پەیکەرەکانی ئەوینی منن
(ئەناهێت) کە تەمێکی چڕ داپۆشیوە
(سیدۆری) کە مەیخانەکەی داخست و هەڵات
(تایکی)ی قەڵا تێکشکێنەر
(لیلیت) کە لەگەڵ باڵندەکاندا بەرەو شەو فڕی
(کووبی) کە ڕۆژەکان خواردیان
(لووبا)ی بەناو بزرگەدا گەشتکەر
کەسێك چووە ناو ئەم پەیکەرانەوەو تێکیشکاندن
پاشان پاچەکەی بە گەردنی منەوە هەڵواسی
دووکەڵی ساڵەکان بەرم دەکەون
مانگی خۆم دەبینم ئاهەنگ بۆ یاسەمین دەگێڕێت
حیلکەی ڕۆژەکانم دەبیسم
هەورەکانی جەستەم کەوتنە ناو دۆڵە قووڵەکانەوە
چی دی باران نابارێت
چی دی هەناسە نادات

**شووشەکانی بادەو پاشماوەی تووتنە بۆندارەکان و**
**کراسەکانی ئافرەتان کە بە سەر جێگەکانەوە بەجێ ماون و**
**پاشماوەی گوڵاوو پێکەنین و هاواری ئاڵۆشەکانیانی**
**تێدا کەڵەکە کراون**
**جەستەم لێ بەربووەوە ناو کیسەیەك**
**چی دی ناتوانم پێی بگەم.**

# 12ی تشرینی یەکەم: شادییە لەناوچووەکان

ئەو جەنگاوەرەی لە ناخمدایە
با بردی و
بوو بە جەنگاوەرێك لە بەرد
باڵەکانی لە بالکۆنگەلێك دەچن بە هەوادا سەرگەردانن
زوڕنای پێ نییە
نە ئەسکڵدان و نە شمشێرگەل
چۆن ڕووی دا لەناو خەڵکیدا مامەوەو
بەناو بازاڕدا پیاسە دەکەم و
بە دوای خۆمدا تۆڕە بەتاڵەکەم ڕادەکێشم کە ڕاوی پێ دەکەم
چۆن بە بازوو پاڵم بەم درەختانەوە دا؟
کێ وازی لێ هێنام بەم شادییە لەناوچووانە گیرۆدە ببم؟
کێ لەم گۆشە وشکانەدا هەڵیگرتم؟
کێ شکاندمی؟
ئەمڕۆ هەندێك لە بیرەوەرییەکانم لە کیسەکەمدا کۆدەکەمەوە
ئەمڕۆ کێڵی ژیانم نۆژەن دەکەمەوە
ئەوەی پاشماوەی ڕۆژەکانی خۆمم پێوە هەڵواسیبوو
ئەموستیلە کۆنەکانم و
ملوانکەو دەقە کون بووەکانمی پێوە هەڵدەواسم
بیرم لەوە کردەوە پاشماوەی ڕۆژەکانمی بە قەددا هەڵواسم
بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە پێیەکانی خۆم ڕاوکردو
لە جانتاکەم دانان و

پتر لە بنمیچێکم دروست کرد

تا گەنجینەکانم لە بڵندایی بشارمەوەو

ڕاییگەیەنم کە بە تەنیا نووستن هیچ سوودێکی نییە

ئەم ساڵ خەریکە بەناو ڕێگەکانی کاتدا

کۆتایی دێت

بەڵام هێشتە لە تارماییەکانی ڕابوردووەوە

پەیامم پێ دەگات

لەکاتێکدا پەیامەکانی نیشتمانم و پەیامەکانی کوڕەکەم پچڕان

دووکەڵم لەم ئێسك بەندانەدا بەخێوکردو

بە تەنگەوە بووم ڕۆژنامەکانم بنووسم

لێی ڕووت بووم تەنیا لەوو

لە گۆرانیی دوا دوای شەو نەبێت

لەگەڵ ئەو فرمێسکانەی کە بوون بە تەنیا بارانی من

جەژنە تێپەڕیوەکان ڕۆیشتن

چوکلە بخوردەکان سووتان

کاسێتی گۆرانییەکان ڕاوەستان

بوتڵە بادەکان بەتاڵ بوون

کاغەزەکان پڕ بوون

هەرچی منم هێشتە خەریکم خۆڵەمێشی سەر پەیکەرەکەم دەسڕم

تا بیبەمەوە بۆ دایکم و

لە بەردی ڕزگار بکەم.

# 13ی تشرینی یەکەم : چەند مەوالێك بۆ مەروان

هەرچەندە بەتەمەن کز دەبم و
بەردی واتام دەردەکەوێت
ئەڵمازی واتای تۆ بڵند دەبێتەوە
لێرە کۆتی تۆ کۆتی کردم
لەکاتێکدا گوڵ لە واتات نزیك بووەوە
ئەوینێك هەڵیدام و دامرکایەوە
خۆی بە واتات گەیاند
ئەی ئەوەی بانگت کردین ...
گوێمان لێت نەبوو!
لە ئەویندا بەبێ جام سەرخۆش بووین.

***

ترسی تۆم لێ نیشتبوو
پاش من گوڵەکانت سیس داگەڕان
ترسی ڕووناکیتم لێ نیشتبوو
کە دووریم ڕایتەکاند
ترسی ئەوەی ئەگەر
کاتێك لە دوورایی بکوژێتەوە

***

نەتەوەیەکی سەرگەردان

**له سەر خاکی ئەم وڵاتەیە**

**خاکی ئاگرو تەقەمەنی**

**ڕێگەی دڕکاوی**

**تۆ داوی تەشییەکەی و**

**دەستی جۆڵاکەیت**

**تۆ گوڵی ڕووبارەکەیت**

**هەمیشە**

**ئەوان بەرەو نەمان و**

**لەناوچوون دەچن**

***

**مانگێك کەوتە ناو ئاوەوە**

**چەند فشەکلاونەیەکیش وەك ئەو**

**خوێنی مەسیح ئاوڕەشەمان دەکات**

**خاچەکان شوێنێکی بەرینیان نییە**

**ئەگەر کەس نەدۆزینەوە خۆما لە خاچ دەدەین**

**تا بە قەد خاچەکەمانەوە ژانێك بین هەر هاوار بکات.**

## 14ی تشرینی یەکەم : ئەو ڕۆژەی لەناو ئاودا قسەم کرد

هەرکە هێلانەیەکم لەسەردرەختان دروست دەکرد
دەکەوتە ناو ئاوەوەو
ڕووبارەکان ڕایاندەماڵی
تەنانەت باڵندەکانیش بۆ من دروستیان دەکرد
بەڵام هێلانەکانم بەرگەیان نەدەگرت
چیم بکەم
تا لەسەر درەختەکان ڕابوەستن
بێ ئەوەی پاییز ڕووتیان بکاتەوەو
بێ ئەوەی با بەرەو خوارەوەیان هەڵدات
کاتێك خۆم لەناو ئەم بایەدا بم.

***

ڕۆژەکانم دەلەرزن
هەرکە زستان بەلایاندا تێپەڕێت
کاتێکیش دەمەوێت جلە شڕوهوڕەکەیان پینە بکەم
پەنجەکانم دەلەرزن و
ناتوانم داوەکە بە کونی دەرزییەکەوە بکەم
زامەکانیشم
پێویستیان بەوەیە بدورێنەوە
بەڵام پەنجەکانم هیچ نالێن.

***

**کاتێك لای دوامالّئاواییدا بەلەمێکم دروست کرد**
**ئاو کەوتە جووڵەو**
**با بەرەو ئەو ڕووبارەی پاڵ دام**
**کە لە ناخمەوە**
**لەخۆی نزیك کردبووەوە.**

*******

**لە کەشتیگەلی کون پەشۆکاوتر**
**هێشتە ڕۆژەکانم بەسەر ئاوەوەن**
**لەکاتێکدا تارماییەکان هەڕەشەم لێ دەکەن.**

*******

**لەوێ بە دیوارەکان و بەسەر جێگەکان و**
**لەناو زەنگە کپەکاندا**
**نە تارماییەکان ڕۆژە نغرۆبووەکانم ڕزگار دەکەن و**
**نە ڕۆژەکانیش تارماییەکان بەرەو ژوورەکانیان ڕادەکێشن و**
**نە منیش دەتوانم بیر لەم وێنانە ببڕم.**

*******

**باڵندەگەلی بریندار لە جەستەم هەڵدێن**
**لە ئاسۆکاندا دوای دەزووی خوێنیان دەکەوم**
**کاتێك دەگەنە درەختێکی دوور**
**لای کراسێکی دڕاو ڕادەوەستن من دەیناسمەوە**
**بەڵام ناگەڕێنەوە**
**درەختگەلی دیکە چاوەڕوانیان دەکەن**
**چەند کراسیان لەسەر هەڵخراون نایانناسمەوە.**

*******

دەستم شەرمەزاری کردم کاتێك ئەو ڕۆژە بۆم درێژ کردەوە
نەیتوانی لە کارەساتەکەی ڕاکێشێتەوە
چاوم شەرمەزاری کردم ئەو ڕۆژەی بە تەنیا بینی و
فرمێسکەکانی بەرەو لام بۆ سەرەوە هەڵنەزنان
وشەکانم شەرمەزاریان کردم
کاتێك نەگەڕانەوە بۆ لام
هەمووان شەرمەزاریان کردم.

# 15ی تشرینی یەکەم : ئەسپەکەم لای گۆڕەکەم بەستەوە

تەواو دڵنیا نیم
ئەم میوزیکە بە جامەکانی بادەی پێ نۆش کردم
یان کوانووەکانی بە ڕوودا فڕێ دام
لەوێ لەژێر هەڵەکانەوە قەلەڕەشکەکەم هێلانە دروست دەکات
لەوێ بەردە ڕەشەکانی دەردەکەون
ئەسپە نەخۆشەکەی خۆم بە ئەستوونەکانییەوە بەستەوە
بە ئاوە ڕۆیشتووەکەی ئالۆشەکانی خۆم شوشت
تەنیا ناوی مردووەکانم بینی
کە شوێنەکەیان دەستەمۆ دەکردم و
فڕێیان دەدامە ناو فریوە نووستووەکانیانەوە
حیلکەی ئەو ئەسپانەی لە مێژووەوە هاتنە دەرەوەو
بەسەر جەستەمدا تێپەڕین
شوشتیانم
لەپێناوی ئەم ئاپوورە درێژەی ئاوێنەکاندا
لە پێناوی ئەو وێنە نەفرەتیانەی لەناویدان
پردە ڕووخۆشەکانم لەنێوان شارەکاندا داناو
زۆرم سەما کرد
وەك بڵێیت پڕ لە دەرگەبم و
بەسەر چەندان ڕێڕەوی قەرەباڵغدا بکرێمەوە
ئەسپەکەم لای گۆڕەکەم بەستەوەو

لە ئاسمانە باراناوییەکە ورد بوومەوە
ڕۆژەکانی خۆم بە ڕاکردن بە دوای ئەو وشانەدا بەفیڕۆ دا
کە مردووەکان بەسەر کێلی گۆڕەکانیانەوەو
لەنێوان هەنگاوەکانماندا نووسیویانن
بەڵام ئەوەندەی نەدەخایاند زوو لەبەرچاو نەدەمان و
درزەکان بزردەبوون و هیچ شوێنەوارێکیان لێ بەجێ نەدەما
بە بەدواداچوونی دەرکەوتنی جوانیی ئافرەتان بەسەرم بردن و
بەدواداچوونی جووڵەی بە دەم و چاوو جەستەکانەوە
خەنەو وزمەکانم لەناو شووشەکانمدا کۆکردەوەو
جانتاکانم بە میوزیکەکەیان پڕکرد
نە وشەکانم لان
نە ئافرەتەکان
نە جامی میوزیك
نە ئەسپی نەخۆش و نە ئەسپی دلێر
هیچ تەنیا ئەم مێزە درێژانە نەبێت
هیچ کەسێکیش تەنیا شەبەنگی نوێ نەبێت
چۆن بەم شێوەژیانم بە فیڕۆ چوو؟
چۆن ئاوەکانی خۆم کرد بە ڕووبار بۆ ئەم بەلەمانە؟
ئەی نەدەبوو ئەم بەسەرهاتە سەر لێ شێوێنەرە هەرەس بهێنێت
ئەی نەدەبوو هەندێك لە بەردەکانی سەر ڕێگەکەم لا بدرێن
ئەی نەدەبوو گۆساغیم ڕابگیرێت و
وشەکانم کەوی بکرێن.

# 16ی تشرینی یەکەم : لێرەوە سەرچاوە دەگرم، ئەی لە کوێوە دەڕژێمە دەریا

سەرچاوەکانی خۆم بە تەواوەتی دەناسم
ئەوانەی لە گوندەکانی جووتیارەکانەوە هەڵقوڵان
کە نغرۆی بیرچوونەوەن
نەوە نووستووەکانی خۆم لەناو سکی ڕووبارەکاندا دەناسم
ئەو باڵندانە دەناسم بۆ ئەو کانییانەیان هەڵگرتم
ڕێگەکەم دژوار بوو
چەندان بەردو تەپۆڵکەم تووش بوون
خۆم لێ لا دان و تێپەڕیم
چەندان سوپاو داگیرکارانم تووش بوون
گاڵتەم پێ کردن
ژمارەیەکی زۆر ڕاوچی بینییانم
لە ئاوەکەیان بار کردم
بەڵام بەتەوژمتر بووم
پاپۆڕو کەشتیگەلی بێ شوماریان لەناو شەپۆلەکانم دانا
منیش گۆرانیم بۆ چڕین و سروودەکانم  زاوزێیان کرد
تەرمگەلی نەناسراویان تێ فڕێ دام
بەڵام بۆیان گریام و نوێژم لەسەر کردن و
لە کەنارەکانی خۆم گلم دانەوە
کتێبیان تێ فڕێ دام

**مەرەکەبەکانیان تێمدا بڵاوبوونەوەو بێداریان کردمەوە**

**خوێنیان تێ ڕشتم**

**ڕەنگی گوڵەکانم گۆڕان**

**ڕێگەیان پێ بزرکردم بەڵام ئاوەڕۆی خۆمم دۆزییەوە**

**چەندان جار ڕێگەکانی خۆم گۆڕی**

**چەدان جار ڕوحی ڕۆژگارم لە خۆمدا تواندەوە**

**چەندان جار گۆرانییەکانی خۆم بە ڕاوچییەکان بەخشی**

**ئەوە کانییەکەم بوو**

**ئەمەیش ئاوەڕۆم بوو**

**بەڵام لە کوێوە دەڕژێمە دەریا؟**

# 17ی تشرینی یەکەم: هێشتە ڕوون نە بووەتەوە

هێشتە وێنەکە ڕوون نەبووەتەوە
بەڵام دەستێکم بینی لە ئاسمانەوە دەردەکەوت
دەزووگەلێکی زۆری لێوە شۆڕ بووبوونەوە
کاتێك بەژنی خۆمانمان پێ پێچایەوە
بوون بە قامچی
کاتێك ژەندمانن
هاوار هاوار لە ماڵەکانمان بەرزبووەوە
کاتێك وێنەکانی خۆمانمان پێوە هەڵواسی
دووکەڵ لە جەستەمانەوە دەرچوو
هێشتە ڕوون نەبووەتەوە...
بەڵام کاتێك پێیاندا هەڵژنانین
دەستمان خەڵتانی خوێن بوون.
لە ئاسمانەوە فڕێیان داینە خوارەوە
کاتێك تۆڕی خۆمانمان لێ دروست کرد
چوون باڵندە پێوەی بووین
کاتێك جوان وەك جل و بەرگ چنیمانن
پێستمان داماڵا
هێشتە ڕوون نەبووەتەوە
بەڵام هێشتە بە ئاسمانەوە شۆڕ بوونەتەوە.

# 18ی تشرینی یەکەم : بیری بەجێ هێڵراو

ئەو بیرانەی لەناومدا بەجێ هێڵراون زۆرن
چی دی کەس نییە سەتڵێکیان بۆ شۆڕ بکاتەوە
چی دی کەس نییە ئاگەی لەوە بێت کە هەن، یان نین
مادامەکێ ئاوی ئاسمان پڕی کردوونەتەوەو
لە ناوەوەمدا زێڕیان لێ ڕژا
مادامەکێ ئاوی ئاگر پڕی کردنەوەو
سۆپاو کوانووەکانی پڕ داگیرساند
ئەمڕۆ بیرە بەجێ هێڵراوەکان
دڕك داپیۆشیون
کرمیان پێدا هەڵگژاوە
ڕۆژێك لە ڕۆژان، پڕ لە هەنگوین بوون
منیش ئاودێریم دەکرد بۆ ئەو کەسەی خۆشم دەویست
بەڵام هەنگوێنەکە بزر بوو، خۆشەویستەکانیش لەدەست چوون
پڕ لە بادە بوون
هەرکەسێکم تێدا تووش بهاتایە، یان تووشی هاتبام مەستم دەکرد
شەوانم تێدا چوون کۆمەڵێك ئافرەت لە پێش خۆم دەدا
ئەو بیرانەی لە پەیکەربەندیی ڕووناکییەوە بەسەرمدا بەربوونەوە
بە وشە پڕم کردنەوە
ڕۆژنامەکانیشم بە قەد دیوارەکانەوە لوول دایەوە

ئەو بیرانەی ڤیدای خواوەند بۆی ناردم
کردمن بە دەریاچەی زیوین
ئەو بیرانەی ڕامبۆ بۆی ناردمن
ئاوەڕۆکانم بەسەر کێڵگەکانی خۆمدا بەردایەوە
ئەو بیرانەی مەولانا جەلالەدین ڕۆمی بۆی ڕەوانە کردم
خۆڵە وشەکەکانی خۆمم پێ تێرئاو کرد
ئەو بیرانەی ...
ئەو بیرانەی کە ترس و تەمومژاوی خۆمیان تێدایە
ئێسکی پاسەوانەکانیانم تێدا ناشت و
لەسەر ڕابوردووی پڕیان نوێژم کرد و
تا هەتایە داخستن و
تێم تەقاند...

# 19ی تشرینی یەکەم : نیشتمانێکم هەبوو

گوڵێك نەبووم لە باڵکۆنەکانەوە بەربووبێتەوە
نە شمشاڵێکی لێو لێ بڕاو
سەبەتەگەلی فڕێ دراوی سەر ڕێگەکان نەبووم
نە پەرستگەیەکی بەجێ هێڵراو
شتێکم هەبوو لە نیشتمان دەچوو:
قەڵایەکی خەڵتانی خوێن و
هەوایەکی ژەهراوی
شتێکم هەبوو لە گۆزە دەچوو
شتێك لە پەنجە دەچوو
بیرمە بەهارم پێ هەڵکۆڵیبوو
بیرمە چامەگەلی هەڵواسراوم پێ نووسیبوو بە خانووەکانی بەغدامدا هەڵواسیبوون
بیرمە ویشایە کوڕەکەی دزیم و
ڕەگ و ڕیشەی گێڕانەوەکانم لە بیرەکانیان دەرچوون و
لەژێر بروسکەکاندا وردو خاش بوون.
شتێکم هەبوو هەموو ڕۆژێك ئازارەکانی زیاتر دەکردم
لەو ڕێگەیەی پێیدا بەرەو ماڵ گوزەرم دەکرد
لەو پەرداخانەی بە پەلە بە لێوەوەم دەنان
لەو قسانەی لێم دادەچۆڕان
شتێکم هەبوو وای دەکرد قاچەکانم نغرۆی ناو بەرد بن

وای لیٚ دەکردن توانای گەیشتنە جیٚیان نەمیٚنیٚت
قەرەویٚڵەیەکم هەبوو هەردوو پیٚی نغرۆی دۆزەخ بوون
سەوڵگەلی سووتاوم هەبوون
یارمەتییان دەدام بگەمە خاڵەکە
کەسوکاریٚکی چوون پڵنگم هەبوون
بە باخچەکانمدا پیاسەیان دەکرد
بۆنی (بزرگە)کەیان دەکردم.
بیرمە مانگیٚکم بە ئاسمانی نیشتمانەکەمەوە دانا
بەڵام بەربووەوە
بەر لەوەی شاخە بچووکەکانی بڕوٚین
کردیانە خەنجەرو
زۆر شارەزایانە بەکاریان هیٚنا
کردیانە قامچی و خەڵکیان پیٚ جەڵدە دەدا
بیرمە (زەقوورە)یەك و (منارەیەکی پیٚچاوپیٚچ)م دروست کردبوو
بەڵام لەسەرەوەیان دەنگیان هەڵهیٚناو هەڕەشەیان کرد
بیرمە گومەزیٚکم دروست کردبوو
بەڵام بەسەریاندا ڕووخاندم
نیشتمانیٚکم هەبوو
بەڵام حەزی دەکرد هەموو ڕۆژیٚك خۆی بکوژیٚت.

## 20ی تشرینی یەکەم : ئاماژە بەم ڕۆژانە دەکەم

ئاماژە بەم ڕۆژانە دەکەم بەر لەوەی کۆتایی بێن
ئاماژە بە پشکۆکانیان دەکەم
ئاماژە بە دڵی پڕ لە ئەشکیان دەکەم
بۆچی ژانەکانی خۆم لەسەر شۆستەکان
چوون کۆنە کۆتەرە دارێك بەجێ هێشت
لەوەتای دارەکەم دڕکی ڕێگەی دووکەرت کردو
دەفرەکەم پڕ لە هەتاو بوو
زانیم کە سزای ڕۆژگار بەڕێوەیە
بۆیە برایەتیم لە نێوان بەرەبەیان و دەمەو ئێوارەمدا پێکهێنا
ئەوەتە ڕۆژەکانم دەڕۆن
ئەوانەی خۆشم ویستن گوێم لێ دەگرن و
لە ئەویندار یدا لەتر دەبەن
دیواری ژیانم گوڵێك سەر دەکەوێت و گوڵێك دادەبەزێت
بەڵام بێ هوودە
با دڵم بچێت بۆ بەهارە پارچە پارچە کراوەکەی
با بچێت بۆ پەپوولە سووتاوەکانی
با بچێت بۆ ڕووبارەکانی یادگەی.
لەژێر لمی ڕێگەدا چامەکانی خۆمم شاردەوە
لەنزیك شمشێرەکانیشدا لەناو قۆرتی نائومێدیمدا ڕاکشام
نامەکانی خۆم بانگ کرد

لەگەڵ خۆشەویستەکانمدا
بینیم هەموویان وشك هەڵاتوون
جانتاکانی خۆمم بانگ کرد
بینیم هەموویان بەتاڵن
ڕێگەکەم تەنیا ڕێکەوت بوو
خەونەکانیشم درۆ
قسەکانم فوویان تێ کردبوو
ئەو کەسەم بانگ کرد وڵاتەکەی دزیبووم
بینیم بە پەتێك هەڵواسراوە
ئەو کەسەم بانگ کرد کە ڕۆژەکانی لە ژوورێکدا کلیل دابووم
بینیم کابرایەکی گەڕووە.
بەسەر دەرگەی ڕۆژەکانمەوە سەردوێلکەم نووسی و
لە خواریەوە گریام
کەسم لەگەڵ نەبوو
پشکۆی کوانووەکەی خۆمم هەڵدەدایەوەو
لەگەڵ ئەو قەلەڕەشکە دەئاخڤیم لەبەر پێمدا خۆی بە عەرددا دابوو
ئەو کات بەیانی لار بووەوە
ئاوەکان قوڕیان لێ ڕوا
وای لێ هات مردنم دوام کەوت
ئەگەرچی سەرخۆش بووم
بەڵام سەیوانەکەم بڵند کردەوەو خۆڵم لە خۆم یاساغ کرد
ئاماژە بەم ڕۆژانە دەکەم
بەر لەوەی بە خۆڵەکانیان بمنێژن.

# 21ی تشرینی یەکەم : هەرچەند تەمەن ڕۆیشت

ئەو دیوارانەی بە لاویەتی دروستم کردن
بەری هەتاویان لێ گرتم
هەرکە تەمەن ڕۆیشت
هەموو شتێکم لە پشتیەوە بە پێچەوانەی سروشتی خۆیەوە بینی
چیاگەلی چیمەنتۆ
ڕێگەی کانییەکانیان گرتبوو
لە پشتەوەیان ولآتەکەی خۆم بینی کە خۆشم ویستبوو
بەناو سالّدا دەچوو و دەریدەکردم
پیشە ساختەکانی خۆم بینی
کە لە دەستیان هەلآتم
بەندیخانەکانی ڕوحی خۆم بینی یەك لە دوای یەك دەڕووخان
قۆرتەکانی ئەقلّی خۆم چوون ڕیسواییەك بینی
لە پشتەوەی دیوارە درێژەکان ڕێ دەکەم
کە کردوومنەتە قەلآی خۆم و
دەمگوت: چۆن ئەمەم کرد؟
مەیگێڕەکانی خۆم بینی ڕەنگیان بڕزکابوو
قاچەکانی خۆمم بینی گێڕ بوون بوون و
ئەو پێلآوانەی چەندان ڕێگەم پێ بڕین
لە چۆڵەوانی دڕابوون

ڕۆژەکانی خۆم بینی تالآن و بڕۆ کرابوون و
کتێبەکانم تۆزیان لێ نیشتبوو
هاوڕێکانم ماندوو بووبوون و ژاوەژاویان لێ نیشتبوو
شیعرم بینی لە شێوەی گیانلەبەرێکدا خۆی شاردبووەوە
بە ترس و لەرز لە کێلگە دەپەڕییەوە
چوون پیرەمێردێك بینیم دەکۆکی
چوون تارماییەکی دەرکراو بینیم
ڕۆیشتم ...
بینیم هەموو ئەوەی دروستم کردووە بووەتە کۆت و بەند.
ئەوەتە کۆتەکان دەشکێن
ئەو لافاوانەی گوڵەکانم تێدا چاندبوون
ڕایانماڵیم
تەمەنی ساختە بەرەو ڕووم دێت و
دەمباتە ناو ماڵەوە
تا کەس گوێی لە گریانم نەبێت.

# 22ی تشرینی یەکەم : چاوەڕێی دەکەم

چاوەڕێی دەکەم...
بە تۆزێك ئوقرەو
بە شیعری زۆر
بە قامکەکانم شەوەکانی ڕووناك دەکەمەوە
ئەوانەی دەچنە لای گوڵاوپڕژێنیان پێیە
ئەوانەی لای دێنە دەرەوە چەپکە گوڵیان پێیە
چاوەڕێی دەکەم...
لەکاتێکدا بەرەو ئەو شارانە دەچم کە بۆی دەگرین
لە ڕێگەی بەرەو مەرگیش چاوەڕێی دەکەم
لە گۆماوەکانی بیرچوونەوەی دەردەهێنم
بە گۆرانییەکانم غەمەکانی دەشۆمەوە
کەمانچە شکاوەکەی چاك دەکەمەوە
شمشاڵە تۆز لێ نیشتووەکەی پاك دەکەمەوە
چاوەڕوانی باڵندەکانی دەکەم لە شەقامەکاندا
چاوەڕێی پەپوولەکانی دەکەم لە کێڵگەکاندا
ڕێ نادەم هیچ شتێکی لێ بزربێت
وێنەکانی منداڵیی لە هەموو شوێنێك چاپ دەکەم
بەژن و باڵای بەسەر هەموو تاوەرو منارەکاندا بەرزدەکەمەوە
پێکەنینەکەی وەك داوێك بۆ تاریکخوازەکان دادەنێمەوە
خامەکانی لە شووشەبەندی کتێبخانەکاندا دادەنێم

کراسەکەی دادەنێم لەبری بەیداخەکان بشەکێتەوە
وێنەی جانتاکەی لە وێستگەی شەمەندەفەرەکان دەکێشم
لە پارچە کاغەزەکانی ڕۆژنامەی درێژ دروست دەکەم
کارێك دەکەم بۆن و بەرامەی بیرەوەریی هەمووشوێنێك بتەنێتەوە.

# 23ی تشرینی یەکەم : ئەی ڕابوردوو ... ئەی تەوتەم

**چی بکەم**
**ئەی ڕابوردوو تا واز بهێنیت و چی دی دوام نەکەویت**
**هەتاوێکم لەسەر دانایت، بەڵام ڕووناك نەبوویتەوە**
**کەچی ڕاوت نام...**
**بە پلازمای قوربانییەکان دەرزیم لێ دایت،**
**کەچی هەڵنەستایت**
**بە باران تەڕم کردیت، کەچی تەڕ نەبوویت**
**لە دەوروبەری خۆمم دانایت، کەچی گوڵت نەکرد**
**کتێبەکانت پیرۆزن و پڕ لە خوێنن و**
**شمشێرە ژەنگاوییەکانت**
**کەسانێك هەن هەموو ڕۆژێك تیژیان دەکەن و پێیان سەرمان دەبڕن**
**ئەو نانە ڕەشانەی بۆمان دەنێریت، ژیانی ژەهراوی کردووین**
**ئەو مردووانەی لە گۆڕەکانتدا ڕاکشاون، ئێستەیان شڕوهوڕ کردین**
**ئەی ڕابوردوو چەند قات و قڕیت تێدایە؟**
**چەند ئاوی لێڵ؟**
**لەو میکرۆبانەی بەرەڵڵای ناو هەوای شارەکانمان دەکەیت تاو لەرزم لێ هاتووە**
**بەناو زەلەکانتدا هەڕادەکەم تا گوڵ کۆبکەمەوە**
**بەڵام گوڵی ژەهراوین**
**بەسەر تاوێرەکانتدا دەکەوم و تێکدەشکێم**

گوڵە گەنمەکەت هەڵدەگرم کەچی نانەکەم ژەهراوی دەبێت
چەند مەتەڵی تێکەڵ و پێکەڵت خزاندە ناو ئێسکەکانمانەوە؟
چەندان دەهۆڵت لە شەوەکانماندا ژەند؟
ئەی ڕابوردوو
ئەی تەوتەم
کەی لە منارەکانمان بتهێنینە خوارەوەو بتنێژین؟
کەی بتخۆین و...پیرۆزیت نەمێنێت؟
وەك بڵێیت بەرازێکی پیرۆز بیت
حەرام بێت دەستی پێوە بدرێت و بخورێت.
کەی بتکەین بە وێنەو لەسەر ڕەفەت دانێین؟
ڕێ بدە سەرقاڵی ژیانی خۆمان بین
ڕێ بدە با لە ئاوی سازگاری خۆمان بخۆینەوە
نە لە ئاوە ڕاوەستاوەکەی تۆی ناو گۆماوەکان
ئەی قەلەڕەشکەی سەر سینگی ئێستەمان
ئەی ئەوەی ئاسۆت داخستووین
ئەی ڕابوردوو
ئەی پەتی ژیان و ئەی دوژمنم.

# 24ی تشرینی یەکەم : لێرە کراسەکەم هەڵخست

گەرد لەسەر کتێبە زێڕینەکانمان نووستبوو
ڕەفەی خەونەکانمان بەناو بزرگەدا دەکەوێتە خوارەوە
تەنیا گەلەگورگێك دەبینم بە چواردەوری ماڵەکانماندا دەسووڕێنەوە
هەست بە هیچ ناکەم تەنیا درژی و
چەند لقە دارێکی وشك نەبێت فرمێسك تەڕی کردوون
با...
با لەسەرخۆیان ئەم شەوە بچنن
چونکە ئەو بەیانەی لەنێو قامکەکانیاندا ترپەی دێت و لێ دەدات هەر دێت
ئۆی ... ئەی بەیانم
لەناو پیلانەکاندا دەنووم و تۆیش لەنێوان پلنگەکاندا دەنوویت
پێم لەنێوان خولگەی تاوەر و شەوی غەم و خەفەتەکانمدا دێت و دەچێت
لەوێ... لە پیتگەی خوێندنەوەدا
تۆوەکانی خۆم وەشاند
لەگەڵ بادا لەبارەی (زەبوور)ــەکەم و
پەیکەرە بچووکەکانمەوە ئاخڤیم کە کەنارەکانم پێ پڕکردوونەتەوە
نهێنییەکانی خۆم لە لێوارەکان دانان و لە جامی سەرخۆشەکاندا شاردمنەوە
ئەو ئێسکانەی لەناو چامەکانم لاناچن و
ئەو فرمێسکانەی کە بەتاڵ ناکەنەوەو
ئاه و ناڵەی ناخەکان و
ئەو دەنگە کزەی کە پلیتەکان بەرەو ڕووباری بەتەوژمی تاریکی تێدەپەڕێنن

**ئەمانەن دێڕەکانی خۆشەویستیم پێشڕەوی دەکەن**
**لە جەنگەکانی گەلێکی کۆنی پڕچەك هەڵاتم**
**لە درەختەکان و لە تیشکەکەی هەڵاتم**
**سەرکەوتمە ئێرە**
**تا لەسەر ڕۆژی ساردی غەمگینم دانیشم**
**لەو ئاگرەی بڵێسەی بەسەر ئاوەوە بڵند دەبێتەوە**
**لەپارچە بچووکەکانی شارە ئاوابووەکاندا**
**لە پارچە ئاسنە بریقەدارەکانی مێژوودا**
**لە هیما بچووکە بیرکراوەکانی ناو شەقامەکاندا**
**لێرە کراسەکەم ڕاخست و**
**خوودەکەم لەسەری دانا و**
**لە ژیانی خۆم وردبوومەوە**
**چۆن هەپروون بە هەپروون بوو.**

# 25ی تشرینی یەکەم : زۆر شت هەن...

خۆم بە بیرەوەرییەکانەوە سەرقاڵ کرد
لە چۆمەکانەوە لە پێش خۆم دەدان و دەمشوشتن و
لەبەردەم خۆم دامدەنان
سەرلەنوێ ڕێکم دەخستنەوەو
زیخ و بەردەکانم لێ دەردەهێنان و
باوێشکم لێ دەبڕین و
بێ ئاگەیی و خۆڵەمێشم لێ دیلێت دەکردن
زۆر شت هەن ...
لەو شەوبێدارییانەی تێیاندا بینیم
بە ئاوی چاوم پێکەنینەکەیم شوشت
لە دڵ و دەروونمدا شاردمەوە.
لە بۆنەکەی کە ئەو ناوەی تەنیبووەوە
بۆنی هەموو دارستانەکانم کردو
لەناو سینگی خۆم دامنا.
زۆر شت هەن ...
لە ڕووخۆشیی منداڵیەتییدا
بە تەنیا لە باخچەی ساوایان دەهاتەوەو چوون فریشتە
لەسەر کورسیی باخچەکە دەنووست.
لە گۆڕەپانی گەڕەکیش بانگی شەونمی دەکردو
لێی دەخواردەوە کاتێك یاری دەکرد

لە ڕیزی کیژە جوانەکانیشدا
بێ دەنگ گۆرانی دەچڕی و
بێ دەنگ دەگریا
زۆر شت هەن ...
لە گڕوگاڵی سروەدا
گوڵ ڕەوشەکانی خۆی لەگەڵ دەگۆڕییەوەو
بە پرچێکی درێژەوە بەرەو دەریا دەڕۆیشت
چوون خواوەندێك، لەگەڵ هەوردا مەلەی دەکرد.
زۆر شت هەن
لە وێنەکانی بیرەوەرییەکاندا
چوون لیرە دەبریسکایەوەو
چوون بەرەبەیان هاواری دەکرد
زۆر شت هەن
ئەگەرچی لەبەر چاو نەما
ئەوە شتەکان زۆرتر بوون و
مەروان بوو بە ئەم هەموو مەودایەو
بوو بە هەموو قسان.

# 26ی تشرینی یەکەم : خەونی ساکار

خەونت بە چایەکەوە دەبینی ... ئێواران
یەکێکمان لێمان بنایە
یەك لە دوای یەك بە جێمان هێشتیت
بەڵام هێشتە هەر چای لێ دەنێیت و
لەبەردەم خۆتدا دایدەنێیت
ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر کار
یان لە تاراوگە، یان لە بیرەکە بگەڕێینەوە
تا لەبەردەمتدا دانیشین و
چایەکەت بخۆینەوە

***

بە ڕێگەوە بەرەو دەریا
لە ڕووبارەکانمدا هەنسکە هەنسکم پێ کەوتبوو
خەونەکانیشم
لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دادەکەوتن

***

هەموو ئەوەی خەونی پێوە دەبینم دێڕە شیعرێکی
هەوای بۆگەنی چوار دەورمانە
کۆتەڵەکەی خۆم هەڵگرتبوو و خەونەکانم پێوە هەڵدەواسی
بەڵام بە ڕێگەوە لێم دەکەوتن

***

خەونم بە ڕۆژێکەوە دەبینی گوللە تێکی نەدات

خەونم بە نانێکەوە دەبینی پیس نەبووبێت

خەونم بە نووستنێکی هێورەوە دەبینی

خەونم بە نیشتمانێکی ساکارەوە دەبینی

بە نیشتمانێکەوە مەزن نەبێت

هەواڵەکان لەبیری بکەن و

سیاسەتوان و دزەکان لە کۆنگرەکاندا ناوی نەبەن.

# 27ی تشرینی یەکەم : بینییان چوون گوڵ دادەباری

بینییان کراسە دڕاوەکەی خۆی دەدورییەوە
گوێیان لێ بوو بە گۆرانی برینەکانی وشك دەکردەوە
ئاوێنەکانیان بینی درزیان تێدەکەوت.
بەرەبەیان بینیی خۆڵەمێشی ڕۆژەکانی لەناو هەردوو دەستیدا کۆدەکردەوە
باران بینیی دەسووتا.
لەوەتای منداڵ بوو کانییەکان ئاوی خۆیان پێ نەدەبەخشی
بەرەو لایان هەڕای دەکردو ئەوانیش هەڵدەهاتن
لەوەتای نووستبوو بیابانەکان ڕاویان دەکرد
چەند جار کەوتە داویانەوە، بەڵام پەندی وەرنەگرت
پەپوولەکان لە هەردوو شانییەوە دەرچوون
گوڵەکانیش خەڵتانی پێکەنینەکانی بوون
مەروان لە فریشتەیەکی بریندار دەچوو
بەردەوام پێی دەگوتم: بۆچی هەڵدێر بانگم دەکات؟
لە چەندان گەڕەك بینیم سرووتی دەخوێندەوە
لە چەندان هەوردا بینیم ڕووناکیی دەباراند
ئەو مانگەی بەسەر سەرییەوە بوو کەل بووبوو
ئەو ئەستێرانەی لە نێوان پەنجەکانیدا بوون، بینیم دادەچۆڕان و دەبریسکانەوە
مەروان بۆچی ڕێگەکە تۆی بۆ دوور بردو منی نەبرد؟
بۆچی بەجێت هێشتم بەم سەبەتە کونە گوڵەکانت کۆبکەمەوە
کە لەسەر ڕێگەکە کەوتبوون؟
بینییان وەك گوڵ دادەباری و
بینیمیان گوڵم دەچنییەوەو ئەوم دەست نەدەکەوت.

# 28ی تشرینی یەکەم : ئەبو زێن

بۆ گیانی باوکم لە هەشتەمین ساڵیادیدا

ڕۆژەکانت بە پەتێکی درێژەوە هەڵواسرابوون
بەسەر دڵەدا تێدەپەڕی
پاپۆڕەکەت لەناو دەریاکەیدا سەرگەردان بوو
گۆرانییەکانت سەر ئاو کەوتبوون
یان بەسەر پەتە درێژەکەوە دەشەکانەوە
ڕۆژژمێرەکەت بە زینی ئەسپەکەوە هەڵواسرابوو
ئەو ڕۆژانەیش تۆ بە لەرینەوەی پێکەنین چالاك بوویت
تۆیش وەك من غەمت هەبوو
بەڵام بە دارێك بە هەوادا پەرتت کردبوونەوە
دژوارو گۆشەگیر بوویت
لەوەتای لە سینگی (مەجەر) دەرچووبوویت
تا ئەو قەمچییانەت کە تاریکایی بەغدامانت پێ فەلاقە دەکردن
شۆڕەسوارێکی باڵا بەرز بوویت
بەرەو پێشەوە گاسنەکەت پاڵ دەدا
چ ئەگەر لەوێ تۆو هەبووایە
یان نەبووایە
کشت و کاڵەکەت چوون گۆرانی لە زەوی دەڕوا
دەمەوێت پرسیار لەبارەی باوە بکەم
چۆن بۆ دووری بردیت؟
چۆن پێکەوە سەرگوزەشتەتان لەگەڵ یەکدی دەگۆڕییەوە؟

دەمەوێت ئەو مەتەڵانە هەڵبهێنم کە بە ئەشکەوتەکانیاندا پەڕیتەوە

چۆن پەڕیتەوە؟

چۆن بە تەنیا برینەکانت بەسەربرد؟

چۆن بە مستێك خۆڵ چاوی تاریکیت کوێرکرد؟

چۆن چەندان پڵنگت بەدیل گرتن و خستننتە ناو سۆزەوە

ئەو ئەسپەی سواری بووبوویت بە نێو ساڵدا دەچوو

پێی هەڵدەنووتا...

بەڵام بە تۆڕەکەت مەودات بەدیل دەگرت

زینەکەی لێ بەربووەوە قالییەکت لەسەر پشت دانا

جڵەوەکەی لێ بەربووەوە لقە هەنجیرێکت دانا

کاتێك پەکی کەوت

بە کۆڵی خۆت هەڵتگرت و ڕۆیشتیت.

ڕۆژگار (خالد)ی لێ سەندیتەوە، تۆیش سەردەمت هەرەسی هێنا

بەڵام ئەسپەکەت هەر بێ وێنە بوو

بە زەوی و ئاسماندا دەهات و دەچوو

کاتێك کەوتە هەڵدێرەوە

لەگەڵ تۆدا لە هەڵدێرمان دەرهێنا

ددانەکانی کەوتن

پاشان یاڵەکەی کەوت

پاشان لاقەکانی کەوتن

تۆیش سکەخشکەت دەکردو بە ڕووی سەردەمدا هاوارت کرد

کاتێك پەتە درێژەکەی سەر دژلە پچڕا

ڕۆژەکانت وشك نەبوونەوە

تا ئەمڕۆ هەر بە کزری ماونەتەوە چوون گۆرانییەکانت کە بە سەر ڕووی ئاوەوەن.

# 29ی تشرینی یەکەم : بۆچی گوێمان بۆ بیابان شل کرد

بایە ڕدێن شینەکە
کە چوون مار پێچاوپێچە و چوون چیا کوێرە
ئەو گوڵە گەنمانەی کە لەناو بادا دەڕوێن
ئەو چەکانەی لە با دەخۆنەوە
ئەو ئامۆژگارییانەی کە دوو چەندان ڕەشەبان
هەر هەموویان وڵاتەکەیان خراپ کردم.
بەر لەوەی دەزووی چێژ بپچڕێت
یان مافووری تۆزو گەرد شەپۆل بدات
بەر لەوەی هەور بۆ کونەکانی خۆی بگەڕێتەوەو
بەر لەوەی با دەربکەوێت
ڕوحی وڵات بە هێزی شیعر و بادە بڵند دەبووەوە
گۆرانییەکان ڕۆنی بوون
تابلۆکانیش ئاڵۆشی گەورەیان بوو
ئەو ڕوحەی لە پیت و فەڕ هاتە دەرەوە
فێرکارە گەورەکان دمووزی و کەڵگامێش و ئەحیقارو نەبونائید
لە ئاخافتن بێزار نەدەبوون
لە ڕۆژەکانی ئەواندا فێری ژیان بووین
بەڵام کاتێك گوێمان لە شوانەکانی بیابان گرت
ڕۆژەکانمان نەمان و

**لم دایپۆشین**

**ئەمڕۆیش دەپرسم: بۆچی هەردوو ڕووبارەکە گوێیان بۆ بیابانێکی مردوو شل کرد؟**

**بۆچی لە گۆڕە بەرینەکەیدا تۆپین؟**

# 30ی تشرینی یەکەم: ماسوولکەی تاریکی

هاوارم دەستێکی لە دووکەڵ دروست کراوی هەیە
بەڵام نغرۆی تاریکییە
مۆمەکەی لە فرمێسک دەچێت
لە ئاوێنەکەیدا مێژووی خۆم دەبینم لەنێوان دەستی مێیاتیدا شۆڕبووەتەوە
شەونخوونیی برووسکەی دەبێت بە شێتایەتی، یان نازکردن
کێ پەتۆکەی لاداوم؟
ئەی کێ وای کرد لەم ئەشکەوتانە دەرۆزە بکەم؟
ئەی کێ لای ئەسپەکان و لای ترسم ڕیز دەبێت؟
مەنجەڵەمان دەبینم دەکوڵێن وەك بڵێیت جم و جووڵی خولگەکانە
وەك بڵێیت پۆیلەکانی تەنیا ڕێگەکەی بەرەو ماڵ دەچێت، تێکبشکێن
وەك بڵێیت فریودان گێچەڵ بە ساڵەکانم بکەن
ساڵانێکە ڕەوە مێرووله لە کەنارەکانمان دەردەکەون
ساڵانێکە دیوارەکەمان وردە وردە درزی تێدەکەوێت
ساڵانێکە ئێسکەکانی خۆڵەمێش لێمان لالووت دەبن
منداڵێك پشکۆمان پیرۆز دەکات
کێ پەتۆکەی لەسەر لادام؟
دەم و چاوی فریشتە دەبێت قاڵبە مۆمێك
پەل و پۆی دەبن بە پرسیار
مێوی بێستانەکان
چۆن بەردەبوونەوە ناو سینییەکان

بەڵام بادەمان کەم دەنۆشی
بە ماسوولکەی تاریکیدا تێدەپەڕم و
بە ئاوێنەی (مندا)
بە تامەزرۆیی هەمیشەیی سیس بووی ناو لووەکانم
بەدوای گوڵدا دەگەڕێم
شێوەی پشکۆی بۆرو
خۆڵەمێشی ئەلکهول
بەشکو ئەوەی لە شێت بوونی ئەم واتایانە بەئاگە هاتەوە
بەشکو گەردەلوولی دەریا شوێنی نیشتنەوەم بێت
وێنەی خۆمم بەم تونێلانەدا هەڵواسی
دەنگێك لە دڵمدا بە ئاگە هاتەوە
بۆ لای گەنجینەکانی بردم
بۆیە
هێشتە پێش بۆقێك دەکەوم لە بەردەم دەرگەو
بە تەنیا
لە کۆتایی ڕۆژەوە دەردەچم
چوون خۆڵەمێشی ئومێد و
چوون ژاوەژاوێك بەردەوام نەبێت.

# 31ی تشرینی یەکەم؛ گوڵەکانی سەرگۆڕ

گوڵەکان بەسەر گۆڕەوەن
بۆچی گوڵەکان لەسەر گۆڕ دانانێیت؟
ئەی ڕێبوار
بەسە کەم لە داوەکان هەڵنووتێ
هەروەها ئەو لاپەڕانەی لە باڵی کۆتر دەچن
ئەوەی لەناکاو بە بۆنی کۆن و ڕەنگی زەردیان واقیان وڕکردم
باشە...
کەواتە ئەمە شوێنی ڕێ کردنە بەدوای تەرمدا
بەڵام لە چاوی پرسەگێڕەکان ورد دەبمەوە
دەیانبینم لە چاوی مردووان دەچن
هەروەها، گوڵی سەر گۆڕیان تێدا دەبینرێت
چی دی چێژو خۆشی زۆر نەماوە
ڕەنگە باشتر بوو لەگەڵ ئەم هەموو کاروانانەی مردن
سەگ لەگەڵ خۆ ببرێت.
چونکە کاتێك فریشتەکان چرا پیرۆزەکەیان
ئاراستەی ئەم بێستانە پیرۆزانە کرد
دەمانچە و چەقۆو پشتوێنە مینرپێژکراوەکانیان
تێدا دەرهێنا.
بۆ کوڕە جوانەکەم دەگریم
بۆ کوڕێك دەگریم کە ئەسپەکان لەگەڵ چالاکیی ئەودا پێشبڕکێیان دەکرد
لەوێ لەو وڵاتەی بە دۆزخەکەیەوە هەڵدێت

**لێرەیش لەم وڵاتەی شەیدای بەهەشتی خۆیەتی**

**لێرە لە کەناری دەریاچەیەکی کۆن دانیشتووم**

**باڵندەکان قسەم لەگەڵ دەکەن**

**بەڵام تەنیا بیر لەو دەکەمەوە**

**تا بینیم لە تەنیشتمەوە دانیشتووە**

**بە گوێوەم دەچرپێنێت: ئەرێ دڵت چۆنە؟**

**پێم گوت، بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە، باشە.**

**گوتی: ئەی: ڕۆژەکانت چۆنن؟**

**پێم گوت: لەمێژە بزریت.**

**گوتی: تۆ لە من بزربوویت.**

**ئەم جا پێکەنی.**

**منیش پێکەنیم**

*******

**هیچ پەنایەکم نییە تەنیا ڕوحی خۆم نەبێت**

**ئەوەی بەرەو بڵندایی فڕێم داو**

**خەڵکی بەرەو خوارەوەیان ڕاکێشا**

**ئەوەی ڕووناکی ڕایکێشا**

**بەڵام چەند دەزوویەکی ڕەش بەرەو گۆماوەکانیان ڕاکێشا**

**ئەوەی باڵیان لێ ڕواوە**

**بەڵام زۆر وەستایانە پاچیویانە.**

# هەر هەمووی لە بادا نووسراوە

# تشرینی دووەم

# 1ی تشرینی دووەم: باڵندەکانی شەو

دەتوانم بەم چوکڵە بخوردە
گوڵاو لەگۆشەگیریم بدەم!
دەتوانم بەم مۆمانە
هەورەکانم ڕووناك بکەمەوە!
لێرە ترسم لە وێنەی پێستگەلێکدایە لەسەر ڕێگە فڕێ دراون
لێرە دەم و چاوم لەناو چاوەزارە غەمگینەکاندایە
نیشانە شاراوەکانی شێتایەتی
هەوای ئازارە کە لەژێر پێپلکانەکانەوە دزە دەکات و
خۆی بە ددانەکانی باڵندەکانی شەودا هەڵدەواسێت
چۆن لەگەڵ بۆنی دووکەڵ لە جەستەمدا تەکانم نەدا؟
بۆچی ئەم زنجیرانە هەموو پێکەوە ڕایانماڵیم؟
کێ دەگاتە لەرینەوەم؟
بەم شێوەیە ڕۆژەکان پرسیاری خۆیان بە ڕوودا داهێنام و
چوون کۆنە دەستکێشێك بۆیان هەڵدام.
لە کەوانە تاریکەکاندا کە (ئادابا) لەدووی خۆی بەجێی هێشتن
بە ڕوونی پەندۆڵەکەم دەرکەوت
بۆ یەکەمین جاریش ڕاستی درکاند
بە دوای ڕەشایی گوڵە سەوسەنەکاندا دەچم کە بە قەد دەرگاکەوە دەرکەوت
بەدوای فرمێسکی بەسەرهاتەکاندا دەچم کە دووکەڵیان لێوە دزە دەکات
بەدوای ئەو بارانە دەکەوم کە لەناو دڵمدا ڕانەوەستاوە

**بەڵام لە گوڵی مسدا دەردەکەوم و**

**لەبەر بۆنی ڕۆژەکانم دەلەرزم.**

**ئەو دیوارەی وێنەکانی هەڵگرتبووم و**

**ئەو پەنجەرەی چاوانی هەڵگرتبووم و**

**دەرگەکان...**

**هەموویان لەگەڵ هاتنی بەهاردا چەمینەوەو**

**بە تاریکیمدا سووڕانەوەو**

**چوکڵە بخوردەکەی دەستم**

**بەربووەوە ناو بیرە قووڵەکان.**

# 2ی تشرینی دووەم؛ ئەوە دادپەروەرییە!

ئایە ئەوە دادپەروەرییە لەگەڵ مانگی خۆت بەجێم بهێڵێت
سالآنی خۆڵەمێشی خۆمی پێوە هەڵواسمەوە!
دادپەروەرییە بۆ شاخەکانی گاکان بەجێم بهێڵێت سینگم کون کون بکەن
بۆ ئاوێنەکانی قسەم بەجێ بهێڵێت
ئەوە دادپەروەرییە بێستانەکەت دابخەیت و کۆچ بکەیت
لەسەر ڕەفەکانت جامەکانم هەڵدەگرم و
ڕەشنووسەکانی چامەکانم بەقەد دەزووەکەتەوە هەڵواسم و
زەقوورەیەك بۆ خۆم دروست بکەم و لەسەر زەقوورەکە دانیشم و بانگت بکەم
چۆن ماڵە جالَجالۆکەکان چوونە ناومەوە؟
چۆن شەو ڕەش لە خوێنم دابەزی و
خوێنی مەیاندم.
ئەوە دادپەروەرییە ڕوحم بمەیەنیت!
ئەی گەورەی لاوازی پڕ گوڵ
ئەی مەروانی دەگمەن
ئەوە دادپەوەرییە ڕووبارەکە بێ ڕووخۆشی و گۆرانی بەجێ بهێڵێت!
لە دووری دوور دەستنوێژ بگریت!
قاپ و قاچاغەکانت لە ڕێگە دوورەکان بشۆیت!
ڕۆژەکانت بەر چ واتایەك دام
چ خۆڵەمێشێکت بەسەردا پەرت کردمەوە
با چوون پەڕێك بۆ لای تۆی هەڵگرتم
بەڵام تۆ بزر دەبوویت

**ئەوە دادپەوەرییە بزربیت و**

**باڵەکانم بە شکاوی بەجی بهێڵێت!**

**ئەوە دادپەروەرییە بە فرمێسکەکانم دەستنوێژ بگرم؟**

## 3ی تشرینی دووەم: وڵاتێك هەموو شتێك دەرفێنێت

**ئەو ڕۆژەی پابووجەکەم بە پشتوێنەکەمەوە کردو**
**دابەزیمە ناو شەقامگەلی چۆڵەوە**
**تەنیا مێروولە شوێن پێم کەوتن**
**نە دۆستێك بەڕێی کردم و**
**نە برایەك**
**چەندان چەکدارم تووش هاتن: ڕەش و شین و زەردو سوور**
**چەندان ماسی و باڵندەو گیاندارو تارماییم تووش هاتن**

***ئەستوونی ماڵەکەیان ڕفاندم***
***بنمیچەکان دارمان و***
***پیاوێکی شاخدارم لەبەردەمدا قوت بووەوە منیش هەڵاتم***

**هیچ شتێکم نەپێچایەوە**
**بە تەنیا لە وێرانەکە چوومە دەرەوە پرسیارەکان دوام کەوتن**
**ئەو ڕۆژەی (شنعار)م بەجێ هێشت هیچم پێ نەبوو تەنیا پێنووسێکی گرافیت نەبێت**
**لەگەڵ چەندان کاغەزدا کە پشتیان سپی و ڕوویان پڕ لە**
**بەیاننامەو چاوەزارو واژۆ بوون.**
**دوایەمین شوێن لێی پەڕیمەوە (پزیشکی دادوەری) بوو**
**لەوێ وێنەی سێ هەزار پیاوی کوژراوم بینی ناناسرێنەوە،**
**لە ناو دەم و چاویاندا بۆ مەروان گەڕام و نەمدۆزییەوە**
**ڕێگەکان وازیان لێ هێنام بە تەنیا ڕۆیشتم، بەڵام چەکیان بۆ دەرهێنام**

***جانتاکەیان ڕفاندم***
***کاغەزەکانیان دڕاندم و***

*بە لێدان کەوتنە وێزەی ئەو فریشتانەی لەگەڵم بوون و هەڵاتن.*

لەژێر بریسکانەوەی شەوغدا ئەندامەکانم پارچە پارچە بوون
چەندان دێو یارییان پێ کردم لە برووسکەکانی ئاسمانەوە دەرچووم
کۆترێك بە غەمەکانم خۆی لە خەنە گرت و گۆرانی چڕی
چەندان دەف غلۆر بوونەوەو بزربوون
منیش بە دوایاندا هەڕام دەکرد
یان ئەوان بە دوامدا ڕایاندەکرد.

*پارەکەیان ڕفاندم*
*خاکی ماڵەکەیان تەخت کردم، تەنانەت پێڵاوەکانیان دزی*
*چەندان پیاوو ئافرەتیان دەرکەوتن بازووی لە مەرگ درێژتریان هەبوو*
*کەس هەنگاوەکانی هەڵوگێڕ نەکردم مێرووڵە نەبێت*

کەس بۆنی بە شوێن پێکانمەوە نەکرد تەنیا ئەو سەگانە نەبێت
کە هاتنە خوارەوەو ڕایاندەکردو بە دوای خەیاڵ پلاوییەکاندا دەحەپین.
ئەی وڵاتەکەم چوون کۆمەڵێك هەڵە پێدەشتەکانم بەجێ هێشتیت
چوون ئێسك ڕووبارەکانم بەجێ هێشتیت
خوێن لێدەرەکان لە ناوتدا بەرەو لێواری نەمان پاڵیان نام
هیچ نەمایەوە تەنیا ئەم چاوەزارانە نەبێت
ڕێگەی نهێنیی خۆم دوور لە تۆیان پێ ڕیزدەکەم

*پاسپۆرتەکەیان ڕفاندم*
*ڕێگەکەیان مۆم بەست کردم، جانتاکانیان دزیم، چوون ئاگرێکی سووتێنەر لە زستانە غەمگینەکەدا دەرکەوتن و باڵەکانیان سووتاندم.*

ئایە من لە دارستانێکدام؟
وڵاتێك دەبینم بە برووسکە دوراوەتەوە

**دەیبینم بە پەڕۆی سوور پینە کراوە**
**بەهارەکەی دەبینم چیمەنتۆیەو**
**گۆرانییەکانی تۆزو گەرد**
**ئایە خولگەیەکەو بە تەنیا لەم گەردوونەدا دەسووڕێتەوە؟**
**ئایە ڕووگەی فێڵبازی ڕووتایەتییە؟**
**ئایە میوزیکی تاریکایی هەمیشەییە؟**

***جلەکانیان ڕفاندم***
***ئەی وڵاتە پڵنگەکە ئایە تەنیا لە هەڵەکانت ڕووت بووم!***
***ئایە تەنیا یەکێك لە دەست بەسەرەکانت بووم***

**ئێستە لە پشکنینی نەخشەکانیان بوونەوە**
**بەکرەیان لە هەموو شوێنێك دانا تا وڵات لە عەردەوە بڵند بکەنەوە**
**تا بە زەردایی خۆیان و**
**بەو ڕەشاییەی لە دڵیاندایە بیشۆنەوە**
**ئێستە ئەوەند بوێرم دەتوانم ئاماژەیان پێ بکەم**
**کە ئەوان کێن؟**
**هەندێك لەوانەی ... بە شەقامەکاندا دەڕۆن و**
**هەرخولەکێك پێت دەڵێن: سڵاوتان لێ بێت!**
**بەڵام هیچ ئاشتییەك لە ئارادا نییە.**

***ئەو کاغەزانەیان ڕفاندم***
***کە شیعرو شانۆگەری و لێکۆڵینەوەو ئەفسانەکانم تێدا نووسیبوون***
***کە ڕووبارەکان و بەروبوومەکانی خۆمم تێدا نووسیبوون***

**بە هەموو زمانەکان لەگەڵم ئاخڤین: بچۆرە دەرەوە**
**بەڵام پێدەکەنیم و دەمگوت: بۆچی بچمە دەرەوە؟**
**ڕەگ و ڕیشەم ڕۆدەچێتە حەوتەمین چینی خاکی ڕەشەوە**

که پاشماوەی تۆفان یاری بە قامکەکانم دەکات
بەژنم بە خورمای (بورحی) خەنە کراوە
ماسی بە درێژایی باڵام گەورە دەبێت
(بوننی) تابلۆکانی زانینی فێرکردم
(شەببووت) کتێبگەلی سیحری پێ دام
چۆن بچمە دەرەوە؟

*واتایان ڕفاندم*
*نیوەی ڕاستی لای منەو نیوەکەی دیکەی لەبیابانە. بەڵام*
*واتای من بە دەستیانەوە دادەچۆڕێ و نەدەما.*

لە تاراوگەیش دەردەکەون
بزمار لە ڕووبەندی ماڵەکەم دەدەن و دەزووەکان دەبەستنەوە
جلە کۆنەکانیان لەژێر جلە بریقەدارەکانیانەوە لەبەر دەکەن
کۆلارەکانیان
بەسەر باخچەی ماڵەکەمدا باڵ دەدەنەوەو
سەیرم دەکەن کاتێك کتێبێکی نوێ
لەبارەی وڵاتێکەوە دەنووسم هەموو شتێك دەڕفێنێت.

# 4ی تشرینی دووەم : تابلۆی بەرین

**یاری مەتەڵەکان کۆتایی هات**

**هەروەها یاری چاوشارکێ کۆتایی هات**

**پەیکەرو پەندو مووروو و بەرد هەڵدان ... کۆتاییان هات**

**هیچ نەماوەتەوە تەنیا کوانوویەکی خامۆشی سووچی دووری ماڵەکە نەبێت**

**دووکەڵ وێنەی شەقامێکی کێشا:**

**(پیاوێك گاسنێکی ڕادەکێشاو گاسنەکەیش شەوێکی خەڵتانی خوێنی ڕادەکێشا)**

**درەخت وێنەی چەند هەورێکی کێشا:**

**(ئاوی گەردوون بیرێکی قووڵی بەجێ هێشت تارماییەکی تێدایە ڕادەکشێت)**

**گوڵ وێنەی بزرگەیەکی کێشا:**

**(مێیایەتی هانی لمی دەدا و لە تاریکاییدا بۆگەن دەبوو)**

**دیوار چەند وێنەی چەند تاوەرێکی کێشا بە دەوری سەری (مەعمدان)ێکی سەربڕاودا دەخولانەوە:**

**(مانگ بە پێچەوانەی شێوەی جارانی بچووکتر دەبووەوەو گیاو بەرد لەناو منداڵدانەکاندا دەردەکەوتن)**

**خاك وێنەی نیشتمانێکی کێشا گورگ چواردەوری دابوو، ترس تاڵانی دەکرد:**

**(ڕۆژئاوا دەفڕی و مێژووی ئێمەی لەبەردەم بای لە ئاگرو لمدا ڕادەکێشا)**

**دەرگە وێنەی چەند میوانێکی ڕووداپۆشراوی کێشا بەناو حەوشەدا بە دوای هەتاودا دەگەڕان:**

**(ئەو چارۆکەیەی لەناکاو هەڵمان دا چوون قەیچییەك دەجووڵایەوە شاڵێکی درێژ ببڕێت)**

**تۆفان وێنەی تەنیا کەشتییەکی کێشا لەناو ئاودا لە چاو بزر دەبوو و نەدەما.**

# 5ی تشرینی دووەم : هەموو ڕۆژێك چامەیەك

هەموو ڕۆژێك چامەیەك!
ئایە ئەمە ڕێی تێدەچێت؟
لەبەردەم پرسیارەکەدا بێ دەنگ ڕادەمێنم
بەڵام بارانی ناوەوەم ڕاناوەستێت
زستانێکی درێژ بەجێم ناهێڵێت
منیش چەوگانێکم بە دەستەوەیە
ڕۆژەکانی پێ لە پێش خۆم دەدەم
گژوگیاکانی پاییز بێ هوودە هەڵدەکێشم.
هەموو ڕۆژێك چامەیەك!!
لەم ڕێگە چۆڵەدا
تا دێت کاسەی چاوم دەچنە قووڵدا
لەکاتێکدا چاوم پتر دەبرسکێنەوە
چۆن زوو دەرکم بە زرنگەی زەنگە ڕەشەکان نەکرد
ئایە کەڕبووم؟
ئایە هەراوهوریاکە بەهێزبوو؟
پاشان هەر هەموو ئەم کاغەزانە چین؟
ئەگەر شکستیی من نەبن
ئەم هەموو ئاه و ناڵینە چین
ئەگەر قەلەڕەشکەیەکی تۆپیو نەبێت لەناو خاکەکەمدا
مێژە درێژەکانی زرنگانەوە پتر لە پێویست ڕازێنرابوونەوە
لە تێوەگلانی خۆمدا ڕامابووم.

**هەموو ڕۆژێك چامەیەك!!**

**ئایە بۆ ئەوەیە كۆنە خۆشیی تەمومژاویی خۆم قەرەبوو بكەمەوە؟**

**یان تا شووشەی زمانەكەی خۆم داهێنم!**

**یان تا بۆ ژیانی خۆم بگریم!**

**هەموو ڕۆژێك سەیری ڕێگەی هاتووی خۆم دەكەم**

**دەبینم كورتە...**

**ڕەنگە ڕێگەیش نەبینم!**

# 6ی تشرینی دووەم: ئاسنم چاند

ئاسنم لە بێستانەکەم چاند
ڕیزێك سیخی بریقەداری لێ ڕوا
چەندان پڵنگم لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکەم دانان
ئەقڵم شەیدای شێوەو بێچووەکانیان بوو
زینەکەم لەسەر خوان و
دراوە ئاسنینەکانیشم لەناو جامی بادەدا دانا
بەم شێوەیە...
ڕۆژی خۆمم بینی سەرەوخوار ڕێی دەکرد
کاتێك ویستم ڕاستی بکەمەوەو
هەردوو پێی لە شوێنی سەری دانێمەوە
خەریك بوو سروودەکە بەجێم بهێڵێت
کێ لەم جۆرە ڕۆژە ڕەشانەدا، خەون بەم جۆرە چێژەوە دەبینێت؟
کاتێك شتەکان بۆ شوێنێك دەڕۆن شوێنی خۆیان نییە
کاتێك زمان بە گاسنێکدا دەجووڵێتەوە گاسنی خۆی نییە
کێ، وەك شاعیرێکی بۆهیمی، مێزەکە
بەسەر گاڵتەجاڕیی مەرگدا هەڵەوگێڕ دەکات
کە بەناو ژیانماندا جرت و فرتیەتی
بە نیازبووم کلیلەکانم لەناو وێرانە هەڵبگرمەوە
بەڵام دەرگەکە توند کرایەوەو
لاوفگەلێکی جوانی لە ژیانمدا هاژەیان هات
کە پێشتر نەمبینیبوون.

# 7ی تشرینی دووەم : ئێمە چیمان لە بیابان داوە!

ڕوحی تەمومژاوی سروشت لە تووڕەییدا دەلوورێنیت
هاوارەکەی شووشەی ئاسمان دەشکێنێت
چەند پارچەیەکی بەسەر سەرماندا بەردەبنەوە.
چەك بەسەر شانمانەوە چوڕاوگەیان دەبەست
ئەو خوێنەی ڕشتمان بوو بە هەڵم
ئەو تەرمانەی لە چۆڵەوانی بەجێمان هێشتن، دەفڕین
گوڵی بوون بە دەستمانەوە بوو
گوڵی نەمریش بە ئاسۆمانەوە بوو
ڕۆژگاریش بەسەر تابلۆکانمانەوە بوو
ئەریٚ چیمان لیٚ بەسەر هاتووە؟
چۆن بە گوێی بیابانمان کرد کە جەرگی خواردین و
بە زیندوویی لە ناو خاکی کاتدا ناشتنی.
ڕوحی سروشت
بە ڕێگەکانماندا دەرۆزە دەکات و
چەند سینی سووپ
لە سووڕانەوەی شەقامەکانماندا ئامادە دەکات
بەڵام لێیان هەڵدێین و
هەوا لە گەروومانداا دەڕوێنین و
لە زۆر بلێیی پێکانمان و
قوڕو لیتەی پێڵاوەکانماندا پێشڕەوی دەکەین.
ئێمە چیمان لە بیابان داوە!

**بەدووەکان چۆن بە بڕواکانی خۆیان فریویان داین!**

**چۆن بەبێ دەنگیی لم هەردوو ڕووبارەکەمان فرۆشت؟!**

## 8ی تشرینی دووەم؛ کێ پەردەی بەسەر پەیکەرەکانمدا دادایەوە

ئەو درەختەی خۆی لە ناخمدا ڕووت کردەوە
هێشتە دەرکی بەوە نەکردووە کە هەردوو دەستم لە گیرفانمدان و
ئاوەکانم کزر بوونەتەوە
ئەو درەختە پڕ لە ڕووناکی و
پڕ لە ژیانە
پۆزشی بۆ هێنامەوەو تا هەتایە بزربوو.

***

ماڵەکەم لە سەردانی ئەو بێ بەش نەبوو
لێرە میوانم بوو
ئەوەی بۆ دەگێڕامەوە کە بەسەریان هێنابوو
بەڵام نەدەگریا
بەڵکو لەناو ڕووناکیی خۆیدا بەجێم دەهێڵێت و دەڕوات.

***

کێ ئەم هەموو پەردانەی بەسەر پەیکەرەکانمدا داداوەتەوە؟
ڕۆژێك لە ڕۆژان، لە ماڵەکەمدا ڕووخۆشی دەنواندو دەئاخفی و
نە مجێور، یان بخوردی نەبوو
کێ گەنجینەکانی ڕوحی بەبادا دام و
ترپەی دڵی پەك خستم و... مەستی کردم!

***

کەس بۆ ئەو وڵاتەم ناگێڕێتەوە
کەس باڵم لە کاغەز بۆ دروست ناکات و

**لاقی لە تەختەدارم بۆ ناتاشێت**

**چونکە باڵە کاغەزینەکان و لاقە تەختەدارینەکانم**

**لەناو کیسەدا داناو...**

**لەژێر خاکدا شاردمنەوە.**

# 9ی تشرینی دووەم: نزیکەی بەرەبەیانێك

لەناو مەینەتییەکاندا لەتر دەبەم

بەڵام دەتوانم پانتۆڵەکەم

لە ئاوە زیقاوەکانی بڵند بکەمەوە

***

زۆر جوان ئاسۆت لە هەڵەکان شوشتمەوە

بەڵام هەردوو دەستت نەشوشتم.

***

پەرستگەکان پەیامبەرانی دڵڕەقیان بۆ خستینەوە

کۆشکەکان سەرکردەی شەڕەنگێزیان بۆ خستینەوە

فێرگەکان دانای ڕوو درژیان بۆ خستینەوە

تەنیا شیعر هەوای پاکژی بۆ خستینەوە

***

ئەی نیشتمان ڕانەهاتووم لێم ڕازی بیت

ڕاهاتووم لێت بترسم

***

لەم جۆرە تاریکییەدا

مادەمەکی هەموو شتێکم لە دەست چوو

بێ گومان هەموو شتێکم قازانج کرووە.

***

نزیکەی بەرەبەیانێك لە پەیکەری ڕووبارێکەوە هەڵدەقوڵێت

نزیکەی بریسکەیەك بە پێیەکانمدا هەڵدەزنێت و

دەگاتە چاوم

پاش نۆ ڕۆژ ...

ڕووناکییەکی بێ کۆتایی لێ دەکەوێتەوە!

## 10ی تشرینی دووەم؛ کە سەرگوزەشتەی خۆم نووسییەوە

کاتێك دیوارەکانم بە لەپەکانم تەمغەکرد کە لە خەنەم گرتبوون
کەس ئاگەی لێ نەبووم
کاتێك سەرگوزەشتەی خۆم لە قەد دیوارەکان نووسییەوە
کەس ئاگەی لێ نەبووم
بەڵام باڵندەکان لەسەر لقەکانیان ڕاوەستان و گریان و
فریشتەکان لەرزین و
منداڵەکان یارییان ڕاگرت و دۆش دامان.
کاتێك غەمەکانم لەسەر بەردێك ڕازاندەوە بوو بە چرا
کاتێك سەوڵی پاپۆڕەکەم لێ دا
ڕووبارەکە هەردوو کەناری کردەوە
کاتێك پشکۆکانی ڕۆژە بۆرەکانم داگیرساند
کوانووەکان لەئامێزیان گرتن.
کاتێك دەنووم، بە خەونە بچووکەکان چاودڕێژم
لە تاریکاییمدا، چەوگانەکەم دەگرم
ڕوحی ئاو لە ناخمدا دەنوێت و
لقەکان دەجووڵێن.
کاتێك سەرگوزەشتەکەم بەرەو ئاسمان برد
کەس پێشوازی لێ نەکردم
کاتێك لەگەڵی بەرەو خوارەوە دابەزیم
کەسم نەبینی بیبات
هەرچی غەمەکان بوون تا دەهات زۆرتر دەبوون و
ئاگرەکەیان گڕی دەگرت.

# 11ی تشرینی دووەم: هەوایەکی زەرد

ئاوێنە کردینی بە بووکەشووشەیەکی بۆش
ئالۆش و نەخۆشییەکانی خۆمانمان تێ ئاخنی
چەند دەمامکی لێبووکمان خۆش ویست
چەند ئێسکبەندە ڕاکشاوەکانی ناو بەندیخانەی ڕابوردوومان خۆش ویست
ئێستکەکان کرۆڵ بوون
گولەکانیش قوپاو
خۆڵێکی تاریکیش بەقەد دەستمانەوە کەڵەکەی کردبوو
ئەو خۆڵەی بەردەوام ڕوخسارمان ڕێك دەخات,
وەك چۆن قەیچییەك لە مێژووەوە ڕادەکێشین
یان چەقۆیەك لە مووبەق
سەرقاڵی مشتومڕێکی جێگیر بووین
سەیری گەڵای زەعفەرانم کرد
سەیری کەوانەی ڕێڕەوەکانمانم کرد.
دەستکەوانی شێرەکان هەڵواسرابوو
ئەموستیلە ئیرۆسییەکانمان پەکیان دەکەوت و
ئەڵقەی کۆت و بەند شوێنی دەگرتنەوە
هەوا چوون پلێتی تەنەکەی سووك هەرەس دەهێنێت
ئەمەمان چۆن پەسەند کرد؟
(دەتوانیت وەڵام بدەیتەوە؟
مایکرۆفۆنە دەنگ گەورەکەرەکان حیلکاندیان و لافیتەکانیش لە پشتیانەوە بوون
مردوونێژەکان بە پاڵ نان هاتنە دەرەوە و حەشامەتەکەیش هاواریان کرد

بەڵام چوون ئەژدیهایەك ڕاوەستابوو هەوای زەردی بەسەردا دەپرژاندین و خۆی لەژێر پوولەکەکانیدا دەشاردەوە.

# 12ی تشرینی دووەم: لەبەردەم ماڵەکاندا

لەبەردەم ماڵەکاندا
پیاوەکان، هەروەها ئافرەتەکان، چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە نایەت
دووکەڵی شەمەندەفەرەکانیش بێ هیچ هیوایەك دوور دەکەوتەوە.

لەبەردەم ماڵەکاندا
ئەو گوڵانەی بەجێیان هێشتبوون هشك دەبوونەوە
پیاڵە چایەکان کە درزیان بردبوو
گەڵا پوونگەکان کە زەرد بووبوونەوە.

لەبەردەم مزگەوتەکاندا
پیاوەکان پێڵاوەکانیان بەجێ دەهێشت
بەڵام پێڵاوەکان شوێن بزربوون و
پیاوەکانیش شوێن بزربوون.

لەبەردەم کڵێسەکاندا
ئێوارە غەمگین بوو
چەپکە گوڵەکان شوێن بزر دەبوون و
قەوز بێزارانە شین دەبوو.

لەبەردەم نوێژگەکاندا
ئاو کزر بووەوە، پاش ئەوەی ڕێی دەکردو

ئەو دەنگە بەڕێزەی کنزفرا بزربوو کە نوێژی دەکرد.

لەبەردەم چاوەکاندا
فرمێسك زۆرتر دەبوو
کات لەناو قۆرت و نهالدا درزی دەبرد
چاوەکانیش ڕووناکییان لە دەست دەداو لێلاییان دادەهات.

# 13ی تشرینی دووەم : تۆ مۆمی منیت

هیچم پێویست نییە تەنیا ئەوە نەبێت سەیری ناو دڵم بکەم
تا بتبینم
پێویستم بە هیچ نییە تەنیا سروەیەکی ڕووت نەبێت
تا غەمەکانم بێدار ببنەوە
پاپۆڕەکان بە ڕووبارەکەدا تێپەڕین
هێشتە منیش چاوەڕێت دەکەم
باڵندەکان بە ئاسماندا تێپەڕین...
چەند جارێك دەستم بۆ بڵند دەکەیتەوەو نایەیت
چەند جار دەمژێنیتەوەو دەمرێنیت
چەند جار چوکڵە شقارتە دادەگیرسێنیت و دیکوژێنیتەوە
چی دی شەوان پێویستم بە چرا نییە
تۆ تەنیا مۆمی منیت
بۆچی پێکەنینەکانت بە گوێمدا دەدەیت و دەڕۆیت؟
بۆچی فرمێسکەکانت دادەبارن و من لە چاومدا کۆیان دەکەمەوە
خەریکم خۆڵەمێشی خۆم گلێردەکەمەوەو لە لەپمدا کۆی دەکەمەوە
خەریکم وێنەی گۆڕی خۆم تەواو دەکەم
بەچی بتدوێنم؟
بە قامکە غەمبارەکانم
یان بە شەوی درێژم؟
یان بە ڕێگە چۆڵەکەم لە وڵاتی سەیرو نامۆدا ؟
لەوێ لە بۆنی کراسەکەتدا

**خۆم داڵدە داوە**

**ئەو بایانەی بەجێت هێشتوون ئازارم دەدەن.**

**ئەو ئاوانەی لە بارانت بەجێت هێشتوون**

**ئەو ئاوانەی وەسوەسەم دەخەنە دڵەوە**

**ئەو قسانەی بەقەد دیوارەکانەوە**

**بەسەر دەستەسڕەکانەوە**

**بەسەر کاغەزی سیسەوە بەجێت هێشتن**

**بوون بە تەنیا گۆرانیم**

**بەڵام**

**بۆ ئەوەی بتبینم**

**پێویستم بەهیچ نییە تەنیا ئەوە نەبێت سەیری ناو دڵم بکەم.**

# 14ی تشرینی دووەم : لەو دیوی ئەم دیوارەوە

جانتاکانمان
بۆ ڕاکردن، یان بەندیخانە
یان مردن ئامادەن
چۆن خوومان بەوەوە گرت؟
چۆن جوان دروستمان کرد ؟
بە خەڵووز لەسەر دیوارە درێژەکان و
لە سەر ئاویش بە خۆڵەمیش ناوی خۆمان نووسی
چۆن توانیمان بەناو نێچیرەکانماندا ڕاکشێین؟
چۆن توانیمان بە زارە دوراوەکانمانەوە بئاخڤین؟
چۆن لافی ئەوینمان لێ دا ؟
ئەی چۆن ئەم هەموو بەندیخانانەمان لێ کەوتەوە ؟
چۆن چووینە ناویانەوە؟
ئایە ئەو ڕێگەیانەی بەرەو ئەوێ دەچوون بە زێڕ قیرتاو کرابوون؟
ئایە سەرگوزەشتەکان شەونمیان دەباراند؟
قوربانییەکان بەسەر سەرماندا شۆڕبوونەوەو
ئاگەمان لێ نەبوو!
گوڵی ڕوحمان بە گوڵی مس گۆڕییەوە
کەمانچەکانمان پیس بووبوون و
دەنگیان گیرابوو
دەردو پەتا بە بەردەنووسەکانمانەوە تەشەنەیان کرد
بەڵام بەردەوام جانتاکانمان بۆ هەڵاتن ئامادەکردبوو

هەڵاتن لە چی؟

لەو مردنەی کە هەموو چرکەیەك لێمان دوور ناکەوێتەوە؟

لەو وشکە ساڵییەی چەندان سەدەیە دەکەوێتە ناخمانەوە؟

لەو دیوی ئەم دیوارەوە مارەکانمان دەرکەوتن

لای ئەم ڕووبارەیش باڵەکانی خۆمان لێ کردەوە

لەو دیوی ئەم سیخانەوە

پەنجەکانمان لەرزین و

شمشاڵمان ژەند

چۆن هەر هەموو ئەم بادە ئیسکپایەرەمان خواردەوە؟

چۆن ئەم هەموو پەڕۆیانەمان بەستەوە

چۆن لە کونی دەرزییەوە

دەچووینە ناو ئەم بەندیخانە بەرینانەوە؟

# 15ی تشرینی دووەم : چەند (مەوال)ێك بۆ بەغدا

ڕۆژی دامەزراندنی بەغدا ساڵی762ز

ئەی ئەوەی بە ناو بەغدادا دەڕۆیت ئاگەدار بە
لەسەر عەرد چاوو
خوێنی زیندوو و خۆشەویستان و گوڵ کەوتوون

ئەی ڕێبوار
بۆنی گوڵاوی ئەم زەوییە بکەو
گوێ لە خەونی منداڵان بگرە کە کوژراوەو پارچە پارچە کراوە

ئەی ڕێبوار ناوی خوا بێنە
لێرەدا بەیانی و ئێوارە ڕوحیان ئۆغری کرد
گوڵ هەڵگرەو پەیڤێکی جوان بئاخڤە
مۆم داگیرسێنەو .. تەزبیحات بکەو دڵت نەرم بێت

***

ئێراق
لەناو دوو پەراسووی ئاودا
بە منداڵی گەورە بوو
چەندان شاری تێدا بنیات نران
جیهان گۆرانیی بۆ چڕین و
چوون ئەویان لێهات
بەڵام بوورایەوەو سەر لم کەوت.
شارەکانی جیهان هەستان و

**مافووری خۆیان چنی**

**بەڵام ئەم بزربوو**

**بە ئارەزووی خۆی، خۆی هەڵدایە ناو بزرگەوە.**

# 16ی تشرینی دووەم : جامی شادی

بۆ عەبدولستار ناسر

(جامی شادی)م لەیادچوو
ئەوەی بە هەڵەداوان بۆ (تاتران)م دەبرد
تا (ستار) لەگەڵ خۆم بۆ (ساڵحییە) ببەم
چۆن جامی نیوەڕۆم لەیادچوو
ئەی ئەویندارى هەمیشەیی چۆن بیرم لە تۆ بڕی؟
دەتبردم و بە مەیخانەکانی بەغداتدا دەسووڕاندمەوە

چۆن لە بروسکەی هەنگاوە ئاوارەکەت و
کێڵگەکان لە جوانی و ڕازاوەییدا، بە ئاگە هاتم
تۆیش کۆڵت نەدا؟
چۆن تەمومژی ئێمە کەوی کردیت؟
چۆن لەم ڕەوشەدا دڵت لە ماڵێك چوو؟
ئەی بۆچی لە خەڵکەکە دابڕایت و شەوی چاوساغیان بوویت
ڕووبارەکەی خۆت لەناو هەردوو چاوتدا بەجێ هێشت هەر هەڵدەچوو
مێژووی ئافرەتانت هەڵمانە نووسییەوە
بە قسەی شێت و درۆی جوان و
مەشخەڵی پێکەنین ئەسپەکانت بە دەستی خۆت دەشکاند
چۆن لەگەڵ نەوەی ئەواندا یەکت گرت و
چۆن سەرت لە جێگەو خۆشییەکان شێواند؟

**لە چ کێڵگەیەکەوە هاتیت و**

**چ (تاترن)ێك لەخۆی گرتیت**

**یان ستەمی لە هەردوو چاوت کرد؟**

**تا بە دەستی جامەکەت**

**یان برای گوڵت لە مێرگی پشکۆکەت**

**بکوژرێیت**

**ئەی کەی هێور دەبیتەوە؟**

**ئەوەتە هەموومان هێور بووینەوە**

**تەنیا تۆ نەبێت بە دوای ئافرەت،**

**بە دوای بادە، بە دوای نووسیندا، بە دوای هەردوو برۆتدا،**

**هەر خۆڵ هەڵدەدەیتەوە**

**کەی هێور دەبیتەوە؟**

**ئەوەتە بەرەبەیان هات و**

**ئەوەتە بە مەستی نوێژت کردو هاوارت کرد:**

**هەستن ...**

**ئەم هەموو سوپایەتان بەجێ هێشت**

**لە جوانترین ئافرەتان، لە بادە**

**لە خۆشییەکان**

**هەستن گوڵ لە هەردوو کەنارت هاربوو**

**زۆر لە مەزارگەکانی شەوی جوانت نووستین**

**ئاسمان ورد ختۆکەی لمی گوڵەکەی دایت**

**نووستین و هەر هەموومان هێشتە نووستووین،**

**تەنیا تۆ بێدارو مەست ماویتەوە**

**جوانیش لە هەردوو چاوتدا نەنووستووە**

ئای ستار...

دڵت چ شیرینە

تۆ چەند گەشاوەو ئێمە لە بەردەمتدا مەستین

چەند، لە تاراوگە، بیرت دەکەین.

بۆچی ستار منت بینی پاشان لەناو جێگەکەت ڕاکشایت و

لە دوورەوە، بەم نیوەڕۆیە جامی شادیت بۆ درێژکردم؟

بۆچی جامەکە لە نێوانماندا بەر بووەوەو فرمێسک زابیە چاوی هەردووکمان؟

# 17ی تشرینی دووەم؛ وێنەی لافاوەکانم دەکێشم

ئەمڕۆ ئەوەی چاندووتە بزردەبێت
لەکاتێکدا لاویەتیم هشك دەبێتەوەو لەگەڵ لافاوەکاندا غلۆر دەبمەوە
دەکۆشم لمی ڕۆژگار بە لمی خۆم تێکەڵ بکەم
گۆزەکەم لەژێر دەستمدا نەرم بێت
بە هۆڵی وێنەکەم، بە کتێبخانەکەم، بە کەمانچەکەم
دەڵێم
هێشتە سۆزی خۆم دەکیشم
هێشتە  ڕۆژەکەم زۆر نیگاری تێدایە
چونکە تا چینە دوورو قووڵەکانی ناو خۆمم هەڵکەندووە
تابلۆگەل و تاوێرگەلی وێنەکێشراوو ڕۆژنامەگەل دەرکەوتن
چەندان کەشتی بردیانم
منیش بردمن
هاوڕێکانم رۆیشتن
مەشخەڵی روح بە سەر ئاودا دوور ڕۆیشت
کوڕەکەم ڕۆیشت چای لە بەردەمماڵەکاندا دەچاند
چەند فشەکلاونەیەك تێپەڕین نامەیان بە دەنووك هەڵگرتبوو
ئاسمان بە پەڕەمووچەکانم لەکەدار دەکەم
وێنەی پاپۆڕەکانی پشکۆو بادەکەم دەکێشم بەسەر ئاسۆدا دێتە خوارەوە
لەوێ ڕزگاربوونی خۆم هەڵدا
بەڵام ئەوەی چاندبووت نەما
کاتێك چارۆگەکەم بڵند دەکردەوەو چەپکەکانم دەچاند

**لە پاپۆڕەکانمدا بڵند بڵندم کردیتەوە**

**لەنگەرەکەت لە چاوانمدا بوو**

**بەڵام بزربوویت.**

**لێرە تەمەنت بست بست دروست کردم**

**لێرە وات لێ کردم چوون تارمایی پیاسە بکەم.**

# 18ی تشرینی دووەم : گوڵی تۆلیپم هەیە

**ئەمڕۆ**
**ئەسپەکەی ئۆتریێخت توند حیلکاندی**
**جڵەوەکەی کردەوەو بە ناو نایدەرلانددا تاوی دام**
**بە حیلکاندن وێنەکەی لە ئاسۆکان دووبارە دەکردەوە**
**ئاسۆکانیش لەگەڵ ئەو دووبارەیان کردەوە:**

**هەندێکیان لەسەر دراوە ئاسنینەکان دەرکەوتن**
**هەندێکیان لەسەر گوڵی تۆلیپ**
**هەندێکیان لەسەر ئاشە هۆڵەندییەکان**
**هەندێکیان لە سێ گۆشەکانی بنمیچەکان**

**ئاسۆ ئایکۆنەکانی دووبارە کردمەوە:**

**زۆریان لە ناو ڕووبارەکان**
**زۆریان بە قەد دەرگەکانەوە**
**زۆریان لە گوڵی دڕکەکان**
**زۆریان بەقەد دیوارەکانەوە**

**بەڵام بەتەنیا لەناو بادا دەجووڵامەوە**
**چوون بەردەمی ماڵێك بەرەو هەڵدێر بچێت**
**لە هەستگەلی شۆڕاو دەچم**
**لە هەوایەکی ڕووناك.**

**بەپێی ئەلف و بێیەکی تایبەت مێژووی خۆم ڕێکخست و**

**لە چەند پلەیەکدا پۆلینم کرد**

**بینیم زەوییەکی چاکە بۆ  گەشەسەندنی ڕۆژ.**

**هۆڵەندییەکان گوڵی تۆلیپیان لەسەر سینگم داناو**

**بێستان و شەقام و گەڕەکەکانیان پێ پێشان دام و**

**منداڵەکانیان بانگ کردم**

**ڕێگەیان بۆ کردمەوە بە ئەسپەکەمەوە بچمە ژوورەوەو**

**لە کانییە ئاوەکان ئاوی بدەم.**

**هەموو ڕۆژێك. بەر لە ئەمڕۆ، کەمتیارەکانم دەبینی**

**لە ڕێگەمدا ڕاوەستابوون و لە ددان و چاوم دەکۆڵینەوە**

**بەڵام، بەر لە ئەمڕۆ، لە دوورەوە، سەیری ددان و چاوەکانیان دەکەم و**

**پێدەکەنم**

**بەم شێوە چەندان قەڵای کۆن و**

**بیرەوەری ڕەش و**

**بەردگەلی زۆرم لێ بەربوونەوە**

**بەڵام بینیم مێژووم**

**چوون لافاوی کۆن**

**لە سینگمەوە خوێنی لێ دەچۆڕێت**

**بەم شێوەیە زۆر هاوارم کرد**

**هەموو ئەسپەکانی ناخم هاتنە دەرەوە**

**گورگ و مارو قەلەڕەشکەکان هاتنە دەرەوە**

**ئەوانەی کە خەڵکی وڵاتەکەم خستیانە ناو ناخمەوە**

**بەم شێوەیە بارە قورسەکانم سووك بوونەوەو**

**لە فڕین بێزار بووم.**

**بە ڕێگەوە هاوڕێ فریشتەکانم بینی، گوڵی تۆلیپ**

**بەرزدەکەنەوەو دەڵێن:**

**ئاکام...**

**ئاکام**

**گوڵی تۆلیپ بۆ خەزائیل.**

# 19ی تشرینی دووەم : لق و پۆم

گوێ بۆ ڕۆژگار شل دەکەم
هەڵدێریش لەژێر پێمدایە
لق و پۆیەکی کۆنم بە دەستەوەیە
ڕانە مەڕەکەمم پێ لەپێش خۆم دەدا
مارم پێوە لوول دەدا تا تریاقی لێ دروست بکەم
چوون داری مایسترۆ بڵندم دەکردەوە
تا سروشت سروودی خۆیم بۆ بڵێتەوە
چوون شمشاڵ فووم پێدا دەکرد
سەری ماڵەکەم پێ بڵند دەکردەوە
ڕێم دەدا کۆتر هێلانەی لەسەر بکات
بە نیشانەیەکم دەکردو لەسەر کتێبەکانم دادەنا
دار مێوەکانم پێوە هەڵدەواسی
هەرچی ئەمڕۆیە ...
هێشتە لق و پۆیەکەمم پێیە
بەڵام خۆمی بەسەردا دەدەم و
ڕێگەیەکی کوێری پێ دەدۆزمەوەو
پاشماوەی ڕۆژەکانمی پێ دەپێوم و
بوخچەی غەمەکانمی پێوە هەڵدەواسم و
تووتن و پشکۆکانمی پێ تێك دەدەم و
وێنە کۆنەکانمی پێ ڕادەگرم

**لەسەر لم، وێنەی تەنیایی خۆمی پێ دەکێشم**
**چەند کۆشام بیشکێنم بەڵام نەشکا**
**چەند کۆشام بیچێنم ..**
**. بەڵام بەری نەگرت**
**چەند کۆشام فڕێی بدەم ... بەڵام گەڕایەوە لام**
**ئەم لق و پۆیە ئێسکی ڕوحمە.**

# 20ی تشرینی دووەم : پێش وەخت سیس داگەڕاین

چوون کۆتری ئەویندار،
پێش وەخت، بە دەستی ئەستووری کاتەوە سیس داگەڕاین
ڕۆژەکانمان پێش کاتی خۆیان داکەوتن
چەند چرنووکی ڕەش خەنجەریان لێ داین
لەوێ سیس داگەڕاین و
هێلانەکانمان بەجێ هێشت
هەرزەکانی بڕوا چەکدارەکان یارییان پێ دەکرد
جلە پۆشتەکانمان بەجێ هێشت
شوانان لەبەریان دەکەن.

با بیرەوەرییەکانمان کۆبکەینەوەو
بۆیان ڕەوانە بکەین
با وێنە ڕەش و سپییەکانمان ڕەوانە بکەین
تا بەهەشتە نەمرەکانمان ببینن
با ئەو گۆرانییانەمان بچڕین کە ڕۆژگار لەبیری چوونەتەوە
با گاڵتە بە ژاوەژاویان بکەین.

ساڵانی تەمەنمان دەدروینەوەو
فڕێیان دەدەینە ناو گالیسکەکانی سیاسەتوان و سەرکردەو پارتەکانەوە
گالیسکەکان ڕوو لە بێستانەکانیان دەکەن

**هەرچی ئێمەین**

**ڕوو لە گۆڕی شادومانی خۆمان دەکەین**

**کە لەژێر ئەو بێستانانەدان!**

# 21ی تشرینی دووەم : مانگەکەم ... ئەی مانگەکەم

**لەبارەی  بەیانیی پرشنگداری چوون دەم و چاوت**
**دەنووسم**
**لەبارەی بریقەتەوە چوون قسدێری ئاسمان**
**لە باخچەکانی مرواریدا چوون فریشتە بینیمیت**
**لە ڕووبارەکانی گوڵدا بینیمیت**
**ئەی قاڵبووی کۆچ کردن**
**بۆچی جانتا، یان پریاسکەیەکی خواردنت پێ نییە؟**
**بۆچی کاغەز، یان ڕۆژنامەت پێ نییە؟**
**بەڵام گەشتەکەت گەورەترین گەشتەو**
**دۆزەخت بەهەشتی ئێمەیە.**

**لە کاتی نووستندا، بەرەو لای پەیکەرەکەت هەڕا دەکەم کە خوێنی لێ دەڕوات**
**بەڵام نایگەمێ**
**هەرکە ڕابکەم پێیەکانم دەبن بە ئاو**
**ڕۆژەکانت بە باران تێکەڵام کردووم**
**پشتت چەماندوومەتەوە**
**بەڵام چەپکە گوڵم لە گەردنت کردووە**
**بەر لەوەی لافاو ئاسا هەڵبکەم.**

**پتر لە کۆترێك سینگیان کردمەوەو**

**گمە گمیان تێدا کرد**
**مانگەکەم ... ئەی مانگەکەم**
**بۆچی لە ناخمدا تاریک داهاتیت**
**پاش ئەوەی بە ئاسمانەوەم بوویت؟**

# 22ی تشرینی دووەم : چۆن؟

چۆن بڕوامان بە هەر هەموو ئەم گاڵتەجاڕییانە کرد؟
چۆن بڕوامان کرد کە سەرکردەکان ئاسمانمان پڕ لە باڵندە دەکەن؟
چۆن بڕوامان کرد کە بەردەستەکانیان پەرداخەکانمان پڕ دەکەن؟
چۆن بڕوامان کرد کە سەربازەکانیان ماڵەکانمان دەپارێزن؟
لەوێ ...
لێرە...
بنۆڕە:
چۆن بوتڵەکانیان دزین و ڕك و کینەکانی خۆیان پێ پڕکرد؟
چۆن ڕەفەی ماڵەکانیان دزین و چەکەکانیان لەسەر دانا؟
چۆن ڕازی بووین دەستی خۆمانیان پێ بدەین
تا بەو تۆپخانانەوەیان ببەستنەوە کە بە هەموو لایەکدا تەقە دەکەن؟
چۆن درەختەکانی خۆمانمان پێ دان تا پێیاندا هەڵبگژێن و کوڵمان لێ بگرن؟
چۆن گەرووی خۆمانمان پێ دان هوتافی وێرانکردنیان پێ دا؟
چۆن زمانەکانی خۆمانمان پێ دان قسەیان پێ کردن و
وڵاتیان پڕ لە هێسی ڕەش کرد؟
چۆن سەیوانەکانی خۆمانمان پێ دان
تا هەڵیانبگێڕنەوەو بارانەکەمان ببەن و هەڵێن؟
چۆن کاوڕەکانی خۆمانمان خستە ژێر پێیانەوە تا بە خوێنەکانیان دەست لە خەنە بگرن؟
چۆن زێڕو شوورەکانی خۆمانمان پێ دان
تا بیانتوێننەوەو کۆت و بەندی پۆڵاییینمان بۆ دروست بکەن؟

چۆن ڕێگەمان دان یاری لەگەڵ کوڕەکانماندا بکەن و بیانڕفێنن؟
تا لەناو ژوورەکانی خۆماندا بەجێمان هێشتن تا بیاندزن؟
چۆن هەر هەموو ئەوانەمان کرد؟

# 23ی تشرینی دووەم : ئایە ئەمە دەشێت؟

گوڵی خۆڵەمێشییان پێ بوو
ئایە ئەمە دەشێت؟
لە نوێژەکانیاندا ڕوویان لە دیوارەکان دەکرد
ئایە ئەمە دەشێت؟
لە ڕووبارە کپەکان دەپەڕینەوەو
دەستیان بە پرسیاری سەوڵ لێدان دەکرد
بۆچی گەردانەکەی بردو
لەسەر گۆڕەکەی دانا؟
بۆچی ئەموستیلەکانی ناشت؟
ئەو گەنجینانەی، ڕۆژێك لە ڕۆژان، نغرۆی ناو ئاو بوون
بە تەرمی بۆی گەڕانەوە.
ئایە ئەمە دەشێت؟
چیمان بە خۆمان کرد
بەناو مینەکاندا ڕۆیشتین و بە خەیاڵپڵاوی مەست بووبووین
وێنەکانی خۆمان برك دایە ناو بیرە ڕەشەکانەوە
چارۆگەی کون کونمان بەسەر پاپۆڕەکانمانەوە هەڵکرد
لەو کاتەوە منداڵ بووین گۆڕمان هەڵکەندو
هەموو تەمەنمان چاوەڕێ بووین تا بچینە ناویانەوە
شمشێری لە زێڕو لە تەنەکەمان تیژ کردو
لەسەر گەردنی خۆمانمان دانان

ئایە دەشێت کە ئاگەمان لێ نەبووبێت

ئەوەی کە درەختەکان پێیان دەگوتین

ئەوەی باڵندەکان هەر لە بەرەبەیانەوە تا ڕۆژئاوابوون دەیانگوتەوە

ئەوەی هەتاو دەیگوت؟

ئایە ئەمە دەشێت؟

## 24ی تشرینی دووەم : لقەکانی هەر حەوت ئاسمان

ئەو لقانەی لەناو تێنووسەکانمدا وێنەم کێشاون
چی دی گوڵ ناگرن
چی دی ئەڵماز، یان میوزیکیان پێدا شۆڕ نابێتەوە
لقگەلێك بە بارانی زەرد شۆڕاونەتەوە
هیچم لە پێش نەماوە ئەوە نەبێت لە ئاسمانەکاندا بیانچێنم
چونکە ئەو زەوییەی منی لەسەرم ئیکسپایەر بووەو
ئاوەکەی لێڵ بووە
لقەکانم هەڵدەگرم و سەردەکەومە یەکەمین ئاسمان و
لقەکانم بە درەختی هەتاوەوە دەبەستمەوە
بەڵام چوون کاغەز دەسووتێم
هەڵکردنە ڕەشەکانم دادەبارن و گەڵاکانم پیس دەکەن
لقەکانم دەبەم و سەردەکەومە دووەمین ئاسمان و
دەیانژەنمە ڕووباری مانگ
بەڵام ئاوی مانگ دەیانتوێنێتەوە وەك بڵێیت لەناو تێزابت دانابێت
هەڵیاندەگرم و سەردەکەومە سێیەمین ئاسمان و
لەناو کەفی ئالۆشی کولاودا دەیانچێنم
بەڵام دەستم ڕەق دەبێت و زمانم وشك
هەڵیاندەگرم و سەردەکەومە چوارەمین ئاسمان و
لە نەوەی گایان دادەنێم
بەڵام بازووەکانم دەبن بە پەنجەی خۆڵ

ئەو کونانەی لە دڵمدان پڕ دەکەمەوە
دڵم شمشاڵێکی غەمگین دەژەنێت
هەڵیدەگرم و سەردەکەومە پێنجەمین ئاسمان و
لەنێوان هەردوو شاخی گاکەیان دادەنێم
بەڵام بە پەڕۆیەکی خوێناوی دەگەڕێنەوە لام
بە لقەکانمەوە سەردەکەومە شەشەمین ئاسمان
بەڵام بای دەریاکان لەوێ بۆم دەگێڕنەوە
هەڵیاندەگرم و سەردەکەومە حەوتەمین ئاسمان و
لەم لاو لەو لای کورسیەکەیان شەتەك دەدەم
بەڵام بە دەستمەوە دەبن بە بزمار
کەواتە چی بکەم
ئایە لقەکانم بۆ ناو تێنووسەکانم بگێڕمەوەو
هەڵەی بوونم وەك مرۆڤ ڕابگەیەنم.

# 25ی تشرینی دووەم : چوار هێما

بۆ ئەوەی ببیتە فریشتە
هێمای ÷ لەسەر ژیانی خۆت دانێ
چونکە بەبێ ئەوەی دابەشت بکەن
کەس لێت ڕازی نابێت

بۆ ئەوەی ببیتە پیاوکوژ
ببە دارەوان لە ناو دارستان و
هێمای × لەبەردەم هەردوو پێ و هەردوو دەستدا دانێ
تا شمشێرەکانت زاوزێ بکەن و
قۆرتی زۆر هەڵکەنیت و
باز بەسەر قۆرتی دیکەدا بدەیت

بۆ ئەوەی جوان بیت
هێمای + لەبەردەم ژیانتدا دانێ و
بە تاراوگەکاندا پیاسە بکەو
جانتاو بیرەوەری کۆ بکەوەو
چەندان زمانی نوێ فێر بە

بۆ ئەوەی ببیتە ئێراقی
هێمای ـ لەبەردەم ژیانتدا دانێ

**بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژگاری خۆت**

**لە پێناوی نیشتمان و**

**لە پێناوی دراوسێکانی نیشتماندا**

**بە فیڕۆ بدەیت.**

# 26ی تشرینی دووەم : قسەی سیحربازەکان

ئەو ئافرەتە سیحربازانەی لە ڕێگە ڕایانگرتم
دەرزی ئاژنی ئەو دوو گولۆڵە خورییەیان کرد کە بە دەستیانەوە بوون
یەکەمیان گوتی: بۆچی بە مەرەکەبی ئێمە دەستنوێژت نەگرت؟
دووەمیان گوتی: کوا یارە بەژن زراڤەکەت کە پێکەوە
ڕێگەکانتان بە سەماو گۆرانی دەکێڵا؟
سێیەم گوتی: گەنجینەکەت لە دەست دا؟
منیش گوتم: نیشتمانەکەم سووتا و
هەموو شتێکم لە دەست دا
پێیان گوتم: بۆچی هاتیت بۆ نیشتمانەکەمان لە زەوییە نەوییەکان
گوتم: تا نیشتمانەکەم بە شیعر بدروومەوەو
بێ گەردی هەواکەی لە سییەکانمدا بپارێزم.
یەکەمیان گوتی: نیشتمانەکەیان دزیت و
چی دیکە نایدۆزیتەوە
گوتم: لەناکاو لێم بەر بووەوە، کاتێك لە ڕووبارەکە دەپەڕیمەوە
گوتی: نا لێیان دزیت کاتێك لە ڕووبارەکە دەپەڕیتەوە
گوتم: چۆن دەتوانن بیدزن لە کاتێکدا لەناو خوێنمدایە.
دووەمیان گوتی: بۆچی بەبێ کاغەز هاتوویت
گوتم: لەگەڵ شمشاڵدا گۆرانی دەچڕم و
لەگەڵ ڕۆژگاردا بیرەوەرییەکانم دەڵێمەوەو
بەندیخانەکانی وڵاتەکەم لێرە دەکەمەوە

**سێیەمیان گوتی: بگرە ئەم کاغەزانە پڕ بکەوە**

**ئەگەر نیشتمانەکەت کوڕەکەی  ئازاد کردیت**

**دەتوانین لەگەڵ تۆدا لێرە میوانداری بکەین.**

**منیش لە پڕمەی گریانم دا ...**

# 27ی تشرینی دووەم : ڕووبارەکەم لەدەست دەرچوو

ڕووبارەکە دێتە ناو دەستمەوە
هەموو جارێك وڵاتەکەم لە دەست دەچێت
هەموو جارێك فاڵگرەکان تەلیسمەکانی لێ دەدەنەوەو
بەناو ئەتڵەسێکی چۆڵدا دەیپەڕێننەوە
پاشان دارەتەرمەکەی لە تاریکیدا برك دەدەن
هەموو جارێك شێتایەتی بەرەو دەریای دەبات
بەڵام ئەویندارى باش نازانێت و
بە پاپۆڕی کون کون و
بە دەریاوانی خۆکوشتووەوە دەگەڕێتەوە
هەرچی ئەم خۆڵەمێشە کەڵەکە کراوەی منە
ئەوە وێنەی گوڵە زڕەکانە
چوون ڕوحی پیاوچاکێکی بەساڵداچوو
هەموو مێژوومان ڕستەگەلی لە گەردو تۆزن
بەناو بەهەشتە بەرینەکەیدا چووینە ژوورەوە شابووین
بەپێ خواس هاتینە دەرەوە
چراکان بە کۆڵمانەوە بە کوژاوەیی بەدوای خۆماندا ڕادەکێشین
ئەموستیلەکەی خۆمم لە خاکەکەیدا شاردەوە
بەڵام لەگەڵ هەموو تاریکییەکدا
لەگەڵ هەموو بەیانییەکی خەڵتانی خوێندا بەدەستی دەهێنمەوە
بەناو ڕێڕەوی درێژی ترسی خۆمدا ڕۆچوومە ژوورەوەو

بانگی ئادەمم کرد: ڕێگەی ڕزگاربوون هەیە؟
بایەکان گەڕانەوەو چوون پشیلەی شەوان
دەم و چاویان ڕووشاندم
بێ ئەوەی ئاگەم لەخۆم بێت
بەڵام ڕووبارەکە لە دەستم دەرچوو
وڵاتەکەیشم لەچاو ون بوو.

## 28ی تشرینی دووەم: ڕێگەی هات و نەهات

وەرە کراسەکەم بۆ هەڵگرە
هێزم نییە .. لەبری من هەڵیبگرە
هێزم نییە دەستم بڵند بکەمەوە
لەبری من غەمەکانم هەڵبگرە
چوکڵ و بخوردەکانم بزربوون
ئەو پەرداخەی شادییەکانی خۆمم پێ نۆش کرد
شکاو دەستی بریندار کردم
مافوورە کاشانەکە پتورکا
جێی چێژەکانیش چۆڵە
چۆن هەر هەموو ئەمانە لەچاو بزربوون؟
چۆن با نغرۆی ناو ئەژنۆکانم بوو؟
چۆن سۆزەکانم شەرمەزاریان کردم
خۆش ویستنی جوانی دادی نەدا
گۆرانی چرینم بۆ شیعر دادی نەدا
بە گوڵدا هەڵدانم دادی نەدا
هەر هەمووی لەگەڵ گەرددا ڕۆیشت
پەرداخی شادی و
ئەو ماڵە ورتەبێژو
ئەو کوڕە ڕووخۆشانە
ئەو ژنەی کە پێکەنینەکەی لە لیرەی زێڕین دەچوو

**دەست بە دەستدا دەدەم و**
**دەڵێم: هەر هەموو ئەوانە چوون و چی دی ناگەڕێنەوە**
**چوون خۆشەویستەکەم کە چوو و ئیدی ناگەڕێتەوە.**
**لە ژیانمدا... چەندان ڕێگەی هات و نەهاتم بینی**
**بەڵام خۆم لێ بوارد**
**لە خۆشییەکانمدا ... چەندان جار ڕێگە کوشندەکان خۆیان بۆ ڕازاندمەوە**
**بەڵام لەبەر پێی هەنگاوەکانم لام دان.**
**هەرچی ڕ ێگەی هات و نەهات بوو کەچی هەر لەبەردەم ماڵەکەمدا بوو**
**پاشان... چوون دێوێکی درێژ بەرەو ماڵەکەم کشا.**

# 29ی تشرینی دووەم : تەنیا بەخۆت تێی تەقێنە

بەر لەوەی تێی تەقێنیت

باش لەم نیشتمانە ورد ببەوە

خەیاڵپلاوییەکانی بە ئەسپەکەت هەڵمەگرە

گیاکەی گلگامش لەگەڵ خۆت مەبە

نە شەوانی شەهرەزادو

نە باڵەکانی سەمیر ئەمیس

باش لەم ڕووبارانە ورد ببەوە

گەنجینە بەفیڕۆچووەکانی بە کەشتییەکەت هەڵمەگرە

نە ئەنبارەکانی سندبادو

نە بیرەکانی ئەسکەندەرو

نە گەنجینەکانی (حەفیز)و

نە نگینەکانی پاشاکانی

باش لەم چیایانە ورد ببەوە

بەڕووەکانی مەبەو

داستانەکانی کوردەکانیشی مەبە

نە تاووسەکانی

نە مەنجەڵەکانی مەیەکانی

باش لەم ئاسمانە ورد ببەوە

تەختەکەی ئیناناو

مەشخەڵەکەی ئەناهیت و
نە پشکۆکانی خواوەندەکانی لەگەڵ خۆت مەبە
تەنیا بە خۆت تێی تەقێنە
بە ڕووتی تێی تەقێنە
هیچ شتێك لەگەڵ خۆت مەبە
تەنیا کفنەکەت نەبێت.

# 30ی تشرینی دووەم : دێوی ژان

دەشێت ڕێزگرتن ساختە بکەین
دەشێت تووڕەیی ساختە بکەین
دەشێت پێکەنین ساختە بکەین
دەشێت گریان ساختە بکەین
دەشێت هاوار، شێتی، غەمگینی ساختە بکەین
بەڵام ناتوانین ژان ساختە بکەین
چونکە گۆماوێکی ناوەوەی نووستووە
تەنیا بەردی ڕەق دەیورووژێنێت
دێوێکە لە قووڵاییدا ڕاکشاوە
تەنیا بۆنە نامۆکان بێداری دەکەنەوە
بەرەنگاربوونەوەی نەبوون و دەستەویەخە بوونیەتی
ئەو خۆڵەمێشەیە کە پاش کوانووەکانی چێژەکان
لەناو دەست دەنیشێت
ترسی سەردەرهێنان و سەیرکردنی هەڵدێرە
ئەو حوشترەیە لە بیابانەوە بەرەو دەریا ڕاودەنرێت
ئەشکەوتی تارکی تۆزو گەرمانە
بەزەیی هاتنەوەیە بە بێ گومانیماندا
ڕەشایی ڕواوی ناو زگماکیمانە
ژان بزاوتی تۆقێنەرمانە بەبێ چاو
لە سێدارەدانی پێش کۆتاییمانە.

# بزرگەکان

# کانوونی یەکەم

# 1ی کانوونی یەکەم : داپۆشین

بەر لەوەی کۆچ بکەم
لەسەرخۆ کوڕەکان و هاوسەرەکەمم بە پەتۆ داپۆشی
کتێبخانەکەم داپۆشی دەستنووسەکانم داپۆشی
ئەو چامانەی خۆمم داپۆشین کە هیشتە تەواو نەبووبوون
وینەکانی خۆمم داپۆشین کە بە قەد دیوارەکانەوە بوون
بیرەوەرییەکانی خۆم داپۆشین
وەك بلێیت چاوەڕوانی ماتەمینێکی گەورە بم
چوون هەور لە ماڵەکەم دەرپەڕیم
شەقامەکانی شارەکەمم داپۆشین
دەرۆزەکەرەکانم داپۆشین تا هێسیان لەسەر نەنیشێت
ڕۆژنامەفرۆشەکانم داپۆشین تا قسەکانمان بپارێزن
(گۆڕەپانی ئەندەلوس)م داپۆشی
(کەهرەمانە)م داپۆشی تا ئاوی گۆزەکانی ڕانەوەستێت
(باخچەی ئومە)م داپۆشی
پەیکەری ئازادیم داپۆشی تا مار بەسەر پەیکەرەکانیدا نەسووڕێنەوە
(شۆرجە)م داپۆشی
(مزگەوتی خولەفا)م داپۆشی
(بازاڕی سەفافیر)م داپۆشی
پەیکەرەکەی (ڕەسافی)م داپۆشی تا نەیتەقێننەوە
چاخانەکانم داپۆشی
دامپۆشی ... دامپۆشی

بەڵام ئاوڕی پشتەوەی خۆم نەدایەوە
تا ئەو قەیچییە ببینم کە پەتۆکانی دەبڕیم.

## 2ی کانوونی یەکەم : وێنەکەم نزیك بە هەڵەکانی زمانەکەم

بێ ئەوەی قسەیەك تۆمار بکەم
بێ ئەوەی ڕەچەڵەکەکانی خۆم ئەزبەر بکەم
بێ ئەوەی ئاوڕ لە بادەکەم بدەمەوە
بەرز دەبووەوەو بە دەمارەکانی شەودا دەگەڕایەوە
بێ ئەوەی ئەوە ببینم کە کوێر دەیبینێت
شتێکم لەم قیبلەنمایەدا ماوەتەوە
بەرەو لای بیرەوەرییەکانم ئاوڕ دەدەمەوە
بەرەو لای ئەوە ئاوڕدەدەمەوە لە گۆزەکانم شکاوە
وێنەکانی خۆم نزیك هەڵەکانی زمانەکەم دەبینم
لمی کارەساتی خۆم دەبینم بووەتە کەنارو
دەریا لە نزیکی بەرین بووەو
پاپۆڕێکی سەرگەردان و
ماسیگەلی درژ دەرکەوتن
ڕەفەکانی بۆن و بەرامە دەبینم لەگەڵ گریەو شیندا هاڕراون
لەبەردەم ماڵەوەدا هاوارکردن دەبینم
کووچەیەك دەبینم گریانی لێ دەچۆڕێت
لەپشتەوەی ئەم لۆقنتانەوە دەبم کە تەقیونەتەوە
تا پیرۆزایی ئاوو پیرۆزایی خواردن هەڵواسم
چۆن ئەم هەموو ڕۆژگارە ڕاوەستاین و
زانیمان وێرانەکە لێرەدایە لە ژێر نینۆکەکانماندا
لە پشتەوەی دروستکردنی ساباتی جوانی مردن

لە پشتەوەی سمەکانی شارێکی شەڕکەر
کە قەوزەکانم پێشێل دەکات
وەك بڵێیت جەستەم بە بیست کۆت و زنجیر زڕەی دێت
سست لەو شارە ڕێ دەکەم کە لاویەتی خۆمم تێدا هاڕی
ئەویش چوون بێگانە سەیرم دەکات

ترس لەبەردەم دەروازەکانیدایە
درەختی خۆڵەمێش لە ناوجەرگەی دەگەشێتەوە
وەك بڵێیت شارەکە پیرەمێردێکە لەبارەی نەبەردیی لەدەستچووی ورتە ورتیەتی
وەك بڵێیت لەناوچوون جەختی لێ کرابێتەوە
گەرووم بە سروودێك تەڕ دەبێت
بەڵام دڵم بە گوڵێکەوە دەکوڵێت
پارچە پەڕۆکانی خەونم لەسەر جێگەی شار دەنوون
بیرەکانی خۆیان دەرخستووە
لەکاتێکدا پیرەمێردەکە دەکۆکێت و
بریسکەیەکی تێکەڵ بە کوشتنی تێدا دەردەکەوێت
ئەو کات دەروازەکانی شار دادەخرێن و
بە شمشێرە بریقەدارەکەیەوە بەرەو ڕووم دێت.

# 3ی كانوونی یەكەم : دوژمنە ڕووخۆشەكانمان

دوژمنەكانمان لە هەموو لایەكەوە دەركەوتن پاش ئەوەی كەڕەناكانمان بێداریان كردنەوە
دەركەوتن پاش ئەوەی بە پێ گوڵەكانمان پێشێل كرد
دەركەوتن پاش ئەوەی ئاگرمان لە كێڵگەكانی خۆمان بەردا
دەركەوتن پاش ئەوەی دەم و چاوی خۆمان بە هێڵی ڕەنگاوڕەنگ بۆیاغ كردو تیرەكانمان ڕاوەشاند
دەركەوتن پاش ئەوەی سەری كوڕەكانی خۆمانمان لێ كردەوە كە بە شەڕەوە سەرقاڵ نەبوون و بە شوورەكانمانەوە هەڵواسین
دەركەوتن پاش ئەوەی بە زنجیر هەورەكانمان بەندكرد
دەركەوتن پاش ئەوەی كەسوكارەكانمان بە خۆڵ داپۆشی كە لە دەهۆڵەكانمان هەڵاتبوون
دەركەوتن پاش ئەوەی ئەو ترپە خواوەندانەی ناخی خۆمانمان كپ كرد
دوژمنەكانمان دەركەوتن پاش ئەوەی بەیداخەكانی خۆمان خوێناوی كرد
دەركەوتن پاش ئەوەی كیسە نانەكانمان پڕ لە چەك كرد
دەركەوتن پاش ئەوەی كۆشكەكانی هەزارو یەك شەوەمان دروست كردو خانۆچكەمان لەچواردەوریان بڵاوكردەوە
دەركەوتن پاش ئەوەی مزگەوتی گەورە گەورەمان دروست كردو نوێژكەرەكان بە جلی شڕوهوڕەوە لێیان چوونە ژوورەوەو بە پشتوێنی مینرێژكراوەوە لێوەیان هاتنە دەرەوە
دەركەوتن پاش ئەوەی بە مووشەكەكانمان لە قووڵایی ئاسمان نزیك بووینەوە
دەركەوتن پاش ئەوەی بە تۆزو گەردی شەڕەكانمان بەر تیشكی هەتاومان گرت
دەركەوتن پاش ئەوەی زارمان پڕ لە هوتاف كرد
دەركەوتن پاش ئەوەی شەقامەكانمان پڕ لە دروشمی هەڵواسراو كرد

دوژمنەکان بەوپەڕی بەهێزییەوە دەرکەوتن کاتێك پشتی یەکدیمان شکاند
بە بریسکەداری دەرکەوتن پاش ئەوەی دەم و چاوی خۆمان بە خۆڵ تۆزاوی کرد
بە ڕاوەستاوی دەرکەوتن پاش ئەوەی گەردنی گەلمان بۆ پەیکەرەکانی گۆڕەپانەکان نوشتاندەوە
بەپێکەنینەوە دەرکەوتن پاش ئەوەی ژیانی خۆمان بە شین و شەپۆڕ بەسەربرد
بە داناییەوە دەرکەوتن پاش ئەوەی مێشکی خۆمان بە دروشمەکان بۆگەن کرد
دوژمنەکانمان کە لەبەر دەرگە ڕاوەستاون
چی دیکە بیرۆکە، یان خەیاڵ پلاوی نییە
بەڵکو ئەمڕۆ لە سەر سنوورەکانمان ڕاوەستاون و سەیری ئەو شتانە دەکەن هەموو ڕۆژێك دەیانکەین
پتر لەپێویست ڕوون
پتر لە پێویست ئامادەن
لە دەرگە لێدانمان بێزار نابن
هەرچی ئێمەین لە کونەکانماندا لە یەکدی دەترسین و
ڕووبارگەلی ڕەش بە نێوانماندا تێدەپەڕن.

# 4ی کانوونی یەکەم: لەناو ئەفسانەکاندا مەلە دەکەین

کاتێك داڵەکان بەسەر لێواری پەنجە واڵاکاندا کەوتن

پەردەکانیان لاداو

مەشخەڵی ڕووناکییان

بۆ ناوجەرگەی بیرەکان هەڵگرت

ئەفسانەکان لەناو بوتڵی توند داخراودا نێژرابوون و

ئاڵۆشەکانی فریشتە غەمبارەکە لە تەنیشتییەوە پڕیشکی دەدا

ڕەنگە مۆمدانەکە هەنسکی دابێت و تۆزەکەی لادابێت

ڕەنگە ڕووەك جووڵابێتەوە

ڕەنگە هێما و نیشانە لەناواخنی بەردەکان دەرکەوتبن

بەڵام دژواری نهێنییەکان سەربڕینەکەی تەڕ دەکرد

چونکە تەنیا زەخیرەبوو لەو ڕابوردووەدا

کاتێك بە بروسکەو بە ئاوڕەشەی بەپیتیەوە هەستا

کاتێك دەم و چاوی لە ئارەقە فێنك کردەوە

دەستیشی لە قوڕ

گەرم و گوڕی شێتایەتی گرتنی و

دەستی بە وڕینەی تۆمارگەلی گەردوون کرد

هەویر ترشی نهێنی بە دەمارەکانمادا دەسووڕێتەوە.

چی بەم بەهێزییە زەنگەکانمان دەجووڵێنێتەوە

چی ئاگرەکانمان خۆش دەکات

ڕۆژێك لە ڕۆژان، پرسیارەکانمان لە ئاسمان بوون

بەڵام ئەمڕۆ لەسەر زەوین

لە مەشخەڵگەلی جوانیدا ڕاویان دەنێین
ئەوانیش لە چاواندا ڕاومان دەنێن

لە شەقام و لە ماڵەکانماندان
بەڵکو لە ترسماندان و
ئێمەیش بە ڕووخۆشییەوە مەلەوانییان تێدا دەکەین
بێ ئەوەی بزانین کە سەرگەردانین و ڕێمان بزرکردووە.

## 5ی کانوونی یەکەم: دوورخراوەکان

لەبری ئەوەی تاراوگەکان بیانکەن بە دانا
بوون بە ئیبلیس
لەبری ئەوەی ببن بە باڵندە
نینۆکەکانیان درێژتر بوون
ڕدێنیان چڕتر بوون
ددانەکانیان بوون بە چەقۆ
کاتێك بۆ نیشتمان گەڕانەوە
لە پشتەوەی دەمامکە بریقەدارەکانیانەوە دەم و چاوی گورگیان ڤەشێرت
لەبری ئەوەی نیشتمان بکەن بە بەهەشت
کردیان بە تەویلە
لە تاراوگەکان گەڕانەوە
ڕووباری ژەهراوییان پێ بوو
ڕێگەکانی مەرگیان دەکردەوە
هەندێکیان بە تانك هاتن
هەندێکیان بە فڕۆکە
هەندێکیان بە حوشتر
هەندێکیان بە گوێدرێژ
هەندێکیان بە تیمساح
بەڵام لای گۆمی خوێن کۆبوونەوەو بەلەمەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد
گورگەکانی دوێنێیان لادا تا تەنیا بە خۆیان ببن بە گورگ.

گورگ هاتنە ژوورەوە

گورگ چوونە دەرەوە

نیشتمانیش بوو بە باخچەی گورگان

سەیری هاووڵاتییانی ناو قەفەزەکان دەکات.

## 6ی کانوونی یەکەم: شێخەکان بەردەوام لە پەنجەرەوە دەنۆڕن

شێخەکان لە پەنجەرەوە

لە پەیکەرە مۆمینەکانیان نواڕی کاتێك دەتوانەوە

سەرەتا برژانگەکان توانەوە پاشان چاوەکان

لێوەکان توانەوە پاشان گوێیەکان

بڵێسەی ئاگر تا دەهات لە شەقامەکاندا بەرزتر دەبووەوە

خەڵکەکەیش هوتافیان لێ دەدا

شانەکان توانەوە

پاشان بازووەکان توانەوە

چوون تۆپ لای هەردوو پێدا کەوتنە خوارەوە

ڕاستییەکە لەسەر پەردەیەکی سپی و

لەسەر لق و پۆپی درەختەکان دەردەکەوێت

هوتافەکان هاوار دەکەن و ڕاستی دەردەخەن

حەشاماتە پێ خواسەکان

سمتەکان توانەوە

پەیکەرە مۆمینەکان بوون بە تۆپگەلێکی شێواو

با غلۆری کردنەوەو ئەوانیش غلۆر بوونەوەو

پارچە پارچە بوون

خەڵکەکە پەیکەرگەلێکی نوێی مۆمینیان دادەنا

لەکاتێکدا تا دەهات هوتافەکانیان بەرزتر دەبووەوەو

شێخەکان پەنجەرەکانیان دادەخست

تا بەیانیانێك بەڕووی ئەم پەیکەرانەیاندا بکەنەوە کە دەتوانەوە.

# 7ی کانوونی یەکەم؛ دەرگە داخراوەکان

دەرگە داخراوەکان زۆرن
بۆچی دەرگە داخراوەکان زۆرن؟
هەندێکیان دەڵێن حەز دەکەن لەماڵەوە بمێننەوە.
بەڵام ماڵەکانیان وەك پێویست گەورە نین!
هەندێکیان دەڵێن کە زۆر کتێب دەخوێننەوە.
بەڵام فێرگەکان داخراون و کتێبەکانیش کەمن!
هەندێکیان دەڵێن کە سەرقاڵی چاودێریکردنی ئەستێرەکانن
بەڵام ڕوانگەکان تێکشکاون و تەرلاەکانیش نزمن!
هەندێکیان دەڵێن کە ئەوان نهێنگەرن
بەڵام هێشتە ناویان بە قەد دەرگەکانەوە هەڵواسراون!
باشە ...
بۆچی پەنجەرەکانیان توند داخستوون؟
بۆچی پێویستیان بە نان نییە؟
بۆچی دەنگیان نابیسین؟
بۆچی دووکەڵی مووبەقەکانیان نابینین؟
دەرگە داخراوەکان هیچ ناڵێن
بەڵام چەند پارچە کاغەزی بچووك لە ژێرەوەیانەوە فڕێ دران
چوون ژەهرپڕژێن
هەموو شتێکی ئیفلیج کردو
وایان کرد خەڵکەکە هەڵێن!

## 8ی کانوونی یەکەم: جلی هەڵواسراو

جلە سەربازییەکان کە بە قەد دیوارەکانەوە هەڵواسراون
بۆنێکی گوماناوییان لێوە بەر لووت دەکەوێت
چۆلەکەکان بە دەنووک تێیان بەردەبن
جورجەکانیش پاشماوە لە گیرفانەکانیان دادەنێن
ڕێبوارەکانیش قۆڵەکانیان ڕادەکێشن
بەڵام هێشتە
لەگەڵ ئەو هەراوهوریا و
لەگەڵ ئەو ئاگرو
لەگەڵ ئەو هوتافانەدا هەر بەقەد دیوارەکانەوەن
ماندوو بووین  ئەوەند بەردمان تێ گرتن
چونکە بە ئاسانی بەرنابنەوە
ئەو جلانەی شەو لە شوێنەکانی خۆیان دەجووڵێن
تا تۆزێك پشوو بدەن
ئەوەند ناخایەنێت ڕەنگیان لە خاکییەوە دەبێت بە قەرسیلی
بە سوور و زەرد و ڕەش
بەڵام شوێنی زۆر ئارەزوویان تێدا دەبێتەوە
ئەگەر گێژ لەبەریان بکات خەڵکێکی زۆری لەگەڵ گێژ دەبن
دزەکان لەبەریان بکەن زۆرتر دەبن
دەهۆڵژەنەکان لەبەریان بکەن هەراو هوریا شەقامەکان دەتەنێتەوە
ئەو جلانەی بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون
هەموو ڕۆژێك هەڵماندەواسن و
کارێك دەکەن خەڵك سەیرمان بکات.

# 9ی کانوونی یەکەم : ئاسمانێك فریشتەگەل دادەچۆڕێنێت

خۆزگە لەسەر شۆستە بەر دەبوومەوەو گوڵەکەم بزر دەکرد
خۆزگە بۆ یارەکەمم نەدەبرد
خۆزگە تۆفان نغرۆی دەکردم و ئەویشی بەسەر
دۆزەخی ئاوەکانەوە بزردەکرد.
لەسەر کورسییەکی بەجێ هێڵراوی ناو باخچەکە دانیشتووم
لەگەڵ خۆم دەدوێم
چوون ترسێکی پێکەوە بەستراو
لەسەر بنی پەیکەرەکە پەندی کۆن دەنووسمەوە
پێڵاوەکەم لە بەردەممدا دادەنێم و
قسەی لەگەڵ دەکەم.
ئاسمان چەند فریشتەی لێ چۆڕا
جەستەم چەند پشکۆی لێ چۆڕا
چەند بوون بە پەپوولەو باڵندەو شاری سووتاو
ئەو میوزیکەی لە پاش خۆمم بەجێ دەهێشت
زۆر خۆش بوو
بەڵام خۆڵەمیشی بیرە قووڵەکانی هەڵگرتبوو.
خۆزگە لەسەر شۆستەکە بەر دەبوومەوەو پەرداخەکەم دەشکا
ئەموستیلەیەکی ڕەش بەرەو خەیاڵپڵاوی ڕاکێشام
بە هەڵەداچووم و وام زانی کاغەزەکانم بە قەد پەتەکاندا هەڵدەواسم
بەهەڵەدا چووم و وام زانی تۆمارەکانی خۆم لەسەر شووشە دەنووسمەوە

بەهەڵەدا چووم و وام زانی بەسەر گوڵەبەڕۆژەدا باڵە فڕێمە

بەهەڵەدا چووم و وام زانی جانتاکانم پڕ لە ئەستێرەن

بەڵام پتر لەوەی پێویستە میوزیکم ژەند

نەدەبوو ئەوە بکەم

بەهەڵەدا چووم و وام زانی کە کونە شاراوەکانی ناوەوەم

چوون برین سارێژنابنەوە

بەڵام خێرا بزربوون

بۆیە بەم ئامێرە بچووکە ژیانی خۆمم کون دەکرد

بەهەڵەدا چووم کە دەشێت ئەو کارە بکات وەك چۆن لەگەڵ کاغەزدا دەیکات

ئێستەیش ...ناتوانم خۆم بژەنم

کەسیش ناتوانێت بمژەنێت

ئەم چارەنووسە تەم و مژاوییە چییە؟

خۆزگە لەسەر شۆستەکە بەردەبوومەوەو ژیانم لە دەست دەدا.

# 10ی کانوونی یەکەم: پەیکەرگەلی توورە

ئەو پەیکەرانەی دوێنێ برژاندمن
ئەم بەیانییە سکاڵای ئەوەیان کرد کە لەنزیك کوانووە کوژاوەکانی ئاگر
شەوبێداری زۆریان کردووە
لە سەرماندا دەلەرزین
ژان و ئازار چزەیان لە هەر چوار پەلیان هەڵدەستاند
لە تەقەکردن زەندەقیان چووبوو
کە لە شەقامەکان بەردەوام بوو
بەڵام بە پەڕۆو بە کاغەز دامپۆشین و
داوام لێ کردن هێور بن
پەیکەرەکانم وەك جاران نین
نرکەی قووڵیان هەر بەرزە تەنانەت لەو کاتەی کە نوێژیش دەکەن
زۆر وریایشن تەنانەت کە بە نووستوویش ڕێ دەکەن
سەرگەردان بە ناو ماڵدا دەسووڕێنەوەو
دەست لەناو دەست چەپڵە لێ دەدەن
هەندێکیان بە مستەکۆڵە لە سینگی خۆیان دەدەن
پرچی ئافرەتەکانیان لە غەمگینیدا لار دەبوونەوە
کە لە پەنجەرەکەوە سەیری ڕووداوەکانیان دەکرد
هەندێکیان چاوەڕوانی کوڕەکانیان بوون کە نەگەڕابوونەوە
هەندێکیان نانیان نەخوارد
هەندێکیان ئاویان نەخواردەوە

پێم گوتن ئەی پەیکەرەکان

لەبەر ئەو ڕەوشەی تێیدا دەژین مێش پڕ دەمان بووە

ئەی ئێوە چیتان بەسەر هاتووە؟

وەڵامیان نەدایەوە

بەڵام بۆ تەنوورەکانی خۆیان گەڕانەوە

لەوێ زۆرتر سووتان و

چی دی ژیانیان وەك جاران نەمایەوە.

# 11ی کانوونی یەکەم : شارەکانی تاریکی

هەور ئەی شارەکانی تاریکی
زۆر، یان کەم یاریمان پێ دەکەن
ڕۆژەکانیش سەر دەبڕن و
گوڵی جوان لە ڕوحماندایە
شین و ڕۆڕۆ بەسەر گۆرانییەکانماندا دادەڵۆپێنن و
یاری دەکەن و سەما دەکەن
ئەی شارەکانی تاریکی
لەگەڵ گۆشتماندا مەرگ دەشێلن و
دەبەخانەو شێتایەتیمان بۆ ئامادە دەکەن
موورووی ڕازێنراو بە پشکۆتەوە لەناو چاومدایە
مووروو بە فرمێسکمەوەیە
لە کاتێکدا لە سەرشۆڕیدا دەمرم و
ئەی مەروان دەتبینم
بە سۆز
چەندان ڕستە لە ژانی شاراوە دادەڕێژیت
لە ئەوینت ... چەندان کۆتر دروست دەکەیت
تا، بە برینداری بە ئاوڕەشەی ڕووناکی
بەسەر شارەکانی تاریکیدا بفڕن.

# 12ی کانوونی یەکەم : بۆچی دوورکەوتیتەوە؟

لە تەنیاییمدا، بیرم کەوتەوە
چۆن لە ئاو دەرمهێناو
شوشتم و لە قوڕو لیتەکەم پاك کردەوە
وەستایەك بووم لە وێنەی دڵم
پێم گوت: لە ئاوی ناخەوەم دەرمکردیت
لە ئاوی ئەم دەریایانەیش
شۆر بوویت من شیرینم کردیت
بۆچی ئەمڕۆ، بەم شێوە دوورکەوتیتەوەو
دەستت گەورە بوو
بەرەو لەناوچوونت بردم
لەسەر پەیکەرەکانم دامنایت...
بە گاڵتەیەکەوە کردتم بە وەستای خۆم
تۆڕەکەی خۆت دەرخست و ڕاوت کردم
چۆن ڕستەی قسە بچنم
لەناو ئەسپەکانمدا خۆم بشارمەوە؟
چۆن لە بادەو پشکۆکەم دووربکەومەوە
هەندێك لە خەونەکانی ئەم ئێوارەیە
هەندێك پێکهاتەی لە بزرگە دەچن
گۆرانییەکان بەدڵی من و ئەویش بوون
بەڵام لە دەممدا کردنی بە لم

**لە خۆلێکی سەیر**

**وەك بلێیت بادە بە دەمییەوەبێت، یان گوڵ بە دەمییەوە بێت و**

**دووکەڵ بە دەم منەوە بێت**

**بەقیبلەنمای خاکی ئەو وڵاتە خەریکی پشکنینم و**

**دەنۆڕم چۆن خەڵکەکە لەژێر پێی خەیاڵ پلاوی و**

**لەژێر هەڵەکانماندا تەرمەکانیان کەوتوون...**

**وێنەکانمان بە ڕووخۆشییەوە بەردەبنەوەو دەکەونە ژێر**

**پێیەکانی پەیکەرەکانی و**

**نزیك ئەو چەپکە گوڵە زڕانەی**

**پێش ئێمە کاهینەکان دایاننابوون**

**ئەگەرچی هێشتە فشەکلاونەکانم نەمردوون**

**بەڵام لە زمانەکەمدا لەناوچووم**

**گۆڕەکەم بە گیا دادەپۆشم و**

**لە بۆنی ڕاوکردنم تێدەپەڕم**

**بەڵام ڕووەو تۆڕەکە دەچم.**

# 13ی کانوونی یەکەم : گۆڕگەلی ڕووخۆش

تەنیا گۆڕەکان لەناو ئاوێنەکەدا بوون
تەنیا مارەکانیش کوڵیان لێ دەگرتن
خەڵك خۆڵەمیشی خۆیان لە بوخچە کردبوو
فڕێیان دابوونە ئەو چۆڵەوانییانە.
تەنیا تەختەدارێك جەستەیەکی هەڵگرتبوو
لە هەمووان بپرسە: تۆ بڵێیت فریشتەیەکی لەخاچ دراو بێت
تۆ بڵێیت ئیبلیسێك بێت
ئەو کێیە؟
بەدرێژایی ڕۆژگارە سووتاوەکانمان لە کوانووەکانی جەنگەکاندا
جیهان چ نەبوو تەنیا کۆمەڵێك ئێسك و پرووسك نەبێت
پێیاندا هەڵدەزنایین و پێیاندا دادەبەزین
گوڵی ڕەش بەسەر شانمانەوە دەردەکەوت
سەیرانە دڕەکانی ڕاوچییەکانمان
قۆرتاییەکی ناو تاریکایی بوون
ئەو ئەستوونەیش بە ئاسمانەوەی دەبەستینەوە درزی تێ دەکەوت و
بە هۆیەوە کاهینەکانی پەشیمانی دەچوونە پێش و
بەیداخەکانی ئێمەیان بە دەستەوە بوو لوولیان دەدان و
بە نۆرە پاسەوانیی گۆڕەکانیان دەکرد
ئەسپەکان ڕەش ڕەش تێدەپەڕین و کوژراوەکانیان هەڵگرتبوو
باخچەکانی خوێنیش خوێنیان لێ دەچۆڕا

**کاتێك نووکی پرسیارەکانیان هەڵگرتبووین**

**لەخاچ دراوێك بەسەر تەختەدارێکە هەنسك دەدات**

**وەك بڵێیت وەڵامێکی لەڕێ لادەر لامان دابەزیبێت**

**وەك بڵێیت ڕوحێك بە تۆڕەکەمانەوە بووبێت**

**بەوێدا تێپەڕیبێت و**

**لەسەر تەختەدارەکەی دانابێت**

**وەك بڵێیت سروەیەك جوانی لێرە قیت ڕاوەستابێت**

**بۆ ئەوەی بۆ ڕیسواییەکەمان**

**لەم گۆڕە ڕووخۆشانەدا ببێت بە شایەت.**

# 14ی کانوونی یەکەم : چۆن ڕووبارەکانمان نەمان

چۆن بەم شێوەیە زستانمان
بەڕووخۆشی چوون مەیموونێکی لە قەفەز ڕاکردوو بڵاوبووەوە؟
چۆن ڕووبارەکانمان لەناوچوون؟
بۆچی خەڵکی لە چواردەوری ئەم کلۆم دراوە نەزانراوە گردبوەونەتەوە؟
مەقاڵەکانمان درزیان برد و
تەوێڵمان پیس بوون
خەنجەر وەشاندنە ڕەنگ بزراوەکەی شکستییەکانمان گەیشتە کۆت و زنجیرەکان
لای دوایەمین گۆڕماندا ڕاوەستاین
دەبێت ئەم دواهەناسەیەمان چی بێت
هێشتە پێمان بزرگە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت
کۆترێکی تۆقیو بەسەر سەرمانەوە ڕادەوەستێت
دوو فریشتەی مردوویش لەسەر شانمان ڕاوەستاون
وەك چۆن وەك مێژووی ئێمە چەندان لاپەڕەی هەبوو
کەچی ئەمڕۆ ئەو دارستانە هەوراویانە
بە هێوری لاپەڕەکانمان هەڵدەدەنەوەو
لەگەڵمان دێن بۆ مەیخانەکان و مەست دەبن
پۆستیان پێ ناگات و
ماڵەکانیش دەریان دەکەن
ئەوەتان چەندان ساڵە نەنووستوون
پێم لە چەندان زمان هەڵنووت

دەبوو لەو گۆماوە گەنیوانە هەڵستمەوە
ڕۆژ لە خەون بەتاڵە
ڕۆژی بە وردەکاری قێزەون داخراو
ڕۆژی وردوخاش بووی ژێر پێمان و
ژێر ئارەزووە ئاوابووەکانمان.

# 15ی کانوونی یەکەم: شانگەلی لەناوچوو

سەبەتەی زۆر
برژانگەکانی ئەسپەکان بەرەو ئالۆشی سووری لەناوچوون پاڵیان دەدەن
چێژی مس کە بەردەوام لەناو ژوورەکەماندا دەورووژێت
فرۆشیارەکان لە بیابانەکانماندا هاوار دەکەن
چاوم لەناو لینزی ڕۆژ دانا هیچم نەبینی تەنیا ڕانەکان نەبێت
لە لینزەکانی شەومدا دانان
هیچم نەبینی تەنیا شەونم نەبێت بە خۆڵەمێش سوابووەوە
خەڵك سەرشۆڕن
مەرگیان بە سەوزو زەردو شین بۆ وێنە دەکێشن
چوون بەهەشتێکی هەڵاتوو (کەڵەکێوییەکان لە لێواری کانییەکە ئاو ناخۆنەوە).
ئیکسیری نەمری بەسەر دروشمەکانەوە نمایش دەکەن
گوناهەکانیان دەسڕنەوەو
کلیلەکانی ئەو دنیایان پێ دەفرۆشن
شانگەلی بە خۆڵ شۆراوو
ددانگەل بەم ژێرزەمینە تەمومژاوییانەدا هەڵدەزنێن
چەندان دەنگ لە ناومدا بڵند دەبنەوە
چەندان چاوەزار دوژمنەکانمان لەناو دەبەن
چاوەزار بۆ چاو کوێرکردن
چاوەزار بۆ نەمان
چاوەزار بۆ ڕۆژگاری شێدار و

مندالّیەتی لەبیرکراوی ژێرزەمینەکان.

چەندان شان وەك بەرد لە چیاوە بەردەبنەوە
چەندان شان ڕۆژگار لەت و پەتی کردوون
چی دی ناتوانرێت ئەستێرەو میدالیان بە قەددا هەڵواسرێت
شانگەلێکی لەناوچوون.

# 16ی کانوونی یەکەم : ڕێوی بیابان

پیاوچاکێکی ترسنۆک بوو
واتاکان شکاندیان
گۆرانییەکانیشی شێوەکانیان ڕسواکرد
بە باڵاپۆشەکەی بەناو وڵاتێکدا دەهات و دەچوو چاوچنۆکەکان بە قردێلەی ڕەش نەخشەی دەکێشن
وڵاتێکیش سەرگەردانی بیابانەکەی دەبێت
بەڵام ڕۆژم غەمگینە
پریاسکەکانم هیچیان تێدا نەماوە
تاریکاییان بەسەردا داباراندم
لە خاڵی ڕوحیان دا... لە لینزەکەیان دا
دووبارە خەڵك بەسەر لمێکی درێژی مردندا ڕاکشان
کۆرسێك بە پەککەوتوویی دەبزوێت
ئەفسانەم بۆ خودی خۆم نووسی
باڵندەگەل لەپلێتگەلی زێڕین
خۆم ناو نا مەسیحی نوێ و
لە بیرەکە هاتمە دەرەوە
شێرێك لە فورات پیرۆزی کردم
هەموو ئەم ئەستێرانەم لە ڕۆژنامەکانم هێنایە دەرەوە
هەڵەی خۆشەویستیم بۆ مەرگ لوول دا
گوتم ژیانتان خۆش بوێت

دڵ و جوانیی خۆتان خۆش بوێت
بەیداخی خۆم لەنێوان کۆمەڵێك شاعیرانی گۆرانیبێژدا بڵند کردەوە
لەنێوان گرووپێکی پیرۆزو
ڕۆژانێکی بارانێکی لە ئاگرو لە ئاو
بەردی خۆمم لەسەر خاچێك هەڵدا چوار ڕێوی هەڵگرتبوو
ڕێوییەکی ئەمەریکی پۆستێکی ئاگری بە دەمەوە بوو وڵاتی وێران کرد
ڕێوییەکی ئەڵمانی باخچەکانی ئیبلیسی لە بیابانی میسر چاند
ڕێوییەکی مەکسیکی تۆپی ڕۆژگار دەهێنێت و دەبات و تۆز چەپڵەی بۆ لێ دەدات
ڕێوییەکیش لە بەغدا خۆی لە بۆسە ناوە
خاچەکەم شکاندو
نەفرەتم لە ڕێوییەکان کرد لە بزرگەو لە مێشکماندا هەڕا دەکەن
چوومە ژوورەوەو ئەستوونی گۆرانییەکانم بڵند کردەوە
بە جوانی کتێبێکم بڵند کردەوە
زەویم لە ئاستی ئاسمان دانا
ئێوارە خەیاڵپڵاوییەکە کاهینەکان دایانهێناوە
لەسەرەوەمان، لە ژێرەوەمان، لای ڕاست، لای چەپ
سەربازێك بە قامچییەکەی پێیدا کێشام و
ئاوڕم نەدایەوە
پێم گوت: تۆ دوژمنی من نیت.
چۆن ڕق لە دیوارەکانی ناوەوەمان بشۆم؟
چۆن سەرگەردان بم؟
جارێکیان خەونم بینی،
کە دەستێك جامێکی بۆ درێژکردم و
من لە جامەکەم خواردەوە تا تەڕبووم

بوخچەی ترس هیچ نەبوو تەنیا ڕووەکێك لە پەراسوو نەبێت
لێم بەربووەوە کاتێك ڕێگەکەم دەبڕی
ئەمانە گۆڕە نوێیەکانمانن
گۆڕە کۆنەکانمان جێی پەسەند نین
کەمترو تەسکترن
مردووەکانیان لەسەرخۆ بەرەو بەهەشت، یان دۆزەخ دەڕۆن
گۆڕ داهێنانێکی درێژە
بۆ شاردنەوەی پرسیارەکان
داهێنانی گوڵێکە لەسەر ڕەفە نائاخڤێت
بیرم کەوتەوە ئەمریکا چوون سۆزانییەکە گوێ بەهیچ نادات و
سەربازەکانی لە یاری (ئەتاری) کوژراون
بیرم کەوتەوە کە ڕێوییەکانی مردوون
گالیسکەکان لە ڕێیان لاداون
لێرە بیابانەکان هێماگەلیان بەجێ هێشت
لەناو لمدا گیرۆدە بوون
گەردەلوول، هەورە برووسکە، ڕێوی
بەناو تونێلەکاندا تێپەڕین و
لە کۆتاییە کلیل دراوەکانی مێژووەوە هاتنە دەرەوە
ئێوارەم غەمگین بوو
پارچە شکاوەکانی گۆزەکانی دەستم گلێر دەکردەوەو
دەمگوت بەم شێوەن لە وڵاتەکەم
لەناو ئاوێنەکاندا سەیری بێ دەنگیم کردن
لەسەر ڕووی ئاو سەیری وێنەکانم کردن
خوێن لە کتێبەکانمەوە چۆڕەی بەستبوو.

# 17ی کانوونی یەکەم : بوو بە ڕاوچی...!

لەناکاو بوو بە ڕاوچی
چی نێچیرێکی بەدڵ بووایە ڕاوی دەکردو
چووە ناو هێلانەی پاسارییەکانەوەو
بەهاری کۆترەکانی پێشێل کرد
بەڵام کاتێك شێرێکی بینی تفەنگەکەی لێ کەوتووە
دەرۆزەکەرو بەردەستەکانی ڕاوکرد
ئەوانەی ڕاوکرد لە مزگەوت و کڵێسەکانەوە دەهاتنە دەرەوە
ئەوانەی ڕاوکرد دەچوون بۆ فێرگەکان
بەڵام کاتێك تانکێکی ئەمریکی بینی تفەنگەکەی لەژێر جلەکانیدا شاردەوە
لوولەی تفەنگەکەی لە ئافرەتێك کرد خاچێکی پێ بوو
لە ئافرەتێك کرد کتێبێکی پێ بوو
لە ئافرەتێك کرد بە پرچی درێژی تا لای سمتی بوو
کاتێك فرمێسکی ئافرتێکی بینی بۆ کوڕەکانی دەگریا
چاوی دەرهێناو
کوڕەکەی دیکەیشی کوشت
بەڵام کاتێك ئافرەتە سەربازێکی ئەمریکی بینی خۆی لەناو حەشامەتەکەدا بزرکرد
لەناکاو بوو بە ڕاوچی
درزێکی لە ڕۆژگار کردەوەو بە مقاشەکەی ژیانی هەڵدەگرتەوەو
لەناو کیسەیەکی ڕەشی دادەنا
پێی لە منارەکان هەڵنووتا

**ئاگری ڕابوردوو هەڵیکردو دەیسووتاند**

**ئاگری شێتی بەناو درزەکانی مێشکدا دەکشێت (ئارزووگەل لە شێوەی پیرۆزی دەکوڵێن)**

**ئاگری گوناهەکان (ژیی کەمانجەکان ڕۆژ لە ڕۆژ جودا دەکەنەوە)**

**ڕووباری ژوورەکەمان هەڵناچێت**

**گوڵ کەوتە خوارەوەو لە تاریکیدا گڕی گرت**

**بەڵام مەشقی دەکرد ڕۆژەکانی ڕاوبکات**

**تەمەنیشی، چوون پەیکەری مەشق پێ کردن، بە نیزە لێدان کون کون دەبوو**

**تفەنگەکەیشی بە دەستییەوە دەتوایەوە.**

# 18ی کانوونی یەکەم : دەم و چاوی ڕێوییەکان

تەنیا بەم سیمانەدا هەڵدەگژێم
تەنیا ئەم کۆتانە لە مەچەك دەکەم
دەرگەیەك بۆ ژیانم نادۆزمەوە لە ناوەڕاستیدا داینێم
تەرمەکانی باڵندەکانی تێدا کەڵەکە بوون
پارچە پەڕۆی ڕەش بە دیوارەکانییەوە بڵند بوونەوەو
ڕووبارەکانی تێکەڵ بوون
خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی ڕۆژەکانم بووم
جەژنێك بۆ قەلەڕەشکەکانم
بەڵام ئەمڕۆ شتێك دەبینم فێنکی دەبەخشێت
کە لێی لادەم
لە پێشەوە، ئەو کەروێشکانە دادەنێم کە لە ناوەوەمدا بوون و
وایان لێ دەکەم بۆ خەڵکی پێ بکەنن
ڕووپێوێکی باش لەناو باخچەکەم بۆ شەڕە کەڵەشێر تەرخان دەکەم
کارێك دەکەم میوانەکانم بۆ پەرداخەکان نۆرە بگرن
ئەوەند لە ڕێوییەکان نزیك نابمەوە
هیچیان بۆ فڕێ نادەم تەنیا ترێیەکی کەم نەبێت
لەبری فڕین لەگەڵ باڵندەکانم
بە باشم زانی لەسەر چۆك سکەخشکێ بکەم تا دەگەمە کانییەکە
لەبری پشکۆ
خەڵووزێکم هەڵبژارد بە کەلاوەکەمدا بڵاودەبێتەوە

**لەبری جوانی**

**ئاوێنەیەکم هەڵبژارد زۆر لە ئێوارە ناچێت**

**لێت دەپاڕێمەوە**

**ئەم تەشییە بگرەو بمڕێسە**

**چونکە باش نازانم بو لێوارەکان دوور بکەومەوە**

**لەبەر ئەوەیش لە ترسیاندا**

**دەم و چاوی خەڵکم لەسەر دەم و چاوی خۆم داناوە.**

# 19ی کانوونی یەکەم : تەونی بەردین

تەونە تاریکەکان، کۆتاییان بە ڕستنی ئەم ئاسقیانەو
هەڵواسینی کارەکانمان بە قەدیانەوە، نەهێناوە
هەرێمەکانی هەڵدێر
نەگەیشتوونەتە ترپەی پێمان لە کەنارەکانیان
ئەی کیسەڵە گەورەکان بە سستی بە گەنجینەکانمدا پێشڕەوی دەکەن
گوڵەکانم بینی لە وشەکانمدا ژەنگ دەگرن
لێرە لاقمان چەوتانەوە
لێرە لە نیشتمانی خۆماندا لمان هەڵکەند
ئاگرکەوتنەوەکانی ئاسمانم بینی دەیبڕین
ئەو وڵاتەی چێژم نەکردبوو
خستمیانە دەرەوەی قیبلەنمای خۆیان
ڕدێنە بەردینەکان و
مەزارگە سیسەکانی ڕۆژنامەکانمان و
ڕۆژگاری تاڵ و بچووکە وەڕیوەکانی
هەر هەموویان بەرەو ڕووم بوونەوەو
بەردەکەیان کەوڵ کردم
وشە داناییەکانی مانگ و
پاشماوەی تۆفانەکان بە دەستمەوەن
ئێسکە گریاوەکان
ناڵی بریسکەداری هەڵەکانم
هەر هەموویان بەرەو دەرەوەی ڕۆژگارم هەڵیاندام

کوڕە جوانە باریکەکە لە ئاسۆکانمدا وەرزشی کرد
لێرە لە خێوەتەکەی خۆم مامەوەو زیانەکانی خۆم ژمارد
هەر لێرە ڕووبار لە دوای ڕووبار باریم و
زەویم تەڕ نەکرد.

# 20ی کانوونی یەکەم: بەرەبەیانی پاسارییەکان لە درۆتتن

*بۆ سەعد عەزیز دەحام*

ئەی سەماکەرە جوانەکە ڕێم بدە
چونکە ئەم گۆرانیانەت پێویستیان بە پتر لە قاچ و زارێك هەیە
منیش هیچ قاچێك لە ناخمدا نییە تا سەما بکات
نە لاق و نە دەهۆڵ .. نە زار
پەرداخەکان لە ناخمدا تێکشکاون
ڕێگەکەم بزربووە
ڕستەی برووسکەکان لێیاندام و
بەردەکەی وردوخاش کردم
دووکەڵ بەسەر سەرمەوە بڵندبووەوە.
سەما جوانەکەت وێنەی باڵندە لە چاومدا ڕیسوا دەکات و
سرووتی پەرستگەکانم ڕیسوا دەکات
بەڵام خواوەندەکانی خۆم بینی لەسەر شۆستەکان کوژراون
بینیم چاویان نوقاندووە
مەیخانەکانم بینی داخراون
بینیم پیردەبوون.
سەرم لە هەڵدێریك سوڕما بەرەو ئەم شوێنەی لە پێش خۆی دام
سەرم لە شیکردنەوەکەی سوڕما کە بوو بە فرمێسك و
چۆن پێم قلێشا
ئایە ئەم گۆرانییانە پەژارەو کۆتیان لەخۆگرتووە؟

ئایە پۆستی سەیری دۆزەخە ئاگری بۆ ڕەوانە کردووین؟
بۆچی من لێرەم؟
بۆچی تۆ لێرەیت؟
کاتێك مۆمان داگیرساند
تۆ باشووری غەمگینت دەچڕی
دەنگت گڕی گرتبوو هەرکە بەرەبەیان نزیك دەبووەوە
وەك بڵێیت گیانلەبەری بوومەلەرزەکانمان هێور دەبێتەوە، یان بە بادە مەشقی دەکرد
وەك بڵێیت ڕۆژنامەکانی هەردوو دەست بریندارین و
کوختە دارینەکانمان
لە دۆرنتن بەرەبەیان دەنگی پاسارییەکانیان دەگوتەوە
ئەو هەموو جریوە جریوانەیان لەیادە
کە سەرەتای شەوی دەگێڕاینەوە
لەیادیانە چۆن بە شەونمی بەرەبەیان مەست بووین و
چۆن گۆرانییەکانمان لەسەر سینییەکی گۆزەیین سووڕاندەوەو
بردمانە دەرەوە
ئەوانەمان هان دەدا کە نووستن، یان دەنووستن
بەڵام ئێمە، کە شەوان دڵیان تەڕ دەکردین،
لە کۆتایی بەرەبەیان کیسەیەك فرمێسکمان
لەناو باخچە لە دووی خۆمان ڕادەکێشا
نەماندەزانی بۆ کوێ بچین
ئایە بیڕێژینە ناو ڕووبارەوە؟
ئایە بینێژین؟
ئایە بە کۆڵەوەی بگرین؟ یان لەناو بوتڵە بەتاڵەکانی خواردنەوەدا بیشارینەوە
چۆن غەمەکانت پینە کردم؟

چۆن ئازارەکانت لوول کرد ؟

ئایە جۆرە شێت بوونێکی پشکۆیانە بوو؟

ئایە تەختەدارەکەت بە دەستەوە بوو لە (نالێن) و

جۆری (شەتراوی)

یان شینێکی قلیشاوی (خزەیر) هەلدەهاتیت؟

وەك بلێیت ڕەبابە

یان کۆنەشمشالێك بوویت

شوانەکان لەناو گۆرانییەکاندا لەیادیان چووە

وەك بلێیت سەما جوانەکەت مالئاوایی بێت

لە ولاتیك پتر لە پێویست قلیشابێت

وەك بلێیت ڕۆژگار بە گولەکەیەوە ڕاوەستابێت و

بەرەو لای ئەم بۆسانەی ڕاکێشابین

وەك بلێیت دەنگی پاسارییەکان وڕینەی کۆتایی بێت لە خوێنماندا

وەك بلێیت دەگریاین

چوون بارانێك خۆش نەکات

یان چوون گۆرانیبێژەکانی ئەوسا

بێ هیواو

بێ پاڕانەوە شێن و شەپۆڕ بگێڕین .

# 21ی کانوونی یەکەم: خەونێك شی دەکەمەوە

تۆ بڵێییت خەونێك شی بکەمەوە
ئەو گیسکە لە بەستگەکانی شێتایەتییەوە دێتە خوارەوە
چاودێری هەنگاوەکانی دەکەم ...
لە ڕێگەیەکی فێڵبازەوە دێت
تا گەردی سەردەمەکانمان بۆ بهێنێت
ئەو پێپلکە بەردینەی لە ئاسمانێکی تووڕەوە دێتە خوارەوە
گومان چی شاردووەتەوە؟
بە دوو شاخی بریسکەدارەوە دابەزی و باعاندی و
سووڕایەوەو ڕایکرد پاشان لە درزەکانی شاردا بزربوو
گەردانەکە لە ئەژمەتی ژان و ناڵە زەردە
لە ئەتمۆسفیری ئاسمان و گوڵەکەی نیشتەجێ بووم و
تا گەیشتنە ترس
بێ گەردانەو بێ زار
بۆ ناو دڵڕەقی ڕۆژگار دادەبەزم
نهێنیی ئەم هەموو حەشاماتە ئادەمیزادە ڕاکشاوانەی
کەنارەکانی وشەکان و دڵڕەقیی وشەکان چییە؟
وەك بڵێیت قامکەکانم لە شتە نائاساییەکان
یان لە کاهینەکان بپارێنەوە
لێرەدا دەستم بەجێ هێشت
لێرەدا پێم لەبیرکرد

لێرەدا جەرگم بە کاغەز پێچایەوەو لەسەر ئاوم دانا

لێرەدا کتێبەکانم داخست

چەندان پاچ هەن بۆ ئەوەی لەناو ببەن

چەندان دڵ هەن تا دڵڕەقیمان بەرانبەر بکەن

چەندان کەس هەن لەناوەڕاستی ڕێگە ڕاوەستان

چەندان کەس هەن ژیانیان ڕیسوا کردم

چەندان گورگ

چەندان گورگ

چەندان ئەڵمازی دیکە لە (کان)ی ڕوحدا هەن

بەڵام کەس هیچی لێ دەرناهێنێت

تۆ بڵێیت خەونێك شی بکەمەوە

لەوێ بەلەمەکەم شوێن بزر بوو

لەوێ چەند مۆمێك بەسەر ئاو کەوتن

لەوێ کوڕەکانی خۆم بینی هاواریان دەکرد

لەوێ یەك یەك بۆیان گریام و

ئاوم تێکەڵ بوو

قورسی کردم و

لەگەڵ باراندا لە شێوەی گوڵێکی سیس دابەزیم

بەسەر شەپۆلەوە تۆزێك پشووم دا

پاشان لەگەڵ لافاودا ڕامالڕام.

## 22ی کانوونی یەکەم : نامەخوات لێ بێت

مەروان نامەخوات لێ بێت
نامە محەمەدو نامە عەلیت لێ بێت
خواوەند بە تۆ ڕێگەکەی کۆتایی پێ هێنام
بە ترپەی دڵت دڵی ڕۆژەکانم لێی دا
بە سڵاوت گەردەلوولەکەم هێور بووەوە
بە چاوەکانت مرواریییەکانم بریسکانەوە
هەتاوت لە ڕوحمدایە.
کاتێك لە چاو ون بوویت
ڕەگ و ڕیشەم هەژا
ئەی کۆتایی پشکۆ بەسەرسینگمەوە
نامەخواو
نامە ڕەحمانت لێ بێت

***

وەك بڵێیت، لەبەر زۆری ئەوین، ئاسك بیت
وەك بڵێیت بەرەبەیانی نوێژ بیت
وەك بڵێیت ئاوی سازگار بیت
وەك بڵێیت ترپەی دڵی ئاسمان بیت
وەك بڵێیت ئەفسوونگەریی گۆرانی بیت
وەك بڵێیت بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بیت.

***

بۆنەکەت ناو ماڵی تەنیوەتەوە

**ئیبلیسەکانی پێ دەردەکەین و**

**ڕووەکەکانی پێ ئاودەدەین و**

**باڵای هەرەس هێناوی خۆمانی پێ ڕووناك دەکەینەوە.**

# 23ی کانوونی یەکەم : ئاسۆیەکی نوێ

بەردەوام ئاسۆیەکی نوێ هەیە
تەنانەت کاتێك چاوت دەنووقێنیت
ئەوە لەوێ لەژێر هەردوو پێتە
جلە پیس و کونەو
جانتاکەت بە قەد بزماری ئەم کۆنە دیوارەوە هەڵواسە
هەرچیت پێیە دایکەنە
ڕووت بەو
بچۆرە پێشەوەو
مەترسە
سەرەتا دژوار دەبێت
بەڵام ئەو شتە دەبینیت کە یارمەتیت دەدات پێش بکەویت
سەرەتا گەڵای دارەکان داتدەپۆشن و
کێڵگەکانیش بۆنی خۆیانت پێشکەش دەکەن و
پابووجی لە برووسکەو
جەوەنەیەك ئاوت دەبێت
شارێك دەبینیتەوە ئافرەتێکی لێیە
سەرت دەخەیتە سەر هەر بازووی و
لەسەرخۆ قوڕو لیتەکانی گەشتەکەت دەشوات.
بەردەوام ئاسۆیەکی نوێ هەیە
تاك و تەنیا نابیت

داناییەکی نوێت تێدا بێدار دەبێتەوە
شەونم بەقەد هەردوو لاقتدا بڵاودەبێتەوە
خەوبردنەوەیەکی نوێ و
بادەی نوێ دەبێت
بەردەوام مانگێکی نوێ هەیە ڕێگەی گەشتەکەت ڕووناك دەکاتەوە.
ئاوێکی نوێ دەبێت جەستەت تەڕ دەکات
ڕووبارەکانی دیکە هاوشێوەی ڕووبارەکانت نین
بەردەوام پاپۆڕیان تێدان گۆرانی دەچڕن و
ماسیی ڕووناکیان تێدان
سەماو
گژوگیاو
ئەستێرەیان لێیە.
بەردەوام شتێك هەیە جوانترت دەکات
پەیکەرەکەت لە باران دەبێت، نەك لە بەرد
لە وشە دەبێت، نەك لە دووپشك
بەردەوام شتێك هەیە وات لێ دەکات بگۆڕێیت
بەڵام ئەوەی پێویستە بیکەیت
ئەوەیە هەردوو دەستت لە گیرفانت دەربهێنیت و
دەست پی بکەیت.

## 24ی کانوونی یەکەم : پەنجەرەکەم

پەنجەرە بەرینەکەی ژیانم
لە جاران ناچێت
چونکە چەندان دز سەریان لێوە بۆ هێناومەتە ژوورەوەو
چەندان گوللەی بەرکەوتوون
پتر لە جارێك شووشەکانی بەربوونەتەوەو شکاون
ئەو کۆترەی هێلانەکەی لای من دروست دەکردو
سەیری ناو چاوی دەکردم، بەوەی لە ژیانێکی دیکەدا
خوشکم، یان کچمە، فڕی.
پەنجەرەکەم لەبەردەم مانگدا دانا
هیچم دەست نەکەوت شیعرێکی زۆر نەبێت
کاتێك لەبەردەم بازاڕمدا دانا
مێروو و ئاژەڵم بۆ هاتنە ژوورەوە
کاتێك لەبەردەم مێژووی وڵاتەکەمدا دامنا
بە درێژایی هەموو تەمەنم نەنووستم.
بەم شێوەیە پەنجەرەکەم بە کۆڵی خۆمدا داو لە وڵات دەرچووم
لە جانتاکەمدا دانا
هیچ وڵاتێکی دیکە داڵدەی نەدام
خستمە گیرفانمەوە
هەنگاوەکانم لای فرمێسکەکانم ڕاوەستان
کاتێك لە تاراوگەکەم دانا

هیچم نەبینی تەنیا دەزووی درێژی ژان و ئازار نەبێت
کاتێك لای دوایەمین گۆرانیم دانا
نەمدەبیست و
فرمێسك لە چوارچێوەکەیەوە دادەباری.

# 25ی کانوونی یەکەم : منداڵا دروستکەر (*)

کاتێك بە درەختی ژیانمدا هەڵزنام
کە تەمەنی نیو سەدەی تێپەڕاندووە
چەند لقێکیم بینی وشك بوونەتەوەو
چەند لقێکیش هێشتە سەوز بوون
فریشتەو ئیبلیسگەلم بینی نووستوون و بێدارن
پەپوولەو پاساری و ماسیگەلم بینی
ئەستێرەو نەخشەگەلی بیرکراوم بینی
وێنەو شیعرو ڕووبارو کەشتیگەلم بینی

کاتێك لە سەرووی درەختەکەوە سەیرم کرد
چەند بەروبوومێکم لەسەر زەوی بینی و
هەندێکی دیکەیش خەریك بوون بەر دەبوونەوە
کاتێك بڕیارم دا دابەزم نەمتوانی
چەند باڵێکم بۆ خۆم دروست کرد
کاتێك فڕیم سەیری درەختەکەمم کرد
چوون ئەستوونێك خوێ دەتوایەوەو
دەبوو بە گۆمێك فرمێسك.

---

(*) ناوونیشانی کتێبێکە سەرگوزەشتەی خۆی تێدا دەگێڕێتەوە، ساڵی 2006 نووسیویەتی.

# 26ی کانوونی یەکەم : ساڵ ئۆغر دەکات

هەردوو دەستم قورس بوون
کاتێك دەستم بۆ نزاکانم برد
خۆزگە ئێوارە بووایە
تا تاریکی خۆمم شاردبایەتەوەو
لە هەنسك و شکستییەکانمدا سەرگەردان بووبام
با ئەم ساڵەم لێوە نزیك بێت
کە خەریکە ئۆغر دەکات
تا پڕ بە هێزو توانا لە ئامێزی بگرم و
تێر بۆنی بکەم
تا بۆنەکەی لەبیر نەکەم
کە لە هیچ بۆنێکی دی ناچێت
کاتێك دەگەمە لای دڵی و ڕووتی دەکەمەوە
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
دەگەمە واتا شاراوەکەی
وا سەرکۆتکەرەکەی
کە چوارگۆشەکانی یەك لە دوای یەك کردمەوەو
لەسەر خوانەکەی دانان
دەگەمە ناوەرۆکە تیژەکەی
دەگەمە گیانلەبەرەکانی ناوخۆی
دوای پڕیشکەکانی دەکەوم کە لەژێر ئاودان

ئەم ساڵە یەکێکی ڕەش دروستی دەکات
کە لەناو پێستمدا توێکڵی گیراوەتەوەو
لەناو ئێسکەکانمدا لەشەقی باڵی داوە.
کاتێك خۆشییەکانم لەژێر زستانی ڕووبارەکاندا بەجێ هێشت
کاتێك زیانەکانم بە بێن درێژی دروست کرد
دەرکم کرد کە (لا)کانم ناگەڕێنەوەو
برینەکانم تەواو نەبوونە
هاوارم بەسەر ڕۆژەکانی دادێمدا کرد:
لەم کونەدا چیتان دەست دەکەوێت؟
چ درەختێك لێرە دەڕوێت؟
شەمەندەفەری وڵات هەموو ڕۆژێك دەتەقییەوە
منیش، بێ هوودە لە وێستگەکان چاوەڕێم دەکرد
چاوم چی دی وەك جاران دارستانێکی زەیتوون نەبوو
بەڵکو بوو بە شەوێکی خەڵتانی خوێن
دەبێت ئەم خەیاڵپلاوییانە ڕاوەستن
دەبێت لە گۆرانی چڕین و
لە قسەکانمدا ڕزگاربوونێك هەبێت
دەبێت گوڵێك لەناو لەپم بڕوێت
مادامەکێ هەمووان ڕژدی لێ دەکەن.

# 27ی کانوونی یەکەم: فریشتەکانی مەروان

## فریشتەکانی ئەو کە گوڵاو دروست دەکەن

ئەو ئاسمانەی بە گوڵاوەکانی گەشایەوە
وشە کۆنەکانی (ئینجیل)ی دووبارە کردەوە: بەردێك بەسەر بەردێکەوە نامێنێت کە دانەڕووخێت
بەردەکە بوو بە ڕووناکی و
جەنگەکانی مرۆڤ پەکیان کەوت و
مەروان هەستا گوڵەکانی بە هەردوو دەستی گوشین
فریشتەکان پێیان گوت: ئایە گوڵاو دەگوشیت؟
لەگەڵ باڵەکاندا ئاخفی
ئەی فڕە فڕ سڵاوت لێ دەکەم
کە ڕووبارەکان کۆدەکەیتەوەو بۆنەکانیان
بۆ جەستەمان دەگێڕێتەوە
ئەو فریشتانەی گوڵاویان بۆ دروست کردیت
بە دورینەوەی برینەکانیانەوە سەرقاڵ نەبوون
ڕۆژگار لەبیریەتی بەلایدا تێپەڕیویت.

## فریشتەگەلی میوزیك

پەیکەرەکانی ئەو فریشتانەی کە کنارو شمشاڵ و دەفیان پێ بوو چی دی بە کڵێسە کۆنەکاندا ناسووڕێنەوە

چاودێری ئەو شوێنەیان دەکرد کە تۆی لێ بوویت
پەنایان بۆ ژێ و ئاوازە غەمگینەکان دەبرد
ئەوانەی خواوەند بە دارمێوو
ئەستوونەکانی کەشتییەکانەوەی هەڵواسیبوون
لەکاتێکدا تۆ فرمێسکەکانت
بەسەر تەنافەکانەوە هەڵخستبوو...
میوزیك قەدی درەختەکانی هەڵکۆڵی
منیش بە بەردەکەم ناوی تۆم بەقەد دیوارەکانەوە هەڵکۆڵی
کەچی لەگەڵ دەنگی شمشاڵەکەتدا زوەی نەوی بانگی زەوی کرد
شڵپ و هوڕی دەریایش لەئایەتەکانی بەرەبەیانی دەدا.

## *ئەو فریشتانەی باڵەکانیان دەدورییەوە*

ئۆتۆمۆبیلە زێڕینەکەی مەروان
ئەوەی بەسەر شان هەڵمگرت و
لەبەر پێتدا دامنا
دەگریا ئەو ڕۆژەی بزربوویت
فریشتەکان سەرقاڵ بوون باڵەکانیان دەدورییەوە
تا بە ئۆتۆمۆبیلەکەتەوە هەڵیانبواسیت و
باڵ بگریتەوەو
بە ئاسماندا بسوورێیتەوەو
بەقامکەکانت فرمێسکەکانی بسڕیتەوە.

## فریشتەکانی کانییەکان

ئەو فریشتانەی مەلەیان دەدا
بەرانبەر بەو خاڵە گەنم ڕەنگەی قەد سینگی دۆش دامان
کە لە نانێکی خڕ دەچێت
کە لە سەرین دەچێت
فریشتەکان بە ڕوون و (غار)ی خۆیان چەوریان کردو سڕییان و
ئاوی کانییەکانیان بە قەد بەژنیاندا کردو
جەستەیان وشك کردەوەو
جلی ڕووناکییان لەبەرکرد.

## فریشتەکانی ڕێگە

لەسەرەوە یارمەتیت بۆ دێت و
ئەوەی دەتپارێزێت نانوێت
نە مانگ بیرت لێ دەبڕێت و
نە هەتاویش لەبیرت دەکات
تۆ لە باران دەچیت بەسەر سەردا دەباریت و جل و کێڵگەکانم تەڕ دەکەیت
ڕانە بزن پرچتەو هەناسەدانت بایەکی بەپیتەو گوڵاو دەپرژێنێت
بۆنی خۆشەویستیت بۆ دەنێرم، بوخچەی تاڵی، یان مرواری خۆشنوودیت،
یان خۆشییەکانی ئاسمانەکان برژاندیانیت، تۆ پاسەوانی من و پاسەوانی دەست و
کەشتیی زمانمیت.
فریشتەکان بە تاڵەگرو زۆربڵێ و چرپەکەرەکانیان گوت دووربکەونەوە
با بیگەیەنینە پایەی بەرزبوونەوە.

## فریشتەکانی بخورد

ئەو فریشتانەی دووکەڵیان لێ دوور دەخستەوە
بخوردیان لە چوار دەوری داگیرساندو
بەروانکەکەیان گەرم کردەوەو
دەستەسڕەکەیان لاداو
کۆشان ژان و ئازاری لێ دووربخەنەوە
وێنەی ئاگر لە کیسەکانیاندا نەبوو
شەو لەناو ئەنبارەکانیاندا نەبوو
شوێن بخوردەکانیان هەڵگرت و بەرەو سەرەوەیان برد
هەرکەسێکیان لەبەردەمدا بووبایە بە فوویەك دەیانبردو
کۆسپەکانیان لەڕێگەی لادەبرد
لەناو کوورەی مەینەتیدا هەڵیبژاردیت و لەسەر مێژووی نەخشاندیت
تۆیش کتێب و ڕۆژنامەکانت بۆ هەڵدەگرتن و گوڵەکانت بۆ کۆدەکردنەوەو
ئەوانیش تۆیان لە کەوتنە ناو هەڵدێر ڕزگارکردو داوێنیان ڕازاندیتەوە
هەرچی ئەو درەختە لوولخواردووەی چوون ژانگرتوو بە خاکدا ڕۆچووە بەرەو لەناوچوون دەچێت

## فریشتەکانی پێکەنین

پێدەکەنی کاتێك سروەی با لێی بدایە
هیچی لە دڵدا نەبوو پێکەنین نەبێت
دوێنێی پێدەکەنی
بێشکەکەی پێدەکەنی
جلەکانی پێدەکەنین
شەونمیشی...
فریشتەکان پێکەنینی گوڵ و پێکەنینی باڵندەو

پێکەنین بەرەبەیانیان گلێردەکردەوەو لە ناو ئەویاندا دادەناو
بە پێکەنین تینوویان دەشکاندو پێکەنینان دەرخوارد دەدا
هیچ لە چاویدا نەبوو تەنیا پێکەنین و ... فرمێسک نەبێت!

# 28ی کانوونی یەکەم : شەمەندەفەری تەمەن

دەبێت شەمەندەفەری تەمەن ڕابوەستێت
یان ڕێڕەوی بگۆڕرێت
ڕێی تێناچێت تا هەمێشە بەم شێوەیە بڕوات
چەندان وەرز تێپەڕین
بەڵام هەر وەك خۆیەتی
هێشتە خێرایەو
درێژتر بووە
ئەوەندەی لەناو فارگۆنەکانیدا هەڵگرتووە بەرگەی نەگیرێت
ئەو بەروبوومانەی تێیدا ئیکسپایەر بوون و
ئەو جانتا زۆرانەی
ئەو سندووقە داخراوە بەسەریەکدا کەڵەکەکراوانە
ئەو ئاوەی تێیدایە چی دیکە کەڵکی نەماوە
پێویست بە ئاوی نوێ دەکات
پێویست بە خەونی نوێ دەکات
ئەو کیسانەی هەڵیگرتبوون با کونی کردوون و
وڕینەیان لێوە دەبیسترێت
زەنگەکانی ناوەوەی ژەنگیان گرتووە
دەنگیان زۆر ناخۆشە.
ئەم شەمەندەفەرە هیچی تێدا نەماوە
تەنیا بیرەوەری کاڵ و
تەنیا ڕۆژانی بە وەستایانە کوژراو و

تەنیا قووقەی کەڵەشێرە پیرەکان نەبێت
مەرەکەبی ئەو نامانەی تێیدان کاڵ بووەتەوەو
بوونەتە کاغەزی زەردی بێ بایەخ
ئەو کوانووانەی تێیدان کوژاونەتەوە
پەرداخەکان درزیان بردووە
تەنیا گەردی تێدایە
کە جێ هێشتنمان بیر دەخاتەوە
چەند درەختێك هەن بە ژیانمەوە بەستراون
لقەکانیان وشك بوونەتەوە
چەند ئافرەتێك هەن ئەو پەپوولە سولەیمانە دەکوژن کە لەگەڵیانە
وێڕای قەرەباڵغبوونی ملوانکەکان بە دەست لە ملانێ
بەڵام درەختەکان وشك بوون و هوزاریش لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە هەڵات
چەند چرایەك هەن فتیلەی خۆیان ڕادەگرن
کێ ئەم هەموو ئەستێرە مردووانەی لە فارگۆنەکانم بارکردووە
چی ناچاری کردم زیرەکیی خۆم کوێر بکەم
کەنارەکانم سەگ ڕایاندەکێشێت و
داڵەکانیش یاری بە ئێسکەکانم دەکەن
شتێکی نەکەردەنییە وێستگەکانی شەمەندەفەرەکەم بگۆڕڕێن
چونکە هێڵەکەی زۆر لە مێژە دانراوە
شتێکی نەکەردەنییە ڕابگیررێت
دەبێت لێوەی باز بدەم و
وازی لێ بهێنم بەبێ من بەڕێی خۆیدا بڕوات.

# 29ی کانوونی یەکەم: ئەوەی لەسەر پەڵە هەورێك دانیشتووەو گۆرانی دەچڕێت

*بۆ گزار حەنتووش لە رۆژی کۆچ کردنیدا*

**پەرداخێك لەسەر شانی ڕاستیەتی**
**فریشتەیەکی مەستیش لەسەر شانی چەپیەتی**
**گۆزەیەکی قوڕین لە نزیك پەنجەرەکەی**
**جگەرەکەی دەپێچێتەوەو درێژە بە قسەکانی دەدات:**
**(ئێ چیمان بەسەرهات، کوڕە کوڕی کابرا بەم شێوەیە لەناکاو دەڕۆیت و سەفەر دەکەیت! چیت بە خۆت گوت، تەنانەت بێ سڵاو برادەرەکەت بەجێ دەهێڵیت! ئەو ڕۆژە ڕۆژ نەبوو تێیدا لەدایك بووم و ئەو ڕۆژەیش ڕۆژ نەبوو تۆم ناسی، ئەگەر بەختت هەبوایە پشتت تێ نەدەکردم و نەدەچوویت بۆ لیبیا).**

**جامەکەی فڕێ دا و گۆزە بادەکەی بەرزکردەوەو هەڵیقوڕاند، پاشان داینا و دەم و چاوو قوڕگی گوشی و گوتی: (چی بۆ دادەنێن؟).**
**ئاماژەی بە بەندەرەکان کردو بە دوای بەلەمەکان و جەلە خورماو کیسە خەڵووزەکاندا هەڕای کردو چووە ناو دووکەڵەکەوەو لەچاو بزربوو.**
**بە ڕۆژ پۆستی دیوانیەی بە کۆڵ هەڵدەگرت و، بە شەویش سەیری نامەی ئەویندارا ن و سەرخۆشەکانی دەکردو وەك چامەگەلێك دەیخوێندنەوە گوایە خۆی نووسیونی، گۆرانیبێژێکی زۆر لە خوانەکەی گرد دەبوونەوەو کاغەزەکانی لەسەر گیا ڕاخرابوون. گەردی شەو دەگرێت و بەناو ڕووبارێکماندا دەبات زۆر درێژە، وای دەزانی بەهلوولەو گەردی ڕۆژگارمان لێ دەتەکێنێت.**

گزار چۆن بەم بەلەمەت لە شارۆچکەکەی خۆتەوە بۆ بەغدات بردین، لە کاتێکدا هاوەنت دەکوتاو گوڵە بەیبوونت بۆ دەهاڕین. هیواو کیسە تووتن و پاکەتە چای بەسەر ئەو نەدارانەدا دابەش دەکرد لەم بەرو لەوبەری ڕووبارەکەوە ڕاوەستابوون و خۆڵەمێشیش بەناو ئاوەکەدا پەرت دەبووەوە... گزار ئاگرێکی دەکوژاندەوەو باڵندە ئاوییەکانیش دوای دەکەوتن ...

بە پەتۆ گیتارە زێڕینەکانی (سۆمەر)ی داپۆشی و... بۆ بەغدای گواستنەوە، ئەگەر بهاتبانە گۆ، ئەگەر عوود لێی دابایە، ئەگەر شمشاڵەکان بێدار بوونایەوە ئەوە جوانی و ئەفسوونگەرییەك بوو، بە شارەکاندا دەسووڕایەوەو شەکەت نەدەبوو، گەنجینەکانی بەسەر زاری خەڵکەوە بوو.

زەوی لەسەر شێوەی (کێل)ـە، گزار لە لووتکەی ڕاوەستاوەو گۆزەیەك بادە لە (ئینکی) وەردەگرێت. ئەو ڕاوەستاوەو ئینکی لەسەر کورسییەکی قامیش دانیشتووەو هێڵی ئاو لە شانەکانیەوە هەڵدەقوڵن .

هێشتە زێدەڕۆیی لەچێژوەرگرتنەکەی دەکات و، هێشتە بۆشایی ئاسمان

بەندیخانەی دارستانەکەیەتی کە زەرد هەڵگەڕاوەو هێشتە هەردوو دەستی

دوو ڕووباری گوڵن بێ دەزوو ڕۆژگار دەدورنەوە

دوو ڕووبار لە ژان کۆست پێشێل دەکەن لە بزرگەی کە بەرینتر بووەو

لەناو خوێنیدا نوقم بووە

دوو ڕووبار گریان گرتووە، دژلەو فرەهات و ئەمانەیان تێدان:

وەرزی چوونە ناو بادەوە

وەرزی چوونە ناو تەم و مژەوە

وەرزی دەستکەوتنی بەلەم و کۆچ کردن

ئەو وەرزەی گزار تێیدا بەناو کێڵگەکاندا لەتەر دەبات و

دەستی لەسەر پشکۆکانەو پێدەکەنێت و

سەرەتای شتەکان دەکاتە یاری و

تا داڵ ئاسمان لەناو ئاو دەردەهێنێت

دوو ڕووبار لەناو لەپیدا گڕ دەگرن چوون جگەرەو جامە مەی
فووی پێدا دەکات لە نێوانیاندا شاران هەن گۆرانی دەچڕن، یان هەڵدەچن.
ئەوەی لەسەر پەڵە هەورێك دانیشتووە ئەم گۆرانییە دەچڕێت: ئای خودایە
ئەو پاکژەی لەسپی زۆر سپی تر لە شەوی دیواخەنەکەدا بە کراسەکەیەوە دێتە پێش
پێ بەسەر نەزانراودا دەنێت و بەلەمەکانی بەسەر خۆڵدا ڕادەکێشێت:
- (ئینکی) چی پێ دایت... پاشایەتی و نهێنیی زانین؟
- نا .... نا ... کامەرانی و گۆزەی بادەی پێ دام، کامەرانی لە پاشایەتی جوانترەو بادەیش زانینە.
پێ بەسەر نەزانراودا دەنێت و خۆڵ ڕیشی بزنەکانی پیس دەکات:
چی ڕووی دا؟

نیشتمانێکی بێ هەتاو
ئایە شەو بۆ گەلێکی ڕێ بزر دەگریت جمگەکانی قورس بوونەو
بەهاری نووستووە
نیشتمانێك وەك بلێیت کاولگەی هەمیشەیی لە خوێنماندا بێت
نە قوڕ و نە نەوت و نە خوێن و نە گۆرانی ڕەوشی باش دەکات
چامەکان لە تێنووسە غەمگینەکانیدا چیم پێ دەڵێن
گزار چی بە مردووە بێ ناوو بێ ناوونیشانەکان دەڵێت
خوانەکانی چۆڵ بوون
هێشتە ڕۆژ خەڵتانی مەرەکەبە
هێشتە پەرداخەکانی بادە دەبزرکێن، یان پیردەبن

ڕۆژگار بەرەو بەغدا پاڵیان پێوە نایت
ئەوانەت لەگەڵ دانیشتن بە هەمیشەیی گۆرانی سەرگەردانن
جان دمۆ هەستا و لەگەڵ خۆی بۆ هەورێکی بردیت
(حەسەن نواب)یش سەیوانەکەی خۆی پێ دایت

بەڵام بە ئاوڕەشەکردنی گوڵی سەر دڵەوە سەرقاڵ بوویت
کە تەرم سەر ئاوەکەی کەوتبوون.
(ڕەسمییە) ڕایدەکێشایت تا نەخنکێیت
بەڵام بە ڕووبارەکەدا دوور ڕۆیشتیت و پەرداخەکەت بڵند کردەوە
ئێمەیش لەسەر کەنارەکان مەست بووین
بەسەر تەختەیەکەوە بوویت بەناو ئاوەکەدا دەڕۆیشتیت
باڵندەگەلی نووستوویش لە چوار دەورت بوون، بە هەردوو گوێلت گەنمت دەرخوارد دەدان
ڕێگەکانیش لێت ڕاهاتن و ورتە ورتەکەیان خۆش ویستیت
ئەگەر ئاماژەکانی ڕێگەکان تێبگەیت
ئەو کات پێڵاوەکەت بزرنەدەکرد
ئەگەر زمانی هەنگ تێبگەیت
ئەوە قوتووەکانی هەنگوینت لە ڕێگەکان کەڵەکە دەکرد
بەڵام زۆر شەیدای عەبدولحەلیم حافزو مارکسیزم بووبوویت و
مارکسیزمییەکەیش پتر لە پێویست ئاڵ بوو
ئاهەنگ و قەرەج و ئەفسانەی لە ئەویندارێدا هەبوو
عەبدولحەلیم کەی دێیت بۆ ئێراق
تا بە ناو ئاوریشمەکەتدا باڵ بگرێتەوە
تا گۆرانییە جوانەکات ماچ بکات، یان خۆت ماچ بکات
چەندت ئارەزوو لێیە ورتە ورتی بۆ بکە
تا لە گۆرانی چرینەکەتدا ... لە بۆنەکانتدا بێدار بێتەوە
هێشتە لە خۆشەویستییدا زێدەڕۆیی دەکات
وێنە جوانەکەت لە گیرفانەکانی گزاردایە
لەکاتێکدا ماڵئاوایی لە دنیا دەکات
وێنە نادیارەکەی ئەویش لە گیرفانەکانی تۆدایە.

# 30ی کانوونی یەکەم : کش مەلیك

ئاوێنەکە کونی تێدا نییە تا لێوەی بێتە دەرەوە
چی دەکات؟
دەمانچەکەی لە پشتوێنەکەیەوە دەردەهێنێت و ئاوێنەکە کون دەکات
بە پەنجە ئاوێنەکە دەقوپێنێتەوەو
کونێکی تێ دەکات.
چی دی پەنجەی، وەك ئەوسا، ئاماژەی هەڕەشەیان لێ نابینرێت
لە نزیکییەوە چەکی سکراب و
پاشماوەی پۆستاڵی سەربازە هەڵاتووەکان ڕاوەستاون
تۆپخانە پەککەوتووەکان ڕاوەستاون
لیستگەلی ئامارە درێژەکانی گەلێك ڕاوەستاون
پێدەچێت هەر هەموویان بە ژیان تۆمەتبار کراون.
لە نزیك، چەندان بەیداخ ڕاوەستاوە، بیرچوونە ڕاماڵیون
لە نزیك تابلۆو کتێبگەلێك ڕەشەبا دڕیونی...
چی بە خۆی کرد؟
چی بە ئێمە کرد؟
لەبەردەم دەرگەکانی دۆزەخدا ڕاوەستا
ویستی دوایەمین دیمەن لە دیمەنەکانی جەنگەکانی بەدەست بهێنێتەوە
بەڵام نەیتوانی ...
تەنانەت بیرەوەرییەکان بەرەو لەناوچوون چوون
پەل و پۆی جوولاند بەشکو شمشێرەکە، یان دەمانچەکە ببینێت

جوولاَندی تا تەنانەت خەون بە چەقۆیەکی بچووك، یان (بۆکس)ێکی ئاسنەوە ببینێت
بەلاَم دەستی سیس بووە
مێژووی خۆی خێرا دەخوێندەوە
بەلاَم خێرایش نغرۆ دەبوو
ڕووبارگەلی خوێن
گەردوولگەلی جەنگ لە دوای جەنگ و
سەربازان ڕاپاندەکردو
تەرمان بە شاراندا دەسووڕانەوە
ئەوە گەلەکەتە لە بیابانێکی هەمیشەیی مەرگدا پیاسە دەکات
ئەوەتە بەر ئاوڕەشەی سۆندەی ئاوەکانت دەکەوێت
ئەوەتە بەشمشێرو خەنجەرو کلاشینکۆڤ بەرەو شکستی تەکان دەدات
ئەو پاچانەی تێیدا چاندووتن شین داگەڕاون و
سەرەکان کەوتوون و بەربوونەتەوە
ئەو ناواخنانەی لەژێر پێستیانەوەت ئاخنیون زاوزێیان کردووەو
بوونەتە کێلگەگەلی خۆڵەمێش
ئەوە گەلەکەتە خوێن لە خۆێنەوە دەکێڵێت و
شمشێرگەل ڕادەخات
ئەوەتە چوون شمشێری مردوو بەردەبێتەوە.

***

لە ناو ئەفسانەکاندا بەدوای ئەفسانەگەلێکدا دەگەڕا لەخۆی بچن بەلاَم نەیدۆزییەوە
بە دەستکی ئاسنین لە زەوی ژێرەوە هاتە دەرەوە
هەروەها بە دەزووگەل لە بڵندایییەکانەوە
چوون جاڵجاڵۆوکە تەونەکەی خۆی چنی و هەر هەمووی بە داوەکانی گرت
بەم شێوە فڕی و لە ئاسمانەوە داڵ ئاسا سەیرێکی وڵاتی کردو

**دانەبەزی**

**سەربازەکانی بەجێ هێشت خەڵتانی خوێن بن و**

**خۆیشی بە کامێراکەی وێنەی ڕووداوەکانی دەگرت**

**ئاوێنەکانی زۆرتر دەبوون**

**خزمەتکارەکانی بەپەلە سینییەکانیان هەڵدەگرت**

**لە هەموو کۆشکێکدا خوانی بێ شومار هەبوون**

**لە هەر پێچێکی تەپۆڵکەکانیشدا کەللە سەری بێ شومار**

**بە درێژایی ساڵ ئاوێکی ڕەش دایپۆشی**

**پەپوولە سولەیمانە خستییە بەردەمم و گوتی ئەوە هاوسەرەکەتە لەگەڵی بە**

**گوتم پاشا خەریکە دەمرێت**

**لە بەردەم تەرمەکانەوە هات کە لە مێژوودا فڕێ دراون**

**لەبەر گوناهەکەی سوپاکان گەمارۆیان دا**

**وەك لە ئەستێرەکاندا نووسراوە لە شوورەکانی بەغدا هەڵدێراو**

**کەوتە ناو قۆرتێکی دوورەوە.**

**بە درێژایی ساڵ ئاگر ئەشکەوتەکانی پشکۆی زۆرتر کردیت**

**بە ناو ڕۆژانی فرمێسکدا هەڕات کردو گەردو تۆزی خۆت بڵند کردبووەوە**

**ئەمڕۆیش پیلان و ئارەزووی کوشتن هەموو (لا)یەکانی تالآن کردیت**

**ساڵەکان هەناسە نادەن چونکە لەژێر پێتدان**

**شوێنەکان نانرکێنن ئەو کاتە نەبێت کە دەمرن**

**بە خوێن تینووی چاوەکانت شکاند**

**لە ستەمی تاریکیدا بە قازمەکەت زەویت هەڵدەکەندو تەرمەکانت دەردەهێنان**

**تا پیر بوویت و قازمەکەت ژەنگی هەڵهێناو پشتت کۆمایەوە**

**هێشتە کارێکی زۆریشت لە پێش ماوە.**

*******

لە پاڵاوتەی چەکەکاندا بوویت بە وەزیر
ئەو تۆڕەت بڵند کردەوە کە گرێ گرێ دروستت کردو
بەسەر هەموو وڵاتتدا فڕێ دا
پەپوولە ئاسنینەکانت بەرەو بڵندایی فڕین و
دووپشکەکانت لە هەموو شوێنێك دابەزین و
گۆڕی کوردەکانت بە بەیاننامە داپۆشی و
شارەکانی باشووریشت بە نایلۆن داپۆشی
بەسەر گۆڕەکانەوە حیلکاندت.

***

کیژە پیرۆزەکان هەڵاتن
زارەکان واوەیلایان کرد
پەپوولە سولەیمانەکە میوەکەی پێ دام و ئافرەتەکەیش بەژنە جوانەکەی خۆی دەرخست و سەمای کرد
پاشا قەڵغان و سوپەرێکی بەرزکردەوەو لای منەوە هەستا
چەند دەرزییەکی چەقاند و دوای زیندەوەرەکانم کەوت
با چوون پووشی کوتراوی لێ بێت و با لەبەردەم نوێژەکانمدا بتۆقێت
کاتێك ڕێگەم لێ بزربوو و تۆم لەناو لەپەکانمدا برد
بێ گوناهانە جۆگەیەکم بۆ خۆم هەڵکەندو خۆمم تێ فڕێ دا
تا لەناوچوون بگاتێ و تۆڕەکەم بەسەردا بکەوێت
من لەسەر تەختەی مێیایەتی بڵندبوومەتەوە
با ترێکانت بەسەر سەرمدا داباڕێن و با لە بۆنی شام دوور بخەیتەوە
ژوورەکانم دەدورمەوەو درەختەکان بە قەد پەنجەرەکانمدا دادەدەمەوە
دەرگەکە لە بنمیچ دادەنێم و بەرەو ئاسمان دەچمە دەرەوە.

***

**پیرە ئێسترێك (تۆپ)ێك ڕادەكێشێت**

**ئەمە دوایەمین دیمەنە**

**پەپوولە سولەیمانەكەیش لێرەیە**

**گۆڕی دایكی لەسەر سەریەتی**

**دەنووك دەدات و ماوەی نێوان زەوی و ئاوی دەروون تۆمار دەكات**

**ئاوی جەستەی ئافرەت پێشان دەدات**

**وەرە بۆ ئەو شوێنەی من ئەی ئەوەی جۆگەكەت هەڵكەندم و**

**با بە قەد تەنافەكەوە بە تاریكییەوە سەرقاڵ بێت**

**وەرە بۆ شوێنی چیژ بادە و با لەناو ترسی خۆیدا بگەوزێتەوە**

**خۆی لە قوڕدا شوشتەوەو**

**لە باران پاڕایەوە تا ببێت بە گوللە**

**دێوو مێردەزمە تێیان داوەو**

**دەفەكان پەروەردەو بەخێویان كردووە**

**باڵندەی لەسەر بنمیچەكەی دانەناوە**

**ڕۆچووە ناو  هاوارەكانی ئەسپەوەو گەیشتە گۆڕەپانی جەنگەكەی**

**گوللەی تواوەی هەڵگرتەوەو بینی لە شێوەی ئاژەڵی سەرگەردانە**

**میدالیای لێ دروست كرد**

**تۆوی هەڵگرتەوەو بینی تاڵە**

**كایەكەی هەڵگرتەوە**

**بەردو گوێچكە ماسییەكانی هەڵگرتەوە**

**بەسەر چەوگانەكەیەوە لە چاوی مردووەكان و دڵی ڕاوەستاویان وردبووەوە**

**لە پەنجەو چاوەكان ورد بووەوە**

**لە دوایەمین پشكۆی ئاگر وردبووەوە خەریك بوو دادەمركایەوە**

بەرەو تەنیا گۆڕەکەی خۆی لەسەر سك خشا کە لەنێوان تۆپخانەکاندا ڕاوەستابوو
ویستی دوایەمین گوللەی خۆی بتەقێنێت
بەڵام ناتوانێت
پەتی تۆپخانەکەی ڕاکێشا
ڕایکێشا ...
بەڵام نەیتوانی و
کۆکی
بانگی پاشاکانی ڕابوردووی کرد ئەوانەی چاوی پێ کەوتن
داوای لێ کردن پەتی تۆپخانەکە ڕاکێشن
بەڵام وەك تارمایی بزربوون
پەتەکەی بە جەستەی خۆیەوە بەست و
خۆی توند بە عەرددا دا
تۆپخانەکە تەقییەوەو
بەرەو قۆرتەکانی فڕێ دا.

# 31ی کانوونی یەکەم : ئەسپەکە تەرمی ساڵێکی ڕەشی بە کۆڵەوەیە

لەنێوان ڕۆژەکانی ئەم ساڵەدا چەند دەرگەیەکم کردەوەو

خۆم گۆڕی لێیان چوومە ژوورەوەو

جارێك لە شێوەی شاعیر

جارێك لە شێوەی فاڵگر

جارێك بە چاوی گۆزە دروستکەر

جارێك بە قامکی وێنەکێش

جارێك بە قامیشی بالوول

جارێك بە جلی دەرۆزەکەر

ئەوەندەم شت تێدا بینین هیچ چاوێك نەیبینیبێت

ئاسمانم بینی چۆن بەسەر عەرددا داتەپیبوو

گەردوونم بینی لە سەرەتاوە دەستی پێ دەکرد

ڕیزی خواوەندەکانم بینی لە ترساندا دەلەرزین

مرۆڤم بینی ڕیسواو سەرشۆڕ دەکرا

وڵاتی نووسینم بینی لە هەموو شتێك نەخوێندەوار بوو

وڵاتی ئایینەکانم بینی کوفری بە هەموو شتێك دەکرد

یاساکانم بینی دەکەوتن و

مەرگ زاوزێی دەکرد

دەزوویەکم بە کونی ڕۆژانی ساڵەوە کرد

بوو بە پەتێك پردێکی پێوەدا شۆڕ دەبووەوە کاتێك سەری پەتەکەم گرت

چوون بەندۆڵ بەسەر ئاوەوە بە مۆلەق ڕاوەستام و

لە درزی ڕۆژگارەوە چەندان وێنەم ڕفاند

بەڵام بە هێوری پەرت و بڵاوم کردەوە و فڕێم دانە سەر ئاوو سەر ئاو کەوتن
کاتێك دەستم دایە پەڕەمووچەکەم و چوومە ناو خانۆچکەکەمەوە
چەندان تابلۆم دروست کردو بە دیوارەکانەوەم هەڵواسین
1. پێستی خوێن بەسەر شەقامەکانەوە
2. نەمانی کانی
3. بەدوای مەتەڵدا دەگەڕێم
4. دارەتەرمێکم هەڵگرتووەو بە شاراندا دەسووڕێمەوە
5. دەچمە میعراجەکەمەوە
6. لەبەردەم ئاشە هەواینەکاندا ڕادەوەستم
7. تۆوەکانی دمووزی دەنێژم
8. لە بڵنداییەوە سەبەتەکانم فڕێ دەدەمە خوارەوە
9. بەسەر ڕووبارێکدا بازدەدەم
10. بە ئۆتۆمۆبیلێك بە وڵاتێکدا تێدەپەڕم و کیسەیەکم پێیە
11. بەرەبەیانێك دادەهێنم
12. چەندان دەزوو سەرلەنوێ دەمچننەوە
بەڵام مێش هێرشم بۆ دێنن
لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەبزوێم
هەور فریوم دەدەن و بارانیش بەرەو پشکۆم دەباتەوە
جەنگان، سنووری شکاو، سوپاگەلی داگیرکەر. سوپاگەلی شکستخواردوو
کەشتی جەنگی، لوولەهاوێژ، فڕۆکەگەل دەسووڕێنەوە، مووشەکگەل ئاسمان دەڕازێننەوە، ئۆتۆمۆبیلی مینڕێژکراو، زرێپۆش، نووکتیژان، زرێلی و. چەندان بازاڕ خەڵکی پڕوپاگەندە بۆ ئەم جۆرە قسانە دەکەن و چوون پژمێنەر دەتەقنەوەو، چوون لم بەرز و نزم دەبنەوە..
تابلۆ، دروشم، خۆپێشاندان، میلیشیا، پشك پشکایەتی،

**هوتاف، پڕوپاگەندە، ئێستگە...**
**هەوریش لە سەرەوەو لە ژێرەوە دەهاتە ناومانەوە**
**بەردە تاریکەکان تالآنیان دەکردین و بروسکەکانمان تێدا دەکوژانەوە**
**تاریکخوازان، بەکرێگیراوان، سیخوڕان، وەهابیخوازان، قاعیدەخوازان،**
**بەعسی، توندڕۆ، تاوانکاران، ڕەگەزنامە پێ دراوان، کرێگرتە،**
**هەوالگران، ئەنفالکراوان، بەندەوانان، هەلاتووان،**
**عەمامە، خوودە، فینە، چەڕاوییە، دەمامکداران، مینڕێژکاران،**
**سەربڕان، سینەکوتان، تەوروەشێنان، دەروێشان، خاچپەرستان،**
**مانگخوازان، تاووسخوازان، مەزارگەییان، سەدرییەکان، بەدرییەکان،**
**بادەییەکان، دەعوەییەکان، چەتەکان، کلکەکان، پاشکۆیان،**
**ئەوانەی دەچنە سەرەوە، ئەوانەی دێنە خوارەوە، نتمەکان، نەزرکاران، نەزرکراوەکان، تلیاککێشان،**
**لە ڕێ لادەران، شکشتخواردووان، زەهدکاران، ڕاوەستاوان، هەستاوان، دانیشتووان...**
**بەیداخی ولاتەکەمم بینی پارچە پارچە دڕابوو**
**ڕۆژم بینی لەناو سەبەتەی بروسکەکاندا هەپروون بە هەپروون بووبوو**
**ئافرەتەکانم بینی لە قوڕی مێژوو دەهاتنە دەرەوە بێ پەچە، دەمامکدار، پەچەدار، سەرپۆشدار، فیزهەلگیراو، پرچەك، مینڕێژکار، پرسەگێڕ، سەرباز،**
**لەناوقەد بەستراو، هەلگر، شکێنەر، سەرپۆشراو ، ڕووپۆشراو، بالاپۆش، لەتربەر، پیادە، ترساو، سینەکوت، گریاو، هەلاتوو، گێژ، گێژکەر...**
**دزەکانم بینی چوون مێرووله زۆرتر دەبوون و زۆرخۆرو چەکپارێز و**
**سەربڕو مەیفرۆش و، لەشفرۆش و، ژمارەیەکی زۆر دەهۆلّ و گوللەم بینی**
**وێرانەییم بینی لە جنێوو مێش و تیرۆرو مەودای مردوو زۆرتر دەبوون.**
**تۆ بلێیت یەکێك هەبێت ولاتەکەم لە هەر هەموو ئەم ناهەقی و قسەو قسەلۆك و شێت و پەتەڕی و پاساوو دەستەسڕانە ڕزگار بکات**

جا لەبەر ئەوەی من حەزم لە سیاسەت نییە بۆیە سیاسەتوانان نەیانتوانی بە دروشمە ساختەکانیان قایلم بکەن

لەبەر ئەوەی خۆشم بە پارەو پوولدا نایەتەوە کەس نەیتوانی گەرووم بکڕێت

لەبەر ئەوەی حەزم لە چەك نییە بە درێژایی ژیانم یەك گوللەم نەتەقاندووە

فرت و فاتی هەمەرەکانی بازاڕی پاساری و لاباڵ و بازاڕەکانی سکراپ و شێتایەتی، ئەفسانەگەلم بینی بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتن چوون دەرمان و دروشم و قسەو بادە، ئەو قسەیەم بینی کە بەندیخانەیەکی نوێیە، ڕدێن و سەیوانەکانم بینی، دەردوپەتام بینی.

***

وەرە بۆ دوایەمین دەرگەی

لە پشتی خانووانێکەوە خۆڵیان بەسەردا کراوە

لە ئێسکەکانی خۆمدا دەستم بەر پشکۆی فرمێسك کەوت

لە چەند زمانێکی لەبیرکراوەوە هاتمە دەرەوە چوون مانگێکی یەك شەوە

تازە لە چنگی تاریکی هەڵاتبێت.

لە ئەمستردام چی بکەم کە هێشتە خۆڵەمێشی وێرانە بە دەستمەوە تەڕە

دەرچووم و چاوەڕێی (کارین) دەکەم

چۆن فرمێسکی خۆم و ئاوی پەنجەرەکان لێك بگونجێنم

کە میوزیکی لێ دەبارێت.

ئەم شەوە بێ هاوتایە

کە ئەسپ تەرمی ساڵێکی ڕەشی فیڵبازی هەڵگرتووەو

بە شەقامەکاندا دەیسووڕێنێتەوە کە بەسەر لقەکانی (ئەمستل)دا دەڕوانن

باران دەیشوات و مەشخەڵی ئاگر بە ئاسمانی ساڵێکی دادێوە

کتێبەکە دەکەمەوەو دەخوێنمەوە

ئایە ساڵێك بەسەر ئەم تەرمەدا تێپەڕی؟

دەبێت بە حەسیرێك بیپێچمەوەو تووڕی بدەمە ئەو دوورابییە

دوایەمین گێم، یان دوایەمین پەنجەرە؟
غەمێکی تاریك بەلەمەکەی داپۆشیوم
دەمەوێت بەرەبەیانی ئاوابووی ناخم بۆ لای خۆم ڕاکێشم بەڵام شکست دەخۆم
جلەکانم دەدورمەوە خوێن لە پەنجەکانمەوە فیشقە دەکەن

***

زمانی خوێن چۆن دەکشێتەوە؟
چۆن سەگە تاریکەکەی شکست دەخوات؟
چۆن گۆزەی بۆگەنیی دەشکێت؟
لەوێ لەسەر ڕێگەی ئەو گالیسکانە ڕاوەستام کە تەرمی مردووەکان دەگوێزنەوەو
سەیری ڕەفەکەم کرد
بەرەو لای دووکەڵێك وەردەچەرخێم لە مێژووەوە بەرزدەبێتەوە
چۆن بە تامەزرۆییەوە هەڵمانمژی؟
ئەم هەموو ئاوەمان هەیەو نەمانتوانی شوێنەکەی بکوژێنینەوە
چۆن شمشێرەکانی بە خەیاڵ پلاوی پێچاینەوە؟
چۆن پەکی خستین و وای کرد لەگەڵ ئەو جگەرە بکێشین؟
تۆمارەکەی من سووك بوو
درەختێکی پڕ لە نیشانە بوو لق و پۆپێکی زۆری پێوەبوو
زیخەکان لە زمان قاو دەدەم
قسەو قسەڵۆك لە کراسەکەم قاو دەدەم
ئەم خلخلۆکانە چۆنمان خول دەدەن؟
چۆن بەیانی و ئێوارە بەگەڕیان دەخەین؟
ڕێگەیەك دڵم بەرەو لاڕێ دەبات
منیش لاوازو بێ هێزتر دەبم و
دڵم بەسۆزتر دەبێت

لە دەریا هاتمە دەرەوەو چاوم بە بەرەبەیانی ئادەم لە کل دابوو
لە نزیك (ئەریدۆ) کتێبەکەم دانا
لەگەڵ پێپلکەم بەرەو ئاسمان و
سەتڵی گوڵەکانم
داناکان لەگەڵم دەرچوون
ئاو هەڵقوڵی
بەڵام ئاوەکە بوو بوو بە خوێن و کاتی خۆرئاوا کەوتە ڕێ و
تێکەڵاو بوون...
ئای لە ئێش و ژانی گیانم
چرۆی تەرچکی مەروان لەناو دڵمدا دەبێتە تۆوێکی شاراوە
ڕۆژم لە ژووری تاریکیدا بینی دەستی بەسترابووەوە
چرۆی مەروان لەناو کتێبەکانمدا چووزەرە دەکات
ئێوارە هەڵاتن دڵم گەمارۆ دەدات
پاڵ کەوتنەوەو ڕاکشانم درێژە دەکێشێت
بەڵام لەم کونانەوە دەچمە دەرەوەو
جارێکی دیکە چاوەکانی مەروان دەبینمەوە و
فرمێسکەکانی دەسڕم و
سەرلەنوێ سەرگوزەشتەکە تۆمار دەکەمەوە
ئەوانەی دێن دەیبیسن و
سەیری چارۆگەکانی دەکەن و
دووکەڵەکەی دەبینن و
گۆرانییەکانی ئەزبەر دەکەن
لەکاتێکدا بەسەر پردەکانەوەن
یان لە شەقامەکاندان

**یان لە مەیخانەکاندان**

***

**ڕۆژگار بە چەوگانەکانییەوە بە وڵاتەکەماندا تێدەپەڕێت و**

**باوێشک دەدات**

**ئێمەیش بەسەریدا دەقیژێنین: تاکەی؟**

**وەڵام ناداتەوە ...**

**بەڵکو پاڵتۆکەی دەکاتەوەو خوێن و**

**شمشاڵە سوتاوەکانمان پێ پیشان دەدات**

**هەردوو لێوی پان دەکاتەوەو**

**لە بوتڵێک بادە دەخواتەوەو دەڕوات و**

**ئەسپێك بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت تەرمی ساڵێکی ڕەشی لەسەر پشتە.**

# خەون بینین

## بۆچی شەوو ڕۆژ بەردی مێژوو هەڵدەگێڕنەوە؟

# 1.لای خۆڵەمێشە فرەوانەکەی
# لەژێر شاخەکانی کە ئاگریان لێ دادەچۆڕێت

بەم شێوەیە، سەرلەنوێ خەونەکانمان بە قەد تیرەکانەوە بڵندبوونەوە
ڕووبەندی شارەکان تەنیا بوونەتە شوێنی نیشتنەوەی باڵندەکانی مەرگ
ئەی ئەوەی فوو بە زوڕنادا دەکەیت کەمێك ڕاوەستە
پێویستە پابووجەکەم توند ببەستم
دەبێت گوڵێك لەپشتەوەی گوێم دانێم.
بەرلەوەی خوێنی گرانبەها بڕژێت
با خوێن ڕشتنی مێوەکانم بیربکەوێتەوە
لەناکاو جوانی ژەنەکان بێداربوونەوە
شاعیرەکان بێداربوونەوەو پاییز پاشەکشەی کرد
لەناکاو دەستی فریشتە دابەزی و پاکی کردینەوە
لە دەرەوەی جوانی هیچ شتێك نەبوو تەنیا خەیاڵپلاوی نەبێت
زرێپۆشەکان تێکشکان و ڕەنگی چەکەکان کاڵ بوونەوە
نا‌ووکی خوێن بووژایەوەو بەرەو لای ئاو ڕۆیشت
لەناکاو ئاوی گەردوون تێکەڵ بە ڕەنگێکی ئاڵ بوو
تۆفان چەند نەخۆشیی شوشتەوە بەڵام بە بەرەبەیانەوە نووساوە
دەزووی سروود دەگۆڕێت
دەریاوانەکەن خۆی ڕادەست دەکات
لەناو تۆزی شکستییەکاندا پیرە شێرێك بەرەو هەڵدێرمان دەبات
کە ترسم دەزرنگێتەوەو
ڕۆژنامەکانی زێڕ وشك دەبنەوەو بریسکەیان لەژێر خۆڵدا بزردەبێت

پیاوەکە لەگەڵ ژنەکەی جووت نەبوو
مەمکی کیژەکە خڕنەبوو
بەڵام میدالیا سینگی تەنینەوە
قسەیش چوون کەف لە زارماندا تەشەنە کرد
لە پاڵەپەستۆمان شووشە چووە دەرەوەو یادگەی شکاندین
ئەو دوورابییانە ڕەنگیان هەڵبڕوسکاو
ترسمان بە خۆڵەمێش شوشتیانەوە
ئەگەر بەرەبەیان ببێتە ئەسپ لەناو قوڕمان دەردەهێنن
ئەگەر میوزیك ببێت بە تێل بۆ پەڕینەوەمان
بەڵام دیوارەکان زاوزێ دەکەن و
درم و پەتاکان هەناسە دەدەن
شمشێرەکانیش دەبنە باڵندەی بزۆز
بەم شێوەیە ئاوازی شمشاڵ دابەزی
ناوی وڵاتەکە دەنێم کوێر
تێیدا وێنەی گەردوون پەکی کەوت
لەژێر سمەکانیدا لم گرددەبێتەوەو
وشەگەل لێك جودا دەبنەوە
پیاوانێك بەناو تەپ و تۆزدا تێدەپەڕن
ئافرەتانێك پێیان لە وێڵاشەکانیان هەڵدەنووتێت

لەژێر مانگدا کڕنووشم برد ڕووناکیی نەبوو
لەژێر هەورەکاندا کڕنۆشم برد ئاویان تێدا نەبوو
مستێکی ڕەش دەستی هێناو سەری گرتم
وەك بلێییت پڵنگ جەستەم هەڵدڕن

**خولگەکانم لە خولگەی خۆیان وەردەسووڕێن**

**ناو حەوشە پڕ بوو لە دارەتەرم**

**سرووتی پەڕینەوە دەرکەوت و ڕێگەکەیش پڕ لە (داو) بوو**

**مەروانیش چوون قوربانی دەرکەوت بە قومات و بە گڕوگاڵ و گۆرانییەکانییەوە**

**بەرەو پێش دەچوو**

**چوون زیوگەر پاکژت کردمەوەو**

**ڕوحی خۆت خستە ناو دەمارەکانمەوە**

**ئایە من باوکی تۆم، یان تۆ باوکی منیت؟**

**ڕەنگە پەراسووم، یان زارم، یان خۆشاردنەوەم بیت**

**ڕەنگە ئەم درەختە غەمبارەی ئاگری وڵات بیت**

**هونەرەکەم لەناوچوو**

**بە بێ گەردی لقەکانی خۆمم شوشت**

**چوومە ناو چەندان شوێنی پیرۆزەوە پێشتر نەمدیبوون**

**دڵم هەژی و جەستەم ڕاچەنی**

**تۆ مۆڵەتم پێ دەدەیت**

**تۆ بۆم دەگریت**

**لە جوانی و لە بزریت تێربوویت**

**تۆ هەتاوو دڵڕفێن و بەروبوومیت**

**بە بەزەیی و ڕوانینت دیاری و بریسکەیە**

**دەم و چاوت بەم شەونمە دامەپۆشە**

**تا ئەم ڕادەیە مەبە بە ڕووناکی**

**وشەیەکی نەرم لەسەر زمانت دانێ**

**لە دەرگەکانی ئاو مەدە**

**بەردەوام لەبەر دەرگەی من ڕاوەستە**

چونکە من دەرگەی تۆم و تۆیش کلیلی منیت
ڕاوەستەو بەروبووم بگرەو گەشە بکە
ئەم لق و پۆپان لەگەڵ خوت توند بجەڕێنە
تەڕی لەگەڵ خۆت ببە
وەك خۆت قسە بکە
ئەم پۆستە بۆ ڕۆژە تەنیاکانت ببە
بەشکو ببیت بە کتێب
با ڕووبارگەل و با پاپۆڕگەل و
با گەشتت تێدا بێت
بیانبەو لە دووری دووری زەوی بەو
تۆ لە مستی خۆتدا بیت
وەك چۆن داڵ بەسەر ماردا زاڵ بوو
ڕاوەستەو سەیری چارەنووسی داڵ و مارەکان بکە
لە دوور ڕاوەستەو
دەبینیت.
چۆن بەسەر ئەم چیایەدا سەرکەوین
دڕکی درێژو
بۆنی سووری ژەهراوی و بەردی نەرم
چراکەم کوژایەوە و
تۆزو گەردم بەرزبووەوەو
قیبلەنماکەم بزربوو
نەمتوانی لەناو ئەستێرەکاندا مەلەوانی بکەم
نەوەکانی هەڵەکانم دەستیان بەستمەوە
پەنجەکانی پاییز دەستیان بەستمەوە ڕێگەم دەکەنەوە

**ئای چ پەنجەگەلێکی دزێون**

**گڕکانەکان لە پێدەشتی ساڵەکانم ڕانەوەستان**

**خۆڵەمیش لە منارەکانم جیای نەکردمەوە**

**هێشتە لەناو چرا کوژاوەکەمدا نەگەشاومەتەوە**

**چۆن چوومە ناو ڕۆژەکانەوە؟**

**چۆن لێیان چوومە دەرەوە؟**

**نازانم بەچی  چارەنووسی خۆم فریو بدەم**

**تا لەبەر دەستمدا بێت**

**نازانم چی لەگەڵ خۆم ببەم و چۆن بەشداریی تەنیایی ئەم ڕێگە تەنیایانە بکەم**

**کراسەکەم بەتاڵ و**

**ڕۆژنامەکانم پڕ**

**زاریشم بە واوەیلێ و شین پیتەگۆڕکێ دەکات**

**چ شەوێکم ئەنجام داوە؟**

**چ داوێکم دروست کردووە؟**

**کێ بەرەو کەنارەکان پاڵ بە پاپۆڕەکانمەوە دەنێت؟**

**کێ لە چلەپۆپە ڕزگارم دەکات؟**

**سەگەکان گاز لە جلەکانم دەگرن و بەرەو دواوەم دەگێڕنەوە**

**خانووە کۆنەکان دوورم دەخەنەوە**

**لێرە لمەکان بەدگۆڕان گۆڕیمیان و**

**گوڵی سیس ڕایماڵیم و**

**پاپۆڕەکان ڕایانکێشام.**

**خۆیان بە زێڕی تەنەکەو جلی حەرام ڕازاندووتەوەو چوونەتە بەردەم چەندان تەختی بەتاڵ و فرمێسک بە چاویانەوەیە و دەست درێژدەکەنەوە ... بۆچی؟**

**بە شوێن بخوردێك و بە نوێژی پیرۆزەوە ڕاوەستاو سەرکەوتە سەر سەربڕگەی قوربانییەکان**

**بروسکەکان شمشێرگەلێك بوون لەقەد گەردنەکان**

**سۆنەکان دەگرین**

**فریشتەکانیش کەرەناکانیان دەژەنن و شەو دەکەوێتە ناو بیرەکانیانەوەو**

**لەسەر زەویش پەتا بڵاودەبێتەوەو ڕەشەبا هەڵدەکات**

**فڕەی باڵی ئاسنین ئاسۆ دووشەق دەکات**

**پێی گوتم: دەشێت تۆ لەم وڵاتە بیت؟**

**گوتم: نەوەی خۆمم لەگەڵە.**

**گوتی: دەستیان بگرەو هەڵێ.**

## 2.میعراجی خوێن (شەوڕەوی خوێن)

**من خەزائیلی براتانم لە تەنگانەو لە وڵاتی ڕووباردا، کتێبەکەی خۆمتان بۆ دەکەمەوە کە غەمەکانی دڵم و غەمەکانی وڵاتمە. لەو وڵاتە بووم کە خواوەند کاتێك دروستی کرد بە بەهەشتی عەدن ناوزەدی کردو ڕووباری فرەهات و مرەهات و فیشۆن و جیحۆنی پێدا تێپەڕاند، بەڵام مرۆڤ پێنجەم ڕووباری تێدا شەق کرد ئەویش ڕووباری خوێنە.**

**سەردەمەکان لە ڕۆژگاری (مەلەکووت)ــەوە بوون بە ڕۆژگاری (جەبەرووت) و پاشان بۆ ڕۆژگاری (هەلەکووت).**

**گوێم لە دەنگێکی چوون خشە بوو لای شووشەیماڵەکەم، لای پەنجەرەکەوە بەرگوێم کەوت، دەنگێك بوو لای (هرمس)ی باپیرمەوە دەهات و بانگی دەکردم و داوای لێ دەکردم میعراجی خوێن بنووسم.**

**کاتێك نووسیم خانۆچکەکەی خۆمم بینی بە گوڵی زەرد ڕاخراوە**

**چەندان باڵندەی مل لارەوەبووم بینی چاویان سەیریان دەکردم**

**خۆڵەمێشێکم بینی لەناو کانییەکدا زاوزێی دەکرد**

**بیست و پێنج ملیۆن تەرمم بەسەر بیست و پێنج ملیۆن ئۆتۆمۆبیلەوە بینی عەرەب و بیانی دەیانهاژووتن و بۆ بیابانیان دەبردن تا لەوێ بیاننێژن**

**تۆزو گەردی خوێنم بینی گیاو گۆرانییەکانیان داپۆشیبوو**

**کێڵگەکان هاواریان دەکرد**

**خەڵکم بینی بێ هوودە گیتارەکانی ئاسمانیان پێ بوو**

**زاریان شتی سەیر سەیری دەگوتەوە**

**لە ڕێگەکانی پاییزەوە سەردەکەوتن**

**شووشەی دەرگەکان کەوتنە خوارەوەو ئەو ناوە ئاسنینە بریقەدارانەیش کەوتنە خوارەوە کە پێوەی هەڵواسرابوون**

شتەکان بە ناویدا ڕۆیشتوون و تێپەڕین.
لەودیوی فرمێسکەوە خەڵك ڕاوەستاون و لە ئەژمەتی وێرانەییاندا دەلەرزن
بەڵام بە قامیشەکەیان لەسەر خۆڵ هێڵ دەکێشن
منیش تۆماری خوم لە قامیشەکە وەردەگرم
ئەو کانییە تراویلکە بوو
چوون بۆ لای و پەتاکانیمان داپۆشی بەڵام پەکی خستین
نزاکانی خۆمان کۆکردەوەو بە ڕووی خانووە داڕووخاوەکانماندا فڕێ دان
چۆن نامێنن؟
چۆن یادوەرییان لەم خاکەدا بسڕینەوە؟
سواری دووکەڵە خەنجەر لێ دراوەکە بووین
گەردنمان قوپایەوە
بێ ئەوەی پەیڤەکانی ناو گەروومان بلێیینەوە
کەی لافاو دێت و لە تاریکایی ڕۆژگاردا ڕاماندەماڵێت؟
نە خانووەکانمان لە خانوو دەچن
نە سەرمان لە بەرووبووم دەچن
نە پێمان لەسەر زەوییەو
نە ڕۆژمان شەونم ڕیسوا دەکات.
بۆ چ واتایەك بگەڕێمەوە
لە کاتێکدا هەموو واتاکان شەڕە پشیلەیە بەسەر خۆڵەوە.
گوڵەکەم شێرەو ماوەیەکی دی دەخوات
گۆڕەکەیشم پەنجەرەی نییە
پلتە پلتی دڵم، ڕەشایی بۆنم، پشکۆی سەرم
چۆن ساڵەکان لێرە چوون گیایەکی لاواز شەتڵ کران؟
بۆچی بەم هەموو گوللە تواوە ئاودێریم کرد؟

بۆچی لەناو ئەم مەڕکانە گۆزەییانەم دانان؟
دەنووم و گورگ چاوم کون دەکات
دەنووم و ئەسپ لە جومگەکانمدا هاوار دەکات
قەلەڕەشکەکە نەگەڕایەوەو کۆترەکەیش نەگەڕایەوە
کەوتە ناو تۆفانەوە
خێوەتەکەی خۆم لەسەر پشکۆو خۆڵەمێش هەڵدا
چاودێری شەوو ڕۆژی ئاو دەکەم
ڕێبواران بە ناویدا تێپەڕین، هەروەها ستەمگاران تێپەڕین و
بەلەمە کاغەزینەکانیشم پێدا تێپەڕاند
نامەی خۆشەویستی بوو بۆ خەڵکی
بەڵام مردن
دووبارە لە شارو بازاڕەکاندا دەردەکەونەوەو
تۆفانی ئاگر دروێنەیان دەکات
تێیاندا کەسێك دەردەکەوێت
لە تەوقی سەرییەوە تا نووکی پەنجەکانی هەردوو پێی گڕی گرتووە
ئیبلیس دڵی دەچنێت و فڕێی دەداتە نێوانیانەوە
بەقەد ئەم دیوارانەوە خەون بینینی خۆمم نووسی
بەقەد ئەم دیوارانەوە نیشانەکانم دەخوێننەوە
لەو دارستانەی جێی بەزەییە
لە دارستانی دارخورما
کونەکانی هەوام بینی
وێڕای ئەوەی زۆر دەگریام
بەسەر لقەکان کەوتم و لەسەرخۆم خەون بینینەکانم نووسییەوە
لەوێ لەسەر ڕووی غەم و

لەسەر سلیکۆنی گوللە نووسیمەوە

بارانم بۆ لای گۆزەکانم دەهێنا، بەڵام پڕ نەدەبوون

فووم بە ئێسکی مردووەکاندا دەکرد، بەڵام نەبوون بە شمشاڵ

باڵندەکانم لە ئامێز دەگرت، بەڵام لێم دوور دەکەوتنەوە

داوم بە دەستەوە نەبوو

چەقۆم بە دەستەوە نەبوو

بەڵام هەڵدەهاتن

نزاکانم بڵند دەبنەوە

بەڵام دەگەڕێنەوە لام

هاوارەکانم بڵند دەبنەوە

بەڵام گەرووم دەگەڕێتەوەو لێیان پڕ دەبێتەوە

من پڕ گریان و پڕ بە فرمێسکم

مۆزەخانە بۆ غەمەکانم دروست دەکەم

پەیکەرو دارو گۆزەیان بۆ دروست دەکەم

بێ چەك بۆ لای چەکەکانم دەڕۆم

بەرزای خۆمم دروست کردو ئێوە خۆڵەکەیتان لاداو

بە هەڵدێرتان پێشکەش کردم

پەیکەرەکانی خۆم دانا بە تەوشەکانتان تێیان بەربوون

ڕۆژنامەو کتێبەکانی خۆمم نووسی ئێوەیش دڕیتانن

ئایە خوێن بە دەماری ئێوەو ئاو بە دەماری مندا دەسووڕێتەوە؟

ئایە دڵ لە لە جەستەی ئێوەو ( لوو) لە جەستەی مندایە؟

ئەوەتە شوێنەکانتان بوون بە شوێنی سەرسوڕمان و زرنگانەوە

هەرکەسێکی تێدا ماوەتەوە گۆنای خۆی بۆ سەردوێلکەیەك هەڵخستووە

جەستەی لەسەر تەختەیەك هەڵگرتووە

ئەوەتام ئاوی ڕۆژگارم بەسەر ئەم خۆڵەدا دەڕێژم
گوڵەکان بەسەر شۆستەکانەوە ڕیزدەکەم
ڕۆژێکی ترسێنەرو شەوێك دادەپۆشم بەردو پەردەگەلی لێ دەچۆڕێت
وڵاتێك دادەپۆشم ڕووت بووەتەوە
ئەو شوێنانەی دادەپۆشم پڕ لە ژەهر بوونە
بووکەشووشەکان ڕیزدەکەم پاشان لەژێر ترسمدا دەیانژمێرم
چۆن پەی بە مردنێکی لەمە جوانتر دەبرێت؟
چۆن پەی بە سەردوێلکەی لەمە جوانتر دەبرێت؟
بۆ کوێ بچین؟
لەکوێ کۆتایی خۆمان بڕازێنینەوە، کە نزیك بوونەتەوە؟
فاتە ڕەشەکەم بە قەد پەنجەرەیەکەوەیە،
فاتە ڕەشەکەم بە قەد بالکۆنێکەوەیە تەنیا کورسی پەککەوتەی لێیە،
فاتە ڕەشەکەم بە قەد دیوارێکی درزبردووەوەیە
چی لێرە ڕوودەدات؟ چی لەوێ ڕوودەدات؟ گومان کردنەکان چییان کرد؟
شێتایەتی لە پەیڤەکانم و لە بەردەکەم دادەکەون
شێتایەتی شەقام و ماڵەکان تەڕ دەکات
خوێنێك لە مێژووەوە هاتووە چوون وەڕین ڕۆژو قاپ و قاچاغەکانم دەشکێنێت
خوێنێك جاڵجاڵۆکەی ئاسنینم دەچنێت
خوێنێك چوون تێلی شارێك دەورەی ڕۆژەکانی داوم و چاودێری نەوەکانم دەکات
منارەکان خوارن؟
بۆچی منارەکان خوارن؟
ئایە بەسەرماندا بەردەبنەوە؟ ئایە ئەمە کۆتاییەکەیە؟
چۆن ئەو منارانەمان دروست کرد کە ناتوانن غەمەکانم بگەیەننە ئاسمان
ناتوانن گوێ بگرن ناتوانن هیچ بکەن تەنیا گریان نەبێت

قامیشەکەم لەنێوان هەردوو پێمدایە پێی دەسووڕێمەوەو
بە قەد دیواری ترسی خۆمدا دەکێشم
چوون بالوولێکی ساختە.
هیچ هێلێك لە پێش نییە ئەوانە نەبێت کە سمی گامێشەکان کێشاویانن
ئەوانەی لە ڕابوردووەوە تەکان دەدەن و لە بەردەممدا چوون تەپۆلکە کەڵەکەیان بەستووە.
بێ بنمیچی باران
بێ سەیوان و بووکەشووشە
دەزووەکان بەرەو لای من دەهاتنە خوارەوە
منیش بووکە شووشەکانم پێوە هەڵدەواسین و
گۆرانی مندالًیم بۆ دەچڕین
بێ پێلاو
کەمانچەو شمشاڵ و کەنارەکەم دەبەم
کێلەکەم خۆم هەڵدەگرم تا سەرگەردانیی مردنی خۆمی لەسەر پاشەکەوت بکەم
بە مکیاژی تەواوەوە بەرەو لای ڕۆژەکانم دەچم
پێم بە هێڵ و ڕەنگ بۆیە دەکەم تا بزرنەبم
بە قەپقاپێکەوە دەچمە ناو شارەوە
تەنیا مۆمە ڕەشەکەم هەڵدەگرم
دایکم لە پێشم هەڵدێت
باوکیشم هەڵدێت
براکەم هەڵدێت
کوڕەکەم هەڵدێت
بەڵام هەردەچم بۆ ئەوێ و شتەکانم لەسەر شانم دادەگرم و
دەچمە ناو گۆڕەکەمەوە
هەور بەسەر خۆمدا دەدەم

کێلەکەم دادەنێم

تەنیا مۆمە ڕەشەکەم دادەگیرسێنم و

دەنووم .. دەنووم

تا هەتایە دەنووم.

# 3.وڵاتم بە فرمێسکەکانم شوشت

پێپلکەیەك بڵندم دەکاتەوە تا سەیری کۆستەکە بکەم و بگریم
پێپلکەیەك دامدەبەزێنێت تا فرمێسکەکانم بسڕم و بێمە گۆ
زرنگانەوەی گۆرانیەك لە کاتی منداڵیەتیی ئەم وڵاتەوە
لە قەدی دارەکان و قەدی ئێمەیشدا دەنگ دەداتەوە
لەگەڵ شەونم بە قەد لقە دارخورماکانەوە
تەنیا ئاگرە سەونی گەردوون و مەوداکەی دووبارە دەکاتەوە
چەندەم مۆم بینی فرمێسك کوژاندنیەوە
چەندان سەتڵە مسم بینی شیریان تێدا دەشڵەقایەوە
لەگەڵ چەندان کۆمەڵە خەڵك بەرەو ڕێگەی ژانەکانمان دادەبەزین
هەنگاوەکان زۆرتر بوون، بەڵام ڕێگەکە درێژە دەکێشێت
من گیرۆدەی گۆرانییەکم لە کاتی منداڵیەتی ئەم وڵاتە دەگوترێتەوە
بەڵام گەرووم نووساوە
دەستیشم پڕ لە دڕك
بەیداخەکەم بەسەر ڕووباری ئازارو ژانەکەمەوە دەشەکێنمەوە
ئاوێنەکان بەسەر ئاودا دەنووشتێنمەوە
کوڕەکەم .. ئای کوڕەکەم کەمێك ڕاوەستەو مەمرە
ڕەنگە ڕزگاربوونی من لە پاشماوەی مۆمەکانتدا بێت
کەمێك ڕاوەستە...
کتێبەکەت بەسەر ئاوەوە ڕاخە
هەردوو دەست و دەم و چاوم بسڕە

**به لقه کۆنەکە لێمان هاتنە پێش، مانگە خواییەنەکەمان،**

**کە زینەکەی لەسەر پشتی مێژوو داناو ڕۆیشت**

**بە جوانیی جۆرەکیمان و بە زۆربوونی هزرمان**

**هێرشیان کردینە سەر**

**بەڵام خۆشەویستیمان بە خاچی چەوتاوەی مێینەوە هەڵواسراوە**

**سروودەکانیشمان لە هێماگەلی نێرایەتی و بەپیتیدا**

**چۆن سۆزی خۆمان لە تونێلەکانی بیابان ڕزگار بکەین؟**

**تەنیا وشەکان چوون تۆوی گوڵ بەسەر ئاوەوە ڕیزدەبن**

**بینیم دەزووەکە لەنێوان ڕووەك و نێوان مندا بەیەك دەگەیەنێت**

**جلەکانم لە کەنارێکی چۆڵدا بینی چوون بەیداخ دەشەکانەوە**

**ڕابوردووم بینی لێك دەترازاو کرم لە درزەکانییەوە دەهاتە دەرەوە**

**سەرم لەسەر بەردێك داناو گریام**

**ولاتم بە فرمێسکەکانم شوشت**

**تا لەناو پشکۆی دەربچێت و سارد ببێتەوە**

**لەویٚ لە کەناری وشەکان پاپۆڕەکان بردمیان**

**تەرازووەکەم فێنك بووەوە**

**جلەکانم، فڕیٚ دایە ناو دۆزەخەوە، کە لە ماوەی سالێکدا هەر ئەوانم لەبەردەکرد**

**لێرە هاڕەهاڕی مەرگ چوون ئێسکی شکاو کەڵەکە بوو**

**لێرە لەنێوان هەڵدێرێك و هەڵدێرێکی دیکەدا لەترم برد**

**سواری تەنیا هێسترەکەم دەبووم و لە قەراغ هەڵدێرەکە لەگەلّی دەبووم**

**بەسەر پشتی هێسترەکەمەوە بووم و دەمنووسی**

**دەمنووسی چونکە بێجگە لەم نووسراوانە هیچ پشت و پەناو هیچ ڕزگاربوونێکم نەبوو**

**ئەی کێلوونەکان سەر بلّند بکەنەوە**

**ئەی دەرگاکان ئێوەیش یاوەریان بن**

ئەمە کوڕەکەمە هەردوو پێم لە تۆڕەکە دەردەهێنێت و
زۆربوونی پرچی سپیی سەرم ڕادەگرێت و
بادەی ترێم پێ دەدات
***
دەنووسم چونکە هیچ پشت و پەناو ڕزگاربوونێکم نییە تەنیا ئەم ڕازانانەوە نەبێت
تۆ داتهێنام پاشان پەشیمان بوویتەوە
منیش بە زمانی تۆوە هەستام و قسەکانی تۆم بڵاوکردەوە
ئەوەیش ڕۆژنامەو کەرپووچ و کەنیزەو گۆزەو گەشتگەلی لێ کەوتەوە
ڕەنگە بە داوەکانت کە لە ئاسمانەوە شۆڕبوونەتەوە چزەت لە زمانم هەڵستاند
ڕەنگە دەریای نزماییەکانت ورووژاندم
من هی تۆم و تۆ هی منیت ئەی ئەوەی لەم فیتنانە شکستت خوارد
نهالەکانتم بۆ ئامادە بکەو بەروبوومەکەیش پیرۆز بکە
گوڵ داپپۆشیویت و تۆ لە بەردەممدا بە هەموو لایەکدا دەڕفێنرێیت و
بخوێنەو بخوێنە
با بڕۆی بەرەبەیانت بۆ داگیرسێت ئەی کوژراوو ڕفێنراوو کۆچەرو شکاو
با مۆمەکان داگیرسێن
با تۆ داری بەیداخ و تەواوکەری بەیداخەکەم بیت
ئەی نێرراوی شەونمی ناو دەمارەکانم
ئەی ترپەی ناو نانە قوڕاوییەکەم
مەینەتییەکانمان ڕیزیان بەستووە بە داردەست سەرقاڵم کردوون
گڕە ژەهراوییەکە مۆڵەتی پێ نەدام بۆیە باڵم شکاو
ڕۆژنامەکانی (ئارام)م لەناو چاوی دڵمدا هەڵدایەوە
بۆچی بەم شێوەیە واتا خۆی شاردەوە؟
لە نزیك ڕووبارێك و لە نزیك زرنگانەوەیەك

من ژانەکەی خۆمم بە کۆڵەوەیەو بە وڵاتگەلێکدا دەسووڕێمەوە نایاننناسم
تا وێنەی ئاخ و داخ لە لەکانیان دەربهێنم
بەناو خوێنێکی ئەشکەنجە دراودا نەگەڕامەوە
گۆشتەکەم مسەکەمەو
پشت و پەنام لە خۆمدایە
ڕۆژەکانیش لە پێشم قاودراون
خەونەکانم لەبەر دەروازەی شارەکاندا زاوزێ دەکەن
کاتێك بە شەمەندەفەر، یان پاس
یان بە سواری ئەسپێکی نەخۆش دەچمە ناویانەوە
وام لێهاتووە بە هەموو تێلە دڕکاوییەکاندا هەڵدەگژێم
خۆم بە قەڵاکان و
بە نەبەردییەکان دەناسێنم و
گومانیان لێ دەکەم
چەندان کەللە سەریان لەژێردا دانران؟
چەند خوێنیان لە پێناودا ڕژا
هەر هەموو ئەوە لەپێناوی درۆدا
نە لە پێناوی مرۆڤدا.
لەگەڵ باڵندە بچکۆلەکەمدا دەدوێم کە بە قەد پەنجەرەکەوەیە
پێی دەڵێم: بۆچی ئێمە لەناو قەفەزداین و
تۆیش ئازادیت؟
لە پێناوی ئەوەی بە باڵای تارماییەکاندا هەڵنەدەین
دەبێت ورد لەوە بڕوانین کە باپیرە ڕووخۆشەکانمان کردیان
ڕەنگە پۆستەکەی خۆیان بە پاکژی بۆ ڕەوانە دەکردین

بەڵام وردبوونەوە لە مۆرپەنجەیان ئەو جۆرە خوێنەی پیشان دەدا کە تازە لە داگیرکارییەکانیان گەڕاونەتەوەو شوشتوویانە
بە چەندان ناوو بەیداخی سەیرەوە
لە کوشتن و کوشتار پێ درێژییان کرد
ڕێگەکانیان دەبینم پڕ لە دڕك و تۆزو گەردە
بەردگەلێکی زۆرم پێویستە فڕێیان بدەمە ناو کۆنە ڕووبارەکانەوە
تا تەرمەکان سەر ئاو بکەون و هەڵەکانیش دەرکەون
بە چاوی فرمێسکاوییەوە پێم نایە جیهانەوە
بەڵام گوڵێك بە قەد کراسەکەمەوە پێدەکەنێت
ئایە باسی بەهاری دادێ بکەم ... بەهاری شتە شاراوەکان
یان بەرەو لای کانییە بە خۆڵەمێش پیس کراوەکە وەرسووڕێمەوەو
لەگەڵ ئینکیدۆدا بگەڕێمەوە
بۆ ڕیزی گیانلەبەرەکانی کە لەسەر ئاوەکە ئاپوورەیان بەستووە!
وەك بڵێیت بەهار بەرەو لام وەرسووڕایەوە
دەستنووسەکانم بە کۆڵی هێسترەکەوە بیرچوون
کێ بروسکەکەم دەگۆڕێتەوە
کێ ئەم تەپۆڵکە جوانیانەم لەگەڵ هەڵدەگرێت تا خەڵك بیانبینێت
پشتوێنەکەمت بۆ دەگێڕمەوە
پەیکەرەکانت بۆ دەگێڕمەوە کە ڕۆژە ڕەشەکان هەڵیانکۆڵیون
تا لە ڕێڕەوەکاندا بیانشاریتەوە
من لەناو خۆڵەمێش ڕاوەستاوم
بەڵام گوڵەکەم دەم دەکاتەوە
ئەو وشەیەی لە زاری ئەوەوە دەرچوو فەرمانی پێ کردم بتانسووڕێنمەوەو بڵێم:
ڕێ بدەن شەونم بچێتە گیانتانەوە

فێری نوێژکردنی بێ دەنگ بن
چەك لە پشتوێنتاندا دامەنێن و بچنە دەرەوە تا تەوقە لەگەڵ خەڵکی بکەن
ڕووەکەکان ئاو مەدەن کاتێك ژەهر ئامادە دەکەن
وڵات پڕ لە پەڕۆو پاتاڵی زەرد و سوورو سەوز مەکەن و
درۆیان لەسەر بنووسن، چونکە پاشتر وڵات پڕ لە پەڕۆی ڕەش دەبێت.
ئەمڕۆ قسەتان لەگەڵ دەکەم و سبەینێ نایکەم
چونکە ئەگەر ئەمڕۆ نەبیسن ئەوە بە خۆتان و کوڕەکانتانەوە سبەینێ هیچ نابیسن.
وەرن ئەم بیرە ڕەشانە پڕبکەنەوە
وەرن ماڵ بۆ خۆتان هەڵکەنن و گۆڕ هەڵمەکەنن.

# 4.دیارییەکانی فریشتە

فریشتە سندووقەکەی کردەوەو ئامێرەکانی کێش و ڕێتمە ئاسانەکەی و ڕۆژنامەکانی دەرهێناو پێی گوتم: من بۆ ئەم غەمانەی تۆ خەفەت دەخۆم، فریشتەکان لەگەڵم گریان و فەرمانیان پێ کردم دابەزم و سەرت لێ بدەم و گریان من بە هەردوو چاوم تینووت و بە ئامێرە میوزیکەکەم سۆزت بشکێنم، مرۆڤ بە چەك نابێت بە مرۆڤ و پێی سەرناکەوێت، یان باڵادەست نابێت. گریان من بەزەییم بە دوژمنەکەتدا دێتەوەو بە فرمێسکەکەت دەڵێم بۆ کانیی خۆی بگەڕێتەوە کە لەناو ڕوحتدایە، ساختەیی لە پەنجەکانت لادە هەردوو چاوت دەگەشێنەوە، گریان من بادەکەم دەکەمە ناو پەرداخی دوژمنەکەتەوە، بەشکو مەستت ببێت و ئاوڕدانەوەکەی تۆ ببینێت، چونکە ئاوڕدانەوەکەت نابینرێت، ئەو کات نەبێت کە بەرانبەرەکەت خۆشنوود بێت، گریان من لەگەڵت لەژێر گومەزییەکاندا، هەروەها بۆ کوختەکەت و خانووی بیرەکە کە هی بیرەکەیەو بەرەو نزمایییەکان کە لەناو نزماییەکاندان و بەرەو ئاوە قووڵەکە کە لە پشتی خەڵکدایە و لەوێ لەسەر خاکی خواوەند نوێژم کردو بەیداخی سپیاتیم بە سنوورەکاندا بڵاوکردەوە، گریان من کۆت و بەندەکەم بۆ خستیتە خوارەوە تا خۆت لە خوارەوە ڕزگار بکەیت و بڵند ببیتەوەو بەو شێوەیە بچیتە ماڵی دەرزی و تێیدا دانیشیت و سەیری هەر کەسێك بکەیت تێپەڕیت تا درزێکی گەردوون دەدروێتەوە، یان کراسێك پینە دەکات، هاوکات بەرەو شانە هەنگوینت دەنێرم لێی بخۆیت و بڵێیت: بۆچی؟ ڕۆژ لەناو قوڕی لای خۆت ماوەتەوەو شەویش لە نزیك و لە دوورت نەزۆکە هەروەها بۆ ئامێری ڕووناکی ڕووت و شمشێرەکەت تا هەتایە دەکەوێت گیاندارێکی پێ مەکوژەو ژیانێکی پێ کۆتایی مەهێنە، ئەی گێل فەرمانمان پێ کردیت بە ئاگە بێیتەوەو بزانیت کە زەوی هەموو ماڵی خۆتەو خانووەکەیشت ڕووناکییە. هەردوو ڕووبارەکە لە ئاسمانەوە هەڵقوڵان و چوونە ناو جەستەی تۆوە، مەیانبڕەوە، دژلە ببەو دارخورمایەکی پێ ببەستەوەو دەستنوێژ

هەڵبگرەو فرەهات ببەو بە جەستەی خۆتەوەی لوول بدەو نوێژ دابەستە. هەروەها بۆ لای شادیت پێش خۆم دەدەم پاش ئەوەی بەناو ڕووبارەکانی خوێندا ڕۆیشتیت و بەرەو چاکەکان تەپۆڵکەکەی خۆتیان پێ بڵند دەکەیتەوە، هەروەها بەرەو تووری بەرەبەیان کە هی بەرەبەیانە و هی خۆشەویستییەو ئەوەی هی خەونبینینە بۆ خەونبینینە و ئەوەی بۆ هەڵکردنی بایە بۆ هەڵکردنی بایە، چەند هەواڵێك دڵم لە بەڵێنەکەت ئاگەدار دەکەنەوە، ئەگەر چاوت بەر لە گوێت کەڕدەکەیت و دەنوقێنیت، لەئەژمەتی ئەو کارە دزێوانەی دێن و لەبەر ئەو هەموو وڵاتانەی زینت کردن، تۆ پاسەوانی دەم و چاوی پرشنگداریت، نوێژت باڵندەیەکە و ناڵەو نرکاندنت پەیڤێکە ماسیی مردووی ناو دەریاکان زیندوو دەکاتەوە، هەر حەوت ئەسپەکە لە (هەلەکووت)ت ڕزگاردەکەن و بەرەو سەکۆکەت لە پێش دەدەن و ڕایدەگەیەنیت کە

لەئێستە بە دواوە هیچ خوێنێك لە گەمانەکانت و

هیچ خوێنێك لە هەردوو دەست و

هیچ خوێنێك لە ئاسماندا نییەو

ئەوەی بوو نەنگ بوو

شەرمی لێ دەکەین ئەگەرچی پێمانەوە نووساوەو ئەوەیش نە لە پارەکانمان و نە لە باوکمان و نە لە کوڕەکانمان نابوورین. تۆ خاوەندی گوڵەکەیت بە هەموو لایەکدا لەگەڵ خۆتی دەسووڕێنیتەوە.

فریشتەکە پێی گوتم کە گەنجینەکانی کردەوە: لە کوورەی سەختیدا تۆم هەڵبژاردو لەسەر ناولەپم ڕازاندمیتەوە، تۆیش بوویت بە خەمرەوێنم دڵم پێی خۆش دەبێت، بەڵکو زۆرتر بوو. داوەکان چنران و تاریکی کراو ڕێگەی مەشخەڵەکان کرانەوە، تۆیش بە ناویدا مەڕۆ کەست تێدا نییە دادت بدات ئەگەر فریوی دایت و باڵم ئەو کەسە داناپۆشێت ڕقی لە جوانی دەبێتەوە، بۆیە لێمی دوور بخەوە. ناوێك لە ڕۆژهەڵاتەوە تۆ، ئایە بڵێم تۆ خەونبینینی خواوەندیت، برینێك لە تاریکیدا چزە هەڵساندنە لە چاوو ڕووناکی و ژان و ئازارت وەك ئافرەتێکی ژانگرتووی لێهات و دەتبینم بە دیار وتەکەتەوە بێداریت تا ئەوەندەی دی بەسۆزتری بکەیت و دەبینم غەمەکانم لای تۆ لە زارێکەوە دێنە دەرەوە زیڕی لێ دێتە دەرەوە

و، بەرەو ماڵی ئاوازدانەر ڕۆیشتیت تا غەمناکانی ڕادەست بکەیت و قامیشەکە بوو بە قیبلەت. ئەوەی گوێی لێ گرتیت گوێی لە مانگ گرت، ئەوەی بینیتی ئەو کولتوورەی بینی بۆت بەجێ مابوو، بڵندایەتییەکانت لە ئاسمان دانراون و چرپەکانت لەناو کتێب، ناوێك لە ڕۆژئاواوە تۆیت و شوێن ژانەکانت هەڵگێڕایەوەو شەونمت ورووژاند، هەرچی بەزەییەکانتن شادومانی و خۆویستین، بادەت لە گوشێنەرەکاندا پەکخست و خستتە ناو درکاندنەوە، غەمگینیت بەڵام دڵنەرم و دەست بڵاویت، بەڵکو خۆشاوێکمان دەرخوارد دەدەیت، چونکە من بە خۆم لە تۆدام و تۆیش تەنیا پەرداخەکەتیت، ڕاستە لە وردوخاشەکاندایە، بەڵام دەبریسکێتەوە. لەوێوە ئەی داڵی باکوور وشیارت دەکەمەوەو لەگەڵت سەیری هەردوو ڕووبارەکەت دەکەم خوێنیان لێ کزر دەبێتەوەو سەرلەنوێ ئاوەکەیان پیرۆز دەبێتەوە. ببنە ڕەنگی لەوەڕگەکان بەڵام ببە بە لق و پیرۆزێك لە ئاسماوە هاتبێتە خوارەوە. ئەی چاوم سەیرێکم بکە، چونکە تۆ لەسەر چاوان بەبێداری و پەیڤەکەت دەژییت. ئەگەر ڕووباری دەرچوون لە ژێرەوە بناسم، ئەگەر کەمێك پلەی گەرمای لەشم دابەزێت، گڕگرتنم کەمێك ڕێك دەخەم و بەسەر ڕێگەی چوونی ڕووەکە پاقلەییەکاندا شۆڕ ببمەوە، ئەگەر ئەسپەکە لای ماڵەکەت ببینم بەسەر بەرزاییەکاندا سواری کردبیت و خوێنت لە خۆشەویستیدا باوبێت، لێوەکان و زمانت پەیڤگەلێکم پێ دەڵێن هی گوڵ و شەونم. ماڵەکەت بۆ شەبەنگی من بەرینتر کردو بە تۆ لە مەینەتییەکانمدا پرسەم گێڕا، بۆیە لەگەڵم وەرە، دەستت لەناو دەستم و شانت لەتەك شانم و لەسەر لێوار هەڵدێرەکە خانوویەکم لەگەڵ دروست بکە تا سەرلەنوێ ببێتە ڕووناکییەك لەسەر سکی تاریکی، لەناو خۆڵدا گەوزاو، یان بەسەر ئاوەوە لەگەڵ گوڵدا وڕینە دەکەیت، چی بەم هەموو دەرزیانە دەکەیت؟ چۆن بە قەد دیواری ڕوحی خۆتەوەیان دەکەیت، ئەدی ناترسیت! دەست بەسەر دەستی پەیکەرەکاندا دەهێنم، چ زێڕ، یان مس بن، دەست بەقەد نەزرەکاندا دەهێنم، شێرێك لەژێر پێیاندا لەگەڵم ڕێ دەکات و بەناو سەردوێلکەکاندا دێت و دەچێت، هەردوو لێوت کردەوە لەکاتێکدا هێشتە دوو لێو نەکرابوونەوەو باڵیش لەشەقەی باڵی نەدابوو، هێشتە بەنداوەکانیشت دروست نەکردبوو، بوونەوەرەکانیش جووت نەبووبوون. گوتت: ئای خودایە ئای خودایە.

بۆچی ڕاوەستاویت و وێلاشەکەت بە قەیچی دەدڕیت و لە پێشەوە داپۆشێك دەکەیتەوە چوون لق و پۆ شۆڕبووەتەوەو چوون نەخۆش بۆنت لەخۆت داو، قسەکانت بەو شەوە شتێکت لەمەڕ شتێك بوون. لە کوێوە ئەم مەینەتییانە هەڵدەسێنیت خۆڵت بەسەر هەردوو پێ و هەردوو دەست و دەمتەوە بەجێ هێشت و زەویش سووڕاندیتیەوەو سەرقاڵی گلێرکردنەوەی لەوەڕگەکان بوویت، بەلاّم دووکەڵێك لە خۆڵەمێشەکەتەوە بڵندبووەوە ئایە ئەم پەرداخەت بەدڵە؟ ئایە لەناو تێکەڵەی ئەلکوولەکاندا دەنوویت؟ دەنۆڕیت و پاشان بەرەو لای خۆشییەك هەڵدەستیت و گۆرانی دەچڕیت، تێیدا بەو شوێنەکانی تۆمار بکە، بۆ ناوجەرگەی مانا و گولاّوی پێدا بپرژێنە، بۆ پشکۆی گۆرانییەکان بگەڕێوە چونکە لووتەوانەکانم لە لێوت داناون و ماسییەکانی ئاوەکانیشتم بە کەفی شەپۆلەکەوە نووساندووە لەناو جەرگەی ڕووبارەکانت دەرتدەهێنم و دەستەلاّتت بۆ دادێ و دادێ دەبێت. ئەوەتەم پێی خۆم لە پێش تۆ دەنێرم ڕێگەت بۆ خۆش بکات و کەشتییە ئەشکەنجەدراوەکە لەناو شەپۆلەکاندا بڵند دەکەمەوە، ئەی پەیڤی کەمانجەکان بەسەر ڕووی ئاوەوە، ئەی گوڵی ئاگرم هاواردەکات، تۆزو گەردم هاوار دەکات، بۆچی شاعیرەکان ڕاوەستان و قسان ناکەن و سەرگوزەشتە دروستکەران خۆیان ڕادەستی خەو کرد. بۆچی مێخەکانی ڕوحت بردو ڕادەستی شێتیت کردن؟ بۆچی بالکۆنەکەم داڕووخا؟ فرمێسکەکانت چوون بەردن شووشەی پەنجەرەکانی شکاندم منیش شایەتەکانی شوێنەکەم کلۆم دان و پاش خۆم سەردوێلکەم بەجی هیشت. من لە دەرەوەی پشکۆ دەستی خۆم پێشکەش بە ئەسپەکەم دەکەم، ئەو دەستەی لەژێر ئاسماندایە بە شەونم بەستراوەتەوە چەندە بارینم بەردەوام بێت. بادە لە گوشێنەرەکەت دەکەم و بە بەرەبەیانی گۆرانییەکانم شەوت بۆ بلاّوە پێ دەکەم، باڵندەیەك ناڕەوات و هێلکەیەکم تێدا نیشتەجێ نابێت، نوێنەکانم هەڵدەگرم و پێشکەشت دەکەم، بەلاّم دووچاری مەینەتی دەبیت! تۆیەك دەستم لە کۆت دەردەهێنیت و ڕاوکەرەکەت فریودەدەیت، ئەمە فرمێسکەکانن چاودێری کەسوکارو ماڵ و کوڕەکەت دەکەن. ئەمە فرمێسکەکەمە لەسەرخۆ، لە نێوان بەرەبەیانێك و بەرەبەیانێکدا دووبارە دروستی دەکەمەوە. ئەی نغرۆی پەیڤی تەرچك. یەك سروود کۆدەکەینەوەو بەشەقامەکاندا چوون ملوانکەی شکاو ڕایدەکێشین. پێیان بڵێن: بۆچی شەوو ڕۆژ بەردی مێژوو

هەڵدەگێڕنەوە؟ سەری ئەژدیهاکانم بینی، بەسەر ئاوەکانەوە پارچە پارچە بوون و، تۆ کەفەکانت هاڕین و درزت خستە قوڕەکانیەوە، چراکەم لە دوورەوە بینی بەڵام بەسەر زینی ئەسپەکەمەوە بوو، ئەسپەکەی تۆم بینی خوێنەکەی قەد ملی دەشوشت و بە چۆڵەوانییەکاندا غاری دەدا، خۆشاوەکەی منیش بە بڵندایییەوە هەڵواسرابوو، بژێوەکانم بینی خواوەند بە دەستی منیەوەی ڕەت کردەوە تا بیدەم بە تۆو تۆیش لەناو چاڵایی ئەژنۆدایت و من لە پەنجەکانی شەقامەکاندا چون باڵندە دەگریم. بۆچی بەردی گۆڕەکان هەڵدەگێڕنەوە؟ بۆچی لەگەڵ خۆتاندا دەیانسووڕێننەوە؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە من پێویستم بە بەردە تا ئەم هەموو بەردانەم بۆ بهێنن؟ لای ئەم دیوارە توێکڵ و پەردەکانم لای کیلۆنەکانی مێخەکەمە. چۆن گۆرانییەکانی بینی، یان چۆن لق و پۆپەکانم گۆرانییان بۆ چڕیت و ئەمەیش بەرەبەیانییەکی سایەقەیەو بارانی دوورە؟ پاش من ماسییەکەم پێم دەڵێت: ئەوەتە من لە دوای تۆوە دێم بەڵام تیرەکەت دەربهێنە. سرپەی دەستەسرەکان لێویان چەوتاندمەوە پێویست بە ئاسقی، یان دەف دەکات، ئەو ئاوەی بوو بە سپێرم دەڵێت وشەیەك بۆ خۆت ببەو سەرکەوە سەر بەرزاییەك و لەوێ کلك و باڵەکانت داکەنە، پوولەکەکانت بۆ دڕندەکان فڕێ بدەو ئەوان کاتی ئێستەی تۆ نین و تۆیش ئەوانت هەڵنەگرتووە چونکە کاتێك دەردەکەویت، سەرشۆڕیان کردیت کاتێك ڕوویان لێ وەرچەرخاندیت و ئەو ڕۆژەی کتێبەکانیان لەژێر مافوورە سوورەکانیاندا لوول دایت، لە سۆزی گوڵ سەرشۆڕیان کردیت، لە دەست بەرکەوتنی شەونم سەرشۆڕیان کردیت، هەر هەموویان سەرشۆڕیان کردیت، بەڵام دوو لاقت لە کەرێ بۆ خۆت دروست کردو ڕۆیشتیت. چونکە جوانیم بەرەو لای تۆ ڕەوانە کرد هەستەو بکەوە وێزەی و خۆت ڕووت بکەرەوەو پاشان ناخت هێور دەبێتەوە، ڕێڕەوێك لە باشوورو ڕێڕەوێك لە باکوورو تۆیش سەردەکەویت و دادەبەزیت و هیچ ئاماژەیەکی فرت و فێڵ ناتچەوتێنێتەوە. پوولەکەکانت بۆ دڕندەکان فڕێ بدەو گەنمەکە ببەو لێوەی زاوزێ بکە، بۆنی مسکت تێدا دەبێت، لە پێیەکانی بەیانی قوڕ دروست بکەو پێیان بڵا چەکەکانیان فڕێ بدەنە ناو ئاوەوەو لەژێر باراندا بشۆرێن. لێرە لەم ڕووناکییە هەموو ئاشتی و هەموو بەخت، مارەکانی دڵتان پان بکەنەوەو دەرگەکانی ئەو شەڕە داخەن لە ژوورەکانیانەوە دێن. شەقامەکان پڕ لە

خۆشەویستی و جوانی بکەن و ڕێ بدەن با شیعر بە ژێر پێتان و کورسییەکاندا دزە بکات، ڕێی بدەن دزە بکاتە ناو جلەکانتان و پێستتانەوە، کاغەزەکان و گەردەکانی خۆتانی پێ بشۆن و ڕێی بدەن ڕزگارتان بکات هێڵەکانتان نەخشەگەلێکن لە چارەنووسی کوێر دەچن، هێلگەلێکن باڵندەکان دەکۆشن بە پووش دایانپۆشن، بەڵام ناتوانن، کەواتە بۆچی هەموو ئەم شتانەمان کرد؟ ئایە لەمە دڵڕەقتر هەیە؟

لە لق و پۆپەکانی ماڵەکەت ورد دەبمەوە

دەیانبینم ڕووەو زەوی لار بوونەتەوەو گەڵاو بەروبوومەکانیان لێ ڕنێنراوەتەوە

هەروەها سەرت دەبینم لار بووەتەوە

بەڵام ئێستە سەرت بڵند کردەوەو بینیمت

منیش کووپێکی سیرامیکم بۆ کڕیت تا پاشماوەی ڕۆژەکانی خۆتی پێ بخۆیتەوە

هاوکات ڕۆژنامەگەلی سپیم بۆ کڕیت تا پاشماوەی ڕوحی خۆتی لەسەر برازێنیتەوە.

# ڕۆژمێــــــر

# ( پاشکۆ )

ساڵی 2006 ساڵێکی ئاسایی نەبوو لە هەر هەموو مێژووی ئێراق، بەڵکو ساڵێکی زۆر خوێناوی بوو لە مێژووە شڵەژاوو توندەکەیدا. هەروەها لە ژیانی منیشدا ساڵێکی ئاسایی نەبوو، چونکە تا هەتایە ڕێڕەوی ژیانم گۆڕا. ئەم ساڵە سەرهەڵدانی کاری کوشتن و بەزۆر کۆچ پێ کردن و تەقاندنەوەو وێرانکاری و توندوتیژی دەستی پێ کردو، هەموو ئەو لایەنانە لە هەڵگیرساندنی ئاگری ئەم کەوڵکردنە ئادەمیزادانەدا بەشدارییان کرد چ ئەو تیرۆریستانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبوون و چ ئەو تیرۆریستانەی نیشتەجێی وڵات، تا دەگاتە تایەفەگەرەکان لە هەموو ئاییزاکان تا دەگاتە میلیشیا حزبییەکان تا دەستوپێوەندەکانی ڕژێمی پێشوو تا دەگاتە دەزگە ئەمنییە فەرمییەکان. وێڕای هێزەکانی داگیرکەر، هەر هەموویان ئێراق و گەلەکەیان وێران کرد، لەوەیشدا هەموو هێزە شەڕخوازەکان و بازرگانانی جەنگ لە جیهاندا یارمەتییان دان تا دەگاتە هەواڵگرە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان و بە وڵاتانی دراوسێشەوە هەر هەموویان بە عەرەب و ئێرانییەکان و ئەوانی دیکەیشەوە.

ئێراقیان بە ئاگرو بە خوێن سووتاندو یەکەمین بڵێسە کە ئاگری شەڕی ناوخۆی لێ کەوتەوە نزیکەی لەسەرەتای ساڵدا دەستی پێ کرد لەگەڵ تەقاندنەوەی هەردوو مەزارگەی پیرۆز لە سامەڕا، کاتێك وڵات پێی هاویشتە ناو تاریکاییەکی نوتەکی کوشتن و سووتاندن و گەندەڵییەوە.

لەناو ئێراق دەژیام، لەناو هەر هەموو ئەمانەدا، لە خێزانەکەمدا، کە لە ژنەکەم و چوار منداڵ پێکدەهات، دەکۆشام بە چالاکییە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکانم مۆمێك لەناو ئەو تاریکییەدا داگیرسێنم، پاش ئەوەی پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە تاراوگەکەم لە لیبیا گەڕامەوەو بە هەڵەدا چووبووم کە دەتوانم لە بنیاتنانی ئێراقێکی نوێدا بەشداری بکەم، بەڵام نەمتوانی لەو کارە بەردەوام بم، ئەوەبوو تیرۆریستان (مەروان)ی کوڕە ڕۆژنامەنووسەکەیان ڕفاندم لە کاتێکدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە بەغدا ڕووماڵ دەکرد.

لەم چرکە ناخۆشەی ژیانم بیرۆکەی ئەم کارە دەستی پێ کرد (غەمەکانی ساڵی ئێراق)، لەبەر ئەوەی کاتێك پاش چەند ڕۆژێك دوای ڕفاندنی کوڕەکەم چامەی (ڕفاندنی سروە)م نووسی، خۆم بینی بێ مەبەست و بێ بیرکردنەوە شیعر بۆ هەموو ڕۆژانی خوێناوی دەنووسم، پاشان

بۆم دەرکەوت کە ئەم کارە زۆر پێویستە تا ئەو ڕۆژانی تۆقین و دڵڕەقییەم لەبیرنەچێتەوەو بۆ ئەوەی نووسین ببێتە گەواهیدەری ئەوەی لە وڵاتدا ڕوودەدات و گەواهیدەری لافاوی غەمەکانم کە لەو کاتەوە تا ئێستەیش ڕانەوەستاوە.

بەم شێوەیە گەڕامەوەو بە مانگی پێشووترو پاشان مانگی دواتردا چوومەوەو بیرۆکەکە ڕاست بووەوە لە نووسینی شتێك لە (ڕۆژژمێری شیعری) دەچێت، کە سەرەتا ڕووداوەکانی ئێستە ڕوومالّ دەکات و هەندێك لە ڕووداوە گرنگە نزیك و دوورەکانی ڕابوردوو بیردەهێنێتەوەو، ئەو ڕووداوانەیش تێکەڵ بە ڕابوردوو و ئێستە دەکات کە لەو ڕۆژەدا لە ژیانی خۆمدا ڕوویان داوە کە هەرگیز ڕۆژی ئاسان نەبوون، چونکە توندوتیژترین و ناخۆشترین و تاریکترین ڕۆژانی ژیانی خۆم و ژیانی خێزانەکەم بوون.

لە یەکەمین ڕۆژی شوباتی ئەو ساڵەدا کوڕەکەم ڕفێنراو، پاش سێ هەفتە ڕووداوەکانی فیتنەگەری تایەفی دەستیان پێ کرد... لەناوەڕاستیشیدا سەری تیرۆر کوژراو لەو ماوەیەشدا ڕووباری خوێنی ئێراق کەوتە ڕێ و، بە لەسێدارەدانی دیکتاتۆریش کۆتایی هات.

بەم شێوەیە بوو بە گولۆڵەیەکی سفت و سۆڵی ڕووداوگەل چوون تۆپێکی ئاگرین غلۆر دەبووەوە تا دەهۆڵە تراژیدییەکانی بلێسە بستێنن و بکشێن و لەگەڵ خۆیاندا هەموو کێلگەکان بسووتێنن تا وەك ئاگرێك، یان بوومەلەرزەیەکی مەزن دەربکەون.

لەم پرۆژە شیعرییەدا، کە گرنگترین شاکارە لە مێژووی شیعرمدا، کۆشاوم هەر هەموو ئەم ڕووداوە گشتی و تایبەتی و مێژووییانە تێکەڵ بکەم تا داستانێکی لێ دروست بکەم تاریکترین ڕۆژانی مێژوویانیان بیربخەمەوە، چونکە ئاسان نەبوو ئەو ساڵە تێپەڕێت بێ ئەوەی لەچوارچێوەی کارێکی داهێنانەوە تۆماربکرێت.

(غەمەکانی ساڵی ئێراق) جۆرە (چامەی درێژی شیعرییە) کە کتێبخانەی عەرەبی تەواو لێی بێ بەشە، کە دەشێت جۆرێکی دەگمەنی جۆرەکانی شیعر بێت، هەرکە شاعیران بەستی دوودڵی بەرانبەر تێپەڕێنن، تا سەیری کات بکەن لەو ڕووبارەیان کە ڕووداوەکانی ئێستەو ڕابوردوو تێژ لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێت.

ڕاستە من نووسیومەو دەستم بەسەر برینە خوێناوی و پشکۆ گڕگرتووەکەمەوە بووە، بەڵام بە ڕادەی بایەخدانم بە دیمەنی ڕۆژانەو گرنگیی واتاو ڕوونیی مەبەست، کۆشاوم ئەوەی لەگەڵ خۆمم هەڵگرتووە لە جوانکاری و ڕوحیەت بۆ خزەمتکردن و پاراستن و بەرزکردنەوەی ئەم کارە تەرخان بکەم بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو ڕاستەوخۆیی و ساکارییەوە، بە تایبەتی پێش ئەم کارە سێ کۆشیعری دیکەم نووسیبوو، هەر هەمووم بڵاوکردوونەتەوە، بە دووردرێژی ڕووداوەکانی هەنووکەی تراژیدیانەی ئێراقم تێدا چڕکردووەتەوە کە بریتین لە : (میوزیك بۆ ڕووخاندنی دەریا 1985) و (مارو پێپلکە 1993) و (فیلمێکی زۆر درێژ 2003)، بەڵام ئەم کارە بۆن و بەرامەو پێکهاتەیەکی جیاوازی هەیەو خوێنەر بە ڕوونی و ئاسانی هەستی پێ دەکات.

لەم ڕۆژژمێرەدا وێنەیەکی پوختەی ئەو ڕووداوە گشتی و تایبەتییانە دەخەمە ڕوو کە لە هەموو مانگێکدا ڕوویان داوە کە بەشداری دارشتنی کارە شیعرییەکەیان کردووەو هەندێك ڕوونکردنەوەیش دەخەمە ڕوو کە هەندێك لەو شتانە ڕوون دەکەنەوە کە لەناو دەقەکەدا تێیان ناگەن، یان پێویست بە شیکردنەوە، یان ڕوونکردنەوە دەکەن.

# کانوونی دووەم

ئەو سەرانەی سەر ڕووی ئاوی دژلە کەوتن، هوشدارییەکی دژواری لەمەڕ خوێناوی بوونی ئەم ساڵ بوون، پاشان چاوەکانی گورگەکان لە یەکەمین بەرەبەیانیدا کرانەوەو، عەلی کوڕم بە ژاراوی بوون کەوتە ناو دۆزەخێکی ژان و ئازارو لەرزو تایەکەوە کۆتایی نەیەن... ئەریٚ ئەوە چی ڕوودەدات؟

لەناو هەوری دووکەڵدا سەری ئەندازیاری بەغدام بینی کە لەگەڵ سەرەکاندا سەرئاو کەوتبوو، ئەوەی ڕاگەیاند کە دوازدە سەرن، وەك بڵێیت هێمایەك بۆ مانگەکانی ئەم ساڵ بێت کە بەسەربڕاوی ڕووی ئاو کەوتوون. لەکاتێکدا چەکدارەکان چوون گا دەڕژانە شەقامەکانی بەغدا و تەقەیان لیٚ دەکردین و بەر تۆڕەکانمان دەکەوتن، لەبەر چەند هۆکاری دیکە، هەر یەك لە عەباس جەمیل گۆرانیبێژی گۆرانییە دێرینەکانی بەغدا لە شاری بەغداو هونەرمەندی شێوەکار زیاد حەیدەر لە هۆڵەندا مردن: میوزیك خۆی ڕانەگرت، تابلۆکان خۆیان ڕانەگرت.

بە خێزانەکەمم گوت تۆفانی ئاگر دەمانخوات و منداڵەکانیشمان هەڵدەلووشیت ئەویش لە پرمەی گریانی دا، هاوارم بەسەردا کرد: بۆ ناو منداڵدانی خۆتیان بگێڕەوە ئەگەر ناتوانیت لە پریشکەی ئاگریان بپارێزیت، بەڵام ویٚ سەری دانەواندو چەند تارماییەکی لە ماڵەکەیدا بینی گومبەتانێیان دەکردو شەمشەمەکوێرەیش پڕ درزەکانی تەلارەکە بوون کە لێی نیشتەجیٚ بووین. لەکاتێکدا حاجییان بەرەو ماڵی خوا دەڕۆیشتن ئۆتۆمۆبیلە مینڕێژکراوو بۆمبەکان پێیاندا تەقینەوەو بوون بە تەرم و بەرەو ماڵی خوایان بردن، ئەو کات چاوی گورگەکان لە هەموو شوێنێك لەنزیك چاوی مەڕەکانەوە بوون.

منداڵەکانمان هاواریان کرد: بەسە جەنگ، بەیانییەکی بیٚ فڕۆکەمان دەوێت، بەیانییەکی بیٚ هوتافمان دەوێت. چەکدارەکان سەرانسەری وڵاتیان تەنیبووەوە، تەنیا سوپایەکی لاواز، یان پاشماوەی سوپایەك مابووەوە جەنگ و سەرکێشی سەربازی تێکیشکاندبوو. ڕووبارە دێرینەکان هاوارەکانیان لە نرکان و ناڵاندنێکی بەردەوامدا دووبارە کردەوە، ئەو کات دەبوو دەرك بەوە

بکەین کە ئەو ڕووبارانەی وایان کردبوو خاکمان بەپیت بێت، بوون بە شوێنی مەرگ و خوێن و لێمان تووڕە بوون.

لەم لافاوە ورووژم هێنەرانەی لەناوچوون و سەرکوتکارییەوە، بە ڕفاندن و کوشتن، مامۆستایانی زانکۆو ڕۆژنامەنووسان و زانایان و ڕۆشنبیران لەناوچوون و بزربوون و نەمان و هیچ لەخۆیان دڵنیانەبوون، ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان جلی ئێراقییان دەپۆشی کاتێك کاریان دەکرد، لەگەڵ ئەوەیش لەم مانگەدا لێیان ڕفێنران لەوانەیش جیل کارۆل.

هێلکەی مارەکان لە تەلارە چۆڵکراوەکاندا دەرکەوتن و لەگەڵیاندا مردن سەری هەڵداو ئێمەیش دەرکەوتین بە شەقامەکاندا بەدوای نەوت و غازدا هەڕامان دەکردو، لە ناو قوڕو لیتەدا دەچەقین و دەردەچووین و چەندان تۆن نەبەردی ساختەمان بە کۆڵەوە بوو. جەنگە زاوزێکەرەکەمان لە شەقام و ماڵ و لادێ و شارەکان و بیابانەکاندا هەر زاوزێیان دەکرد.

کاتێك جەژنی قوربان داهات هەموو لە کاوڕ دەچووین بۆ سەربڕین و قوربانی ئامادەکراین و کۆتەڵەی غەمەکان سێبەری بڵاوکردبووەوەو، دەمویست نەخشەی وڵات بدورمەوە کە دڕابوو بەڵام نەمتوانی، چونکە دەرزییەکەم کول بووبوو، هاوکات وێژدانەکان و چاوەکانیش کوێربووبوون.

کاتێك ڕوخساری هاوڕێی شاعیرم ڕەعد عەبدولقادر بیرکەوتەوە شمشاڵە لەکارکەوتووەکانی بە دەستمەوە بوون و کاتێك بەلای نەخۆشخانەیەکدا تێپەڕیم (تەشتی خوردە)م بینی کە ئەندامە پەرت و بڵاوەکانی جەستە تەقیوەکانیان تێدا کۆدەکردەوەو خەڵکم بینی لەناو ئەو ئەندامانەی جەستەدا بەدوای ناولەپێك، یان پێیەك، یان جگەرێکدا دەگەڕان تا جەستەی قوربانییەکانی خۆیانیان پێ تەواو بکەن. ئەو دیمەنە تۆقێنەربوو، بەڵگەی ئەوەیش بوو کە وڵات بەرەو ئەوە دەچوو ببێت بە کەوڵگەیەکی تۆقێنەر.

زۆر لە پیشەکان لەناوچوون، سەرتاشەکان دەکوژران، چونکە بە شێوازێکی (شەرعی) سەریان نەدەتاشی و پزیشکەکانیش لەبەر ئەوەی برینداارانی تەقینەوەکانیان تیمار دەکردو ئەوانەی لێیان مابوونەوە بەرەو دەرەوەی وڵات هەڵاتن، زاناو ئەدیب و هونەرمەندانیش ئەوانیش سەری خۆیان هەڵگرت، هاوکات نانەواو پیشەگەرەکان، ئەو چارەسەرەی تیرۆریستان بۆ خەڵکیان

دەخستە ڕوو ئەوەبوو چیلکە کۆبکەنەوە! بەڵێ بەو خەڵکانەی دەگوت کە پرسیاریان لێ دەکردن ئەوەی ئەڵتەرناتیڤ چییە: چیلکە کۆبکەنەوە!  وەك بڵێیت هەموو ژیان لە چیلکە کۆکردنەوەدا کورت کرابێتەوەو وەك بڵێیت ئەمە بەڵگەیەکی هێمای قووڵی سووتاندنی هەر هەموو وڵات بێت.

کاتێك ڕۆژی 17ی کانوونی دووەم هات، ئەوەم بیرکەوتەوە کە پێش پازدە ساڵ بەسەر ئێراق هات کاتێك ئەمەریکا، لە گەل و خاکی ئێراقی دا، لێدانێك بەرانبەرە بە حەوت بۆمبی ئەتۆمی، ئەو کات دکتاتۆر لەناو حەشارگەکانیدا لەژێر زەوی خۆی مات دابوو، تەواو وەك ئەوەی چۆن لەکاتی هەڵاتنەکەیدا پاش ڕووخانی ڕژێمەکەی، لە قۆرتێکدا لە باکووری تکریت، خۆی شاردبووەوە.

تەقینەوەکان و ئۆتۆمۆبیلە بۆمبڕێژکراوەکان پەرەیان سەندو لەگەڵیاندا کوشتن لەسەر ناسنامە زۆرتر بوو، ئاگری تاڵان و برۆو ڕفاندن و ویراکاری بڵێسەی سەندو تەشەنەی کرد. ئەگەرچی ڕەمادی لە ڕۆژئاوای ئێراق شۆڕشی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەو وەدەرنانی لە شارو لادێکانی خۆی دەست پێ کرد پاش ئەوەی دانیشتووانی ئەوێی کوشت و ماڵ و مزگەوتەکانی ویران کردن. بەڵام وڵات زۆر خێرا بەرەو هەڵدێر دەڕۆیشت و کەلووی سەتڵ خوێنی بەسەر وڵاتدا دەڕشت و، فەقیهەکانی مەرگ بڵاودەبوونەوەو بەغدایش لەناو تاریکاییەکی نووتەکدا نغرۆ دەبوو، دەرۆزەکەرەکان زیادیان دەکردو لە هەموو شوێنێك قوربانیان بەردەبوونەوە.

لە بییست و پێنجی ئەم مانگەدا ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی (مەروان)ی کوڕە گەورەمان سازکرد کە وەك ڕۆژنامەنووسێکی پەیامنێر لە کەناڵی ئاسمانیی (سۆمەرییە)ی میانڕۆی بێ لایەن و سەربەخۆ بێ ئەوەی سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی، یان ئایینی، یان ڕەگەزی، یان نەتەوەیی بێت، کاری دەکرد. تەمەنی گەیشتە بیست و چوار ساڵ، کارەکەی خۆی خۆش دەویست و بە تەنگی ئەوەوە بوو دوور لە سیاسەت و پشك پشکایەتی دوارۆژی خۆی بنیات بنێت. چەندان (سروود)م بۆ نووسی لە خۆشەویستی و ڕووخۆشی و ئامادەگیی پرشنگداری لەناوماندا، کاتێك لەسەر خوانی نان خواردن نانمان دەخوارد لەبەردەم دایك و براکانیدا پێم گوت: تۆ بەردەوام بەدبەختیت، چونکە تووشی چەندان گیروگرفت دەبیت پێوەندیت پێیانەوە

نییه، بۆیه لەم ڕۆژانەدا ئاگەت لەخۆت بێت، چونکە ڕەنگە دووچاری ڕفاندن، یان کوشتن، یان ڕووت کردنەوە بیت. لای خۆیەوە (مەروان)یش لەوە دەترسا دووچاری ڕووداوێکی لەو شێوەیە بێت، ئەو کاتەیش ڕفاندن و کوشتنی ڕۆژنامەنووسان بە ڕوونی تا دەهات پەرەی دەستاند.

ڕەنگی دیواربەندی (پەیکەری ئازادی)ی جەواد سەلیم هەڵبڕوسکابوو، لەبەر چاوی من بە شێوەیەك بوو وەك بڵێیت درزی بردبێت و لە زاری کاهینێکی ئێراقی تاریکیخوازەوە ئەوەم خوێندبووەوە کە ئەم دیواربەندە کێشەی ئێراقەو ڕوحێکی شەڕخوازی تێدایەو ئەگەر لەناوببرێت ئەو کات کێشەکانی ئێراق کۆتاییان دێت!! پێشنیازەکەی ئەوەبوو ئەم دیواربەندە بڕووخێنرێت و ڕووحە شەڕەنگێزەکەی تێدا دەربهێنرێت.. جادووبازەکان بەم شێوەیە فرت و فێڵ و ئەفسانەیان دروست دەکرد تا هەموو شتێکی ئێراق وێران و کاول بکەن.

بەتێپەڕبوونی ڕۆژان مینە لەبیرکراوەکانی ناو وڵاتیش دەتەقینەوەو خەڵکێکی زۆریان دەکوشت، ڕووبارەکانیش لە مەرگ بەدەرنەبوون، ئەوەبوو لە یەك ڕۆژدا 280 تەرمیان لە پرۆژەی ئاوی (ڕوستەمییە) دەرهێنا، بەم شێوە قەلەڕەشکە بەسەر سەرماندا دەسووڕایەوە، ئەوەبوو میدیاکار دکتۆر عەبدولڕەزاق نەعاس مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنیان تیرۆر کرد. لە لایەکی دیکەوە ویستم لەگەڵ بژاردەیەکی ڕۆشنبیردا دیمەنی ڕۆشنبیرییەکانی ئێراق لە کۆڕێکی جۆرەکی بە ناوونیشانی (ڕۆشنبیریگەلی ئێراقی) پینە بکەم، کە لە هۆتێلی (مەنسوور میلیا) سازدرا، بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرییە دێرینەکانی دۆڵی هەردوو ڕووبار، بە عەرەب و کوردو تورکمان و مەسیحی و سابیئەو ئێزدی و شەبەك و ئەرمەنەکانییەوە، لە گۆمی خوێن ڕزگار بکەم. لەم کۆڕەدا بەشداریم کردو بەشداری ئامادەکردنیم کرد، ئەمەیش دوایەمین چالاکی ڕۆشنبیریم بوو لە ئێراق.

لە دوایەمین ڕۆژی ئەم مانگەدائاوێنەکەی کانوون کەوتە خوارەوەو پارچە پارچە بوو، تیشکەکانی بە ئاسۆوە وێنەیەکی سەرسوڕهێنەریان بۆ ڕۆژی دادیَ دەکێشا، پەرچدانەوەی لە ماڵەکەی مندا هێمای ڕووداوێکی دادێی ترسناك بوو هەموو ژیانم و ژیانی خێزانەکەم تا هەتایە دەگۆڕێت.

# شوبات

یەکەمین ڕۆژی شوبات ترسناکترین ڕۆژی ژیانم بوو، ئەو ڕۆژە ڕەشە بوو کە (مەروان)ی کوڕمی تێدا لەلایەن گرووپێکی چەکداری تیرۆریستەوە ڕفێنرا. مەزەندەی ئەوەم نەکردبوو کە بینینی ڕوخساری (مەروان)ی خۆشەویست بەر لە شەوێك دوایەمین جارمە ببینم. بەیانی ئەم ڕۆژە چوارشەممە 1ی موحەڕەم و 12ی کەلووی سەتڵ، وەك جاران بە ئۆتۆمۆبیلەکەی بەرەو بارەگای کارەکەی ڕۆیشت لە کەناڵی ئاسمانیی (سۆمەرییە) لە (بەشی هەواڵەکان) لە (ناوچەی 52 لە بەغدا)، پاش ئەوە لەوێ دەرچوو کاتێك ڕاسپێررابوو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕووماڵ بکات، کە (بەرەی تەوافوقی ئێراقی) ڕایگەیاندبوو لە بارەگای (پارتی ئیسلامیی ئێراقی) لە یەرمووك بەڕێوەبچێت و پتر لە 60 میدیاکاری بانگهێشت کردبوو. لەگەڵ هاوەڵی ڕۆژنامەنووسی خاتوو (ڕیم وەید بەیاتی) ئەوێیان بەجێ هێشت بۆ ڕووماڵکردنی چالاکیی (کۆمەڵەی مانگی سوور) لە مەنسوور، لەوێ ڕیم و وێنەگرەکەیان دابەزاندو مەروان و وێنەگرەکەی و شوفێری ئۆتۆمۆبیلەکە چوون بۆ کۆنگرەکە، پاش ئەوەی کۆنگرەکە کۆتایی هات ئۆتۆمۆبیلەکە گەڕایەوە تا ڕیم لە مەنسوور هەڵبگرێت و بیگوێزێتەوەو پاشان مەروان و وێنەگرەکەی هەڵبگرێت. پاش ئەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە لەبەردەم بارەگای (پارتی ئیسلامیی ئێراقی) لە یەرمووك بەڕێ کەوت بەچەند چرکەیەك ئۆتۆمۆبیلێك ڕێگەی بە ئۆتۆمۆبیلەکەیان گرت، ئەو ئۆتۆمۆبیلە پێنج چەکداری تێدابوو، چەکەکانیان بە ڕوویاندا بڵندکردەوەو ڕایانگرتن و دەرگەکانی ئۆتۆمۆبیلەکەیان کردەوەو هەردوو وێنەگرەکەو شوفێرەکەیان لەسەر سك لەسەر عەرد ڕاکشاند، پاشان ڕیم و (مەروان)یان بردە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆیان و ئۆتۆمۆبیلەکەی (سۆمەرییە) و هەردوو کامێرا تەلەڤزیۆنییەکەیان ڕفاندو هەردوو وێنەگرو شوفێرەکەیان لەسەر عەرد بەجێ هێشت و بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتن، ئیدی لەو ڕۆژەوە

تا ئێستە هیچ شتێکمان لەبارەی ڕفێراوەکان، یان ڕفێنەرەکانەوە نەبیست و، نازانین چی بەسەر کوڕەکەم و ڕیم هاتووە.

هەر هەموو ئەمە ڕووی دا لەکاتێکدا من لە بەیانییە کۆڕێکی ڕۆشنبیریدا بووم (یەکیەتی نووسەران) بۆ ڕێزلێنانی شاعیر حەسەن نەواب سازی کردبوو. لە کۆڕەکەدا ئاماژەیەکی ساکارانەم بە تاقیکردنەوە شیعرییەکەی نەواب کرد، کاتێك لەگەڵ ڕەخنەگر عەلی فەوازدا دەرچووین تا ئەڵقەیەکی تەلەڤزیۆنی لەبارەی کتێبەکەمەوە (میتۆلۆژیانی نەمری) بۆ تەلەڤزیۆنی (ئاشوور) تۆمار بکەین، زەنگی مۆبایلەکەم لێی داو هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاندم. دەبوو ئەو چرکەیە بمرم، بەڵام خێرا دەرکم بەوە کرد کە خێزانێکم هەیە بەتەواوەتی تێدا دەچن ئەگەر شتێکم بەسەربێت، وێڕای ئەو کارەساتەیان کە بە هۆی ڕفاندنی (مەروان)ەوە دووچاری هاتوون، بۆیە هەوڵم دا خۆڕاگرم، بەڵکو بڕیارم دا هەرگیز هەرەس نەهێنم، یەکسەر لەگەڵ باوکی ڕیم هەڵمەتی پرسیارو گەڕان و پشکنین بە دوای مەرواندا دەست پێ کرد. بەڵام پاش چەند مانگێك هیچ ئاکامێکم دەستەبەر نەکرد.بەم شێوەیە سروە (مەروان)یان ڕفاند هێمای بەستەزمانی و بێ گوناهی و دلێری و جوانی و خۆشەویستی و خۆڕسکی و، لە بیرە تاریکەکەیاندا ئەوساو ئێستەیش بزربوو.

خێزانەکەم نغرۆی جۆرە مردن و غەمگینییەکی وێرانکارانە بوو، لە ترسی ئاگری تیرۆر لە ماڵەکەی خۆم بۆ ماڵی مێردی کچەکەمم گواستنەوە، ئەگەرچی هەر هەموو بەغدا بە ئاگری دۆزەخی ئەو تیرۆرە گڕی گرتبوو. ئیدی لەو کاتەوە بڕیارم دا هەوڵ بدەم بۆ دەرەوەی ئێراق هەڵێیم، پاش ئەوەی بە دوای (مەروان)دا دەگەڕێم، تا ئەوانەی لە خێزانەکەم ماون ڕزگار بکەم، لەوەیش دڵنیا بووم کە هەڵاتن بۆ شوێنێکی ئارام پێویستی بەکاتێکی دووردورێژ هەیە، بەڵام بڕیارم داو پشتم بە خواوەند بەست.

لە شوباتدا خوێنی سەرکردە عەبدولکەریم قاسم بینی پێوەندی بە ڕووباری خوێنەوە کرد (ڕووباری سێیەم) کە لە دۆڵی هەردوو ڕووباردا هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە دەرکەوت و لەم چل ساڵەی ڕابوردوودا هاژە هاژی پێکەوتووە، ئەم ساڵیش خوێنی کەربەلا لە عاشووردا زۆر سووری دلیقین بوو، هاوکات بوو لەگەڵ دەی شوباتدا، لەگەڵ کەوتنی بەغدا لەسەر دەستی

هۆلاکۆ (ئەمە چ  ڕێککەوتێکی سەیرە!) تا ڕادەیەك من کاتێك جەژنی ڤالنتاین هات بینیم جەژنێکی زۆر تایبەتیی ئێراقە بەهۆی ئەو ڕەنگە سوورەوە کە هەیەتی و جودای دەکاتەوە، کە لێرەدا ڕەنگی خوێن و ڕەنگی خۆشەویستیشە.

بەم شێوە وڵات نغرۆی گۆماوی خوێن بوو، هاوکات ئافرەتانی ڕەشپۆش لەم ڕووباری خوێنەدا دەرکەوتن سەر ڕووی ڕووباری خوێنەکە کەوتبوون و دژ بە مەرگ و بەرانبەر بە مەرگ دەکۆشان و بە ڕوخساری تۆزاوی و هەنسکەوە لەسینگی خۆیان دەدا، بۆ خۆشەویستە کوژراوو شوێن بزرەکانیان لە سینگی خۆیان دەدا کە دوو ملیۆن بێوەژن و چەندان ملیۆن جەرگبڕاو لە خوشك و کچ و ژن و دایکان و پێنج ملیۆن منداڵی بێ دایك و باوك هەن! کارەساتێکە هیچ کارەساتێك پێیڕا ناگات و، چەرخێکی بێ وێنەی نێرایەتیی ئاسنینی زستانەی بێ هاوتایە، چەرخی مەرگە، چونکە ئێراقییەکان هەموو ڕۆژێك ئێراقییەکان لە تەقینەوەکانی بناری خوێن و سووتاندنی جەستەکان لە شاییە تیرۆریستییەکاندا بەردەبنەوەو دەمرن، ئەو شاییە تیرۆریستییانەی کە ئادەمیزاد بەخۆوەی نەبینیوە، وەك بڵێیت لەبەردەم سرووتی بتپەرستیی نغرۆی دڕندەیی ناو مێژوودا بین. کاتێك ڕۆژی بست و دووی شوبات هات تیرۆریستان هەردوو مەزارگەی هەردوو ئیمام عەسکەرییان لە سامەڕا تەقاندەوە، لێرەوە فیتنەگەری تایەفی چووە وەرچەرخانێکی ترسناکەوە، ئیدی خوێن ڕشتن بە تەواوەتی دەستی پێ کرد، ئەتوار بەهجەت، ئەو کچە ڕۆژنامەنووسە ناودارە لە سامەڕا شەهید بوو، مزگەوتان سووتان و شوێنەکانی پرسەگێڕان تەقێنرانەوە، داستان و فیتنەگەری چوونە نهۆمی سەرەوەی سەرەوە.. لەکاتێکدا عوودەکەم لە ئامێز گرتبوو تا سروەی ژیان بۆ بەغدا بگێڕمەوە گریام و گولۆڵەیەکی گوماناویم بینی لەم دیمەنە ڕەشەوە دەهاتە دەرەوەو منداڵانم بینی دەیانکردە دەزووی کۆلارە وەك بڵێیت بریقەی هیوا بن لەناو ئەم تاریکییەدا، ئای لەو سەیرە، چونکە وەك چۆن سەرەتای مانگ کوڕەکەیان ڕفاندم و لەناو بیرەکەدا شوێن بزربوو، لە کۆتایی مانگەکەدا یەکەم نەوەم لەدایکبوو، کاتێك (سورەیا)ی کچم کیژۆڵەیەکی بوو، کاتێك (ڕانیا)م بە ڕوخساری بێ گەردییەوە بینی بەردێکم بینی دەبووە گوڵ.

# ئادار

بەڕاستی ئادار بەهاری مارەکان بوو، لە هەموو لایەکەوە بۆمان دەرچوون و هەموو شتێکیان ژەهراوی کردو خەڵکێکی زۆریان کوشت، ئەو کات دەرکم بەوە کرد کە ڕۆژگاری بیری کوڕەکەم درێژە دەکێشێت، بۆیە لە دوورەوە گوتم: شوێنەکەی خۆت پاك بکەوە، دەرکیشم بەوە کرد کە شەوی ئێراق هێشتە درێژە بۆیە لە پێناوی هەردووکیاندا ڕۆژووم گرت ( مەروان و ئێراق)، بەڵام کۆستەکە تا دەهات تۆقێنەرتر دەبوو و بێ باوك و دایکەکانی ئێراق زۆرتر دەبوون، ئەو کات چەندان گۆڕی بەکۆمەڵی نوێ دۆزرانەوە کە ڕژێمی پێشوو دروستی کردبوون، بێ گومان ئێستەیش گۆڕی بەکۆمەڵ هەن لەژێر دروشمی ئیسلامی ئوسولێدا لەلایەن خودی تیرۆریستەکانەوە دروست دەکرێن، وەك بڵێیت گەلێکی دیکەمان لەژێر زەویدا هەبێت. چەندان کەسی دیکە شەهید کران و، یادی لەدایکبوونی مروەی کچم تەنیا مۆمێکی کزبوو لەبەردەم ئەو تاریکییەی ئەو ناوەی گرتبووەوە، ئەوەبوو شەش ئۆتۆمۆبیلی بۆمبڕێژکراو پتر لە سەد کەسی بێ گوناهیان لە شاری شۆڕش کوشت و تا دەهات ژمارەی تەرمی بێ ناسنامە بەرزتر دەبووەوە. بەڵام ساڵی سۆمەری و ساڵی مندائی نزیکەی پێکەوە لە هەردوو جەژنی (زکمەك)ی سۆمەری و (پەنجە)ی مندائی و (نەورۆز)ی کوردیدا بریسکانەوە، لێرەدا مەروان هەر سەد ناوەکەی ئێراقی خوێندەوە، ئەو ڕۆژەیش دایکی لە میدیاکانەوە دەرکەوت و داوای کرد ئازاد بکرێت، بەڵام ئەسپە ڕەشەکان هەموو شتێك ڕادەماڵن و (میرۆی لاو) وەك پێی خۆشە لە ئیمێلەکانیدا ناوی خۆی بهێنێت، لەناو چینەکانی تاریکیدا نغرۆ دەبێت، بەر لەوەیش خۆر بگیرێت یادوەرییەکەی ساڵی 1991ی ئاڵتوون کۆپری (پردێ) تێدەپەڕێت، کاتێك دەستەڵات 155 تورکمانی کوشت و بە تانك بەسەریاندا چوون و شێلانیان، بۆ ئەوەی ڕێ لە شۆڕشێك بگرێت کە لە پارێزگەکانی باکوور خەریك بوو سەری هەڵدەدا، پاش ئەوەی لە پارێزگەکانی ناوەڕاست و باشوور سەری هەڵدابوو.

ئەم مانگە بارانێك بوو ئەوەند توند بوو یادگەی کون دەکرد لە سۆزێکی بە تەوژم بۆ مەروان کە مەینەتییەکان ڕاپێچیان کردو نازانین چی بەسەر هات و، جەستەی کون دەکات بەهۆی ئەو تۆپەڵە ئاگرانەی لێوەی بەردبوونەوەو بەهۆی ئەو مەینەتییەوە کە خەڵکی لەناودەبرد.

کاتێکیش لە کۆتایی ئەم مانگەدا خۆر دەگیرێت و جادووبازێك ڕوومان تێ دەکات و سازشمان لەگەڵ دەکات و لافی ئەوە لێ دەدات کە شوێنەکەی مەروان پێ دەزانێت، بەڵام پاش چەند هەفتەیەك درۆکەیان بۆ ئاشکرا دەبێت و جین کارۆڵ لە دەستی ڕفێنەرەکانی ئازاد دەبێت، بەسەرهاتەکەی (وێ) هاوکات بوو لەگەڵ بەسەرهاتەکەی مەروان و ڕیم، کە لە جۆرە ڕێککەوتنێکی دارایی و سیاسی دەچوو. بەڵام مەروان کێی هەیە تا ڕێککەوتنی بۆ بکات؟ بێ گومان ڕفێنەرەکانی لەبیرکردنیان پێ خۆش بوو، یارییان بە ژیانی کرد چونکە ئێراقییە، هەرچی کارۆڵ بوو ئەو ئافرەتە ئەمەریکییەیە کە پارەیان بۆ دەستەبەر دەکات! ڕەوشی وڵات بەم شێوەیە، جادووگەری و دووڕوویی و دزو جەردەو ڕێککەوتن و کوشتن و وێرانکارییە.

هەست دەکەم وڵاتەکەم خەڵتانی خوێنەو، بەهارەکەی چوون ئەفسانەیەك شکاوە، ڕۆژ پێیەکانم دەدزێت و شەویش بە برینداری و ڕووتی بۆم دەگێڕێتەوە. هەتاو کەوتە ناو بیرەکەوەو باران هەورەکان بۆ دووریان برد، لەکاتێکدا گەردەلوولی مەرگ بەسەرماڵەکاندا دەخولێتەوە.

چوومە شوێنی ڕفاندنەکەی مەروان و لێی وردبوومەوە، خەیاڵپڵاوییەکانم درێژو جلەکانم شڕۆڵ بوون کاتێك هەر چوار شەقامەکانی یەرمووکم دەبڕی لەو شوێنەی لە نزیك مزگەوتی شەواف کاتێك ڕفاندیان: لێرەدا دیواری خانووەکان درزیان تێ کەوت کاتێك بەرەو دۆزەخیان لەپێش دا، لێرەدا جوانترین گوڵ بەربووەوەو، گوڵەکان سیس بوونەوە، سەیری بەردو زیخەکانم دەکرد، سەیری شوێنی تایەی ئۆتۆمۆبیلەکانم دەکرد، سەیری کیسە کاغەزینە فڕێ دراوەکانم دەکرد، دەمگوت لێرەوە بە برینداری تێپەڕی، هەر هەموو ئەم شتانە بینیویانە، دەستم پێدا دەهێنان تا بێنە گۆو شتێکم پێ بڵێن، بەڵام قسە ناکەن.

کاتێك لە ڕۆژەکانی ساڵ وردبوومەوەو، سەیری دزێوییانم کرد، لەخۆم پرسی: تۆ بڵێیت چ ڕۆژێك ڕۆژگار لەم ژیانە دەمڕفێنێت؟ خۆزگەم دەخواست بمرم و لەخۆم دەپرسی لەکام ڕۆژ لەم ڕۆژانەدا دەمرم؟ هێشتەیش چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم.

# نیسان

بابلی و ئاشووری و ئارامییەکان لە سەرەتای نیساندا بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژ ئاهەنگیان بە بۆنەی سەری ساڵەوە دەگێڕا، کە ناوی (ئەکیتۆ)یان لێ نابوو، کە لە بنەڕەتدا جەژنێکی سۆمەرییەو، لەوەوە نەریتی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی سەری ساڵەوە بڵاوبووەتەوە تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ. بەڵام نیسانی ئەم ساڵ لە دۆڵی هەردوو ڕووبار جەژنی تێدا مردووەو، دارەتەرمی (ئەکیتۆ)ی تێدا دەبینرێت بەسەر شانی شینگێڕە ڕووتەکانەوەیەو گوڵ بە مەچەکیاندا شۆڕبووەتەوەو ماسیش لەناو پێیاندا گوڵ دەکات و، لەبری گیای قەرسیلی بەسەر ماڵەکانیانەوە گیای سوور بەرچاو دەکەوێت (نیسان سوور هەڵگەڕاوە)، لە یەکی نیسان لە بەغدا جیهان دەمرێت و زەویی بیار دەمرێت، (نیسان دژوارترین مانگ)ـە لەم زەوییە وێرانەدا.

ڕەنگە (دارەتەرمەکەی ئەکیتۆ) دەقێکی واڵا بێت بەسەر ڕۆژەکانی مانگەکەدا دابەش کراوە، کاتێك دارەتەرمەکە بۆ چەند ڕۆژێك لە بەغدا لەژێر مانگی ڕەبیعی یەکەمدا دەردەکەوێت، کاتێك ساڵی کۆچی هاوکات بوو لەگەڵ ساڵی زایینی لەگەڵ ساڵی بابلی لە سەرەتای مانگی (ڕەبیعی یەکەم، نیسان، ئەکیتۆ)و کەلووی (کاوڕ) لە دوازدەی ئەو مانگەدا بوو. وەك بڵێیت سەرەتای گەردوونێك بێت کاتێك بوون لە تاریکایی تۆفان دێتە دەرەوەو بەپێی ڕۆژەکانی سرووتەکانی ڕۆژەکانی بابلی لەم جەژنەدا یەك بە دوای یەکدا دێن، بەڵام ئەمڕۆ تەواو جوداوازە چونکە وڵات بەم شێتایەتیی ئێستەیەوە دەخاتە ڕوو، ئەم ساڵ (دەنیسێنین واتە نیسان دەکەین). چەڵتووك درێژ دەبێت و گۆرانیی جووتیاران سیس دەبێتەوەو ئافرەتانیش کونەکانی خۆیان دەگرن و لاوەکانیش هەرامەکانیان دەشارنەوە، باوك کوڕەکەی بەخاك دەسپێرێت و ژنیش مێردەکەی بەخاك دەسپێرێت و بەغدایش چوون پیازێك توێکڵەکانی لەخۆی کردبێتەوە، ڕووت دەبێتەوەو (ڕووت و قووت) دەبێت!.

ویستم هەڵەکان لەسەر چوار پەلی ئەسپەکانم تۆماربکەم، بەڵام ئەسپەکانم هەڵیانگرتم و ڕفاندیانم، پاشاکان ددان بە هەڵەکانی خۆیاندا نانێن و گالیسکەکەی (مەردووخ) بێ شوفێر بە شەقامەکانی بەغدادا ڕمبازێ دەکات، تاریکی منارەکانی داپۆشیوە. لەبەغدا شا خۆی کردە هاوشێوەی هاروون ڕەشید کە لە ئەسپەکەی دابەزی و لەگەڵ دەست و پێوەندەکەیدا بە شەقامی ڕەشیددا پیاسەی کرد تا بزانێت بەغداکەی چی بەسەرهاتووە، بەڵام تەقەی لێ دەکرێت و چەکدارەکان دەردەکەون و دەست و پێوەندەکانی دەکوژن و هێرش دەکەنە سەر ڕەشیدو دەیرفێنن تا لەناو ئۆتۆمۆبیلەکانیانەوە فڕێی دەدەنە گۆڕەپانی مەیدان و لەوێوە بە نیوچە ڕووتی تا بابول موعەزەم پیاسە دەکات و ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبڕێژکراوی پێدا دەتەقێتەوەو پارچە پارچەی دەکات.

وەك چۆن بەردەکانی بەغداو ڕۆژەکانی یەك بە دوای یەکدا بەردەبنەوە، سومبولەکانیشی بەردەبنەوە، لێی دەپرسم کەی لە شاری مەرگەوە دەبیت بە شاری شیعر؟ کەی لە پەپوولەیەکی ئاسنینەوە دەبیت بە کل بۆ چاوی کچە جوانەکان؟ کەی لە شاری بڕواوە دەبیت بە شاری جوانی؟ کەی دژلەکەت سکرابی جەنگەکان دەشواتەوەو دەیانکات بە تاوەری ئازادی؟

کاتێك هەر دوازدە ڕۆژەکە لە بەغدا کۆتاییان دێت، کاتێك دارەتەرمەکەی ئەکیتۆ بە هەموو لایەکیدا دەسووڕایەوە، دارتەرمەکە بۆ سەرانسەری ئێراق بەڕێ دەکەوێت تا بە شارە ناودارەکانیدا بسووڕێتەوەو، یەکەمین وێستگەی لە بابل دەبێت، کۆنە نیشتمانەکەی خۆی، بەڵام بابل کە ئەکیتۆی تێدا پەروەردە بووە، سەربازە ئەمەریکاییەکان بە شارەکەو بە شوێنەوارەکانی یاری دەکەن، کاتێك ئەکیتۆ بە پارێزگەی سلێمانیدا دەسووڕێتەوە وێنەی ئەنفال دەبینێت، ئەو هەڵمەتە دزێوانەی داردەست و بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی پێشوو بەسەر چەند ناوچەو گوندو شارۆچکەی کوردیان هێنان و دەیان هەزار کەسیان لێ کوشتن، دارەتەرمەکەی ئەکیتۆ لەناو دارەتەرمەکانی کوردەکاندا بزردەبێت، ئەگەر ئێسکەکان شتێك بلێن، ئەگەر درەختە سووتاوەکان بێنە گۆ...بە قەد پاڵەکانەوە منداڵەکانیان چوون داو بە قەد

درەختەوە هەڵواسراون، چوون ئێسکی پاییز بەسەر ڕووبارەوە، ڕووبارەکەیش سوورەو تێکەڵ بە تاریکییەکی تەواو ڕەشە.

لە ناوەڕاستی نیساندا تاڵەگرەوەکە کە ئاوێنەی هەیە پێم دەڵێت، کە مەروان لەناو ئاوێنەکەیدا دەبینێت لە دەرەوەی بەغدا لە کێڵگەیەکدا دەستی بەستراوەتەوە، ئەوەیش دەبینێت کە دەگەڕێتەوە بەڵام هێشتە لە چۆڵەوانی سەرگەردانەو هێشتە دارەتەرمەکەی ئەکیتۆ لە نەینەوایەو سەیری ئاگر کەوتنەوەکانی دەکات، کاتێك دەگاتە سامەڕا سرووتی بووکە بە بارانێی بۆ ڕێك دەخەن، بەڵام لەبری باران خوێن دەبارێت و، مەزارگە ڕووخاوەکان دەگرین و مێژوو دەبێت بە کلاّفەیەکی سەرگەردانی دڕکین و ڕەشەبا غلۆری دەکاتەوە، ئەم جار دارەتەرمەکە دەگاتە نەجەف ئەو مانگە دەگاتە شەوی چواردەو گۆڕستانی (سەلام) وەك شایەتی مردن دەردەکەوێت، پاشان دەگاتە میسان (ئاوی مانگ) تا لەگەڵ پرسەگێڕەکاندا بەناو زەلکاوەکاندا بڕوات کە بنەچەی سەرەتای ئەکیتۆ لەوێ لەگەڵ جووتیارە کۆنەکاندا بووە، پاشان دەگاتە دهۆك کە خاچی کوردی بە گەردنی چیاکانەوەیە، کاتێك ناوی سەرکردە نوێیەکانی ئێراق دەردەکەون، بە ڕوویاندا هەڵدەشاخێم: (ئەی سەرکردەینە چی لە پێستەکانمان ماوە تا پێشکەشی ئێوەی بکەین؟ کاتێك گۆرانییەکانی دەستاڕ دەبیستم وێنەکەی دایکمم لە یادی کۆچی دواییدا بیردەکەوێتەوەو دەنگی هاوڕێی شاعیرم کەمال سەبتی دەبیستم کە تاك و تەنیا لە هۆڵەندا مرد، دارەتەرمەکە دەسووڕێتەوەو کەسوکارو خۆشەویستانی تێ دەکەون تا دەگاتە شوێنی لەدایکبوونم لە کەرکووك و دەبینێت پارچە پارچەو خوێناوییە، کاتێك دارەتەرمەکە دەگەڕێتەوە بەغدا دەبینێت خراپتر وێران بووە، ئەوانەی دارەتەرمەکەیان بەسەر شانەوە بوو هەموو شارەکان گەڕان و شوێنێکیان نەدۆزییەوە تا ئەکیتۆ بشارنەوە، پاشان لەناوجەرگەی شارە خڕە کۆنەکەدا لای کەناری دژلە لە ناوچەی عتێفییە ئەکیتۆ دەشارنەوە، کە شاعیر ڕۆژێك لە ڕۆژان ناوکی کیژەکەی بەدزییەوە شاردەوە (1991، بڕوانە "مارو پێپلکە")، تا ئەکیتۆ لەگەڵ مروەو لەگەڵ بەغداو لەگەڵ مەروان هاوشێوە بکات لە یادکردنەوەی داستانێکی دیکەدا کە بەر لە سەدەو نیوێك لە بەغدا ڕووی داوە.

# ئايار

لەسەرەتای ئایاردا تەنیا ژمارەی ئەو خێزانانەی لە شوێنەکانی شەڕی تایەفەگەرییەوە گەیشتنە کەربەلا گەیشتە 1470 خێزان و پارێزگەکان وردە وردە بەم خێزانانە پڕ بوون، وێڕای ئەوانەی بەرەو دەرەوەی ئێراق هەڵاتن... منیش هاوار دەکەم: هاوارکردنمان هەمیشەییە، ئاوارەییمان هەمیشەییە، برینەکانمان لەم وڵاتە نەخۆشەدا ساڕێژنابنەوە. کاتێکیش (کۆنگرەی ئازادی ڕۆژنامەگەری) بۆ پشتیوانیکردن لە مەروان و ڕیم سازدەدرێت، هاوار دەکەم ئەی ئەو ڕێبوارەی بە چۆڵەوانیدا تێدەپەڕیت و لەوپەڕی بێ دەستەڵاتیمدا دەڵێم: چی بە زاری پەککەوتووم بکەم، چەندان وەرزی دیل تێدەپەڕن و چەندان جەژنی سەر ڕووی ئاو دێن و هیچی دیکە، چوون تاریکاییەکی دەمامکدار، ئێسکە شاراوەکانی ناو سکمان هیچ سوودێکیان نییەو، چەندان نەخۆشیی نامۆ بەغدا دەتەننەوە.

دەبێت هەموو ئەم شارانە بەجێ بهێڵرێن، بە تەنیا سواری گوێدرێژەکەم دەبم و بەم ڕێگە باریکەدا دەڕۆم، شوێن پێی گەرد دەکەوم و، جانتاکان لە شانم و پێڵاوەکان لە پێم و سەرگوزەشتەکان لە زارم و خەونەکان لە چاوم بەردەبنەوە، کتێبەکانم یەك بە دوای یەکدا بە ڕێگەوە بەردەبنەوەو...بۆنی تەرمە فڕێدراوەکانی ناو شەقامەکان و بۆنی منداڵەکانم بەر لووت دەکەوێت کە لەناو بۆسەکاندا دەسووتێن و بۆنی ترس لەناو ماڵەکاندا تەشەنە دەکات، پاش ئەوەی لە گەڕان بە دوای کوڕەکەمدا بێزار دەبم هاوار دەکەم: کەواتە من چ سوودێکم هەیە، دەستم بە کەڵکی چی دێت ئەگەر نەتوانێت ڕێ لە کارەساتەکە بگرێت؟ کتێبەکانم بە کەڵکی چی دێن ئەگەر تا ئەم ڕادەیە بێ دەنگ بن؟ خۆم بە کەڵکی چی دێم ئەگەر نەتوانم کوڕەکەم بگێڕمەوە؟

پیاوەکان نەگەڕانەوە ماڵەکانیان و منداڵەکان نەچوونە ناو جێگەکانیانەوەو ئافرەتەکانیش وازیان لە بۆن و گوڵاوەکانیان هێنا، وڵات لە خوێنێکەوە بۆ خوێنێکی دیکە هەڵات و بەرەو خوێنێکی دیکە دەڕۆیشت، نەفرەتەکانی ڕابوردوو بە دوامانەوە بوون چوون کاهینێك تەورێکی بە دەستەوە بێت و بەدواماندا ڕابکات.

لەم ڕەوشە خوێناوییەدا تیرۆرکردنی هزرمەندو نووسەر قاسم عەبدولئەمیر عەجامی هاوڕێم بیرکەوتەوە، بارانی خوێن بەسەر وڵاتدا باری، لەبەردەم کوانووەکانی خۆڵەمێش، لەبەردەم وێرانەی خانووەکان، لە گەردەلوولێکەوە دەرچووم و چوومە ناو گەردەلوولێکی دیکەوە، ژان و ئازارەکانم چوون لافاوی بەتەوژم بوون، نغرۆی ناو فرمێسکەکانی خۆم بووم و خۆڵ بەسەر سەرمەوە بوو. کاتێك هەموو فرمێسکەکانی ماڵەوەم سڕی دووکەڵ گەڕاندنییەوە، لەو ڕۆژانەدا وڵاتەکەم بەناو لافاوەکانی خۆیدا سووڕایەوەو، بەجێی هێشتم لەگەڵ ئاوازی گریانیدا سەرگوزەشتەی خۆم بژەنم و، دەستم بە ژماردنی ئەو ڕۆژە کەمانەی خۆمم کرد کە لە بەغدا ماون و جانتا پڕ لە بیرەوەرییەکانی خۆم ئامادەکرد کە لە دەستی وێستگەو فڕۆکەخانە پڕ لە هەورەکان کە چوون سەگ دەحەپین، گێژبووبوون... جانتاکانم کە بە سووڕانەوە دڵخۆش بوون، جانتاکانم کە بە تاوێك بیرچوونەوە دواخرابوون، جانتاکانم نیوەی ماڵەکەمم تێ ئاخنیبوون کە تارمایەکانی منداڵیمی تێدایە، جانتاکانم کە هەرگیز پشوونادەن.

بەر لەوەی لە دۆزەخ هەڵبێم لەبەردەم دژلەدا ڕاوەستام و، گریام، لەبەردەم دیواربەندی ئازادی، لەبەردەم بەغدادا گریام، بەڵام فرمێسکەکانم دەهاتنە خوارەوەو بەغدا منی لەبیرکردبوو بە دووکەڵەکەی خۆیەوە سەرقاڵ بوو، پێم گوت: هاتووم ماڵئاواییت لێ بکەم. گوتی: شتێکم بۆ بەجێ بهێڵە تا بە هۆیەوە بەبیرم بێیتەوە. گوتم: کوڕەکەمم بەجێ هێشتووە.

لە وڵاتی داستان و فیتنەگەرییەکان دەرچووم، لە دۆزەخی گڕو بڵێسە دەرچووم، دەمزانی کە هەردوو پێم دەتوانن برینەکانم هەڵبگرن و بینایی چاوم تیژ دەبێت و هەستەوەرییەکانم چالاك دەبنەوەو ئەی مەروان بە ناوی تۆوە بە غەمباری دەڕۆم و پشت لەو وڵاتە دەکەم کە تۆی دزی و وڵاتێکی دیکە دەدۆزمەوە ببێتە وڵاتێکی نوێ بۆم.

**دووچاری مەینەتی نوێ و ڕێگەی نوێ بوومەوەو پێم نایە ناو پتر لە ولاتێکەوە، ویستم لێرەو لەوێ خۆم بشارمەوە، برینەکەیشم هەر خوێنی لێ دەچۆڕا، گۆچانەکەم کۆمابووەوەو پریاسکەکەیشم کون کون بووبوو، خەڵکێکی زۆرم ناسی و، کەسانێکی زۆرم بینی کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو نەمدیبوون، ڕێگەم بەرەو تاراوگە دژوارو پڕ لە مەترسی بوو، لە کوورە ئاگرەکە هەڵاتم و خێزانەکەم بەجێ هێشت بە ئاگرەکەی بسووتێن وێڕای مەروان، کە ئاگری کوورەکەی بەرکەوت. بەم شێوەیە بزریان کردم و پتر لە جارێك بزرم کردن، جارێك کاتێك جنێویان بە منداڵیەتیم دا بەبێ بەش کردن، جارێك کاتێك هەرزەییان بە تەنافێکەوە هەڵواسیم و ...و ...جارێك کە ناچاریان کردم بڕۆم و کۆچ بکەم، بەڵام هێشتە هەموو ڕۆژێك هەڵدەستم و، ئەو شتانە کۆ دەکەمەوە کە لێم بەردەبنەوەو بە شیعر بۆیان دەگێڕمەوە.**

# حوزەیران

ئاکام، ڕێگە دوورودرێژەکە گەیاندمییە هۆڵەنداو، خستمییە شاری (ئۆتریخت) و لەوێ بە فەرمی داوای پەنابەریم کرد و لە ئۆردوگەیەکی پەنابەرانیان دانام لە شارێك لە باکووری هۆڵەندا ناوی (تێر ئابل)ـە. بە ڕێکەوت بە زیندوویی مامەوە، بە ڕێکەوت باڵندەکە کونێکی لە شوورەی نیشتمان بۆ کردمەوە، بە ڕێکەوت خۆم لەناو کامیۆنێکدا بینییەوە، بە ڕێکەوت دایبەزاندمە ژێر زەوی، بە ڕێکەوت لە پۆلیسێکم پرسی، بە ڕێکەوت خۆم لە تێر ئابل بینییەوە.

زەرقاویی تیرۆریست کوژرا، بەڵام کاری تیرۆریستی پتر تەشەنەی کردو چەندان پیاوی دەم و چاو داپۆشراو لە شەوی ئێراقدا دەرکەوتن و دەنگی مەروان کزتر بوو وەك بڵێیت نغرۆی نێو چینەکانی تاریکی بوویێت، منیش هاوارم کردو گریام و غەمەکانم خۆم لەناو پەراسوومدا لوول دا، کۆمەڵێك لە هاوڕێ مەندائییەکانم لە هۆڵەندا لەگەڵم ڕاوەستان و هەندێکی دیکەیش پێشوازییان لێ کردم و هەندێك لە غەم و خەفەتەکانیان سووك کردمەوە.

شەوی غەریبی شەو لە دوای شەو دەستی بە تاریك بوون دەکردو، دەرگەی داخراوم لە کۆتایی ژیانمدا بینی و پێیەکانی خۆم دەبینی لێی نزیك دەبوونەوەو لەبەردەمیدا دەخلیسکێن، چەند کۆشام بنووم، بەڵام باڵندە تەنەکەکە هەر دەسووڕایەوە، چەند کۆشام گۆرانی بچڕم، بەڵام وشەکانم هیچ واتایەکیان نەدەبەخشی، چەند کۆشام هەڵستم بەڵام بنمیچەکان نزم بوون، چەند کۆشام یاری بکەم، بەڵام قامکەکان خوێنیان لێ دەچۆڕا، چەند کۆشام ناڕەزایی دەرببڕم، بەڵام گەرووم کلۆم درابوو، چەند کۆشام بمرم ،بەڵام گۆڕەکان زۆر قەرەباڵغ بوون.

خەریك بووم شکۆمەندی خۆم لە نیشتمانێك دروست دەکرد، بەڵام بۆم دەرکەوت کە لەبەردەم ڕەشەبادایە، ئەفسانە بەڕوومدا هەڵشاخی و کراسەکەی دزیم، شێتایەتی کتێبەکانی پەرت و بڵاوکردمەوە، ئیبلیسەکان گاڵتەیان بە بڕوابوونم کرد، تەنیا بووم بە نوکتەیەکی ڕەش لەم ڕێگە غەمبارەدا، تەنیا بووم بە پیاوێکی نەخۆش وشەکان یاری پێ بکەن.

لەو ئەپارتمانەی لێی دانرام غەریب و تەنیا بووم، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر ئێراقی لێ بوو لەوانەی دەیانناسیم، بەڵام لە باڵندەیەك دەچووم بە تەنیا لەسەر درەختێك نیشتەجێم تا لە پەل و پۆ دەکەوم و دەمرم، هەست بەشەو ناکەم، هەروەها هەست بە ڕۆژیش ناکەم، بەڵام ڕیتمی کات چوون دەهۆڵگەلی جەنگ خوێنم دەژەنێت.

بەڵام هەر بیرم لای مەروان بوو، چونکە ئەو بەیانییەی بە پێکەنینەکەیەوە پەیوەست بوو چی دیکە ئەو بەیانییەی جاران نەبوو، بەڵکو چەپکێك دڕك بوو بەسەر چاومەوە. هەموو بارانێك دەبوو بە هەڵم بارانەکەی ئەو نەبێت لە ناخمدا بوو. بەڵام بڕیارم دا هەرەس نەهێنم لە پێناوی ئەوی خۆشەویستییەك بێت و لە ناخم و لەسەر ڕووی زەوی بمێنێتەوە.

چوون دیلێك هەڵەی کردبێت لە ئۆردوگەی پەنابەران ژیانی ڕۆژانەی خۆم دەگوزەراند، ئەگەرچی ژیانی تێدا زۆر لەوە باشتر بوو. دیدارم لەگەڵ (سەتار کاووش)ی هاوڕێم هونەرمەندی داهێنەری شێوەکار لە جۆرە سەرەخۆشییەك دەچوو بۆ من، کاتێك زانی من لەوێم بەوپەڕی خۆشەویستی و خۆشنوودییەوە هات و پێکەوە شەوبێداریمان کێشا و پاشان چووم بۆ ماڵیان لە هۆخۆفین و لەناو تابلۆکانیدا نیشتەجێ بووم وەك بڵێیت ئەو کەسە بم لەناویاندا دووبارە دەبێتەوە، کڵاوەکەی لەسەر دانام و پرچی چوون شەپۆل شانەکردم و، لەبەرانبەر کچێکدا دایانام لە شێوەی من دەچوو، دوو باڵی لەسەر شان داناو بە جلێك داپۆشیم.کاتم لەگەڵ سەتاردا بە کاتێکدا تێدەپەڕی لەئاو بچێت، بەناو بیرەوەری و نهێنییەکانماندا ڕۆدەچووین و ئێراقی سەربڕاومان بیردەکەوتەوە.

سەتار زۆر لە دڵتەنگیی غەریبی بۆ ئاسان کردم و، وامان لێ هات بە شێوەیەکی ڕێکوپێك یەکدیمان دەبینی، هاوکات چەند هاوڕێیەکی خۆشەویست دڵیان دامەوە لەوانە موئەیەد و جەمال و هەردوو خانەوادەکەیان، بەسۆزو بایەخ پێدانیان چوار دەوریان دام، بەڵام ئەو ناخۆشییەی دۆزەخ لەگەڵ خۆم بۆ (نایدەرلاند)م هەڵگرتبوو (هۆڵەندا بەم ناوە ناودەبرێت!) واتە زەوی نزم، زۆر گەورە بوو، ژیانی مەروان بە بەرچاومەوە تێدەپەڕی لەو کاتەوە منداڵ بوو تا ئەو ئەو ڕۆژەی بە دیل گیرا، بە ناو ورەکارییەکانیدا ڕۆدەچووم. خێزانەکەیشم بەر گڕەی ئاگری مەرگ و گەرمای بەغدا دەکەوت، ئەو بەغدایەی کە وەك قەڵایەکی تاڵان کراو

دەمبینی ڕووبارێك كونی كردبێت خوێنی لێ داچۆڕێت و ڕووبارێك چواردەوری دابێت كە بگریت و فریشتەكانی تەرمەكان بەرەو ئاسمان هەڵدەگرن و دەبەن، ئای لە بەدبەختیم ئەی كوڕەكەم گورگەكان بۆ كوێیان بردیت؟
(غەمەكانی ساڵی ئێراق)م دەنووسی، لە ڕاستەو بۆ چەپ دەمنووسی، بەڵام لە چەپەوە بۆ ڕاست دەژیم، چۆن لایەكانم ڕێك بخەم؟ چۆن قیبلەنماكەم ڕێك بخەم؟ دەستم لەناو هەنگوینێكی تاڵدا سست دەبێت و زاریشم ئارەزووی گۆرانییە كۆنەكان دەكات، من ئەمڕۆ بارمتەی كوڕەكەمم، لەگەڵ ئەو ڕفاندیانم، چی دیكە هیچ نابینم تاریكی نەبێت، بیرەكان هەڵدەكەنم ئاوم دەست ناكەوێت، بۆ وڵاتە دوورەكان هەڵدێم بێ هوودەیە، دەنووسم تا شێتایەتی لە خۆم دوور بخەمەوە. مەرگ لای دەرگەكە خۆی لە بۆسە بۆ ناوم و، لە نێوانم و نێوانیدا جۆگەیەك هەیە لەژێر قەرەوێڵەكەمدایە.
لێكۆڵەرە هۆڵەندییەكان هۆكارێكی ڕاستەقینەیان بینی بۆ ئەوەی داواكارییەكەم پەسەندبكەن، هەڵبەت دكتۆر بێرت، كە بە خۆبەخش بۆ یارمەتیدانی ئاوارەكان كاری دەكرد، ڕۆڵێكی ئەرێنانەی گێڕا پاش ئەوەی زانی كە من ئەكادیمی و ڕۆژنامەنووس و شاعیرم، پاشان لە كۆتایی ئەم مانگەدا بۆ كۆمەڵگەیەكی هەمیشەیی لە دۆرنتن گوێزرامەوە.

# تەمووز

سەرەتای تەمووز کۆستێکی گەورە بوو بۆ دانیشتووانی شاری شۆڕش لە بەغدا، ئەوەبوو ئۆتۆمۆبیلە بۆمبڕێژکراوەکانی تیرۆریستان 164 کەسیان شەهیدو بریندارکردو جارێکی دیکە دەزووی ئاه و ناڵە لەم شارەدا ئاشکرابوو کە پێدەچێت هەموو گریەو شینی مێژوو خۆی تێدا مەڵاس دابێت، بۆیە بڕیارم دا بەیداخەکانی هەڵبکەم، چونکە گوێم لە فیکەی مار بوو لە سەردەمەکانی تاریکییەوە دزەی دەکردە ناو ئەم شارەوە، گوێم لە قەلەڕەشکە بوو دەیقیڕاند، گوێم لە پاسارییەکان بوو باڵیان شکابوو، خەڵکەکەی بەناو قوڕو لیتەدا بۆ پێشەوە دەچوون تا لە دوایەمین ئاودا گوڵی خوێناوی جوانی لێ بکەنەوە، نە ڕووبارەکە کۆتایی دێت و نە گوڵەکەیش ڕوون دەبێتەوە. ئەم شارە یەکەمین شاری سەردەمی هەرزەکاری و لاویمە ئەمڕۆ دەیبینم نغرۆی دروشمگەل و خەیاڵپڵاوی و خوێن بووە و خەڵکە نەدارە دلێرەکەی دەبینم تا دێت پەژارەو مەرگ زۆرتر ڕوویان تێ دەکات.

لە تاراوگەکەمەوە هاوارم لە هاوڕێکانم کرد: ئەی هاوڕێیان پیر مەبن و هەر بە گەنجی بمێننەوە تا دەگەڕێمەوە، تا دەشگەڕێمەوە پرچتان (یان شیعرتان) ڕەش بکەن و بە شیعر ددان پێدانانی خۆتان بۆ دیوارەکان بدرکێنن.. پتر لە جارێك لە تاراوگەم ورەم دابەزی و هیوام خواست لە پشتەوەی نزیك ترین تەپۆڵکەوە ڕاوەستم تا سەیری ئەم چارەنووسە بکەم چونکە هەست بەوە دەکەم گومانێك لەم گەشتەدا هەیە، بەڵام لەناو مەینەتییەکاندا لەترم دەبرد، لەگەڵ ئەوەیش دەتوانم پانتۆڵەکەی خۆم لە سییانەکانی بلند بکەمەوە. وێڕای کارەساتەکەم، کە ئێراقم بیردەکەوتەوە، ئەوەم لە زۆر شت گەورەتر بوو، چونکە ئەو جوانییەی لە بەردی مەرگ و خوێنەوە دەردەچوو لە داهێنانەکانی هاوڕێکانمدا دەستی بۆ بەرزدەکردمەوە لە وەڵامی ئەو ڕووداوانەی ڕوویان دەدا، وێڕای لاوازیی ئەم وەڵامدانەوەیە، بەڵام بە بەهێزترین بەڵگەی هێزو توانای ژیانم دەزانی.

لەم جۆرە ڕەوشانەدا بەسەرهاتەکەی سالم لعێبی جووتیارم بیردەکەوێتەوە خاوەندی تفەنگی (مارتین)ی کولتووری کە دارودەستەکانی ڕژێمی پێشوو پاش ساڵی 1991 بە تاوانی شۆڕش کردن و بشێوی نانەوە گوللەبارانیان کرد، ئەگەرچی هیچ شتێکی لە بارەی ئەو زاراوانەوە نەدەزانی، ئەوەبوو ڕۆژێکی هەوراوی گامێشەکانی دابوویانە ئەو دەشتەو ئەویش دوایان کەوتبوو تا بۆ گەوڕەکەیان بهێنێتەوە، ئەو کاتەیش تفەنگە (مارتین)ـەکەی پێ دەبێت، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەکاری نەهێنابوو، بەڵام لەناکاو سەربازەکانی بینیبوو چواردەوریان داوەو دەستگیریان کردو لە پێش خۆیان داو دواتر بە ناهەق دادگەییان کردو گوللەبارانیان کرد. سالم باوکی داوود نموونەیەکی زیندووی ئەو ستەمە بوو کە هاوولاتیی بێ دەستەلاتی بەستەزمانی دوور لە داینەمۆی وێرانکاری و مردن کە ڕژێم بۆ خۆی دروستی کردبوو، لەگەڵ ئەوەیش ئەم جووتیارە کەوتە ناو داوی تۆڕی جاڵجاڵۆکەییانەوە. ئەو غەمانەی کە دڵ خوێناوی دەکەن چەند سروەیەکی جەژنی لەدایکبوونی عەلی کوڕمیان بەسەردا تێپەڕی، بەڵام جەژنی لەدایکبوونەکەی من پڕ لە پەژارە بوو، ئەوەبوو بوو بە بۆنەیەك بۆ سەرەتاتکێیەك بەسەر دۆزەخدا، بەسەدان کەس لە تەلەعفەر کوژران و ئیسرائیل دەستدرێژییەکی ناپەسەندی دژ بە باشووری لوبنان و پاشان سەرانسەری لوبنان جێبەجێ کردو بە سەدان شەهیدو هەزاران بریندارى لێ کەوتەوە، دووبارە ڕووباری خوێنی ئێراقیم بینی کاتێك بیرەوەرییەکانی 14و 17و 30 تەمووز تێپەڕین، ئەوەبوو خوێنێکی زۆری پاشایەتی لە یەکەمینیاندا ڕژاو لە دووەمین و سێیەمیشدا ولات خەڵتانی دەریایەك خوێن بوو. بڕوام نەدەکرد ئەو ڕووداوانە ڕوویدەن، بەڵام دەستم بەوە کرد هەست بەوە بکەم کە هەموو ئەوەی ڕووی دەدا بەهۆی ئەو بڕوا شۆڕشگێڕییانەوە بوو کە ئێراقییەکان لە چلەکانەوە بە ڕۆمانسییەتێکی سۆزدارانە بەیداخەکەیان بلندکردبووەوە بەهۆیانەوە لە کۆتایی پەنجاکان و بەهۆی کوودەتا سەربازی و حزبییەکانەوە هیچ شتێکان لێ نەدورییەوە تەنیا وێرانەو کاولکاری و مەرگ نەبێت. کۆمەڵی ئێراقی وردە وردە ڕووەو ئەوە دەچوو بە شێوەیەکی دیموکراتیانە گەشە بکات، بەڵام کورتکردنەوەی قۆناغەکان بە ئاگری شۆڕشگێڕی هەموو شتێکی ڕامالی و ئەم کۆمەڵەی بە تەواوەتی وێران کرد. هیچ ڕۆژئاوابوونێك لەم ڕۆژئاوابوونە ناچێت، گۆرانی شکا و کەمانچەکان

تێشکان ئەو ڕۆژەی سواری دەزووەکانی خوێن بوون و شکۆی بەرەبەیانیان پێشێل کرد، ئەم بۆسانە بدەینە پاڵ کێ؟ بیاندەینە پاڵ پاچەکان کە لە قسەدا بیرچوونەتەوە؟ بدەینە پاڵ بزری تاوێك کەڵەکە بوو، لە بەردەباراندا پەرت و بڵاوبووەوە؟ تەقینەوەکانیش شاری کووفەیشیان تەنییەوەو، لە تەقینەوەیەکی تیرۆریستیدا پتر لە شەست شەهید لە کرێکارانی خانوودروست کردن مردن و، فرمێسك گۆنای مریەمی سوورکرد کە لەناو تاریکایی شارەکاندا بریسکایەوە کاتێك خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە بە خۆیان و ڕووبارەکانیان و حوشترەکانیانەوە گردبوونەوەو کەوانەی ئاسمان و دەزووی کەوتنە سەر زەوی، ئادەمیزادانێك بە دەزووەکاندا هەڵزنان بە دوای نهێنییەکاندا دەگەڕان و گەردەلوول بە بلێسەی ئاگردا هەڵزنا، داوەکان لەژێر پێی وەستاکانیاندا تێکدەشکان و ماڵەکەی عەلی ئەوساو ئێستەیش ئاوی لێ هەڵدەقوڵی، چەند جار ئاگریان ئاراستە کرد بەڵام ئاوەکەی دەیکرد بە ڕووناکی.

ئازارو ژان لە تاراوگە سەری تێ کردم و خۆم بینی سەرگەردانم و نەمدەزانی بەرانبەر ئەوەی لە وڵاتەکەم ڕووی دەداو بەرانبەر بەو بێ هوودییەی لێرە تێیدابووم چی بکەم، ڕۆژەکانم لە ڕووباردا نغرۆ نەدەبوون هەروەها لەناو کەشتیدا نەدەڕۆیشتن، ژیانم دەگوزەری چوون ژیانی کەسێك سزای ژیانی بەسەردا سەپێنرابێت، لەسەرەتاو کۆتایی ڕۆژمدا (کەرەڤان)ێکی تەختەدارین هەبوو لێی نیشتەجی بووم و هیچ مەرجێکم بۆ ئەو درەختانە دانەنابوو کە لەژێریاندا دەنووستم و ئەوانیش هیچ مەرجێکیان بۆ من دانەنابوو. دەمویست ڕاکشێم بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە چوون شارێکی چۆڵ ڕۆژانی لێ دەچنە ژوورەوەو تارمایی بیرەوەرییەکانی لێوە دەچنە دەرەوە، دەمەوێت بێ ئازاو ژان بنووم چاوەڕوانی ئەوە بکەم ئەو گوڵە بە هێوری بمرێت کە لە ڕوحمدایە، چاوەڕوانی دەمەوئێوارەم دەکردو ژانی کاغەزەکانم لەناو پریاسکەکەمدایە کە لەژێر سەرمدایە.

ئێراقی لەدایك دەبێت و بۆ هەر کوی بڕوات گۆڕەکەی بە کۆڵیەوەیە، کاتێك بە وڵاتەکەیدا دەسووڕێتەوە لە هەموو ڕێگەیەکەوە بانگی دەکات... ڕەنگە هەر زوو بکەوێتە ناو گۆڕەکەیەوە، یان ڕەنگە ماوەیەك لێی ڕزگار ببێت، بەڵام گۆڕەکەی لە هەردوو پێی نزیك دەبێتەوەو ڕایدەکێشێتە ناو خۆیەوە.

لەم مردنەدا کە تەمووزی خستە ناو گۆڕەوەو ناشتی، هاوار بەسەر ئەو هاوڕێیەمدا دەکەم کە لەگەڵم دانیشتووەو پێی دەڵێم: لەبیرت چوو کە دڵم کون کونە؟ بۆچی دەتەوێت بە خۆشی پڕی بکەیت؟ لەبیرت چوو من مردووم بۆچی ناتەوێت تەرمەکەم بنێژێت؟ مەروان دەستم بۆ بەرز دەکاتەوە وەك چۆن هەموو ڕۆڵەکانی ئێراق و لاوەکانی دەستم بۆ بەرزدەکەنەوە ئەوانەی شوێن بزربوونەو ئەوانەی کوژران و ئامێری تیرۆرو توندوتیژی و شەڕەکانی پێشوو شوێن بزری کردوون، ڕوخساری مەروان لە ڕوخساری هەموو لاوێکی ئێراقیدا دەبینم وێنەکەی بە قەد دیواری کەسوکارەکەیەوە هەڵواسراوە ئەوانەی شەوو ڕۆژ دەگرین، یان ئەوانەی چاوەڕوانن بگەڕێنەوە، یان لەبیریان ناچنەوە. مەروانیش تەنیا یەکێك لەو ناخە چاوتێرە دلێرەیە کە گوڵاوی هەموو ئێراق و بۆنەکەیەتی.

لەژێر زەوی گۆڕی بە کۆمەڵیان دروست کردووە، هەرچی ئێمەین کە بەسەر خاکدا دەڕۆین، ئەوە کردینیان بە گۆڕی تاك تاك، پێم مەڵێ: توند دەست بە ژیانەوە بگرە، بەڵکو لەپێناوی مندا ڕاوەستە تا کێلەکەی خۆم بۆ شوێنەکەی خۆی دەگێڕمەوە. لە تەمومژێکی دوورەوە بەناو ژوورە ناوخۆییەکانی خۆماندا پیاسە دەکەین و دەست لە بروسکەکانمان پان دەکەینەوە، لە شەمەندەفەرێکی دوورەوە سەگەکانمان لەگەڵ ڕوحمان دەبەین و دەپرسین دوایەمین شوێنی ناشتن لە کوێیە.

بەم شێوەیە تەمووز کەوتە ناو گۆڕەکەیەوەو ئێمەیش لەگەڵی کەوتینە ناو گۆڕەکەوە، باپیرانمان ئەو تۆوی گەنمەی لەم مانگەدا دەیانچاند بە هێمای مردنی کاتیی تەموزیان دەزانی تا لەسەرەتای ساڵی سۆمەریدا لە21ی ئاداردا زیندوو ببێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ گومانی ئەوەم هەیە کە ئەو تەمووزەی لەگەڵ تەرمەکانماندا ناشتمان لە ئاداری دادێ، یان ساڵانی دواتر هیچ شتێکی لێ بڕوێت... چونکە نەمانزانی قیبلەنماکەی ئاراستەی لای دروست بکەین.

# ئـــاب

لە سەرەتای ئابدا ژمارەی خێزانە دەربەدەرو کۆچ پێ کراوەکان گەیشتە پتر لە سی هەزار خێزان لەناو ئێراقدا، ماڵەکان پشکۆیان بە ڕووبەندەکانەوە بەرزکردبووەوە. چۆن دەشێت وڵات بە فارگۆنی درێژ درێژ هەڵێت؟ چۆن دووکەڵی سەرگوزەشتەکانی بڵندببێتەوە تا ببێت بە هەور؟ خەڵکی سەرگەردان قیبلەنماکانیان لەژێر باراندا تووڕداو خێوەتەکانیان هەڵداو چاوەڕوانی نیشتمانیان دەکرد کەی ئەم نیشتمانە لەسەر ئەو شێرە دادەبەزێت کە سواری بووە؟ کاتێك دووی ئاب و داگیرکردنی کوێتم لەلایەن هێزەکانی ئێراقەوە بیرکەوتەوە، کارەساتی ئێراقم بینی کە جارێکی دیکە بەسەر وڵاتانی دراوسێدا هەڵیکرد. گەلی ئێراق باجی سەرکێشییەکانی دیکتاتۆری داو تا ئەو چرکەیەیش هەر باجیان دەدات. بەم شێوە ڕۆژەکان بێ هێزو توانا بە شوورەی پردەکەدا تێپەڕین لەکاتێکدا لە جیهانی خوارەوە بەدوای کوڕەکەمدا دەگەڕام و دەمبینییەوەو نەمدەبینییەوە.

ئەمە چ ئازارو ئەشکەنجەیەکە ئێمەیان تێ خستووە وەك بڵێیت تەنیا گەڵ بین لە چارەمان نووسرابێت ببینە نەزری شەڕو ئاژاوەکان، وەك بڵێیت لەناو غەماندا نووستبین. تەنانەت سەرکەوتنە وەهمییەکانمان دواتر شکستی و دۆڕاندنیان لێ دەکەوێتەوە، ئەوەبوو ڕۆژی هەشتی ئابی ساڵی 1988م بیرکەوتەوە کە وەك دەنگدانەوەیەکی گەورەی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا دەردەکەوت، ئەمڕۆ دەپرسم کوا ئەو سەرکەوتنە؟ ئەدی بە تەواوەتی نەپووکایەوە؟ ئایە ئەوە سەرکەوتن بوو پاش ئەو هەموو خوێن ڕشتنە لە ماوەی هەشت ساڵدا؟ ئەمڕۆ ئێران لە ڕووی سیاسییەوە ئێراقی داگیرکردووەو شوێن پێی سەربازی و کۆمەڵایەتی لێرەو لەوێ بۆ خۆی داکوتاوە، کێ لە کۆتاییدا سەرکەوت؟ ئەم پرسیارە بە ئەو یادە غەمگینەو بەم وڵاتە گیرۆدەیە پێشکەش دەکەم. باڵندە بریندارەکانم بینی لەبەردەم ماڵەکاندا فڕێ درابوون، باڵندەکان کە ملیان لاربووبووەوە ئەو ئێوارە تەنیایەی سەرەوەمان بیردەخاتەوەو تارماییە

بەندکراوەکانی ڕابوردووی دێرینمان و جەنگاوەرە بیرکراوەکانی ناو بیرەکانمان بیردەخاتەوە، ئەم باڵندانە وام لێ دەکەن ئاوێنەی خۆڵەمێش بشکێنم و باران دەبڕێت و وا دەکات وڵات لەژێر کفندا شارابێتەوە. خەریك بووم ئەم باڵندانە لەبەردەم دەرگەی شارەکانی ئێراقییەکاندا کۆبکەمەوە، بەڵام چەند شارم لە ناخدا ژیان و چەند شەوبێداری سەمایان کردو بە سەر چەندان پێپلکەی تیشکدا سەرکەوتم، بەڵام هەموو شەڕەکانم تێکشکاندو لە شارەکانم دەرچووم. فریشتەکان خستمیانە ناو دارەتەرمێکەوەو بۆ ئێرە زەماوەندیان بۆ گێڕام، خۆڵەمێش چوار دەوری دڵی داوم و چارۆکەی کەشتییەکان کە ئاسۆی (کامێن) دەبڕن وەك بلێیت ئێسکەکانی من ببڕن، مارەکان گیای نەمری منیان بردو دەهۆڵ و عوودەکەیشم کەوتە ناو بیری ڕەشاییەوە.

بەم شێوەیە ڕۆژەکان بە غەمگینی لەم مانگەدا تێپەڕین لە نێوان ڕووداوو و یادی ئەوانەی کۆچیان کردووە، چەند کۆشام ئەو غەمانە بکەمە گوڵاوی بۆن خۆش، بەڵام چۆن بتوانم وێنەکانی ئاگرو مەرگ بدڵۆپێنم تا تەنیا شووشەیەك بۆنی لێ دروست بکەم؟ چۆن لە ڕووباری خوێن کە وەك کەشتییەکی سپی تێپەڕی وا لێ بکەم باڵ بگرێتەوە؟ چۆن لە ئێسکی مردووان ڕۆژێك دروست بکەم؟ چۆن بەندیخانەکان بڕووخێنم و لە داروپەردووەکانیان هۆڵی میوزیك دروست بکەم؟ ئەو نیشتمانەی خۆشمان دەوێت بوو بە بەندیخانەیەکی گەورەو خەریکە یەك لە دوای یەك داماندەپۆشێت و لەبری ئەوەی لە ئامێزمان بگرێت و بەرەو سەرگەردانیمان دەرەتێنێت و بە پێ خواس بە دوامانداا ڕادەکات، ئەو نیشتمانەی خۆشمان دەوێت دەستمان لێك جودا دەکاتەوە کە یەکدی دەگوشن و گرووپ و حزب و هۆزمان لێ دروست دەکات و تێلی دڕکینمان لەنێواندا بڵند دەکاتەوەو، بەردەوام هەڵمانددەلووشێت، لە کۆتایی مانگدا یادی ڕووداوەکەی ساڵی 2005م بیرکەوتەوە کاتێك پتر لە هەزار کەس لە زیارەتکارانی ئیمام کازم لە ڕووداوەکەی پردی ئەئیمەدا شەهیدبوون، بەم شێوە خەڵك بە هۆو بەبێ هۆ دەمرن، تەنیا دەرگەکان هاوار دەکەن و سەگەکانیش بە پەت ڕایاندەکێشن، تەنیا چاوەزارەکانی خوێن لەبەردەم بادا غلۆر دەبنەوە، فرمێسکەکانی مەسیح و فرمێسکەکانی عەلیم بینی و تۆزو گەردی ڕۆژگارم بینی چاوانیان داپۆشیبوو، تەون باڵندەکان دەرفێنێت و چراکان دەکەونە ناو

**بیرەوە، ئەم هەموو خوێن تەقینەوانە لە کوێ بوون؟ تەرمەکان کەڵەکە بوون و فەقیهەکانی تاریکی پاش تەقینەوەکان بەسەر ئەسپە بریقەدارەکانیانەوە سەیرانیان دەکرد.**

# ئەیلوول

مانگی ئەیلوول بە دەرکەوتنی تارماییەکی باریکەلە دەست پێ دەکات بەرەو سنوورەکانم ڕادەکێشێت، تا شتێکم پێ بڵێت بێ ئەوەی گوێم لێ بێت. گەردەلوولێك لە ناخمدایە دەخولێتەوە، باران و بروسکەگەل، ڕووبارگەلێکی غەم، بێ دایك و باوکەکان شینیان بۆ دەکەن و کوژراوەکانیش بۆ لای خۆیانیان ڕادەکێشن و، بێوەژنەکانیش لە ناوەڕاستیاندان، بەڵام من سواری بەلەمەکەم دەبم و بە ناویاندا دەسووڕێمەوە.

تەقینەوەو کردەی ڕفاندن و تالآن و دزی کردن بەردەوام دەبێت، کەسیش نازانێت چۆن لەم تەنگژەیە قوتارمان دەبێت. بە کەلاوەی خۆم دەڵێم: بۆچی تا دێت ڕەشتر دەبیت و بۆچی تا دێت منیش زۆرتر گیرۆدەت دەبم؟ ئاگری ئاسمان لە ناوەوەمدا کزتر بووەوەو بڵێسەی ئاگری خوارەوە بەرزتر بووەوە.

یەکەمین جار بوو سەر لە ئەمستردام بدەم و لەوی هەندێك لە هاوڕێ هونەرمەندو شاعیرانم ببینم، بەڵام لەبەردەم وێنەیەکی گەورەی (ڕامبرانت) و لەبەردەم مۆزەخانەکەیدا شەکەت و بەتاڵ ڕاوەستام و، لە ڕووباری ئەمستل ڕامام لای ڕووبەندی خانووە بڵندە پەنجەرە زۆرەکاندا، پاپۆڕە بچووکەکان لەهەردوو کەنارەوە لەنگەریان گرتبوو. ترپەی پێڵاوە زێڕەکەم، کە هەموو تەمەنم پێوەی ڕۆیشتبووم، دەنگی دەدایەوە، کاتێك گەیشتمە کەنارەکانی پاییز چێژەکانی خۆم لە قۆرتی درێژدا دادایەوەو نزام بۆ خۆشەویستانم خوێند کە دەیانویست بۆ دوایەمین پیاسەیان بچنە دەرەوە.

لە وڵاتەکەی من خۆشەویستی لەناو جێگەی مردندا دادەنێن و لە هەموو شوێنێك پرسەی بۆ دەگێڕن، لە وڵاتەکەی من خۆشەویستی لەگەڵ دزێوو ناشیرینەکاندا دادەنێن، لەوێ خۆشەویستی کورسی و خۆشەویستی پارەو خۆشەویستی کوشتن و خۆشەویستیی وێرانکاری هەن. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی تۆقێنەر بوو کە 14 فێرخوازیان لە شاری شوعلە ڕفاند، وەك بڵێیت

(مەروان)یان لەگەڵ بوویێت، یان بڵێیت کوڕەکانی دیکەیان ڕفاندبم، نەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان... منداڵان جلەکانیان لوول دەداو دەگریان و خۆیان بە تاریکاییەکی ترسێنەر دادەپۆشی و گوێیان بۆ ترپەی لێدانی دەرگەکان شل کردبوو، بەڵام کەس نەبوو، ئافرەتە گریاوەکان بە گریانێکی بێ دەنگ دڕیان بە تەنیایی شەو دەداو پڕیاسکەی جلەکانیان ئامادە دەکرد تا سبەینێ بە نەخۆشخانە، یان بنکەکانی پۆلیس، یان بەندیخانەکان ... یان گۆڕستانەکاندا بگەڕێن! برووسکەکان درزیان دەخستە شووشەکەمەوەو تونێلەکان لەناو سروودەکەمدا بۆگەن دەبوون، بەناو ئالۆشەکانی ولاتدا ڕادەکەم کە ددانیان چیڕکردووەتەوە، یەك ئالۆش لە ئالۆشەکانی خۆم نابینم، پێم لە هەڵەکان هەڵدەنووتێت و بە سڕاوەیی و تاریکی بۆ ماڵەکەم دەگەڕێمەوەو هیچ نمرەیەك بە گەردنمەوە هەڵنەواسراوە.

هەر زوو تووشی خۆڵەمێش بووم و گوڵەکەم بەرەو سیس بوون ڕۆیشت، بە فرمێسکەکانم دەستنوێژم شوشت و بە ڕۆنی تاڵیم جەستەی خۆم چەور کرد، بەڵام ئەو مەسیحەی بە ئاگە نەهاتەوە، لەسەر تەختەدارەکەی کوژرابوو منیش سروودەکانی هەڵستانەوەیم دەخوێندەوە، قوربانییەکانم کە ڕووەك بوون بە کۆماوەیی بە ڕۆژیان پێشکەش دەکردم و دارە تەڕە غەمبارەکەم و منیش گوماناوی تر دەبووم.

چۆن یەکەمین ڕۆژ لە ڕۆژانی جەنگی نێوان ئێراق و ئێرانم بیردەچێتەوە کاتێك بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی یەکەم منداڵی خۆم دەکرد، کاتێکیش دنیا تاریك داهات و ڕێگەیەکی پڕ ئازارو ئەشکەنجەو مەرگ دەستی پێ کردو هەشت ساڵ بەردەوام بوو، هەشتینەی خۆڵەمێش و خوێن، هەشتینەی ئەو لاوانەی بە کفنەوە دەگەڕانەوە، هەشتینەی گورگەکان، هەشتینەی ئەو ئازارانەی بەردەوام بە سەرووی گەردیلەکانی تۆزەوە هەڵواسرابوون، هەشتینەی وێرانکردنی قەڵاکانی مرۆڤ. لە دووەمین ڕۆژی جەنگدا کاتێك پتر لە سەد فڕۆکەی ئێران بە ئاسمانی بەغداوە خرانە خوارەوە، یەکێکیان لای ماڵەکەی مندا کەوتە خوارەوەو دەرگەکان هەڵکەنران و شووشەکان شکان و بە تاریکی ژنەکەمم بۆ نەخۆشخانە گواستەوە تا لەوێ (سوورەبییا)ی نۆبەرەی کچم لەدایك بێت کە لەدایکبوونی ئاگری جەنگ و بڵێسەکەی سووکتر کردەوە...ڕووبار گوڵە بەرووی بینی و شەپۆلەکانی بە یەکدا داو گوڵەکانی فڕێ دایە بەردەم

هەردوو پێی، دەریا گیاکەی بینی و پشووی دا، ڕێوییەکان بوون بە درەخت، کۆترەکان بوون بە سروەی بۆڵە خورمایەك، دڵت و ئەو شەونمەی ناو چاوت لە فرمێسك دەچێت... چی ڕوودەدات؟ ئەمڕۆ سوورەییا ئازارێکی دیکە دەچێژێت پاش ئەوەی براکەی لە دەست دا کە تیرۆریستان بەو شارەدا دەسووڕێنەوە کە وێی لێ نیشتەجێیە، بۆیە بە خۆی و بە مێردەکەی و کیژۆڵەکەیانەوە ناچار دەبن هەڵێن و سەفەر بکەن و داوای پەنابەری بکەن، پاشتر مێردەکەی دەگاتە سویدو دواتریش وێ دەبات.

ئێراق بەم شێوەیە... هەموومان لە خاکی ئێراق وەدەر نراین. پێم لە هەنگاوەکانی خۆم هەڵدەنووتێت و لاوەتی خۆم لە چۆڵەوانی کۆدەکەمەوەو باکانی خۆم بەقەد دڕکەکانەوە کۆدەکەمەوە، ئەم جەستەیە ئازارم دەدات، نازانم کێ بە تاریکی پێی پێدا ناوە، یان کێ هەموو ڕۆژێك دوای دەخات. لەوێ بەهارێکی باڵ شکاوو خۆڵەمێشێکی زۆرمان بەجێ هێشت، لە خوارەوەی گۆنا... ڕەنگە لەسرپەی دوایەمین تاریکیدا بە گۆچانەکەمەوە بەناو ئەم ماڵە غەمگینانەدا بێم و بچم و نوێژ بکەم، بەشکو ئەوانەی با داپۆشین بەرەبەیانێك بگەڕێنەوە، بەم شێوە ڕووبارگەلێکم لە خوارەوەی گۆنادا بینی نەك ڕۆژ.

نزا لەبیرکراوەکانی خۆم دەخوێنمەوە، بەڵام لافاوی گەرووم دەکەوێتە ڕێ، لە قۆرتێکی قووڵدا مارەکان دەردەکەون، ئەو باڵانەم کە سیرامیکن و پێیەکانم کە ئاسنن بەردەوام شەرمەزارم دەکەن و هیچ ڕێگەیەك بەرەو لای لاوەتیم نییە، ئەوە خەیاڵ پڵاوی بوو.

# تشرینی یەکەم

من و خێزانەکەم لە پێوەندییە تەلەفۆنییەکانماندا زۆر دەگریاین، ئەوان لە ئێراق بە دەستی ترس و تۆقین و ژانی چارەنووسی مەروانەوە دەیاننالاند، منیش لێرە ڕۆژانی دووریم بە کاتژمێر دەژمارد. غەمەکەم وایان لێهات بەرگە نەگیرێن و سالّی ئێراق خوێناوی تر بوو، لەم کەولکەندن بۆ ئەو کەولکەندن و لەم خوێن بۆ ئەو خوێن و لەم دز بۆ ئەو دز، هەموو وڵات بوو بە ناوچەیەکی تالآن کراوە، بەڵکو لە بازاڕێکی درێژ دەچوو هەموو شتێکت تێدا دەدۆزییەوە: سکراب و ئافرەت و منداڵ و ئاژەڵ و ژەهر، ناوە ناوەیش لەم بازاڕەدا بۆمب و ئۆتۆمۆبیلی بۆمبڕێژکراو دەتەقینەوەو دیمەنەکەیان بە شێوەیەکی دزێوتر دووبارە دەکردەوە.

گوارەکانی لەسەر شۆستە دانا، پاوان و خلخالەکانی دانا، پاسارییەکانی منداڵەکانی دانا، گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەی دانا، ئەم جار بانگی هاتوچۆکەرانی کرد: کێ دەکڕێت؟ ئاسمان لە هۆڵەندا ئاوی دەباراند، بەڵام لە ئێراق خوێن و خۆڵ و تاریکی دەباراند، شتێکی دژوار بوو بە سەیوان خۆت لەم بارانە سەیرە بپارێزیت، تەنانەت سەیوانەکانیش کون کون بوون، ئەو سەیوانەی کە هی زستانە بەردو دڵۆپە خوێنی لێ دەباری، سەیوانەکەی لە کێلگەکانە کۆتری کوژراوو تیری لە بڵندایییەوە هاتووە خوارەوەی بۆ دەتلۆپێنێت، سەیوانەکەی کە لە بازاڕەکانە دراوی ساختەی بۆ دەدلۆپێنێت... هەموو شتێك وێران دەبوو.

ماوەی چەند مانگێکە شێوازێکی نوێی کوشتن لە ئێراق سەری هەڵداوەو لەو ڕووەوە لە یانەو لۆقنتە تایبەتەکان بە پۆلیس و سوپاییەکان، بەتایبەتی ژەهریان بەکاردەهێناو ژمارەیەکی زۆری لێ دەکوشتن. لە نوعمانییە ڕووداوێکی ژاراوی کردن ڕووی داو ژمارەیەکی زۆر کەس بوون بە قوربانی،، ئەو ژارانەیش لای خەڵك شتێکی سەیر نەبوو، چونکە بە خۆیان تێیدا دەژیان و بە هەناسە هەڵیاندەمژی، ئەوەبوو ژاری ئەوتۆ بۆ فرمێسکی زۆرترو ڕاگرتنی ڕێڕەوی جوانی و پەکخستنی باران و ئیفلیج کردنی هەردوو دەست و بەستنەوەی هەردوو ئەژنۆو

کڕنۆش بردن بۆ ئاغاکان و لەسەر سك ڕۆیشتن بەرەو کورسی هەبوو، ژاری هەڵگرتنەوەی مێشك و دانانی پێڵاو لە شوێنی و، ژار بۆ هەموو شتێك هەبوو.
باڵندەو ئاژەڵەکانیش لە بازاڕی (غەزل) لە کوشتن و تەقینەوەکان ڕزگاریان نەبوو، تەنانەت مارەکانیش ڕزگاریان نەبوو، کەواتە چی لەم مردنە تۆقێنەرە ڕزگاری دەبێت؟
هۆرەی زۆرم بۆ مەروان گوتەوە، بە تەنیا لە کەنارەکانی ئەو ڕووبارە دەسووڕامەوە کە دەکەوێتە نێوان درۆنتن و کامبن، گۆرانیم بۆ دەگوت و بەسەرهاتم بۆ دەگێڕایەوەو لەگەڵی دەگریام، کاتێك شەوم بەسەردا دەهات لەوێ لەسەر گیا ڕادەکشام و پێڵووم دەنووقا تا خەونی پێوە ببینم. ڕۆژەکانم دەلەرزن هەرکە زستانیان بەسەردا ببوورێت، کاتێك دەکۆشم جلە شڕەکانیان پینە بکەم پەنجەکانم دەلەرزن و ناتوانم داوەکە بکەمە کونی دەرزییەکەوە، برینەکانیشم پێویست بە دورینەوە دەکەن، بەڵام قامکەکانم هیچ ناڵێن. ئەو ئەسپەی لە ڕۆژەکانی ئەم ساڵدا سینی کرد لێم بێزاربوو، کاتێك ویستم تێی بگەیەنم کە ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم ڕوودەدات بە ڕوویدا هەڵشاخیم، منیش پێم گوت: کەواتە گۆڕەکەی خۆمت لەم وڵاتە پێ پێشان دەدەم، ڕاستییەکەی بردم بۆ ئەو شوێنە، لەخوار هەڵەکانەوە، کە قەلەڕەشکەکەم هێلانەی کردووەو بەردە ڕەشەکانی دیارە، لەوێ ئەسپەکەم بە قەد ئەستوونەکانییەوە بەستەوەو بە ئاوی ئاوابوون ئالۆشییەکانم شوشت، هیچم نەبینی تەنیا ناوی مردووەکان نەبێت کە شوێنەکەیان کەوی دەکردم و دەیانخستمە ناو فریوە نووستووەکانیانەوە.
ڕۆژانی ڕەمەزان بوو، هیچ پشتیوانییەکم نەدەدۆزییەوە تەنیا نووسین نەبێت بۆ ئەوەی بەرگەی هەر هەموو ئەو شتانە بگرم کە ڕوودەدەن، ئەوەبوو تا کاتی پارشێو سەرقاڵی نووسینی (خغەمەکانی ساڵی ئێراق) بووم، لەگەڵ کتێبێکی دیکە لەبارەی ئەفسانە مەندائییەکانەوە، لەو کاتەوە دەستم پێ کردبوو کە لە دۆرنتن نیشتەجی بووم بە پشت بەستن بەو سەرچاوانەی کە زانکۆیەکی لاهووتی لە کامبن بۆی دەستەبەر کردم. ماڵەکەی خۆم و کتێبخانەکەی خۆمم لەئێراق بیرکەوتەوە، لەو کاتەی تەمەن 16 ساڵان بوو کتیبم بۆ ئەو کتێبخانەیە کۆدەکردەوە، کاتێك سێبەری پەیدا کرد بۆنەکەی بەر لووتم نەکەوت، بەڵکو لەوێ بەجێم هێشت ئەگەرچی بەر لەوەی بە چەند مانگێك لە ئێراق دەرچم، بۆ یەکەمین جار بوو لە ژیانمدا، کتێبخانەیەکی

**تەختەدارینم بۆ کتێبەکانم کڕی، لە سێ بەش پێکهاتبوو تا هەموو کتێبەکانم کۆبکاتەوە، بەڵام خۆشیم لەو کتێبخانەیە نەبینی. شێوەی وڵاتێکم هەبوو قەڵایەکی خەڵتانی خوێن و هەوایەکی ژاراوی بوو، شتێکم هەبوو لە سیرامیك دەچوو و لە پەنجەگەل دەچوو، لە یادمە کە بەهارم پێ هەڵکۆڵین و بە بیرم دێت چامەی درێژم پێ نووسین و بە قەد ماڵەکانی بەغدامدا هەڵواسین و ، بیرمە وشایە کوڕەکەی دزیم.**

**کاتێك جەژن هات هەموو شتێك تاڵ بوو و دەنگی کوڕەکانم غەمگین بوو، چاوی مەروان پڕ فرمێسك بوو، بیرەوەرییەکانم لەبەردەممدا هەڵدەڕژان. کاتێك یادی کۆچی دوایی باوکم تێپەڕی، گوڵم لەسەر گۆڕە گریمانەییەکەی دانا. کاتێك لە تاراوگە بووم.**

# تشرینی دووەم

هیچ شتێکم نەمابوو تەنیا شەو نەبێت بە نووسین و ڕامان و ژانەوە بەسەرم دەبردو لە ڕەشی گوڵە زەنبەقەکانم دەڕوانی کە بە قەد دەرگەکەوە دەرکەوتن، بە دوای فرمێسکی سەرگوزەشتەکاندا دەگەڕام کە دووکەڵیان لێوە دەهاتە دەرەوە، بە دوای ئەو بارانەدا دەگەڕام کە لەناو دڵمدا خۆشی نەدەکرد، بەڵام لەناو گوڵی مسدا دەردەکەوم و لە بۆنی ڕۆژەکانم دەلەرزیم، ئەو دیوارەی وێنەکانمی پێوەبوون و ئەو پەنجەرەی چاوەکانمی پێوە بوون و ئەو دەرگەیانەی ...هەموویان لە کاتی هاتنی بەهاردا کۆمانەوەو لە تاریکیمدا خولانەوەو چوکڵە بخوردەکەم بە دەستەوە کەوتە ناو بیرە قووڵەکانەوە.

بیرم کەوتەوە چۆن ئەوان لە وڵاتەکەم بە مەروانیشەوە هەموو شتێکیان لێ ڕفاندم: جانتاکەم و پاسپۆرتەکەم و پارەو جلوبەرگ و کاغەزەکانم و واتایشم. وڵاتەکەم هەموو شتێکی دەڕفاند. ئەمڕۆیش سەرم سوڕدەمێنێت چۆن بۆ لای گەڕامەوەو بەهیوابووم دڵنەرم و بەخشندە بێت؟ چۆن ئەو تاریکییەم لەبیرکرد کە کەسانێکی تاوانکار خۆیان تێدا مەڵاس داوەو پاسەوانی دەکەن؟

یاری مەتەڵەکان کۆتایی هات، هەروەها یاری چاوشارکێ کۆتایی هات، پەیکەرو پەندو خشڵ و بەردی دامە هەر هەموویان کۆتاییان هات، هیچ نەماوەتەوە تەنیا کوانوویەکی خامۆش نەبێت لە گۆشەی دووری ماڵەکەوە. چۆن زوو دەرکم بە زرنگەی زەنگە ڕەشەکان نەکرد؟ ئایە کەڕ بووم؟ ئایە ژاوە ژاو زۆر تیژبوو؟ پاشان ئەم هەموو کاغەزانە چین ئەگەر شکستیم نەبێت؟ ئەم هەموو ئاه و ناڵە چییە ئەگەر قەلەڕەشەکەیەکی تۆپیو نەبێت لەناو خاکەکەمدا؟ تەبڵە درێژەکانی لەرینەوە زۆرتر لە پێویست ڕازێنرابوونەوەو، منیش لەو تێکەوتنەم دەستەپاچە بووم، هێشتە هەواڵە ڕەشەکانمان لە وڵاتەوە پێ دەگات، ئەوەبوو ئۆتۆمۆبیلە بۆمبڕێژکراوەکان لە یەك کردەدا 159 کەسیان کردە قوربانی هەندێکیان ڕۆیشتبوون بۆ کارکردن ناوی خۆیان بنووسن. وڵاتە مەزنەکان بەم شێوەن مێژوو لەناو لیتەی مێژوودا دەگەوزێت و کەس ڕزگاری

ناکات. ئای لەو ڕیسواییە! لێرەدا پرسەکە بە گشتی ئاشکرابوو، هیچ شتێکی شاراوە نەما، خەڵکی وڵات خزانە خواری خوارەوەی تاریکی، پرسەکەیش نە داگیرکاری، یان ڕژێم، یان ڕۆژئاوا نییە.
ئەو ڕۆژی یادی دامەزراندنی بەغدا بوو پێش 1244 ساڵ لەمەوپێش، چەند هۆرەیەکی غەمگینم بۆ ئەوو بۆ دانیشتوانی ئەو گوتەوە، بۆ وڵاتە خۆکوژە ئاوابووەکە گریام، کاتێك شتم لەبارەی ئازارو ژانەکانی عەبدولسەتار ناسری چیرۆکنووسی هاوڕێم بیست، (پەرداخی شادومانی)م بیرکەوتەوە کە کاتی نیوەڕوان لە مەیخانەکانی بەغداو لە ماڵەکانی خۆمان و ماڵی هاوڕێکانماندا هەڵمان دەدا. ئەو ئازارو ئەشکەنجانەم بیرکەوتنەوە کە بەسەر ئەویش هاتوون، کە بە خۆی کوڕی بەغدا و ئاڵۆشە جوانەکانی ڕۆژانی ئەوسای بوو.
لە ناوەندی ئەم پەژارەدا ڕۆژێکی جوان لە ژیانمدا هەڵهات، ئەوەبوو هۆڵەندا گوڵی (تۆلیب)ی پێ بەخشیم، ڕێی پێ دام لێی نیشتەجێ بم، ئەوەیش کارێکی ئەوەند ئاسان نەبوو لەم بارودۆخەدا کە ڕەتکردنەوەی داواکاری نیشتەجێ بوون باوبوو، ئەو ڕۆژە هاوڕێم سەعد عەزیز دەحام لە ئۆردوگەی درۆتن پێشوازی لێ کردم و لە شەکەتی و غەم دەریهێنام و لە ناو خۆشیدا باڵی پێ گرتمەوە کە لەمێژبوو بەخۆوەم نەبینیبوو. چامەی (گوڵی تۆلیبم هەیە) بۆ سوپاسگوزاری هۆڵەندای جوان نووسی کە پێشوازی لێ کردم و لەئامێزی گرتم و یارمەتی و نیشتەجێ بوون و ژیان گوزەراندنی بەردەوامی پێشکەش کردم، ئەو ڕۆژەیش تەنیا ئەو خەونەم دەبینی کە خێزانەکەم و مەروانیشم لەگەڵ بن، ئەوەبوو دەستم بە مامەڵەی یەکگرتنەوەی ئەندامانی خێزان و هێنانی هەموو ئەندامانی خێزانەکەم بۆ ئێرە دەست پێ کرد تا لە دۆزەخی وڵات ڕزگاریان بکەم. بەڵام وڵات هەر لەسەر مەرگی خۆی سووربوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئازارو ئەشکەنجە تەفرو تووناتری دەکرد، ئەوەبوو پێنج ئۆتۆمۆبیلی بۆمبڕێژکراو لە یەك کاتدا تەقینەوەو، لەگەڵیدا گوللە هاوەن کەوتە سەر شارە خۆشەویستە کۆنەکەم (شۆڕش) و 215 شەهیدی لێ کەوتەوە. خودایە کەی ئازاری ئێراقییەکان کۆتایی دێت؟ .... کەی؟
خۆم تاقیکردەوە بچمە حەوتەمین چینی ئاسمان تا لەوەی ئاگەدار بکەمەوە لە وڵاتەکەم ڕوو دەدات، بەڵام سووتام و نغرۆ بووم و بووم بە بیابان و تۆزو گەردم لێ نیشت و خەڵتانی خوێن

بووم و گڕە بردمی و بزمارەکان گەڕانەوە ناو دەستم و، گەشتە ئاسمانییەکەم هەرگیز دادی نەدام ئەگەر بە ڕێگەی هرمس بەرەو ئاسمان و گەشتی دیوۆزی و گەشتی مەسیحدا ڕۆیشتم، بەڵام هیچ دادی نەدام، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ئاسمان نەیدەویست پێشوازیم لێ بکات. بەم شێوەیە دەرکم بەوە کرد کە دێوی ژان و ئازار لە ناخمدا نووستووەو هەڵناسێت تەنیا بە بۆنە نامۆکان نە بێت، دەرکم بەوە کرد کە ژان تەنیا شتێکە مرۆڤ ناتوانێت لە خۆیەوە دروستی بکات لەبەر ئەوەی ترسە لەوەی نەوەك سەر لە هەڵدێرەوە دەربهێنێت، لەبەر ئەوەی لەسێدارەدانی پێش کۆتاییمانە.

# کانوونی یەکەم

دوایەمین مانگی ساڵ چەندان بزرگەی بێ کۆتایی بوو، چونکە ئەو وڵاتەی کە دەسووتا شتێکی ئاسان نەبوو بکوژێنرێتەوەو، ئەو تونێلە نوێیەی پێی تێ هاویشتبوو ئاسان نەبوو لێی بچێتە دەرەوەو، ئەو مرۆڤەی تێیدا خراپ بووە، ئاسان نەبوو بەم نزیکانە چاك بکرێتەوە. لە دووەمین ڕۆژی ئەم مانگەدا سێ ئۆتۆمۆبیلی بۆمبڕێژکراو لە بازاڕەکانی خواردن لە ناوەندی بەغدا تەقینەوەو 51 شەهیدو 55 برینداریان لێ کەوتەوە.

کاتێك تۆزێك تاراوگە ڕۆژئاواییەکانم ناسی و پەیم بە سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسیم بردن، لەخۆم پرسی بۆچی دوورخراوە ئێراقییەکان (ئەوانەی ئێستە فەرمانڕەوایی دەکەن) لەم تاراوگانە هیچ فێرنەبوون؟ بۆچی سەرقاڵی دزی و کوشتن و بڕوای دواکەوتووانە بوون و ئەوانەیان پشت گوێ خست کە لەم وڵاتانە فێریان بوون کە گەوجترین گەوج فێردەکەن. لەبری ئەوەی تاراوگە بیانکاتە دانا بوون بە ئیبلیس، لەبری ئەوەی ببنە باڵندە چڕنووکەکانیان درێژتر بوون و ڕدێنیان چڕتر بوون و ددانیان بوون بە چەقۆ، کاتێك گەڕانەوە وڵات ڕوخساری گورگیان لەو دیوی دەمامکەکانیانەوە شاردەوە، لەبری ئەوەی وڵات بکەن بە بەهەشت کردیان بە تەویلە.

بەم شێوە وڵات بوو بە دەرگەگەلی داخراو خەڵکەکەی بە هۆی هەڕەشەوە هەڵاتن و بوو بە جلی سەربازی هەڵواسراو هەرکەسەی بیەوێت لەبەری دەکات تا هەر کەسێکی بوێت بیکوژێت و بیدزێت، بوو بە ئاسمانێك فریشتەگەلی لێ دەچۆڕێت، بەڵکو پەیکەرە بچووکەکانی ناو ماڵەکان بۆ ناو تەنوورەکانیان گەڕانەوە لە ئەژمەتی ئەوەی بینییان و سووتان و شارەکانی تاریکی لە زەلکاوەکانیاندا نغرۆ بوون و گۆڕ لە ژیانماندا زۆرتر بوون پتر لە پێویست ڕووخۆش بوون، چۆن ڕووبارەکانمان لەناوچوون. گوێم لە دەنگی چاوەزارەکان بوو بلەندیان دەکردمەوە، چاوەزارگەلێك دوژمنانمان لەناو دەبەن، چاوەزارگەلێك بۆ چاوکوێرکردن، چاوەزارگەلێك بۆ بزربوون، چاوەزارگەلێك بۆ ڕۆژگاری شێدار، بۆ منداڵیەتی لەبیرکراوی ناو ژێرزەمینەکان.

ئەوەم بیرکەوتەوە کە ئەمەریکاییەکان بە ئێراقیان کرد، هەر لە (گەردەلوولی بیابان)ـەوە کە ئێراقی وێران و کاول کردو دیکتاتۆری لەناونەبرد، تا دەگاتە (ڕێوی بیابان) لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا کە ئێراق و ئێراقییەکانی ڕامالّی کاتێك بە هەزاران مووشەکی (کرۆز)یان بەسەردا داباراند، ڕێوییەکی ئەمەریکی بە چڕنووکەکانی تەقە لە خەڵك دەکات و لە هەموو شوێنێك بەردەبنەوەو دەمرن.

زۆر بە دەگمەن لە ژووره بچووکەکەم لە کۆمەڵگەی درۆنتن دەچوومە دەرەوە، بە دەستێکی پۆلایین کاتم توند گرتبوو، ئەمەیش وای لیّ کردم وێڕای برین و ئازارو ئەشکەنجەکانم بەهێزبم، دەبێت ئێستە پیّ لەوە بنێم کە شیعر، پێش هەموو شتێك ژیانی ڕزگارکردم، هەر ئەو بوو پاڵی پێوە نام بەرانبەر بەوەی بەسەرم هات خۆڕاگربم. هەموو ڕۆژێك شیعر دەستێك و دڵێك و ئەقڵێك و ڕوحێکی پیّ دەبەخشیم، بە هۆیەوە خۆم لەبەردەم کۆستی کوڕەکەم و ئاوارەییم و دووریی خێزان و بزربوونی ژیانمدا ڕادەگرت. نووسین بە گشتی پێی توند ڕاگرتم و بەهێزی کردم، ئەمەیش تەکاندانم بۆ نووسینی پرۆژەی (غەمەکانی ساڵی ئێراق) ڕوون دەکاتەوە کە هەرچۆنێك بووە شتێکی ئاسان نەبوو، بەلاّم لە جۆرە چارەسەرێك دەچوو بۆ من، شوێنی درکاندن و ڕاگەیاندنی نهێنییەکان و خەمڕەوێنی بوو، شیعر یەکەمین دۆستم بوو. ئەمڕۆ بڕوا ناکەم کەسێك هەبێت وەك ئەو سەرەخۆشی لیّ کردبم بۆیە بە ڕاشکاوی دەڵێم من لەناو شیعردا ژیام بە هەموو وردە خوێنبەرەکانییەوە و شیعریش لەناو مندا ژیا بە هەموو خوێنبەرەکانمەوەو شیعر بۆی سەلماندم کە (ڕزگارکەر)ی منە، وەك لە هەموو نووسینە تیۆرییەکانمدا لەبارەیەوە ئەو مژدەیەم دەدا.

لەگەڵ ئەوەیش لەم تەنگژەیەدا ژیانم چەندان هاوڕێی لەخۆگرت ئەوانەی دڵسۆزانە پشتیوانییان لیّ کردم و لەم دەقانەدا ناوی زۆربەم هێناون، هەر لە شاعیری گەورە (ئەدۆنیس)ـەوە بگرە تا دەگاتە هەموو ئەو هاوڕێیانەی برینەکانیان تیمارکردم لە ئێراقی و عەرەب و بیانی و ئەوانەی لە شوێنێکی دیکەدا بە دووردرێژی باسی ڕۆڵیان دەکەم.

سەعد عەزیز دەحام تاکە هاوڕێم بوو لە کەمپی دۆرنتن و، هەردووکمان هەندێك جار تا بەرەبەیان شەوبێداریمان بەسەر دەبرد، کەمپەکەیش دارستانێك چوار دەوری دابوو پڕ لە

درەختی چڕ بوو، بەرەبەیان دەچووینە دەرەوە بۆ پیاسەکردن، لەناو ئەو دارستانەدا دەنگی پاساری ئاسمانی ئێمەی تەنیبووەوەو دیمەن و خوێندنی ئەو پاساریيانە شتێکی سەرسوڕهێنەر بوون، لە ئەژمەتی جوانیی دەوروبەرمان و ڕەوتی ئەو غەمەی لە ناخەماندا بوو هەندێك جار دەگریاین.

لە جەژنەکانی سەری ساڵدا لەم مانگەدا، لە نووسینەوەی دەستنووسە گەورەکەم لەبارەی (میتۆلۆژیای مەندائیيەوە) بوومەوەو، دەستم بە نووسینەوەی یادەوەرییەکانم کرد لە چوار بەشدا، بە ناوونیشانی (مندالا دروستکەر) و لەگەڵ دوا چامەکانی (غەمەکانی ساڵی ئێراق ) بەردەوام بووم.

ئەو ساڵە ڕەشە خەریك بو دەڕۆیشت، زۆرم پێ ناخۆش بوو کە دەڕۆیشت بێ ئەوەی کوڕەکەمی لێ وەربگرمەوە، ئەو بوو کە کوڕەکەمی دزی و دەبێت بۆم بگێڕێتەوە. هەست و نەستم بەرانبەر بە شێتایەتی و توندوتیژی و سەیرو سەمەرەی ئەم ساڵە شێواو بوو، با (ئەم ساڵ)ـەم لێوە نزیك بێت، کە خەریکە دەڕوات تا توند لە ئامێزی بگرم و توند بۆنی بکەم تا لە نزیکەوە بیانسم و، تا بۆنەکەی لەبیر نەکەم کە هیچ بۆنێکی دیکە لە بۆنی ئەو ناچێت، کاتێکیش دەگەمە ناو دڵی و ڕووتی دەکەمەوە ڕۆژێك دێت بگەمە واتا شاراوەکەی، واتا ستەمگەرانەکەی کە چوارگۆشەکانی یەك لە دوای یەك لێك ترازاندم و لەسەر خوانەکەی دانان.

بەر لەوەی ساڵ کۆتایی بێت هاوڕێی شاعیرم گزار حەنتووش لە دیوانییە مرد. گزار یەکێك لە شاعیرەکانی نەوەی منە کە جۆرە ڕێبازێکی شیعری تایبەت بە خۆی هەبوو کە لە هیچ جۆرێکی دیکە نەدەچوو، گزار لە سپی سپیتر بوو لە ڕوح و ئاکارو شاعیری. گزار چۆن بەم بەلەمەتەوە لە شارەکەی خۆت شاری بەغداوە ئێمەت برد و هاوەنت دەکوتا و گوڵی بەیبوونت بۆ دەهاڕین؟ هیواو کیسە تووتن و پاکەتە چای بەسەر نەدارەکانی هەردوو کەناردا دابەش دەکرد، خۆڵەمێشیش لە ئاوەکەوە بلند دەبووەوە... گزار ئاگرێکی دەکوژاندەوەو باڵندەکانیش دوای کەوتبوون.

**ئەم ساڵە نەیدەویست بڕوات بە ڕووداوێکی سیاسی گەورە نەبێت، ئەوەبوو بەرەبەیانی سیی ئەم مانگە سەدام حوسێن لە سێدارە درا، کە یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان بوو. بە لەسێدارەدانی ئەو پەردە لەسەر ژیانی ئەو پیاوە دادرایەوە کە ئێراقی کاول کردو گەیاندییە ئەو ڕەوشەی کە ئێمەی تێداین.**

**لە دوایەمین ڕۆژی ساڵدا ئەسپەکە هاتە دەرەوە کە لە سەرەتایەوە دەرکەوتبوو لەگەڵ گەشتەکەمدا یاوەرم بوو، تەرمی ساڵێکی ڕەشی بەکۆڵەبوو (ئایە ئەوە تەرمی دیکتاتۆر بوو؟ ڕەنگە) دەچووە ناو، یان دەرەوەی ئەو بزرگەیە. لەکاتێکدا لەناو ژوورەکەم بووم وێنەی دوازدە تابلۆم دەکێشا و بە دیواری ژیانمەوە و بە دیواری نیشتمانەوەیان هەڵواسم تا ئەو ڕووداوانەمان بیرنەچێتەوە کە ڕوویان دا. هەنگاوەکانم بەرەو (ئەمستردام)یان بردم تا کەرنەڤاڵی یاری ئاگرینی نیوەی شەو ببینم و بۆ ئەوەی بۆ وڵاتێك بگریم ئەویش نانوێت، بەڵام نەك لەبەر یاری ئاگرین، بەڵکو لەبەر ئەو چەکە ئاگرینانەی بەسەر سینگی شەوی دوورودرێژییەوەن کە هەر خوێنی لێ دەچۆڕێت.... بۆ کوڕەکەیشم دەگریم کە لەم شەوەدا بزربوو.**

# خەون

سەیری دواوەم کرد ... سەیری (غەمەکانی ساڵی ئێراق)م کرد، پاشان سەیری پێشەوەم کرد تەمومژێك هەبوو وێنەی وڵاتێکی لێوە دەردەکەوت لە دۆزەخ هەڵاتبوو. ئەوەتەم من ئاوی ڕۆژەکانم لەسەر ئەم خاك و خۆڵە دەڕێژم، گوڵ لەسەر شۆستەکان ڕیزدەکەم و ڕۆژێکی ترسێنەرو شەوێك دادەپۆشم بەردو پەردەگەلی لێ دەکەوێتەوە، وڵاتێك دادەپۆشم ڕووت بووەتەوە، ئەو شوێنانەی دادەپۆشم ژەهریان لێ دەڕژێت، بووکە شووشەکان ڕیزدەکەم پاشان بووکە شووشەکان لەژێر ترسدا دەژمێرم، چۆن بەرەو مەرگێکی لەمە شیرینتر بڕۆین؟ چۆن بەرەو سەردوێلکەی لەمە جوانتر هەنگاو بنێین؟ لای خۆڵەمێشە بەرینەکەی و لەژێر شاخەکانیدا کە ئاگر فڕێ دەدەن، وڵاتم بینی خۆی ڕادەستی مەرگ کردبوو، لەمیعراجی خوێندا سەردەکەوت، خوێنێك لەناو مێژووەوە هاتبوو، چوون وەڕینێك، ڕۆژم و قاپەکانم دەشکێنێت، خوێنی چنینی جاڵجاڵۆکەی ئاسنینم، خوێنێك لە تێلەکانی شارێك چوار دەوری ڕۆژەکانی داوم و خۆی بۆ نەوەم لە بۆسە ناوە.

کاتێك ئێراقییەکان وڵاتەکەیان بە فرمێسك شوشت، کەمێك پاك بووەوە، ئەو وشەیە هات فەرمانی پێ دام بتانسووڕێنمەوە و بڵێم: با شەونم بچێتە ناو ڕوحتانەوە و فێری نوێژکردنی بێ دەنگ بن، چەك لە پشتوێنەکانتاندا دامەنێن و بچنە دەرەوە تا تەوقە لەگەڵ خەڵك بکەن، ڕووەك ئاو مەدەن کاتێك ژەهر ئامادە دەکەن، وڵات بە پەڕۆی زەردو سوورو سەوز پڕ مەکەن و درۆیان لەسەر بنووسن، چونکە پاشتر وڵات پڕ لە پەڕۆی ڕەش دەبێت.

ئەو فریشتەیەی بۆم دەرکەوت، دیمەنی خەونەکەی بۆ ڕوون کردمەوە، پێی گوتم: دژلە ببەو دارخورمایەکی پێوە ببەستەوەو دەستنوێژ هەڵبگرە، فرەهات ببەو بە جەستەی خۆتەوەی لوول بدەو نوێژ دابەستە، بەو شێوەیە بەرەو شادیت لە پێش خۆم دەدەم پاش ئەوەی بەناو ڕووبارەکانی خوێندا ڕۆیشتیت و بەرەو چاکەکان وڵاتەکەت سەردەخەیت و بەرەو تووری

بەرەبەیان کە هی بەرەبەیانە، ئەوەی هی خۆشەویستییە هی خۆشەویستییە، ئەوەیش هی خەون بینینە هی خەون بینینە، ئەوەی هی با هەڵکردنە هی با هەڵکردنە. فریشتەکە لە چەند ڕۆژێکی دیکەی خوێناوی ئاگەدار کردم کە لە دوورەوە دێن و لەبارەی وڵاتێکەوە کە ترس و تۆقینی بوومەلەرزەکان هێوریان کردەوە پاش ئەوەی هەژاندیان. ئەم خەون بینینە پێشکەش بە ڕۆژانی دادێ دەکەم وەك چۆن غەمەکانم پێشکەش بە ڕۆژانی پێشوو کرد لە ساڵێکدا کە یەکێکە لە ساڵە تۆقێنەرەکانی ڕۆژگار.

# وەرگێڕ لەچەند دێڕێکدا



## موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

* ساڵی 1951 لەناوچەی بنکوورەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لەدایکبووە .
* ساڵی 1963 خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی گۆڕەشەلەی کەناری زێی سیروان لە ناوچەی خانەقین تەواوکردووە.
* قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە .
* ساڵی 1970 چووەتە بەشی کوردی کۆلێژی وێژەیی زانکۆی بەغداو لە ساڵی 1974دا بەکالۆریۆسی زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە .
* لەساڵی 1970وە دەستی بە نووسین کردووە .
* لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردی کردووەتە عەرەبی و بڵاوی کردوونەتەوەو لە سایتی ئینتەرنێت بەرچاو دەکەون، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە:
* کۆشیعری ***شەپۆلی ئاواز*** ساڵی 1978 بەغدا.

* کۆشیعری ***ژیلەمۆی ڕاز*** ساڵی 1980 بەغدا.

* کۆشیعری ***بەردەباز*** ساڵی 1986 بەغدا.

* کۆشیعری ***خۆر کۆچ ناکات*** ساڵی 1987 بەغدا.

* کۆشیعری ***ڕێس*** ساڵی 1997 هەولێر.

* کۆ شیعری ***ئەفسانەی سێو*** ساڵی 2005 هەولێر.

* ***دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا*** 2008 هەولێر.

* ***ئامۆژگاری دایک***. چیرۆکی منداڵان. وەرگێڕاو. 2008 هەولێر.

* ***خەونەکەی دارا***. چیرۆکی منداڵان. وەرگێڕاو 2010، هەولیر.

* ***خەناوکە***. چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان، هەولێر، 2010.

* ***فریشتەی دارستان***. چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان،هەولێر، 2010.

* کۆچیرۆکی ***(هەورە تریشقە)***، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 2011.

* ڕۆمانی (***بەفر لە پەنجەرەوە دێتە ژوورێ***)، حەننا مینە، وەرگێڕان، هەولێر، 2011.

* دیوانی (***درۆیەکی دیکە***)ی شاعیر(زانا خەلیل)، وەرگێڕان بۆ عەرەبی، هەولێر،2011.

* ڕۆمانی (***پردەکەی سەر ڕووباری درینا***)، ئیڤۆ ئاندریچ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، 2011.

* ڕۆمانی (***گۆڕەپانی نەفرەتی***)، ئیڤۆ ئاندریچ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، 2011.

* کۆمەڵەی شیعری (***شدو القبج***) شیعری چل شاعیری کورد بۆ عەرەبی، دار الغاوون، بەیرووت، 2012.

* کۆشیعری (***ڕەهێڵ***) لەسەر ئەرکی خۆی، چاپخانەی شەهاب، هەلێر، 2012.

* (***ئەرك و مافەکانی مامۆستا ـ نموونەی بریتانیا***)، وەرگێڕان بۆ کوردی، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2012.

* کۆچیرۆکی (***زوجات خلیفه الفاتنات***)، قصص کوردیة مترجمة، مەڵبەندی گشتی یەکیەتی نووسەرانی کورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012.

* کۆچیرۆکی (***کوڕی چیا***)، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر 2012.

* ڕۆمانی (***کاتێك چیاکان هەرەس دەهێنن، بووکی نەمر***)، جەنگیز ئایتماتۆڤ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دەزگەی چینی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2013.

* دیوانی (***الليل والنسيان***) شیعری وەرگێڕاوی نووسەر لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، 2013.

* ڕۆمانی (***الربيع الاسود***)، نووسینی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، چاپکردنی لقی کەرکووکی یەکیەتی نووسەرانی کورد، 2013.

* ڕۆمانی (***چاوەزار***)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2013.

* ڕۆمانی (***تۆ ڕەشت لێ دێت***) لە نووسینی : ئەحلام موستەغانمی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2013.

* ڕۆمانی (***جەنابی سەرۆك***) نووسینی: میگێل ئەنخل ئەستۆریاس،(وەرگێڕان)، خانەی موکریانی بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر 2014. دووەمین چاپ، بە هاوبەشی نێوان خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر 2015.

* ڕۆمانی (***پاییزی پەتریرك***)، نووسینی: گابریل گارسیا مارکیز، (وەرگێڕان)، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2014.

* ڕۆمانی (***برۆکلین هایتس***)ی خانمە ڕۆماننووسی میسری مەنال تەحاوی، بۆ خانەی (موکریانی) وەرگێڕراوە، هێشتە چاپ نەکراوە.

* ڕۆمانی (***کلیل***)ی ڕۆماننووسی ژاپۆنی (جۆنیشیرۆ تانیزاکی)، (وەرگێڕان)، دەزگەی چینی، هەولێر، 2015.

* ڕۆمانی (***ژاوەو ژاوو تووڕەیی***، ولیەم فۆکنەر،(وەرگێڕان)، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2015.

* ڕۆمانی (***هەواڵی ڕفاندنێك***)، گابریل گارسیا مارکیز، (وەرگێڕان)، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2015.

* ڕۆمانی (***داستانی ڕەش و ڕووتان ـ الحرافیش***، نەجیب مەحفووز)، (وەرگێڕان)، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2016.

* ڕۆمانی (1Q84) ، هاروکی موراکامی، (وەرگێڕان)، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆسا، هەولێر، 2016.

* ڕۆمانی (***حیکمەتی درۆ***)، سۆلخان سابا ئۆربیلیان، (وەرگێڕان)،دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆسا، هەولێر، 2016.

* ڕۆمانی (***لێك تێنەگەیشتنێك لە مۆسكۆ***)، سیمۆن دی بۆڤار، (وەرگێڕان)، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆسا، هەولێر، 2016.

* ڕۆمانی (***من و برا نەخۆشەکەم***)، نووسینی (یوکۆ ئۆگاوا)، (وەرگێڕان)، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆسا، هەولێر، 2017.

* ڕۆمانی( ***ئافرەتە چەپانەکە*** )، نووسینی(پیتەر هاندکە)، (وەرگێڕان)،دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆسا، هەولێر، 2017.

* ڕۆمانی (***پاش تاریکی***)، هاروکی موراکامی، (وەرگێڕان)، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2017.

* ڕۆمانی (***سەما، سەما، سەما*** )، هاروکی موراکامی، (وەرگێڕان)، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2017.

* ڕۆمانی (***یادداشتنامەی تانجییەکی ئێراقی***)، عەبدولهادی سەعدوون، (وەرگێڕان)، بەڕێوەبەرایەتی گ شتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2017.

* (***شۆڕشی ڕووسیا*** 1917)، ئالان مۆرهید، (وەرگێڕان)، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2018.

* مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بووەو ڕۆژنامەنووسیشە.

* له دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ***(پەروەردەو فێرکردن)***ی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاری کردووە. پێشتریش لە ڕۆژنامەی ***(هاوکاری)*** و گۆڤاری ***(ڕۆشنبیری نوێ)*** و گۆڤاری ***(گوڵان)*** و ***تەلەڤزیۆنی گوڵان و تەلەڤزیۆنی کوردستان (ktv)***و گۆڤاری ***(ڕامان)*** کاری کردووە.

* له 2014/7/1 لە دیوانی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری (پەروەردەو فێرکردن) خانەنشین بوو